# ڕۆژنامەوانیی کوردی

گۆڤاری هیوا ١٩٥٧ – ١٩٦٣

بەرگی یەکەم

# ڕۆژنامەوانیی کوردی

## گۆڤاری هیوا ١٩٥٧ – ١٩٦٣

لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن
د. هیمدادی حوسێن

**بەرگی یەکەم**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

رۆژنامەوانیی کوردی – بەرگی یەکەم
لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن: د. هیمدادی حوسێن
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٢٦
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٥٣ – ٢٠١٠
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەبژێری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، نساران بورهان

پێڕست


ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا ........ 7

گۆڤاری هیوا، ژمارە ١ ساڵی ١ ........ 233

گۆڤاری هیوا، ژمارە ٢ ساڵی ١ ........ 321

گۆڤاری هیوا، ژمارە ٣ ساڵی ١ ........ 409

گۆڤاری هیوا، ژمارە ٤ ساڵی ١ ........ 503

گۆڤاری هیوا، ژمارە ٥ ساڵی ١ ........ 593

# گـۆڤاری هـیوا و ئەدەبیاتی کوردی

# گـۆڤاری هـیوا و ئەدەبیاتی کوردی

## (باشووری کوردستان١٩٥٧-١٩٦٣)

د.هیـمدادی حـــوسێن

بەرگی یەکەم

- **گۆڤاری هیوا و ئەدەبیاتی کوردی**
- لێکۆڵینەوەو چاپکردنەوەی **د. هیمدادی حوسێن**
- چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئاراس - هەولێر
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ی ساڵی ٢٠١٠ دراوەتێ.
- نرخ: دینارە.
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە.


- - مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە .

# پێرست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٢٩٧-٧ | ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا....... |
| ٣٨٥-301 | گۆڤاری هیوا ، ژمارە ١ ساڵی ١ |
| ٤٧٤-٣٨٩ | گۆڤاری هیوا ، ژمارە ٢ ساڵی ١ |
| ٥٦٨-٤٧٧ | گۆڤاری هیوا، ژمارە ٣ ساڵی ١ |
| ٦٥٨-٥٧١ | گۆڤاری هیوا، ژمارە ٤ ساڵی ١ |
| ٧٤٥-٦٦١ | گۆڤاری هیوا، ژمارە ٥ ساڵی ١ |

# گۆڤـاری هیوا و ئەدەبیاتی کوردی

## (باشووری کوردستان١٩٥٧-١٩٦٣)

## پێشـــەكی

ڕۆژنامەوانیی كوردی بەگشتی خزمـەتێكی زۆری ئـەدەبی كـوردی كـردووە، گۆڤـاری (هیوا) لە كۆتایی ڕژێمی پاشایەتی و سەرەتای ساڵانی شۆڕشـی ١٤ی تـەممووزدا، وەكـو درێژەپێدەری گۆڤاری (گەلاوێژ) بەتەنیا لە گۆڕەپانی ئەدەبیدا ڕۆڵی دیارو بەرچـاوی لـە گەشەپێدانی هونەرە ئەدەبییەكاندا بینیوەو لاپەڕەكانی تۆمارێكی پڕشنگداری چـەندین بەرهەمی ئەدەبیی بەپێزی نووسەرانی ئەو سەردەمەن و یارمـەتی زۆر نووسـەری لاویـدا بـــۆ بڵاوكردنـــەوەی بەرهەمـــەكانیان، ئەمـــە بێجگـــە لـــەوەی نووســـەرە دیارەكـــانی سەردەمەكەی لـە ڕێـی ئـەو گۆڤـارەوە شـاكارەكانی یـەكتریان هەڵدەسـانگاندو لـەپێناو كامڵبوون و گەشەكردنی ئەدەبی نەتەوەییماندا سەرنج و ڕاو بۆچـوونی هەمەچەشـنەیان دەخستەڕوو، بۆیە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی كـوردی بـەبێ ڕۆڵـی ئـەدەبی گۆڤـاری (هیـوا) مێژوویـەكی ناكامـڵ دەبێـت و هــەر ئەمــەش بـوو وای لەئێمـە كـرد، كـە ئـەم لێكۆڵینەوەیە لەسەر ڕۆڵی ئەو گۆڤـارە بنووسـین لـە پێشخسـتنی هونـەرەكانی ئـەدەبی كوردیدا، چونكە تاوەكو ئێستاش نە وەكو كتێب و وتاری زانستی، بەڵكو زۆر بەدەگمەن نەبێ و لەچـەند ئاماژەیـەكی لاوەكـی بـەولاوە زیـاتر ئامـاژەی بـۆ نـەكراوەو مـافی خـۆی نەدراوەتێ. ئەمەش هەر تەنها پەیوەندی نییـە بـە گۆڤـاری (هیـوا)وە، بـەڵكو ڕۆژنامـەو گۆڤارەكـانی تریـشمان، كـە لێكۆڵینـەوەی زانـستیانەیان دەربـارە كرابـێ لەپەنجـەی دەستێك تێ ناپەڕێ.

بۆ لێكۆڵینەوەكەمان سەرەتا ئەو وتارو ئاماژە پـەرت و بڵاوانـەمان بەسـەر كـردەوە، كە لەملاو لەو لا لەبارەی گۆڤاری (هیوا) وە لەلایەن نووسەرانی كوردو غەیری كـوردەوە نووسراون، بەڵام لەبـەر نـەبوونی بیبلۆگرافیـاو كـەمی سەرچـاوەی پێویـست و هـەژاریی كتێبخانەی كوردیی و دەسكەوتنی ئـەو سەرچـاوانە شـتێكی ئاسـان نییـە، كـە ئەمـەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە گیروگرفتێكی بەردەوام لەبەردەم لێكۆڵینەوەی زانستیدا.

گیروگرفتێكـــی دیكـــە لـــە لێكۆڵینەوەكەمانـــدا ئـــەوەبوو، لەبـــەر زۆریـــی بابەتـــە بڵاوكراوەكانی نـاو گۆڤـاری (هیـوا)و هەمـە جـۆری بابەتـە ئەدەبییەكانـدا بەناچـارییەوە

لەنموونە هێنانەوەو باسکردن و شیکردنەوەدا شێوەی بیبلۆگرافیایمـان لەبـەر دەگـرت و لەهەر بابەتێکدا تەنیا سێ چوار نموونەمان وەردەگرت، ئەم کارەیـەش لـەپێناوی هەمـە چەشـنەییو هەمەلایـەنی بابەتـە ئەدەبییـەکانی نـاو گۆڤارەکـەوە بـوو، بـەو ئومێـدەی زۆربەی هونەرەکانی ئەدەب بەخۆوە بگرێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لـە پێشەکییەك و دەروازەیـەك و چـوار بـەش و ئەنجامـە گـشتییەکان و پاشـکۆکان، کـە ئـەوانیش بـریتین لەنامـەی چـەند نووسـەرێکی گۆڤـاری (هیوا)و چەند وێنەیەك، کە لەخزمەتی ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکەدان.

لە دەروازەدا دروستبوونی یانەی سەرکەوتن و ئامانجی یانەکەو چالاکی و پێوەنـدی بـە نووسـەرانەوەو بڕیـاری بلاوکردنـەوەی گۆڤـاری (هیـوا) باسـکراوە، ئەمـەش لـەو روانگەیەوەیە، کە یانەی سەرکەوتن خاوەنی ئیمیتیازی گۆڤارەکە بوو.

**لە بەشی یەکەمدا** بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی‌و رۆشنبیریی عیراق بە گـشتی و کوردسـتان بەتایبـەتی لـەدوای جـەنگی دووەمـی جیهانییـەوە تـا داخرانـی گۆڤاری هیـوا باسـکراوە، ئـەم باسـکردنەش لـەوەوە دێـت ، کـە ئـەدیب وەکـو تـاکێکی کۆمەڵ کەوتۆتە ژێر کارتێکەری ئەو بارودۆخەو ئەدەبیش رەنگدانەوەی واقیعە.

**لەبەشی دووەمدا**، رۆڵی گۆڤاری هیوا لەپێشخستنی یەکێ لەهونەرە سـەرەکییەکانی ئەدەبدا باسکراوە، کەئەویش شیعرە. دوای ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی و تازە کردنەوە لە شیعری کوردیدا، شیعرەکانی ناو گۆڤارەکە بەپێی ناوەرۆك و بەپێی رێبازە ئەدەبیـەکان دابەش کراون و لێیان کۆڵراوەتەوە.

**لە بەشی سێیەمدا**، دوای ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لـە پەخـشانی کـوردی، **هونـەرە** سـەرەکی‌یەکانی پەخـشانی کـوردی (وتـارو ژیاننامـەو چـیرۆك) باسـکراون و وتارەکـان بەپێی ناوەرۆك دابەشکراون وناوەرۆك و زمان و تەکنیکی چیرۆکەکان شیکراوەتەوە.

**بەشی چوارەم**، تەرخانکراوە بۆ رۆڵی گۆڤاری هیـوا لـە پێشخـستنی هەنـدێ بابـەتی ئەدەبی لەوانە (رەخنەی ئەدەبی‌و ئەدەبی فۆلکلـۆری کـوردی و وەرگێڕانـی ئـەدەبی) و تیشکی لێکۆڵینەوەمان خستوونەتە سەر. لەکۆتاییشدا ئەنجامە گشتییەکانمان بەچـەند خاڵێك دەست نیـشان کـردووەو سەرچـاوەکانی لێکۆڵینەوەکـەمان بـەپێی ئـەلف و بێـی نـاوی نووسـەرەکان ریـز کـردووە. پاشـان پاشـکۆکان، کـە بـریتین لەنامـەی چـەند

نووسەرێکی گۆڤاری (هیوا)و چەندوێنەیەکی مێژوویی، بەو ئومێدەی زیاتر ناوەڕۆکی نامەکە روون بکەنەوەو لەخزمەتی مەبەست دابن.

ئەم لێکۆڵینەوە، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی پەیوەندی توونـدو تـۆڵی رۆژنامەوانیی و ئەدەبی کوردی‌و رۆڵی گۆڤاری هیوا لەمەیدانی ئەدەبی کوردیدا، دڵنیاین، گۆڤاری (هیوا) لەمە زیاتر هەڵدەگرێت و ئەم هەوڵەش، کەیەکەم جارە بەشێوەیەکی زانستی لەمەڕ ئەو گۆڤارە ئەدەبی و زانستییە دەنووسرێت، هەڵبەت بێ کەم و کورتی نییە.

# دەروازە

ـــ چی دەربارەی گۆڤاری هیوا نووسراوە

ـــ یانەی سەرکەوتن و گۆڤاری هیوا

## چی دەربارەی گۆڤاری (هیوا) نووسراوە

لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب و رەوتی مێژوویی رۆژنامەوانیی کوردیی بێ توێژینەوەو وردبوونەوە لە بابەتە بڵاوکراوەکانی ناو گۆڤاری (هیوا) کارێکی بێ کەڵك و کەم و کوورِی دەردەچێت. دوای داخستنی گۆڤاری (گەلاوێژ) لەساڵی ١٩٤٩دا، روناکبیرانی کورد لەدەوری یانەی سەرکەوتن و گۆڤاری (هیوا) دا کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی گۆڤاری (هیوا) جێگەی گۆڤاری (گەلاوێژ) لەخزمەت کردنی بزاڤی رۆشنبیریی کوردیدا بگرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە گۆڤارەکە پەیوەندی رۆشنبیریی لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان و وڵاتانی دەرەوەدا پتەو کردو نووسەران لە وڵاتانی ترەوە نووسینەکانیان بۆ گۆڤاری (هیوا) رەوانە دەکرد تاقە گۆڤاری رۆشنبیری بوو، کەبەزمانی کوردی لەبەغدا بڵاو دەکرایەوە لە ١٩٥٧ – ١٩٥٨دا.

تاوەکو ئێستا دەربارەی گۆڤاری (هیوا)، لێکۆڵینەوەیەکی زانستیو ئەکادیمی یان کتێب و نامیلکە نەنووسراوە، بەپچڕ پچڕ و لەملاو لەولا ئیشارەتی پێ دراوە، وا هەندێك لەو رایانە دەخەینە روو، کە دەربارەی گۆڤاری (هیوا) نووسراوەو لە ئاست هەندێکیاندا هەڵوەستەیەك دەکەین:

**عەبدوڵلا میدیا** دەڵێ: **( وا ئێستا لەجێی گەلاوێژ وە لەئاسۆی هیواوە (هیوا) لەدەم کەل دەرکەوت و هەڵهات هیوامان وایە ئەو پەیامەی ، کە (گەلاوێژ) هەڵیگرتبوو ە پەیمانی دابوو، کە بیگەیەنێت بەئامانج و فریا نەکەوت ئەمجا (هیوا) هەڵیدەگرێت و دڵسۆزانە بیبات بەرِێوە).**[1]

**بەشیر موشیر** دەڵێ:**( لەکاتێکدا زانیم ئیمتیازی گۆڤاری(هیوا) دراوە بەیانەی سەرکەوتن، دڵم گەش، چاوم روونبووەوە، هەستم بەوەکرد، کە هێزی قەڵەمی**

---

[1]– مامۆستا –ع – ئەستێرەیەکی نوێ لە ئاسۆی ئاسمانی وێژەی کوردا،گ. هیوا(ژ١،س١، تەمووزی ١٩٥٧.نووسەران بە تەواوکەری گۆڤاری(گەلاوێژ)ی ناودەبەن، زۆر گۆشە هەبوون لە (گەلاوێژ) لە (هیوا)یشدا بەردەوام بوو، وەکو گۆشەی (چیرۆکی ژمارە) و (کورد لای بێگانە) و (نارِێکی کۆمەڵایەتیمان) و (قسەی نەستەق). سەرەرِای ئەوەی زۆربەی نووسەرانی گۆڤاری (گەلاوێژ) پاشان لە گۆڤاری (هیوا) دا لە نووسین بەردەوام بوون.

**نووسەرانمان دەکەوێتەوە کارو بەزمانە شیرینەکەی خۆمان ئەنووسین و ئەخوێنینەوە. بـەم هۆیـەوە زۆر سوپاسـی ئەندامـەکانی یانـەی سـەرکەوتن ئەکـەم، کـەتوانیان ئـەم خزمەتە گەورەیە بکەن.).**

**(ا.ب.هەوری)** بەشیعر دەربارەی گۆڤاری(**هیوا**) دەڵێ:

**هیوا، چووزەرەی بنکی گەلاوێژ**

**بەبیری وردی پوختی والا بێــژ**

**بێرە کایەوە ساوای تــازە بوو**

**کاتی فرمانە تۆش ئــازانە زوو**

**دەستی خزمەتت پیرۆز، وەك ناوت**

**تــا ببیتە فــەرو بــرەو بێ نــاوت**[2]

(بێ خەو) **هەر** بەشیعر **هە**ستی خۆی دەردەبڕێ :

**ئەی گزنگی وێژەی ژیـــان**

**زەنگ و چرای کاروانی گەل**

**هیوای دڵ و دەروون پاکــان**

**زرنگ کەرۆی لاوی تەمـەل**[3]

**د.مـارف خەزنـەدار** دەڵـێ : (هیـوا گۆڤـارێکی مانگانـەی ئـەدەبی هونەرییـە لەبەغـدا دەردەچێ ، تـا ئینقلابـی ٨ی شـوباتی ١٩٦٣ بـەردەوام بـووە، زمانحـاڵی یـان گۆڤـاری یانەی سەرکەوتنی کوردان بووە. بەدیالێکتی کرمانجی خواروو ئەلف و بێی عەرەبی بلاو دەکرایەوە.

لەســەرەتای دەرچــوونی گۆڤارەکــە رەنگدانــەوەی بــیروڕای رۆشــنبیری چــینەکانی سەرەوەی کورد بوو، وەکو پەرلەمانتارە کوردەکـان لەپەرلـەمانی عـیراق، هیـوا تۆزێـك خۆی بەدوور دەگـرت لـە سیاسـەتی رۆژانـەی وڵات، زیـاتر بایـەخی بەلایـەنی ئـەدەبی و

---

[2] : هەوری ، ئامۆژگاری بۆ گۆڤاری هیوا،ژ٢،س١، ل٣٤.

[3]: بێ خەو، بۆ هیوا، گ. هیوا، ژ٣٠، س٤، ل٤٤.

رۆشنبیری (کلتوری) دەدا. بلاو کەرەوەکانی زۆر هەوڵیان دەدا گۆواری هیـوا وێنەیـەکی تری گۆڤاری گەلاوێژی بەناوبانگ بێ. لەبەر ئەوە هـەوڵیان دەدا زیـاتر بایـەخ بەئـەدەبی کوردی بدەن.

لـە پـاش شۆڕشـی ١٤ی تـەممووزی ١٩٥٨ گۆڤارەکـە کەوتـە دەسـت رۆشـنبیری پێشکەوتنخوازی کورد. لەسەر خەباتی پێکەوەیی کوردو عەرەبی دەکردەوە لە پێنـاوی پێشکەوتنی دیموکراتی و کۆمەلأیەتی.

لـە سـاڵی ١٩٦١ دا ڕێـڕەوی شـۆڕش گـۆڕاو کەوتـە راونـانی هێـزە پێـشکەوتنخوازو دیموکراتییـەکان، کـارێکی گـەورەیان کـردە سـەر ئـەم گۆڤـارە، لـە رووی ناوەرۆکـەوە ئێجگار هاتە خوارەوەو لەکاتی خۆی دەرنەدەچوو، بەپچڕ پچڕی بلأو دەکرایەوە)[4]

**د.مـارف خەزنـەدار** لـە هەڵسانگاندنەکەیدا بـاش بـۆی چـووە، بـەلأم نووسـینەکانی گۆڤـاری (هیـوا) تـەنها بـەدیالێکتی کرمـانجی خـواروو نـەبوو و بەرهـەمی کرمـانجی سەروویـشی تیایـە. هـەروەها دوا ژمـارەی گۆڤارەکـە لـەحوزەیرانی سـاڵی ١٩٦٢ دا دەرچـووە، بـەلأم لـە سـاڵی ١٩٦٣ دا بڕیـاری داخـستنی گۆڤارەکـەو رەت کردنـەوەی ئیمتیازی گۆڤارەکە دراوە.

**عبدالجبار محمد جباری** دەڵێ :( گۆڤارێکی وێژەیی و زانیاری و کۆمەلأیەتییە، مانگی جارێـك لەبەغـدا دەردەچـوو، خـاوەن ئیمتیـاز: یانـەی سـەرکەوتنی کـوردان بـوو، وە بەڕێوەبەری لێپرسراوی حـافز مـستەفا قـازی بـوو. یەکـەم ژمـارەی لـەمانگی گەلاوێـژی ١٩٥٧ دەرچوو.

---

[4]– مارف خەزنەدار، بەکورتی مێژووی ئەدەبی کـوردی تـازە، مۆسـکۆ،١٩٦٧، ل٧٤–٧٥. (بـەزمانی رووسی). ئەم کتێبە نامەی دکتۆرای مامۆستا (د.مارف خەزنـەدار)ە لەساڵی ١٩٦٧ چـاپکراوەو لە ١٩٦٣گفتوگۆی لەسەر کراوە. لەساڵی ١٩٩٣ تەرجەمەی زمـانی عـەرەبیش کـراوە، بڕوانـە: د. معروف خەزنەدار، موجز تاریخ الادب الکردی المعاصر، ترجمە عـن الروسـیە، الـدکتور عبدالمجیـد شیخو، بیروت، ١٩٩٣. ئەو زانیارییانـەی دەربـارەی گۆڤـاری هیـوا لەسـەرەوە نووسـیمان دکتـۆر مارف خەزنەدار لەزمانی رووسییەوە بۆی تەرجەمە کردین.

گۆڤاری  هیوا بەبێ پەك کەوتن لەلایەن دەستەیەکی خوێندەوارو رۆشنبیری کورد پەرەوەرەوە یارمەتی ئەدرا هەمیشە بە نووسینەوەی بەکەڵکی مێژوویی و ئەدەبی هتد... کۆمەکییان ئەکرد، وە بەو جۆرە هەتاکو ماوەیەك بەوپەڕی تواناوە ئەو شێوینە بەتاڵەی گۆڤاری (گەلاوێژ)ی ئاوابووی گرتەوە وەهەمان رێبازی گرت لەهەوڵ وتەقەلاَ دانا.)[5]

**عەلائەدین سەجادی**، لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا نووسیویە: **هیوا گۆڤارێکی ئەدەبی زانستی مانگانەیی بووە، لەشاری بەغدا لە چاپخانەی (التمدن) دەر کراوە، مودیری لێ پرسراوی حافز مستەفا قازی بوو، ماوەیەکیش دوکتۆر هاشم دۆغرمەچی بووە، یەکەم ژمارەی لەتەمووزی ساڵی ١٩٥٧ دەرچووە، حەوت ساڵ ژیاوە (٣٦) دانەی لێ دەرچووە، لە ... دا داخراوە.)**[6]

ژمارەکانی ساڵی یەکەمی گۆڤارەکە لە چاپخانەی (التمدن) چاپکراوە، بەلاَم پاشان لەچەند چاپخانەیەکی دی، لەوانە (النجوم) و (صلاح الدین) و (النجوم) و (شفیق) گۆڤارەکە چاپکراوەو شەش ساڵ ژیاوە.

**جەمال خەزنەدار** لەڕابەری رۆژنامەگەریی کوردیدا وا باسی گۆڤاری هیوا دەکات:

**(هیوا گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی مانگی بووە، لەلایەن یانەی سەرکەوتنی کوردان لەبەغدا دەرچووە، مودیری مسؤول حافز مستەفا قازی بووە، ژمارە  یەکی لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٥٧دەرچووە، پێنج ساڵ ژیاوە، دوا ژمارەی (٣٦) بووە ، لەشوباتی ساڵی  دەرچووە. ئەوەی پێویستە بوترێ ئەوەیە، کە هاشم دۆغرەمەچی و موکەڕەم تاڵەبانی ناوە ناوە بوون بەمودیری مسؤول. وە کەریم زانستی و کامل ژیر و محەمەدی مەلا کەریم و عیزەدین مستەفا بەشداری بەڕێوەبردنیان کردووە.)**[7]

---

5– عبدالجبار محمد جەباری، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی،ل ١٠٤.

6– علاءالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی،چ٢، ل٦١٧.

7– جەمال خەزنەدار، رابەری رۆژنامەگەریی کوردی، ل٦٣.

جـەمال خەزنـەدار راسـتیی نـەپێکاوە، کـە دوا ژمـارەی (٣٦)ە، بـەڵکو دوا ژمـارەی (٣٨)و لە حوزەیرانی ١٩٦٢دا دەرچووە. بەرەسمیش موکەڕەم تاڵەبانی نەبۆتە مودیری **مەسئول** بەڵکو لە ژمارە (٨) (س٢)ەوە هاشم دۆغرەمەچی تـا دوا ژمـارەی دەرچـوونی مودیری مەسئول بووە.

**د. کمال مەزهەر** لەبارەی گۆڤارەکەوە نووسیویەتی:

(هیوا)

بەغدا

ژمارە یەکی : تەمووزی ١٩٥٧.

لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا نووسـراوە: گۆڤـارێکی ئـەدەبی و زانسـتیـیە مـانگی جارێـك دەرئەچێ) خاوەنی ئیمتیتازی یانەی سەرکەوتن و مودیری مەسئولی تـا ژمـارە (٨) ی ساڵی (٢) ی حافظ مصطفی قاضي و پاشان دوکتۆر هاشـم دۆغرەمەچـی بـوو، زۆربـەی ژمارەکانی لە (٨٠) لاپەرە زیاترن، شوباتی ١٩٦٣داخرا (١٢×٤١سم)ە [٨]

وادیـارە دکتـۆر کـەمال زانیـاری تـەواوی دەربـارەی گۆڤارەکـە نـەبووە، قەوارەکەیـشی (٢٠,٥×١٤سم)ە.

**د. جەمشید حەیدەری** لە وتارێکیدا نووسیویە: **( باری ئـەدەب هـەر لـەنزمی و لاوازیـدا دەمێنێتەوە تا ساڵی .... کەیانەی سەرکەوتنی کوردان لەبەغدا بڕیار دەدات گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی (مانگانـە) دەربکـات بـەناوی (هیـوا)و هـەروەها لەسـەرەتای سـاڵی ١٩٥٨ شێخ عبدالقادر بـەرزنجی لەکـەرکوك گۆڤـارێکی ئـەدەبی و زانسـتی کۆمەڵایـەتی دەردەکا بەناوی (شەفەق) ئـەو دوو گۆڤـارە ڕۆڵێکـی گـــــــەورەو دیاریـان بینیـووە لەبەرەو پێش بردنی پەخشانی کوردی و بەڵکو دەتـوانین بەبـەردەوامی (گەلاوێـژ) یـان دابنێین لەم بوارەدا)** [٩]

---

[8] – د. کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە ڕۆژنامە نووسیی کوردیدا، ل٢٤١–٢٤٢.

[9] : جەمشید حەیدەری، کورتەیەك لەمێژووی لێکۆڵینەوەی پەخشان و چیرۆکی کـوردی، گ وان، ژ١، سوید، ١٩٩٢،ل٢٨.

(**کامل ژیو**)یش بیروڕای وایە، کە(گۆڤاری هیوا قوتابخانەیەکی کوردایەتی گشتی بوو بۆ ئەو رۆژە، پێنووسی نووسەرە گەورەو نودارو بەبڕشتەکانی ئەو سەردەمەی لەخۆ گرتبوو جگە لەنووسەرو هەستیارە لاوەکان.) هەروەها دەڵێ: (وەك راستیەك ئەشێ ئەوەش بدرکێنین، کە گۆڤاری (هیوا) ئەتوت لە کوردستانێکی ئازادا دەرئەچێ. هیچ رۆژێك لە رۆژان وێنەیەکی مەلیکی تێدا بلاْونەکرایەوە.)[10]

(**محەمەد نوری توفیق**) وەکو نووسەرێکی گۆڤاری هیوا دەڵێ : **(دوای دەرچوونی چەند ژمارەیەك دەستم کرد بە نووسین، بەلاْم (شیعرنا)، زۆربەی زۆری نەوەکانی سەردەمی خۆم، بەلکو لەپێشدا بەوەرگێڕان، کەوابزانم یەکەم بەرهەمم لەبارەی خەلاْتی (نۆبل)ەوە بوو، کە یەکەم بەرهەمم بلاْو کرایەوە هێندەی تر هیوام لا خۆشەویستر بوو، ئیتر هیوا بەرەو پێشەوە ئەچوو، خوێنەرەکانی زیادی کرد، و ژمارەکانی زیاتر ئەبۆوە، منیش بەردەوام بەرهەمم بۆ ئەنارد، ئەدەبی، سیاسی، زانستی،دواجار لەنگەری چیرۆکم لەسەر لاپەڕەکانی داگرت.)**[11]

ئەمە بێجگە لەوەی لەهەندێ کتێب و وتاری رۆژنامەنووسیدا لەپاڵ زۆر رۆژنامەو گۆڤاری دیکەی کوردیدا ئاماژەی بۆ کراوە[12]

---

[10] : نامەی تایبەتی (کامل ژیر) بۆ نووسەر لە رێکەوتی١٩٩٤/٩/١٤ بڕوانە پاشکۆی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

[11] : نامەی تایبەتی محمد نوری تۆفیق بۆ نووسەر لە رێکەوتی ١٩٩٤/٩/١٥.

[12]: لە رۆژنامەی (ژین) دا بەبۆنەی دەرچوونی گۆڤاری (هیوا)وە نووسراوە: (موژدە بێ لەم رۆژانەدا گۆڤاری (هیوا) دەرچوو، کەلەلایەن یانەی سەرکەوتنەوە لەبەغدا سەرپەرشتی ئەکرێ، بێگومان دەمێکە هەموو لایێك تینوون بۆ گۆڤارێکی کوردی، وا ئەو ئاواتە هاتە دی، هیوامان وایە ئەم تازە خوشکەی (ژین) کەلێنێکی باش پڕ بکاتەوە لە رێی پێش خستنی وێژەو زمانی کوردی) بڕوانە: رۆژنامەی ژین، ژ ١٣٥٢، س٣٢ پێنج شەممە١٩٥٧/٧/١٨،ل٢.لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی دا ناوی گۆڤاری (هیوا) هاتووەو نووسراوە: حافز مستەفا قازی لەبەغدا (٣٦) ژمارەی رۆژنامەی (هیوا)ی بلاْو کردەوە. بڕوانە:

The Encyclopaedia of Islam ، Vol: V.1981، P.485.

## یانەی سەرکەوتن و گۆڤاری هیوا

رووناکبیرانی کورد دوا بەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی ، لە کوردستانی عیراق دا کەوتنە بیری ئەوەی لە رێگەی دامەزراندنی کۆمەڵ و رێکخراوی رۆشنبیرییەوە میللەت رووەو خوێندەواری و زانست ببەن و لەدەردی هەژاریو نەخوێندەواری و بێئاگایی رزگاریان بکەن. بەتایبەتی شکستی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود لەو سەردەمەداو رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هاتنی ئینگلیزەکان زیاتر ئەم بیرەی قووڵ کردەوە. (لەپێش هەموو کەسێ جەنابی معروف چیاووك، کە ناررراوی هەولێر بوو ئەم بیرەی (فکرەی) خستە پێشەوە وە لەرۆژی ۹ شوباتی ۱۹۳۰ بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی زانستی ئیستدعاییێکی دا هەر چەندەش ناررراوەکانی تر لەمۆر کردنی ئەم ئیستدعایە خۆیان کێشایەوە، بەڵام مەرحوم محامی احمد مختار بەگ زەهاوی، کە لە مەدرەسەی حەربیە، بە زابتی دەرچوو بوو و یۆزباشی بوو لەمەدرەسەی حقوقیش شەهادەتنامەی سەندبوو و رەئیس یوزباشی محمد علی بەگ عەبدولعەزیز، محامی عارف بەگ پشدەری، ئیستدعاکەیان بەشەوق و هەوەسەوە مۆر کرد، وە تەقدیمی وەزارەتی داخلیە کرا، لەپاش کەشمەکەش و ماندوویەتیەکی زۆر بە ژمارەی ٦٨٩٥وە مێژووی ١٩–٢٠مایسی مأذونیەتی کرانەوەی یانەی سەرکەوتن بەجەنابی **مەعروف چیاووك** درا، وە هەر زوو لە رۆژی ۳۰ی مایسی ۱۹۳۰ لەسینەمای رۆیال بەحەفلەیەکی زۆر موحتەشیم یانەی سەرکەوتن کرایەوە.۱۳

---

– هەروەها بڕوانە: کرد در دائره المعارف اسلام، ترجمه اسماعیل فتاح قاچی، مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی انتشارات صلاح الدین، چاپ اول، ارومیه،۱۳٦۷،ص۱۹۰. بەڵام هەڵەیەکی تیایە ، (هیوا) رۆژنامە نییە بەڵکو گۆڤارەو حافز مستەفا قازی تا ژمارە ۸،س۲ مودیری مەسولی بووە.
لە رۆژنامەی ( رووناکی) دا نووسراوە: (هیوا – ۱۹٦۰ گۆڤاری یانەی پێشکەوتنی کوردی بوو لەبەغدا چاپ ئەکرا)، بڕوانە: رۆژنامەی رووناکی ،ژ۲۹۰، هەینی، ۲۳ تشرینی یەکەمی ۱۹٦۹، ل٤٤ ساڵی چاپەکەی و دەرچوونی هەڵەیە لە (۱۹٥۷ – ۱۹٦۲) دەرچووە.

[13]– هەر لەو ئاهەنگەدا، جەمیل صدقی زەهاوی و ژمارەیەکی زۆر لەسەرۆك هۆزو دەوڵەمەندو قوتابیان هاتبوون و بەرێزان مەعروف جیاوك و ئەمین زەکی بەگ وتاریان خوێندەوە. دوو ساڵ

لەیەکـەم هەڵبـژاردنی یانـەی سـەرکەوتنی کـوردان دا **ئیـبراهیم ئەفەنـدی حەیـدەری** بەسەرۆك هەڵبژێردراو **محەمەدەمین زەکی بەگ و مەحموود جەودەت و جـەنابی ئەحمـەد ئاغا کەرکوکلی زادەو جەنابی عەبدوڵلا لوتفی بەگ حاجی عەلی ئاغـا و جـەنابی مـیرزا فەرەج شەریف و شێخ عەلی قەرەداغی و خەلەف شەوقی داودی و بەشیر مشیری بەرگدروو** بەهەیئەتی ناوچەی کۆمەڵە هەڵبژێردران.١٤

---

بەم شێوەیە لەماڵی مـەعروف جیـاوك یانەکـە بـەردەوام بـوو. پـاش مردنـی ئیـبراهیم حەیـدەری، ئەمین زەکی بوو بەسەرۆکی یانەو مەعروف جیاوك موعتەمیدی یانە بوو. بەهۆی کەم دەرامـەتیەو نەبوونییەوە. مەعروف جیاوك لەساڵی دووەمی یانەکە بەنائومێدییـەوە دەڵـێ: بەراسـتی شـایانی دڵ ئێـشەیە،ـ جێـی شـەرمەزارییە، کـە ئێمـە (کـوردەواری) یانەیـەکی وا بـچووکمان پـێ بـەڕێوە نەبرێ. کەچی لەناو گەلانی تردا بەدەیان کۆمەڵ و یانە بەڕێوە دەبرێن! بۆ زانیاری زیاتر بڕوانـە: بـاربو، ل٢٦–٣٧. هـەروەها: شـاکر فتـاح، خـەباتی رۆشـنبیران،ل٤١. مـستەفا نـەریمان، یانـەی سەرکەوتنی کوردان، گ رۆشنبیری نوێ ژ١٣٤، ١٩٩٤، ل٦٨–٧٧.

[14]– باربو، ... لەیەکەم هەڵبژاردن دا ژمارەی دەنگەکان بەم شێوەیە بوو:

| ناوەکان | ژمارەی دەنگەکان |
|---|---|
| – ابراهیم افندی حەیدەری | ٥٢ دەنگ |
| – امین زەکی بەگ | ١٠٧دەنگ |
| – مەعروف افندی چیاووك | ١٦٠دەنگ |
| محمود جودت بەگ | ١٠٢دەنگ |
| – عبدالله لوتفی | ٨٧دەنگ |
| = خلف شوقی افندی | ٩٤ دەنگ |
| محمد عارف افندی، زابتی تۆپچی | ٨٦ دەنگ |
| احمد اغای کرکوکلی | ٦٣ دەنگ |
| محامی عارف افندی پشدەری | ٥٨ دەنگ |

بڕوانە: غەفوور میرزا کەریم، یادگاری لاوان و دیاری لاوان، بەغدا،١٩٧٨، ل١٩.

یانەی سەرکەوتنی کوردان هەر لەسەرەتاوە باوەڕی بەهەڵبژاردن بوو، (چونکە بەپێی پێڕەوی یانەکە هەر نۆ مانگە جارێك ئەندامانی تازە بۆ یانەکە هەڵدەبژێرێتەوە.)١٥

نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت، دامەزراندنی چەند یانەیەکی تری عەرەبەکان لەو کاتەو لەبەغدا کاریگەری خۆی لەسەر دامەزراندنی یانەی سەرکەوتنی کورداندا هەبوو.١٦

## ئامانجی یانەی سەرکەوتنی کوردان

دەتوانین ئامانجەکانی یانەی سەرکەوتنی کوردان لەم چوار خاڵەدا کۆبکەینەوە:

١– ئەو قوتابیانەی، کە بۆ تەواو کردنی خوێندنیان بۆ بەغدا دێن لەناو یانە جێگا یان بۆ تەرخان بکرێ و پیشتگیریان بکرێت.

٢– بەپێی توانا لەناو یانەکەدا چەند ژوورێك بۆ ئەشراف و سەرانی کورد تەرخان بکرێ لە کاتی سەردانیان بۆ بەغدا تیایدا بحەسێنەوە.

٣– کۆمەڵ چەند لیژنەیەك پێك دەهێنێ، بەپێی شارەزایی و پسپۆڕیان کتێب دادەنێن و وەردەگێڕن و (قاموس و دەستووری زمانی کوردی) دەنووسن، چونکە لەپێش هەموو شتێکا یەکبوونی زمانەکەمان پێویستە کەهەموو بتوانن لەیەکتری تێبگەن.

٤– مانگی جارێك، هەروەکو دائیرەی عیلاقاتی گشتی ئاهەنگی یەکتری ناسین و خۆش ویستن ئەکا، بەم جۆرە خەڵکی رۆژئاواو ئەوروپاو ئەمریکا ئەماننناسن و تێمان ئەگەن،

---

[15]: شاکر فتاح، خەباتی رۆشنبیران، ل٣٨.

[16]: هادی رەشید چاوشلی دەڵێ: ئەو کاتە هەست بەجموجۆڵێکی کوردانە کراو قوتابیانی کورد لەدەوری یەك کۆبوونەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی کەهەندێ برای عەرەب (یانەی المپنی) یان دامەزراند. لەو بەرێزانەی لەدامەزراندنی یانەی سەرکەوتن دا دەستی دیاریان هەبوو بریتی بوون لە : ئەمین زەکی بەگ –ی مێژوو نووس و مەعروف جیاووك، بڕوانە: ژیان و بەرخودان هادی رەشید چاوشلی، رۆژنامەی برایەتی ژ٢٠٥١، ١٩٩٤/٩/٢٦،ل٢٧هەروەها بۆ یانە عەرەبیەکانی ئەو سەردەمەی بەغدا بڕوانە: الدکتور عماد احمد الجواهري، نادي المثنى وواجهات التجمع القومي في العراق١٩٣٤–١٩٤٢، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٨٤.

که ئێمەیش وەکو ئەوان ئینسانین و حەقی ژیانمان هەیە و دەبێ هەروەکو خەڵکی تر ئیستیفادە لەیەکتری بکەین١٧.

لەگەڵ ئەم ئامانجانەدا، هەروەکو لە کورتەی پێڕەوی ناوخۆی یانەکەدا هاتووە، (کۆمەڵ لەگەڵ سیاسەتا خەریك نابێ. یارمەتی دانی هەژارو هەتیوو نەخۆشەکـــان دەدات و بەخێو کردنی لاوانە بە چەشنێکی عیلمی و پەروەردەیی‌و رەوشتی بەرزەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەهەمو شارو شارۆچکەکانی کوردستان لق دەکاتەوە١٨.

## چالاکییەکانی یانەی سەرکەوتنی کوردان

دەتوانین چالاکییەکانی یانەی سەرکەوتن بکەین بەدووبەشەوە:

١- چالاکی کۆمەڵایەتی.

٢- چالاکی رۆشنبیریی.

چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیش، زۆر لایەنی گرتۆتەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین ئاماژە بۆ هەندێك لەو چالاکییانە بکەین. ئەندامانی یانە بەشداری پرسەی پیاوە ناسراوەکانیان

[17]: باربو ل٣٧-٣٩.

[18]: بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بەپێڕەوی ناوخۆی یانە بڕوانە: باربۆ، ل٣٩. مەسەلەی کردنەوەی لقی یانە لەشارەکانی دی جێ بەجێ نەکرا، چونکە یانە بەرێگەی باربو بەڕێوە دەچوو، توانای ماددی نەبوو بتوانێ خانوویەك بۆ خۆی بەکرێ بگرێ و بێ جێگەو رێگەیی وای کرد دوو ساڵان ماڵەکەی مەعروف جیاوك بارەگای یانە بێت و ناوبراو زۆر ناوچەی کوردستان بگەڕێت بۆ ئەوەی پیتاك بۆ کرێی خانوو کۆبکاتەوە، حکومەت یارمەتی یانەکەی نەدەدا، لە گەشتەکانی مەعروف جیاووك دا چەندین هەڵوێستی جوانی خەڵکی کوردستان پیشان دەدات لەیارمەتیدانی یانەی سەرکەوتن بەپارەوپول، دەڵێ لەسەفەری خانەقین دا شاگرد کەبابچییەکی هەرزەکار بەدینارێکەوە هاتە پێشەوەو بەدەنگێکی خۆش و بەرز گوتی: سەروەت و سامانم هەر ئەمەیە وا بەیانەی ئەبەخشم. ماڵ چییە، گیانم بۆ یانەی کوردان ئەبەخشم. وە بەچەپڵە رێزانێکی زۆر گەرم، لێی وەرگیرا، بڕوانە: باربو، ل٤١.

کردووەوە بەپێی توانا یارمەتی ماددیشیان داون ١٩ هەروەها لەبۆنە تایبەتییەکان دا ئاهەنگی گێڕاوەو خێزانانی کورد بەشداری یەکترناسین و خۆشەویستی و پەیوەندی کردنیان بەیەکەوە کردوە، ئەمەش ڕێگە خۆشکەرێك بووە بۆ ئەوەی ئەو خێزانە کوردانەی، کە لەبەغدا نیشتەجێن ئاگاداری هەواڵی یەکتر بن و هەستی کوردایەتیان تیا نەفەوتێ٢٠.

بە بۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د.خ) مەولوودی نەبەوی لەیانە دەخوێندرایەوەو پیاوە ناسراوەکان بەشدارییان تێدا دەکردو چەندین وتاری ئایینی و ئامۆژگاری کۆمەڵایەتی تیا پێشکەش دەکرا٢١.

یانە بەبەردەوامی لەگەڵ کەم دەرامەتی خۆی یارمەتی هەژار و دەستکورتەکانی دەدا، بە تایبەتی یارمەتی ئەو قوتابییە دەستکورتانەی، کە هەژارن بۆ ئەوەی لە خوێندن بەردەوام بن و ئاڵای ڕۆشنبیری بەرز بێتەوە[22]

---

[19]: لە ڕۆژنامەی (ژین) دا هاتووە: (یانەی سەرکەوتن بەشداری (پرسە) دەکات ئەندامانی بەڕێوەبەری یانەی سەرکەوتن لەبەغدا کەبەتەواوەتی پێویستی نیشتمانی خۆیان بەجێ هێنا..) بڕوانە، ڕۆژنامەی ژین،١٢٧، س٣٠ پێنج شەممە، ١٧/١١/١٩٥٥.

[20]: باربو،ل٣٨. هەروەها گ هیوا، ژ١٠، نیسانی ١٩٥٨، ل١٢–١٧. مستەفا نەریمان دەڵێت: (ڕۆژی ٢٩ی کانونی دووەمی ١٩٤٤ ئاهەنگێکی گەورە بۆ یەکتر ناسین ساز کراو ئەنواعی میوەو نانی تیری و پەنیرو ژاژی و هەنگوینی سپی تەقدیم کراو پیاوانی بیانییش بانگ کران، باوەڕ پێکراوی یانە دوانێکی گرنگی دا یەك راست (تاهیر ئیسکوت) ئەیکردە ئینگلیزی.

– لەپاش مانگێك ڕۆژی ٢٦ی شوباتی ١٩٤٤ مەلا مستەفای بارزان دەعوەت کراو هەندێ لەپیاوە ناودارەکان و بێگانەکان بانگ کران لەوێش باوەڕ پێکراو وتاری داو قسەکانی یەك ڕاست کرانە ئینگلیزی.) بڕوانە: مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان، گ ڕۆشنبیری نوێ، ژ١٣٤، ١٩٩٤، ل٧٤.

[21]: لە ڕۆژی ٢٤ی مارتی ١٩٤٤ لەیانەی سەرکەوتن بەبۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) مەولودێکی کوردی خوێنرایەوەو پاشان مەلا ئەحمەد باوەڕ پێکراوی یانە وتارێکی خوێندەوەو دوا جار چای و شیرو کێك و شیرینی دابەش کرا، بڕوانە: باربو، ل٨٦.

[22]: لە ورۆژنامەی (ژین) دا هاتووە:

یانه بەهەستێکی بەرزی کوردانەوە، هەموو ساڵێك لەجەژنی نەورۆزدا ئاهەنگی گێڕاوە، بەتایبەتی دوای روخانی رژێمی پاشایەتی لەعیراق دا، بەشێوەیەك، کە نەورۆزی کردبووە رۆژێکی ئەوتۆ، لێ پرسراوان و دەستەلآتدرانی تیا ئاگادار دەکردەوەو لە شەرعیەتی میللەتی کوردو داوا رەواکانی. ٢٣

بێجگە لەو چالاکییە کۆمەلآیەتییانە، یانەی سەرکەوتنی کوردان، چەندین چالاکی رۆشنبیریی نواندووە. یانە هەر لەسەرەتای دامەزرانییەوە، بەگەرمییەوە بەردەوام بوو لەسەر کردنەوەی خولی تایبەتی بۆ فێر بوونی زمانی کوردی، کە تیایدا ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری یانە، لەسەرووی هەموویانەوە مامۆستا **تۆفیق وەهبی**،

---

- ١٠٠٠٠( دینار بۆ یانەی سەرکەوتن) وەزیری داخلیە ئیزنی بەیانەی سەرکەوتندا کە باربۆیەك بکات بۆ کۆکردنەوەی (١٠٠٠٠)دینار لە هەموو عیراقدا بەئاگاداری ئەم لیجنەیەی خوارەوە بۆ یارمەنی ئەو قوتابیانەی کەدەست کورتن وەناتوانن خوێندن تەواو بکەن بەشەرتێك کەلەماوەی ساڵێکدا بکرێت: لیژنەکە: ١- محمود بابان ٢- عبدالقادر حشمت ٣- دوکتۆر نوری فتوحی ٤- رەشید عارف ٥- محمد بریفکانی ) بڕوانە رۆژنامەی ژین، ژ١٢٧١،س٣٠ پێنج شەممە ١٩٥٥/١١/٣.

هەروەها یانەی سەرکەوتن هەولێکی جوامێرانەی دا بۆ یارمەتی ئەوانەی لە لافاوەکەی سلێمانی زیانییان لێ کەوتبوو، بەوەی کە لە بەغدا و شارەکانی ترا لە کەرکوك و کفری کۆمەڵەی کۆکردنەوەوی پیتاکیان داناو بێ وچان تێ کۆشان بۆ یارمەتی لێ قەوماوان، بڕوانە:گ هیوا، ژ٥، س١ ،ل٣-٥.

[23]- لەساڵانی پێش شۆڕشی تەمووز، قوتابیانی کورد بەدزییەوە بەسەرپەرشتی یانە نەورۆزیان دەکرد، کاك مستەفا سلێمان، کە ئەندازیارێکی خانەنشینە، لەچاوپێکەوتنێکماندا لەسلێمانی١٣/٩/١٩٩٤ وتی : ( لەساڵی ١٩٥٦ بەدزییەوە قوتابییە کوردەکان لەپشت وەزارەتی بەرگری نەورۆزمان کرد) بەلآم لە ١٩٥٧ دا بەهۆی بارو زرووفەوە نەورۆز نەکرا. دوای شۆڕش لەساڵی ١٩٥٩دا ئاهەنگی نەورۆز بەئاشکرا لەبەغدا لەهۆڵی گەل ساز کراو زەعیم و دەستەلآت داران و خەڵکێکی زۆر ئامادەبوون و چەندین وتاری سیاسی تیا خوێندرایەوە. بڕوانە: کەمال مەزهەر، ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٥٩له بەغدا، گ هیوا، ژ٨، س٢، ل٦٨.

بەبەردەوامی دەرزی کوردی وتۆتەوەو تیایدا بنەچەی زمانی کوردیو شێوازەکانی زمانی کوردیو رێنووسی کوردی بەپیتی لاتینی و عەرەبی بۆ ئارەزووداران و قوتابیان وتۆتەوە، ئەمەش هۆیەك بووە بۆ ئەوەی برا کوردەکان لەناوچە جیاجیاکان دافێری دیالێکتەکانی یەکدی بن[24].

چالاکییەکی تری یانەی سەرکەوتن ئەوەبوو، کە داوای لە نووسەران کردووە نوسراوو کتێبەکانیان بۆ یانە رەوانە بکەن تاوەکو بۆیان چاپ و بلاوبکاتەوەو. لە ١٩٤٣-١٩٤٤ دا یانەی لەسەر ئەرکی خۆی کتێبی (**باربو**)ی چاپکردو پاشان (مێژوو)ی بۆ ئەمین زەکی بەگی مێژوونووسیی کورد چاپکرد. ئەمە بێجگە لەوەی سەرپەرشتی چاپکردنی ژمارەیەك کتێب و نامیلکەی کوردییشی کردووە. دیارترین چالاکی رۆشنبیری یانەی سەرکەوتن دەرکردنی گۆڤاری (هیوا) بوو، وەکو گۆڤارێکی ئەدەبیو زانستی مانگانە لە ساڵی١٩٥٧دا. ئەم گۆڤارە دەورێکی دیارو بەرچاوی لە پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا هەیەو پایەیەکی گەورەی لە مێژووی رۆژنامەوانیی کوردیدا هەیە. لەکات و ساتێکی وەهادا بلاو کرایەوە کەدەنگی رۆشنبیران کپ کرابوو. ( لە ساڵی ١٩٥٦ دەوڵەمەندی نیشتمانپەروەرو کوردپەروەر رەشید عارف داوەتێکی تایبەتی بۆ وەزیری ناوخۆ سەعید قەزاز و سێ لە وەزیرەکانی تر لە بەغدا کردووەو هەر لەو داوەتەدا لەسەر داواو پێشنیازی رەشید عارف، وەزیری ناوخۆ ئیمتیازی گۆڤارێکی رۆشنبیری داوە بە یانەی

---

[24]- تا ساڵانی ١٩٥٥-١٩٥٦ تۆفیق وەهبی لەیانەی سەرکەوتن دەرزی کوردی وتۆتەوە، هەر لە ساڵی (١٩٣١)ەوە جەنابی لەلیژنەی بەرێوەبەرایەتی یانەدا بووە لەگەڵ جەمال بابان و میرزا فەرەج و شێخ عەلی - قەرەداخی و سەبری عەلی، بڕوانە گ هیوا،ژ٧، س١ ل٨٧. هەروەها شاکر فتاح، خەباتی رۆشنبیران،ل٣٩. لەم خولانەی زمانی کوردیدا، کە تۆفیق وەهبی دەرزی تێدا وتۆتەوە،د. مارف خەزنەدار لەدانیشتنی رۆژی ١٩٩٤/١١/٤دا وتی: خەڵکێکی زۆر ئامادە دەبوون، لەوانە بینیومە فاچل الجمالی وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی عیراق ئامادە دەبووو لەرێزی پێشەوە دادەنیشت.

سەرکەوتن.)٢٥ دوای خۆ ئامادەکردن یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە لەمانگی تەمووزی ١٩٥٧ دا بلاوکرایەوە. سەرنووسەرو نووسەرو سەرپەرشتیارانی ئەو کاتەی گۆڤارەکە لە سالی یەکەم و دووەمیدا، بەرێزان **کامل ژیر و محمد نوری عارف ونەسرین فەخریو سعید ناکام و کریم سعید زانستی و حافظ مصطفی قاضی بوون. پاشان نووسەرانی تر وەکو محمدی مەلا کەریم و فاتح عبدالکریم و عزالدین مصطفی رسول وعلاءالدین سجادی و ناهید سەلام و مکرم تالەبانی و عبدالرزاق محمد بیمار و کاکەمەم بۆتانی** بوون بە لیژنەی دەرکردنی گۆڤاری هیوا.

گۆڤارەکە هەر لەسەرەتاوە بەهۆی کەم دەرامەتییەوە دەستەیەکی نووسەرانی نەگۆڕی نەبووەو نەوەکو هەر گۆڤارەکە، بەلکو یانەی سەرکەوتن کێشەی بێ خانوویی و بێ بارەگایی هەبووە، بەردەوام داوای لەدەولەمەند و خەلکی کوردستان کردووە یارمەتی ماددیو مەعنەوی ئەو تاکە دەزگا رۆشنبیرییە لەبەغدا بدەن، لەسالانی کۆتایی پاشایەتی و سەرەتای سالانی سەرکەوتنی شۆرشی١٤ی تەمووزدا٢٦.بەلام

---

[25]– ئەم زانیارییەم لە دکتۆر محمد محمد نوری عارف لەدانیشتنێکی تایبەتی لە کۆلیجی ئەدەبیات– بەشی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین لە رۆژی ١٩٩٤/١٠/١وەرگرتووە، کە لەمامی (رەشید عارف)ی بیستووەو خۆیشی لەدەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە بووە ، لە دوو سالی سەرەتای گۆڤارەکەدا.(د.مارف خەزنەدار) لەدانیشتنی رۆژی ١٩٩٤/١١/٤دا لەو باوەرەدابوو، کە بەر لەو مێژووە سیاسەتی ئەمریکاو ئینگلیز لەعێراق روو لەچاکەکاری بوو، تەنانەت هەندێ خەلکی رۆشنبیر و کاربەدەستیان رەوانەی ئەمریکا کرد بۆ ئەوەی ژیانی ئەوێ ببینن.

[26]– غەمی بێ بارەگایی و نەبوونی خانووی شیاو بۆ یانەی سەرکەوتن و گۆڤاری هیوا بەراشکاوی لەگۆڤارەکەدا، بلاو کراوەتەوە. بڕوانە: گ هیوا، ژ٣٤، س٥، ل١–٤، سەبارەت بەهەژاریو کەم دەرامەتی دەستەی نووسەرانی هیوا دەلێن:(دەرکردنی گۆڤاری هیوا لەلایەن پارەوە ئەرکێکی زۆری ئەوێ، وە ئەویش جگە لەپارەی دانە فرۆشکراوەکانی، چی تر شك نابات،چونکە ئاکشرایە گۆڤارێکی بازرگانی نییەو پالی بەکرێی (بۆ زانین) ی بازرگانی نەداوەو یانەش چاوی لەدەستکەوت و قازانجی ئەم گۆڤارە، چیڕ نەکردۆتەوە. ئەوەی مەبەستێتی، تەنیا دەرهێنانی مایەی خۆیەتی و چی تر نا...) بڕوانە:گ هیوا ژ٣٤، س٥ ،ل٥–٦.

کێشەی هەژاری و دەست کورتی و کەمیی نووسینی چاك و هەڵوێستی یانەو گۆڤاری هیوا لەبەرامبەر کێشە سیاسییەکانی سەردەمی عبدالکریم قاسم بووە هۆی ئەوەی یانەی سەرکەوتنی کوردان و گۆڤاری (هیوا)ش نەتوانن پەیامی پیرۆزی خۆیان لەخزمەتی رۆشنبیریی کوردییدا درێژە پێ بدەن و جوانەمەرگ بوون.[27]

## یانەی سەرکەوتن لە ویژدانی شاعیراندا

شاعیر و نووسەرو رووناکبیرانی کوردستان لەهەموو لایەکەوە، بەبۆنەی کردنەوەی یانەی سەرکەوتن سۆزی دڵ و دەروونیان لەشیعری بەرز و پەخشانی بەپێزدا دەربڕیوە.

**پیرەمێرد** (١٨٦٧ – ١٩٥٠) بەبۆنەی کردنەوەی یانە دەڵێ:

**ئەسما لەسەما کە دێتە خوارێ**

**ناوی باش نوری لەسەر دەبارێ**

**یانەی سەرکەوتن کەناوی چاکە**

**بەنوری خوایی پێشی رووناکە**

**بەو رووناکییە هونەر دەردەخا**

---

[27]– یانەی سەرکەوتن وگۆڤاری هیوا چەندین هەڵوێستی سیاسی جوانیان نواندووە، لەوانە، بەرپەرچی رۆژنامەی (الثورة)یان داوەتەوە. کە دروشمی (تواندنەوەی کورد)ی بڵاو کردبووەوە. لە گۆڤاری (هیوا) دا هاتووە:(هەوڵ دان بۆ ژیاندنەوەی بیری چەپەڵی تواندنەوە، لەلایەن رۆژنامەی (الثورة)وە لەم سەردەمی جومهوریەتە ئازادەدا، لەدەسیسەیەکی ئیمپریالیزم بەو لاوە نیە کە ئەیەوێ ریزی نیشتمانی پارچە پارچە بکاو جیاوازی بنێتەوە لەنێوان رۆڵەکانی کوردو عەرەب بۆ ئەوەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی بێنەوە سەر رووی کار.) بڕوانە گ هیواژ٣، س٤، ل٦٨. هەروەها دەرهەق بە موحاکەمەکردنی نیشتمانپەروەرە کوردەکانی تورکیا دەنووسێ: (موحاکەمە کردنی نیشتمان پەروەرە کوردەکانی تورکیا، بەهۆی نەتەوە پەروەرێتی و دەست گرتنیانەوە بەماف و یاسای = نەتەوەکەیانەوە، بەپێ لێ هەڵبڕینێکی ئاشکراو پشت تێ کردن ئەژمێردرێ لە مافەکانی ئادەمیزاد و یەکیەتی نیشتمانی لەتورکیادا.

ئێمە داوای وەستاندنی ئەو موحاکەمە نادەستووریانە ئەکەین، وە داوا ئەکەین ئەو کوردانە بەرەڵلا بکرێن.) بڕوانە: گ هیوا ژ٣٢،س٤، ل٤١.

**بەو هونەرەوە قـەومێك سەردەخـا**

**ئەمری بەمەعروف نەهی لەمونـکەر**

**ئـــاینی کـــوردی پـــێ دەچـێــتە سەر**

**هیـــوامــــان وایە یـــانـــەی سەرکەوتن**

**زۆر خدمەت بکا بەکوێری دوژمن**

**کەوابێ ئێمەیش خدمەتی دەکەیــن**

**ناوی تەئریخی بۆخۆمان دەبەین**[28]

هەروەها **شێخ نوری شێخ ساڵح** (١٨٩٦–١٩٥٨ز) دەڵێ:

**داوی شەو لەخەوا سیروەی بادی سەحەر ئەنگووت**

**وەك صوبحی بەهاران**

**شـەو عـاقـیبــەتـی هـــات و دڕی صوبـحی گریبان**

**رۆژ بـــۆوە لە کوردان**

تا دەگاتە:

**ئەم کەیفەچیە پڕ لەنەباتات و لەئینسان**

**بۆ چین هەموو شادان**

**تاکە سەنەمێ، لەب شەکەرێ، غونچە دەمانێ**

**شمشــــادی میبانێ**

**شیرین سوخەنێ تازەی تەڕ، مادەرکی کوردان**

**وەك یوسفی کەنعان**

**گورج هاتە تەکەللوم وتی: ئەم عەیش و سروورە**

**ئەم شایی و سووڕە**

**بۆ (یانەی سەرکەوتن)ە، ئەم عالەمە شادان**

---

28– باربو، ل٩١.

**هاتوونەتەجەولان ٢٩**

**شـێخ سـەلام** (١٨٩٢–١٩٥٩ز) لـە شـیوەنی مـەعروف چـیاووکدا٣٠، کـە دامەزرێنـەرو بـاوەڕپێکراوی یانـەی سـەرکەوتن بـوو، باسـی کەسـایەتی چـیاووك و دەوری یانـەی سەرکەوتن دەکات:

**کێ لەمەجلسدا ئەتوانێ هەڵسێ**

**وەك شێر راوەسێ**

**حقووقی قەومی یەك یەك بپرسێ**

**لەکـەس نەترسێ**

---

[29]– دیوانی شێخ نوری شێخ سالّح، ئازاد عبدالواحد کۆی کردوەتەوەو ساغی کردوەتـەوەو لەسـەری نووسیوە، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، ل١١٣–١١٧.

[30]– دەربارەی کەسیەتی مەعروف چیاووك (١٨٨٥– ١٩٥٨/١/١٤)، شاکر فتاح دەڵێ: مارف چیاووك کوردێکی مـەرد و نەبـەردو ئازایـە. لـەکوردەکانی شـاری هـەولێرە، ئەمـە چـەند سـاڵێکە دەبیـنم شێرانەخەبات دەکات بۆ کەلك و چاکەی نەتەوەکەمان. جیاووك ئازاو سەربەستە. کەقسەی راست هاتە پێشەوەو بە باشی زانی بیکات بـۆ کـەلك و چـاکەی کـورد، لەبـەردەمی هـەر کاربەدەسـت و دەستەڵات دارێکی میریدا بێ دەیکات. بێ باکە سڵ لەکەس ناکات، بڕوانە: شـاکر فتـاح خـەباتی رۆشنبیران،ل٦٦. چاپکراوەکانی مەعروف چیاووك ئەمانەن:

١ – جیاوك الکردی، القضیة الکردیة، مطبعة الاستقلال، بغداد، ١٩٢٥.

٢– مەعروف جیاووك، بەرگی ئیملای کوردی، چ نەجاح، بەغدا، ١٩٣٠.

٣– مەعروف جیاووك، هەزار بێژو پەند، چ نەجاح، بەغدا، ١٩٣٨.

بڕوانە: مصطفی نـەریمان، بیبلۆگرافیـای دووسـەد سـاڵی کتـێبی کـوردی ١٧٨٧–١٩٨٦، ل٦٣–٢٣١.

دەربارەی ژیان و بەسەر هاتی مەعروف چیاووك بڕوانە:

مەعروف چیاوك، گ رۆشنبیری نوێ،ژ١٣٤، ل٨١.

طارق جامباز، دەسـت نووسـەکانی مـەعرووف چـیاووك لـەکوێن؟ رۆژنامـەی ئـالأی ئـازای ژ٦٤، خـولی دووەم، یەکشەممە ١٩٩٣/٣/٧، ل٨.

طـارق جامبـاز، نووسـەرو پـارێزەری کوردایـەتی مـەعروف چـیاوك، رۆژنامـەی هـەولێر ژ(٢،٣)، ١٩٩٢/١٢/٣١،ل٣.

**کێ بیکاتەوە (یانەی سەرکەوتن)**

**بۆ کوردی مەزن**

**دایم هەوڵی بێ هەر بۆ یەك گرتن**

**بەکوێری دوژمن** ٣١

**ئەسعەد مەحوی** (١٩٠٢–١٩٧٦)یش هەستی خۆی لەشیعرێکدا دەربڕیوە:

**یانەیی سەربەستیە سەربەســـت ئەکا لاوانی کـــورد**

**هەوڵ ئەدا دائـم لە  بۆ سەرکەوتنی گـــەنجانی کورد**

**تێ ئەکـۆش ێ بۆ بلـندی نیـشتمـانی کـــــوردەکان**

**ئەی کوڕی میکرۆبی کوێری بیل بیلەی چـــاوانی کورد**

تا دەگاتە:

**هـــــــەر بژی مەعــروفی یانەو گـــەنجەکانی کۆمەڵی**

**چونکە زۆر کۆشش ئەکەن (ئەسعەد) لە بۆ لاوانی کورد** ٣٢

**عەونی** (١٩١٤–١٩٩٢) شاعیریش دەڵێ:

**ئەی برادەران یانەی سەرکەوتن**

**میللەت ئەخاتە ڕێگەی پێشکەوتن**

**فائیدەی زۆرە یانە بۆ میـــللـەت**

**گەل ڕزگار ئەکا لەجەورو میحنەت**

**بەهۆی یانەوە ڕێکی و ئیتیـحاد**

**بـــلاْوئەبێـتـــەوە نامێـــنی فەســـاد**

**یەکەم نیشانەی کۆمەڵی (یانە)**

**یەکیــەتی بــیــرو دڵ و زوبـــــانە** ٣٣

---

[31]– دیوانی سەلام، ئامادەکردن و پێداچوونەوەو پێشەکی بۆ نووسین ئومێد کاکە ڕەش،چ٢ ل٢١٣.

[32]– باربو، یادگاری یانەی سەرکەوتن، ژمارە (١)، ل٩١–٩٢.

# بەشی یەکەم

## ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لە بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و ڕۆشنبیریی عێراق لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ١٩٤٦ تا داخستنی گۆڤاری هیوا.. ١٩٦٣

---

[33]– سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.

لەو روانگەیەوە، کە ئەدەب رەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیریی میللەتە لەهەموو رۆژگارێکداو هەموو هونەرێك شاهێدی سەردەمەکەی خۆیەتی و لەدایك بووی ئەو سەردەمەیە، بۆیە بەر لەهەموو شتێك بەپێویستی دەزانین ئاورێك لەبارودۆخی ئەو رۆژگارەی عیراق بدەینەوە، کە بووە هۆی ئەوەی جووڵانەوەیەکی رۆشنبیری دەست پێ بکات و دەوری ئەدیب و رووناکبیرو رۆژنامەنووسەکانی کورد لەو بزووتنەوەیە دیاربخەین، کە چۆن دوای ئەوەی لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا نەزانین و نەخوێندەواری باڵی بەسەر هەموولایەکی عیراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی داکێشابوو، رووناکبیرەکانی کورد زۆر چاك لەوە تێ گەیشتبوون میللەت لەگێژاوی نەزانی و دواکەوتوویی رزگارنابێ، تاوەکو چاو لە زانست و خوێندەواری نەکەن، هەروا سەرگەردان و دواکەوتوو لەکاروانی میللەتان دەمێننەوە، بۆیە کەوتنە هەوڵی ئەوەی چەند کۆمەڵ و رێکخراوێکی رۆشنبیریی دامەزرێنن و رۆژنامەو گۆڤارو نامیلکەی رۆشنبیریی بڵاوبکەنەوە لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری میللەت و گەیاندنی دەنگی میللەت و مافی کوردان بە گەلان، ئەوەبوو لەساڵی ١٩٣٠دا مۆڵەتی کردنەوەی یانەی سەرکەوتن دراو پاشان ئەم یانەیە (یانەی سەرکەوتنی کوردان) لەساڵەکانی دواتردا، گۆڤاری (هیوا)ی بەچاپ گەیاند، کە ئێمە لێرەدا لێی دەدوێین، بۆیە لەرۆژگاری دەستبەکاربوون و چالاکی ئەم یانەیەوە دەست پێدەکەین، واتا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە.

## بارودۆخی سیاسی

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و هەرەسهێنانی فاشیزم ئینگلیزەکان لە عێراقدا لە هەوڵی ئەوەدا بوون زیاتر جێ پێی خۆیان قایمتر بکەن و هەموو شێوازێك لەبەربگرن بۆ زیاتر بەستنەوەی عێراق بە بەریتانیاوە ، بەڵام ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لە کۆمەڵی عێراقدا روویان دا وایانکرد ، ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی بچێتە چوارچێوەیەکی تازەوەو مەرام و مەبەستی ئینگلیزەکان بەو جۆرەی کە ئەوان دەیانویست عێراق بکەنە بنکەیەکی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو دەست

بەسەرداگرتنی داهاتی و کەرەستەی خاوی عێراق لـە ڕێگـەی کۆنەپەرسـتان و نانـەوەی دوو بەرەکی و گیانی ناتەبایی نێوان هێزو نیشتمانپەروەرو ئـازادیخوازو دیموکراسـیەکان بێتەدی ، چونکە هێزی نیشتمانپەروەرەکانیش لەو ڕۆژگارەدا بەتەواوی لەسەر نەخـشەو پیلانێکی دیاریکراو نەدەڕۆیـشت و یەکیەتیـەکی نیـشتمانی ، کـە تاکـە ڕێگـەی رزگـاری بـەهێزکردنی چـین و توێـژەکانی و هێـزو پارتـە سیاسـیەکان بـوون لەبەرچـاونەدەگیرا تاوەکو گورزێکی کوشندە و بە تین ئاراستەی کۆنەپەرستان و ئیمپریالیزم بکرێت .

(ڕۆژی ٢٣ی شـوباتی سـاڵی ١٩٤٦ تۆفیـق سـوێدی یەکـەم وەزارەتـی دوای شـەڕی دامەزراند ، کە دوو نوێنەری بۆرجوازی نیـشتمانی تێیـدا بەشـداربوون یەکـەمیان سـەعد سـاڵح ، کـە بـووە وەزیـری نـاوخۆو دووەمیـان عبـدالوهاب مـەخمود کـەبووە وەزیـری دارایی)[٣٤] .

ئەم کابینە نوێیەی وەزارەت ، دەست بەکاربوونیدا ، چەند هـەنگاوێکی نـا ، کـە تـا ڕادەیەکی کەم تینوویەتی دڵسۆزان و هێزە نیشتمانپەروەرەکانی شکاند ، لەو هەنگاوانە دیارترینیان ، ڕەتکردنەوەی حوکمی عورفی بوو لەسـەر وڵات و گـۆڕینی ئـەو بارودۆخـە نائارام و نائاسایەی وڵات بوو ، ەلە ئەنجامی شەڕ خۆی سەپاندبوو بۆ بـارودۆخی هـێمن و ئارام و ئازادکردنی بەند کراوە سیاسیەکان و هەڵگرتنی سانسۆر بوو لەسەر چاپەمەنی و ڕۆژنامـەو گۆڤارەکـان و ڕێگـەدان بـوو بەچـەند پـارتێکی سیاسـی ، لەوانـە : (حـزب الاسـتقلال) و (حـزب الـوطني الـديمقراطى) و (الاتحـاد الـوطني) و (حـزب الـشعب). لەهەمان کاتدا (پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان) وەکـو پـارتێکی دیموکراسـی دامـەزرا بـۆ بەدیهێنانی حوکمی زاتی لە ناوچە کوردییەکان لە چوارچێوەی عێراقدا[٣٥] . لـەو نێوانـەدا ، هیچ کام لەو پارتە سیاسییانە گرنگیان بە مەسەلەی مافە نەتەوەییـەکانی گـەلی کـورد

[34] : د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ، بەشـی یەکـەم ، لا ٢٠٤ . هـەروەها : ل.ن. کایلوف ا. ف. فدیشنو ، تأريخ الاقطار العربيـة العاصـر ١٩١٧ — ١٩٧٠ ، الجـزء الاول ، أكادميـة العلوم في الاتحاد السوفيتى ، معهد الاستشراق ، دار التقدم ، موسكو ، ١٩٧٥. ص ٣١١ .

[35] : الدكتور فاضل حسين واخرون ، تاريخ العراق الحديث ، بغداد ، بلا ، ص ١٤٥ — ١٤٦ .

نەدەداو هەندێکیان (گەلی کوردی کردبووە یەکێك لە (کۆسپ)ە کانی جێبەجێکردنی یەکیەتی عەرەب[36] . دوای ئەوەی ساڵح جەبر وەزارەتی نوێ ی لە ساڵی ١٩٤٧ دامەزراند ، بارودۆخی کۆمەلآنی خەڵك ڕوو لە خراپی بوو و زیاتر ڕق و تووڕەیی جەماوەری هەڵساند ، چونکە ساڵح جەبر هەرچی زووتر دەیویست ڕێکەوتننامەیەکی نوێ لە جیاتی پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠، کە دوای جەنگی جیهانی دووەم هەڵوەشابووەوە ، لەگەڵ بەریتانیا مۆر بکات ، بێ گوێدانە بەرژەوەندی باڵاکانی نیشتمانپەروەرانی عێراق ، ئەوەبوو لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ لە بەندەری پۆرتسمۆس پەیماننامەی پۆرتسمۆس مۆرکرا ، کە ئەم بەیاننامەیەش لە ناوەرۆکدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠ دا نەبوو ، بەڵکو زیاریش لە بەرژەوەندی بەریتانیادا بوو، خۆپیشاندان بێ جیاوازی نەتەوەیی و بیروڕای سیاسی هەموو لایەکی گرتەوە و شەڕو پێکدادان لە نێوان هێزەکانی پۆلیس و خۆپیشاندەران لە بەغداو شارەکانی دیکەدا دروست بوو ، ژمارەیەك خوێندکارو فەرمانبەرو مامۆستا کوژران و بریندارببوون[37] . هەر لێرەوە ئەو یەکیەتیەی نێوان کوردو عەرەب زیاتر قوڵبووەو ژمارەیەك لە خەڵکی شاری هەولێرو سلێمانی و کۆیە چوونە بەغداو بەشداری ڕاپەڕین و خۆپیشاندان و ڕێپێوانیان کردو چەندین دروشمیان دژی ئەو پەیماننامەیە بەرزکردەوە بەشداری ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٤٨ یان کرد .[38]

---

[36]: د. کەمال مەزهەر ،چەند لاپەڕەیك لە مێژووی گەلی کورد ، ل٢٠٦ . هەروەها بڕوانە : محمد مهدی كبة ، مذكراتي في صميم الاحداث ( ١٩١٨ – ١٩٥٨ ) بيروت ، ١٩٦٥ – ص ١٩٩ .

[37]: صادق حسن السوداني،لمحات موجزة عن تاريخ نضال الشعب العراقي،ص٦٣،لەو نامیلکەیەدا هاتووە،کە نزیکەی سەد کەس شەید بوون بێجگە لە بریندار و ڕفێنراو و گیراوەکان.(زیاتر لە ٣٠٠هەزار بەشداری خەبات و تێکۆشانیان کرد دژی پەیمانامەکی پۆرتسمۆس.بڕوانە:ل.ن.كاتلوف و ا..ف.فدتشنكو،تاريخ الاقطار العربية المعاصرة١٩١٧–١٩٧٠،ص ٣١٥.

[38]: گۆڤاری گەلاوێژ لە ژمارە (٣)ی ساڵی (٩)، مارتی ١٩٤٨دا لەلاپەڕە (١٣)دا بەناونیشانی (پۆستەی کوردەواری) نووسیویەتی: (کوردەواری لە هەموو شت بەلایانەوە خۆشتر گیانی برایەتی و جەرگی یەکیەتییە چ لەبەین خۆیانا چ لەگەڵ برا عەرەبەکانیانا، بەلآم داخی بەجەرگم تا ئێستا

لەوەتــەی ئــەم حکومەتــە نــازدارەی عێــراق– ســەری بردۆتــە نــاو حکومەتانــەوەو کورســیەیەکەی لەدیوەخانی دەوڵەتەکان داناوە لـە هـەموو دەورێکیـا جـۆرە پیـاوی وا سـەری هێناوەتـە کـۆڕی ئـیش کردنەوە کەبێجگە لەقازانج پەرستی خۆی نەبیعهیچ ئامانجێکی تری نەبووە.. پاشان نووسیوویە:(لە ڕۆژی ١٩٤٨/٢/١٣دا پۆسـتەی کۆیـەو هـەولێر گەیـشتنە جـێ، ئـەوەی پێی بڵـێن پیـاوەتی نوانـدیان، بەشـەقامەکانا، لەسـەر گـۆڕی شـەهیدەکان گـەڕان..) پاشـان بـەردەوام دەبـێ: (ڕۆژی ١٩٤٨/٢/٢٦ کوڕگــەلی ســولەیمانی گەیــشتن، تــەنها ئــەوان (٣٠٠) کەســێك بــوون، لەگــەڵ لاوەکــانی (ڕانیــە)و (زاخۆ)یەکیان گرت...) بەردەوام دەبێ، ئینجا خوتبەی (محمد احمد گه) نووسـراوە: (شـەهیدەکانی ڕێی ئـازادی ئـەوا پۆسـتەی سـولەیمانی و کـوردەواری ڕێگەیـەکی دوورو درێـژیان بڕیـوەو هـاتوون بـۆ دیدەنیان، ئـەو گیانـە پاکانـەتان کەبـەزۆری گوللـە کۆچـی ماڵاوییـان لەلەشـەکانتان پـێ کـراوە ئـەوا بەسەرسـەرمانەوە وەکـو پەپوولـە ئەسـووڕێنەوە.) دوای ئـەو: ڕشـید احمـد)و (عاملـە)ی کـچی حیـدر سلیمان بەزمانی عەرەبی وتاریان خوێندەوە.) پاشـان دەڵـێ: (لـەڕۆژی ١٩٤٨/٣/٥ پۆسـتەی خانـەقی دیمەنی سەد کوردی خانەقی و سەد کوردی بەغدات ئەدی، کە گەیشتنە سەر گۆڕستان ئیش لە هـەزار کـەس نـەما..). هـەر لـە هـەمان ژمـارەی گۆڤـاری گەلاوێـژدا بـە ناونیـشانی (سـاڵی چـل و هەشـت) لاواندنەوەیەکی کچە کورد خۆشناو بۆ شەهیدانی ڕاپەڕینی سـاڵی ١٩٤٨ بڵاوکراوەتـەوە دەڵـێ : (ئـەم سۆزەم کە باڵە کوللەیەکی پێشکەش بە گیانی پاکی شەهیدەکانی ئیمساڵی ئەکەم ...).

هەروەها شاعیرانی کوردیش (پیرەمێرد) و (بێ کەس) و چـەند شـاعیرێکی دی سـۆزو کـوڵی دڵیـان بـە هۆنراوە دەربڕیوە ، (پیرەمێرد) دەڵێ:

وا ڕۆژ هـــــەلات لە بەندەنی بەرزی ولاتەوە
تا ئێســتە رووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا
قەلغانی گوولە سـینگی کچان بێ لە هەلمەتا
پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامـــــــرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین

بڕوانە دیوانی پیرەمێرد ، بەرگی یەکەم ، کۆکردنـەوەو سـاغ کردنـەوەی فـائق هوشـیار و محمـد احمـد محمد و مصطفی ساڵح کریم و محمد نوری تۆفیق و احمد زرنگ مصطفی ، ل٢٠٧.

(بێ کەس)یش) دەڵێ :

داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ قەت بەر ناگرێ
ســــــەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ

لــە کەرکوکیــشدا خەڵکــە نیــشتمانپەروەرەکە هێرشــیان کــردە ســەر کونــسوڵخانەی بەریتانی[٣٩] و دوو ساڵ پێشتریش (لە مانگی تەمموزی ســاڵی ١٩٤٦دا هــەموو کرێکــارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك بەکوردو عەرەب و تورکمان و ئاسووریەوە قسەیان کردە یەك و بڕیاریاندا کە لەمافی خوارو و دزینی ڕەنجیان چاوپۆشی نەکەن ..)[٤٠] ، لــەو کاتەیــشدا حکومەتی پاشایەتی عێراق بەر لە ساڵێك لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٤٨ ، (لەبەرەبــەیانی ١٩ی حــوزەیرانی ١٩٤٧ ڕژێمــی پاشــایەتی بــەکرێگیراو لــە بەندیخانــەی ناوەنــدی بەغــدا حوکمی خنکاندنی ئەو چوار قارەمانەیــدا . لەبەرئــەوەی داوای مــافی ڕەوای گەلەکــەیان دەکرد)[٤١].

هێرش و خۆپیشاندانی خوێندکارانی کۆلیجەکان و نیشتمانپەروەران و بەشداری ژنـان ئەوەندەی دی ئاگری ڕاپەڕینەکەیان خۆش دەکرد ، ئەم بارودۆخە ناهەموارەو سیاسییە چەوتەی ساڵح جەبر لەبەری گرتبوو وای لە عەبدولئیللا کرد داوا لە ساڵح جەبر بکات واز لە کار بهێنێت و محەمد سەدر رابسپێرێت، کە کابینەی حکومــەتێکی نــوێ دامــەزرێنێ .

---

تا دەگاتە:

دۆستی کوردو عەرەب زۆر کۆنەو تەئریخ شاهیدە

دوژمنی روو ڕەش با لە داخا یەخەی خۆی دادڕێ

بڕوانە : دیوانی بێکەس ، محمدی مەلا کەریم ڕێکی خستووە سەرەتای بۆ نوسیوەو سەرپەرشتی لە چاپدانی کردووە ، چاپی ٣ ، ل٨٣.

39: H. Longrigg،Iraq ، 1900 To 1950 . Oxford Univecity press. 1968. P . 347

40 : میــدیا محمــد امــین ، ڕاپەڕینەکــەی گاروبــاخی نیــشانەی خــەباتی هاوبەشــی کرێکــارانی عێراقــە ، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق ، ژ ٥،پێــنج شــەممە ١٩٧٧/٧/٢١ .، لا٤ . هــەروەها : الــدکتور کمــال مظهــر احمد ، صفحات من تاریخ العراق العاصر . دراسات تحلیلیة . بغداد . ١٩٨٧ ، ص١٣٤.

41 : محرم محدامین ، ڕۆژی (١٩) حــوزەیران یــادی شــەهیدانی ڕێگــای ڕزگــاری کوردســتانە ، گ ڕۆژی نوێ ، ژ ٣ ، س٢، سلێمانی ، حوزەیرانی ١٩٦١ ، ل٨٥ .

هەروەها نەمری بۆ قارەمانانی کوردستان ، ڕۆژنامــەی خــەبات ژ١٣ ، س٦ی تــەمووزی ١٩٥١ ، لا ئــەم چوار ئەفسەرەش (خیرالله عبدالکریم و محمد قودسی مستەفا خۆشناو و عزت عبدالعزیز ) بوون .

سـەرۆك وەزیرانـی نـوێ لەیەکـەم هـەنگاوەکانی دا ئـەوەبوو پـەیمانی پۆرتـسمۆس رەت بکاتەوە .

سەبارەت بە دەسکەوتەکانی گەلی کورد لە سەرکەتنی راپەرینی سالّی ١٩٤٨ دا د. کمال مەزهەر دەڵێ : ( گەلی کوردیش لـە ئـەنجامی سـەرکەوتنی راپـەرینی کـانوونی دووەمدا بەچەند مافێکی سـەرەتای خـۆی گەیـشت. بـۆ یەکـەمجار لـە مێـژووی عێراقـدا رێگەی دەرچوونی گۆڤارێکی سیاسی بەزمانی کـوردی دا . رۆژی ٢١ی مـارتی ١٩٤٨ بـۆ یەکەم جار کورد وا فراوان و ئاشـکرا یـادی نـەورۆزی لـە بەغـداو شـارەکانی کوردسـتان کردەوە)[٤٢] هەر لەو لەو ساڵەدا کورد بەشداری شەڕی فەلەستینی کرد. ئـەم بـارو دۆخـە جارێکی تر نەهامەتی بەخۆیەوە دی و کۆمـەڵێ گۆڕانکـاری سیاسـی روویـدا . لـە سـاڵی ١٩٥٢ دا شۆڕشـی ٢٣ی تـەموز خـاڵی وەچـەرخانێکی گـەورە بـوو بـۆ هـەموو هێـزە نیشتمانی و دیموکراتیخوازەکـان بـۆ ئـەوەی ئـەو سـەرکەوتنەی گـەلی میـسر بەدەسـتی هێناو توانی رووبەرووی ئیپریالیزم بێتەوە ، گەلی عێراقیش تەکانێکی وا بدات لـە رەگ و ریشەوە بگۆڕێت . رژێمی پاشایەتی تەفروتونا بکات . دەسبەجێ پارتە سیاسـییەکان و سـەرۆك وەزیرانـی پێـشوو لـە کۆشـکی پاشـایەتی کۆبوونـەوەکیان سـازدا . تەنانـەت هەندێکیان راستەوخۆ عەبدولئیلایان بە بەرپرسی ئەو بارودۆخە ناهەموارە لە قەڵەمـدا ، چونکە پێیان وابوو ئەو هۆکارنەی کۆدیتایەکـەیان خولقانـد لـە عێراقیـشدا هـەن ، بۆیـە دەبێ دەست و بردی لێ بکرێـت . هـەرزوو ئەمـە لـە هەڵوێـستی قوتابیـانی کۆلیجـەکانی پزیـشکی و دەرمانـسازی و بازرگـانی روویـدا ژمارەیـەکی زۆر لـە قوتابیـان رژانـە نـاو

---

42: د. کمـال مەزهـەر ، چـەند لاپەرەیـەك لـە مێـژووی گـەلی کـورد ، ل٢١٨ . مەبەسـت لـەو گۆڤـارە سیاسـییەش گۆڤـاری (نـەزار)ە ، کـەخوا لێخۆشـبوو علاءالـدین سـجادی سـە سەرنووسـەری بـوو . (گۆڤارێکی سیاسی کوردی و عەربی هەفتەیی بووە ، لە شاری بەغدا دەدەچوو ، لێپرسـراوی محمـوود سنوی بووە، (٢٣) ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە ، ژماریەکی لە رۆژی٣٠ ی مارتی ساڵی١٩٤٨ دەرچـووە ) وە ژمـارە (٢٢) ی لـە ١٥ی شـوباتی سـاڵی ١٩٤٩ دەرچـووە .) بڕوانـە : جمـال خەزنـەدار ، رابـەری رۆژنامەگەری کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل٥٥ .

شەقامەکان و لە دروشمەکانیاندا داوای ژاکردنی باری ناوخۆو پیادەکردنی دیموکراتی و سەربەستی و هەڵبژاردنیان لە وڵاتدا دەکرد .

ئەم خۆپیشاندانە وای لە سەرۆك وەزیران (**مصطفى العمري**) کرد دەست لە کاربکێشێتەوە و سەرۆك ئەرکانی سوپا (نورالدين محمود) کابینەی نوێی حکومەت دابمەزرێنێ . سەرۆك وەزیرانی نوێ دەسبەجێ حوکمی عورفی لە و راگەیاندو بڕیاری داخستنی پارتە سیاسییەکانی دەرکرد[٤٣].

ئەم بارودۆخەش نەیتوانی سەر بەگەلی عێراق و پارتە سیاسییەکان نەوی بکات . بۆیە لە ١٩٥٤/٨/٣ دا نوری سەعید وەزارەتی دوازدەهەمی خۆی دامەزراند[٤٤].

ئەمجارەیان هەر لە سەرەتای نوری سەعید هەولی دەدا پەیماناننامەیەك لەگەڵ بەریتانیادا مۆربکات و شکست بە هێزە رزگاریخوازو ئازادیخوازەکان بهێنێ . دوای یەك ساڵ . واتە ساڵی ١٩٥٥ عێراق چووە نێو (پەیماننامەی بەغدا) . ئەو پەیماننامەیە جارێکە دی عێراقی پابەند کردەوە، لە رێگەی پیاوی شارەزای ئینگلیز لە عێراقدا (نوری سەعید). لە ساڵی ١٩٥٦ دا دەست درێژیە سێ قۆڵییەکەی سەر میسر شەپۆلی توندوتیژی پایتەخت و شارەکانی عێراقی گرتەوە . (پارتی دیموکراتی کوردستان)یش وەکو حیزبێکی کوردی پشتگیری لەگەلی میسری کرد[٤٥] ، تەنانەت خۆپیشاندانەکان

---

[43] :عبدالواحد موسى الحصونة،الحركة الطلابية العراقية و دورها فى النضال الوطنى و القومى ١٩٤٧-١٩٦٣،ص١٠١-١١٠.

[44] :لەم وەزارەتە نوێیەدا نوری سەعید بێجگە لە کاری سەرۆك وەزیران وەزیری بەرگریش بوو،سەعید قەزاز وەزیری ناوەخۆ و موسا شابەندەر وەزیری دەرەوەو خەلیل کنە وەزیری مەعاریف و محەمەد عەلی مەحموود وەزیری داد و عبدالوهاب مەرجان وەزیری کشتوکاڵ و شاکر الوادی وەزیری کاروباری کۆمەلأیەتی بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :د.جعفر عباس حميدى،التطورات و الاتجاهات السياسية الداخلية فى العراق١٩٥٣- ١٩٥٨،ص١٠٣-١٠٤.

[45] :پەیوەندی نێوان گەلی کورد و حکومەتی میسری لە چلەکاندا بەهێز بووەو حیزبی رزگاری کورد یاداشاتامەیەکی لەو کاتە دایە مفوەزییەی میسر لە بەغدا دەربارەی پشتگیری گەلی کورد،بۆ دەقی یاداشاتنامەکە بڕوانە: رۆژنامەی خەبات،ژ ٣٢٠،٢٣ی ئەیلولی ١٩٦٠. پاشان پارتی دیموکراتی

ئەوەندە درێژەی کێشا وای لە حکومەتی نوری سەعید کرد سەر بۆ داواکانیان نەوی بکات ، ئامادەیشی پیشان بدات بۆ ناردنی یارمەتی سەربازی بۆ میسر[٤٦] ، بەلاَم خۆی لە راستیدا ، ئەو بەڵێنانەی حکومەت بلقی سەر ئاوبوون و لە ژێرەوە کەوتە گرتنی شۆڕشگێران و بەشداربووانی خۆپیشاندانەکان . یەکێ لە ئەنجامەکانی سەرنەکەوتنی ئەو خۆپیشاندانە وای لە هێزە نیشتمان پەروەرەکان کرد لە ساڵی ١٩٥٧ دا هەوڵەکانیان بە شێوەیەکی بەریی درێژە پێبدەن و (بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی) پێك بهێنن[٤٧]. بەلاَم خۆرێکخستنی (**ضباط الاحرار**)و هێرشی سێ لایەنی بۆ سەر میسر مەسەلەی فەلەستین و رۆڵی رێکخستنی قوتابیان خەڵکی زەحمەتکێش و ئەو سیاسەتە ناڕەوایەی نوری سەعید بۆ سەرکوتکردنەوەی بزاڤی پارتە سیاسییەکان هەموو ئەمانە بوونە هۆی رووخانی پاشایەتی لە عێراق و بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨. لەگەڵ بەرەبەیانی شۆڕشداو (دوای کەمتر لە سەعاتێك لە خوێندنەوەی بەیانی سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی نیشتمانی لە رادیۆی بەغدا سەرکردەکانی گشتی هێزە چەکدارەکان ناردو هیواخوازی خۆیان تێدا دەربڕی بوو بەوەی ، کەئەم شۆڕشە

---

کوردستان وەکو حیزبێکی نەتەوەیی کوردی پشتگیری خۆی بۆ گەلی میسر دەربڕی لەو هێرشەی لە ساڵی ١٩٥٦ کرایە سەر ، بڕوانە : حسن علی عبدالله ، الموقف الرسمی والشعبی من تطتور الاحداث السیاسة في مصر ١٩٥٢ – ١٩٥٨ ، ص١٢١–١٢٣.

46 :وەزیری ئەو کاتەی عێراق دکتۆر فاضل الجمالی وتی: (عێراق پشتگیری لە هەموو داواکانی میسر دەکات و کێشەی میسر کێشەی عێراقیشە بێ جیاوازی .) بڕوانە:الدکتور مجید محی الدین ، العراق والسیاسة العربیة ١٩٤١–١٩٥٨،ص٢٣٧.

47 : ئەم بەرەیە لە حزبی شیوعی و حیزبی نیشتمانی دیموکراتی و حیزبی سەربەخۆیی و حزبی بەعس پێکهاتبوو ، هەموو پارت و رێکخراوەکان پشتگیریان لێ دەکردو لە ساڵی ١٩٥٧ دامەزرا ، بڕوانە کاتلوف و ا.ن. فدیشنکو ، تأریخ القطار العربیة المعاصر ، ص٣٢٤ .

پیرۆزە سەرەتای سەردەمێکی نوێی بێ لە پێوەندی نێوان کوردو عەرەب ، کە چاکەو پێشکەوتنی هەردوو گەلی تیابێ[٤٨] .

هەر بەوەش نەوەستا بەڵکو زووبەزوویی وەفدی کورد ڕووی کردە بەغدا بۆ ئەوەی لە نزیکەوە پاڵپشتی شۆڕشی ساوای عێراق بکات و لە هەمان کات دا داوای بەردانی هەموو بەنکراوە سیاسیەکانی کورد بکات و دوورخراوەکان بگەڕێنەوە شوێن و زێدی خۆیان . لە نێوانیاندا مەلا مەلا مستەفا بارزانی و هاوەڵەکانی ، کە ئاوارەی یەکیەتی سۆڤیەت ببوون . گەڕانەوەی بارزانییەکان و هاوەڵەکانیان لەسەر دێری ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاوکرایەوە و جۆش و خرۆشێکی تازەی بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەخشی ، گۆڤاری ( هیوا)یش بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی خۆی نووسیوەو دەڵێ :

**بەخێربێیتەوە ئەی قارەمان**

خۆشهاتیتەوە ئەی قارەمانی دلاوەر ، خۆشهاتیتەوە سەربازی جەنگاوەر ، هاتنەوەی تۆو هاوڕێکانت ، هاتنەوەتان ئاوا بە ئازادی و ڕێزەوە جێی شانازیە بۆ نەتەوەی کورد سەرکەوتنێکی گرنگە بۆ میللەتەکەمان ، گولەیەکە بۆ سەر دڵی ئیپریالزم . تۆڵەی پێشەوای کورد ، مستەفا بەرزانی ، تۆسەلملنت کە نەتەوەی کورد ئازاو نەبەردن ، دوژمنی زۆرو داگیرکەرن ، هەواڵی کۆڵدان نازانن ، گەلێکن تێکۆشاون و تێ نەکۆشن لە پێناوی ئازادیدا ) پاشان بەردەوام دەبێ : :

( ئێمەش دەستەی نووسەرانی هیوا هەر لە ئێستەوە چەپکە گوڵی خۆشنودیی خۆمانتان پێشکەش ئەکەین ، لە کانگەی دڵمانەوە ئەڵێین : بەختیارین بەهاتنەوەتان ، شادین بە ئازادییتان ... بەخێربێنەوە .

**دەستەی نووسەرانی هیوا**[٤٩]

---

[48] : ابراهیم احمد ، الشعب الکردی والعراق الجمهوری ، جریدة الاتحاد العدد ٩٠ في ٣٠ تموز ، السنة الثانیة ، ١٩٩٤.

[49] : گۆڤاری هیوا ، ژ٣ ، س٣ و بەغدا ، ل٥٣ .

بەسەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ ی تـەمموز ژمارەیـەك رۆژنامـەو گۆڤـاری کـوردی رێگـەی بلاّوکردنەویان درا، بۆ تێگەیشتنی بارودۆخی ئەو ڕۆژگارە ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە دەکرێ بکرێنــە سەرچـاوەیەکی بــە کــەڵك بــۆ لێکۆڵینــەوە. لــە ڕۆژنامــەی (ئــازادی)[50] دا کــە کۆمنیۆسەکانی کورد دەریاندەکرد هەڵوێستی خۆیان روون کردۆتەوە : ( گەلی کـوردیش لە عێراقا بەشێکە جویّ ناکرێتەوە لە میللەتی کـورد لـە هـەموو بەشـەکانی کوردسـتانی پارچە پارچە کراوە لە مابەینی دەوڵەتانی تورکیاو شـێران و عێراقـا ، وە میللـەتی یـەك میللەتە ، هەموو خاسـیەتێکی نەتەوایـەتی میللـەتی هەیـە ، سـەبارەت بـەوەی کۆمەڵـە خەڵکێکی نیشتەجێن ، بە درێژایی مێژوو پێك هاتوون ، خاکێکی موشـتەرەکیان هەیـە . کە ببێتە هۆی سەربەستی و یـەکگرتنی نەتەوایـەتیان)[51] . گـەلی کـورد هیـوای زۆری بـە کۆماری ساوای عێراق هەبوو هەرزوو زەعـیم عبـدالکریم قاسـم جێگـەی لـە دڵـی خـەڵکی کورد دا کردەوە، بەو هیوایەی کە (عێراقی کوردو عەرەب)[52] هەروەکو لەبەندی سێیەمی دەستووری کاتیی عێراق هاتبوو جیّ بەجیّ بکرێت سەبارەت بە مافی نەتەوایـەتی کـورد ، تەنانـەت لـە سـاڵی دووەمـی جمهوریـەت دا کەتەقـەی لێکـراو رۆژنامـەکان بلاّوەیـان کـردەوە غـەم و پەژارەیـەکی زۆر بـە هـەموو لایـەکی کوردسـتاندا بلاّوبـۆوە و لەگـەڵ

---

[50]: رۆژنامەی (ئازادی) ، ڕۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی بووە ، زمانی پارتی کۆمەنیستی عێراقـی لقـی کوردستان بووە ، خاوەن و سەرنووسەری پارێزەر نافع یونس بووە ، ژمارەیەکی لـە ڕۆژی ١ی ئایـاری سـاڵی ١٩٥٩ دەرچـووە ، دوا ژمـارەی لـە سـاڵی دووەمـی ژمـارە(٥٦) بـووە ، ڕۆژی ٢٨ی تـشرینی دووەمـی سـاڵی ١٩٦٠ دەرچـووە ، ئـیتر پـەکی کـەوتووە ، ئەحمـەد غـەفوور محمـد کـەریم فەتحواللـە محەمەدی مەلا کریم و عزیز محمد و حسێن عارف و عزالدین مستەفا رەسـول بەشـداریان لـە دەرکردنـی کردووە ، بڕوانە : جمال خەزنەدار ، رابەری رۆژنامەگەری کوردی ، ل ٦٨ .

[51]: لە بابەت سیاسەتی ئازاد بوونی عەرەب مەسەلەی نەتەوایەتی کوردەوە ، ڕۆژنامەی ئازادی ، ژ٢ ، س١، کەرکوك ، یەك شەممە ، ١٠ ی ئایاری ١٩٥٩ .

[52]: لەبەندی سێیەم دەڵیّ : ( کوردو عەرەب هاوبەشن لە عێراق) بڕوانە :
Thomas bo is ، The KurdS، Translted from the French by professor m.w welland، Beirut، 1966 ،p 153.

دەرچـوونی لــە خەســتەخانەدا شــادی گێــڕڕا[53] . هــەروەها لەســەرکوت کردنــەوەی بزووتنەوەی (الشواف) یش لە موسڵ کورد یارمەتییاندا[54]، بەڵام عەبدوالکریم قاسم لـەو کاتەدا بەهۆی ململانێ خۆی لەگەڵ عبدالسلام عارفدا لەسـەر دەسـەلأتی ولأت زۆر شـتی لەبیربردبووەوە . هەردووکیان بە دوو هێڵی جیاوازدا دەڕۆیـشتن ، عبدالـسلام لـە لایـەن نەتەوەییەکان و عبدالکریم لە لایەن شیوعییەکانەوە، تاوەکو دواجار توانی عبدالسلام لە دەسەلأت دووربخاتەوە بەوەی ، کەوەکو باڵوێزێك رەوانەی ئەڵمانی بکات[55] .

دوای تێپـەڕبوونی سـاڵێك بەسـەر تەمـەنی کۆمـاری عێـراق دا قاسـم مۆڵـەتی چـەند حیزبێکیدا بە ئاشکرا کاربکەن وەکو هەنگاوێك رووەو دیموکراسی . یەکێ لـەو حیزبانـە (پارتی دیموکراتی کوردستان) بوو . خەڵکی کوردسـتان تـەواو دڵنیـابوون لـە نیازپـاکی

---

53 : رۆژنامەی ئازادی ،ژ ، ٥٠ ، س ، ١٩٥٩/١٢/٢٨ ، ل ٢ .

54 : حسن ارفع ، کردهاو یك بروسی یارتخی و سیاسی ، تهران ، ١٩٦٦ ، ص ١٢٥
هەروەها دکتۆر . ش. نەشیریان نووسیویەتی : ( لەسەرتای مانگی مارتی ١٩٥٩ دا یاخی بوون لە موسڵ دەستی پێکرد . ئەو حەلە بەشی زۆری سوپای عێراق لە بەغداو باشوور بوون . لەو کاتەدا بۆ قاسم زەحمەت بوو بتوانێ هێزەکانی رەوانەی ئەوێ بکات بۆ ئەوەی ئەو بزووتنەوەیە سەرکوت بکەن ، بۆیە هانای بۆ کورد و حیزبی شیوعی لە ماوەیەکی کەمدا یاخی بوونەکەیان کۆتایی پێ هێنا ، پێشمەرگەکان لە ژێر سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ، کۆمەڵانی چەکداری خەڵکیش بەسەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق لە هەشتی مارتدا ، لەو رۆژەی یاخی بووەکان پلانەکەیان دارشتبوو. بەرو باکوور ملیان ناو مووسڵیان داگیر کردوو نەیارو ناحەزانی شۆڕیان بەدیل گرت و ئەو دیموکراسیەشیان ئازاد کرد ، کە لەلایەن یاخی بووەکانەوە پێشتر بەدیل گیرابوون )، بڕوانە : ش.ج. شیریان ، الحرکة الوطنیة الدیمقراطیة في کردستان — العراق ١٩٦١ — ١٩٦٨ ، ترجمة ولاتو ، بیروت ١٩٧٨ ، ص٦٩ ، فەسڵێکی ئەو کتێبە لە لایەن کاك نەجاتی عبدالله تەرجەمەی کوردی کراوە و بڵاو کراوەتەوە ، بڕوانە تەنگژەی حکومەتی قاسم و سەرەتای تەق و تۆقی جەنگ لە کوردستانی عێراقدا ١٩٥٨ — ١٩٦٣ ، رۆژنامەی برایەتی ، ژ ٢٠٤ یەك شەممە ١١/ ٩/ ١٩٩٤ ، ل ٦—٧.

55 : صالح حسين الجبوری ، ثورة ٨ شباط ١٩٦٣ في العراق ، دراسات في التاريخ السياسی (اسبابها مقدمتها — قيامها) ، ص٢٥ . هادی حسن عليوی ، عبدالکريم قاسم الحقيقة ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٩٠ ، ص٧٣ .

قاسم . ڕۆژنامەی (نەورۆز) دەنگی دایەوە بە مۆڵەت وەرگرتنی پارتی دیموکراتی کوردستان) بەئاشکرا ، وە هەموو شارەکە بەم بەم مژدەیە کەوتنە گەڕان بەشەقامەکاندا .[٥٦]

هاوکات ڕۆژنامەکانی تریش مانشێت و سەردێری ڕۆژنامەکانیان بە وتەی عبدالکریم قاسم دەڕازاندەوە[٥٧] . لەو کاتەدا بەعسیەکانیش وەك حیزبێکی نەتەوەیی داوای یەکەتیان دەکرد ، رووکەشانە دەیانویست سۆزی کورد بۆ لای خۆیان رابکێشن ، مێشێل عەفلەق دەیووت : (هێزێك نییە لێکمان جیابکاتەوە تا دوا تنۆك خوێنمان نیشتمانەکەمان ئەپارێزین (مەبەستی لە کوردە)[٥٨] ، بەلأم ئەو بەڵێن و خەونانە زۆر درێژەی نەکێشا ، قاسم لە زۆربەی بەڵێن و پەیمانەکا ی دەرهەق بە کورد پەشیمان بووەوە . ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەو ڕۆژگارەیش لە خستنەرووی راستییەکاندا درێغییان نەدەکرد ، لە ڕۆژنامەی (ئازادی)دا هاتوە : ڕۆژ نیە چەند نامەو عەرزو حاڵ و بیرخەرەوەیان پێنەگات لەلایەن ئەو ڕەنجبەرو فەلاح و تێکۆشەرە دڵسۆزانەی تری جمهوریەتەوە کە لە ناوچەکانی کوردستان دوور خراونەتەوە بۆ هەندێك شار و دێهاتی خوارو . وە هەندێکیان خزێنراونەتە بەندیخانەکانەوە یان لە گرتوخانەکان دا راگیراون وە کەس و کارو خێزان و دۆست ناسیاویان هەموو هاوار ئەکەن تاکەی ئەم دڵسۆزانەی جمهوریەت بەدەربەدەر کراوی دوور لە ماڵ و ئیش و کاریان بمێننەوە سەبارەت بەدرۆو دەلەسەی چەند دەرەبەگێکی داخ لە دڵ )[٥٩] ئەم جۆرە نووسینانە لە بەرژەوەندی قاسم دا نەبوو بۆیە هەر لە ساڵی (١٩٥٩)ەوە کەوتۆتە گلەیی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و دەڵێ : ( هەندێ ڕۆژنامە دەنووسێ کەوا هێزە دیموکراتیەکان تۆقێنراون پەرش و

---

[56] : ڕۆژنامەی نەورۆز ، ژ١٥ ، س٢ ، ١٣ شوباتی ١٩٦٠ ، ل٢.

[57] : بۆ نموونە : ڕۆژنامەی خەبات لە لاپەڕەکانی یەکەم نوسیویەتی : ( سەرۆك عبدالکریم قاسم دەڵێ : من نەتەوایەتی کورد — القومیە الکردیە — دەپارێزم) ، ژ ١٥ ، س١ ، ٢١ ی تەمموزی ١٩٥٨ ، ل ١ .

[58] : گۆڤاری پێشکەوتن ، ژ ٢١ ، س١ ، بەغدا ، ١٦ی ئابی ١٩٥٨ .

[59] : ڕۆژنامەی ئازادی ، ژ ٢ چوارشەممە ٥ی ئاياری ١٩٦٠ .

بلاَوكرانەوە[60] . هەر لەویَ بە ئاشكرا هەرِەشەیان لیَ دەكات و بە ئاشكرا كەوتە گرتنی پیَشكەوتنخوازەكان[61] و سەركردە سیاسییەكان و وەستاندنی هەندیَ دەزگای رِوٌشەنبیری كوردی و پیَ شیَلكردنی وەفدە كوردیەكانی بەغداو مافە سەرەتاییەكان[62] ، ئەمانە وای لە مەلا مستەفا كرد بەغدا بەجیَبهیَلَیَ و رووەو بارزان بگەرِیَتەوە . لەو كاتەدا قاسم وەكو رِژیَمەكانی پیَش خوٌی سیاسەتی كورد بەگژیەك وەنانی لەبەرگرت و هەندیَ سەروٌك عەشیرەتەكانی لە دژی مەلا مستەفا قیت كردەوە . پاشان بە هیَزی سوپاییەوە هیَرشی كردە سەر ناوچەكەو فروٌكەكانی عیَراق ناوچەی بارزانیان بوٌردومان كرد، بوٌیە (مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ١٦ / ١٩٦١/٩ كوٌبونەوەو بریاری شەرِیان راگەیاند)[63] ئەم بارودوٌخە تاوەكو سالَی ١٩٦٣ بەردەوام بوو . لەو سالَەدا بەعسییەكان لە ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ دا بە كوٌدەتایەكی سەربازی حكومەتی (عبدالكریم قاسم)یان روخاند.

بەعسییەكان بەر لەوەی كوٌدیتایەكەیان سەربكەویَ بیریان لەوە كردبوٌوە بە هەموو شیَوەیەك دژی بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردایەتی بجوولَینەوە وەكو نەتەوەیەكی

---

[60]: رِوٌژنامەی خەبات ، ژ٢٣ ، س١ ، هەینی ٣١ی تەموزی ١٩٥٩ .

[61]: ماموٌستا ابراهیم احمد بەهوٌی نوسینی وتاریَك لە رِوٌژنامەی (خەبات) و بەوەی ، كە حكومەت تاوانباری كردبوو بە كوشتنی سەدیق میران درایە دادگاو لە پاش كیَشەیەكی زوٌر (تبریە) بوو ، برِوانە احمد رەسول پشدەری ، یاداشتەكانم ، بەشی یەكەم ، بەغدا ١٩٩٢ ، ل ١٤١ .

[62]: بوٌ پیشیَلكردنەكانی قاسم و هەنگاوەكانی دژ بە جولاَنەوەی رزگاری خوازی كورد برِوانە : نبیل زكی ، الاكراد الاساطیر والثورات والحروب ، مطبوعات كتاب الیوم (٨) ، مطبعة مؤسسة دار اخبار الیوم ، القاهرة ، ١٩٩١ ، ص٧٩.

[63]: د. حامد محمود عیسی علی ، المشكلة الكردیة ، ص ٢٢ . شایانی سەرنجە مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان رِوٌژی ١٩٦١/٩/١١ بە رِوٌژی بەرپابوونی شوٌرِشی ئەیلول دادەنیَت ، برِوانە رِوٌژنامەی برایەتی ، ژ ٢٠٤٠ ، یەك شەممە ١٩٩٤/٩/١١.

کۆنەپەرستی عەرەب رەفتار بکەن ، بۆیە سەیر نییە ئەو ڕاستییە لـە خۆیـان بیـستین و شاهیدی ئەو راستیە بین [٦٤] .

رەفتاری (الحرس القومی)یەکانیش لە کوردستاندا مایـەی نەفرەتلێکردنـە . رۆژنامـەو گۆڤارە کوردییەکانیش ، کە هەردەم پەیوەستی بارودۆخی سیاسی وڵات بوون ، لەگـەڵ هاتنی بەعسییەکاندا بۆ سەر حوکم زۆربەیان پەکیان کەوت و لەکارخران [٦٥] .

**بارودۆخی کومەلأیەتی و ئابووری**

لە دوای جـەنگی دووەمـی جیهانییـەوەباری سیاسـی عێـراق هەمیـشە پـڕ ئـاژاوەو نـا ئارامی سیاسی بووەو بە هیچ شێوەیەك سەقامگیر نـەبووە، لـە سـاڵانی ١٩٤٨ ، ١٩٥٢، ١٩٥٦، ١٩٥٨، ١٩٦١، ١٩٦٣، شۆڕش و کۆدێتا و بزووتنەوەی جیاجیا روویانداوە. [٦٦]

سەقامگیر نەبوونی ئەو بارە سیاسییەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ یاریکردن بە بڕیـارە سیاسـییەکان و زەوتکردنـی مافـەکانی خـەڵك و سـەپاندنی فـەرمانی عـورفی و فێڵکردن لە ئەنجامـەکانی هەڵبـژاردن . بـەهۆی شـوێنی سـتراتیژی عێراقـەوە و داهـاتی زۆری ، بەریتانیا حیسابی تایبەتی بۆ دەکـردو چـاوی تێـبڕی بـوو . بـۆ درێژەپێـدان بـە چەوسانەوە و مانەوەی خۆی لە عێراقدا سەرکوتی هەموو جووڵانەوەیـەکی شوڕشـگێڕی دەکردو خێزانی هاشمییەکانی لەسەر وڵات کردبووە کۆتێك ، کە خەڵکە ژیانی لێ ببێ بە

---

[64] : صالح حسین الجبوری دەڵێ : بوچیە بۆ ئەنجامدانی کۆدیتاکەی ٨ی شوبات ١٩٦٣ بەعس سوودیان لە فرۆکەخانەی (الحبانیە) وەرگرت چونکە نزیك بوو لە بەغدا ، بەلأم فرۆکەخانەی کەرکوك تەرخان کرا بۆسەرکوت کردنەوەی بزووتنەوەی یاخیگەرانەی مەلا مستەفاو لایەنگرەکانی ، بڕوانە : ثورة ٨ شباط ١٩٦٣ في العراق ، ص ١٤٩.

[65]: گۆڤاری (هیوا) و ڕۆژنامەی (بڕوا) و گۆڤاری (روناهی) و گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) و هەموو رۆژنامەو گۆڤارەکانی تر ، تەنیا ڕۆژنامەی (ڕاپەڕین) لە گۆڕەپانەکدا بوو ، بڕوانە : جمال خەزنەدار ، رابەری رۆژنامەگەری کوردی ، ل٦٣–٩١.

[66] : لە ئەنجامی ئەو نائارامیە سیاسییەدا لەسەردەمی پاشایەتی لە عێراقدا لە ١٩٣٠ — ١٩٥٨ ، (٥٩) وەزارەت دامەزرا ، بڕوانە عبدالرزاق الحسنی ، تاریخ الوزارات العراقیة ، ج ١٠ ، ص ٢٨٤.

مەرگەسات و ڕۆڵەکانی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی لە زیندانە نووتەکەکاندا دەئاخنی و مافە سیاسییەکانی پێ شێل دەکردن ، پەیوەندییەکی خێڵەکی دواکەوتلە زۆر بوو، ڕادەی بوون و مردن لەگەڵ ڕێژەی زیادبوونی دانیشتواندا نەدەگونجا.ژمارەی مردن لە زۆربەی کاتدا ، لەگەڵ ژمارەی لە دایکبووندا یەکسان بوو . ئەم خشتەیەی خوارەوە ڕادەی لە دایکبوون و مردن لە لیواکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٣ دا پێشان دەدات[٦٧] .

| لیوا | تێکڕایی بوون" | تێکڕایی مردن" |
|---|---|---|
| سلێمانی | ٢،٣ | ٣،٣ |
| هەولێر | ٢،٩ | ٢،٨ |
| کەرکوک | ٥،٥ | ٢،٦ |
| مووسڵ | ٩،١٦ | ٨،٨ |

بێ گومان ئەم خشتەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە ، کە خزمەتگوزاری تەندروستی و باری گوزەرانی خەڵك لە پلەیەکی نزمدا بووە[٦٨] ، خواردن و خۆراکی چاك بۆ ساوا نەبووە ، ئەم بارودۆخەش نەوەکو هەر لەپێش شۆڕشی ١٤ی تەمووزدا، بەڵکو دوای شۆڕشیش هەر بەردەوام بووەو لە ساڵی ١٩٦١ دا دکتۆر شاکر خەسباك دەڵێ :( باری تەندروستی ناوچە کوردییەکە خراپەو ڕدەی مردن زۆرە)[٦٩] .

هەروەها دەڵێ : (دەستکەوتی گشتی تاکێکی عێراقی وە بە تایبەتی دێهاتیەکان لە نزمترین ڕادەدایە)[٧٠] .

---

67 : د. شاكر خصباك ، الكرد والمسالة الكردية ، منشورات الثقافة الجديدة ، بغداد، ١٩٥٩ ، ص ٥٨ .

68 : بە پێی ئاماری ساڵی ١٩٥٥ ، لە لیوای سلێمانی و هەولێر و کەرکوك هەریەکە (٥) نەخۆشخانەی تیابووە . بڕوانە : د. شاكر خصباك ، الكرد والمسالة الكردية ، ص٦١ .

69 :سەرچاوەی پێشوو،ل٦١.

70 : سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٧.

به پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی دانیشتوانی عێراق شەش ملیۆن و نیو کەس بوو، کە پێکهاتبوو لە عەرەب و کوردو تورکمان و کەمە نەتەوەییەکانی تر . لە ڕووی ئایینیشەوە بەشی زۆری موسڵمان و ئەوانی تر مەسیحی و یەهوودی و ئایین و مەزهەبەکانی دی بوون) [٧١].

لە ڕووی پێکهاتی چینایەتییەوە چینی زەحمتکێش (٩٠") ی دانیشتوانیان پێکدەهێناو ئەوەی تر دەرەبەگ و بۆرژواکان بوون . بۆیە کۆمەڵگای عێراق دابەش دەبووە سەر دوو چینی سەرەکی : چینی زەحمەت کێش : ئەویش (جوتیارو کرێکارو کاسبکارو فەرمانبەرانی دەگرتەوە (ووردە بۆرژوا)[٧٢].

– **چینی بەرز** : ئەویش (دەرەبەگ و بۆرژوا گەورەکان)ی دەگرتەوە .

– **چینی زەحمتکێش** :

---

[71] : بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ، ژمارەی دانیشتوانی عێراق ٩٧٦ ، ٢٩٨ ، ٦ کەس بوو و ژمارەی کورد لە لیواکاندا بەم شێوەیە بوو :

| لیوا | کورد |
| --- | --- |
| مووسڵ | ٢٣٢٢٠٦ |
| هەولێر | ٢٤٣٣٣٥ |
| کەکوك | ١٨٧٥٩٣ |
| سلێمانی | ٢٩٩٩٩٣٦ |

هەروەها ژمارەی موسڵمان لە عێراقدا ٢٨٤ ، ٠٢١ ، ٦ کەس بووە ، واتە بە ڕێژەی ٧٥،٩٥ " ، ئەوەی تر مەسیحی و یەزیدی و صائبە و مەزهەب و ئایینەکانی تر بوون ، بڕوانە : محمود الدرة ، القضية الكردية ، ط٢،ص ٢٢٣ — ٢٢٥.

[72] : لیث عبدالحسن الزبيدى وای دابەش کردووە :

١– دەرەبەگ ٢–بۆرژوا (گەورەو بچووك) ٣– چینی زەحمەتکێش (کرێکارو جوتیارو سەربازو ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکان و ڕۆشەنبیرە شۆڕشگێڕەکان ) ، بڕوانە : لیث عبدالحسن الزبيدى ، ثورة ١٤ى تموز في العراق ، ص ٣٢ — ٣٩ .

حاڵـەتی جووتیـار ئـەوە بـە جارێـك شـپرزە بـوو بەدەسـت ئاغـاو دەرەبەگـە خوێنمژەکانەوەو داهاتی جووتیار هـەمووی بـۆ ئاغـای خـاوەن زەوی و زار بـوو، بەشـی جووتیار هەر نـان و زگ بـوو. جوتیـار پارچـەیەك زەوی نـەبوو لـە پـێش شۆڕشـی ١٤ی تەمموز ، ساڵ دوانزەی مانگ بـۆ ئاغـا کـاری دەکـردو داهـاتی بـۆ گیرفـانی ئاغـا بـوو ، چـونکە لەسـەردەمی پاشـایەتیدا هـیچ یاسـایەکی چـاگکردنی کـشتوکاڵ نـەبوو بتـوانێ بەرگری لە جوتیاران بکات ، بەڵکو بە پێـچەوانەوە هـەموو یاسـایەکان لـە بەرژەوەنـدی دەرەبەگدا بوون و ساڵانە داهـاتێکی زۆری گـەنم و جـۆ لـە لیوایـەکی کوردسـتان بەهـەم دەهێنرا ، بێ ئەوەی چینی زەحمەتکێش سوودی لێ ببینێت . ئەم خشتەیە بـەروبوومی هاوینەی ناوچە کوردییەکان پێشان دەدات لە ساڵی ١٩٥٣دا[73] :

| ليوا | گەنم بەتەن | جۆ بەتەن |
|---|---|---|
| سلێمانی | ٧٠٠٠ | ٧٠٠٠ |
| هەولێر | ١٠٤٠٠٠ | ٦١٠٠٠ |
| کەرکوك | ١٠٩٠٠٠ | ١٥٦٠٠٠ |
| مووسڵ | ٢٧٢٠٠٠ | ١٧٨٠٠٠ |
| هەموو عێراق | ٤٧٩٠٠٠ | ١١١١٠٠٠ |

ئەم بارودۆخەی جووتیارانی کورد لە لادێ کاندا لە نێو شـیعری کـوردی لـە جـوانترین شێوەدا ڕەنگی داوەتەوە[74] . یان چـەندین چـیرۆك نـووس زەبـرو زەنگـی ئاغاکانیـان لـە

73 : دکتۆر شاکر خەسباك ، کوردو مەسەلەی کورد ، وەرگێڕی لە عەرەبیەوە ئەمین موتابچی ، ل ٤٩.

74 : (گۆران)ی نەمر دەرهەق بەزەبری ئاغا بۆ جووتیاران لە وێنەیەکی شیعری بەرزدا دەڵێ :

لـــــە ژێر تارای سوور مەچنا هەرە جوانی دێ
(کچی جووتیار) بەرەو کۆشکی ئاغا کەوتە ڕێ
کـــــــۆشکی ئاغا گەچ کاریە . ئاوێنە بەندە
کـــــــەس نازانێ بە ژمارە پەنجەرەی چەندە
کـــــــەس نازانێ بە ژمارە پەنجەرەی چەندە

زەوی داگیرکردن و دەست درێژی کردن بۆسەر کچ و ژنی جووتیاران کردۆتە ناوەرۆکی چیرۆکەکانیان[٧٥]. لەم بارودۆخەدا هەمیشە جووتیاران لە خەباتدا بوون و چەندین رووبەروو بوونەوەی جیاجیا لەسەرانسەری عێراقدا لە نێوان ئاغاو جووتیارندا روویداوە[٧٦]. تەنانەت دوای دووساڵ لە سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەممووزیش حاڵی جووتیاری کورد لە کوردستاندا بەتەواوی چارەسەر نەکرابوو ، هەر دەرەبەگ خاوەنی زەوی و زار بوو[٧٧]. بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێ کە دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزدا هەندێ بڕیارو گۆڕانکاری ڕوویدا ، بەڵام لە هەموو ناوچەکاندا وەکو یەك جێ بەجێ نەدەکران ،

---

بڕوانە : سەرجەمی بەرهەمی گۆران ، دیوانی گۆران ، بەرگی یەکەم ، محمدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوە ئامادەی کردووە پێشەکی و پەراوێزی بۆ نوسیوە ، ل ١٩٩.

[75] : بۆ نموونەی ئەو چیرۆکانە بڕوانە:

کامەران موکری ، سزا ، ڕۆژنامەی ژین ، ژ ١١٠٣ ، س٢٧ ((١٢،١٩)) ی حوزەیرانی ١٩٥٢ .

جەمال نەبەز ، لالۆ کەریم ، چاپخانەی کوردستان ، هەولێر ، ١٩٥٦.

کاوس قەفتان ، خاڵە حەمە ، گ ڕۆژی نوێ ، ژ ٧ ، س١ ، سلێمانی ، تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ ،ل١٠١ .

مەحموود احمد ، جوان ، چاپخانەی ژین ، سلێمانی ، ١٩٦٠ .

حەسەنی قەزلەجی ، پێکەنینی گەدا ، ژ٢ چاپخانەی علا ، بەغدا ، ١٩٥٨ ل٨٠ — ٩٤ .

[76]: یاخی بوونی جوتیارانی عەشیرەتی الزیرخ لەساڵی ١٩٦٤ و سوێند خواردن و یاخی بوونی جووتیارنی دزەیاتی لە دەشتی هەولێر لە ١٩٥٣ و جووتیرانی وارماو (هەڵەبجەو سلێمانی) و جووتیارنی هۆرین شێخان لە لیوای دیالە لە هەمان ساڵدا نموونەی ئەو رووبەروبونە وانەیە. بڕوانە : لیث عبدالحسن الزبیدی ، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق ، ص ٢٦ .

[77] : بە پێی ئەو یاداشتەی ، کە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ( ٢٠)ی تەممووزی ساڵی ١٩٦١ بۆ عبدالکریم قاسم بەرزی کردۆتەوە و لە (١٣) خاڵ پێکهاتووە و لە هەموویان دا تەئکید لەسەر ئەوە دەکرێتەوە ، کە ناوچە کوردەواریەکان لە خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە بێ بەشن ، یەکێ لەو خاڵانە دەربارەی چاك کردنی زەوی و کشتوکاڵ و چاندنی توتنە. بۆ خاڵەکانی ئەو یاداشتە بڕوانە : جلال الطالبانی ، کردستان والحرکة القومیة الکردیة ، ص٢٨٨ — ٢٩٦

د.جورج حجار ، المسألة الکردیة نحو اخوة عربیة کردیة ، ص ٢٤ — ٢٥ .

ادمون غریب ، الحرکة الکردیة ، ص٣٨.

له ناوچه کوردییه‌کاندا کۆسپ ده‌که‌وته به‌رده‌م لیژنه‌کان ، چاك کردنی کشتوکاڵ له مادده‌ی (١٤)ی ده‌ستووری کاتی داهاتووه به‌وه‌ی ، که (موڵکایه‌تی زه‌وی و زار ده‌بێ به پێی یاسا رێك بخرێت و پاشان یاسای ژماره (٣٠)ی ئه‌یلولی ١٩٥٨ دا ده‌رچوو ، که به پێی ئه‌و یاسایه نابێ که‌س له ٢٠٠٠ دۆنم هه‌بێ له زه‌وی دێمه‌کاری[٧٨] . ئه‌مه‌ش لێدانێکی به‌هێز بوو بۆ ده‌سه‌ڵاتی ده‌ره‌به‌گه‌کان. ئه‌گه‌ر حاڵی جووتیاران وه‌ها بووبێ ، حاڵی کرێکارانیش له کۆمپانیاکانی نه‌وت و هێڵی ئاسنینی شه‌مه‌نده‌فه‌رو به‌نده‌ره‌کان و پۆسته‌و گواستنه‌وه و ده‌زگاکانی تری حکومه‌ت و کارگه‌ی بۆرژواکان کاریان ده‌کرد له حاڵی جووتیارن باشتر نه‌بوو ، زۆربه‌شیان هه‌ر ئه‌و جووتیارنه‌بوون ، که له گونده‌کانه‌وه له زه‌بری ئاغا ڕزگاریان ببوو و بۆ بژێوی و نان په‌یدا کردن ڕوویان له شاره‌کان کردبوو و له لایه‌ن خاوه‌ن کارگه‌و ده‌زگاکانه‌وه به‌رهه‌م و ره‌نجی شانیان به نرخێکی سووك و هه‌رزان حسێب ده‌کراو له به‌رژه‌وه‌ندی چه‌ند که‌سێك دابوو . به‌هۆی نه‌بوونی بیمه‌ی کۆمه‌لأیه‌تی و خزمه‌تگوزاری ته‌ندروستی و خانوبه‌ره‌ی کرێکاران له گوزه‌رانێکی تاڵدا ده‌ژیان . بۆیه له دوای جه‌نگی دووه‌می جیهانییه‌وه ، له‌گه‌ڵ بزووتنه‌وه‌ی رزگاریخوازی و له‌گه‌ڵ هه‌موو جووڵانه‌وه شۆڕگێڕی و خۆپیشاندانه‌کانی دژ به ڕژێمی پاشایه‌تیدا به‌شداریان ده‌کرد . زۆر جاریش یاخی بوون و ڕاپه‌ڕینی کرێکاران له سنووری نه‌ته‌وه‌یی ده‌رده‌چوو . ڕاپه‌ڕینی کرێکارانی گاورباغی نموونه‌یه‌کی زیندووه له ده‌ربڕینی ڕقی کرێکاری کوردو عه‌ره‌ب و ئاسووری و تورکمان به‌یه‌که‌وه له به‌رامبه‌ر هه‌ژاری و نه‌داری و مۆنۆپۆله‌کانی نه‌وت[٧٩] .ئه‌م بارودۆخه‌ی کرێکارانیش له ئه‌ده‌بی کوردیدا بۆته تابلۆیه‌کی نه‌مر[٨٠] .

---

78 : ليث عبدالحسن الزبيدى ، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق ، ص ٣٠٣.

79 : بۆ زانیاری ده‌رباره‌ی ڕاپه‌ڕینی گاورباخی ، بڕوانه : الدكتور كمال مظهر احمد ، صفات من تاريخ العراق العاصر،ص١٣٤.هه‌روه‌ها:خالد محسن محمود الراوى ، تاريخ الحركة العمالية في القطر العراقي١٩٦٨—١٩٧٥، ص٥٤.

80 : شه‌هید مارف به‌رزنجی له هۆنراوه‌یکدا وێنه‌ی ژیانی ساڵانی (١٩٥٤ — ١٩٥٥)مان بۆ ده‌کێشێت :

له دوای شۆڕشـی ١٤ی تـەمووزو سـالآنی حـوکمی (قاسـم)یـشدا کرێکـار لەگـەڵ هەنـدێ گۆڕانکـاری لـە پایتـەخت و لـە شـارەکانی تـردا وەکـو دابەشـکردنی زەوی و خـانوو بـۆ کرێکاران و سووك کردنی باری ژیانییـان لـە ڕێگـەی کردنـەوەی نەخۆشـخانە و پـڕۆژەی ئـابووری و دانـانی هەنـدێ کارگـە ، بـەلآم (لـە کوردسـتاندا ، بـێ کـاری بـە ڕێژەیـەکی بەرفراوان بلآوبۆوە[81].

## چینی دەرەبەگ و بۆرژوا

چینی دووەم لە پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵی عێراقدا دەرەبەگ و بۆرژوا کان بوون ، بۆرژوای بچوك و گەورە ، کە کەمینەیان پێك دەهێنا . ئەم چینە لە پێناو بەرژەوەندبیە تایبەتیەکانی خۆیان هەمیشە لە دژی بەرەی میللەتدا بوون پشتگیریان لە کاربەدەستان و حکومـەتی پاشـایەتی دەکـرد ، تەنانـەت ئەگـەر سـەرنج بدەینـە بـاری سیاسـی ئـەو ڕۆژگارە زۆربەی ئاغاو بەگە نەخوێندەوارو سەرۆك هۆزەکان لە ئەنجومەنەکاندا دەبوونـە نوێنەرو دەرەبەگ، کە خاوەن زەوی و زار بوون ، لە کاتێکدا جووتیـار خـاوەنی بـستێ زەوی خـۆی نـەبوو ، دەوڵـەتیش لـە پـشت ئـەوەوە بـوو ، کـە زەوی و زار بـە دەسـت

---

ئەپرسن لێم ئەحواڵی ژین

چ ژانێکە بۆ ئێمە ژین

هەژاری و بێداری و ڕزین

بەندو مەست و بێ فرمان

بێ نان و بەرگ بێ دەرمان

قەرزار،داماو،سەرگەردان

پاشا خۆش بێو شەریکەی نەوت

عالەم نابێ یا ئەبێ فەوت

قۆنتەراتی زۆرمان دەس کەوت

بڕوانە:سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید (پشکۆ) کۆکردنەوەو ڕێکخستنی سامان مارف بەرزنجی و عومەر مەعروف بەرزنجی ، ل٧٥ — ٧٧ .

[81] : جلال الطالباني ، كردستان والحركة القومية الكردية ، ص ٢٨٨ — ٢٩٦ .

ئاغاکانەوە بێت ، بەشی دووەمیان کە بۆرژواکانی دەگرتەوە ڕێگەی بازرگانی و کڕینی زەوی و زار و گران کردنی داهات سەرچاوەی ژیانی خەڵك قازانجێکی زۆریان لە خەڵك و دەزگاکانی دەوڵەت دەست دەکەوت . فەرمانبەرو ئەفسەرانی سوپایش ، خۆیان لە خانەی وردە بۆرژوادا دەدۆزییەوە ، لە ژێر باری قورسی ژیاندا دەیاننالآند فەسادێکی ئیداری و پابەند نەبوو بەیاساو فرمانەکانی دەوڵەت و بلاوبوونەوەی بەرتیل بە ئاشکرا بلاوببووەوە،ئەم گوزەرانە تاڵە بە بار وای لێکردبوون خۆیان لە ویست و ئارەزوو و خەباتی چینی زەحمەتکێشانی میللەت جیا نەکەنەوە و بەشداری هەموو بزووتنەوەیەك بکەن ، سەبارەت بە بارودۆخی کۆمەلآیەتی و قات و قڕی و گرانی زۆری باج ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان لە کوردستانی عێراقدا ئاوێنەیەکی روونی ئەو ڕۆژگارەن .

ڕۆژنامەی **هەولێر** نووسیویەتی:( وەزارەتی نوێ باجی هەندێ شتی لەسەر سەوزەوات و بەری دارهەڵگرت ، بەمە هەنگاوێکی گەورەی نا بۆ ئاشتکردنەوەی دڵی دانیشتوانی خاکی عێراق . خۆزگە وەزارەتی بەڕێز بەتەواوی باجی ( استهلاك)ی لەسەر خەڵکی هەڵگرتایە. تا ئەمەندە دەست پیسی لە سامانی حکومەتی نەکرایە ، وە ئەوەندەش دڵی لادێی و خەڵکی بازێڕ لە لایەن فەرمانبەرانی استهلاکەوە نەشکێنرایە )[82] پاشان بەردەوام دەبێ : ( نەوێرین بڵێین باجەکانی حکومەت ، هویەکن لە هۆیە بە هێزەکانی پاش کەوتنمان [83].. ڕۆژنامەی (ژین) چەندین وتاری جۆراوجۆری لەم ڕووەوە بلاوکردۆتەوە ، کە تیایدا باری دواکەوتوویی خەڵکی کوردستان پێشان دەدات و پشت گوێ خستنی کوردستان لە لایەن حکومەتەوە. لە وتارێکدا دەقی وتاری ( رئیسی بلدیەی سلێمانی فائق هۆشیار کە ڕۆژی١٩٥٥/٩/٤ . لە کۆبوونەوەی باخی گشتیا بە عەرەبی بۆ خاوەن شکۆ مەلیکی مەزنی خوێندەوە )[84]. بلاوکراوەتەوە ،کە تیایدا

---

[82]: ن.ل، بیری سەربەست ، ڕۆژنامەی هەولێر ، ژ١٠٤، س٣، سێ شەممە ٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٥٣ ، ل٢.

[83]: سەرچاوەی پێشوو،ل٢.

[84]: روژنامەی ژین ، ژ١٢٧٣ ، س٣٠، پێنج شەممە ١٩٥٥/١١/١٧،ل٣.

سەرۆکی شارەوانی باری ناهەمواری خەڵکەکە دەردەبڕێ و داوای کردنەوەی کارگە دەکات لە سلێمانی و داوای پێشکەوتنی شارەوانی و مشورخواردن لە حاڵەتی دواکەوتوویی کۆمەڵ دەکات . لێرەوە دەتوانین پەی بە نەبوونی پلانی ئابووری بەرنامە بۆ دارێژراوە بکەین ، لەهەمان کاتدا دەوڵەت لە هەوڵی ئەوەدابوو کە کشتوکاڵ بکاتە بنچینەی گەشەکردنی ئابووری ، کەچی دەیویست پەیوەندی بەرهەم هێنان نەگۆڕێ و دەرەبەگەکان سەروەر بن ، چونکە بەچاککردنی باری گوزەرانی جووتیاران بەرژەوەندی لەگەڵ چینی دەرەبەگ و بۆرژوا بخاتە بەردەم هەموو پرۆژەیەکی پیشەسازی قورس و چینی کرێکارانیش بە لاوازی بمێننەوە و هۆشمەندی چینایەتیان کزبێت.

## باری رۆشنبیری

ئەگەر بمانەوێ لە باری رۆشنبیری ئەو رۆژگارە تێ بگەین ، بە پێویستی دەزانین لە دوو بنیاتی سەرەکی رۆشنبیریەوە روونی بکەینەوە ، ئەوانیش :

١- قوتابخانەکان.

٢- رۆژنامەو گۆڤارەکان .

تێڕوانینێکی خێرا ئەوەمان بۆ دەردەخات ، کە مێژووی کردنەوەی قوتابخانە لە شارەکانی کوردستانی خوارووا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئەم سەدەیە ، پێشتر لە سەدەکانی رابردوودا مەڵبەندی خوێندن حوجرەو مزگەوتەکان بوو ، ژمارەیەك مەلاو زانای کورد دەرسیان تێدا دەوتەو ، ئەو زانست و زانیاریە ئاینیانەشی کە لەوێ دەخوێندرا ، هەتاوەکو ئەدەبیاتیش بە زمانی عەربی و فارسی بوون ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کزی هەستی نەتەوەیی ، تەنانەت لە سەردەمی میرنیشینە

کوردیەکانیش ئەوەندە بە تەنگ خوێندن و زمـانی کوردییـەوە نـەبوون . نامەنووسـین و کاروباری خەڵك بە زمانی فارسی بووە[٨٥] .

زمانی کوردی زمانی شیعر بـووە ، ئـەویش بـە چـاوێکی سـووك سـەیر کـراوە ، بۆیـە (نالی) هاواری لیٚ هەڵساوە:

**کـەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردی‌یە خۆکردییە**

**هەرکەسیٚ نادان نەبیٚ خۆی تالیبی مەعنا دەکا[٨٦]**

قوتابخانە خاڵی وەچەرخانێکی گەورەیە لە ژیانی خوێندەواری و رووناکبیری هـەممو میللەتێکدا ،( لە ساڵ ١٩٠٥ ی زایینیدا پیاوماقوڵانی کورد وە کۆمـەڵی خـەڵکی سـلێمانی جارێکی تر بـە هـەوڵ و کۆشـشی خۆیـان توانیـان قوتابخانەیـەکی ئەعـدادی مـوڵکی لـە سلێمانی دامەزرێنن ، شایەنی باسە ، ئەم قوتابخانەیـە لـە ڕوشـدی عەسـکەری بـاڵاترو گرنگتر بوو.

لـە سـاڵی ١٩١٢ یـشدا سـاختمانی قوتابخانـە لـە کۆیـە تـەواو بـووەو دەرزی تێـدا دەخوێندرا )[٨٧] پاشان لەسەردەمی شێخ محموودی نەمردا ژمارەی خوێندنگاکان زیـادی کردو ( لـە دوو خوێنـدنگای شـڕو پـڕی سـەردەمی ئینگلیزەکانـەوە ، خوێنـدنگاکان لـە سەردەمی شێخ محمـود دا بـوون بـە چـوار خوێنـدنگای رێك و پێك پۆشـتەو پـەرداخو شـۆخو شـەنگ)[٨٨]، هەرلەسـەردەمی شـێخی نـەمردا: ( بـۆ یەکـەمجار لـە سـلێمانی قوتابخانەی (زەهرا)یش بۆ کچان لە ١٩٢٦دا کرایەوە[٨٩] .

---

85 : نامەکانی (مەولەوی) شاعیر ، کە بۆ شێخەکانی ناردووە ، هەمووی بە زمانی فارسی بووە ، بڕوانە محەمەد عەلی قەرەداغی ، شارۆیەك لە باخچەی ئەدەبی مەولەوی ، گ کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی شەشەم ، ل٢٥٣.

86 : دوکتۆر مارف خەزنەدار ، دیوانی نالی و فەهەنگی نالی ، ل٥٣.

87 : هیمداد حوسێن، بزووتنەوەی ڕوناکبیری کورد لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم و خوێندن و نوسینی کوردی ، رۆژنامەی کوردستانی نویٚ ، ژ٤١٤ ، س١، چوارشەممە ١٩٩٣/٦/١٦.

88 : شاکر فەتاح ، ئاوێنەی ژینم ، گ ڕۆشنبیری نویٚ ، ژ٣ ١٠ — ١٠٤ ، ل١٥٨ .

89 : د. کمال مەزهەر ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ، بەشی یەکەم ، ل٢٦٢.

هەر لە سەرەتای دروست بوونی حکومەتی عێراقەوە ، بارودۆخی ناوچە کوردییەکان لە ولایەتی موسڵ حیسابی تایبەتی بۆ دەکرا ، تەنانەت بە بڕیاری (**عصبة الامم**) لە ساڵی ١٩٢٥ دا زمانی کوردی لە ناوچە کوردەوارییەکارییەکاندا بووە زمانی خوێندن و ئیداراتی حکومەت و (هەوڵی ئەوەش درا لە ناوچە کوردیەکاندا فەرمانبەرەکان کورد بن)[٩٠] . ئەم بڕیارە حکومەتی عێراقی ناچار کرد بە پێی بڕیاری ژمارە (٧٤)ی ساڵی ١٩٣١ پەیڕەوی بکات و هەنگاو بۆ ئەم مەبەستە بنێت . روناکبیرێکی ئەو سەردەمە (**ساطع الحصري**) ، کە مدیری مەعارفی ئەو کاتە بوو دەڵێ : ( کە حکومەتی عێراقی بڕیاری دا زمانی کوردی ببێتە زمانی رەسمی لە شارو گوندە کوردیەکاندا ، لەسەر وەزارەتی مەعاریف بوو ئەو شتانە جێبەجێ بکات ، کە بۆ ئەم مەبەستە دەببوایە بکرایە ، ئەلبەتە باشترین رێگەش بۆ ئەوە ، ئەوەبوو کتێبە مەنهەجیەکانی خوێندنی قوتابخانە سەرەتاییەکان تەرجەمەکەی کوردی بکرێت .. بۆیە وەزارەت لیژنەیەکی پێك هێنا بۆ ئەوەی سەرپەرشتی کاری وەرگێڕان بکەن ، لە چوار روناکبیرەکانی کورد پێك هاتبوون ، کەلە بەغدایێ فەرمانبەر بوون ، ئەوانیش: تۆفیق وەهبی و عەبدولرەحمان ساڵح و شوکری فەزڵی و نوری بەرزنجی بوون)[٩١]

ساڵانی دواتر ، کە وردە وردە قوتابخانەکان لە لادێکان کرانەوە ، ئەمجارە مامۆستاکان تووشی ململانێ یەکی توند بوون لەگەڵ پیاوانی ئایینی و ئاغاکان و رێگەی ئەوەیان نەدەدا خەڵکەکە منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە ، بێ گومان خوێندن و خوێندەواری و هۆشمەندی و وریابوونەوەی چینی زەحمەتکێش لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبوو..

ساڵانی ڕژێمی پاشایەتی ، حکومەت بە عەقلیەتێکی پۆلیسییەوە مامەڵەی لەگەڵ باری رۆشەنبیریدا دەکرد ، خۆیان سەر پشك بوون لە وەرگرتنی قوتابیان لە قوتابخانەو

---

90 : د.حامد محمود عيسى على ، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى ١٩٩١، ص١٠٣ .

هەروەها : محمود الدرة ، القضية الكردية ، ص٢٣٥.

91 : منذر الموصلي ، عرب واكراد رؤية عربية للقضية الكردية ، ص٣١٨ .

کۆلیجەکانـدا . هـەروەها لـە بەڕێوەبەرایـەتی ڕێنمـایی و بانگەشـەی گـشتی سانـسۆری بـەهێزیان خـستبووە سـەر ئـەو کتێبانـەی لـە میـسرو سـووریا و لوبنانـەوە دەهـاتن و چاوەدێریان خستبووە سەر ڕۆژنامـەو گۆڤـارە عەرەبییـەکان و هـاوولاَتی عێراقییـان لـە هەموو ئەو ڕێبازە ئەدەبی و فیکریانە بێ بەش کردبوو ، کە لە ولاَتانی عـەرەبی روویـان دەدا . دەرگـای سـینەماکان بـۆ فلیمـی ناچـیزو تاوانکـاری و هانـدانی روحـی جـەنگ و پەرەپێدانی رەگەزپەرستی کرابووەوە و هەموو فلیمێکی چـاک ، کـە باسـی دڵـسۆزی و برایـەتی گـەلان بکـات قەدەغـە کرابـوو . نەخوێنـدەواری بـە ڕێژەیـەکی زۆر بلاَوببـۆوە تەنانـەت لـە زۆر لادێ دا تـەنها مـەلا خوێنـدەوار بـوو و ئـەو بابەتانەیـشی ، کـە لـە قوتابخانەکاندا دەخوێندرا ، مێژووی پاشاو خەلیفەو ئیستعمار بـوو و ئـەم دوو خـشتەیە ڕێژەی خوێنـدەواری و ژمـارەی قوتابخانـەکان لـە سـالّی ١٩٥٤ لـە لیـوای کوردییەکانـدا پێشان دەدات[٩٢] :

| لیوا | قوتابخانە سەرەتاییەکان | | | | قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کوڕان | کچان | ساوا | هەمووی | کوڕان | کچان | هەمووی |
| سلێمانی | ٥٧ | ٩ | ١ | ٦٧ | ٣ | ١ | ٤ |
| هەولێر | ٥٩ | ٨ | ١ | ٦٨ | ٣ | ١ | ٤ |
| کەرکوك | ٧١ | ١٣ | ١١ | ٩٥ | ٦ | ٢ | ٨ |
| موسڵ | ١٥٤ | ٢٩ | ١٦ | ١٩٩ | ٩ | ٤ | ١٣ |
| لە عێراقدا | ١٠٩٤ | ٢٥٦ | ١٠١ | ١٤٥١ | ٩٢ | ٤٢ | ١٣٤ |

92 : د. شاكر خصباك ، الكرد وامسألة الكردية ، ص٦٤.

| ليوا | ژمارەی خوێندەوار | | ژمارەی دانیشتوان | |
|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٩٠٨٥ | ١٢١٩ | ١٠٣٠٤ | ٢٢٦٤٠٠ |
| هەولێر | ٤٨٠١ | ١٠٠٩ | ٩٤١٠ | ٢٣٩٧٧٦ |
| کەرکوك | ٢١٧١٤ | ٢٣٩٢ | ٢٠٥٣٤ | ٢٨٦٠٠٥ |
| موسڵ | ٣٦٠٢٤ | ١٢٨٠٢ | ٤٨٨٢٦ | ٥٩٥١٩٠ |
| له عێراقدا | ٣٣٣٤٦٤ | ٤٨١١٢ | ٤٠٧٥٧٦ | ٤٨١٦١٨٥ |

لەگەڵ کەمی ژمارەی قوتابخانە لە گوندەکاندا ، چۆنیەتی دابەشبوونی قوتابخانەکانیش بە ڕێژەیەکی یەکسان نەبوو و زۆربەیان کەوتبوونە ناحیەو قەزاکانەوە ، یان لە گوندێکی لاچەپ دابوو و منداڵی گوندەکانی دیکە زۆر بەزەحمەت دەیان توانی هاتوچۆ بکەن . ئەمە بەتایبەتی لە گوندەکانی کوردستاندا هەستی پێدەکرا ، بەهۆی باری جوگرافی کوردستان ، کە شاخاوی هەڵکەوتووە و لە زستاندا بەفری زۆر کێشەکەی قورستر دەکرد . **د. شاکر خەسباك** دەڵێ : (گیروگرفتێکی تر هەیە ، کەتایبەتیە بە ناوچە کوردییەکەوە ئەویش گیروگرفتی زمانی خوێندنە . زمانی کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا ئەخوێنرێ ، بەلاَم زمانی عەرەبی لە قوتابخانە ئامادەییەکاندا بەکارئەهێنرێ بۆ وانە وتنەوە . بێگومان ئەم گۆڕینە لە کوردییەوە بۆ عەرەبی زۆر گرانە بۆ کوردەکان . وە کوردەکان لە مافی خۆیان ، کە بەزمانی نەتەوایەتی خۆیان بخوێنن[٩٣] .

[93] : د. شاکر خصباك ، الكرد والمسألة الكردية ، ص ٦٣– ٦٥ ، شایانی باسە ساڵانی ١٩٦١ – ١٩٦٢ ، ژمارەی قوتابخانەکان گەیشتە (٢٣٦) قوتابخانە لە هەولێر ، و (٢٢٩) قوتابخانە لە سلێمانی و(٢٣٢) قوتابخانە لە کەرکوك و (٤٧١) قوتابخانە لە موسڵ : بڕوانە : محمود الدرة ، القضية الكردية ، ص٢٣٨.

بنیاتی دووەمی رۆشنبیری رۆژنامەو گۆڤارەکانە . هەر لە یەکەمین رۆژنامەی کوردییەوە (کوردستان ١٨٩٨ — ١٩٠٢) ، پاشان رۆژنامەو گۆڤارەکانی دی ، بە تایبەتی لە کوردستانی عێراقدا لە بیستەکانەوە هەمیشە پێشەنگ بوون لە خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان بە هاندانیان بۆ خوێندەواری و وریابوونەوەیان لە دەردە کۆمەڵایەتییەکان و هەژاری و نەخۆشی و ئاگاداری هەواڵی سیاسەت و ئەدەب . ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە رۆڵێکی بەرچاویان بینییەوە لە رەخنە گرتن لە دامودەزگا حکومییەکان ، لەپاڵ ئەوەشدا وشەی کوردیی رەسەن و زمان و کلتووری ئەو میللەتەیان پاراستووە . بۆیە ئەمرۆ رۆژنامەو بۆ میللەتی کورد و لێکۆڵینەوە لە مێژووی هاوچەرخی کوردیی تۆمارێکی زیندوون . بۆ نموونە لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی بێ لێکۆڵینەوەی رۆژنامەو گۆڤارەکان کارێکی نەشیاوە ، (بۆیە ناکرێ بە وردی و کارامەیی لە جووڵانەوەی ئەدەبی هاوچەرخ و نوێمان بگەین ، ئەگەر بە وردی لە رەوتی جووڵانەوەی رۆژنامەوانیمان نەگەین . . )[٩٤]. گۆڤارەکانی بەرایی وەکو **(زاری کرمانجی)** و **(هاوار)** و **(روناکی)** و **(روناهی)** و **(هیوا)** و **(شەفەق)** و رۆژنامەکانی وەکو**(تێگەیشتنی راستی)** و **(ئومێدی ئیستقلال)**و **(ژین)** بوونە هۆی پێشخستنی پەخشانی کوردی و دەرکەوتنی چەندین ژانری ئەدەبیی تازە . ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی لەلایەن ئینگلیزەکانیشەوە بۆ مەبەستی سیاسیی خۆیان و پرۆپاگەندەو بانگەشەی سیاسیەوە دەردەچوون ، لە خزمەت کردنی رۆشنبیریی کوردیدا بوون و دەوری وشیار کردنەوەو پاك کردنەوەی زمانی کوردییان دەبینی لە گۆڤاری **(دەنگی گێتی تازە)**دا چیرۆکنووسانی وەکو (دڵسۆز،حسێن حوزنی موکریانی ، ئیحسان مستەفا، . .) دەرکەوتن و هونەری وەرگێڕان بۆ کوردی زیاتر گەشەی کرد ، لە رێگەی (گەلاوێژ) و (هیوا) و (شەفەق)ەوە ژمارەیەکی زۆر پەندی پێشینان و گاڵتەو گەپ و مەتەڵی

---

[94] : محمود زامدار ، دەوری رۆژنامەگەری کوردی لە ژیانی رۆشەنبیری و کۆمەلایەتی گەلی کوردا ، گ رۆشنبیری نوێ ، ژ١١٣ ، ل١٣٢.

فۆلکلۆری کوردی بڵاوکرایەوە شیعری شاعیرانی کۆن و نوێ و رەخنەی ئەدەبی و نامەی ئـەدەبی و ژیاننامـەی کەڵەنووسـەران بڵاوکرایـەوە . ئەمـە لـە پـاڵ ئـەو باسـانەی ، کـە پەیوەنـــدییان بـــە گۆڕانکارییـــەکانی کۆمـــەڵ و نەتـــەوەو دیموکراســـیی و بـــیری پێشکەوتنخوازیی سۆسیلیستییەوە هەیە ..

رۆژنامەوانیی کوردی بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە[٩٥] لە هـەموو قۆناغەکانـدا دەربـڕی خواستی گەل بووەو سەرچاوەی رووناکبیریی بووە ، هەر بۆیەش گەورەپیاوان ئەوەندە گرنگیـان بـە رۆژنامـە داوەو لـە دەمـی رۆژنامـەوانان ترسـاون[٩٦] ،ئەگـەر لـە وڵاتـانی پێشکەوتوودا،(دەسەڵاتی چوارەم)[٩٧] بێت ئەوا لە نێـو کوردیـشدا کـەم بایـەخ نـەبووە ، هـەتاوەکو ئـەمڕۆش جێگـەی مەترسـی دەسـەڵاتدارانەو ژمارەیـەك رۆژنامەوانیـشمان هەڵوێستی مەردانەیان نواندووە ، رۆژنامەوانی کوردی هـەر چـۆنێك بەسـەر قۆناغەکانـدا دابەش بکرێـت ، نکـوڵی لـەوە ناکرێـت ، کـە سـەرکەوتنی شۆڕشـی ١٤ی تـەمووز هێـزو گوڕێکی تـازەی بـە ڕۆژنامـەوانیی کـوردی بەخـشی رۆژنامـەو گۆڤارەکـان لـە سـاڵەکانی سەرەتای شۆڕشدا بە سەربەستیەکی زیاترو زەمینەیەکی ئازادتر لە کێـشەو گرفتـەکانی رۆشەنبیری کوردی بدوێن و لە هەمان کاتـدا نووسـەران و ئـەدیبانیش ئـەوەی لـە دڵیـان

---

[95] : بۆ دابەشکردنی قۆناغەکانی رۆژنامەوانیی کوردی بڕوانە : عبدالجبار محمد جەباری ، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی ، چاپخانەی ژین ، سلێمانی ، ١٩٧٠ . هەروەها . د.عزالدين مصطفى رسول ،حول الصحافة الكردية ، ص٥٨ . د. شوکریە ڕەسول ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ، ل١٩٧.

[96] : ناپلیۆن وتویەتی:( سێ ڕۆژنامە لەسەد سەرباز زیاتر دەمترسێنن) بڕوانە : د. کەمال مەزهەر ، تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ، ل١٨.

[97] : دەسەڵاتی چوارەم (السلطة الرابعة) یان دەسەڵاتی رای گشتی (سلطة رأی العام) یشیان پێ وتوە ، کە یەکسەر لە دوای دەسەڵاتی (تشریعی و تنفیذی و قضائي ) دێت .بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٢٨ ئەم زاراوەیە بۆ ڕۆژنامەو رۆژنامەوانی بەکارهێنرا ، بڕوانە: د. کمال مەزهەر ، تێگەیشتنی ڕاستی ، ل١٩ . هەروەها : عبدالجبار محمد جەباری ، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی ، ل٥.

پەنگی خواردبووەوە مەینەتییەکانی ڕۆژگاری پاشایەتی بە شێوەیەکی ئەدەبیی بەرز بخەنە شیعرو وتارو چیرۆك و ژانرەکانی تری ئەدەبی ، ئەمە بێجگە لەوەی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و هەموو بوارەکانی دی بە گشتی گۆڕانی بەسەردا هات ، با ئەو گۆڕانانە لەچاو باری ناهەمواریی کۆمەڵگای عێراق کەمیش بێت ، بەڵام لە رووی رۆژنامەوانییەوە ژمارەی گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکان زیادبوو، بەمەش بواری زیاتر بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی کوردیی رەخسا[٩٨] .

---

[98] : دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموز چەندین رۆژنامەو گۆڤار رێگەی بلاوکردنەویان درا ، لەوانە (رۆژنامەی گەل – ١٩٥٩ ) ،(رۆژنامەی ئازادی – ١٩٥٩)،(رۆژنامەی خەبات – ١٩٥٩)،(رۆژنامەی بڕوا – ١٩٦٠) (رۆژنامەی دەنگی کورد– ١٩٦٠) ،(گۆڤاری رزگاری – ١٩٥٩)، (گۆڤاری بلّێسە –١٩٥٩)،(گۆڤاری نەورۆز –١٩٥٩)،(گۆڤاری رۆژی نویێ – ١٩٦٠)،(گۆڤاری روناهی – ١٩٦١)،( و گەلێکی تر ، بڕوانە : جەمال خەزنەدار ، رابەری رۆژنامەگەری کوردی ، ل ٦٧ – ١٠٧ .

## بەشی دووەم

# گۆڤاری هیواو شیعری کوردی

ــ ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لە شیعری کوردی

ــ تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا

ــ گۆڤاری هیوا و شیعری کوردی

## ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لە شیعری کوردی

ئەگـەر چـاوێك بەمێـژووی ئـەدەبی کوردیـدا بخـشێنین بۆمـان دەردەکـەوێت، کـە ئەدەبی کوردییش سەرەتا بەشیعر دەستی پێ کردووە، یـان راسـتتر بڵـێین، ئـەو دەقـە ئەدەبیانـەی لەبـەر دەسـتدان، لەکۆنـەوە بەشـیعر دەسـت پـێ دەکـەن و مێـژووی پەخـشانی نووسـراو لەگـەڵ چـاپەمەنی و رۆژنامـەو گۆڤـارەوە دەسـت پـێ دەکـات بەشێوەیەکی سەرەکی.

ئەمەش گەلێ هۆکاری تایبەتی خۆی هەیـە، رەنگـە لەهـەموویان دیـارتر ئـەوەبێ، کـە ژیانی مرۆڤ لەسەدەکانی رابردودا ئەوەندە ئاڵۆز نەبووبێ و لەتوانای شیعردا بووە بابەتە سادەکانی ئەو قۆناغە دەربڕێت، ئەمە لەپاڵ ئەوەی شیعر بەچەند بەیتێکی سـەروادارو مۆسـیقی، کـە لـەبۆ زیـاتر ئەزبـەرکردن ئاسـانە، توانیویانـە بیپـارێزن، بەپێـچەوانەی پەخشان، کە پێویستی بە کاغەزو رووپەڕی رۆژنامەکانـەو لـەڕووی قـەبارەوە درێـژترەو بابەتەکانی فراوانترەو کەمتر لا لەسۆزو مۆسیقاو خـەیاڵ و ئەندێـشە دەکاتـەوەو لەسـەر بناغەیەکی ژیری و مـەنتیق و بـیرو هـزرەوە دەڕوات، ئەمـەش وەنـەبێ تـەنیا لەئـەدەبی کوردی دا ئەم دیاردەیە هەبێت، لەمێژووی ئـەدەبیاتی میللـەتانی دراوسـێش دا بەرچـاو دەکەوێت[٩٩].

کۆنترین دەقی شـیعری بـەجێماومان چـوارینەکانی (**بابـا تایـەری هەمـەدانی**)یـە، کـە لەسەدەی چوارەمی کۆچی دا ژیاوە.[١٠٠]

---

[99] – بڕوانە: حنا الفاخوري، تأريخ الادب العربي، الطبعـة الـسادسة، بـيروت، ١٩٤٢، ص٤٢، سـەرەتای پەخشانی فارسـیش لـەنیوەی یەکـەمی چـوارەمی کۆچـییەوە دەسـت پێدەکات، بڕوانـە: دکـتر خطیب رهبر، گزینه نثـر فارسـی، بخـش سـوم، چـاپ پـنجم، انتـشارات صـفی علیـشاه، تهـران، ١٣٥٥،ص٥٩٥.

[100] – وحید دستگردی، دیوان بابـا طـاهر عریـان، چـاپ دوم، مؤسـسة مطبوعـاتي امـير كـبير، تهـران، ١٣٣٣ ، مقدمە، دەربارەی ساڵی لەدایك بوون و مردنی باباتایەر.

زانیارییەکی زۆرمان دەربارەی ژیانی ئـەو شـاعیرەمان لەبـەر دەسـتدا نییـەو سـاڵی لەدایك بوون و مردنیشی تـەواو ئاشـکرانییە. ئەمـە سـەرباری ئـەوەی بـیروڕای وەهـایش هەیە، کە باباتەیەر بە شاعرێکی کورد نازانن و هەر لوڕەکان بەکورد لەقەڵەم نـادەن [١٠١]، شــیعرەکانی باباتایــەر بــەدیالێکتی لــوڕی یــە و ســەرجەم شــیعرەکانی لەبابــەت تەسەوفەوەیەو غەزەلیشی هەیە، فەلـسەفەی ئـەو تێـڕوانینی ئـەون بـۆ بـوون و ژیـان و وەکو خواناسێکی گەورە ناوبـانگی بـەزۆر لادا بلاّوبۆتـەوە، فارسـەکان دەسـکاری زۆری چوارینەکان یان دوو بەیتییـەکانی ئـەویان کـردووە، بـەلاّم مۆرکـە کوردیيەکـەی خـۆی پاراستووە.

بەرلەوەی باسی شیعر بکەین دەبێ ئاماژە بۆ خاڵێکی گرنگ بکەین، ئەویش ئەوەیە، بـەهۆی ئـەوەی کـورد قەوارەیـەکی سیاسـی سـەربەخۆی نـەبووە، کـە بتـوانێ زمـانی یەکگرتووی نووسین و ئـەدەبیاتی هـەبێ، بۆیـە ئـەدەبی نووسـراو (بەتایبـەتی شـیعر)ی کۆنمـان بـەپێی حـوکم و دەسـتەلاّتی میرنـشینەکان، کـە ئـەو سـەردەمە دیـالێکتی ئـەو ناوچەیە بالاّدەست بووە، زمانی شیعر، بەو دیالێکتە بووە ئەمەش وای کردووە، شیعری

---

[101]– رای جیاواز زۆرە بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە، محمدامین زەکی، بابا تاهیر، گ گەلاوێـژ، ژ٧، س١، حوزەیرانی ١٩٤٠،ل ٥–٩.

شێخ محەمەدی خاڵ، باباتاهیری هەمەدانی مەشهور بەعوریان، گ. کۆڕی زانیـاری کـورد، ب٥، ل ٣–٣١ عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٢، ل١٧٠.

د. محمد نوری عارف، باباتاهیری هەمەدانی، گ. رۆشنبیری نوێ، ژ١٠٨، ل١٠٩ – ١٢٩.

د. محمد نوری سەبارەت بە کۆنترین دەقی شیعری کوردی رایەکی دیکەی هەیەو دەڵـێ: (مـەلا پەرێشان کۆنترین بەرهەمی نووسراوی ئەدەبی کوردیيە، کە تا ئەمرۆ پێمان گەیشتبێ، بڕوانە/ تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئـەدەبێ کـوردی، گ، کـۆلیجی ئـەدەبیات: زانـستگەی بەغدا، ژ١٨، ل٧٢.

بۆ وێنە بڕوانە: د. کمال فوئاد، گ نووسەری کورد، ژ١٢.

کۆنمان بەدیالێکتی لوڕی و گۆرانی و کرمانجی سەروو و خواروو بێت، هەریەکەیان لەو دیالێکتانە سەردەمێك بوونەتە زمانی شیعر و شاعیران شیعریان پێ نووسیوە.

**عەلی حەریری و فەقێ تەیران و ئەحمەدی باتەیی**.. لەناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا دەرکەوتن و شیعرەکانیان نموونەی گیانی خواپەرستی و غەزەلن. سەبارەت بە ژیان و بەرهەمی ئەو شاعیرانەش زانیارییەکی تەواو لەبەردەست دانییە، (عەلی حەریری) ناسراو بووەو هاوچەرخی شاعیری گەورەی فارس (**فیردەوسی**) بووە، بۆیە لە شاهنامەکەیدا ناوی بردووە:

مردی دیدەام در جزیر          شیر دیدەام در حریر[١٠٢]

**فەقێ تەیران**، یەکێکە لەشاعیرەکانی ترمان، د. عیزەدین مستەفا رەسوول دەڵێ: (دەتوانین تەواو لەو رایەوە نزیك بینەوە فەقێی تەیران لەکۆتایی سەدەی شانزەهەم و سەرەتای حەڤدەهەمی میلاد دا ژیاوە)[١٠٣] ، شیعرەکانی بەنازناوی (میم و حێ) یان (میم و هێ) نووسیوە، شاعیر (لەچیرۆکی شێخی سەنعان دا بەشارەزایەکی رێبازەکانی فەلسەفەی ئیسلام خۆی دەنوێنێت، بەلاّم شێوەی زۆربەی ئەم هۆنراوانەی سادەیەو لەو ریزەیە کە بەهۆنراوەی میللی ناودەبرێت)[١٠٤]

ئینجا **مەلای جەزیری** وەکو شاعیرێکی بەتوانا (ریزی پێشەوەی لەئەدەبی کوردیدا بۆ خۆی گرتووە)[١٠٥] شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ محەمەد ناسراو بە (مەلای جەزیری لەکۆتایی سەدەی دەهەمی هیجریدا ژیاوە، واتە لەپاش ساڵی (٩٥٠ھ) عەرەبی[١٠٦] .

---

102– رێکێش ئامێدی، توری کوردیێ کەڤن و ئاڤرپیەك، گ. نووسەری کورد، ژ٤، خوولی سێهەم، ل١٧.

103– د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ، شیعری کوردی، ژیان و بەرهەمی شاعیرانی، بەشی یەکەم، ل١٨.

104– کۆمەڵێ نووسەر، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، چ٨، ل٨٣.

105– کاکەی فەللاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چ٢، بەغدا، ١٩٨٠، ل٢٥٧.

106– دکتۆر محمد نوری عارف، تێکستی ئەدەبی کوردی، بەشی دووەم، ل١٦٥ .

مەلای جەزیری لەژێر کاریگەری شیعری فارسی بە تایبەتی (حافزی شـیرازی)دا بـووەو شیعرەکانی نموونەیێکی بەرزی شیعری غەزەل و خواپەرستین.

(**ئەحمەدی خـانی**) وەکـو شـاعیرێکی نەتـەوەیی تـوانی گیـانێکی تـازە بـەناوەڕۆکی شیعری کوردی ببەخشێ و داستانی (مەم و زین) بەهۆنراوە بنووسێتەوەو تێکەڵ بەرازی دڵی خۆی بکات، کە بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی و هاندانی شاعیرانە بۆ ئـەوەی بـە زمانی شیرینی کوردی بنووسن، بۆیە دەڵێ:

**شەرحا غەمێ دل بکم فەسانە**

**زین و مـەمێ بـکـم بەهـــــانە**[107]

**خانی** وەکو خۆی نووسیویە لە (١٠٦١)ی کۆچی بەرامبەر بە (١٦٥٠)ی زایـینی لـەدایک بووە:

**لەورا کو دەما ژ غەیبێ فــەك بــوو**

**تەئریخ هەزارو شەســــت و یەك بوو**[108]

لەو شاعیرانەیشی ،کە بـە دیـالێکتی گـۆرانی شـیعرییان نووسـیوە، مـەلا پـەرێشان و خانای قوبادی و مەولەوی و بێسارانی و سەیدی هەورامی.. لەشاعیرە دیارەکانن.

**مــەلا پەرێــشان،** کـۆنترین شـاعیری کـوردە، کـە بەشـێوەی گـۆرانی شـیعری ئـایینی نووسیووەو ئەم شاعیرە ناوی محەمەدەو خەڵکی دینەوەرە لە ناوچەی کرمانشاە، وەکو خۆی نووسـیویە: لەسـاڵی ٨٠١ ی کۆچـی ١٣٩٨ – ١٣٩٩ی زایینیـدا ژیـاوە. نـاوەرۆکی هۆنراوەکانی ئایینییەو لەسەر مەزهەبی شیعە بووە.[109]

---

[107]– ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئامادەکردن و پەراوێز نووسینی هەژار، ل٣٠.

[108]– زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، چ٨، ل٨٠.

[109]– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. مارف خەزنەدار، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، ل١٠٨.

(**خانای قوبادی**)یش ئەو شاعیرەیە، کە بەسەرکەوتوویی (خوسرەو و شیرین)ەکەی شاعیری فارس (نظامي گەنجەویی)[110] وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، دەربارەی بایەخی ئەم کارە ئەدەبییە، **محمەدی مەلا کەریم** دەڵێ: (ئەگەر بەچاوی هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبییەوە ئەم بابەتانە بخوێنینەوە بۆمان دەرئەکەوێ خانا چۆن هونەرمەندی بووەو کارەکەی لەجیهانی ئەدەبدا چ شاکارێکەو مایەی چۆن شانازێکە بۆ ئەدەبی کورد)[111] هەروەها دەڵێ (هەر لەو بابەتانەی ئەتوانین وەك کەرەستەیەکی فۆلکلۆری کەڵکێکی باشیان لێ وەرگرین و خانا لەم کتێبەدا جێی کردونەتەوە)[112]

(**مەولەوی**) لەشاعیرە زۆر ناسراوەکانی دیالێکتی گۆرانە، مەولەوی (سەید عەبدولڕەحیم نازناوی (مەعدومی)یە، لەساڵی ١٢٢١ی کۆچی لەناوچەی تاوەگۆزی لەگوندی (**سەرشاتە**) لەدایك بووەو لە ١٣٠٠ کۆچیدا مردووە.[113] زۆربەی شیعرەکانی بۆ شێخەکانی نەقشبەندی نووسیوەو خۆی بەموریدی ئەوان زانیوە، بێجگە لەوەش هەندێ شیعری بەپێزی لەسەر سروشتی کوردستان نووسیوەو هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکان لەوەدا یەکدەگرنەوە، کەسیما دیارەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەئەدەبی کوردیدا لەمەولەویەوە دەست پێدەکات لە رووی روخسارەوە، کێشی شیعرەکانیشی لەسەر کێشی پەنجەیە، یان کێشی خۆماڵییە.

ئەمەش وەنەبێ هەر لەشیعری مەولەوی بەڵکو لە شاعیرانی دیالێکتی گۆرانیدا هەستی پێدەکرێ، کە ڕەنگە یەکێ لە هۆکارە گرنگەکانی ئەوەبێت، کە ناوچە جوگرافییەکەی وایکردووە لە کاریگەری عەرەب و ئاییني ئیسلام بەدووربوونەو زیاتر ئەو کێشانە لە

---

110– شاعیرێکی ناسراوی فارسییە، لەساڵانی ٥٣٤ – ٥٤٠ ك لەدایك بووەو لەساڵانی ٥٩٩ – ٦٠٢ مردووە، لەشاری (گەنجە) لەدایك بووەو دایکی ناوی (رئیسە) بووەو کورد بووە، بەرهەمەکانی: مخزن الاسرار، خسرو شيرين، ليلى و مجنون، هفت پيكر، اسكندرنامە، بروانە: كليات خمسە حكيم (نظامي گنجەای)، انتشارات امير كبير، تهران، تيرماه، ١٣٤٤، ص١.

111– محمدی مەلا کەریم ، شیرین و خوسرەوی خانای قوبادی، بەغدا، ١٩٧٥، ل ٢٣.

112– سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

113– مەلا عبدالكريمی مدرس ، دیوانی مەولەوی، ل(٨–١٠).

سروودەکانی ئاڤێستای زەردەشتدا وەرگرتبێت، هەروەها کێشی خۆماڵی (١٠) دە کەرتی کێشی هۆنراوەی فۆلکلۆرییە، مەولەوی بەکاریهێناوە.

د. مارف خەزنەدار دەڵێ: (**شیعری کوردی شێوەی گۆرانی شیعرێکی رەسەن و بەئەسڵ و بنیادە لە رووی رووخسارەوە، بەتایبەتی کێشی خۆماڵی (سیلابی) و قافیەی مەسنەوی یە. زۆربەی هەرە زۆری کێشی شیعری شێوی گۆرانی کێشی دە کەرتی یە)**[١١٤]

شیعری کلاسیکیی کوردیش بەشێوەی کرمانجی خواروو، لەسەردەمی میرنشینی بابان و لەسەر دەستی (نالی)و (سالم)و (کوردی) شیعرییان گەیاندە ئاستێکی بەرزی هونەری ووردەکاریو رەوانپێژی. لەکات و سەردەمێکدا ئەوان شیعری یان بەو شێوازە نووسی، کە نووسینی کوردی بە زمانی کوردی نەدەنووسراو زیاتر زمانی فارسی زاڵ بوو، شاعیرەکانیش هەوڵیان دەدا بەزمانی فارسی بنووسن بۆ ئەوەی ناوبانگ و شۆرەت پەیدابکەن و زمانی کوردی رەواجی نەبوو و خوێندەواری نەبوو، بۆیە (نالی) غەمی گەورەی ئەوەبووە خەڵکەکە لەشیعرەکانی تێ نەگەیشتوون و رێزی زمانی کوردی ناگرن، دەڵێ:

عومرێکە بەمیزانی ئەدەب توحفە فرۆشم

زۆرم گوت و کەس تێ نەگەیی ئێستە خەمۆشم [١١٥]

**نالی** (خدری کوری ئەحمەدی شاوەیسی میکایەلیە)، لەدێی (خاك و خۆڵ) لە ١٨٠٠ز لەدایك بووەو لە (١٨٧٣)ز لە ئەستەمبۆڵ کۆچی دوایی کردووە)[١١٦] نالی پێجگە لە زمانی کوردی، زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی باش زانیوەو شیعری پێ نووسیوەو خۆی دەڵێ:

فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بەدەفتەر گرتووە

---

114– د. مارف خەزنەدار، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، ل٩٢.

115– د. مارف خەزنەدار، دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، ل٧٧.

116– د. عبدالله حداد، (نالی) هەندێ زانیاری تازە، گ کاروان، ژ ٨٠، ل٣١.

( نالی) ئەمڕۆ حاکـمـی سـێ مــــوڵکە دیـوانی هەیە [117]

شیعر لای (**نالی**) سەلیقەو ووردەکاریو سەنعەت بـووە، شـیعرەکانی لەسـەر کێـشی عەرووزی عەرەبیە و هونـەرەکانی غـەزەل و قەسـیدەو موسـتەزاد لـەناو شـیعرەکانیدا بـەدی دەکـرێ. زمـانی شـیعرەکانی زمـانێکی تێکـەڵ لـەزاراوەی فارسـی و عەرەبییـە، هاوکات لەگـەڵ (**نـالی**)دا، سـالم (عەبـدولڕەحمان بـەگی سـاحێبقران) وەکـو شـاعیرێکی نیشتمانپەروەری بەتوانا لـەو سـەردەمەدا ژیـاوەو شـیعرەکانی ئاوێنەیـەکی بـێ گـەردی سـەردەمی میرنـشینی بابـان و رووخاندنیـەتی و هەسـتی نەتـەوەیی لەشـیعرەکانی دا ئاشکرایە، تێگەیشتنی شیعرەکانی سالم ئاسـان نـین، لەشـیعرەکانی دا سـەبکی هینـدی پێـڕەو کـردووەو زۆر شـوێن گـەڕاوەو لـەزمانی فارسـی و زاراوەی ئـەدەبی کلاسـیکی رۆژهەڵات دا شارەزابووە، سالم لەساڵی ١٨٠٠ز لەسلێمانی لەدایك بووەو هەر لـەوێش لـە ١٨٦٦ز مردووە[118].

**حاجی قـادری کـۆیی**، شـاعیرێکی نیـشتمانپەروەری کـوردە، لـە سـاڵی ١٨١٧ ز لـە گونـدی (**گۆڕقـەرەج**) لـەدایك بـووە[119]. سـەرەتا لـە کۆیـەو پاشـان لـە ئەسـتەمبوڵ لای خێزانـی بەدرخانییـەکان گیرسـاوەتەوەو شـیعرەکانی نەتەوەییـەکانی بەهـەموو لایـەکی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە.

لـە غـەزەل و وەسـفی سروشـتیدا دەسـتێکی بـاڵای هەیـە. لەشـیعرەکانی دا هـانی میللەتی کوردی داوە بۆ عیلم و خوێندەواری و بەتاقە رێگەی نەجات بوونی داناوە.

---

117– د. مارف خەزنەدار، دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، ل١١٥.

118– حەمە سەعید حەمە کەریم، دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، ل٢٢، لێرەدا حەسیب قەرەداغی (١٨٦٨)ز داناوە، هـەروەها رەفیـق حیلمـی دەڵـێ: ١٢٢٠ هـ لـەدایك بـووەو لـە ١٢٨٦ هـ مـردووە، بڕوانە: رەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم، ل٥٤.

119– سەردار میران و کەریم شارەزا دەڵێن: (١٨١٥ – ١٨١٦)ز بووەو لـە ١٨٩٧ز، مـردووە، بڕوانـە، سەردار حمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قـادری کۆیی، بەغدا ١٩٨٦، ل١٠– ١٧.

**شـێخ ڕەزای تاڵـەبانی** لەسـاڵی ١٨٣٥ز لـە گونـدی (**قـرخ**)ی سـەر بـە کـەرکووك لـە دایکبــووەو بەهــۆی شیـعــرە هەجووەکـانییەوە زۆر ناسراوەو شاعیری تری لەو بابەتـە و بەو توانایەمان نییەو کەلێنێکی گەورە لەم مەبەستەی شیعری پڕکردۆتـەوە. شـاعیری شیعرە فارسیو تورکییەکانیشی لەئاستێکی هونەری بـەرزدان و نیـشانەی دەسـتەڵاتی ئەون لەزانینی ئەو دوو زمانەدا. دووجـار سـەردانی ئەسـتەمبووڵی کـردووەو زۆر شـوێنی کوردستان گەڕاوە، دواجار لە ١٩١٠ ز کۆچی دوایی کردووە[١٢٠].

شاعیرانی وەکو حەمدی و بێخوود و کەمالی و ویصالی لەسـەرەتای ئـەم سـەدەیەدا تاوەکو ناوەڕاستی ئەم سەدەیەش لاسایی ئەو شاعیرانەی سەرەتایان دەکردەوە.

دەتوانین خاسیەتی شیعریی شاعیرانی کۆن لـەم خاڵانـەدا کۆبکەینـەوە: هـەموویان بێجگە لـەو شـاعیرانەی بـەدیالێکتی گـۆرانی شـیعریان نووسـیوە) هونـەرەکانی شـیعری عەرەبی و فارسییان بـەکارهێناوە، لەکیـشی عـەروزی عـەرەبی و هونـەرەکانی شـیعریی وەکو موستەزادو مولەممەع و پێنج خشتەکی و چوارین و تیَ هەڵکێش و تـەرجیع بەنـد. هەروا لەهەڵبژاردنی مەبەستەکانی شیعردا، وەسف و ستایش و پیاهەڵـدان و داشـۆرین و غــەزەل و نیــشتمانپەروەری و کۆمەڵایــەتی و ئــایینی پێــڕەوی شــیعری میللــەتانی ڕۆژهەڵاتیان کردووەو لەهەڵبژاردنی دەسـتەواژەو زاراوەی ئـەدەبی کلاسـیکی میللـەتانی ڕۆژهــەڵات درێغیــان نــەکردووە، وێــڕای پێــڕەوی شـێوازەکانی (خوراسـانی، عیراقــی، هیندی..)[١٢١]

---

[120]– دکتۆر محمد نوری عارف ، تێکستی ئەدەبی کوردی، ل١٢٥، سەبارەت بە ژیان و مردنـی شـێخ ڕەزا، عەلی تالەبانی دەڵێ: لە ١٢٥٣ ك لەدایك بووەو لە ١٣٢٧ ك مردووە، بڕوانە: علی تاڵـەبانی، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بەغدا، ل٣–٥.

[121]– ئەم شێوازانە تایبەتن بەشیعر (سبك)یـان پـێ دەوتـرێ، ئـەگینا لـە پەخشانیـشدا شـێوازی تـر هەیە، بڕوانە: محمد تقی بهار (ملك الشعرا)، سبك شناسی یا تأریخ تطور نثر فارسی، جلد ٢ چاپ سوم، تهران، اذرماه ١٣٤٩.

(باسێکی دیار لەشیعری کلاسیکی کوردیدا – کە رەنگە تا رادەیەك لەزۆر بەرهەمی تری رۆژهەلاتی جیابکاتەوە،ئەوە باسی ولات و نیشتمانپەروەرییە، کە زۆر زوو لەشیعری کوردیدا سەری هەلداوە.[١٢٢]

## تازەکردنەوە لەشیعری کوردیدا

دوابەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی ، سەرەتاو خالی وەرچەرخان بەرەو قۆناغێکی نوێ لەشیعری کوردیدا دەستی پێ کرد، ئەمەش لەرێگەی کاریگەری خوێندنەوەی ئەدەبیاتی تازەی تورکەوە، کە ئەوانیش لەو رۆژگارەدا بەهۆی کاریگەری رێبازە ئەدەبییەکانی رۆژئاوا لەهەولی نوێ بوونەوەو تازەکردنەوەدا بوون. بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیریی کوردستانیش کەوتبووە قۆناغێکی نوێوەو تەنانەت **د. عیزەددین مستەفا رەسوول** دەلێ: (**تازەکردنەوەی شیعری کوردی دەبەستین بەبزوتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی کوردەوە..**)[١٢٣] پاشان دەلێ : (**یەکەم گۆڕینی کێش و قافیەی شیعری کوردی، بەرەو شتێکی تازەی سەر بەجیهانی شیعری جیهانی لەسرووودی کوردی دا** بوو)[١٢٤] لێرەدا (د.عیزەدین خۆی لەدەوری شێخ نوری شێخ سالح دەدزێتەوەو دەچێتە سەر ( زێوەر)، کە ئەو سروودانەی لەسەر ئاوازی سروودو گۆرانی تورکی هۆنیوەتەوە، بەمەش سالی تازەکردنەوەی شیعری کوردی بۆ ناوەڕاستی بیستەکان دەگەڕێنێتەوەو لەپایەو رۆلی ئەزموونەکانی شێخ نووری کەم دەکاتەوە، کە وەکو رەفیق حیلمی دەلێ:(**تاماوەیێك زەعیمی ئەو ئینقلابە بووە..**)[١٢٥]

ئەگەر بەووردی بۆ سەرەتای ئەو تازەکردنەوەیە بچین، ئەوا (**پیرەمێرد**) و (**عبدالرحمن بەگی نفووس**) و( **شێخ نووری شێخ سالح**) و (**گۆران**)و (**رەشید نەجیب**) و

122– د. عیزەددین مستەفا رەسوولێ، شیعری تازەی کوردی، گ. رۆشنبیری نوێ، ژ ١٠٥، ل١٩٤.
123– د. عیزەدین مستەفا رەسول، شیعری تازەی کوردی، گ. رۆشنبیری نوێ، ژ: ١٠٥، ل١٩٥.
124– سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥.
125– رەفیق حیلمی، ئینقیلاب لەشیعری کوردیدا، گ. پێشکەوتن، ژ١، س١، ١٩٥٨

(**عبدالواحد نـوری**) بەڕابـەرانی ئـەو بزووتنەوەیـە دەژمێـردرێن و هەمووشـیان بەئاشـکرا کاریگەری ئەدەبی تورکی‌یان بەسەرەوەبوو.

(گۆران) دەڵێ: (**نووسـەرو شـاعیرانی ئەوسـا، بەتایبـەتی شـێخ نـووری و ڕەشـید نجیب و من، کە پێکەوە بەئەدەبی تورکی متأسر بووین و پێکەوە ئەمان نووسی، بەڵام تەنها شێخ نوری شعرەکانی بلأوئەکردەوەو من بلأوی نەئەکردەوەو ئەو لـەم بارەیـەوە نشاگی دەرئەکەوت و ئەدەبی تورکی قوتابخانەی شـعری تـازەی تیـا پەیـدا ببـوو، کـە پێیان ئەووترا (ادبای فجری ئاتی) لەوان (توفیق فیکرەت)و (جـلال سـاهر) بـوون.. وە ئەدیبێکی تری تورك کە (عبدالحق حامد)ە ئەگەرچی لـەم کۆمەڵـە نـەبوو، بـەم دیـسان هەر پێی متأسربووین، هـەموومان بەیەکـەوە ئـەمان روانـی یـە یـەك کلأوڕۆژنـە، بـەڵام ئەتوانرێ بە شێخ نوری بووترێ سەرۆك بەهۆی:**

**١- زۆری بەرهەمی**

**٢- بلأوکردنەوەی بەرهەمەکەی کە بێ گومـان تەئـسیری ئەبەخـشییە سـەر ئـەدەبی کوردی**) سەبارەت بەسیماکانی ئەو تازەکردنەوەیەش دەڵێ:

**(تازەکردنەوە کە چی بوو؟**

**١- یەکیەت بابەت (وەحدەی موضوع)یان هێنایە کایەوە.**

**٢- تەرتیبی قافیەکان گۆڕران.**

**٣- ئەگەر شعر هەر لەسەر عەرووزی عـەرەب هۆنراوەتـەوە لـەم سـەردەمەدا، بـەڵام مجزوئەکانی بحری عەروزیان وەرئەگرت.**

لێرەدا لەئاست خاڵێکی گرنگ دەوەستین، ئەویش ئەوەیە بەپێی قسەکانی مامۆسـتا (**گۆران**) خۆیشی لەرووی مێژوویی‌یەوە بێگومان (**شێخ نـوری شـێخ سـاڵح**) ڕچەشـکێنی شـیعری کـۆن بـوو یـان وەکـو(**کامـەران مـوکری**) شـاعیر واتـەنی (**مامۆسـتا مـاوەی گوێزانەوەیە (فترە الانتقال) لەهۆنراوەی کوردی دا)**

ئەم تازەکردنەوەیەش هەروا بەخۆڕایی نەبوو، بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتـەوەیی کورد لـەو رۆژگـارەدا، پێویـستی بـە ژیـانێکی نـوێ و سەربەسـتی و گـۆڕان لـە چـەمکی

شیعرییشدا هەبوو وەکو بەشداری کردنێك لەو پرۆسـەیەدا، ئـەوەش دیـارە سـەرەتاکەی لەلای کەسانی خاوەن رۆشنبیرییەکی بەرز دێتەکایەوە،[126] شێخ نوری تـوانی یـاخیبوونی خۆی رابگەیەنێ و بەرهەمەکانی بەقەناعەتەوە بوێرێ بلاۆبکاتـەوە. (ئەگـەر خوێنـەر بـە وردی شـوێن پێـی شـیعرو نووسـینەکانی شـێخ نـووری هـەلگرێ، ئـەوەی بـۆ روون دەبێتەوە،کە لەگەلْ (نـوێ بوونەوەکـە) سـەرپێی و راگوزارانـە نـەبووە، بـەلْکو بـەدلْ و بەگیان و لەقوولاّیی ناخییەوە لەگەلّی هەلّتەکاوەو چووەتە ناو ئەزموونی تازەی شیعری کوردیەیەوە، یەکەم جار کە ویستی بەشیعری تـازەی تـەعبیر لـە ژیـان و روانـینی تـازە بکات..).[127]

ئەم دەستنیشانکردنە مێژوویيە یۆ سەرەتای تازەکردنەوەی شـیعری کـوردی، ئـەوە ناگەیەنێ، کە کەسی تر بەشداری نەرکدووە یان رادەی داهێنانی شاکاری شـیعری فـلان لە فلان باشترە، نەخێر، هەر شاعیرەو بەپێی بەرهەمـەکانی پایـەی خـۆی دەستنیـشان دەکات و بەرهەمەکانی گـەواهی بـۆ ئاسـتی شـیعری ئـەو دەدەن. بـەلاّم لـە نووسـنەوەی مێـژووی تازەکردنـەوەی شـیعری کوردیـشدا نـابێ ئـەو راسـتییە پـشتگوێ بخرێـت، کـە سـەرەتا کـێ دەسـتی پێکـردووەو رچـەکەی شـکاندووە، شـێخ نـووری هەسـتی بـەوە کردووە، کە دەبێ ئەدەبی کوردی و شـیعری کـوردییش خاسـیەتی خـۆی هـەبێ و نـابێ هەر چاوی لە لاساییکردنەوەی عەرووزی عەرەبی بێت، بۆیە دەلّێ :

---

[126]– لەو کاتەدا نوری شێخ سالّح بەتەمـەن لـەگۆران گـەورەتربوو، زیـاتر قـالّبووی نێـو رۆشـنبیری سەردەم بووە، ئەمە سەرباری ئەوەی بێجگە لـە شـیعر وەکـو رۆژنامەنووسـێکیش چـەندین وتـار نووسیوە، لەوانـە: ٢٥ ئەلّقـە لـەوتاری (ئـەدەبیاتی کـوردی) لەرۆژنامـەی (ژیـان) سـالّی ١٩٢٦ – ١٩٢٧، لەبارەی ئەم وتارانەوە دکتـۆر کامـل حـسن البـصیر، دەلّـێ: (بـۆ یەکـەم جـار لەمێـژووی رۆشنبیری وێژەیی کوردیدا ئەم نووسەرە کوردە دروشمـی رێبـازی زانـستی لـەکۆڕی لێکۆلّینـەوی رەخنەسازی و وێژەیی دا بە چەشنێکی تیۆریی پراکتیکی بەرز کردۆتەوە) بڕوانـە: دکتـۆر کامیـل حسن عزیز البصیر، شێخ نـوری شـێخ سـالّح لـە کـۆڕی لێکۆلّینـەوەی وێـژەیی و رەخنەسـازیدا، ل٨٤.

[127]– ئازاد عبدالواحد، دیوانی شێخ نوری شێخ سالّح، ب١، بەشی یەکەم، ل١٥٧.

**( مەعلوومی عالیتانە زیانێکیش کە مەوجوودیەتی خۆی ئیسپات بکا لازمە بەڵکو واجبە ئەدەبیاتی ببێ، لە نووسیندا ریعایەت بکرێ، چونکە تەرزی تەکللوم و شێوەی تەحریریەی هەموو قەوم و میللەتێ جیاوازە. ریعایەت کردنی ئەم نوقتەیەش بە وجودی عیلم و ئەدەبیاتەوە مومکینە کە ئەم جیهەتەش مەعەل ئەسەف مەفقوودە).**[128]

(گۆران) زیاتر لەناو هاوەڵەکانی دەرکەوت و بووە لوتکەیەکی بڵند لە پرسەی تازە کردنەوەی شیعری کوردیدا، کەئەمەش بێ گومان چەند هۆکارێك یارمەتیدەری بوون، وەکو زانینی زمانانی تری غەیری کوردی (بەتایبەتی ئاشنایی لەگەڵ ئەدەبی ئینگلیزییەوە)و شارەزایی لە ئەدەبیاتی کۆن و تازەی رۆژهەلاَت و ئەزموونی شیعرییان و بەردەوام بوون لە گەشت و گوزار و باری ناگزووری خێزانی و لەسەرووی هەمووشیانەوە تێکەلاَوبوونی بەسیاسەتەوە لەبەر گرتنی رێبازی ریالییزم.

(گۆران) خۆی ئەمەی روونکردۆتەوە:(پاش ئەم ماوەیە کە سەرمەستی ئەدەبی توركی وفارسی بووین، بەرە بەرە ئەدەبی تازەی عەرەب و ئەدەبی ئینگلیزی هاتنەکایەوەو بلاَوبوونەوە، وە هەروەها (تیار)ی سیاسی و کۆمەلاَیەتی کەوتە ناومانەوە وە من بەتەئسیری ئەم دوو ئەدەبە کەوتمە هەوای واقیعیەتەوە).[129]

## گۆڤاری هیواو شیعری کوردی

یەکێ لە بابەتە سەرەکییەکانی هونەرەکانی ئەدەب، کە گۆڤاری هیوا گرنگییەکی زۆری پێداوەو هەوڵی پێشخستنی داوە، (شیعرە).

ئەو شیعرانەی، کە لە (دیوانی هیوا) دا یان بەجیا لەو گۆشەیەدا بلاَو کراونەتەوە، لە رووی شێوەکانی زمانی کوردییەوە دابەش دەبن بۆ کرمانجی خواروو و کرمانجی سەروو

---

128– م. نوری، ئەدبیاتی کوردی، رۆژنامەی ژیان، ژ٢٠، س١، (١٠)ی حوزەیرانی ١٩٢٦.

129– عبدالرزاق بیمار، دانیشتنێك لەگەڵ – گۆران – دا ، گ بەیان، ژ٢، ل٣٠.

گـۆرانی.. هـەروەها لـە روانگـەی ڕێبـازە ئەدەبییەکانـەوە کلاسـیزم و ڕۆمانـسیزم و ریالیزمی گرتۆتەوە.

شـیعرە بلاوکراوەکـانی نـاو گۆڤارەکـە لـە رووی مەبەسـت و ناوەڕۆکـەوە، شـیعری نیشتمانی و سیاسی و غـەزەل و دڵـداری و کۆمەڵایـەتی و شـیوەن و وەسـف و گاڵتـەو گەپ و موناسەباتن. گۆڤاری هیـوا لەگـەڵ بلاوکردنـەوەی ژمارەیـەکی کـەم لـە شـیعری شاعیرانی کلاسـیکی و هەوڵـدان بۆبلاوکردنـەوەی نموونـەی شـیعری ڕۆمانـسی بـە پێـز، گرنگی دانی سەرەکی بۆ شیعری ڕیالیزم تەرخان کردووە، دیارە ئەمەش هەروا ڕێکـەوت نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئـەو ڕووداوە سیاسـی و ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتییانـەی دوای جەنگی دووەمـی جیهـانی و سـەرکەوتنی شۆڕشـی ١٤ی تـەمووز کاریگەرییـەکی زۆریـان بەسەر دەروون و بیرکردنەوەو هوشیاری شاعیرو نووسەرانەوە بـووە، بۆیـە هەڵبـژاردنی بابەتـە سـەرەکییەکانی ژیـان و موعانـات و ژانـی چـینی زەحمـەتکێش بوونـە تـەوەری سـەرەکی شـیعرەکان، بوونـە ئاوێنەیـەکی بێگـەردی خـەباتی هـەژاران و کۆڵنـەدەران و شـاعیری نـوێ وەکـو شـاعیرە کلاسـیزمەکان وێڵـی زەخرفـەوە وردەکـاری و عـەرووز و وشەبازی نەبوو، بەشێوەیەك شیعرەکانی، کە هیچ مۆرکێکی نەتەوەیی کوردیی لە رووی مەبەست و ناوەڕۆکەوە پێوە دیـار نـەبوو. لـە ڕووی ڕووخساریشەوە لاسـاییەکی کـت و متی شێوازو تەکنیکـەکانی شـیعری چـینی دەرەبـەگ و دیوەخـان دابـوو لەگـەڵ خـەمی چینی زەحمەتکێشی کـوردا نـەبوو، هـەروەها شـاعیری نـوێ بەپێـچەوانەوەی شـاعیرە ڕۆمانسیزمەکانیش لەبۆتەی خەفەت و خەیاڵ و فانتازیدا نەدەتوایەوەو لەواقیع ڕابکـات و ڕوو لەدەشت و دەر بکات و ئەو ژیانە بەشتێکی ناچیز بزانێت و ڕوو لەسروشـت بکـات ، بەڵکو بڕوای بەریالیزم بووە، چونکە (ریالیزم مەبەستی خەباتی ڕەنجدەرانە لە ژیانی

مرۆڤدا، دژی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیێکی نەتەوایەتی و چینایەتی)[130] یـە، لـەم دیـو بۆچوونەوە گۆڤاری هیوا شیعری ریالیزمی زیاتر چەسپاندو بەرەو پێشەوەی برد.

گۆڤاری (هیوا)یش هەرەکو ئەزموونی پێش خۆی لـە گۆڤـاری (گەلاوێـژ)دا، لەسـالأنی سەرەتای تەمەنی دا گۆشەیەکی کردبۆوە بەناوی (دیوانی هیوا)و تیایدا زیـاتر لـە (٢٠٠) پارچە شیعری بلأوکردۆتەوە.

## ١- شیعرەکانی گۆڤاری (هیوا) بەپێی مەبەست و ناوەرۆك.

شـیعرەکانی نـاو گۆڤـاری هیـوا بـەپێی مەبەسـت و نـاوەرۆك بـەم شـێوەیە دابـەش دەکەین:

**شیعری سیاسی:**

ئەو بابەتە سیاسییە سەرەکییانەی، کە لە شیعرەکاندا رەنگی داوەتـەوە ئەمانـەن: خەباتی نەتەوەیی کورد بۆ رزگاربوون، برایەتی کوردو عەرەب و پـشتگیری لـە شۆرشـی ١٤ی تەمووز، خۆشەویستی خاك و نەتەوەو ئازادی.

(**عوسمان عوزێری**) لە پارچە شیعرێکدا بیری نەتەوەیی خۆی دەردەبڕێ:

**پێست و گۆشت و ئێسقانەکەم**
**خوێن و دەماری گـــــیانەکەم**
**هۆش و بیرو گشـــــت ئـامانجم**
**لەگەڵ مـــــــاوەی ژیـانەکەم**
**نـاویـــان بـــە کـــوردی نـراوە**
**یەك ئـــــــاواتیان تیا نێژراوە**
**ئەویش پەرســــتنی کــــوردە**

---

130– عومەر مەعروف بەرزنجی، پـشکۆو ریـالیزم، گ نووسـەری کـورد، ژ٦، بەغـدا، مـارت ونیـسانی ١٩٧٣، ل٨٢.

**بـە بنچـــــینەم ســــــپێرراوە** [١٣١]

(**بەختیار زیوەر**)ی شاعیر رۆڵەکانی کورد بەرەو یەکیـەتی و تـەبایی هـان دەدا بـەوەی چاکی مەردایەتی لێهەڵکەن و هیوایان بەژیانی ئازادی بەرز بێت:

**میللەتێك هیوای بەرزی ژیــان بیٚ**

**تینووی ئازادیو دیلی زەمـان بیٚ**

**بەندی هـــــەژاری زۆر لاگـران بیٚ**

**هێزی مـــەردانەی کە هاتە گـەرش**

**وەك– ئەتۆم–زەمین دێنێتە جۆش**[١٣٢]

**جەمال شارباژێری**، خۆشەویستی خاك وای لێـدەکات خـەبات بکـات تـاوەکو مـژدەی هەڵهاتنی پرشنگی وڵات ڕووناك بکاتەوە:

**ئەی کوردستان، ئەی مەڵبەندی، نەتەوەی کورد**

**ئەی ئەو دایکەی، بەخوێن منت پــەروەردە کرد**

**ئەی ئەو خاکەی بەسەر تۆدا هـــــەنگاو ئەنێم**

**لەناو تۆدا: ئەخۆم، ئەژیم، بەســـــــتە ئەڵێم**[١٣٣]

**قەدری جان** دبێژی:

**مزگین.. مزگین.. گەلی کــــوردان**

**روژا کـــــــــوردستانی هــــەلاّت....**

**بارزانی هـــــــــاتە نشــــتمان**

**شێر هات ولآت.... شێر هات ولآت..**

---

[131]– عوسمان عوزێری، کوردم، گ هیوا، ژ٩، س١،ل٨١.

[132]– گ هیوا، ژ١٠، س١، ل٤٨.

[133]– جەمال شارباژێری، بۆ کوردستان، گ هیوا، ژ٦، ٧، س٢، ل٨٠.

## مزگێن ل وه، بـــــــارزانی هات..[134]

شاعیری کورد خەمی رزگاری و خەباتی نەتەوەیی لەگـەڵ خـەباتی گـەلی جـەزائیر گرێـداوە و خـۆی بەهاوبەشـی خـەباتیان دەزانـێ و هــەردوولا خۆیــان رووبــەرووی ئیمپریالیزمی جیهانی دەدۆزنەوە، (**ك.ج، غەمبار**) دەڵێ:

**وەك فــــــرۆکە بکەوە گەڕ**
**ئەی کۆتری جوانی نامەبەر**
**بفڕە، ببڕە، جەرگی ئاسمان**
**بەسەر زەریا، دەشت، بیابان**
**تاکــو ئەگەیتە – جەزایر –**
**ولاّتی ئاســــــــــن و ئاگر**

تا دەگاتە:

**ئەوسا بڕۆ لای جــــەمیلە**
**ئەوقارەمانەی کـــــەدیلە**[135]

سەرکەوتنی شۆرشی ١٤ی تەمووز، رۆژگارێکی تـازەی بـۆ هەڵڕشـتنی خـەمی پـەنگ خـواردووی دەروونـی شـاعیر رەخـساند.سـالاّنی یەکـەمی شـۆرش هــەموو کەناڵـەکانی رۆشنبیریی ئازاد کرد، **حەسیب قەرەداخی** دەڵێ:

**ئەمڕۆ جەژنە جەژنی شادی جەژنی ئازادی ولاّت**
**جەژنی مایەی هەوڵ و کۆشش دەردو ئازار و خەبات**
**جەژنی میللەت کوردە عەرەب جەژنی پیرۆزو بەها ت**

---

[134]– قەدری جان، شیعری ولاّت بارزانی هات، گ هیوا، ژ٤، س٢، ل٧٦.

[135]– ك. ج. غەمبار، نامەیەك بۆ جەمیلە، گ هیوا، ژ٩، س١، ل٣٥.

جەژنی خۆشی و بەختیاری جەژنیسەربەستی و نەجات[136]

**شیعری غەزەل و دڵداری:**

**(نالی)** لەغـەزەلێکی تـەڕو پـاراودا، دنیـاو قیامـەت بـە زولـف و پیـشانی یارەکـەی دەگۆڕێتەوە، بێ زینەتی ماچی خۆشەویستەکەی ڕۆژوویشی بەتاڵە" (نـالی) غەزەلـەکانی ئەوەندە ووردن، توانەوەیە لە عەشقا بۆیە دەڵێ:

**دەورانیە وەك هـێـلـەکی سەوداسەری گـیــژم**
**بۆیە بەدەقیقی مەســـــەلە هــەرچی دەبێژم**
**هەر پەرچەم و پیشانیە فکری شـــــەوو ڕۆژم**
**هەر گــــەردن و زولفە ئەمــەلی دوورو درێژم**
**بێ دیدەو دیــاری ئەتۆ خـــــوێنە گـــرینم**
**یەعـنی گوڵ و نێرگـــس کە نەبێ لالە دەنێژم**[137]

**(پێنــاو)**، زوخـاوی دڵ بەدەسـت غـەم و پـەژارەی دڵـداری لەتابلۆیـەکی ڕەنگـین دەنەخشێنێ و لێك دابڕانی خۆیو خۆشەویستەکەی دەبێتە یادگارێکی جوان و دووبـارە هیوایەکی تازەی پێ دەبەخشێتەوە:

**هەزار ئەفسووس بەهەشتی پاکی دڵداری کە جارێکە**
**کە دڵ ئاوارە بوو تیایا ژیـــــان زنجێکی تاریکە**
**شەپۆلی ئەرك و ئازارە شەپۆلی ئەرك و فرمێســکە**
**ئەوەی بۆت جێ بهێڵێ جۆش و قوڵپەی یادگــارێکە**
**لەناودڵدایە کڵپەی دێ بەڵام بێ سوودە بێ کەڵکە**[138]

---

136 – حسیب قەرەداخی، بیرەوەری یەکەم ساڵی شۆڕشـی ١٤ی تـەمووز، گ هیـوا، ژ(١١،١٢)، س٢، ل٥٥.

137 – گ هیوا، ژ٤، س١، ل٤٣.

138 – پێناو، هەزار ئەفسوس، گ هیوا، ژ٦، س١، ل٥٠.

**مارف بەرزنجی (پشکۆ)** خەفەت بۆ رۆژانی لاوی دەخواو لەگەڵ دڵ دەکەوێتە رازو نیازو گفتوگۆ، ئەو رۆژانەی،کە لەگەڵ نیگاری خۆی دڵیان گۆڕیوەتەوەو پاکی خۆیان بەسروشتی رەنگینی کوردستان دەچوێنیٚ:

**هەتاو نیگار یاری لیٚ ون بووم**
**بەهەشتی دڵم زۆر زوو لەدەست چووم**
**کەجارێکی تر نیگار دێتەوە**
**جوانی بەسەر چوو ناگەڕێتەوە**
**کاتێك کەلاو بووم یار وەك پەڕە گوڵ**
**گۆڕیمانەوە لەگەڵ یەکتر..دڵ**[١٣٩]

(**گۆران**)ی جوان پەرست و شەیدای تەزووی گەرمی دڵداری بەرامبەر کچێکی قژ زەرد لەهەولێر، بەبەندی‌یەوە هەستی خۆی دەردەبڕیٚ:

**ئەی قژ زەرد! ئەی بەژن و باڵای کەڵگەت!**
**بۆ کز راوەستاوی بەرامبەر من؟**
**بۆ دەستت ناوەتە ژێر چەنەی خەفەت**
**لەعاستی دیمەنی دەربەدەری من؟**
**ئەو چاوە کاڵانەت، نیگای دەربەست بوون**
**لەبەرچی ئەگرنە گرفتاری من؟**
**سرنجت، رووی دەمی پرس کردنی روون**
**ئەکاتە کەلەپچەی دەستی دیاری من؟**[١٤٠]

**شیعری کۆمەڵایەتی:**

ژمارەیەکی زۆر شیعری کۆمەڵایەتی لە گۆڤاری هیوادا بڵاوکراوەتەوە.تەوەرەی سەرەکی بابەتەکان بەچوار دەوری ئەم لایەنانەدا دەسوڕێتەوە، هاندانی کۆمەڵ بەرەو خوێندەواری و زانست و روو کردنە قوتابخانە، کێشەی نێوان ئاغاو جووتیارو

139– پشکۆ، دڵی من ، گ هیوا، ژ٧، س١، ل٤٠.
140– گۆران، دوا سرنج، گ هیوا، ژ ٤، س٣، ل٢٤.

پیشاندانی زولّم و زۆرداری دەربەگ و بیّ دەستەلاّتی جووتیار لەلادیّ یەکان دا، هاندانی کۆمەلّ بۆ پشتگیری و یارمەتی و هاوکاری یەکتر لەکاتی ڕوودانی ڕووداوی سروشتی وەکو لافاو،باری گوزەرانی ناهەمواری فەرمانبەران و ڕێز گرتنی پایەی خوێندەوار لەناو کۆمەلّدا، زەرەرو زیانی مەی خواردنەوەو چەندین بابەتی دی کۆمەلاّیەتی ناوەرۆکی شیعرەکان پێك دەهێنن.

**(ا.ب. هەوری)**، لە ئوپەرێتی وەرزی سالّ ئێش و کاری جووتیارو سەپان و وەرزێر و ئاودێرو قازانجیان بۆ ولاّت و ڕەنج و ماندووبوونیان لەئۆپەریەتیەکی شیعریی وێنە کێشاوە" وێنەکان بەزمانێکی سادەو ساکارو بیّ گریّ و گۆلّەیە:

جووتیار:

**مـــن جـووتـــیاری ولاّتـم**
**پاییــزە وەخـــتـــە هاتــم**
**بەمـــانگ زیاتر پێــش پەلّە**
**وورد لـەســـەر خۆ بـــیّ هەلّە**
**تفاقی جـووت هـــەلّ ئەگرم**
**ڕیّ بـۆ وەردەکـــەم ئــەگرم**
**بانە ئەبرم تـــاك و جــــووت**
**تۆو ئەچێنم ڕۆژە جــــــووت**
**بەهۆ هـــۆ ئەرز ئەکێـلــّم**
**خەفەت لـــــەویّ جـیّ بێـلّم**[141]

کارەساتی لافاوەکەی شاری سلێمانی لەسالّی ١٩٥٧ دا، هەستی زۆر لەشاعیران و چیرۆکنووسانی وروژاند، گۆڤاری (هیوا)یش ژمارەیەکی تەرخان کرد بۆ بلاّو کردنەوەی ئەو نووسینانە[142]، بینینی دیمەنی هات و هاواری دایکان بۆ منالّی ناو بێشکەی خنکاوو

---

141– ا.ب. هەوری، ئۆپەرێتی وەرزی سالّ، گ هیوا، ژ٤، س١، ل٤٥–٤٦.

142– لەو ژمارە تایبەتیەی گۆڤاری هیوا، کە ژمارەی (٥)ی تشرینی دووەمی (١٩٥٧)ە، ئەم شیعرانە بەرچاو دەکەون، کەتایبەتن بۆ لافاوەکەی سلێمانی، لافاوی مەرگ: خالد ڕەشید (لافاو، کامل

کەسو کاریان و مردنی چەندین کوڕی گەنج و تێکدانی خـانووی شـڕی هـەژاران، (**خالیـد ڕەشید زێوەر**)ی واهەژاندوە:

**ڕۆژی جمعە بوو سەر لەئێوارە**
**لافاوی مەرگ هاتە ئەم شارە**
**باوەشی ئەکرد بەگەلی کوردا**
**چ لەسەر جادە چ لەناو ژووردا**
**نەی ئەبیست هاوار ئەی برد، ئەی فڕان**
**بەجێی نە ئەهێشت هەتا ئەی مران**
**سێ پیاوی پیر، سێ لاوی خوێن گەرم**
**وەك سەگی برسی، بردنی بەبێ شەرم**[١٤٣]

دەردێکـی کۆمەڵایـەتی بـاو لەسـایەی ڕژێمـی دەرەبەگایـەتی پـەنجا و شـەتەکان و بەدواوەو، بەزۆر بەشوودانی کچ و شیربایی و نەبوونی سەربەستی ئافرەت لەهەڵبـژاردنی هاوســەری ژیــانی دا لەئــەدەبی کــوردی بەشــیعرو چــیرۆکیەوە ڕەنگــی داوەتــەوە، (**کامەران**) بە (چیرۆکە شیعر) ئاماژەی بۆ کردووەوە دیمەنێکی جوانی ئەو تابلۆیەی بۆ کێشاوین:

**بووك گــــەیشتە ژووری تەلار**
**دەوریــــان دا کـــچی نازدار**
**جوانترین شـــتی وان، دەگمەن**
**لە ژوورێکا ئــاوێن بـــــەن**
**جوان، ڕێکیان خستبوو بۆ بووك**
**بووکی وردیلەی ئێســـك سووك**
تا دەگاتە :
**دڵی زاواش پیری تــــــەڕ پۆش**

---

ژیـر). هـەروەها چـیرۆکی (کـوا کوڕەکـەم، مـستەفا سـاڵح کـەریم). وتـاری (کارەسـاتە سـتەمەکە، ع. شەماڵ)، چیرۆکی (لافاو، ع).

[143] – خالد ڕەشید (زێوەر)، لافاوی مەرگ، گ هیوا، ژ٥، س٢، ل١٥.

**هەر چاك بوو، نە ئەبوو بێ هۆش**
**زاوا پۆشـــــی بووی جلی جوان**
**ســـەری تاشـــــی بوو بەگوێزان**[١٤٤]

لـە ناهەمواریيـە كۆمەلأيەتييـەكان (سـوورانە)يـە، كـە ئاغاكـان سـەپاندبوويان و مەسەلەی جیاوازی نێـوان كـوڕو كـچ لـەلادێ دا، شـاعیرزیرەكانە مەسـەلەكە پەيوەسـت دەكـات بـەرادەی بـیر كردنـەوەی دەرەبـەگ و پاشـە ڕۆژی كـچ و لەهـەمان كـات داوای چارەسەری ئەو مەسەلەیە دەكات:

**لە كوردستان جارێك بۆ لای كوردێك چون،**
**بە موژدەوە، لە بۆموژدانەی كـــچ بوون !...**
**جوان هاتەدوو، ئەو كوردە، زوو لـــەوانە**
**ووتی: موژدەی كچ بوون لەسەر مـــیرانە !..**
**چونكە میر كچ ئەدا بەشوو هەر خـــۆشی**
**سوورانەوەكی ئەســـێنێ و ئەیكا نۆشی**[١٤٥]

شاعیران و روناكبیران بەچاكی هەستیان بـەوە كـردووە، یـەكێ لـەو هۆیانـەی بووەتـە هــۆی كــورد لـــەكاروانی پێــشكەوتن دوا بكــەوێت لـــەپاڵ هـــەژاریو نەخۆشـــی دا نەخوێندەواریيە، بۆیە داوایان لەلاوی كورد كردووە روو لەزانست و خوێندەواری بكات:
**لاوی كورد بخوێن خوێندن مەرهەمە بۆ زامی گـــەل**
**تیشكی زانینە ئەدا ڕۆشن بەئەســتێرەی ئەمـــەل**
**میللەتی جـاهل لە قافلەی ژین و تاریخی بەشـــەو**
**دەستە پاچە كەوتووە، جێ ماوە، لەش ئیفیج و شەل**

---

144– كامەران تیشكی چرایەك، گ هیوا، ژ١٠، س١، ل٨٢.

145– هۆشەنگ، سوورانە، گ هیوا، ژ(٢،٣) ، س٣، ل٦١،٦٢.

تا دەگاتە:

**بۆ ئەوەی ئێمەش بچینە ریزی وان ئەی لاوی کـورد**

**تێ بگە، کۆشش بکە، هەنگاو هەڵێنە، بکوتە پەل**[146]

**<u>شیعری وەسف و ستایش:</u>**

سروشتی کوردستان تێکەڵاو بـەروحی مرۆڤـی کـورد بـووە، شـاعیر کـە پـەروەردەی سروشتی رەنگینی کوردستانە، شانازی بەوە کردووە کوردستان لـە جـوانی دا نموونـەی بەهەشـتی سـەر زەمینـە، تەنانـەت ئیـستاتیکای سروشـت لای هەنـدێ شـاعیر بووەتـە خەمێکی گەورەو پەیوەستی بەهەستی نەتەوەیی‌یەوە کـردوە، (**کامـل ژیـر**) لەبـەهاری کوردستان دەدوێ:

**بۆ جـــــــــوانی بەهـــار**
**بەهاری ســەر وەرزی دیــــار**
**زەردەخەنەو گەشـەی ژیـــان**
**بەهاری خاکی کوردســــتان**
**خاکێك بێ گرێ و سەرپاســەر**
**پێك هاتبێ لــە پیتو فــــەڕ**
**لــــەجێ و نیگاری دڵـــرفێن**
**لە باو شـەماڵی خـەم رەوێن**[147]

لە وەسفی جـوانی رەزو بـاخی شـاری شـەقلاوە لەهاوینانـدا وەکـو هاوینەهـەوارێك بـۆ گەشتگەران، شاعیر وەسفێکی جوانی کردووەو لە هەمان کات دا ئەو وەسفە پەیوەست دەکا بەکوردایەتییەوە:

**شەقلاوە خاکی کوردان مەلبەندی شێرو مـەردان**
**دیمەنی باخی مێوەت هەر لەگوڵ ئەچـێ شێـوەت**
**لەنجەی چناور لاولاو شەنگەبی وسەروی دەم ئاو**
**رائەکێشی دڵ و گیان کات و دەمـــــی ئێواران**

---

[146] – دلزار، لاوی کورد، گ هیوا، ژ٢،س١، ل٢٣.

[147] – کامل ژیر، بەهاری کوردستان گ هیوا، ژ ١، س١، ل١٩.

**خوڕەی ئاوی ساردی تۆ دارو دڕك و بەردی تۆ**[148]

**مارف بەرزنجی (پشکۆ)** لەوەسفی (قادر کەرەم)، کەمەڵبەندی لەدایك بوونی خۆیەتی، ناوی میوەو میوەجات و شوێنەکان و رووبار و راوو شکاری مەڵبەندەکە دەکاتەتابلۆیەك بۆ خوێنەر:

**چەمی (باسەڕە) و تاڤگــە و ناورِوانی**
**لە (گۆمە گەورە) بــــۆمەلــــــــەوانی**
**وێنەی پەلکی یار خەم خەم و پێچ پێچ**
**یا وەك تیرەمار بکشێ پێچــاو پێچ**
**ساڵــــــــی دووهم کە هـــــاوینانە** [149]

هەر لەوەسفی بەهارو سروشتی کوردستان دا شیعرە بەناوبانگەکەی حاجی قادری کۆیی، کەوەکو فەرهنگێکی دەوڵمەندی ناوی گوڵەکانی بەهاری کوردستان وایە بڵاو کراوەتەوەو نموونەیەکی بەرزی داهێنانی شیعرییە:

**وتم بەبەختی خەواڵوو: وەرە ئەتوبی خوا**
**لەخــــــــەو هەڵستە زەمانێ بچنە ئەولا**
**گوڕەی بەهاریە ئێستێکە شاخ و داخی وڵات**
**پڕە لەلالەو نەسرین و نەرگــسی شەهلا**[150]

لــەلای (**مەولــــەوی**) بــەهار مــەدلولێکی تــری هەیــە، بەفرمێـسکی چــاو جۆگــە هەڵدەبەستێ و لەگەڵ هیجرانی یـار دا پەیوەنـدی دەکـات و بـەهار بـۆ ئـەو بـەو هـەموو جوانییەوە، مایەی خەفەتە:

**وەهارەن، سەیرەن، سەوزەی دیاران**
**نم کەوت نەدیدەش چون شەو بیداران**
**پەی دڵەی مانیای دەروون مـــــەلالان**

---

148 – وردی ، جوانی شەقلاوە، گ هیوا، ژ١، س٣، ل٤٢.

149 – پشکۆ، وێنەیەك لەژیانی رابردووی قادر کەرەم، گ هیوا ، ژ٤ ، س٤، ل١٨.

150 – حاجی قادری کۆیی، وتم بەبختی خەواڵو، گ،ە هیوا، ژ ٥، س٣، ل١٨.

**ســـــایە بەستەوە خەیمەی گولالان**
**بوی یەخەی سەحەر پەی دەماخ دل**
**مانو وەنەسیم جیب جەمین گــول** ١٥١

## شیعری گاڵتەو گەپ

گاڵتـەو گـەپ لەناوەرۆکـدا یـان بـۆ بەسـەبردنی کـات و خۆشـییە و دەروونـی مـرۆڤ ئاسوودە دەکات یان رەخنەیەکی توونده‌و ئاراستەی کۆمەڵ دەکرێت و گاڵتـەو گەپەکـە دەکـرێ بەهۆیــەك بــۆ ئــەوەی مەبەســتە ســەرەکییەکەی پــێ روون بکرێتــەوە، کــە ناهەمواریەکە.

(**محمــود حــاجی رحــیم**)، بەشـێوەیەکی گاڵتـە جارانـە، باسـی پیـاوانی رژێمـی پاشایەتی دەکات، کە زۆریان بۆ ئینگلیز کرد، بەلاَم ئیمپریـالیزم بەهانایانـەوە نـەهات و شۆرشی ١٤ی تەمووز تەخت و تاراجی تەفرو تونا کردن:

**کوا بزەی سمێڵی جاران کوا گــورجو گــۆڵی**
**ئێســتا تۆی کە بوویتە (باجی) وانەرمونۆڵی**
**بیســـتم وتت کێ ئەم کوژێ نەبووە لە دایك**
**بەخێرێ تــۆی لە مـــەیـدانـا ئەڵێی فتبۆڵی**
**وتیان پەنجەت ئیشـــارەت بات دنیا ئەسوتێ**
**با عیبرەت بێت بۆیان دیتیان پەنجە و قۆڵـــی**

تادەگاتە:

**ســـەدجار ووتت کوڕی گەورەو راستی ئینگلیزم**
**کوا ئەی بۆ ئێستــا ناتنــاسن کەوابــوو زۆڵـی** ١٥٢

(**هەژار**)ی شاعیر لەشیعرێکی گاڵتەئامێزدا شەڕی براکوژی و تەفرەقەی نێـوان لایەنـە سیاسـییەکان و کـورد کـوژی دەخاتــەڕوو، کـە دەمێکـە کـورد پێیــەوە دەنـاڵێنێ و رەخنەیەکی بەسوودە بۆ یەکگرتنی ریزەکانی کۆمەڵ:

---

[151] – مەولەوی و بەهار، گ. هیوا، ژ٣٢، س٤، ل٢٠.

[152] – محمود حاجی رحیم، کێ ئازایە ، گ. هیوا، ژ٢، س٢، ل٧١.

بایز:

**چیت بۆ بڵێم؟ بەخوا بونە دوو دەســتە**
**هەر داوێنەیەك بەجـویٚ، و بەســــتە**
**یەك دەڵیٚ ســـوورم یەك دەڵــیٚ بـۆرم**
**یـــەك دەڵیٚ زەردم یەك دەڵـــیٚ زۆرم**
**یەکیٚ ئێژیٚ قیڕ یـــەکیٚ ئێژیٚ ماست**
**یـــــەکیٚ ئەڵیٚ لار یەکیٚ ئەڵیٚ راست**
**تا چەنــــــە شل بوو چەقەو جنێوە**
**ئەمجا شەڕە شـــــەق ئەڕوا بــــەڕێوە**

باپیر:

**بـــــایز چیمان و چم چاو پێکەوت**
**هەرچی ئەی بینین هەر لارەو چەوت**
**وتمان ئـــــەم زوڵمە ســـەرمان لاچیٚ**
**ئیتر کـورد ناچیٚ یەکتر داپاچیٚ** ١٥٣

**شیعری شیوەن :**

شیعری شیوەن مێژوویەکی کۆنی هەیـە، لـە گۆڤـاری (هیـوا) یـشدا کۆمـەڵیٚ شـیعری شـیوەن بەرچـاودەکەوێت، هەنـدێکیان بـۆ بوێـژە کۆچـکردووەکانەو هەنـدێکی دی بـۆ کارەساتی لافاوو بەشدارانی راپەڕینەکانەو هەندێکی کەسییەو بۆ کەس و کارە.

لـە کارەسـاتی لافاوەکـەی شـاری سـلێمانی لەسـاڵی ١٩٥٧دا، چـەندین منـداڵ و گەنجی جوان بوونە قۆچی قوربانی، بۆ (کامیل)، کە گەنجێکی خوێندەواربووە، وتراوە:

**خونچەیەك بـــووم تەڕو ئازیز**
**بەڵام لافــــــــاوەکەی پایز**
**نەی هێشت ببم بە گوڵی سوور**
**نەڕانی بەســــــــەرما لەدوور**
**وروژمی بــــــــردە ژوورەکەم**

---

153 – هەژار، دەمەتەقێی بایزو باپیر، گ. هیوا، ژ٥، س٢، ل٨.

**کوشتمی و کـــردی بە (ماتەم)**
**ئەی فرمێـــــسکی لێڵ بلەرزە**
**لـــــە عەزرەت باران و تەرزە**
**(کامل): ئـــەی کوڕە شەنگە کە**
**(کامـــــل): لاوەبێ دەنگە کە**[154]

(**کرمـانج**) ناوێك لـە شـیوەنی باوکیـدا، کـە وەکـو پێـشمەرگەیەکی بەجـەرگ لـەڕێی رزگاری کوردستاندا سەری ناوەتەوە، یادو پەیمان دووپات دەکاتەوە، کە رێڕەی بـاوکی بەرنەداو تۆڵەی باوکی لە دوژمنان بکاتەوە:

**لێرەدا نێژرای باوکی نـــازدارم**
**بەبەرگی خوێنین سەربڵندو بەرز**
**بۆچی نایبیسم پەرچی پرســیارم؟!**
**چونکە تۆ نوستوی لەناو توێی ئەرز**
**منیش بەجێ مام بەبێ پشتیوان**

تا دەگاتە:

**ئامانجم بەرزە، بابە بــــــزانە**
**ئەو رێیەی گرتت منیش ئەیگرم**
**بۆ ئەم وولاتە ئەم کوردســـتانە**
**قوڕگی دوژمنی خوێنە خوێ ئەدڕم**
**ئیتر تۆ بنوو منیش بۆ کـــــاروان**[155]

(**گۆران**)ی داهێنەر لەشیعرێکی دا بۆ شین و یـادی (**پیرەمێـرد**)ی مامۆسـتای، سـۆزو کوڵی دڵی هەڵدەڕێژێ و شوێن، و پایەی پیرەمێرد دەردەبڕێ:

---

154– مێژووی ژیانی کاملی جوانەمەرگ، گ. هیوا، ژ٥، س١، ل٢٥.
155– کرمانج، یاد و پەیمان، گ. هیوا، ژ٨، س١، ل٦٩.

**ئەم بەهارە**
**لەسەر گردی مامە یارە،**
**بۆ یانزەجار**
**نویٚ گوڵاڵەی سووری بەهار**
**خوێنی ڕژایە سەرگیای سەوز،**
**خوێن پەنگی خواردەوە، وەك حەوز...**[156]

**شیعری بۆنەو موناسەبات:**

بەوپێیـە، کـە ئـەدەب ڕەنگدانـەوەی واقیعـە، ئـەدیبی کـوردییش لەکانگـەی ڕووداوەکان بەشداری‌یەکی کاریگەری لەگۆڕانە سیاسی‌و کۆمەلأیەتی ڕۆشـنبیریی‌یەکاندا کردووە. چەندین بۆنەی سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەلأیەتی هەیە، شـاعیری کورد بەشیعر بەشداری کردووەو لەو بۆنانەدا هەستی خۆی دەربڕیوە.
ئەو شـیعرانەی لەموناسـەبات دا وتـراون لـە گۆڤـاری (هیـوا)دا ژمارەیـان زۆرەو ژمـارەو جیـاوازی موناسـەبەتەکانیش فـرەن، بەبۆنـەی دەرچـوونی گۆڤـاری (هیـوا)وە، (**أ.ب. هەوری**) هەندیٚ ئامۆژگاری گۆڤاری (هیوا) دەکات:

**هیوا، چووزەرەی بنکی گەلأوێژ**
**بەبیری ووردی پوختی والأبێــژ**
**بێرەکایەوە ساوای تــازەبــوو**
**کاتی فرمانە تۆش ئازانە زوو**
**دەستی خزمەتت پیرۆز، وەك ناوت**
**تا ببیتە فەڕ و برەو بیٚ بـــــاوت**
**هیوا، هیوای هۆزی بەجیٚ مــاو**
**لەڕیٚ لانەدەی قەت بەچاوڕاو** [157]

---

[156] – گۆران، یادی پیرەمێردی بوێژ، گ. هیوا، ژ ٣٣، س٥،ل٢٦.

[157] – هەوری، ئامۆژگاری بۆ گۆڤاری هیوا، گ. هیوا، ژ٢، س١، ل ٣١، هەر بەبۆنەی گۆڤاری (هیوا)وە شیعریتر وتراوە، بڕوانە م. شارباژێڕی، هیوا، گ . هیوا، ژ٧، س١، ل٣٢.

بەبۆنەی سەرکەوتنی شۆرشی ١٤ی تەممووزو رووخانی رژێمی پاشایەتی لەعێراقدا، رۆژگارێکی نویٚ هاتەکایەوە، سەربەستی و ئازادییەکی بەرفراوان بۆ رۆشنبیریی کورد رەخسا، شاعیرانیش وەکو دەنگی راستەقینەی میللەت هاتنەگۆ، (**صالح یوسفی**) دبێژی:

**خەتیرە هەلکر لەشکەری مەزن**

**بەردا پەتیلکا شورشا بی بن**

**کەلیت (باستلا)لدیڤ ئیك بیت کەڤن**

**زوردار نوزانن دی کیڤە رەڤن**

**دەستیت (کەریمی) دنیا تێك هژاند**

**بویا شۆرشی هاڤیت پەقژاند** ١٥٨

بەبۆنەی سەرکوت کردنەوەی بزووتنەوەی تاقمەکەی (الشواف) لە موسڵ و لەخۆشەویستی زەعیم و جمهوریەت، کە کوردییش بەشداری لەو سەرکوت کردنەوەیەدا کرد، **عبدلرزاق بیمار**، دەنگ هەڵدەبرِیٚ:

**کوا بۆ هەڵبەستێك وەك ئاگر**

**کەللەی دوژمن بتەقێنیٚ**

**بالۆرەی کۆنی رزیوی**

**ئاغایەتی و رەنج خواردن**

**ئەفسانەی میللەت دیل کردن**

**– وەك (مێشکۆڵەی) سەگێکی هار!**

**لیٚ دەربێنیٚ** ١٥٩

دوای تیٚ پەڕبوونی یەك ساڵ بەسەر تەمەنی جمهوریەت دا، تەقەیان لە عبدالکریم قاسم کرد و برینداریان کرد، بەم رووداوە گەلی کوردو عەرەب و کەمە نەتەوەییەکانی دی دڵتەنگ بوون، پاشان کە ناوبراو لەخەستەخانە دەرچوو لەزۆربەی شارەکان دا

---

158– صالح یوسفی، شورشا پیرۆز، ژ٢، س٢، ل٤٣.

159 – عبدالرزاق حمد، هۆنراوەو میللەتەکەم، گ. هیوا، ژ (٩،١٠)، س٢، ل٢٩.

ئاهەنگی خۆشی سازدراو میللەت بەشداری ئاهەنگەکانی کرد، شاعیرێکی کورد بەم موناسەبەتەوە دەڵێ:

**لەژێر پەردەی تەم و دوکەڵ**
**دەستی تاوان، دەستی چەپەڵ**
**دەستێکی سوور بەخوێنی گەل**
**شاالأو ئەبا بەپەلە پەل**
**داوای چی یە؟ گیانێك شیرین،**
**گیانیك هیوای بەختیاری ژین**[160]

جەژنی نەورۆز، بۆتە سیمای خەباتی نەتەوەیی کورد بەدرێژایی مێژوو، هەردەم دوژمنان ویستیویانە نەورۆز لە کورد قەدەغە بکەن و شوێنەواری بسڕنەوە، بەڵام نەورۆز ساڵ بەساڵ لەدەروونی شاعیری کوردو خەڵکی کورد بەگشتی رەگ و ریشەی قووڵتر داکوتاوە، (**شێخ سەلام**) دەڵێ:

**جەژنی نەورۆزت یاخوا پیرۆزبێ**
**هەوارت بەرز و تیرەت بەهرۆز بێ**
**هەر ئەم رۆژە بوو، کاوەی گوردی کورد**
**مێشکی زووحاکی بەچەکوش وورد کرد** [161]

(**کامەران موکری**)یش، لەرۆژی نەورۆزداسێ چەپك نێرگس و گوڵی ناسك دەکاتە دیاری بۆ گەلی کوردو موژدەی ئەوەشیان دەداتێ، کە لە نەورۆزدا ئاسۆی پاشەرۆژێکی رووناك دەردەکەوێت:

**بۆ رۆژی نەورۆز سێ چەپك**
**لەنێرگس و گوڵی ناسك**
**ئەکەم بەدیارییەکی جوان**
**بۆ گەلی کوردی قارەمان** [162]

---

[160] – حسین عوسمان نێرگسەجاڕی، لەقەڵغانێکی پۆلاییینە، گ. هیوا، ژ(٢،٣)ن س٣، ل٧٢.

[161] – سەلام، جەژنی نەورۆز، گۆڤاری هیوا، ژ٣٥، ل٣.

[162] – کامەران، دیاری نەورۆزن گ هیوا، ژ ٣٥، ل١٤. ژمارە (٣٥) تەرخان کراوە بۆ جەژنی نەورۆز.

## ڕێبازی کلاسییزم

ئەگەرچی لەڕووی مێژووییەوە شیعری کوردی وەکو قۆناغە مێژووییەکە بەگوێرەی ئەدەبی ئەورووپییەوە کاریگەری ئەوروپای لەسەر نەبووە، بەڵام پاشان وەکو زاراوەیەك بەباڵای شیعری کۆنی کوردیماندا بڕا[163]. وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردەواری بە تەواوی و بە چەمکی دەرەبەگایەتی ڕۆژئاوا وەکو یەك نەبوو، شاعیری کلاسییزمی کوردیش شاعیری دەربارو دیوەخانی ئاغا نەبووە، بەڵم لەژێر کارتێکەری ئەدەبی میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا ئەدەبی کوردییش، بەتایبەتی شیعر، مۆرکی ئەو میللەتانەی لەڕووخسارو ناوەڕۆکدا وەرگرتووە.

لە ڕووی رووخسارەوە، شیعری کلاسییزمی کوردی سوودی لەهەموو ئەو هونەرانە بینیووە، کە لەشیعری کلاسیکی یان کۆندا هەبووە، وەکو غەزەل و قەسیدەو پێنج خشتەکی و چوارین و موستەزاد.. هەروەها پەیڕەوی کێشی عەرووزی عەرەبی و فارسی کردووە لەکێشانەی شیعرییدا و قافیەی بەیتی یەکەم بووەتە بناغە بۆ سەرجەم قافیەی کۆتایی بەیتەکان[164]، لەڕووی زمانییشەوە، زمانێکی تێکەڵ لەزمانی عەرەبی و فارسی و تورکییەو زۆربەی زاراوەکانی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی تیا بەدی دەکرێت.[165]

---

163– بەگوێرەی ڕێبازی کلاسییزم لەئەدەبی ئەورووپیدا، کەلەپووری ئەدەبی (گریکی و ڕۆمانی) دەگرێتەوە، پاشان لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم لە فەرنسا جارێکی تر ڕێبازی (کلاسییزمی نوێ) سەری هەڵدایەوە، بەهۆی لاسایی کردنەوەی ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی لەو روانگەوە، کە لەسەر بنەمای عەقڵ و سروشت و ئینسانییەو نەمرە، بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەو ڕێبازە ئەدەبییەو چۆنیەتی گەشەکردنی و بنەماکانی بڕوانە: الدکتور محمد مندور، الادب ومذاهبه، ص٤٥–٥٩، هەروەها: د. علي جواد الطاهر، الخلاصة في مذاهب الادب الغربي، الموسوعة الصغيرة، ١٢١، ص١٣–١٧ .

164– کێشی عەرووز (عروض)، خليل بن احمد الفراهيدى لە هيندييەوەوەريگرتووە، شيعری کلاسيکی کوردی بەزۆری سوودی لەدوو کێشی (هـزج) و (رمـل) وەرگرتووە، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کێشەکانی عەرووز لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، بڕوانە: د. مارف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی (الوفاء)، بەغداد، ١٩٦٢ . عەزیز عەبدوڵڵا گەردی، کێشی شیعری

له رووی ناوەرۆکیشەوە بابەتە سەرەکییەکانی شیعری کلاسییزمی کوردی، هەروەکو مەبەستەکانی شیعری میللەتانی دراوسێن، بەتایبەتی عەرەب و فارس، وەسف و ستایش و داشۆرین و مەی و خواپەرستی و دڵداری و نیشتمانپەروەرییە، ئەگەر لە روانگەی ئایدیۆلۆژییەوە لەبابەت و ناوەرۆکی شیعری کلاسییزمی کوردی بڕوانین، هەرگیزاو هەرگیز لە خزمەتی چینی زەحمەتکێش و چەوساوەی کورد دا نەبووە، چونکە شیعرەکان گوزارشتیان لەخواستی جووتیارو پاڵەی کورد نەکردووە، بەڵکو بەزمانێکیش شیعرەکان هۆنراوەتەوە چینی زەحمەتکێش لێی تێنەگەیشتووە، شاعیرەکانییش ئەوەندە پەرۆشی ئەوە نەبوون خەڵکی سادە لێیان تێ بگات، خەریکی ووردەکاری و سەنعەتی شیعریی وورد بوون و ئەو بیروڕایە هەردەم باڵادەست بوە کە شیعر بۆ کەمینەو چینی هەڵبژاردە دەنووسرێ بۆیە سەیر نییە گەر شاعیرێکی وەکو (**نالی**) هاواری لێ هەڵسێ و بڵێ:

**عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فـــرۆشـــم**
**زۆرم گوت و کەسی تێ نەگەیی ئێستە خەمۆشم**[١٦٦]

گۆڤاری (هیوا) لەپاڵ ئەوەی، کە ژمارەیەکی زۆر شیعری نوێی کوردی بڵاوکردۆتەوە، شیعری شاعیرانی کلاسیکیشی بڵاوکردۆتەوە و تەنانەت لەبەر بەرزیی شیعرەکان و بەگرنگی روانینە ئەو شاعیرانەوە زۆرجار (**دیوانی هیوا**)دا لەسەرەتادا بڵاوکراونەتەوە یان لەسەررووی شیعرەکانەوە نووسراوە: (ئەو گوڵانەی هەرگیز سیس نابن)

**ئەحمەد موختاری جاف** (١٨٩٧ – ١٩٣٥ز) لەشیعرە بەناوبانگەکەیدا داوا لەگەنج و تولازی کورد دەکات بخوێنن و روو لەزانین بکەن:

**لەخەو هەستن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتـــــانە**

---

کلاسییکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەروزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسی، (نامەی ماجستێر)، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٤، ل٣٠٧ – ٣٠٨ .

[165]– کۆمەڵە زاراوەیەکی هاوبەش هەیە، کە لە شیعری کلاسیکیی میللەتانی رۆژهەلاَت دا بەدی دەکرێت، لەوانە: ئاتەشی توور، بەردولعەجوز، جیلوەگەر، چەشمەسار، چەرخی دوون پەروەر، رەهزەن، سەرووی رەوان، مووشکاف، مەردومەك، هوما.. هتد.

[166]– د. مارف خەزنەدار، دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، ل٧٧.

**هەموو تەئریخی عــالەم شاهدی فەزل و هونەرتـــانـــە**

**دەســـا تێ کۆشن ئەی قەومی نەجیبی بێ کەس ومەزڵوم**

**بە گــورجی بێ بڕن ئەو ڕێــگە دوورەی وا لـــەبـــەرتـــانە**

ئەم شیعرە لەرووی رووخسارەوە، لەسـەر کێشی عـەرووزەو لەبـەحری (هـەزەج)ی هەشت هەنگاوی یە (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفـاعیلن) لـەرووی قافیەشـەوە، قافیـەی کۆتایی بـەیتی یەکـەم بـووە بـە بنـەما بـۆ هـەموو بەیتـەکان تـاوەکو دوابـەیت، بڕوانـە: (زەرەر، هونــەر، لەبــەر...)، لــەرووی زمانیــشەوە، وشــەی بێگانــەی زۆری تیابــەدی دەکرێت، (زەرەر، تەئریخ، عالەم، شاهد، قەوم، نەجیب، مەزلووم...)

**ئەختـــەر** (١٨٣٩ – ١٨٨٧ز) لەغەزەلێکیـدا ،کـە لەسـەر کێـشی عــەرووز و لەبـەحری هەزەجی هەشت هەنگاوییە دەڵێ:

**ئـەمان ســـــاقی دڵـی شەیدا لەجەوری دیدە غەمگینە**

**لە نەشئەی چــاوەکەی مەستت پیاڵە پڕ کە بۆم بینە**

**فدای چاوی ســیاهت بووم، کە هۆشم بوو ئەویشم چوو**

**بەتاراجی نیگاهت چوو، ئــــەگەر عەقڵ و ئەگەردینە** ١٦٧

**مەولەوی** (١٨٠٦ – ١٨٨٣ز) لەوەسفی بەهاردا دەڵێ:

**نازك تەدارەك فـــەصل وەهــــــــاران**

**شیرین ئارایش هەردەو کــۆســــــاران**

**گول چون روی ئازیز نەزاکەت پۆشـــان**

**وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان** ١٦٨

ئــەم شــیعرەی (**مەولــەوی**) لــەرووی رەوانبێژییــەوە کلاســیکییەو لــەرووی کـێش و قافیەشەوە هەروەکو سەرجەم شیعری کوردی شێوەی گۆرانی لەسەر کێشی خۆماڵییـە، کێشی دە بڕگەی پەنجەیە، لەڕووی قافیەوە جووت قافیەیەو هـەر بەیتـە قافیـەی خـۆی هەیەو لەمەسنەوی نزیك دەبێتەوە.

---

[167]– نزار، ئەختەر کێ یە؟.. گ هیوا، ژ٩، س١، ل٨٧.

[168]– مەولەوی بەهار، گ هیوا، ژ٨، س٢، ل٤٠٤ .

## ڕێبازی ڕۆمانسییزم

ئەم ڕێبازەیش یەکێکە لەڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب، کە زۆربەی لێکۆڵەرەوەکانی ئەدەب بەشۆرشێکی ئەدەبی دەزانن بۆ رزگار بوون لەکۆت و پێوەندی ئەدەبی کلاسیکی کۆن، کە دوای ئەوەی سەدە و نیوێك لەئەدەبی ئەورووپی دا درێژەی کێشا، بێ گومان هەموو ڕێبازێکی ئەدەبی لەناکاو کت و پڕ لەدایك نابێ و دەروازەیەکی هەیە، بۆیە لەرەخنەی ئەدەبی دا ئەو قۆناغەی بەر لە ڕێبازی ڕۆمانسیزم بە (پێش ڕۆمانسیزم – ماقبل الرومانتيكية) ناسراوە، کە (**جان جاك روسۆ**) دەورێکی سەرەکی تیا بینیوەو چاکسازی ئایینی ڕێ خۆش کەر بووە)١٦٩.

سەرەتاکانی ڕۆمانسیزم لەئەدەبی ئینگلیزی و ئەڵمانی دا دەرکەوت پاشان لەفەرەنسا بەشێوەیەکی پتەو جێگیربوو، ئەو ڕێبازەی (وەکو دیاردەیەکی ئایدیۆلۆژی تەنها خۆی لەهونەردا نەدۆزیوەتەوە، بەڵکو پەرەی ستاندووە بۆ شارستانی و ڕۆشنبیرییەکانی تریش وەکو (کۆمەڵناسی، و ئایووری و ساسی، و فەلسەفە و ئایین، و زانستە سروشتییەکان پزیشکەگەرییش)١٧٠

ڕێبازی ڕۆمانسییزم لەناوەرۆك و لەبنچینەدا لەگەڵ ڕێبازی کلاسیزمی پێش خۆی جیادەبنەوە بەوەی، کە (هەر لەسەرەتادا لەوە دووركەوتنەوە کە بەزۆر بەوردی خۆیان و بیرو بۆچوونەکانیان بخەنەڕوو، بەپێچەوانەی کلاسیکییەکان تەئکیدیان لەسەر روونبێژی و خۆ بەدوورگرتن لەتەم و مژ کردەوە، هەروەها ڕۆمانسییەکان خۆیان لەپۆلین کردن و تێڕوانینی وورد دەپاراست و لەجیاتی ئەوە بە شێوەیەکی راگوزاری و عەفەوی و لەناخی دڵەوە بەخەیاڵ و تێڕامانێکی سەرپێی و ئەزموونی راستەوخۆی

---

169 د. علي جواد الطاهر، الخلاصة في مذاهب الادب الغربي، ص١٨.

170– د. جميل نصيف التكريتي، المضاهب الادبية، ط١ بغداد، ١٩٩٠، ص١٥٧، هەر لەم رووەوە ڤیکتۆر هۆگۆ پێی وایە، ڕێبازی ڕۆمانسیزم و لیبرالیەت لەسیاسەت دا هەردووکیان یەك شتن و هەردووکیان رزگاربوونن، ڕۆمانسیزم لەئەدەب و لیبرالیەت لەسیاسەت و کاروباری وڵاتدا، بڕوانە: الدكتور حلمي مرزوق، الرومنتيكية والواقعية في الادب (الاصول الاديولوجية) دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٣، ص١٨.

خۆیانــەوە بەهرەمەنــد بــوون)[171] لــەپاڵ گەڕانــەوە بــۆ سروشــت و خــەیاڵی فــراوان و گۆشەگیری و فرمێسکی گەرم بۆ خۆشەویستییەکی پاك و بێ گەردی فریشتە ئاسادا ڕێبـــازی ڕۆمـــانـــسییـــزم زینـــدووکـــردنـــەوەی ڕۆحـــی نەتەوەیـــی دروشمـــی بـــوو و ڕوویەکی شۆڕشگێڕییشی هـەبوو و بـارودۆخی تایبـەتی و گۆڕانـەکانی بـاری سیاسـی و دەستەڵات لەفەرەنسادا وای لەشاعیرە ڕۆمانسییەکان کرد خۆیـان لەکۆمـەڵانی خـەڵك جیانەکەنەوەو شیعرو بەرهەمیشیان بۆ ئەو مەسـەلەیە تـەرخان بکـەن و ئـەدەب بکەنـە پەیامێکی کۆمەڵایەتی[172].

ئەدەبی کـوردی، بەلاسـاییکردنەوەی ئـەدەبی تـورکی لـە کۆتـایی جـەنگی یەکـەمی جیهانییەوە گۆڕانکاری و تازەکردنەوەیـەکی بەخۆیـەوە بـینی، ڕێبـازی ڕۆمانـسییزم لـە ئەدەبی کوردیدا لەسەر دەستی **پیرەمێرد** و **شێخ نوری شێخ صالح و گـۆران** .. پـەرەی پێـدراو ئـەویش بەدەرچـوون لەیاسـا چەسـپاوەکانی شـیعری کلاسـییزمی وەکـو خـۆ دەربـــازکردن لەکێـــشی عـــەرووز و ڕووکردنـــە کێـــشی خۆمـــاڵی فۆلکلـــۆری کـــوردی و بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتیو وشەی ڕەسەنی کوردی و بـەکارهێنانی جـووت قافیـە لەڕووخـساردا و ڕووکردنـە کێـشە کۆمەڵایەتییـەکان و هەڵبـژاردنی بابەتـەکان لـەواقیعی ژیاندا.

---

[171]-د. جميل نصيف التكريتي، المذاهب الادبية، ص١٥٩.

[172]– (لامــارتین) شــاعیری گــەورەی فەرەنــسا دەڵــێ: (سەرشــۆڕییە بــۆ کەســێ گــۆرانی بڵــێ و لەولایشەوە وا ڕۆما دەسووتێ) بۆ زیـاتر زانیـاری بڕوانـە: فـان تـیغم، الرومنطيقيـة، ترجمـة بهـيج شـعبان، بـيروت، ١٩٥٦، هــەروەها: ليليــان فرســت. الرومانــسية، ترجمــة: د. عبدالواحـد لؤلـؤة، موسوعة المصطلح النقدي (٢)، بغداد، ١٩٧٨.

خورشید ڕەشید ئەحمەد، ڕێبازی ڕۆمانتیك لەئەدەبی کوردی دا، بەغدا، ١٩٨٩.

– گۆران دەڵێ: (شیعرە تازەکان بەوەزنی پەنجە (هیجا) هەڵبەسـتراون، کـە هەرچـەند شـیعر دۆســتانی کــۆن بەخوێندنــەوەی ڕانــەهاتوون بــەلاَم لەبــەر ئــەوەی وەزنــی تایبــەتی نەتەوایەتیمانە وە لەگەڵ خصائصی زمانەکـەمان زیـاتر ڕێـك ئەکـەوێن بـە پێویـستم زانـی لەماوەی تەقەلاَی ئەدەبی خۆما ڕۆژ بـەڕۆژ بـەرەو لایـەنی بـەکارهێنانی ئـەم وەزنـە بـچم) بڕوانە، گۆران، بەهەشت و یادگارو فرمێسك و هونەر، چ٢، ل١٢.

ئەگەرچی گۆڤاری هیوا لەسەردەم و رۆژگارێکدا دەرچووە، کە رێبازی رۆمانسیزم لەناوەوەدا کزبیوو، بەلام گرنگی دانی گۆڤارەکە بەرێبازە ئەدەبییە جیاوازەکان گۆڤارەکەی دەوڵەمەند کردووە.

(**غ. س. غەمبار**) لەپارچە شیعرێکدا (**بەیانی زوو**)، کە ئەمە یەکێکە لەنیشانەکانی نەحەسانەوەو خەم و خەفەت و نەخەوتن، لەهەمان کات دا پاك و بێ گەردی سروشت و هێمنی و جوانی سروشت لە رۆمانسیەت دا، گوێ بۆ ناڵەی دڵی شوانێك رادەگرێ کە بە شمشاڵەکەی دەردی دڵی هەڵدەڕێژێ:

**بەیانی یێك زوو پێش مەلا بانگدان**

**پێش پێ کەنینی زەردی قەد هەردان**

**پێش ئەوەی لەدەشت گزنگی هەتاو**

**بەبزەی لـــــــێوو بەواتەی سلاو**

**وەك بەرگی تاوس هەزار جۆرە رەنگ**

**سپی و سوورو شین زێڕین و قەشەنگ** ١٧٣

**مارف بەرزنجی (پشکۆ)**، گفتوگۆیەکی هێمنانە لەگەڵ دڵی خۆی دەکات و دەیەوێ پەی بەئەسراری دڵ ببات و بەرەو دنیای یادگارییە کۆنەکانی رۆژانی گەنجی مل دەنێت و خۆزگە بەو رۆژگارە دەخوازێت و خەفەت بۆ ئەوە دەخوات جارێکی تر لاوی ناگەڕێتەوە:

**ئـــــەی دڵ وەك دەریای پڕ و لێڵ**

**شامـــــە لاوانان لەکـــەنارت وێڵ**

**کەس تێ نەگەیشت چییە ئەسرارت**

**کـــەس بۆی نەکراوە گرێی ئازارت**

تادەگاتە:

---

[173] –غ.س. غەمبار، دەنگی شمشاڵ، گ. هیوا، ژ٣، س١، ل٣٤.

**کـــــــەی جارێکی تر نیگار دێتەوە**
**جـــــــوانی بەسەرچوو ناگەڕێتەوە** ١٧٤

گەلاڕێزانی پاییزو خەزان و بارانی پـاییز وانـاخی **(گـۆران)** دەهـەژێنێن نموونەیـەکی بەرزی شـیعری ڕۆمانـسی کـوردی و داهێنەرانـەی (گـۆران) دەخـولقێنێ، دیمـەنی پـاییز لەلای شاعیرانی ڕۆمانسی نیشانی گریان و توانەوەی ڕۆحەو حەسـانەوەیەك و سـوکنایی دڵە:

**دڵۆپی ساردو فێنك با لەسەر دارو دەوەن بـــــڕژێ**
**بەسەر سنگی چیادا چۆکی داداوە، کـش و بێ دەنگ**
**بەسەر پاییزی زەردا با بەخوڕ بگری، بەکـوڵ بگری**
**لەسەر ئاخر گەلا، ئاخر چڵی تەنیایی گـــــوڵ بگری!**

تادەگاتە :

**گە بیعە ت زەرد و ژاکاوە، لەحاڵی گیان کەنشتایە،**
**نیشانەی ماتەمی پایز لەفرمێســـــــکی درش،تایە !..** ١٧٥

ئەم شـیعرە لـەڕووی زمانـەوە، بەکوردیـیـەکی پەتیـیـەو لـەڕووی کێـشەوە، لەسـەر بەحری (هزج)ەو جووت قافیەیە.

## ڕێبازی ڕیالیزم

ئـەم ڕێبـازە ئەدەبییـەش سـەرەتا لـە فرەنـسا سـەری هەڵدا، پێـشڕەوەکانی ڕازی نەبوون واقیع بکەنە شتێکی میسالی (میتافیزیك)، هەوڵیان دەدا، کە وێنەی شتەکان لـە واقیعدا چۆنە وای وێنە بکێشن و نووسـەر تیایـدا بێلایـەن بێـت. بۆیـە نووسـەرەکان لـە

---

174– پشکۆ، دڵی من، گ. هیوا، ژ٧، س١، ل(٤٠–٤١).
175– گۆران ، هەوری پایز، گ. هیوا، ژ(٢،٣) س٣، ل١٤–١٥.

ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لە فەرەنسادا کەوتنە خەیاڵی ئەوەی بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە گوزارشت لەژیانی خەڵکی سادە بکەن.

یەکێ لەسیماکانی ئەم ڕێبازە ئەوەبوو بەربەرەکانێ و توندوتیژی لەگەڵ ڕێبازی ڕۆمانسییزمدا نەبوو (بەپێچەوانەی ململانێ ی نێوان کلاسییزم و ڕۆمانسییزم) ئەگەر ڕۆمانسییەکان شیعری لیریکییان وەکو هونەرێکی ئەدەبی بۆ گوزارشت لەخەیاڵ و ئەندێشەی خۆیان هەڵبژارد، ئەوا ریالییزم لەسەرتاوە لەلایەن چەند چیرۆکنوسێکی وەکو بەلزاك و ستەندال گەشەی پێدراو جێگەی خۆی کردەوە، کە هەر ئەوانە خۆیشیان سەر بەرێبازی ڕۆمانسییزم بوون و سەرنجی بەهێزیان دەربارەی ژیانی ڕۆژانەی سەردەم هەبوو، هەروەها نابێ دەوری (فلۆبێر)مان لەبیربچێت، کە هەر زوو لەڕۆمانسییزم هەڵگەڕایەوەو گاڵتەی پێ کردن١٧٦، ئەمەش کاریگەرییەکی وای بوو لەدوای خۆی (**مۆپاسان**)یش لەسەر هەمان ڕێڕەو ڕۆیشت.

ڕێبازی ریالییزم لەبنچینەدا بڕوای وایە (شەڕ) سەرەتاو بنەمایەو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێوەی دەناڵێنێ، نەوەکو (خێر) کەلای میسالییەکان بنچینەیەو بڕوایان وایە هەموو شتێك خۆی لەخۆیدا (خێر) و (چاکە)یەو دوایی ئالوودە دەبێت، بۆیە سەیر نییە ئەو بیروڕایە لەڕۆمانی ڕۆماننووسەکانی سەر بە ڕێبازی ریالیزم ڕەنگ بداتەوەو باشترین نموونەش (**کۆمیدیای ئینسانی**)یەکەی (**بەلزاك**)ە.

ئەمەیە تێڕوانینی ریالییزم، بەتایبەتی (**ریالیزمی ڕەخنەگرانە**) بۆ هونەرو بۆ کۆمەڵ، بەڵام ریالییزمی سۆسیالیستی، ئەگەرچی زۆربەی نووسەران پەیوەستی دەکەن بە ڕۆمانی (**دایك**)ی گۆرکی یەوە، بەڵام (ڕەگ و ریشەی ئەم ڕێبازە لەلای چەند نووسەرێکی غەیری سۆڤیەتی، وەکو لۆرکای ئەسپانی، و برێختی ئەڵمانی و ئەراگۆنی

---

[176] – فلۆبێر، خۆی لەسەرەتادا لەگەڵ ڕۆمانسییزمەکان بوو، پاشان چەندین چیرۆکی لە دژی ڕۆمانسییزمەکان نووسی و قەناعەتی بەوە بوو، نابێ ئەدەب بکرێتە هۆیەك بۆ چاکردنی کۆمەڵ، بەڵکو (هونەر دەبێ بۆ هونەر) بێ هەروەکو مەبەستی نیگارکێشێك نیگارەو بەس، ئەگەر ڕۆمانووسێکیش ئەگەر ڕۆمانەکەی لەخزمەتی مەسەلەیەکدا بوو ئەوا ناپاکی لەگەڵ هونەرەکەیدا کردووەو هونەرەکەی کردووە بە هۆیەك نەوەکو مەبەستێك، بڕوانە: د. علي جواد الطاهر، الخلاصة في مذاهب الادب الغربي، ص٣٠.

فەرەنسی و نازم حیکمەتی تورکی و بابلۆ نیرۆدای چیلی و فۆچیکی چیکی و کەسانی تردا بەرچاو دەکەوێت)[177] .

ئەم ڕێبازە لە رووسیا (لەسەرەتای سەدەی بیستەم دا لەبارودۆخیکی رەخنەیی دژ بە کەپیتالەکان لەلایەن چینی زەحمەتکێشانەوە (**پرۆلیتاریا**) سەری **هەڵدا**، ئەوانە خۆیان بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی لە رووسیادا ئامادەکردبوو وەك لەبەرهەمی (دایك)و شیعر و رۆمانە شیعرییەکانی گۆرگی و شاعیرانی پرۆلیتاریا سەری **هەڵدا**.

ریالیزمی سۆسیالیستی هەنگاوێکی تازەی لەبەرهەمی هونەری بەرەو پێش چووی مرۆڤایەتی داناوە.. لەبەرهەمە هونەرییەکاندا تەنێ پشت بە بەرهەمی ئێستا نەبەستراوە، بەڵکو رابردوویش کە سوودی کۆمەڵگای تیابێ بەستراوە. واتە نووسەرانی سەر بە ڕێبازی ریالیزمی سۆسیالیستی تێڕوانینیان بۆ ئەدەب و هونەر ئەوەیە، کە دەبێ ئەدەب لەخزمەتی کۆمەڵدا بێ و خەون و ئازار و ویستی چینی زەحمەتکێش و هەژاران دەربڕێ، لەم بارەیەوە (**بیلینسکی**) وەها ریالیزم راڤە دەکات، (**خوڵقاندنەوەی سەرلەنوێی واقیعە لەگەڵ هەموو ئەو راستییانەی واقیع بەخۆیەوە دەگرێت)**

کەوابێ جیاوازی سەرەکی نێوان ریالیزم لەئەوروپاو وڵاتە سۆسیالیستەکانی پێشوو ئەوەیە، ریالیزم لە ئەوروپا واتا (**هونەر بۆ هونەر**) و ئەوەی تر (**هونەر بۆ کۆمەڵ**)، لێرەدا **هەوڵ** دەدەین، بزانین تاچەند ئەو ڕێبازە ئەدەبییە کاریگەری خۆی بەسەر شاعیرانی گۆڤاری هیوادا بەجێ هێشتووە.

لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و گیانی شۆڕشگێڕی و بزووتنەوەی ١٩٤١دا، ئەدیبانی کورد رووەو ڕێبازی ریالیزم هەنگاوی خێرایان ناو رووداوەکان بوونە هەوێنی بابەتە ئەدەبییەکان بەشیعرو چیرۆکەوە، شاعیرە رۆمانسییزمەکانیش ئیتر لەجیاتی ئەوەی بۆ یارەکانیان بگرین، دەسبەداری گۆشەگیریی خۆیان بوون و کەوتنە رەخنەگرتن لە ناهەمواریەکانی کۆمەڵ.

---

[177] – الدكتور سالم احمد الحمداني، مذاهب الادب الغربي ومظاهرها في الادب العربي الحديث، ص١٨١.

(**پیرەمێرد)**ی شاعیر، کە لەریزی پێشەوەی ئەو شاعیرانەبوو، نقوومی خەیاڵی رۆمانسییانە ببوو، ئەمجارە کاریگەری وەسبەی ١٩٤٨ و شەهیدانی گەلی کوردو عەرەب هەژاندی:

**تائێستا رووی نەداوە لەتەئریخی میللەتـا**
**قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لەهەڵمەتا** [١٧٨]

(**بێ کەس و گۆران و هەردی و دیلان و کامەران**)یش بەهەمان شێوە مەشخەڵی گڕی تووڕەی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی و دەردە کۆمەڵایەتییەکان لەچەوسانەوەی ئافرەت و کێشەی نێوان دەرەبەگ و جووتیارو نەخوێندەواری و چەندین بابەتی رۆژانەی چینی زەحمەتکێشی یان کردە بابەتی شیعرەکانیان و (**رێبازی ریالیزم**)یان چەسپاند.

**عەبدوڵڵا گۆران** (١٩٠٤ – ١٩٦٢ز) دەڵێ: (پاش ئەم ماوەیە، کە سەرمەستی ئەدەبی تورکی و فارسی بووین، بەرە بەرە ئەدەبی تازەی عەرەب و ئەدەبی ئینگلیزی هاتنە کایەوەو بڵاوبوونەوە، وە هەروەها (تیاری) سیاسی و کۆمەڵایەتی کەوتە ناومانەوە.. وە من بە تەئسیری ئەو دوو ئەدەبە کەوتمە هەوای واقیعیەتەوە.

ئەبی ئەوەش لەبیر نەکەین کە لەسەرەتاوە، بەهۆی ئەدەبی ئینگلیزییەوە بەدوای نڤریەی (هونەر بۆ هونەر) ئەرۆیشتم و بەرهەمی ئەم تەرزە ئەدەبەم ئەخوێندەوە، وەکو هینەکانی (**جۆن کیتس**)و (**ئۆسکار وایلد**)، بەڵام لە ١٩٣٥ بەولاوە وە دوای هاتنە ناوەوەی جووڵانەوەی پێشکەوتوویی (تقدمی)و کۆمەڵایەتی پاڵی پێوەناین کە لەئەدەبی عەرەبی و ئینگلیزییشدا بەدوای نموونەی ئەدەبێکی تقدمی بگەڕێین. بەم هۆیەوە لە ١٩٣٥ بەولاوە ئەم رێگەیەم گرت، وەکو لەهەڵبەستی (**دیاری خوای شەڕ**)دا دەرئەکەوێ، کە لە گۆڤاری گەلاوێژ لەساڵی ١٩٤٣دا بڵاوکرایەوەو چەند ساڵێك بەر لەو مێژووە دامنابوو)[١٧٩]

---

178– دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەو ساغ کردنەوەی فایق هوشیارو کەسانی تر، ل٢٠٧.

179– عبدالرزاق بیمار، دانیشتنێك لەگەڵ (گۆران)دا، گ. بەیان ، ژ٢، ل٣٠، سەبارەت بە ریالیزمی سۆسیالیستی، کە ئاماژەمان بۆ کرد، نموونەی لە ئەدەبی کوردیدا زۆر دەگمەنە، چونکە ئەمە جیایە شاعیرێك لە شیعرێکی دا داوای سۆسیالیستی بکات، لەگەڵ بنەماکانی رێبازەکە خۆیدا.

قۆناغی گۆڤاری هیوا، قۆناغی ریالییزم بوو لەئەدەبی کوردیدا، دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە هەردەم پشتگیری نوێخوازیان کردووەو دەستی شاعیرانی لاویان گرتووەو هانی بلاوکردنەوەی شیعری ریالییزم و نموونەی بەرزی شیعرییان داوەو واقیعە کۆمەلایەتییەکەیان کردۆتە بابەتی سەرەکییان.

**خالید دلێر** هەموو جوانی سروشت بەلاوە دەنێ ئەگەر خەلکی ولاتەکەی هەژارو زۆرلێکراوبن و بەدەستی هەژاری و نەدارییەوە بنالێنن، غەمی نەبوونی لەسەرووی هەموو غەمەکانەوەیە، بێ گومان دەستەلاتییش تاوانباری یەکەمە لەو مەسەلەیەداو نەبوونی دادوەری کۆمەلایەتی هۆیەکەیەتی، شاعیر دەلێ:

**ولاتم لەمە زیاتر جوان بێ**
**هەموو شتێ هۆی دلّ خۆشی و ژیان بێ**
**ئەگەر ئێمەی خاوەن ولات هەژاربین**
**چەوسێنراوەی دەس بێگانەو زۆردار بین**
**بەئێمە چی جوانی سروشت؟ هی بەهار؟**
**روونی کانی، وورشەی گیا، چرۆی دار؟**
**کام جوانی کام ئاواز کام بۆنی خۆش**
**دلّی هەژار لەخەم ئەکەن فەرامۆش** [١٨٠]

**حەسیب قەرەداغی** لەبیرەوەری یەکەم سالّی شۆرشی ١٤ی تەمووزدا بەراوردێك لەنێوان ژیانی کارگەران و جووتیارانی گەل دەکات، کە زۆرینەی کۆمەلّیان پێك دەهێنا لەپیش شۆرش و دوای شۆرش، لەوێنەیەکی شیعریی دا وادێتەگۆ:

**کارگەرانمان، چینی پێشرەو هەلگرانی بیری روون**
**رەنجخوراوو مایە پووچ بوون خاوەنی نانێ نەبوون**
**مافی ژینیان وونکرابوو زۆربەیان زارو زەبوون**

180– خالد دلێر، بەهاری ژین، گ. هیوا، ژ١٠، س١، ل٣٦.

**رەهبەرانیان دیل و بەندبوون یا بەکوشـــــتن تیا ئەچوون**
**ئێســـــــــته کارگەر مافی دیارەو بیری خۆی بـەرپائەکا**
**دوژمنـــانـــی کـــۆن و تازەی ســـــــەر کزو بەرپائەکا**[181]

لەم وێنە شیعرییەدا، دەروونی شاعیرو کەف و کوڵی شۆرشگێڕی دوای شۆرشی ١٤ی تەمووز بەئاسانی خـۆی دەنـوێنێ و لەخۆشەویـستی جووتیـارو کارگـەری وڵات دا خـۆی دەدۆزێـتەوە. تەنانەت وشەکان گەواهی بۆ بیری سۆسیالیستی پێـشکەوتنخواز دەدەن. (کارگەر، چینی پێشڕەو، هەڵگرانی بیری روون، رەنجخوراو). ئەم وشانە لـەو رۆژگـارەدا لەلایەن حیزبی شیوعییەوە، لـەکۆڕو کۆبوونەوەکانـدا زۆر دووبارەدەبوونـەوە. لەهـەمان کاتدا، لەم وێنەیەدا ئیشارەت بۆ لەسێدارەدان و لەناوچوونی رابەرانی ئەو بـیرە، (بـیری کۆمۆنیستی) دەکات، کە کرێکار بەچینی پێشڕەو لەقەڵەم دەدات، لەلایـەن رژێـم و دارو دەستەی کۆنەپەرستی پێش شۆرش.

شاعیرێکی دی بەنازناوی (م. ر) گفتوگۆی نێوان بەگ و حسەشەل وەکو جووتیارێکی کلۆڵی بێ دەرەتان و هەژار لەوێنەیـەکی شـیعریی دا دەردەبڕێـت، کـە بەتـەواوی ژیـانی جووتیاری کورد پیشان دەدات:

حسە شەل:

**چۆلێ کز نەبم، چۆن کــز نەبم؟**
**ئەی رووخۆش بم وەك تۆ بەگم؟**
**هەموو رۆژێ بەبێ پشـــــــوو**
**هەتاکو شەو، بەیـــــــانی زوو**
**ئەرز ئەکێڵم، جـــــــۆگا ئەبرم**
**لەبرســــــیشا ئەوا ئەمــــــرم!**

بەگ:

---

[181] – حسیب قەرەداغی، بیرەوەری یەکەم ساڵی شۆرشی ١٤ی تـەمووز، گ. هیـوا، ژ(١١،١٢)، س٢، ل٥٧.

**هەی ناڕەسەن! هەی سەرسەری!**
**بەشی خوا تۆ ناشـــــــــــکوری؟**[182]

شاعیر لەشیعرێکی درامی دا وێنەی نارەزایی جووتیارێك و چۆنیەتی بیر کردنەوەی ئاغایەك دەردەبڕێ و پەنجە لەسەر زامی جووتیارەکە دادەنێت، کەلەگەڵ ئەرك و ماندووبوونی زۆر بەرهەمەکەی بۆخۆی نییە و بۆ باخەڵی ئاغایەك و خۆیشی وا لەبرسان دادەمرێ، کەئەمە بێ گومان نموونەیەکی کۆمەلگای دەربەگایەتییەو خاوەندارییەتی تایبەتی و تاکەکەس تێیدا بەرکەماڵەو هۆشمەندی دەرەبەگەییش پیشان دەدات لەوەی، کەمەسەلەکە ئاوەژوو دەکاتەوەو پەیوەستی دەکات بەشتێکی ئەزەلییەوەو خوا بەشی کردووە، ئەویش خۆشبەختی و بەدبەختییە.

ئەم شیعرە لەرووی کێشەوە لەسەر کێشی خۆماڵییەو هەشت بڕگەییەو لەسەر پەیڕەوی شیعری نوێ جووت قافیەیەو بەزمانێکی کوردی پەتی نووسراوەو دژە وشەکانیش توانیویانە مەبەستی شاعیر بپێکن:

کـــز ◄──────── رووخۆش
شەو ◄──────── ڕۆژ

ئەمـــە ســـەرباری ئـــەوەی هەڵبـــژاردنی نازنـــاوی (حـــسەشەل) بـــۆ پاڵەوانەکـــە (جووتیارەکە)یش هێمایە بۆ باری دوواکەوتوویی کۆمەلایەتی کوردەواری[183].

---

[182]– م. ر، نموونەیەك لەرابردوو، گ هیوا،ژ٣١، ل٤٤.

[183]– لە گۆڤاری هیوادا ژمارەیەکی زۆر لە شیعری ریالیزم بلاو کراوەتەوە، بڕوانە:دلزار، بۆ فریشتە ئاسایش، گ هیوا،ژ٤، س٢، ل١٤–١٧.
میکائیل رەشید، کووداچوو. ، گ هیوا، ژ٥، س٣، ل٦٣.
هۆشەنگ، نوێژی جووتیار، گ هیوا، ژ٣٠، س٤، ل٦٤–٦٧.

# بەشی سێیەم

## گۆڤاری هیواو پەخشانی کوردی

ـــ ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لەپەخشانی کوردی

ـــ هونەرە سەرەکیەکانی پەخشانی کوردی

ا - وتار

ب - ژیاننامە

پ - چیرۆك

## ئاوڕێکی مێژوویی لە پەخشانی کوردی

پەخشانی نووسراو لەئەدەبی کوردیدا چەند سەدەیەك دوای شیعر دەرکەوتووە، بێ گومان مرۆڤ هەر لەسەرتاوە بەقسەو پەخشان دەستی پێ کردووە، بەڵام پەخشانی هونەری لەرووی نووسینەوە دیارە وەکو شیعر نەتوانراوە کورت و چڕ بێ و مۆسیقی بێ و ئەزبەر بکرێ، بۆیە سەرەتاو سەرهەڵدانی راستەقینەی پەخشان نەوەکو هەر لەئەدەبی کوردی دا" بەڵکو لەئەدەبی میللەتانی دیکەشدا پابەندە بەدەرکەوتنی چاپەمەنی و رۆژنامەو گۆڤار، بۆیە ئەدبی کوردی بەگشتی قەرزار باری رۆژنامەوانییە.

کۆنترین دەقی پەخشانی نووسراو، کەلەبەر دەست دابێ، کتێبەکەی عەلی تەرەماخییە لەبارەی دەستووری زمانی عەرەبی بەکوردی[١٨٤]. گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە یەکەمین کتێبی کوردییە، کەبەپەخشان نووسرابێتەوەو مێژوویەکی کۆنی هەیە، ئەگینا لە رووی ناوەرۆکەوە شتێکی زیاد نەکردووە، لەم رووەوە کتێبی کۆنتر زۆرە بەزمانی عەرەبی.

دوای ئەو، (**عەقیدەی کوردی**) مەولانا خالیدی نەقشبەندی یە (١٧٩–١٨٢٧)، ئەم نامیلکەیە بەشێوەی پەخشان نووسراوەتەوەو ناوەرۆکێکی ئاینی هەیە، وا دەست پێ دەکات:

> **(ئەگەر کەسێ دەپرسێت ئیسلام چی یە؟ ئیسلام پێنج روکنی هەیە، لەسەر هەموو موسڵمانی عاقڵ و بالغ بێ واجبە بیزانێت، عەمەلیشی پێ بکا، ئەووەل ئەوەتە (اشهد): بەدەڵ دەزانم بەیەقین، بەزووبان دەڵێم بەئیختیار (ان لا اله): هیچ مەعبودێ بەحەق لایق پەرستن بێ (الا اللە) ئیللا ئەو زاتە نەبێت واجبی بوونی، ئیسمی ئەللایی.)**[١٨٥]

---

[184]– د. مارف خەزنەدار، دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی عەلی تەرەماخی بەغدا، ١٩٧١.
هەروەها: رەشید فندی، عەلی تەرەماخی، بەغدا١٩٨٥.

[185]– محمدی مەلا کەریم، عەقیدەی کوردیی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، گ کۆڕی زانیاری عیراق (دەستەی کورد) ب٨، ل٢٠٦.

لەهەمان سـەدەدا **شێخ حوسێنی قازی** (١٧٩٠–١٨٦٨)یـش (مەولودنامـە)ەکـەی خـۆی نووسیووە. ئەم مەولودنامەیە ناوەرۆکەکەی باسی دروست بوونی گـەردوون و بوونـەوەر دەکات، کە لەخۆشەویستی پێغەمبەر دروست بووە. لـە رووی رووخساریـشەوە زۆربـەی مەولوودەکـە بەپەخـشانی سـەروادار نوسـراوەتەوە. سـەرەتا ئـەم پەخـشانە وا دەسـت پێدەکات:

**ئەی موسڵمانینە ئەم مانگە مانگی مەولودە، مانگێکـە زۆر عەزیمـە، زۆر شـەریف و کەریمـە، لەتـەرەف خوداوەنـدی عالیمـەوە، چـونکە تێیـدا بەوەلـەدا داهـاتبێ نـەبی یـەکی کـەریمی وەکـو محەمەدوالمستەفا بێـت (ص) ئـەم مانگـە مانگێکـە تێیـدا نـازل بـووە رەحمـەتێکی عاممـەن عوموموەن بەسەبەبی ئەم مانگەوە بۆمان حاسل بـووە کـەیف و سـروور، بەسەبەبی ئەم مانگە رۆییوە لەلامان حوزن و غەم و خەفەت بەسەبەبی ئەم مانگەوە دەفع بووە لەسەرمان بەڵاو موسیبەت.)**[١٨٦]

گرنگی ئەم پەخشانە لە رووی ئەدەبیەوە لەوەدایە، کە ئەو کورتە چـیرۆك و پەنـدو عیبرەتانـەی بەشـێوەیەکی سـادە خراونەتـە روو لـەلای هەنـدێ نووسـەر و رەخنـەگران بەسەرتایەکی سادەو ساکاری چیرۆك کوردی لەقەڵەم دەدەرێن.[١٨٧]

بڵاوبوونـەوەی چـاپ و رۆژنامـەو گۆڤـار لەمێـژووی کلتـووری میللەتانـدا رووداوێکـی گەورەیەو شایانی گرنگی پێدانێکی زۆرە.

لە رێگەی رۆژنامەوانیی کوردییەوە پەخشان گەشەی کـردو چـەندین لـق و پـۆپی لـێ بووەوە[١٨٨] لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمـدا رۆژنامـەی (**کوردسـتان ١٨٩٧-١٩٠٢**) یەکـەمین

---

[186]– مەولود نامە بزبان کردی، ترجمە مصگفی شێخ حسین قاچی،١٣٠٢،ص١. (دەسنووس).

[187]– بۆ ئەم رایە بڕوانە : د. عزالدین مصگفی رسول، الواقعیە فی الادب الکردی، ص ٢٠٦.

د. معروف خزندار، القصە الکردیە، مجلە الپقافە الجدیدە، العدد الپانی، بغداد، ص٩٤.

د. جمشید الحیدری، تاریخ تگور النپر الفنی الکردی فی العراق، مجلـە دراسـات کردیـە، العـدد الاول، السنە الاولی، ١٩٨٤، ص٥٨.

رۆژنامەی کوردی بوو، وشەی کوردی بەهەموولایەکدا بلاَو کردەوەو بووە سەرەتایەك بۆ رۆژنامەوانیی کوردی و هونەرەکانی پەخشانی بەرەو پێشەوە برد. پاشان گۆڤاری (رۆژی کورد – ١٩١٣)، وتارو چیرۆك و بەشەکانی دیکەی پەخشانی ئەدەبی چەند هەنگاوێك بردە پێشەوەو تەنانەت بەسەرەتایەك دادەنرێت بۆ لێکۆڵینەوەی چیرۆکی هونەریی کوردی. دوای جەنگی جیهانی یەکەمییش رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی ١٩١٨) و(گۆڤاری زاری کرمانجی – ١٩٢٦) و (رۆژنامەی پێشکەوتن – ١٩٢٠) و (گۆڤاری گەلاوێژ –١٩٣٩) و (گۆڤاری هیوا– ١٩٥٧) و (گۆڤاری شەفەق – ١٩٥٨) ..هتد، هەموویان لەدایك بوون و لەهەمەچەشنیی هونەرەکانی پەخشانی کوردیدا رۆڵێکی دیارو بەرچاویان هەیە.

---

[188]– پەخشانی نووسراو بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەبێتە سەر دوو جۆر:

١–پەخشانی ئەدەبی (هونەری)

٢–پەخشانی زانیاری.

پەخشانی ئەدەبی (هونەری) چەند لقێکی لێ دەبێتەوە – وتار – خوتبە، چیرۆك ، شانۆگەری، ژیاننامە، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، بیرۆکە، دانان، لێکۆڵینەوە، نامە، وەرگێران، مێژوو، وتووێژ. بەلاَم پەخشانی زانیاری راستییەکی زانیاری دوور لە سۆزو خەیاڵ دەردەبڕێ و بیری نووسەری تیا دەرناکەوێ، بەپێچەوانەی پەخشانی ئەدەبی (هونەری) کە پشت بە وشەی رازاوەو خەیاڵی فراوان دەبەستێ و نووسەر رای خۆی دەردەبڕێ. بڕوانە: د.شوکریە رەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب،ل١٣٥.

## هونەرە سەرەكییەكانی پەخشانی كوردی

**یەكەم: وتار**

(وتار) چەندین پێناسی جیاجیای بۆ كراوە. چەند پێناسەیەك بۆ نموونە دێنینـەوە بـۆ ئەوەی لە نـاوەرۆكی ئـەو پێناسـانەوە چـەند خـاڵێكی گرنگ دەستنیـشان بكـەین. لـە (Britannica aEncyclopaedi) دا هاتووە:

**(هونەرێكی ئەدەبییە بەشێوەیەكی سادەو كورت لەسنورێكی دیاریكراودا نووسـەر لێی دەكۆڵێتەوەو بیروڕای خۆی تێدا دەخاتە روو.)**[189]

لەفەرهەنگی (**لاروٚس**)ی فەرەنسیـشدا نووسـراوە: **(وتـار بـەو نووسـینە دەوتـرێ، كـە نووسەرەكەی تێیدا قووڵ نە بۆتەوەو وەڵامی تەواوی نەداوەتەوە.)**[190]

**د. ناصـر الحـانی** دەڵـێ: **(شـێوەیەكە لەشـێوەكانی ئـەدەبی پەخـشان، ئامـانجی گەیاندنی هەواڵێكە یان روون كردنەوەیەكی زانستییە.)**[191]

**د. شوكریە رەسول** دەڵێ : (نووسـینێكی ئەدەبییـە لایـەنێ لەلایەنـە دیاریكراوەكـانی ژیان دەگرێتە خۆ یا بابەتێكی تەسكی ژیان لێكدەداتەوە.[192]

لەهـەمان كـات دا لێكۆڵـەرەوەكان هـەوڵیان داوە جیـاوازی لـەنێوان وتـاری ئـەدەبی و غـەیرە ئـەدەبی دا بكـەن، **یوسـف نجـم** دەڵـێ :**(وتـاری ئـەدەبی پارچـە پەخـشانێكی سـنووردارەو بەشـێوەیەكی خێـراو عەفـەوی بـێ زۆر لـەخۆ كـردن و مانـدوو بـوون دەنووسرێ و یەكەم مەرجیشی ئەوەیـە دەبـێ گوزراشـتێكی راستگۆیانەی كەسـیەتی نووسەر بێ.)**[193]

(وتاری ئەدەبی دەبێ جۆرە شـاعیریەت و بەهرەیـەكی تیـابێ و نووسـەر زۆر لـەخۆی نەكات بـۆ نووسـینی و لەمەرجـە سـەرەكییەكانی تـەكنیكی هونـەریو خـودی نووسـەر دەربڕینە، لەوەشدا لەگەڵ وتـاری فێركردنـدا یـەك دەگرنـەوە، كەهـەردووكیان سـیفەتی

---

189 – (Britannica Encyclopaedia)

190 – عبداللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي،ص١٧٣.

191 – الدكتور ناصر الحاني، المصطلح في الادب الغربي، ص١٥٢.

192 – د. شوكریە رەسول، ئەدەبی كوردیو هونەرەكانی ئەدەب، ل١٣٨

193 – محمد يوسف نجم، فن المقالة، ص٩٥.

کورتیو باسکردنی بابەتێکی دیاریکراویان هەیە، بەڵام ئەوەی دووەمیان (وتاری فێرکردن – هـ) تەنها پێویست بەوە دەکات نووسەر مادده زانستییەکان بەشێوەیەکی روون و بەزمانێکی چاك دەربرێت.)[194]

(وتاری ئەدەبی لەسەر بەرنامەیەکی دیاریکراودا ناڕوات، بەڵام لە ئەوەی تر پێشەکی و خستنە روو و کۆتایی و بابەتی و گرنگی دان بە مەبەستی فێرکردن سیمای وتارەکەیە.)[195]

هەروەها جیاوازیەکی دیکەش لەنێوان هەردوو وتاردا بەدەی دەکرێت، ئەویش ئەوەیە: (وتاری ئەدەبی ناتوانێ درێژەی پێ بدەیت و بیکەیتە بەرهەمێکی درێژ یان کتێبێك، بەڵام دەتوانرێ ئەوە لەگەڵ وتاری تەعلیمی دا بکرێت، لێکۆڵینەوەیەکی کورت بکەیتەوە لێکۆڵینەوەیەکی درێژ یان کتێبێك.)[196]

ئەمە بێجگە لەوەی وتاری ئەدەبی کەسایەتی نووسەری تێدا دەردەکەوێت وتاری تەعلیمی رۆشنایی دەخاتە سەر بابەتەکەو بە وردی شی دەکاتەوەو جێگەی سۆزو خەیاڵی تێدا نابێتەوە.

وتار بەبەرزترین هونەری ئەدەبی دەژمێردرێت، ئەمەش رەنگە لەوەوە بێت بەپلەی یەکەم، چونکە وتار بۆی دیار نەکراوە، کە چ بابەتێك بخاتە روو وە چی دەگرێتەوە، ژیان و زیندەگی مرۆڤ بەهەموو بوارەکانیەوە دەشێن ببنە ماددەی وتار نووسین،

---

194– د. علي جواد الطاهر، مقدمة في النقد الادبي، ص ٢٦٣.

195– قدام سعيدة، المقالة في الادب الجزائري الحديث،(رسالة ماجستير) جامعة بغداد، كلية الاداب،ص١٧. بەڵام نووسەرێکی تر بیروڕای جیای هەیە ، کەوتاری ئەدەبیش بەرنامەی هەیە، بڕوانە: عمر الدسوقي، نشأة النثر الحديث وتطوره، القاهرة، ص٨١.

196– د. علي جواد الطاهر، مقدمة في النقد الادبي. ص٢٦٤. هەروەها: الدكتور فائق مصطفى والدكتور عبدالرضا علي ، في النقد الادبي الحديث ومنطلقات وتطبيقات، الموصل..... هەروەها مامۆستا عەزیز گەردی هەندێ نیشانەی وتاری هونەریی چاکی دەست نیشان کردووە، بڕوانە: عەزیز گەردی، پەخشانی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، مەنهەجی پۆلی سێیەمی بەشی کوردی لە کۆلیژی ئەدەبیات، هەولێر، ١٩٧٩، ل٣٥–٣٦.

کەوابێ وتار پەل پۆی زۆری لێ دەبێتەوەو سیفەتی گشتی وەردەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بۆزیاتر روونکردنەوەی مەبەست دەکرێ چەند بابەتێکی وتار جیا بکەینەوە:

**١- وتاری کەسیەتی:**

دەربڕینێکی هونەری راستگۆیانەیە نووسەر لەمیانەی ئەزموونەکانی ژیانی خۆیەوە هەڵیهێنجاوەو رەنگدانەوەی سروشت و ناخی خۆیەتی.

**٢- وتاری کۆمەڵایەتی:**

ئەو وتارەیە، کەنووسەر تیایدا رەخنە لەناهەمواریەکانی کۆمەڵ دەگرێ و هەوڵ دەدات (زۆر جاران بەجۆرە تەوس و پلارێکیشەوە) بیروڕای خۆی لەمەڕ هەژاریو داب و نەریت و نەخوێندەواریو شتە تازە داهاتووەکانی کۆمەڵ دەربڕێ.

**٣- وتاری وەسفی:**

نووسەر وەسفی ژیانی سروشتی و کۆمەلایەتی دەکات، وەسفی سروشت دەکات، بەچیاو دارو دەوەن و چینەکانی کۆمەڵ، هەموو ئەم وەسفانەش لەپێناو خستنە روو و روونکردنەوەی مەبەست، واتا (لێرەدا وسف کردن هۆکارە و ئامانج نیە. هۆکارێکە بۆ چەسپاندنی ئەو رایەی ، کەدەیەوێ بیخاتە روو رەنگە بابەتەکە سروشت بێ یا هەندێ زیندەوەر بێ. نووسەر لەسرنج دانی و دەست نیشان کردنی دا مەبەستی ئەوەیە ببێتە یارمەتی دەرێك بۆ ئاشکرا کردنی ئەو رایانەی کەدەیەوێ پێشنیاری بکا.)[١٩٧]

**٤- وتاری فەلسەفی:**

نووسەر سەرنجی خۆی لەمەڕ بوون و کێشەکانی ژیان و فەلسەفەی بوونی خوداو دروست بوونی مرۆڤ دەردەبڕێن بەجۆرێك کەورد بوونەوەو رامانی قووڵی تیایە بۆ راڤە کردنی ئەم گەردوونە.

---

[197]– د. شوکریە رەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل١٤٠. هەروەها قدام سعیدە، المقالە ڤی الادب الجزائری الحدیپ، ص١٨ د. دواد سلوم، النقد الادبی، القسم الپانی، ص٢٧.

**٥- وتاری زانستی:**

ئه ونووسینانه‌ن كه نووسه‌ر ده‌یه‌وێ به‌كورتی كۆمه‌ڵێ زانیاریی ، جا چ له‌ بواری زانسته رووته‌كان، وه‌كو بیركاری و فیزیاو كیمیا یان زانسته كۆمه‌لآیه‌تیه‌كان و مرۆییه‌كان وه‌كو جوگرافیاو مێژوو و كۆمه‌ڵناسی به‌خه‌ڵك بگه‌یه‌نێ له‌سه‌ر به‌رنامه‌یه‌كی زانستی و گونجاو.

**٦- وتاری ره‌خنه‌یی:**

ئه‌و پارچه‌ نووسینانه‌یه، كه‌نووسه‌ره‌كه‌ی بابه‌تێكی ئه‌ده‌بی وه‌رده‌گرێت و هه‌ڵیده‌سه‌نگێنێ و ره‌خنه‌ی لێ ده‌گرێت و لایه‌نه راست و ناراسته‌كانی ده‌خاته ژێر تیشكی لێكۆڵینه‌وه.

سه‌ره‌تاو سه‌رهه‌ڵدانی وتار له‌ئه‌ده‌بی كوردی‌دا، هه‌روه‌كو میلله‌تانی دی په‌یوه‌سته به‌له‌دایك بوون و بلآوبوونه‌وه‌ی رۆژنامه‌و گۆڤارو چاپه‌مه‌نی‌یه‌وه.[198]

بلآوبوونه‌وه‌ی چاپه‌مه‌نی و رۆژنامه‌یش په‌یوه‌نده به‌راده‌ی هۆشمه‌ندی و روونا‌كبیریی ئه‌و میلله‌ته‌وه، رۆژنامه له‌نێو میلله‌تانی خوێنده‌واردا زووتر بلآو بۆوه و هه‌ر له‌وه‌ێشه‌وه وتارو سه‌روتار وه‌كو كۆڵه‌كه‌ی پشتی رۆژنامه‌نووسی گه‌شه‌ی كردو به‌ره‌و پێشه‌وه چوو. له‌گه‌ڵ ده‌ركه‌وتنی پرشنگی یه‌كه‌م رۆژنامه‌ی كوردی (**كوردستان**) له ٢٢ی نیسان ١٨٩٨ دا، ده‌بینین وتار خۆی ده‌نوێنێ، له‌وتارێكدا كه‌خه‌ڵكی بۆ خوێندن هان ده‌دات، ده‌ڵێ:

( حه‌زره‌تی پێغه‌مبه‌ر (علیه الصلاه والسلام) گوتی:(العلماو ورپه الانبیاو) ئانكو عوله‌ما وارسێن ئه‌نبیانه ژ ته‌ره‌ف خودیده مه‌ئموون وه‌عزو نه‌سیحه‌تی بده‌ن، خه‌ڵكی رێیا قنج نیشان وان بكه‌ن له‌وما گه‌لی عوله‌ماییێن كوردا چاوه ئه‌وان وه‌عزو نه‌سیحه‌تا نمیژی دده‌ن وه‌لی دڤێ ئه‌وان میرو ئاغاو كرمانجێن دناسن وان ته‌شویقا زانینان عیلم و

[198]- سه‌باره‌ت به‌گرنگی وتار له‌ ئه‌ده‌بی عیراقی هاوچه‌رخ و سه‌رهه‌ڵدانی له‌باوه‌شی رۆژنامه‌دا بڕوانه: د. منیر بكر، اسالیب المقالة وتطورها في الادب العراقي الحدیث والصحافة العراقیة، ط١، ٧-١٠. هه‌روه‌ها الدكتور محمد حسن عبدالله ، فنون الادب دار الكتب الثقافیة،ط٢ ،الكویت، ص٢٦١.

مەعریفەتی بکەن رێیا قنج نیشا وان بکەن هەکی ئەوان وی نەکەن گونەهی حەمیا ستۆی وەیە.١٩٩

لە کوردستانی عیراقیشدا، رۆژنامەی (**تێگەیشتنی راستی**) لە ژمارەیەکی : سێ شەممەی یەکی کانوونی دووەمیدا، چەند وتارێك بەرچاو دەکەوێت. لە وتارێکیدا، کە دێتە سەر باسی پەیوەندی نێوان ئەڵمان و عوسمانیی (تێگەیشتنی راستی) دەڵێ: (.. بەڵی ئەڵەمانیا حکومەتێکی جەلادە، ئەمما کوشتنی تورکی لە پێش عەرەب و کورد ئارەزوو دەکردو لەژێریشەوە بۆ کوشتنی عەرەب و کورد دەستی بەتورکەکانەوە دەنا.)٢٠٠ ئەگەر سەیری باری خوێندن و خوێندەواریش لەکوردستانی عیراقدا بکەین، تا سەرەتای ئەم سەدەیەش ژمارەی خوێندنگاو قوتابخانەکان لەپەنجەی دەست تێپەڕی نەکردووەوە خوێندەوار کەمبوون.

**پیرەمێرد** دەڵێ :(**کە لە ئەستەمبول هاتمەوە، ئەم سلێمانییە پەپوو تیا ئەیخوێند، شارێکی وێران، قەومێکی پەرێشان، نەخەستەخانە، نەقوتابخانە، نەمامۆستا هیچی نەبوو، زیوەر، مەلا سەعید بێ پارەو پوول دە دوانزە منداڵیان گردکردبووەوەو دەرسیان پێ دەوتن.)** ٢٠١

حاڵی میللەتێك لە رووی خوێندەوارییەوە وابێ بێ گومان رۆژنامەو گۆڤار درەنگ دەردەکەوێ. ئەگەر رۆژنامەو گۆڤار لە مێژووی میللەتان دا وەکو سەرچاوەی یەکەم سەیر نەکرێت، ئەوا بۆ مێژووی کوردو باری کۆمەلأیەتی و سیاسی و ئەدەبی و رۆشنبیری بەسەرچاوەیەکی کرنگ و بەپێز دادەنرێت لەمەیدانی لێکۆڵینەوەدا، چونکە توانای چاپ و چاپەمەنی بەتایبەتی کتێب هەردەم کۆسپ بووە. رەنگە ئەمەش بەپلەی یەکەم نەبوونی قەوارەی سیاسی و دەوڵەتی سەربەخۆی خاوەن دەستەلأت

---

199 – د. کەمال فواد، کوردستان یەکەمین رۆژنانەی کوردی،١٨٩٨–١٩٠٢، ل١٢.

200 – د. کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی راستی شوێنی لە رۆژنامەنووسیی کوردییدا، ل١٦٢.

201 – غەفوور میرزا کەریم ، تەقەللایەکی دڵسۆزانە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری لە کوردستاناو کۆمەڵی زانستی لەسلێمانی، ل١٤.

هۆکارەکەی بێ. بۆیە وتارە جیاجیاکانی ناورۆژنامەو گۆڤارەکان تا رادەیەك ئەو کەلێنە بەرفراوانەیان پڕکردۆتەوە، وتار لەئەدەبی کوردیدا، ئەوەندە گرنگی پێ نەدراوەو لێکۆڵینەوەی بەرفراوانی زانستیانەی دەربارەی نەکراوە، بەشێوەیەك لە مێژووی ئەدەبی هاچەرخ دا وەکو هونەرێکی ئەدەبی لایەنە ئیستاتیکاکانی وەکو داهێنانێکی ئەدەبی نەخراوەتە روو، ئەمەش وەنەبێ هەر لەئەدەبی کوردیدا، بەڵکو لە ئەدەبی عەرەبی و میللەتی تریشدا ئەم دیاردەیە بەر چاو دەکەوێ. ٢٠٢

دیاردەیەکی دیکە لەوتار نووسەکاندا سەرنج رادەکێشێ. ئەویش ئەوەیە، هەروەکو پێشتر روونمان کردەوە، ژمارەی رووناکبیرە کوردەکان لەسەرەتای ئەم سەدەیەو تا چارەکی یەکەمی ئەم سەدەیە کەم بوون، بۆیە وتارەکان لەلایەن شاعیر و ئەدیب و رۆشنبیرانەوە نووسراون، بەهەموو جۆرەکانیيەوە، وتاری سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و زانستی ..هتد، شێوازی هەموویان زیاتر شێوازی ئەدەبی یان بەسەر دا زاڵە لە رووی شێوازو زمانەوە.

گۆڤاری (هیوا) هەروەکو رۆژنامەو گۆڤارەکانی پێش خۆی، وتاری بەبڕبڕەی پشتی خۆی زانیوەوە گرنگی تایبەتی پێداوە، لەگەڵ تێکەڵاوییەك لە نووسینی وتارەکان لەلایەن ئەدیب و رۆشنبیرو پزیشك و ئەندازیارانەوە، واتا روناکبیرەکان بێ گوێدانە ئەوەی، کە خۆی ئەدیبە بۆ نموونە، کەچی وتاری سیاسیشی نووسیوەو لە چەندین مەیدانی دی وتاری نووسیوە، ئەمەش بەپلەی یەکەم هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کەژمارەی رۆشنبیرو خوێندەوار لەو کاتەدا کەم بووە، هەر ئەو چینە لە مەیدانەکەدا بوون و کاروباری سیاسی و ئیداریشیان بەرێوە بردووەو کۆمەڵیان لە ئەو ئاستەنگانەی بەردەمی هۆشیار کردۆتەوە. لەپاڵ ئەوەشدا گۆڤاری (هیوا) بڕوای تەواوی

---

[202]– بڕوانە: فاضل ثامر، في جماليات المقالة الحديثة في الادب العراقي، مجلة الاقلام، العدد ١٢، ص٣٧-٤٦

بەپسپۆریەتی هەبووە[٢٠٣] و هەوڵی داوە سوود لەشارەزاییو پسپۆری کەسانی دیار وەربگرێ و بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی پێوە کردوون. هەروەها گۆڤارەکە کۆششی زۆری کردووە، لەبەر نەبوونی گۆڤاری بڵاکراوەی تایبەت بەزانست و سیاسەت و مێژوو و فۆلکلۆر و رەخنەو ئەدەبی منداڵان و شانۆو جوگرافیاو ئابووری، وتارەکان هەمە جۆرە بن و هەموو ئەو مەیدانانە بگرێتەوە، بەتایبەتی لەساڵانی یەکەم و دووەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزدا چەندین وتاری سیاسیی بڵاو کردۆتەوە[٢٠٤].

**وتارەکانی گۆڤاری هیوا بەپێی مەبەست و ناوەڕۆك**

وتارەکانی گۆڤاری هیوا بەپێی مەبەست و ناوەڕۆك بەم شێوەیە دابەش دەکەین:

وتاری ئەدەبی هونەری:

وتاری ئەدەبی ئەو بیروڕایانەیە، کە ئەدیب بەزمانێکی پاراوو وشەی رازاوە و بۆچوونی پڕ لەسۆزو ئەندێشەو خەیاڵی داهێنەرانە لەو بابەتانە دەدوێ، کە پەیوەندە بەرێبازەکانی ئەدەب و چۆنیەتی پێش خستنی ئەو ئەدەبە بۆ ئاستێکی بەرزوجوان لە رێگەی لێکۆڵینەوەو رەخنە.

وتارە ئەدەبییەکانی گۆڤاری (هیوا) چەندین بابەتی زیندووی ئەدەبی بەخۆوە گرتووە، هەر لەگرنگی وێژەو ژانرەکانی ئەدەبی و دەوری نووسەران و پێوەندی ئەدەب بەکۆمەڵەوە.

---

[203] – لە ژمارەکانی گۆڤارەکەدا چەندین وتاری زانستی و تەندروستی بڵاو کراوەتەوە، کەهەموویان بەقەڵەمی کەسانی پیسپۆر و پزیشکەکان نووسراون، لەوانە دکتۆرەکان ئەحمەد عەلی عوسمان و ت. ب مەریوانی و عەبدولرەحمان عەبدوڵلا و نامق قادرو ...هتد.

[204] – گۆڤاری (هیوا) لەسەروتاری ژمارە (٩،١٠) ی ساڵی دووەم، نیسان و مایسی ١٩٥٩ ئەوەی روونکردۆتەوە: (هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە، (هیوا) بوو بەدەنگێکی شۆڕش بۆ ناو گەلی کورد. وە بەم پێیە لەبەر نەبوونی رۆژنامەو گۆڤاری سیاسی کوردی لەسەرەتای شۆڕشدا (هیوا) توانی ئەو ئەرکە بگرێتە شان و لەسنووری خزمەتی گەل لە رووی ئەدەبەوە بچێتە دەرێ بۆ خزمەتی سیاسی).

شێخ محەمەدی خاڵ چەند وتارێکی لەمەڕ وێژە بڵاو کردۆتـەوە، لـە وتارێکدا بـەناوی (وێژە) دا دەڵێ :

(ئاشکراو عەیانە لـە هـەموو کەسـێکەوە کـە وێـژەی هـەموو گـەلێك ئـەگۆڕێ بـەپێی گـۆڕانی وێـژەر – ادیـب –ەکایـان، وە بـەپێی خوێنـدەوارییان و ئارەزوویـان و پـەی دەستییان لەگەڵ ئەو بیروباوەڕانـەی، کـە هەیانـە هـەروەك ئـەگۆڕێ بـەپێی ناوچـەیان، ئەنجا ئەم ناوچەیە ناوچەی کۆمەڵایەتی بـێ لەسیاسـەت و ئـایین و بـاوی ناوخۆیـان، یـا ناوچـەی سروشـتی – گبیعـی – بـێ لەسـەرماو گـەرماو شـاخ و داخ و دەشـت و دەرو چەشمەنداز. هەموو وێژەیەك ئەگۆڕێ بەگۆڕانی گەل، وە لەگـەڵ ئـەوا ئاوێتـە ئـەبێ. وە هەردوو لاکار لەیەکتریی ئەکەن..)[٢٠٥]

بەوپێیـە تەئکیـد لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە، کـە هـەموو ئـەدەبێك لـەدایکبووی سـەردەمەکەی خۆیـەتی و بـەو پێیـە لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە، کـە هـەموو ئـەدەبێك لـەدایکبووی سـەردەمەکەی خۆیـەتی و بـەو پێیـە مامەڵـەی لەگـەڵ دەکـرێ، هـەروەها ئەدەب دیاردەیەکی نەتەوەییە.

ئایـا نووسـینی (هونـەر بـۆ هونـەر) یـان (هونـەر بـۆ کۆمـەڵ) کامیـان راسـتە؟! ئەمـە مەسەلەیەکی رەخنەییەو پێوەندی بـە ئایـدیۆلۆژیاو جـۆری بیرکردنـەوەی نووسـەرەوە هەیە.

لـە مەسـەلەیەکی ئـاوا کاریگـەری ئەدەبیـدا وتارێـك بەناونیـشانی (ئـەدەب بـۆ کـێ ئەنووسرێ؟!) نووسراوەو ئەو دوو رێبازە شی دەکاتەوە و دەڵێ:

(سەرچاوەی ئەدەب لەکۆمەڵەوەیە وەخۆی کردەوەیەکی کۆمەڵایەتیە نەك کردەوەی تەنها کەسێ وە هەموو کارەسات و رووداوێك لەتەبیعیەت و ژیاندا کاری تێ نەکات. یانی کردەوەیەکی زیندووەو بەستراوەتەوە بەقانوونی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیـەوە وە ئـەدەب

---

[205]– شێخ محمدی خاڵ، وێژە، گ هیوا، ژ٨، س١، ل٧.

وێنەیەکی راستەقینەی هەست و هۆش و بیرباوەرو شێوەی ژیانی و پـەیڕەوی کۆمـەڵێك یا چینێك ئەنوێنێ لەقۆناغێکی تایبەتیدا.)٢٠٦

قۆناغی پەنجاکانی ئەم سەدەیە نەوەکو هەر لەئـەدەبی کوردیـدا، بـەڵکو لەئـەدەبی عەرەبیی عیراقیشدا بەقۆناغی کـامڵبوون و گەشـە کردنـی هونـەری چـیرۆك ناوەدبرێـت، شـیکردنەوەی مەرجـەکانی چـیرۆکی سـەرکەتوو و چـۆنیەتی نووسـینی ئـەو هونـەرەو جۆرەکانی چیرۆك لە وتارێکی بەنرخدا بلاوکراوەتەوەو دەڵێ:

**(... پێویسـتە چـیرۆك بەشـێوەیەك دابڕێـژرێ کـە زنجـیرەی خـەیاڵی خوێنـدەوار نەپسێنێ، پچڕ پچڕ نەبێ، نووسـەر بەهـەموو ئارەزوویەکـەوە هـەوڵ بـدات ئـەو بـیرەی مەبەستیەتی دەری بڕێ و بەپێی توانای خۆی دووری نەخاتەوە، لێرەدا چیرۆك نووسی چاك وەك سوار چاك وایە کەتوند جڵەوی ولاخەکەی ئەگرێ و هەرگیز بۆی شل ناکا کـە هەڵیگرێ. کەواتە پێویست لەسەر نووسەر دوای قەڵەمی نەکەوێ هەرچـۆنێکی دایەبـەر بۆی شل کا، چونکە ئەگەر دڵسۆزیەکی وای بەرامبەر – فیکـرەو موچـوع – پیـشان دا ئەو کاتە چیرۆکەکە بینایەکی قەشەنگ دەرئەچێ.)**٢٠٧

**(گـۆران)** لەسـەر خواسـتی (هەڵبەسـت دۆسـتێك) وتـارێکی لەمـەڕ کـۆنی و تـازەیی لەهەڵبەستا نوسیوەوە دەڵـێ :( **هەڵبەسـتی کـۆن دوایـی هـەموو بەیتـەکانی بەدرێـژیی کشانی قەسیدە یان غەزەل لەسەر یـەك قافیـە ئـەڕوا، بـەلام یـەك قافیـە لەهەڵبەسـتی تازەدا دێڕەکان – زۆرتر – دوو دوو ئەبەستێ پێکـەوە، لای ئەوپـەڕی لەقافیـە بەنـدی دێڕەکانی یەك بەند زیاتر تێ ناپەڕێ.)**٢٠٨

**ج. بابان** چەندین وتاری هەمە چەشـنەی سـەبارەت بەهونـەری مۆسـیقاو گـۆرانی بـلاو کردۆتەوە، لەوتارێك دا سەبارەت بەمەقامە کوردییەکان و گۆیندەو هونەرمەنـدە دەنـگ خۆشەکان دەڵێت:

---

206 – احمد دڵنیا، ئەدەب بۆ کێ ئەنووسرێ؟!، گ هیوا، ژ(١٢،١١)، ل٣٠.

207 – مصطفی صالح کریم، چیرۆك نووسین و هونەری چیرۆك، گ هیوا، ژ١٢،س١،ل٤١.

208 – گۆران، کۆنیو تازەیی لەهەڵبەستا، گ هیوا، ژ٣١، ل٧.

**(لـە کـوردەواری دا دەنـگ خـۆش و گۆینـدەی وا هەڵکـەوتوو هـەبوون و هـەن کـە پێویستە هەرگیز هەر بەشانازیەوە ناویان ببرێ و لەهەمان کاتدا هەوڵی ئەوە بدرێ کە نەهێڵرێ ناوی ئەوانەی رۆیشتون لەبیر بچنەوە پێویستە ناوی ئەوانـەی ئێستاش هـەن بخرێنە پێش چاو خۆ ئەگەر بۆ شانازیش نەبێن باهەر بۆ مێژوو بێت و بەس.)**[209]

**علاءالـدین سـەجادی** لەچـەمکی ئـەدەب دەکۆڵێتـەوەو لـەوەڵامی پرسـیاری ئـەدەب چـییەو چـۆن لـەناو کـورد دا ئـەو گوزارەیـەی پەیـدا کـردووە، دەنووسـێ: (ئـەدەب بەجۆرێکی تێکرایی بەمانا زیرەکی و شەرم و راگرتنـی هـەر شـتێکە لەئەنـدازەی خۆیـا. عیلمی ئەدەب شت زانین و زانیاریە کە هەر کەس بەهۆی ئەوەوە ئەتوانێ خۆی بپـارێزێ لەو شتە ناشایستانە کە بەهۆی زمـان وە یـا کردەوەیەکـەوە بەسـەریا دێـت بـەجۆرێکی تایبەتیش (ناوە) نایاب و مۆزیقای دڵرفێن و پیشەی قەشەنگ ئەگرێتەوە..)[210]

**وتاری زانستی**

مەبەست لە وتاری زانستی ئەوەیە، کە لەناوەرۆکەکەیدا راسـتییەکی زانـستی بـەمرۆڤ دەگەیەنێ بەزمانێکی سادەی دوور لەخەیاڵ و فانتازی و لەسەر بنەمای ژیرییە.

گۆڤاری هیوا هەروەکو لەسەر بەرگەکەی نووسراوە (گۆڤارێکی ئەدەبی و زانـستییە)، دیارە وتاری زانستیش شوێنی تایبەتی خۆی لەسەر لاپەرەکانی ئەو گۆڤـارەدا بینیـوە. وتارە زانستییەکان زۆربـەیان لەلایـەن کەسـانی پیـسپۆرو شـارەزاوە نووسـراون، لـەپاڵ ئەوەدا گۆڤارەکە خۆیشی لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە گۆشەیان بـۆ هـەواڵی زانـستی تازە کردۆتەوە، کە تیایدا تازەترین هەواڵی زانستیەیان بەخوێنەران راگەیاندووە. وتـارە زانــستییەکان ناوەرۆکــەکانیان ( تەندروســتی و کــشتوکاڵ و ئــەلکترۆنیك و مــانگی دەستکردو تەلەفۆن و چەندین بابەتی دی گرتۆتەوە.)

---

[209] – ج.بابان، گۆیندە دەنگ خۆشەکانی ناوچەی سلێمانی، لـە کۆنـەوە تـا ئـەمرۆ، گ هیـوا، ژ٣٤، س٥، ل١٤.

[210] – علاءالدین سجادی، ئەدەب و گوزارەی ئەدەب، گ هیوا، ژ٣٤، س٥، ل٧.

له وتارێکدا سەبارەت بەنەخۆشی (سوتاننەوەی پەردەدی مێشك وەیا تای مێشك (ذات السحایا)و چۆنیەتی بلاوبوونەوەو خۆپاراستن و دەرمان کردنی ئەم نەخۆشیەیە ترسناکە، نووسراوە:(نەخۆشی سوتاننەوەوی پەردەی مێشك زۆر تونو تیژەو وە ئێجگار بەوئاسانی بلاو ئەبێتەوە، لەپڕ بەتاو سەرێشەیەکی بێ رەزا و دڵ تێك هەلاتن و رشانەوەوە پەڵەی سووری پێستەوە خۆی دەرئەخا. میکرۆبی ئەم نەخۆشیە لەپارچەی سەروی جهازی هەناسەدا وەکو قورگ و گەروو خۆی دا ئەکوتێ و لەوێوەو تەشەنە ئەکاتە ناو خوێن و ئیتر بەهۆی خوێنەوە خۆی ئەگەیێنێتە پەردەی مێشك و لەوێدا دەست ئەکا بەتێکدان – ئەم نەخۆشیە تا ك تاك هەمیشە لەشارە گەورەکاندا روو ئەدا.)[211]

بەحوکمی ئەوەی کوردستان لەو رۆژگارەدا کشتوکاڵ کۆڵەکەی سەرەکی بنەمای ئابووری بووەوە ژمارەی جووتیاران زۆرینەی پێکدەهێنا، بۆیە بلاوکردنەوەی زانیاری بەکەڵك سەبارەت بەکشتوکاڵ و چۆنیەتی بەرەو پێشەوەبردنی و زانیاری لەبارەی دەورەی کشتوکاڵییەوە کارێکی سوودمەند بووە، لە وتارێکی **ئەکرەم جاف** دا هاتووە: (دەورەی کشتوکاڵ ئەوەیە کە زەوییەك بە نۆرە ئەکرێت بەکشتوکاڵ. بەجۆرێکی وا کە ئەرزەکە بێ هێز نەبێت و بەرهەمی زۆر بێت هیچ مەگەزو نەخۆشی و گیای خراپی لەناو نەبێت. چونکە لەولاتی ئێمەدا پەینی کیمیاوی ناکەینە زەویەکانمانەوە، جا ئەگەر بەجۆرێکی تر خزمەتی ئەرزەکانمان نەکەین ئەوا زیانمان ئەبێت.)[212]

له بابەت گەشتی ئاسمانی و نهێنییەکانی بۆشایی ئاسمان، کە تاوەکو ئەمڕۆیش زانیاریمان کەمەو وتاری لەو بابەتەمان کەمە، گۆڤاری هیوا وتارێکی درێژی سەبارەت

---

[211]– دوکتور عبدالرحمن عبدالله، سوتاننەوەوی پەردەی مێشك وە یاتای مێشك (ژات السحایا)، گ هیوا، ژ١، س١، ل٥٢.. پاشان دکتۆری ناویراو ئەم وتارەو چەندین وتاری دی لە کتێبێکی سەربەخۆدا بلاو کردەوە، بڕوانە : دکتۆر عبدالرحمن عبدالله، تەندروستی گشتی، چاپخانەی (سلمان الاعظمی)،١٩٧٢.

[212]– ئەکرەم جاف، دەورەی کشتوکاڵ، گ هیوا، ژ٧، س١،ل٧٢.

بەمانگی دەستکرد و جیهانی ئەلکترۆنیك و ئامێرەکانی گەیاندنی بێتەل و تەلەفۆن، داهێنانی زانست و تەکنەلۆژیای نوێن، چۆنیەتی ئیش کردنی ئەو ئامێرە سەیرەی (تەلەفۆن) ، کە لەچەند ساتێکی کەم دەنگت بەدوورترین شوێنی جیهان دەگەیەنێ، بلاو کردتەوە: (تەلەفۆن ئیشەکەی ئەوەیە، کە دەنگ ئەگۆڕێ بەکارەبا، وە ئەم کارەبایە بە تەل دا ئەنێردرێت دوای ئەمە بەهۆی جیهازێکی تایبەتیەوە کارەباکە ئەبێتەوە بەو دەنگەی لەپێشەوە نێرراوە. بەم جۆرە دەنگە ئەبیسترێت، وە بۆ ئەم ئامانجەش دوو جیهازی تایبەتی هەیە: یەکەم (نێرەر)، دووەهەم (وەرگر)..)٢١٣

بەم شێوەیە گۆڤاری هیوا زۆربەی وتارە زانستییەکانی بەکوردییەکی پەتی و لەلایەن کەسانی شارەزاوە نووسراوە، تا ئەو کاتە گۆڤارێکی زاستی نەبووە، بۆیە گۆڤارەکە بەپێویستی زانیوە بەشداری لەبەرەو پێشەوە بردنی کاروانی زانست لەکوردستاندا بکات بەشێوەیەك کەلەگەڵ ژیان و بیرکردنەوەی میللەت و ئاستی رۆشنبیریاندا بگونجێت.٢١٤

**وتاری کۆمەڵایەتی:**

بابەتی وتاری کۆمەڵایەتی هەموو ئەو دیاردانەی رۆژانەیە، کە پەیوەندی یان بەچینەکانی کۆمەڵەوە هەیە، نووسەری وتار، ئەندامێکە لە کۆمەڵەکەیدا لەبەر ئەوە دەوری کارلێکەرو کارتێکراو دەبینێ، هەم کار لەخەڵکەکە دەکات و هەم کۆمەڵیش کاریگەری لەدەروون و بیرکردنەوەی ئەودا هەیەو کەرەسەو هەوێنی سەرەکی نووسینەکانیەتی. وتارە کۆمەڵایەتیەکان هەموو ئەو دەردو ژان و ناهەموارییانەی گرتۆتەوە، کە لەکۆمەڵی کوردەواری هەستی پێ کراوەوە ئەو رێگەچارانەی، کە دەبنە

---

[213]– ف.ع، تەلەفۆن، گ هیوا، ژ٩، س١، ل٥٤.

[214]– ژمارەیەك وتاری زانستی لە گۆڤارەکەدا بلاو کراوەتەوە، لەوانە:

وردی، ئەتۆم و هێزی ئەتۆم، ژ١، س١، ل٥٦–٦٠.

عوسمان قادر شالی، قەڵەوی، ژ٢، س١، ل٦٣–٦٩.

وریا ئەمین رواندزی، شێرپەنجە، ژ٤، س٤، ل٣٦–٤٠.

مصطفی امین، مەمك زۆری، ژ٤، س٢، ل٣٩–٤٥.

احمد عوسمان، لێکۆڵینەوەی ئەتۆم، ژ(٢،٣)، س٣، ل٤٢–٤٨.

هۆی ئەوەی رادەی هۆشمەندی ئینسانی کورد بەرزبکاتـەوە، بەرامبـەر بـەدەورو پایـەی لەکۆمەڵـدا. تـەوەرە سـەرەکییەکان، ( ژن و منـداڵ و گـەنج و پیـاو)ی گرتۆتـەوە، هـەر لەسەرەتای ئەم سەدەیەداو چەند ساڵێك دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیی لەشارەکانی کوردستان قوتابخانەی کچان کرایەوە[٢١٥].

لەو کاتەوە رۆناکبیرانی کورد بەشیعر و وتاری کۆمەڵایەتی بەپێز هانی خەڵکیان داوەو بۆ ئەوەی کچەکانیان رەوانەی قوتابخانە بکەن و هەست بەبوونی خۆیان بکەن و دەوری شـیاوی خۆیـان لـە کۆمەڵەکەیانـدا بگێـڕن و لەهەنـدێ کـۆت و پێوەنـدی کۆمەڵایـەتی رزگاریان ببێ.

گۆڤاری هیوا لەژمارەکانی بەرایی لەوتارێکدا سـەبارەت سەربەسـتی (ئـافرەت) دەڵـێ: (کچەکانتان بنێرنە قوتابخانە... با بخوێنن، تا خۆیان هەست بکەن کە ئەبێ سەربەست بن، (دیل تا خۆی رانەپەڕێت رزگاری نابێت).

خوێنـدەواری: یـەعنی زانـستی، پیـشەسازی، پـاك و خـاوێنی، پێـشکەوتن، بەگـژ نەخۆشیدا چوون..)[٢١٦]

مەسـەلەی گرنگیـدان بـەژیانی ژنـان و منـداڵ و پـەروەردەی منـداڵان لـەنێو وتـارە کۆمەلآیەتییەکاندا هاتووە. دیارە ئەمەش لەئەنجامی بیرکردنەوەیـەکی قـووڵی ئـەوتۆوە دێـت، کـە منـداڵ هیـوای پاشـەڕۆژی نەتەوەشـەو بۆئـەوەی لـە پاشـەرۆژدا ئەنـدامێکی بەسوودی بۆکۆمەڵ لێ دەربچێت دەبـێ لەسـەر رێوشـوێنی دروسـت پـەروەردە بکـرێ، (هەر کەس تۆزێ شارەزایی لەوەزعی ئافرەتانی عـیراق و کـوردەواری هـەبێ، ئاشـکرایە

---

[215]– لەسلێمانی ١٩٢٦، لەسلێمانی قوتابخانەی (زهراء) بۆ کچان کرایەوە.

بڕوانـە: د. کـەمال مەزهـەر، چـەند لاپەرەیـەك لەمێـژووی گـەلی کـورد، بەشـی یەکـەم، ل٦٢. هەروەها: غەفور میرزا کەریم، تەقەللایەکی دڵسۆزانە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری لەکوردسـتانا و کۆمەڵی زانستی کوردان لەسلێمانی، ل٦٤. لەهەولێریش لەسـاڵی ١٩٤٣ دا یەکـەم قوتابخانـەی کچان کرایـەوە، بڕوانـە: کـەریم شـارەزا، زانـای نـاوداری کـورد، مـەلا ئەفەنـدی، بەشـی دووەم، رۆژنامەی برایەتی، ژ٢٠٤٥ یەك شەممە ١٩٩٤/٩/١٨، ل٣.

[216]– کامەران، سەربەستی ئافرەت، گ هیوا، ژ٤، س١، ل٦٠.

لای کـه زۆربـەیان هەمیـشە گـیرۆدەی جـۆرە دەردێکـن، وە لـە ژیانیانـا تووشـی ئـازارو چەرمەسـەری وا ئـەبن کـە هەربـەناو بردنیـان ئـادەمیزاد موچـڕکەی دێ بەلەشـیا. خـۆ وەزعـی سـاوایان و مـاوەی شـیرخواردن و پێگـرتن و گەوتنـە نـاو کـۆلان و تـا چـوونە قوتابخانە یان، هەر دەمێکی مایەی هەزار چەشنە ناڕەحەتییە چ بـۆ سـاواکان خۆیـان و چ بۆ دایکەکانیان!)٢١٧

تەنانـەت (یـەکێك لـە بەڵگـە گرنگـەکانی پێـشکەوتنی گـەلان و هـۆی سـەرکەوتنیان لەژیاندا، پێگەیاندنی منداڵە و پەروەردەکردنیەتی لەسەر ڕەوشتی باش و خـووی پـاك و بناغەیێکی بەتینی تەندروستی فسیۆلۆجی وە بەرزکردنەوەی هەست و گیانیەتی...)٢١٨

رۆحـی هـەرەوەزی لـەرووی پێوەنـدی کۆمەڵایەتییـەوە دژی گیـانی خۆپەرسـتی و تاکڕەوییە، کەچی (داخی گرانم کورد دوژمنی هەوڵدانی بە کۆمەڵە بۆ پێکهێنانی فرمانێك کە چاکەی گەلی تیابێ، هەرچـەندە لەپێـشەوە بەگـەرمی دەسـت ئەدەینـە ئـیش بـەلام زۆری پێ ناچێ هێزی خۆپەسندی بەسەرمانا زاڵ دەبێ وە هەریەکە لە ئێمـە بـە هـەموو هێزیەوە هەوڵدەدا بۆ ئەوەی قسەو بیرو باوەڕی خۆی سەرکەوێ...)٢١٩

سروشت و دەروونی مرۆڤ وا هەڵکـەوتووە لـە کاتێکـدا کـە خـۆی کۆمـەڵێ خەوشـی تیایەو خەوشی خـەڵکی بەرامبـەر دەردەخـات٢٢٠. بۆیـە (ئـەمڕۆ پێویـستمان بەوریاییـە، پێویستە عاتیفە کارمان تێ نەکات و بەهەڵەمانـدا نـەبات، رابـردووی زۆر نزیکمـان لـەبیر نەچێتەوە، ئەبێت بەچاوێکی زۆر وردەوە بڕوانینە هـەموو کەسـێك، بڕوانینـە ڕەوشـت و

---

٢١٧ – پرشنگ، پاراستنی دایك و منداڵ، گ هیوا، ژ٨، س١، ل٤٤.

٢١٨ – عزالدین ابراهیم، منداڵی کورد، گ. هیوا، ژ١١،س١، ل١٣.

٢١٩ – عبدالقادر قزاز، هەندێ دەردی کۆمەڵایەتی کـە تەگـەرەیان داوە لـە پێـشکەوتنمان، گ. هیـوا، ژ١٠، س١، ل٥٣.

٢٢٠ – عیسا پێغەمبەر (د.خ) لە ئینجیل دا دەڵێ: (بۆچی سەیری پووشی ناوچاوی براکـەت ئەکـەیت و ئاداگاری تەلاشە گەورەکەی ناوچاوی خۆت نیت؟ ٤٢ یان چۆن ئەتوانی بەبراکـەت بڵێیـت/ نـابرا، بیەڵە با ئەو پووشە لەچاوت دەربهێنم لەکاتێکا تـۆ خـۆت تەلاشـەکەی ناوچـاوی خـۆت نابینیـت؟ بڕوانە (ئینجیلی لوقا، بەزمانی کوردی شێوەی سۆرانی، چاپی سوید، ١٩٩٠، ل٢٤.

کردارەکانی پێشوویان، هیچ پێویست نییە لەخۆمانەوە قاقەزی سپیێ بخوێنینەوەو گومان لەئیش کەرێك، لەکەسێکی رابردوو باش پەیدا بکەین بەهاندانی هەندێك کەس کە مەبەستیان داپۆشینی عەیبی خۆیانە...)[221]

## وتاری سیاسی

ئەگەرچی ئیمتیازی گۆڤارەکە ئەدەبی و زانستی بووە، بەلاّم خۆ بەدوورگرتن و دووره پەرێز وەستان لەو هەموو رووداوانەی ئەم رۆژگارە بەتایبەتی رووخانی رژێمی پاشایەتی و راگەیاندنی جمهووری عیراق و پەیوەندییەکی تازەی نێوان کوردو عەرەب لە مەسەلە سیاسییەکان و حوکمی ولاّتدا کارێکی ئەستەم بوو. ئەمەش جارێکی تر وامان لێدەکات بلّێین: (ئەدەب و سیاسەت وەکو دوو قوتبی کارەبان پێکەوە نەبێ رووناکی نادەن. لەپێویستییشدا ئاگر هەلّناکەن)[222]

بەو پێودانگە گۆڤارەکە هەرچەندێك بۆی لوابێ وتاری سیاسیشی بلاّوکردۆتەوەو بەشداری بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کردووە، بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی شۆرشی ١٤ی تەمووز، ژمارەیەکی زۆر وتاری سیاسی بلاّوکردۆتەوە، ئەمەش نیشانەی سەربەستی و ئازادی بیرورا بووە لەو کاتەدا، وتارەکان ناوەرۆکێکی پێشکەوتن خوازانەیان هەیەو زیاتر پێ داگرتنن لەسەر مافی کوردو پشتگیری گەلی کورد لە کۆماری عیراق و سوود وەرگرتنە لە ئەزموونی سۆشیالیستی لە جیهاندا.

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (هیوا) خۆیشیان ئەوەیان روونکردۆتەوە: (هیوا لەبەر نەبوونی رۆژنامەو گۆڤاری کوردی سیاسی لە سەرەتای شۆرشدا ئەرکی گۆڤارێکی

---

221 – رشید عارف، ئیش کەری راست، گ هیوا، ژ(٦،٧) س٢ ،ل١٦.

هەندێ وتاری کۆمەلاّیەتی دیکەش بلاّوکراوەتەوە، لەوانە: فاضل، لادێکانمان، ژ٢، س٢، ل٦٠–٦٨.

خانم زوهدی، بۆ ئافرەتانی کورد، ژ٤، س٢، ل٥٩–٦٣.

ئاکام، دەرەبەگی، ژ٥، س٢، ل١٧–٢٢ .

ل. سیغال، گۆرانی کۆمەلّ، وەرگێرانی وەرزێر، ژمارەی پێشوو، ل٢٨ – ٣٢.

222 – محمد مولود مەم و تاقی کردنەوەی لەچیرۆك نووسیندا، گ. کاروان، ژ١، ل١٨.

سیاسی گرتەئەستۆ، وەکاتێك کە رێگەی گۆڤار و رۆژنامـەی سیاسـی درا، هیـوا هاتـەوە جێگەی خۆیو ئالأی بەرەوپێش بردنی ئەدەب و زانیاری کوردی هەڵکردەوە)٢٢٣

لـە سـەرەتای سـەرکەوتنی شۆڕشـی ١٤ی تـەمووزدا، چـەندین بـەڵێن بـەکورد دراو رۆژگـارێکی تـازە بـوو بـۆ گـەلی عـێراق بەگـشتی و کـوردییش بەتایبـەتی.٢٢٤ بۆیـە رۆشنبیرەکان کەوتنە نووسینی وتاری سیاسی بۆ پشتگیری لـە حکومـەتی جمهـووری و ماف چارەنووس بۆ گەلی کورد. لە وتارێکدا هاتووە:

(دەرچونی حکومەتەکەمان لەیەکیەتییە ساختەکەی عیراق و ئـەردەن، بـەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ یەکیەتی شورەوی، قەڵای ئـازادی و ئاسـایش و پـشتیوانی میللـەتانی ژێر دەستە، بەستنی پەیوەندی لەگەڵ چینی میللـی و هـەموو وڵاتـە سۆشـیالیزمەکاندا، بەردانی بەندییە سیاسییەکان، دانەوەی جنـسیە بـە دەرکراوەکـان، بـانگ کردنـەوەی پاڵەوانی کورد و دوژمنی ئیمپریالیـست و نۆکـەرانی، تێکۆشـەری خۆشەویـست مـستەفا بارزانی و هاوڕێکانی بۆ نیشتمانی نازار، لەپێش هەموو شتێکدا دانان بەماف نەتەوایەتی نەتەوەی کورد لەعیراقدا و بەهاوبەش دانیـان لەجمهوریـەتا.. ئەمانـە چـەند هـەنگاوێکن نایاب و مایەی سوپاسن.. هیوامان زۆر بەهێزە کە گەلیٚ هەنگاوی تر بنیٚ وەکـو سـنوور دانان بۆ ملکیەتی زەوی و زار، و زیاتر ماوەدان بەسەربەستی دیموکراسی و سەربەسـتی نووسـین و بلأوکردنـەوە، کـە ئەمانـە ئـەبن بـەهۆی ئـەوەی میللـەتی تینـووی ئـازادی، میللەتی برسی و رەش و رووت، گەلی رەنج کێش، خاوەن خامەی خاوێن، خاوەن بـیری ئازاد زیاتر هۆگری جمهوریەتە خۆشەویستیەکەی بیٚ و بەدڵ و بەگیان بیپارێزیٚ)٢٢٥

بەهۆی سەربەستی بیروڕا لەساڵانی بـەرایی شۆڕشـدا، (هیـوا) لەسـەروتاریدا دەنگـی هــەڵ بڕیــوەو داوای هەوڵــدان بــۆ یەکگرتنــەوەی هــەر چــوار پارچــەی کوردســتان و بلأوبوونـەوەی بـیری نەتـەوەیی دەکـات، ئەمـەش بـەوە دەبێـت (یـەك بگـرن و هێزتـان

223 هیواو شۆرش و ساڵی سێیەمی ژیانی، گ. هیوا، ژ(١٢،١١)ن س٢، ل٣.

224 بۆ زیاتر زانیاری بروانە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

225 – فاتح عبدالکریم، نەتەوەی کوردو یاسای جمهوریە- گ. هیوا، ژ٣، س٢، ل٧.

کۆبکەنـەوە بـۆ بـەردەوام بـوونی تێکۆشـان و بـەهێزکردنی لـەپێناوی سـەربەخۆیی و یەکگرتنی نیشتمانی خۆشەویستمان کوردستاندا)[226]

پاشان دەڵێ: ( ئێمەش نیشتمانێکمان هەیە پێی ئەڵێن کوردستان، ئەم کوردستـانە هی نەتەوەیە کە هەموو مەرجێکی نەتەوایەتی تیـا هەیـەو مـافی سـەربەخۆیی و ئـازادیی هەیە، بەڵام ئیمپریالیزمی داگیرکەر بۆ سوودی ناشایستەی خۆی چـنگی تـێ خستووەو کردویّتی بەچەند پارچەیەکەوە، جا وەرن ئەی رۆڵەکانی کوردی دلێـر، وەرن خـەباتێکی سـەختی بـەردەوام بکـەین بـۆ یـەکگرتن و یەکخـستنەوەی پارچـەکانی کوردسـتانی خۆشەویستمان)[227]

محمدی مەلا کریم مەسەلەیەکی گرنگی وروژاندووە، ئەویش شوێنی خەباتی نەتەوەیی لەبیروبۆچـوون و تێڕوانینــی کۆمۆنیزمــەوەو بـیروڕای مارکـسیزم – لینینــزم بەرامبــەر بەنەتەوەو داکۆکی کردن لە تێڕوانینی راست و دروستی ئەوان، بەوەی کە، مارکسیزمی – لینینزم بانگی هەموو ئادەمیزاد دەکا بـۆ برایـەتی، وە دەڵـێ لـەژێر سـێبەری یاسـای چینایەتی دا مرۆڤ یا رەنج خۆرە یا رەنج خوراوە، وەلای وایە، کـە دەسـکەوتنی راسـتی مـافی هـەر نەتـەوەیـەك بەسـتراوە بـە رزگـاربوونی ئـەو نەتەوەیـە لـە چـنگی یاسـای چەوسانەوەو خوێن مژین، وە هاوارئەکا کە ئەی کرێکارانی جیهان یەك بگرن: بۆ ئـەوەی یاسای چەوساندنەوەی ئادەمیزاد لەلایـەن ئـادەمیزادی برایـەوە هـەڵگیرێ لەسـەر رووی زەوی و رەنجی شانی رەنجکێشان بۆ خۆیان بێ..)[228]

گۆڤـاری هیـوا لـە سەروتارەکانیـشیدا بـەدەوری بابـەتی سیاسـیدا سـووڕاوەتەوە، بەبۆنەی تەقە کردن لەساڵی دووەمی کۆماری عیراق دا لە عبدالکریم قاسـم سـەروتارێکی توندوتیـژی بڵاوکردۆتــەوەو خــەڵکی کوردســتان لەمەترســی ســەرکەوتنی نەتــەوەیی

---

226 – یەك بگرن و هێزتان کۆبکەنەوە، گ. هیوا، ژ(٦،٧)ن س٢، ل١.

227 = سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

228– محمدی مـەلا کـریم کۆمـۆنیزم و نەتەوایـەتی و نیـشتمان پـەروەری، گ. هیـوا، ژ(١١،١٢)، س٢، ل١٩.

شۆڤینییەکانی عەرەب ئاگاداردەکاتەوەو وەکو بیرخەرەوەیەکیش رەفتاری ئەوان لە سوریا بەرامبەر بەگەلی کورد دێنێتەوەو پشتگیری لەشۆڕشی ١٤ی تەمووز دەردەبڕێ، کە خواستی کوردو عەرەب بووەو دەنووسێ:

(جا ئەگەر بەوردی سەیرێکی ئەو دەستە ناپاکانە بکەین کە ئەیانەوێ کۆمارەکەمان قلپ بکەنەوەو ئەیانەوێ رۆڵەی دڵسۆزی گەل عبدالکریم قاسم لەناو بەرن، ئەگەر وردبینەوە لەوەی کە تەیارێکی کوێرانەی عەرەب لەکایەدایەو ئیستیعمار کردویەتی بەدەس کەلا، ئەگەر وردبینەوە لەوەی کە عبدالناصر و پیرەکەی ئەمڕۆ ئەگرین بەسەر گۆڕی هیتلەرو مۆسۆلینیداو بەهەموو جۆرێ هەوڵ ئەدەن فاشیەت ببوژێننەوە دەرئەکەوێ، کە چ پاشەڕۆژێکی تاریك و نالەبار لەرێمانایە، ئەگەر – خوانەخواستە – ئەم رەگەزە ناپاکانە سەربکەون و بگەنە ئامانجی بەدیان..)[229]

بێجگە لەو وتارانەی، کە لەسەر سیاسەتی عێراق و جمهوریەت پەیوەندی بەکوردەوە، چەندین وتاری دی سەبارەت بەتیۆری سیاسەت و دروستبوونی نەتەوەو لیبرالی و فیدرالیزم بلاّوکراوەتەوە، دیارە روون کردنەوەی ئەم مەسەلانەیش لە بوژانەوەی هەستی نەتەوایەتی و هەست بە بوونی خۆکردن بێ کەڵك نەبووەو هەستیان بەوە کردووە، کە (کوردەواری بەو رێگایەدا ئەڕوا کە هەموو جوێ کەرەوە (ممیزات)ێکی نەتەوایەتیمان ببوژێنینەوە، بۆ ئەوەی خرمان بناسینەوە، وەچە خۆمان و و چە خەڵك، هەموو لایەك بزانین لەچی یا لەنەتەوەی تر جوێ ین، وەبەچی یا کوردین؟ من لەو باوەڕەدام ناتوانین بەتەواوی بەم ئامانجە بگەین تا نەتوانین قەوارەیەکی تایبەتی بۆ ولاّتەکەمان دروست بکەین، بەلاّم دروست کردنی ئەم قەوارەیە ئەمڕۆ کۆسپێکی گەورەی لەرێ دایە هەرچەند لەزۆر شتی گرنگیشدا وەك یەکن، بەلاّم ئاخۆ لەپێش ئەوەدا کە بگەینە ئەوە خۆمان سەروکاری کاروباری خۆمان بکەین، نابێ ئەوەندەی لەتوانادا بێ هەوڵ بدەین بۆ بوژاندنەوەی ئەو جوێ کەرەوە نەتەوەییانەمان؟)[230]

---

[229] – کوردو سەرۆکی دڵسۆز و کۆماری دیموکراتی، ژ١، س٣، ل٣–٤ .

[230] –بەختیار، لەپێناوی بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتیماندا، گ. هیوا ، ژ٦،س١، ل٧٤.

بەمەبەستی دەرخستنی نهێنیەکانی مێژووی کوردو ڕۆشنایی خستنەسەر لاپەڕە پڕشنگدارەکانی مێژووی نەتەوەییمان، کە ببێتە چرایەکی بەتین بۆ ڕووناك کردنەوەی پاشەڕۆژ، گۆڤاری (هیوا) چەندین وتاری مێژوویی لەمەڕ میرنشیەکان و هۆکارەکانی ڕووخانیان و ڕوون کردنەوەی مێژووی شارەکانی کوردستان بلاوکردۆتەوە، لەسالانی یەکەم و دووەمی دا بەتۆرە هەرجارەی وێنەو مێژووی شارو شارۆچکەیەکی کوردستانی بلاوکردۆتەوەو بەبرا کوردەکانی ناوچەکانی تری ئاشنا کردووە. ئەگەر مێژوو یەکێك بێ لەمەرجەکانی دروست بوونی (نەتەوە)دا، بێ گومان دیارە چ دەورێکی گرنگی هەیە. مێژوو بەو مانایەی، کە ٠باسی رابردووی ئادەمیزاد و ئالۆ گۆڕەکانی ناو کۆمەڵگەکانی و لایەنی جیاوازی ژیانی ئەو کۆمەڵگایانە پێکراوو بەجیا بەنیازی تێگەیشتنی ئیمڕۆی و دیارکردنی رێبازی گشتیی دوارۆژی..)[٢٣١]

وتارە مێژووییەکانی ناو گۆڤارەکە، مێژووی کۆن و نویێی گرتۆتەوە، بۆ ئەوەی وەکو زنجیرەیەکی نەپچڕاو خوێنەر لەسەرجەم سەردەمە مێژووییەکاندا ئاگاداربێ.

دەربارەی دینەوەرییەکان نووسراوە: (شەست میل لەخوارووی (سنە)، لەلای خۆرئاوای (کوناگاور، – کەنگەوەر – قصر اللصوص)دا بەدوورایی (٢٥) میل، وە بەلای رۆژهەلاتی کرماشانەوە، شارێکی کۆن هەیە، ئەم شارە ناوی (دینەوەر) بووە، وە یەکێ: بووە لە شارە کوردەوارییەکانی هەرێمی شاخاوی کە بە (بیلاد ئەلجەبەل)وە (عیراقی عەجەمی) ناسراوە.

---

زۆر وتاری سیاسی لە گۆڤاری (هیوا)دا بلاوکراوەتەوە، بڕوانە: احمد غفور، میللەت چی ئەوێ؟ ئیستیعمار چی ئەوێ؟ گ. هیوا، ژ٢، س٢، ل١٠–١٣.

حافظ مصطفی قاضي، چاردی تیرمەهین ژمارەی پێشوو، گ ٣٢ –٣٦.

هەوری، شۆرشی پیرۆز، گ. هیوا، ژ٤، س٢، ١٩٥٨، ل٤٨–٥٢.

احمد غفور، شۆڕشی ئۆکتۆبەر و مەسەلەی نیشتمانی کورد، گ. هیوا، ژ٥، س٢، ل٦٣ –٨٩.

فاتح عبدالكريم، ئاشتی هۆیەکانی جەنگ چۆن ئاشتی ئەپارێزین؟ گ. هیوا، ژ٤، س٣، ل٥–٢٤ .

[231] – دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو، ل٨.

رەنگە ناوی ئەم شارە لەپێشدا (دینارەوەند) بووبێ – کەناوی عێلێکی زۆر گەورەی کورد بووە – وە لەدوایی دا گۆڕابێ)[232]

دەربارەی میرنشینە کوردەکان و سکەلێدان و چەندین هەنگاوی دی بۆ یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان، کە بەهۆی هاوکاری نەکردنی میرو دەرەبەگەکانی ناوچەکانی دی و لاوازی هۆشیاری نەتەوەیی و زاڵ بوونی دەستەلاتی ئایین بەئاکام نەگەیشت[233]، نووسراوە: (چاوگێڕانێك بەمێژووی نەتەوەی کوردو، مێژووی میری گەورەی رەواندزا، بەئاشکرا بۆمان روون ئەکاتەوە، کە میری گەورە میر محمد، یەکەمین کەسێکە کە هەوڵیدابێ ئەمارەتە دەرەبەگییەکانی کوردستان پاکبکاتەوەو، کوردستانێکی گەورەی یەك گرتوو پێکبێنێ)[234]

کوردستان بەپێی سەرچاوە مێژوویی و شوێنەوارناسییەکان لانکەی مرۆڤایەتییەو مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، شاری هەولێریش کۆنترین شارە، کە تاوەکو ئێستا ژیانی تێدا بەردەوامەو ئاوەدانە: (لەسەدەکانی ناوەندا هەولێر دانیشتوانی هێجگار زۆر بووەو گەورەترین شار بووەو شارەکە دووبەش بوو، بەشی خوارەوەی لای رۆژئاوای قەلاّ (موزەفەرەدین) بینای کردووە، و ئەم بەشە مەرکەزێکی بازرگانی وەئاوەدان بووە، وە بازاڕو میوانخانەو چەند بینایەو مزگەوتێکی گەورەو منارەیەکی بەرزی بووە کە (٥٣٠) پێ بەرز بووەو ئەستووری ٤٨ پێیە بەخەتێکی جوان لەسەری نووسراوە کە (موزەفەرەدین) ئەم منارەیەی بیناکردووە بەشی ژووروی کە قەڵای هەولێرە

---

[232] – جەمیل بەندی رۆژبەیانی، دینەوەریەکان، گ. هیوا، ژ٢، س١، ل١٤.

[233] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شۆڕشی میر محمدی رەواندزی بڕوانە:

ن.أ. خەلفین، خەبات لەرێ ی کوردستانا، وەرگێڕی لەرووسییەوە جەلال تەقی، ل٦٤ – ٧٤ .

دوکتۆر جەلیلی جەلیل، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دوکتۆر کاوس قەفتان لە رووسییەوە کردوویە بەکوردی و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، ل١٣٣ –١٦٥.

[234] – محمود محمد، جێگای میری گەورەی رەواندز لەمێژووی نەتەوەی کوردا، گ. هیوا، ژ٤، س١، ل٦.

بەرزی‌یەکەی ٦٥ پیٚ زیاتر نیە بەدەوری قەلاَکەدا بەبەرزی ٤٨ پیٚ شوورەیەك بیناکراوە شوێنی سەنگەر و مەتەرێزی بەدەورا دروست کراوە)٢٣٥

لەمێـژووی تازەیـشدا، سـەبارەت بەدرانـەپاڵی کوردسـتانی عـیراق بـۆ حکومـەتی عیراق، **ئەحمەد خواجە**، وەکو بینەرێکی ئـەو رۆژگـارە سـەبارەت بەریفراندۆمەکـەی ئـەو کاتە بۆ ئەوەی ئایا کوردستانی عیراق بدرێتە پالّ حکومەتی عیراقەوە، بـە وەلاّمـی (لام باش نییە) و (لام باشە) وەلاّم بدرێتەوەو هەڵوێستی خەڵکی سـلێمانی روون دەکاتـەوە، لەگەلّ هێنانی فیـصلی یەکەمـدا لەلایـەن پیـاوە درۆزن و دەس برەکـانی بـەرتانیاوە لـە سلێمانی، کە ئەو وەختە ناوچەی هەرە بەهێزی داوای سەربەسـتی و ئـازادی کـورد بـوو لەکوردستاندا، کەوتنە تەڵەکەبازی و ئەم پرسیارانەیان دروستکرد.

١- پرسیاری یەکەم: (لام باش نییە)

أ - تێکەلّ بوون بە عەرەبی عیراق

ب- باوەڕکردن بە فیصلی یەکەم.

٢- پرسیاری دووەم: (لام باشە)

بەپێچەوانەی پرسیاری یەکەم)٢٣٦

سەرکەوتنی شۆرشی ١٤ی تەمووز خالّی وەرچـەرخانێکی گـەورە بـوو بـۆ کۆمـەڵگای عیراق رووەو سەربەستی و دیموکراسی، (شۆڕشی عیراق گەلیٚ شـتی گـەورەی کـرد وەك رووخانـدنی رژێمـی پاشـایەتی و مەحکەمـەکردنی نیـشتمان فرۆشـەکان و بـەرەڵلاّکردنی بەندی‌یە سیاسییەکان و رێگادانی رۆژنامە نیشتمانییەکان و ئاشـکراکردنی جوولاّنـەوەی قوتابییـان و سـەندیکاکانی کرێکـاران و دابـەش کردنـی زەوی و هـەرزان کردنـی نرخـی هەندیٚ شتی پێویست و سرەواندنە پەیمانی بەغـدا و پـرۆژەی ئایزنهـاوەرو بەسـتنەوەی

---

235 - مێژووی شاری هەولێر، گ. هیوا، ژ٦، س١، ل٧.

236 - احمد خواجە، مێژووی لام باش نیـەی سـلێمانی تـا ١٤ی تـەمووزی ١٩٥٨، گ. هیـوا، ژ ٦-٧، س٢، ل٤٩-٥٠.

ڕێکەوتنی ئابووری لەگەڵیان ، کە کەڵکێکی باشی لێ وەرگیرا بۆ ئازادکردنی ئابووری عیراق...)[237]

**وتاری زمانەوانی**

گۆڤاری (هیوا) هەر لەیەکەم ژمارەیەوە پاکژکردنەوەی زمانی کوردی لەوشەی بێگانەو دانانی زاراوەی شیاوو دۆزینەوەیو خستنەڕووی ڕێنووسێکی یەکگرتوو بۆ نووسینی کوردی لە ئەستۆگرتووەو پەیوەندی بەشارەزایان و خوێنەرانەوە کردووەو داوای لەخەڵك کردووە بەشداری لەم خزمەتە پیرۆزەدا بکەن.

**عبدالقادر قزاز** لەبارەی زمانی کوردی و گرنگی زمانەوە وتارێکی نووسیوەو تیایدا هاتووە: (زمان بۆ گەل وەك هەناسە وایە لەلەشی ئینساندا، چوونکە بەکزبوونی ناونیشانی گەلیش بەرەو کزی ئەڕوا تاوای لێ دێت، کە دەچێتە خوارەوەو تەئریخ پڕە لەو دەرسانە کە باش پیشانمان دەدات چۆن گەلی ناودار بەهۆی هەندێ ئەسبابەوە کە یەکێ لەوانە بێ باکیە بەرامبەر بەزمان لەناواندا نەماون وە تووانەوە وە تێکەڵ بە میللەتانی دەوروپشتی خۆیان بوون) [238]

**ئیبراهیم ئەحمەد** زۆر بەگەرمی لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری هیوا بە ناونیشانی (چۆن زمانەکەمان بنووسین؟) چەندین راو پێشنیاری بەسوودی دەربڕیوە بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆژەی نووسینی کوردی بەپیتی لاتینی یان عەرەبی؟ و رەخنەی لەهەردوو بیرەکە گرتووە، چونکە (هەردوو ئەلفوبێ کە، چەلاتینی، چە عەرەبی وەکو هەن، واتە وەکو

---

[237] – صلاح الدین محمد سعدالله، شۆرشەکەی عیراق و مەسەلەی کورد، وەرگێر محمدی مەلا کەریم، گ.هیوا، ژ٨، س٢، ل٢٨.

چەندین وتاری مێژوویی دیکەش بلاوکراونەتەوە، لەوانە:

وەرزێر، لینین گەورەترین پیاوی مێژوو لەسەردەی بیستەمدا، گ. هیوا،ـ ژ٢، س٢، ل٨٤ – ٨٩.

مستەر ئەدمۆنس، کوردو کوردستان لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا، وەرگێڕی انور محمد قەرەداخی، گ. هیوا، ژ٤، س٢، ل ٤– ٨.

محمدی مەلا کەریم، رووخانی باستیلی رۆژهەلاتی ناوەراست، گ. هیوا، ژ(٦،٧)، س٢، ل١٧ – ٣٢.

[238] – عبدالقادر قەزاز، زمانی کوردی، گ. هیوا، ژ١، س١، ل١٥.

لەلاتینی وە عەرەبیدا بەکارئەهێنرێن زمانی کوردی یان نەبە ئاسانی پـێ ئەنووسـرێ وە بەرەوانی پێ ئەخوێندرێتەوە. بەڵام ئەگەر بێتو ئەم پیتانە وەکـو (کەرەسـەیەکی خـاو) وەرگـرین و بـەپێی پێویـستی زمانەکـەمان دەسـتکاریان بکـەین و ناویـان لـێ بنـێین، و ئیشارەتیان بۆ دابنێین ئەتوانین بەهەریەکەیان هەموو ئەو دەنگانەی لـە دەمـی کوردێـك دێنە دەرێ بەئاسانی پێی بخەینە سەر کاغەز، لەگەڵ هەموو ئەو وشـە بێگانانەشـدا کـە لە کوردیدا بەکاریان ئەهێنین. هەروەها ئەتوانین بەرەوانیش  نووسراوی پێ بهوێنینـەوە بەبێ ئەوەی پێویست بەپێشەکی زانینی ئەو وشانە بکات کە نووسراون)[٢٣٩]

سەبارەت بە یەکخستنی زبانی نووسینی کوردی و چۆنیەتی هەڵبژاردنی دیالیکتێك بۆ زمانی یەکگرتووی نووسـینی کـوردی وەکـو مەسـەلەیەکی زینـدوو ماوەیـەکی زۆر بـیری نووسەرانی بەلای خۆیدا کێش کردبوو، بەتایبەتی هەڵبژاردنی هەردوو دیالێکتی کرمانجی سـەروو و خـواروو بـیروڕای جیـاوازی لەسـەر هـەبوو و ژمـارەی دانیـشتووان و چـەندین هۆکاری ئەدەبی و جوگرافی و هۆکاری تری پێوە دەلکێندرا.

نووسەری ناسـراو (**عصمت شـریف وانلـی**) لەسویـسرەوە بەشـداری ئـەو گفتوگۆیـەی کردووە: (گیروگرفتی ئێستەمان بریتی نیەو لەوەی، کە گوایـە پێویـستە زاراوێـك دیـاری بکرێ، بـەڵکو ئـەبێ بـەدوای ئـەوەدا بگـەڕێین کـە چ رێگایـەك بگـرین بـۆ زۆر نـەکردن و پەرەسەندنی ئەو جیاوازیيانەی کە هەیە لەمیانی کرمانجی و سـۆرانیدا، چ رێگایـەك بـۆ کەم کردنەوەی ئەو جیاوازیيانەو یەك خستنی زبانی نووسینی کوردی بکەین بەشـتێکی وەها، نەك تەنها لەتوانادابێ، بەلکو لەوانەبێ کە بەزووترین کات بهێندریتەدی)[٢٤٠]

---

[239] – ب. چۆن زمانەکەمان بنووسین؟ بەپیتی عەرەبی یا لاتینی، گ. هیوا، ژ٦، س١، ل٩.

هـەر سـەبارەت بـەم مەسـەلەیەو بـەم ناونیـشانە چـەند کەسـێك گفتوگۆیـان لەسـەر ئـەم وتـارەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کردووە، لەوانە بڕوانـە: م.م، نووسـینی زمـانی کـوردی، گ. هیـوا، ژ٨، س١، ل٩–١٥، جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی، چۆن زمانەکەمان بنووسین؟ گ. هیوا، ژ١٠، س١، ل٨ – ١٢.

[240] عصمت وانلی، مەسەلەی یەکخستنی زبانی نووسینی کوردی، کرمانجی، یـا سـۆرانی؟ وەرگێڕانـی فاتح عبدالکریم، گ هیوا، ژ٣٠، س٤، ل٢٩.

**تاهیر صادق** باسی هەردوو پیتی (ك) و (گ)ی کردووە لە کاتێکدا، کە دەکەونە پێش هەندێ لەپیتە بزوێنەرەکانی کوردیدا وەك (یی)، (ی) ، (وی)و پێی وایە دەبێ ئەم دەنگانە وێنەیان بۆ دابنرێ٢٤١ ، بەلآم ئەم ڕایە لەلایەن زۆر شارەزاوە بەرپەرچی درایەوە.

**پاکیزە ڕەفیق حلمی** دەڵێ: (جارێ لەپێش هەموو شتێکدا تکام وایە کاك صادق دڵ گیر نەبێ لەهەوەڵ تێ بینینم لەسەرەتای باسەکەی کە ئەڵێ (دووپیتی بێ وێنە. ئەم لێرەدا ئەبوو بڵێ (دوو دەنگی بێ وێنە) نەك (دوو پیتی بێ وێنە) چونکە پیتی خۆی وێنەی دەنگە = وێنەی دەنگە کەوابوو کە وتمان دوو پیتی بێ وێنە هەروەك ئەوەیە بڵێین دوو پیتی بێ پیت.. چونکە پیت شتێکە دروست کراوە بۆ ئەوەی ئەو دەنگە کە هونەرێکی بووەیە (موجود) وە لەخۆیەوە بەپێی ئەو توانا سروشتی‌یەی لەئینساندا هەیە پەیدا بووە بخاتە وێنەیەکی هەست پێکراوەوە (محسوس))[٢٤٢] لەئەنجامی وردبوونەوە لەوتارە زمانەوانییەکانی ناو گۆڤاری هیوا دەگەینە ئەوەی بڵێین، کە ڕێرەوی گۆڤارەکە ئەوەبوو بتوانێ دیالێکتی خواروو بۆ زمانی یەکگرتووی ئەدەبی (ستاندارد)ی کوردی هەڵبژێرێ، ئەوەش لەناوەرۆك و پشتگیری دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەدا دەردەکەوێ، بەشێوەیەك کە بتوانرێ لەگەڵ دیالێکتەکانی دی زمان کوردی موتوربە بکرێت.

لەدانانی زاراوەو پاکژکردنەوەی زمانی کوردییش لەوشەو زاراوەی بێگانەدا گۆڤارەکە گۆشەیەکی تایبەتی بۆ خوێنەرانی بەناوی (پرسیار)یان (چیت نەزانی پرسیاربکە)

---

241 تاهیر صادق، دوو پیتی بێ وێنە، گ. هیوا، ژ٣١، س٤، ل٥٢ –٥٤ .

242– پاکیزە رفیق حلمی، وەلآمێکی زمانەوانی، گ. هیوا، ژ٣٢، س٤، ل٢٨–٢٩.

هەروەها مارف خەزنەدار و جەمال جەلال وەلآمی ئەم ڕایەی (تاهیر صادق)یان داوەتەوە، بڕوانە:

معروف خەزنەدار، دوو تیپی بە وێنە، (نەك بێ وێنە)، گ. هیوا، ژ٣٢،س ٤ ،ل ٤٢–٤٣، هەروەها جمال جلال عبدالله، دوو پیتی بەوێنە، گ. هیوا، ژ٣٣، س٥، ل٣٩–٤١.

کردبووەوە، کە تیایدا هەموو جارێك چەند ووشەو زاراوەیەیکی عەرەبیی بلأودەکرایەوەو داوا لەخوێنەران دەکرا ئەو ووشانە بکەن بە کوردی بۆ هاندانی خوێنـەرانیش گۆڤارەکـە دیـاریی بـۆ سـەرکەوتووەکان تـەرخان کردبـوو، بـۆ نموونـە ئـەم وشـەو زاراوانـە بلأوکراونەتەوە:

استغلال – قورخ

رواج – برەو

قاعدة –بنکە

مناقشة – پیلە، لێکۆڵینەوە

نجار – دارتاش

نظرة – نیگا

لەبارەی رێنووسیشەوە گۆڤارەکە دەرگایەکی رەخنـەیی بـۆ نووسـەران و شـارەزایان ئاوەڵاکردبوو سەبارەت بەچۆنیەتی نووسینی زمانی کوردی بە ئەلف و بێی لاتینـی یـان عــەرەبی، بــەلأم وادەردەکــەوێت بــەهۆی بــاروزروفی سیاســییەوە رای زۆینــە لەگــەڵ ئەوەدابووە، کە بە ئەلف و بێی عەرەبی بمێنێتەوەو چارەسـەری ئـەو دەنگانـە بکرێـت، کە تا ئەوکاتە وێنەیان لە ئەلفبای عەرەبی بۆ دانەنرابوو.

## دووەم : ژیـــانــنـــامـــــه

کورتترین پێناسەی ژیاننامە ئەوەیە: (ژیاننامە واتا ژیانی مرۆڤ)٢٤٣، **انیس المقدسي** دەڵـێ: (جۆرێکـە لەئـەدەب لێکۆڵینـەوەی مێـژوویی و چـێژوەرگرتنی چـیرۆك بەیەکـەوە کۆدەکاتــەوە، بـۆ دیراســەکردنی ژیــانی کەســێك و وێنەکێـشانێکی ووردی کەســایەتی ئەو)٢٤٤.

ئەگــەر بــەوردی لــەڕووی مێژووییــەوە لەهونــەری ژیاننامــە بکۆڵینــەوە بۆمــان دەردەکــەوێت، بەشــێوە ســادەو ســاکارەکەی بـۆ ســەردەمێکی زوو دەگەڕێتــەوە، (لەباوەشی مێژوودا، ژیــاننــامــە سەری هەڵدا و چەکەرەی کرد، بووە رێبازێــکــی روون و ئاشکرا،

چەمك و بۆچوونی خـەڵك بەدرێـژایی مێـژوو کـاری تێکـرد، بـووە تۆمارێـك بـۆ کـار و رووداوو جــەنگی پاشــاکانی چــین و میــسری و ئاشــوورییەکان، هــەروەها بــووە شــی کردنەوەی هەندێ پرنسیپی سیاسی، لای (فلوطارخس) لەکتێبەکەیدا سەبارەت بەپیاوە مەزنەکانی یۆنان و رۆمان..) ٢٤٥

زۆربەی ئەو تۆمارانە، کـە وەکـو ژیاننامەیـەك لەسـەدەکانی ناوەڕاسـتدا نووسـراوەو پاشــان لای موســڵمانەکان بووەشـێوەیەك لەشـێوەکانی ئـەدەب، هــەموو هــەوڵێکیان دەرخـستنی لایـەنی مێـژوویی بـوو لـەپێناو خـستنەڕووی چـاکەو سوارچـاکی، تەنانـەت (مێژوونووسێکی شارەزاو قووڵ بووەوەی نێو فەلسەفەی وەکو (ابن خلدون) مەبەسـتی لەمێژوونووسینەوە دۆزینەوەی رەوشتی چاك بووە).

مێـژووی هونـەری ژیاننامـە لـەرۆژئاوایش بـۆ مێژوویـەکی دێـرین دەگەڕێتـەوە، هـەر لەسەرەتاوە قەشەو پیاوانی ئایینی کەوتنە نووسینەوەی کەرامات و پیاهەڵدانی قەشـەو لایەنە ئایینیەکان، بەڵام لێکۆڵەرەوەکان ئـەو قۆناغـە بـەخراپترین قۆنـاغی ژیاننامـەی

---

243– الدكتور ناصر الحاني، المصطلح في الادب الغربي، ص٧٦.

244– انيس المقدسي، الفنون الادبية واعلامها في النهضة العربية الحديثة، ط٢، ص٥٤٧.

245 – الدكتور احسان عباس، فن السيرة، ط٢،ص٩.

ڕۆژئـاوا دادەنـێن، چـونکە لەهـەموو ئـەزموونێکی مرۆڤایـەتی بـەدوور بـوو. لـەپاڵ ئـەو قۆناغەدا نووسینەوەی ژیاننامەی پاشاکانیش باوبوو.

(لە ئـەدەبی ئینگلیـزی، سـەدەی هەژدەهەمـدا لـەکاتی جـەنگی نـاوخۆیی ئینگلیـزو فەرەنـسەدا چـینی ناوەڕاسـت حاڵیـان بەرەوباشـی دەڕۆیـشت و خـەڵکی حـەزی بەخوێندنەوەی ئەم شێوە ئەدەبییە دەکرد، دیارترین ژیاننامەی سـەدەی هـەژدەم، کـە ناوبانگییەکی زۆری هەیـە (ژیاننامـەی دکتـۆر جۆنـسۆن D. Johnson )، کـە هـاوڕێـی خۆشەویستی (بۆزول Boswell) نووسیەوە).

لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە مەبەست لـە نووسـینەوەی ژیاننامـە چییە؟

نووسینەوەی هەموو ژیاننامەیەك هۆکارێك وای لەمێـژوونووس کـردووە، کـە تۆمـاری بکـات، چـونکە ژیـانی ئـەو کەسـانە دەنووسـرێتەوە، کـە خـاوەنی ئـەزموونێکی فـرەن لەژیانداو لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژیـانی کۆمەڵگاکەیانـدا دەورییـان هەیـەو ڕەنگـە هەنـدێ ئاکـار و تایبـەتی ژیـانی ئـەو کەسـە بەشـێکی زینـدوو لـەژیانی کۆمەڵەکـە ڕوونبکاتـەوە، بـۆ نموونـە، کـە ژیاننامـەی ئـەدیبێك دەنووسـرێتەوە، بەخۆشحاڵییەوە دەخوێنینەوەو بەووردی سەرنجی دەدەیـن، بـۆ ئـەوەی لەرێگـەی ئـەو ژیاننەمەیە دەروون و ڕەوشتی هەنـدێ لـە پاڵـەوانی چـیرۆکەکان و سـۆزی ڕاسـتەقینەی شیعرەکانیمان بۆ دەربکەوێت، چونکە بیەوێ و نەیـەوێ هەنـدێك لەلایـەنی بیرکردنـەوەو بۆچوونی نووسەر لەپاڵەوانەکانی ڕەنگدەداتەوە .

بەهەرحاڵ، بەهەر هۆو مەبەستێك ژیاننامەکە نووسرابێتەوە، پێویستە یەکیەتی بیناو هەستکردن بە بەرەوپێشەوەچوونی زەمەن و یەك دوای یەکی قۆناغـەکانی گەشـەکردنی کەسایەتی ئەو کەسەی ژیانی نووسراوەتەوە لەژیاننامەکەدا بـەدیبکرێت و لەهەموویـشی گـرنگتر (ڕاسـتگۆیی)یـە لـە دەربـڕین و خـستنەڕووی بابەتەکانـدا، بەپێـچەوانەوەی هونەرەکانی تر، کە ڕەنگە نووسەر زیاتر جڵەو بۆ خەیاڵی شل بکات و بەئارەزووی خۆی

و دەوری باشی هەبێت لەتێکەڵاوکردنی ڕووداوەکان و چۆنیەتی دروست کردنی پاڵەوانی خەیاڵیدا، بەڵام لە ژیاننامەدا بەڵگەنامەو حەقیقەتی ڕووداوەکان و زەمەن سەروەرن.

کە دەڵێین ڕاستگۆیی، زۆر زەحمەتە ڕاستگۆیی وەها بەدی بکرێت، هەموو کەسێك وەکو (جان جاك ڕۆسۆ) بێ شەرم هەموو نهێنییەکانی ژیانی دەربڕێت، ئەمە لەلایەك“ لەلایەکی دیکەشەوە ڕەنگە زۆربەی کات سەردەمی منداڵی بەتەواوی هەموو شتێك لەبیر نووسەر نەمێنێتەوە یان بەئەنقەست بیەوێ لەبیر خۆی بەرێتەوە.

لێکۆڵەرەوەکان ژیاننامە دابەش دەکەنە سەر دوو چەشن:

١– ژیاننامەی خودی.

٢– ژیاننامەی بابەتی.

مەبەست لەژیاننامەی خودی، ئەو ژیاننامەیە، کە نووسەر خۆی دەربارەی ژیانی خۆی دەینووسێ.

ژیاننامەی بابەتی، ئەو ژیاننامەیە کە نووسەرێك دەربارەی کەسایەتییەکی دیار دەینووسێ، بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر ڕوون بێتەوە پەنا دەبەینە بەر دابەش بوونێکی تر، ئەویش ئەوەیە:

گشتی

هونەری ژیاننامە {

ژیاننامەی خودی **Auto Biography**

تایبەتی {

تایبەتی ژیاننامەی بابەتی **Biography**

لە ئەدەبی کوردیشدا، وەکو ئەدەبی میللەتانی دی، ئێمەیش ژیاننامەمان هەیە، هەندێك لە ئەدیب و نووسەرو زاناکانمان ژیاننامەی خۆیان نووسیووەتەوە، بەڵام لەکوردیدا کێشەیەکمان هەیە ئەویش تێکەڵاوییە لەنێوان

(ژیاننـــامه)و(یادداشت)٢٤٦ و (گەشـتنامە) یـان (گەشـتی ژیـان)٢٤٧ و (بـیرەوەری)٢٤٨ و (چیم دی)٢٤٩ دا.

هەندێك لەو زاراوانـە تـارادەیەکی زۆر لەیەکـەوە نـزیکن، هەنـدێك وای بـۆ دەچـن، کـە یادداشت بۆ خۆی بەشێکە لەژیاننامە)٢٥٠، نەوەکو یادداشت تەنانەت (بیرەوەری)و (چیم دی)یش بەشێکی بچووکی ژیاننامەن. چونکە ژیاننامە لەساتی هاتنە دنیاوە دەگرێتەوە، تا ئەو سـاتەی کـە کەسـەکە تیایـدا دەژیـت، ئەگـەر ژیاننامـەی خـودی بیـت، بەهـەموو یادداشـت و بیرەوەرییەکـەوە، لـەپاڵ ئـەو نهێنییانـەی نووسـەرەکەی بـە راسـتگۆیی و بەزنجیرەی مێژووییەوە ئاشکرایان دەکات.

ئەگەر لەئەدەبی کوردیدا بۆ ژیاننامـەی گـشتی، کـە عەرەبـەکان (فـن التراجـم)ی پـێ دەڵـێن بکۆڵینـەوە، سـەربردەی ژیـانی ئـەو شـاعیرانەی، کـە لـەکتێبی سـەربەخۆیدا بەیەکەوە بڵاوکراونەتەوە نموونەی ئەم بابەتەن بەهەموو کەم و کووڕییەکیانەوە.٢٥١

بەهەمان شێوە لەئەدەبی کوردیدا چەندین نموونـەی ژیاننامـەی تایبـەتی بـەخودی و بابەتییەوە بەرچاو دەکەوێت.

چـەند شـاعیرو نووسـەرێکی کـورد ژیاننامـەی خۆیـان نووسـیوەتەوە، ئەگەرچـی راستەوخۆ ناویشیان نەنابێت ژیاننامەو لەژێر ناوی (بیرەوەری)یان (یادداشت)دا بڵاویان کردبێتەوە یان لەدوای خۆیانەوە بەو ناوەوە بڵاوکراوەتەوە.

---

246 – بۆ وێنە بڕوانـە: رەفیـق حیلمـی، یادداشـت، بـەرگی یەکـەم و دووەم، چـاپخانەی رۆشـنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٨، بەرگی سێیەم، ١٩٩٢.

247 – بۆ نموونەی گەشتی ژیان بڕوانە، مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، بەشـی یەکـەم، سـتۆکهۆڵم، ١٩٩٢.

248 – بۆ نموونە بڕوانە: مستەفا نەریمان، بیرەوەرییەکانی ژیانم، بەغدا ،١٩٩٤.

249 – ئەحمەد خواجە، یادگارییـەکانی رۆژانـی حـوکمی شـێخ مـەحموودی نـەمری نووسـیووەتەوە، بڕوانە: ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب١، چاپخانەی شەفیق، ١٩٨٦، ب٢، سلێمانی ١٩٧٢.

250 – محمد فاضل مستەفا، زێوەر ژیان و بەرهەمی، زانکۆی سـەلاحەددین، هـەولێر، ل١٤٧، (نامـەی ماجستێر).

251 – بۆ نموونە بڕوانە: علاءالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٢، هەروەها، صـادق بهاءالـدین ئامێدی، هۆزانتڤانێت کورد، ، بەغدا، ١٩٨٠.

(زێوەر)ی شاعیر لەیادداشتی رۆژانی دەربەدەریدا، کۆمەڵێك بیرەوەری و یادگاری ژیانی خۆی بڵاوکردۆتەوە، کە بەشێکن لە ژیاننامەی شاعیر، بەلام تەنهاخاڵە دیارو گەشەکانی وەرگرتووە بێ چوونە ناو روون کردنەوەی زۆرو زەوەند.[252]

(شیخ سەلام)ی شاعیر بەدەست خەتی خۆی بەشێکی کەم لەژیانی خۆی هەر لە رۆژی لەدایك بوونییەوەو چوونە قوتابخانە وسەردەمی لاوی و نازناوی شیعری و هاورێیەکانی نووسیوەتەوە، بەلام هەمووی بەسەرەیەکەوە لە (١٢) لاپەڕە زیاتر نییە، بۆیە تەنیا لە قاڵبی پێناسێك زیاتر نیە.[253]

**یونس رەئوف - دڵدار -ی** شاعیر، یەکێکە لەو شاعیرە کوردانەی خۆی زۆر بەوردی و راستگۆیی وبەهرمەندانە ژیاننامەی خۆی نووسیووەتەوە، رەنگە کەم کەس ئەوەندە بەدەست رەنگینی و کارامەییەوە لەو هونەرە گەیشتبێ و بەپێی ئەو زنجیرە مێژووییە رووداوو خاڵە درشت و ووردەکانی ژیانی کەسیەتی خۆی نووسیبێتەوە. خوێنەر وا بۆ لای خۆی رادەکێشێت، کە تامەزرۆی خوێندنەوەی بێت، لەهەمان کات دا وێنەیەکی زیندوی رۆژگاری خۆیەتی.[254]

گۆڤاری (هیوا)، ژیاننامەی ژمارەیەکی زۆر لە ناودارانی مێژووی لەپاڵ کەڵە پیاوانی مێژووی کوردو زانایانی ئاینی و شاعیرانی کۆن بڵاوکردۆتەوەو بەمەش خزمەتێکی باشی ئەو هونەرەی ئەدەبی کردووە.

لە گۆشەی (کوردانی بەناوبانگ)دا، کە هەر درێژە پێ دەری گۆشەیەکە لەگۆڤاری (گەلاوێژ)دان مەلا جەمیل بەندی رۆژبەیانی ژیان سەربردەی هەندێك لەزانایانی ئایینی دینەوەرییەکانی تۆمارکردووە، بەکورتی ناوی کەسەکە و ساڵی لەدایك بوون و مردن و دانراوەکانی و ئەو زمانانەی زانیویەتی و شارەزایی لەبوارە جیاجیاکان دا نووسیوە و لەبارەیەوە دواوە.

---

[252]– بڕوانە: گەنجینەی مەردان و یادداشتی رۆژانی دەربەدەری مەلا عەبدوڵڵای زیوەر، محمدی مەلا کەریم هێناویەتیە سەر شێوەی نووسینی نوێ و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، بەغدا، ١٩٨٥.

[253]–بڕوانە: دیوانی سەلام، ئامادەکردنی ئومێد کاکەڕەش، ب٢، بەغدا، ١٩٩١، ل٣٢ –٤٤.

[254]– بڕوانە: عبدالخالق علاءالدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، بەغدا ١٩٨٥، ل١١– ٦٢.

لەبارەی ژیانی (ئەبو حەنیفەی دینەوەری)یەوە نووسیویە: (ناوی ئەحمەد کوڕی داوود کوڕی وەنەند – وەند)ە، ساڵی لەدایك بوون و چۆنیەتی ژیان و گوزەرانی گەنجیەتی نەزانراوە تەنها بەهۆی بلیمەتی و زرنگی خۆیەوە ناوبانگێکی بەرزی وەرگرتووە. لەدەستووری زمانی عەرەبی (نەحو)وە لەفەرهەنگ (لوغە)وە لەئەندازە (هندسە)وە لەئەستێرە شوناسی وە لەگیاناسی وە لەمێژوونووسی دا زۆر شارەزابووە.

ئەستێرەی بەختی لەرۆژگاری دەسەڵاتی (بویهی)یەکانا کەوتۆتە پرشنگ دان، ساڵی ٢٣٥ ی کۆچی لەئەصفەهان دووربین خانەیەکی (رەصەد)ی دامەزراندووە بۆ پەیدۆزی جووڵانەوەی قەبارەکانی ئاسمان، وە هەروەها رۆژگاری بەسوودو بەکەڵك بووە، کۆچی دواییشی بەراستی ساغ کراوەتەوە کە کەی بووە؟ ساڵی (٢٨١ یا ٢٨٢، یا ٢٩٠)ی کۆچی؟) [255]

لە ژمارەکانی تری گۆڤارەکەدا ژیانی هەندێ زانای دیکەش نووسراوە ئەگەر بەیەکەوە هەموو کۆبکرێنەوە نموونەیەکی باشن بۆ (فن التراجم).

لەبارەی ژیانی مامۆستای بەناوبانگ (خواجە ئەفەندی)یەوە، کە وەکو هەڵگری چرای زانستی تا کۆتایی تەمەنی خزمەتی زانستی لەسلێمانی کردووە، نووسراوە: (ناوی عزیز کوڕی وەسمان ئاغای لە نەوەی عەلی بانوو لەبنەماڵەی ناوداری دێی گەلاڵەیە، کە چ لە (قەڵاچوالان) وە چ لەسلێمانی لە پێشتر پیاوبوون لەلای بابانەکان، وە هەر بە سەرۆکی هاتوون تا دوارۆژی رۆژانی بابانەکان.

لە ساڵی ١٨٤١م لەدایك بووەو لەساڵی ١٩٤٢دا لەپاش ١٠١ ساڵ ژیان هەر لەسلێمانی کۆچی دوایی کردووە. خوالێ خۆشبوو لە تەمەنی ٧ ساڵیدا خوێندەوار بووە لەلای مامۆستا مەلا سعیدی گەورە خوێندویەتی و روشدیەی ملکی تەواو کردووە.

لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا لەسەر وتەی مامۆستای لەلایەن – کاك ئەحمەدی شێخ – ەوە پێی فەرموراوە بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەك)[256]

---

[255] –جەمیل بەندی رۆژبەیانی، دینەوەریەکان، گ. هیوا، ژ٢، س١، ل١٦–١٧.

[256] –هەڵگری چرای زانستی خواجە ئەفەندی، گ. هیوا، ژ٨، س١، ل٥٦.

وەکو لەو ژیاننامەیەدا سەرنج دەدەین، کەم و کورِی زۆرە، هەرە دیارییەیان ئەوەیە بەپێی زنجیرەی مێژوویی و زەمەن دا تێ ناپەرِێ و لەحەوت ساڵییەوە یەکسەر بۆ ١٨ ساڵی، ئەمە بێجگە لەوەی هیچ شتێك دەربارەی ژیانی کەسایەتی و دەوروبەری ئەو کەسە نازانین، کە تاچەند لەگەڵ دەوروبەرو ژینگەکەی کاریان لەیەك کردووە، بۆیە دەشێ ئەم نووسینە کورتانە بچنە خانەی (بیرەوەری)یەوە.

لە زاناو نووسەرو فەیلەسوفەکانی دونیایش، کە لە گۆڤاری (هیوا)دا لەبارەی ژیانیانەوە نووسراوە، (برناردشۆ)یە، لەبرگەیەکی ئەو ژیاننامەیەدا هاتووە: (برناردشۆ لەشاری (دبلن) کە پایتەختی جمهوریەتی ئێرلەندەی سەربەخۆیە، لەرۆژی ٢٦ی مانگی تەمووز لەساڵی ١٨٥٦دا لەکاتی حوکمرانی شاژن ڤیکتۆریا دا هاتۆتە دونیاوە، لەتەمەنی شەش ساڵیدا خراوەتە قوتابخانە، لەدە ساڵیدا لەشاری دبلن چۆتە کولییەی (وسلی)، لەو کاتەدا باوی فێربوونی ئایین پەرستی پرۆتستانی بووەو بەشێك لەسەرەتای دەرسی مێژوو وە جوگرافیا خوێنراوە)[٢٥٧]

دەربارەی ژیانی زانای بەناوبانگ (ئەنشتاین)یش، لەچەند خاڵێك دا کورت کراوەتەوەو پێناسێکی ژیانی کەسیی و تیۆریە زانستەکانی کراوە: (لە ١٤ی مایسی ١٧٨٩ لەشاری (ئولم) لەئەڵمانیا لەدایك بووە، لەپانزە ساڵیدا هەموو نووسینەکانی یوکلید – دانەری اصولی هەندەسە – و نیوتن و سپینۆزای خوێ،دەوەو تێی گەیشت. ناونرا (گێژۆکە) لەبەر شەرم و سەبرو قووڵ بیرکردنەوەی، پاش ئەوەی قوتابخانەی هونەری هەندەسی تەواوکرد چووە دانیشگای (زیۆریخ)ەوە هەروەها، بووە مامۆستای قوتابخانەی بەرز، وە لە دواییدا بوو بەهی قوتابخانەی (شانهاوزن)یش)[٢٥٨]

ئەم نووسینانەیش هیچ پەیژەیەکی زەمەنییان پێوەدیار نییە هیچ قووڵی و ووردیی یان تیا بەدی ناکرێت، دیارە نەبوونی ئەم خاڵانەیش وامان لێ دەکات بڕیاری ئەوە بدەین، کە ئەم نووسینانە بەشێوەیەکی راست و دروست ناوی (ژیاننامە)یان لێ نانرێت، بەڵکو هەوڵدانە بۆ پێناسەکردن و دەرخستنی چەند خاسیەت و سیمایەکی دیارو بەرچاوی کەسایەتییەکی مێژوویی یان سیاسییان ئەدەبیی...هتد) [٢٥٩].

---

[257]– برناردشۆ، گ. هیوا، ژ١، س١، ل٣٤.

[258]– ئەنشتین ئەو مێشکەی بناغەی لەناوچوونی دانا، وەرگێرِی ف.ك ، گ. هیوا، ١٣٤، س٥، ل١٩.

[259] – ژیاننامەی زۆر کەسایەتی ناسراوی کوردی و جیهانی بڵاوکراوەتەوە، برِوانە:
کۆنفۆشیۆس، ژ١، س١، ل٦٠ – ٦٨.

## سێیەم : چیرۆکــی کـــوردی

**ناوەرۆکی چیرۆکەکانی گۆڤاری هیوا:**

چــیرۆك لەناوەڕاســتی پەنــچاکاندا وەکــو هونــەرێك (چــەند هــەنگاوێکی پێـشکەوتووانەی نـا بەتایبــەتی بەدەرکــەوتنی هەنـدێ گۆڤـاری خزمــەتگوزاری وەك (پێـشکەوتن)و (شــەفەق)و (هیـوا)، کـە دەرگـایێکی رۆشـنیان خـستە سەرپــشت بـۆ نووسەران و پشتگرتنیان لەڕێگەی بڵاو کردنەوەی بەرهەمەکانیان)٢٦٠ .

ئەگـەر چـیرۆکی کـوردی لەقۆناغـەکانی پێشوودا، لـەڕووی شـێوەو ناوەرۆکـەوە شـێوەی وتـارو ریپۆرتـاژو چـەند بابـەتێکی سـواوی بـەخۆوە گرتبـوو، لەناوەڕاسـتی پەنجاکان بەدواوە لەسەر رووپـەڕەکانی گۆڤـاری (هیـوا)دا، بـۆ ماوەیـەك تاکـە گۆڤـاری گۆڕەپـانی ئـەدەبی کـوردی بـوو، کـە ژمارەیـەك چـیرۆکی کـوردی سـەرکەوتووی بـڵاو کردۆتەوە.

بابەتە سەرەکییەکانی ناوەرۆکی ئەو چیرۆکانە بەسەر چەند بابەتێك دا دابـەش دەبـن. زوڵــم و زۆرداری دەرەبــەگ دەرهــەق بــەجووتیاری کــورد لەچــەندین وێنــەی جۆراوجۆرداو مەسەلەی ئافرەت وەکو دایك و ژن و خەباتکەرو چەندین شێوەی جیـاوازو مەسەلەی نەتەوایەتیو سیاسی گـەلی کـورد، بـەزەقی لـەدوای شۆڕشـی ١٤ی تـەمووزی ١٩٥٨دا خۆی نواند.

هەژاری و نـەبوونی و دەسـت کـورتی و کارەسـاتی سروشـتی و چـەندین دەردی کۆمەڵایەتی بوونەتە کەرەستەی ئەو چیرۆکانەی گۆڤارەکـە، کـە هـەوڵ دەدەیـن لێـرەدا شییان بکەینەوە.

بــەهۆی رژێمــی پاشــایەتی لەعێراقــداو نــەبوونی یاســایەکی تایبــەت بــەزەویو زار لەبەرژەوەندی جووتیاران دا هەمیـشە چـینی دەرەبـەگ بـاڵا دەسـت بـوون و بەئاشـکرا

---

بایرۆن، ژ٢، س١، ل٤٣ –٤٤ .کەریم خانی زەند، ژ٣، س١، ل٧–١٠
میری سۆران، ژ٤، س١، ل٦ –١٠
گۆتە، ژمارەی پێشوو، ل٦١ – ٧٠
دانتی، ژ٥، س١، ل ٦٠–٦٢
لۆرکا، ژ٨، س١، ل٣٤ –٤٤.

[260]–عومەر مەعرووف بەرزنجی، لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی، ل٧٥.

جووتیاران دەچەوساندەوەو هەموو داهاتەکەیان لێ زەوت دەکردن و میرییش بەرگری لێ دەکردن.. ئاغا سەرانەی وەردەگرت و زۆر جاریش دەست درێژیان بۆ سەر نامووسی جووتیارانیش دەکرد، ئەم حاڵەتە بەلای رۆشنبیرانەوە گرێیەکی دەروونی بۆوەو هەوڵیان داوە بەشێوەیەکی هونەری لەچیرۆکدا دەریبڕن و گیانی شۆڕشگێڕی بەبەر چینی چەوساوەدا بکەن و پاڵەوانی چیرۆکەکانیان لەو چینە هەڵبژێرن.

**عەبدوڵڵا میدیا** لەچیرۆکی (دڵسۆزی نەمر)٢٦١ دا نموونەی خێزانێکی جووتیاری هەژار هەڵدەبژێرێ، کە خێزانی (مام رەسوڵ)ە، چیرۆکنووس لەوەسفی ماڵەوەیاندا دەڵێ: (تاقە خێزانێکی کەل و کۆم و داڕو خاو بوون لەژوور ئاواییەوە..)٢٦٢ لەوەسفی کەلوپەلی ناوە ماڵەکەشیاندا دەڵێ: (ئەو تاکە بەڕە شڕو لبادە کۆنەی هەیانبوو هەر ئەوە بوو، لەنانی جۆ و جلی پیناوی و شۆربای ساوەرو دۆینە بەولاوە زیاتریان نەبوو...)٢٦٣ دیارە لەخێزانێکی هەژاری ئاوادا (دڵسۆز)ی تەمەن حەڤدە ساڵ و خوێندەواری دێ هەستی بەئێش و ئازاری هەژاری کردبوو و چاك لەوە گەیشتبوو سەرچاوەی کلۆڵیەکان، چەوسانەوەی ئاغایە، بۆیە کە ئاغا بانگی دەکاو زۆر بەڵێنی پێ دەدا، ئەو لەڕووی ئاغا دەوەستێتەوەو چاونەترسانە دەڵێ:

(– ئاغا من نۆکەری ناکەم و نامەوێت کەسیش ژنم بۆ بێنێت، ئەگەر من ئەوەی پەیای ئەکەم خۆم بیخۆم، هەژاریش نابم و ژنیش دێنم، بەڵام کێ ئەی کاو کێ ئەی خوا!).٢٦٤

کۆتایی چیرۆکەکەش، لەژێر سێبەری رژێمی پاشایەتیو زەبری ئاغادا (دڵسۆز) دەبێتە قوربانیو مام رەسوڵی باوکە دوانزە جار جەرگ بڕاو بۆ جاری سیانزەهەم لەگەڵ خێزانەکەیدا کەوتەوە فرمێسك رشتن.

(**حەسەنی قزڵجی**) هەمان بارودۆخی جووتیاران دەخاتە روو، بەڵام بەشێوەیەکی دیکە، کە ئەمجارەیان لەجیاتی کۆتاییەکی تراژیدیو خەمناك بۆ جووتیاران،

---

[261]– مامۆستا، ع.دڵسۆزی نەمر، گ. هیوا، ژ٣، س١، ل٧٤–٨٦.

[262]– سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤.

[263]– سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨.

[264]–سەرچاوەی پێشوو،ل ٨٤.

بەپێـچەوانەوە سـەری ئاغـا دەپلیـشێتەوەو وێنـەی جیهـانێکی گەشـتر دەنەخـشێنێ، لەقاڵبێکی ئەفسانەییدا، (وەیسە) کە کوڕە جووتیارێکـە (فەرەیـدوون) بـەگ زوڵمـی لـێ دەکات و کەشکۆڵی یەکەمی لێ زەوت دەکات، کەشکۆڵەی دووەمـی لـێ زەوت دەکـات، دوو دەست لەکەشکۆڵەکەوە دەردێن و سەرو پۆتەڵاکی فەرەیدوون بـەگ وەبـەر مـستان دەدەن، کـە ئاغـا سـەیر دەکـات لێـی نووسـراوە: (زەوی بـۆ وەرزێـرو مـەرگ بـۆ دەرەبەگ.)٢٦٥

تەوەرێکی دیکەی ناوەرۆکی چیرۆکەکان مەسەلەی ئافرەتە، ئەم بابەتەش لەچەند وێنەیەکی هونەری جوداوازدا خۆ دەنوێنێ.

**محەمەد مەولوود مەم** لەچیرۆکی (قینی لێم بوو)٢٦٦، باسی چیرۆکی جنسی نێـوان (نەسرین و کوڕێـك)مـان بـۆ دەخاتـە روو و گوفتـاری هـەردوو پاڵەوانەکـە لەگـەڵ نـاخ و دەروونیانـدا جیـاوازە، (چیرۆکنووسـیش بەسـەرکەوتوانەو شـارەزاییەوە توانیـوێتی وێنـەکان بکێـشێ، بـۆ ئەمـەش گرنگییـەکی چـاك و زیرەکانـەی بەهـەموو لایەنـەکانی چیرۆکەکە داوەو هەریەکەیان خاوەنی کەسایەتیو دیوی ناوەوەو زمـان و بیرکردنـەوەی تایبەتین.)٢٦٧

کوڕەکـە بەوەیکـە نامـەی کـچێکی بەدەسـت دەگـات لـووت بـەرزو لـەخۆبایی دەبێت، کچەش سەرەتا خۆی بەپاك و بێ گەرد پیشان دەدات، بەڵام زۆر ئاڵۆشی حـەزو ئارەزووە خەفە کراوەکانی هورژمی بۆ دێنێو بۆ چەند ساتێك رادەبوێرێ، بـەو شـێوەیە لە دیالۆگ و مەنەلۆگەکاندا کەسیەتی پاڵەوانەکانمان بۆ دەردەکەوێت، کـە هـەردووکیان لاوازن.٢٦٨

---

265 —حسن قزلجی، کەشکۆڵی جادوویی، گ. هیوا، ژ ٣١، س٤، ل ٧١ – ٨١.

266 —محەمەد مەولوود (مەم)، قینی لێم بوو، گ. هیوا، ژ ٦، س ١، ل ٨٢ – ٩٢.

267 —صەباحی غالب، ئافرەت لەچیرۆکی کوردیدا، ل ٢٩١.

268 —چـیرۆکنووس بیرۆکـەی ئـەم چـیرۆکەی لەچـیرۆکی (دڵـداری بـەهێزترە)ی چـیرۆکنووس و رۆماننووسی رووسی (تۆرگینێڤ)ەوەو وەرگرتووە، بڕوانە: تالـب محمـد احمـد، لێکۆڵینەوەیـەکی

**مستەفا ساڵح کەریم** لەچیرۆکی (بریا نەهاتیتایەوە)٢٦٩ پەیوەندی خۆشەویستیو دڵداری نێوان (**سوارەو زێڕین**)مان بۆ دەردەخات، کە داب و نەریتی کۆمەڵایەتیو کەللەڕەقی باوکی زێڕین دەبێتە کۆسپی بەردەمیان. ناوەرۆکی چیرۆکەکە لەهەقایەتێکی فولکلۆریی دەچێت و زۆر رووداوی ناخۆشی وا لەکۆمەڵ دا روویداوە، بەڵام هەندێك شتی دژ بەیەك لەهەڵوێستی پاڵەوانەکاندا بەدی دەکرێت. زێڕین کە سوارە داوای لێ دەکات رەدووی بکەوێت دەڵێت:

(... ئۆی سوارە گیان ئەوە چ دەڵێی؟ گوێی شەیتان کەڕ بێ. چی واڕوو نادا بەپشتی خودای، بەڵام بەخودای من وای بەچاك دەزانم (دڵداریە دوور بەدوورەکەمان بمێنێ بەبەرزی شەرەفەوە چاترە لەپێك گەیشتنمان بەسووکیو دەربەدەرییو حەیا چوون)٢٧٠ کەچی لەکۆتایی چیرۆکەکەدا (زێڕین)یش لەگەڵ سوارە لەپاڵەوانەکەدا دەسووتێ. بەیەکەوە دڵنیا بوونیانە لەیەکتری، بەڵام لەناوەرۆکی چیرۆکەکەدا هەست بەو خۆشەویستییە گەورەیە ناکرێت و تەنانەت سوارە وەکو هەموو هەڵوێستە سەرەڕۆییو هەرزەکارەکانی دیکەی ئامادەیە زۆر بەسووك و سانایی واز لە(زێڕین) بهێنێت و لەکاتی رەدوونە کەوتنی زێڕین دا، پێی دەڵێ:

(– واتە ئیزنم دەدەی؟)٢٧١

ئەمە بێجگە لەوەی هیچ هۆیەکی مەنتقی هەبێت و نازانین بۆچی ئەو پاوانە سووتاو پاڵەوانەکانیش بوونە قوربانی ئەو کۆتاییە تراژیدییە.

محەمەد مەولوود (مەم)، لەچیرۆکی (داپیرەم)٢٧٢ دا، بەپیرەژنێکی مەزنمان دەناسێنێ، ئەم پیرەژنە لەگەڵ ئەوەی تووشی چەندین چەرمەسەری و جەرگسووتان و

---

رەخنەگرانە لەچیرۆکەکانی محەمەد مەولوود (مەم)، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٣، ل ٢١٤، (نامەی ماجستێر).

269– مستەفا ساڵح کەریم، بریا نەهاتیتایەوە، گ. هیوا، ژ ٣، س١، ل٥٣ – ٦٢.

270– گ هیوا، ژ٣، س١، ل ٥٧.

271– ژمارەی پێشوو، ل ٥٧.

272– مەم، داپیرەم، گ. هیوا، ژ ٩، س١، ل ٥٧ – ٦٤.

ماڵ کاول بوون هاتووە، کەچی هەر ورە بەرزەو هانی نەوەکانی دەدات دژی شەڕو دووبەرەکی و لایەنگری ئاشتی بن، تەنانەت وەکو مرۆڤێکی بیر کراوەو تێگەیشتوو بۆ بەردەوامی ژیان و نەوەی نوێ داوا لەکوڕەکەی دەکات، کە ژن بێنێ و پێی دەڵێ:

(– کوڕم... ژن بێنە...)٢٧٣

ئەو پیرەژنە مرۆڤ دۆستە دژی رووخان و رمانەو بەتووندی رووبەڕووی بەرەی شەڕخوازان دەبێتەوەو دەڵێ:

– ئێمەش... هەر ئەو ئادەمیزادەین... ئەو دڕندە روخێنەرەین..و ئەو گیانە پیرۆزە وەستا دروستکەرەشین، تامی سوێری...و تاڵی...و ناخۆشیمان زۆر چێشت، ئینجا ئێستا ئەتوانین سەرلەنوێ.. دەست بکەینەوە بەئاوەدان کردنەوەی دونیاکەمان...)٢٧٤

مستەفا ساڵح کەریم لەگۆشەیەکی دیکەوە دەوری ئافرەتێکی مەزنمان بۆ دەردەخاو ئەو ئافرەتەی، کە لەپێشەوەی خۆ پیشاندان و راپەڕینەکانی سەرەتای پەنجاکاندا لەپاڵ براکانیدا رووبەڕووی رژێمی پاشایەتی دەبووەوە، ئەویش لە کەسیەتی (پرشنگ)ی قارەمانی چیرۆکی (چۆن لەبیرم بچێتەوە)٢٧٥دا دەردەکەوێت.

(پرشنگ)ی خۆشەویستی (ئامانج) لەسەر پاسێکەوە بەوتارو هوتاف لێدانەوە هاواری دەکرد، کە قوتابیان دان بەخۆیانا بگرن و بڵاوەی لێ نەکەن یا کوشتن... یا سەرکەوتن، بەڵام پرشنگ بەر دەسڕێژ کەوت، لەسەرەمەرگێشا بەئامانج دەڵێ:

﴿– بەڵام کە خوێنی ئێمە داری ئازادی بۆ میللەت ئاو ئەداو لێم روونە کە (ئەو گەلەی قوربانی بدات هەرگیز نامرێ).﴾٢٧٦

تەوەرەیەکی دیکەی ناوەرۆکی چیرۆکەکان، چەوسانەوەی نەتەوەییو کوردایەتیو خەباتی هاوبەشی نەتەوە ژێر دەستەکانە. دوابەدوای جەنگی جیهانی دووەم مەسەلەی نەتەوەیی زەقتر لەمەسەلەکانی دی خۆی دەنواند، بەتایبەتی دوای

---

[273]– ژمارەی پێشوو، ل٦٤.

[274]– مەم، داپیرەم، گ. هیوا، ژ ٩، س١، ل ٣٦.

[275]– مستەفا ساڵح کەریم، چۆن لەبیرم بچێتەوە، گ. هیوا، ژ١، س٣، ل ٨٧–١٠٣.

[276]– ژمارەی پێشوو، ل ١٠٢.

شۆڕشـی ١٤ی تـەمووزو کـارە ناپەسـەندەکانی ڕژێمـە یـەك لـەدوای یەکـەکانی عێـراق دەرهـەق بەگـەلی کـوردو سـەرکوت کردنـەوەی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازیی نەتـەوەیی کوردیی. ئەم حاڵەتە وای لەچیرۆکنووسەکان کرد مەسەلەی خەباتی سیاسیو نەتەوەیی لەچیرۆکەکانیاندا ڕەنگ بداتەوە.

**عەبـدوڵلا میـدیا** لەچـیرۆکی (**یـەکی خاکـە لێـوە**)دا٢٧٧، بەشـێوەی خـەون ڕەخنـە لەکاربەدەستانی ڕژێمی پاشایەتی دەگرێت، کە نایەڵن گەلی کورد بەخۆشیو شادییەوە یـادی جـەژنێکی نەتەوایـەتیان بکەنـەوە، کـە جـەژنی نـەورۆزە، وتـار بێژەکـەی نـاو حەشامەتەکە، کە فەرمانی کاربەدەستی شار دەخوێنێتـەوە دەڵـێ: (لەبـەر ئـەوەی زۆر بەتـەنگ پارێزگـاری کردنـی ژیـان و سـامانی خـەڵکی شـارەوەین وە نامانـەوێ هـیچ ئاژاوەیەك بقەومێ، بڕیارماندا کە ئاهەنگی نەورۆز نەکرێت.)٢٧٨

( **فاضل نظام الدین** )، بەشـێوەیەکی ڕەمـزی خـەباتی تێکۆشـەرێکی ڕێگـای ئـازادی میللەتەکەمان دەگێڕێتەوەو شەهیدەکە زیندوو دەکاتەوە بـۆ ئـەوەی خـۆی سـەربردەی ژیانی خۆیمان پێشکەش بکات، کە لەمەیدانی خەبات دا گیانی خۆی بەخت کردووە. بـۆ ئەم مەبەسـتەیش چـیرۆکەکەی (یـەکێ لەشـەوەکانی گـردی سـەیوان)٢٧٩ هەڵبـژاردنێکی سەرکەوتووە، کە گردی سەیوان مەزاری شەهیدانە٢٨٠.

(**هۆگر گۆران**) لەچیرۆکی (**سەردار**)٢٨١ ڕۆشنایی دەخاتە سەر لایەنێکی تـری خـەباتی نەتەوەیی، ئەویش خەباتی ڕۆشنبیرانە لەڕێگەی نووسینەکانیانەوە بـۆ وریـا کردنـەوەی جەماوەرو خرۆشانی گیانی شۆڕشگێڕی تیایاندا.

---

[277]– میدیا، یەکی خاکە لێوە، گ. هیوا، ژ ٩، س١، ل ٤٣ – ٤٨.

[278]– ژمارەی پێشوو،ل ٤٧.

[279]– فاضل نظام الدین، یەکێ لەشەوەکانی گردی سەیوان، گ. هیوا، ژ ١٢، س١، ل٥٨ – ٦٤.

[280] – سەبارەت بەهەڵسەنگاندنی ئەم چیرۆکە محرم محمدامین لە ژ١، س٢، ل ٨٧دا هەندێ سەرنجی وردی لەسەر تەکنیکی هونەری چیرۆکەکە دەربڕیوە.

[281]– هۆگر گۆران، سەردار، گ. هیوا، ژ ٨، س٢، ل ٥١ – ٥٣.

(سەردار)ی قارەمانی چیرۆکەکەی بەهۆی نووسینێکییەوە دەخرێتە زیندان، ئەمەش دووپاتی نەبوونی سەربەستیو دیموکراسیو سانسۆری سەخت و دژواری ئەو رۆژگارە دەکاتەوە، کە حکومەت تەنگی بەهەموو چین و توێژە پێشکەوتنخوازەکانی گەل هەڵچنی بوو.

(**مەم**) لەچیرۆکی (**نامەیێك بۆ بەندیخانە**)دا[282]، نامەی منداڵێك دەکا بەهۆیەك بۆ دەرخستنی هەست و سۆزێکی بەکوڵ بۆ منداڵە بارزانییەکان، کە رژێمی پاشایەتی ئاوارەی کردن و بەهۆی خەباتی نەتەوەیی بۆ رزگاری کوردستان بێ باوك ماونەوە، تەنانەت رژێم دێیەکەشی لێ کاول کردن و سووتاندی، لەنامەکەدا هاتووە: ﴿باوکی خۆشەویستم.. رۆژ باش، سەلاوت لێ بێت، باوکە گیان چۆنی؟ کەنگێ ئەگەڕێیتەوە لامان، ئێستا لەبەندیخانە چۆن رائەبوێری؟ ئایا ئەزانی من و نازێ لەگەڵ دایکمان ئێستا لەشاری (....)ین دایکم ئەڵێ پاش گرتنی تۆ... ئێمەش بەزۆری زۆردار لەگوندەکەی خۆمان گوێزراینەوە ئەم شارە... دایکم لێرە بەتەنیا هەموو رۆژی ئەم ماڵ و ئەو ماڵ خەبات ئەکات هەتا نزیك ئێوارە، بەم جۆرە نان و خۆراکمان بۆ پەیدا ئەکات...﴾[283].

چیرۆکنووس سەرکەوتووانە باری دەروونی منداڵێکی بێ باوکمان بۆ شی دەکاتەوە، کە هەستی چی یە بەرامبەر باوکە نەدیوەکەیو بینینی منداڵانی دی ،کە دەست دەخەنە دەستی باوکیانەوە. هەمان چیرۆکنووس لەچیرۆکی (ئاوارەکان)دا بەشێك لەمێژووی شۆڕشەکانی بارزان بۆ رزگاری نەتەوەیی کوردیی بەشێوەیەکی هونەریی دەخاتە روو و (مام سێودین)و (پوور مامز) دەکاتە هێمای کۆڵنەدان و نەبەزین و وەکو دوو پاڵەوانی رق ئەستوور بەرامبەر بەدوژمن دەوەستنەوە.

ئەم خێزانە بارزانییە لەئەنجامی زەبرو زۆرداری دوژمن بەرەو کوردستانی ئێران دەچن، بەڵام ئەوەندە هیوا لەگیان و دەروونیاندا گەورەیە هەر بەتەمای ئەو رۆژەن کە تۆڵەی خۆیان لەدوژمن بکەنەوەو ئەو ئاوارەییەش بەشتێکی ئاسایی دەزانن، چونکە رۆڵەو کەس و کاری تریشیان لەو رێگەیەدا شەهید بوونە. باوکی (مام شێودین)یش

---

282– مەم، نامەیێك بۆ بەندیخانە، گ. هیوا، ژ (١١، ١٢)، س ٢، ل ٧٩ – ٨٦.

283– ژمارەی پێشوو ،ل ٨٠ – ٨١.

لەکاتی بریندار بوونی لەشەڕی عوسمانیدا تفەنگەکەی داوەتە (سێودین)، ئەو کات پازدە ساڵانەو پێی دەڵێ: (کوڕێ من... نەگری، شەرمە بۆ مرۆیان گریان.. ها ئەمە تفەنگی من... کوڕی باوکی خۆت بە.. تۆڵەیا ولاتا خو... بستینەو رێ مەدە دوژمن خاکی کوردستانت بشێایو... ملەتی مە... دیل بکەن و بچەوسێننەوە.)[284]

ئەم خێزانە هەژارە چاویان لەدەستی کوڕە تاقانەکەیان (رەشکۆ)یە، کە لەسەر جێگا کەوتووەو نەخۆشە، درێژە بەخەباتی کوردایەتی خێزانەکەیان بدات.

(**قەلەندەر ئالانی**)یش لەچیرۆکی (**دیمەنێکی سامناك لەسەر سنوور**)دا[285] باس لەکوردایەتیو ئاوارە بوونی خێزانێکی کوردی بەئەسل و بنەچەی پشدەری گیرساوە لەناوچەی (سەردەشت)ی کوردستانی ئێران دا، دەکات، کە لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەموزدا دەیانەوێ بەدزییەوە لەئێرانەوە بەمەرزدا بپەڕنەوەو چۆنیەتی پەڕینەوەو زامدار بوونی کوڕەکەیان بەهۆی کەوتنە خوارەوەی لەسەر پشتی وڵاخەوە پیشان دەدات.

**مارف بەرزنجی** لەچیرۆکی (**شەتل**)دا[286] ململانێی بەینی نەزانیو نەخوێندەواری و مامۆستای گوندێکی دوور پیشان دەدات، کە بەوپەڕی دڵسۆزی یەوە لەپێناو بڵاو بوونەوەی خوێندەواریو گیانی هۆشیاریو ووریا بوونەوەی منداڵە جووتیارەکانی دێ تێ دەکۆشێت و بەرگەی ئەو گوزەرانە تاڵە دەگرێت، (چەوساوەییێکی کوردی بێ دەرەتانی دەربەدەر کراوی خۆڕاگرو جەنگاوەر بەرامبەر بەناحەزان و خوێندەوارێکی بیر خاوێنی جەزرەبەدراو کەرەسەی بابەتەکانی بووە، ئاوات و ئومێدی راستەقینەی هەردوو

---

284– مەم، ئاوارەکان، گ هیوا، ژ ٣٣، س ٥، ل ٨٦.

285– قەلەندەر ئالانی، دیمەنێکی سامناك لەسەر سنوور، ژمارەی پێشوو،ل ٩٢– ١٠٠.

286– معروف بەرزنجی، شەتڵ، گ هیوا، ژ ٣٣، س ٥، ل٦١ – ٧٠.

کیانی موتووربە کردووەو بەستوونی بەیەکەوە، کە مەسەلەی مرۆڤایەتیو بەختەوەری میللەتی کوردە.)[287]

کە لەکۆتایی چیرۆکەکەدا قوتابییەکان، لەبەر هەژاری دەست لەخوێندن هەڵدەگرن، چیرۆکنووس هەوڵەکەی خۆی وا دێتە بەرچاو، کە (شەتڵ)ێك لەباخچەیەکی رەنگین، کە ژیانە هەڵدەکەنریو پەیوەستی دەکات بەخەیاڵێکی رابردووی سەردەمی منداڵی خۆیەوەو لەسەر ئەم کارە ناپەسەندە باوکی لێی داوە. هەروەها چیرۆکنووس هەوڵ دەدات ئەو هەژارییەو نەبوونی قوتابخانە لەگوندەکان و بەزۆر سەپاندنی زمانی عەرەبی لەکاتی خوێندن دا بخاتە ئەستۆی حکومەتەوەو پەیوەستی بکات بەبارودۆخی سیاسی و چەوسانەوەی نەتەوەییەوە.[288]

(**حەسەن قزڵجی**)یش توانج و پلار لەدووبەرەکیو ناکۆکی نێوان کوردان دەگرێت لەنێوان پارچەکانی کوردستان دا زیرەکانە هۆیەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ پلانی ئیمپریالیزم و رژێمە داردەستەکانی لەو وڵاتانەی کە کوردستانی بەسەردا دابەش کراوە. لەچیرۆکی (**شەهیدی زوڵمە کفن و شۆردنی ناوێ**)دا[289] هەباسەی وەرزێر لە وەڵامی مجێوری مزگەوت دا، کە دەریدەکاو هەڕەشەی گرتنی لێدەکات، چونکە ئاوارەیەو لەکوردستانی ئێرانەوە هاتووەدا دەڵێ:

(– بۆچی من و تۆ هەردووکمان کوردنین، هەردووکمان وەك یەك هاوڕەگەزو خوێن نین؟ ئێرەش هەر کوردستان نییە، من و ئەم خەڵکەی لە ئەم شارەدا گشتمان کورد نین و لەکوردستان نین؟ ئیتر بۆچی ئەم

---

[287]– عومەر مارف بەرزنجی، پشکۆو چیرۆکی کوردی، گ. رۆژی کوردستان، ژ ١، س ٢، ١٩٧٢، ل ٥٤.

[288]– د. ١، س ٢، ١٩٧٢، ل ٥٤.عیزەدین مستەفا رەسوڵ، دەربارەی مارف بەرزنجی نووسیویە: (چیرۆکنووسێکی سەرکەوتووی کوردە)، بڕوانە: د.عزالدین مصگفی رسول، الواقعیە فی الادب الکردی، ص١٨.

[289]– حسن قزڵجی، شەهیدی زوڵمە کفن و شۆردنی ناوێ، گ. هیوا، ژ ٣٣، س ٥، ل ٥٦– ٦١.

گـرن؟ ئـەم مـن و تۆیێـو دووبەرەکیێـە چـیێەو، ئـەم جیـاوازیێو قینەبەرییە شوورەیی نی یە.)[290]

(مەم) گۆڕانکاری و رووداوەکانی دەست درێژییە سێ قۆڵییەکەی سەر گـەلی میـسر دەکاتـە چـیرۆکێك و تیایـدا لەسـەر زاری پاڵـەوانی چـیرۆکەکە ،کـە ئافرەتێکـەو وەکـو هاوبەشی خەمی گەلی عەرەبی میسر بـەرۆژوو بـووە هـاودەردی کـورد پیـشان دەدات و خەباتی نەتەوەیی هەردوو گەلەکە بەیەکەوە گرێ دەدات.

چیرۆکی (**کە دایکم بەرۆژوو بـوو**)[291]، نموونـەی خـەباتی هاوبەشـی و بـڕوا بـوونی کوردە بەرامبەر بەئاشتیێو تەبایێو وەستان دژی شەڕو پلان.

سـێ کەسـایەتی سـەرەکی لەچـیرۆکەکەدا دەردەکـەون، پیرەژنێـك کـە لەرۆانگـەی ئایینەوە بۆ مەسەلەکە دەڕوانـێ و پێـی وایـە مـادام میـسر موسـڵمانن هـەرگیز نابـەزن. خوشـکی کوڕەکـە، لەڕوانگـەی سـۆزو ویـژدان و بـەزەیی هاتنـەوە بەمنـداڵی سـاوا دژی دەسـت درێژییەکەیـە. کوڕەکـە لەروانگـەی بەسـتنەوەی خـەباتی کوردایـەتیێو شۆرشگێڕییەوە هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێ، کە هاوبەشی خـەباتی میللەتـە دیـل و ژێـر دەستەکانە، بۆیە دەڵێ:

(لەناو مونجی ئەو توڕەیێو قینەدا وڵاتە دیلەکەی خۆم... کوردستانی خۆشەویستی زۆر لێکراوم... لەتەك میسری زۆر لێکراو هاتە بەرچاو.. کە ساڵەهای ساڵە وا لەژێر پێـی ئیستعمارو نۆکەرە خوێنخۆرەکانی ئەتلێتەوە...)[292]

بەم شێوەیە دایکیان بڕیاری داوە تا میسر رزگاری دەبێت بەرۆژوو بێت.[293]

---

[290]– حسن قزڵجی، شەهیدی زۆڵمە کفن و شۆردنی ناوێ، گ. هیوا، ژ ٣٣، س ٥، ل ٥٨.
[291]– مەم، کە دایکم بەرۆژوو بوو، گ. هیوا، ژ ٤ ، س ٢ ،ل ٢٢ – ٣٠.
[292]– سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.
[293] – طالب محمد احمد، لەنامەی ماجستێرەکەیدا، دەربارەی ئـەم چـیرۆکە هەنـدێ سـەرنجی ووردی دەربڕیوە، بڕوانە: لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەگرانە لەچیرۆکەکانی محەمەد مەولوود (مـەم)، (نامـەی ماجستێر)، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٣، ل ٥٦– ٦٠.

تەوەرەیەکی دیکەی ناوەرۆکی چیرۆکەکان هەژاریو دەست کورتی خێزانییە، (مەم) لە چیرۆکی (**پەنجا فلس**)دا[294] بەژیانی هەژاریو نەبوونی خێزانی دوو قوتابی ئاشنامان دەکات، کە خەریکە لەبەر هەژاریو دەست کورتی واز لەخوێندن و قوتابخانە بهێنن، بەڵام دوایی حەزو ئارەزووی خوێندن هانیان دەدا بچن بۆ قوتابخانە. لەڕێگەدا ئەو دوو قوتابییە پەنجا فلس دەدۆزنەوەو لەخۆشیاندا لەپۆلیش (س)ی قوتابی لەوەڵامی پرسیارێکی مامۆستادا بە(پەنجا فلس) وەڵام دەداتەوە. لەوەسفی هەژاریی خۆیاندا چیرۆك گێڕەوە دەڵێت:

(ئەو بەیانی یە چ خۆراکمان نەبوو.. نە.. نان.. نە شەکرو چا، کە تاکە خواردنە خۆشەویستەکەکان بوو.)[295] لەوەسفی دۆزینەوەی پەنجا فلسەکەشدا دەڵێت: (کە لەناو قوڕەکەی پێش دەمم.. چاوم بەپەنجا فلسێکی سپی کەوت!! بەهێزێکی سەیر.. وەك پشیلەکە پەلاماری نێچیر ئەدا.. وا پەلامارم دا.. وام ئەزانی لەدەستم رائەکا.. هەڵم گرت و.. مستێك قوڕییشم لەگەڵ هێنا!!)[296]

**ساجد ئاوارە** لەچیرۆکی (**هێزی برسێتی**)دا[297] دوو سواڵکەری کڵۆڵی لەکۆمەڵ وەرگرتووە، کە برسیەتی بەجۆری هورژمی بۆ هێناون دەریشیان دەکەن ناڕۆن و لە ماڵی چیرۆکگێڕەوەدا نان دەخۆن، ئەگەرچی دایکی پێی خۆش نییە، بەڵام چیرۆکگێڕەوە بەزەیی پێیان دا دێتەوە. کابرای سواڵکەریش بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە، کە ئاوارەی دەستی ئاغان.

**فاضل نظام الدین** لەچیرۆکی (**لەتێ نان و شیشێ کەباب**)دا[298] هەژاریو مەینەتی خێزانێك دەردەخات، کە قوتابیەك هەموو رۆژێ خواردنەکەی لە قوتابخانە ناخوات و

---

[294]– مەم، پەنجا فلس، گ. هیوا، ژ ٤، س ١، ل ٧٨ – ٨٤.

[295]– گ هیوا ، ژ٤، س١، ل ٧٨.

[296]– مەم، پەنجا فلس، گ. هیوا، ژ ٤، س ١، ل ٨٠.

[297]– ساجد ئاوارە، هێزی برسێتی، گ. هیوا، ژ ١٠، س ١، ل ٦١ – ٦٩.

[298] – فاضل نظام الدین، لەتێ نان و شیشێ کەباب، گ. هیوا، ژ (٦، ٧) س ٢، ل ٣٣ – ٣٧.

دەبیاتەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ خوشکەکەی بیخۆن، داهاتیان تەنیا لەسەر ئەو سنییەیە کە لەبەر دەرگا شتی لەسەر دەفرۆشن، کە مامۆستا لێی دەپرسێ، بۆی دەردەکەوێ، کە زۆر هەژاران و قوتابییەکە باوکی نەماوەو دایکیان بەخێویان دەکا، مامۆستا دەیەوێ چارەگە دینارێکی بداتێو یارمەتیان بدات، بەڵام قوتابیەکە لێی وەرناگرێ و دەڵێ:

(– ئاخر مامۆستا ئەمڕۆ تۆ ئەمەم ئەدەیتێ ئەی سبەینێ، ئەی دوو سبەی؟)[299]

ئەو دیالۆگەی کۆتایی چیرۆکەکە هێزی چیرۆکەکە دەردەخاو کۆتاییەکی بەهێزە، کە هەژاری بەبەزەیی چارەسەر ناکرێت و لەئەستۆی دەستەڵاتی سیاسییە، کە ئابووری وڵاتی بۆ بەرژەوەندی خۆیو بەشێوەیەکی یەکسان دابەش نەکردووە.

تەوەرەیەکی دیکەی ناوەرۆکی چیرۆکەکان لەخۆ گرتنی هەندێ دەردی کۆمەڵایەتییە، کە کاریگەریەکی خراپیان بەسەر نەریتی کۆمەڵدا هەیە، دەبنە هۆی دواکەوتن و لەنیشانەکانی دواکەوتنی شارستانین.

یەکێ لەو دەردانە دەردی قومارە، کە لەو ساڵانەدا بەهۆی بێ کاریو بڵاوبوونەوەی هەژاری بەنێو ریزەکانی خەڵك دا شیرازەی زۆر خێزانیان لەباربردووەو تێکداوە.

(**مستەفا ساڵح کەریم**) بە چیرۆکی (**فرمێسکی پەشیمانی**)دا[300] بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا ئاکامی پیاوێکی قومارباز دەردەخات، کەتازە گەنجەو تازە ژنی هێناوەو تازەش دامەزراوە. وەکو مامۆستایەکی چالاك لەسەرەتای ژیاندا پەروشی بنیاتنانی خۆی و لەخەمی بڵاوبوونەوەی خوێندەوارییە لەکوردستاندا،

پاشان بەهۆی چەند برادەرێکیەوە دەخزێتە نێو کۆڕی شەوانەی قومارەوەو لەگەڵ ژنەکەیشی خەریکە نێوانیان تێکدەچێت، شەوێکیان دوای ئەوەی سوێند دەخوات

---

[299]– گ هیوا ، ژ (٦،٧)، س٢،ل ٣٦.

[300] - مستەفا صالح کەریم، فرمێسکی پەشیمانی، گ هیوا، ژ٢، س١، ل٢٤.

نەیەتەوەو شەو لە دەرەوە دەمێنێتەوە پەشیمان دەبێتەوەو بۆ یەکجاری واز لـە قومـار دەهێنێت و ژنەکەیشی لەخۆشیاندا دەڵێت:

(– دڵم خەبەری دابوو، کەهەر دێیتـەوە گیانەکـەم، بۆیـە ئـەم شـەو خـەو نەهاتـە چـاوم شەوگار کردی و من کردم... بەڵام ئەمزانی کەهەر دێیتەوە..)٣٠١.

چیرۆکنووس ئەم خووە ریسوا دەکات و بۆ ئەم مەبەستەیش نموونەیەك دەهێنێتـەوە بۆ نەفامی کەسەکان، کەچیرۆك گێڕەوە دەڵێـت: (هـەتا مـاوم ئـەوەم لـەبیر ناچـێتەوە، کەشەوێ لەشەوان کـچێکی شـۆخ و شـەنگ هەیاسـەکەی نـاو قـەدی هێنـابووەوەو یـەك دووچاوی رەشـی گەشـی جـوان فرمێـسکی قـەویان هەڵئەرشـت وەك بـارانی بـەهار کـە بەقوڵپی گریانەوە خۆی کرد بە ژووراو رووی کردە رۆستەمی برای:

– نەختێ وازبێرە لەم قومارە بێ فەرە بۆ خاتر خوا وا لەوێ ئـەول کـەریمی بـرام وا گیان ئەدا.)٣٠٢

**محەمەد نـوری تۆفیـق** لەچـیرۆکی (**بەرەحمـەت بـێ خـەتایباوکی بـوو!**)٣٠٣ هـەمان مەسەلەی قومار دەخاتە روو، بەڵام بەشێوەیەکی ناهەمواری ئەوتۆ، کەتیایدا دەکەوێتـە دواندەری و چیرۆکنووس خۆی دێتە گۆو دەڵێ: (ئەرێ ئێوە شەرم ناکـەن لـەم دەورەدا قومار ئەکەن؟؟؟ ناشوکری نەبێ ئەبێ گەلی کورد هەر ئەمە بەشـی بـێ! ! وا میللـەتان مانگیان تاقی کرۆدەوە، بەفرۆکە لەدێیەکەوە ئەچن بۆ دێیەکی تر..)٣٠٤، کە ئەمەش زۆر لەبەهای هونەریی چیرۆکەکەکەی هێناوەتە خوارەوە.

(**ساجد ئاوارە**) لەچیرۆکی (**مانگ گیران**)٣٠٥ دا، کە لە نەریتێکی کۆمەڵایـەتی دەدوێ، ئـەویش تـەپڵ لێدانـە لەلایـەن خەڵکـەوە لـەکاتی مـانگ گـیران دا، چـیرۆکنووس تـەپڵ لێدانەکە لای دوو منداڵی هـەژارو پێخـاوس نمـایش دەکـات و تیـشك و تریفـەی مانگەگـە پەویەست دەکات بەهیوای هەژارانەوەو شەوەزەنگیش بەنائومێدی، واتا گەڕانـەوەی بـۆ

---

301– ژمارەی پێشوو، ل٣٠.

302– گ هیوا ، ژ٢، س١، ل٢٧.

303– محەمەد نوری تۆفیق، بەرەحمەت بێ خەتای باوکی بوو، گ هیوا، ژ(٢)، ل٦٣–٧٦.

304– ژمارەی پێشوو، ل٦٥.

305– ساجد ئاوارە، مانگ گیران، گ هیوا، ژ٧، س١،، ل٩٣–٩٦.

ئەو بڕوایەی کەهەردوو هێزی چاکەو خراپەو تاریکی و ڕووناکی لەجیهان و ژیان دا بەرقەراران.

**حەسەنی قزلجی** لەچیرۆکی (**نوشتەکەی ئامینەخان**)دا[٣٠٦] مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو، باوەڕهێنانی دەشتەکییەکان بەنووشتە و شێخ و مەلا. چیرۆکنووس زۆر بەوردی پەردە لەسەر فرت و فێڵی نوشتەو شێخ هەڵدەداتەوەو لە کۆتاییشدا ئەو دەستەو تاقمە ریسوا دەکات و فێڵەکانی ئامینەخان، کە وەکو کیژە شێخێك نوشتە دەکات، کوڕێکی گەنجی فێڵزان لەخشتەی دەبات، بەڵام ئامینە خان دڵی بەو جەواڵە گەنمە خۆشە کە لەکوڕەکەی وەرگرتووە.

(**عەبدوڵلا میدیا**)یش لەچیرۆکی (**شاڵلاّ سواری کەریشیان بکردایە**)دا ٣٠٧ لە دەروون پاکیو ڕەوەشت بەرزی خەڵکی لادێ دەدەوێ و کابرای دەشتەکی قێزی لەرەفتارو ڕەشت نزمی گەنجەکانی نێو چایخانەیەك دێتەوە، کە چۆن ڕێگەیان بەکیژێك گرتووە لێدانیان خواردووە.

کارەساتی سروشتیش بۆتە هەوێنی چەند چیرۆکێك و ئەو ماڵوێرانی و نەهامەتییەی بەسەر خەڵکی بێ تاوان دا هاتووەو ویژدانی چیرۆکنووسانی هەژاندووە، کارەساتی لافاوەکەی شاری سلێمانی لەساڵی ١٩٥٨ دا بووە هۆی مردنی چەند منداڵ و گەنج و پیرێك و چەندین خانووی رووخاند و زەرەرو زیانی بەهاولاّتیانی شارەکە گەیاند.

**مستەفا ساڵح کەریم** لەچیرۆکی (**کوا کوڕەکەم**)دا ٣٠٨، بەسەرهاتی پیاوێك دەردەخات کە لە تاو (سزا)ی کوڕی خەریکی دارو پەردووی خانوویەکی ڕووخاو دەبێت و خۆیشی دەکەوێتە خەستەخانەو حاڵی شڕەو لەسەرەمەرگە، بەلاّم ئەو لاشەیەی لەژێر خانووی ڕووخاو دەریدەهێنن کوڕەکەی ئەو نییەو کوڕەکەی بێ سەرو شوێنەو منداڵێکی ترە بەناوی (سیروان) وتی (دارا)ی قارەمانی چیرۆکەکە ئەم ڕاستییە بە دکتۆری خەستەخانەکە دەڵێ. ئەمەش نموونەیەکی قوربانییەکانی ئەو لافاوەیە، کە (عەبدوڵلا

---

[306]– حسن قزلجی، نوشتەکەی ئامینە خان، گ هیوا، ژ٣٠، س٤، ل١٠١–١١٠.

[307]– میدیا، شاڵلاّ سواری کەریشیان بکردایە، گ هیوا، ژ٣٤، س٥، ل٧٣–٧٨.

[308]– مستەفا سالح کەریم، کوا کوڕەکەم، گ هیوا، ژ ٥ ، س١، ل٥٥–٦٠.

میـدیا) یـش لەچـیرۆکی (لافـاو)دا[309] لـەو لافـاوەی شـار دەدویّ و پەیوەسـتی دەکـات بەهاتنەوەی تەرمی شێخ مەحموودی نـەمرو شـەڕەکەی بـەردە قارەمـان. مامۆسـتا (ع) وردە وردە بـەدەم ڕۆیـشتنەوە بـۆ مـاڵ کاولکـاری لافاوەکـە و شـین و شـەپۆڕی ژنـانی لەکۆلآنەکان گویّ لیّ دەبێت، لەدیمەنێکدا هاوڕێیەکەی پێی دەڵیّ:

(– چاوت لیّ یە؟

– لەچی ؟!

– لەسەری ئەو منالّـە لـەژێر ئـەو خـانووە رووخـاوەدا دیـارە واخـەریکن دەری ئەهێنن)[310]

دوای بەدوای خستنە رووی تەوەرە سەرەکی‌یەکانی ناوەرۆکی چـیرۆکەکانی گۆڤـاری (هیـوا)، لەمـەودوا هـەولّ دەدەیـن لەئاسـت تـەنکیکی هونـەری وز مـانی چـیرۆکەکان هەڵوەستەیەك بکەین.

## زمان و تەکنیکی هونەریی لە چیرۆکەکاندا

تەکنیکی هونەری تا رادەیەکی زۆر هونەری چیرۆکنووسین لە هونـەرەکانی دی وەکـو وتارو ریپۆرتاژ نووسین جیا دەکاتەوە. دەست کـورتی لەتەکنیکـەکانی هونـەری ئاسـتی چـیرۆکەکە لاواز و بـیّ بـەها دەکـات.هونـەری چیرۆکنووسـین هـەر لـەزووەوە لەلایـەن شارەزاو پیسپۆرانەوە چەند مەرجێکی سەرکەوتوویان بـۆ دانـاوە، بەتایبـەتی سـەرەتاو گریّ و لووتکەو کۆتاییەکی بەهێزو باوەڕهێنەر.[311]

سەرەتا لەرووی هەڵبژاردنی پاڵەواندا دەتوانین پاڵەوانەکان بۆ چـەند جۆرێـك دابـەش بکەین. جووتیاری هەژاری زوڵـم لێکـراو لەلایـەن ئاغـاوە لەبەشـێکی زۆری چـیرۆکەکاندا

---

309– مامۆستا –ع–، لافاو، گ هیوا، ژ٥، س١، ل٧٦–٧٧.

310– ژمارەی پێشوو، ل٦٧.

311– د. عیزەدین ئیسماعیل رەگەزەکانی چیرۆکی هونەری وا دەست نیشان دەکات: ١– رووداو. ٢ – گێڕانەوە ٣– بنیات. ٤– پاڵەوان. ٥– کات و شوێن. ٦– بیر.
بڕوانە: د. عزالدین اسماعیل، الادب وفنونه، گ٢، ص ١٨٥ –١٩٧.

دووباره دەبێتەوە، بەو شێوەیەی سەری بۆ واقیعە تاڵەکە داوەو ئاستی ڕۆشنبیریشیان زۆر لاوازە. لەهەندێ چیرۆکیشدا کوڕی جوتیار بەهۆی گەشە کردنی بیری چینایەتی و ئایدیۆلۆژیسەوە ڕوو بەڕووی ئاغاو دارودەستەکەی دەبێتەوە، هەروەکو (دڵسۆز)ی کوڕی مام ڕەسوڵ لەچیرۆکی (**دڵسۆزی نەمر**)دا.

پاڵەوانێکی دیکەی ناوچیرۆکەکان، ژنی کوردە، کە لەچەند وێنەیەکی جیاوازدا خۆ دەنوێنێ" ئافرەتی دنیادیدەو بەئەزموون و بنیات نەر هەروەکو داپیرەی چیرۆکی (داپیرەم)، یان کچ و ژنی شۆڕشگێڕو پەروەردەکراو بەبیری سیاسی و نیشتمانییەوە هەروەکو لە چیرۆکی (چۆن لەبیرم بچێتەوە)، یان پاڵەوان نموونەی ئافرەتێکی داوێن و پیس و سۆزانی و لەخشتەبراوە لەلایەن کەسانی نەفس نزمەوە بوونەتە قوربانی پەیوەندیە ناجۆرەکانی کۆمەڵ، هەروەکو (خەجێ)ی پاڵەوانی چیرۆکی (**دەروازەکەر**)ی **عەبدوڵڵا میدیاو** (نەسرین)ی چیرۆکی (**ڤینی لێم بوو**)ی مەم.

جۆرێکی دی لەپاڵەوانی ئافرەتانە، ئەوانەن لەگەڵ قەزاو قەدەر و قسمەت و نسیب دا دەڕۆن بێ ئەوەی هیچ هەڵوێستێکیان هەبێت و مل کەچی پەیوەندیە دواکەتووەکانی کۆمەڵی ڕۆژهەلاتین و لەکاتی پەیوەندی دڵدارییش دا چارنووسیان بەدەست خۆیان نییەو دەچەوسێنرێنەوە، (لەهەر کۆمەڵگایەکی فرە چیندا، جا پێوەندی کۆمەلایەتی، کۆیلایەتی بێت، یا دەرەبەگایەتی یا سەرمایەداری، موڵکایەتی تایبەتی بەرکەماڵە، تا موڵکایەتی تایبەتیش بەردەوام بێت، چەوسانەوەی ئافرەت هەر بەردەوامە، تەنیا شێوەکەی دەگۆڕێ.)[٣١٢]

شێوەیەکی دی لەپاڵەوانی چیرۆکەکان کەسانی شۆڕشگێڕو گۆش کراون بەبیری نەتەوەیی پێکشەوتنخوازو لەبەها چەسپاوەکانی کۆمەلایەتیو ڕژێمە سیاسیە دیکتاتۆرییەکان یاخین، یاخی بوو مەبەست (ئەو کەسەیە ئامانجێك بۆ ژیان بەدی دەکا، بڕوای بەوە هێناوە کەژیان هەرگیز ناوەستێ و هەر بەرەو گۆڕانێکی باشتر دەڕواو

---

[312] – حەمەسەعید حەسەن، ئافرەت لەچیرۆکی کوردیداو کۆمەڵێ پرس، گ نووسەری کورد، ژ٦، ١٩٨١.

هەولّدەدا، کە لەو گۆڕانە بەشداری بکات)٣١٣، نموونەی ئەو پاڵەوانانەش لەکەسایەتی (سەردار)ی قارەمانی چیرۆکی (**سەردار**)و مامۆستای چیرۆکی (**شەتڵ**)ی **مارف بەرزنجی** دا بەرجەستە دەبن.

شوێن و کات بەشێوەیەکی هونەری و مەنتیقی لەهەندێ لەچیرۆکەکاندا مامەڵەی لەگەڵ کراوەوە شوێن و کات گرنگی‌یەکی تایبەتیان لەسەرکەوتنی چیرۆکدا هەیە. شوێن لەچیرۆکەکاندا بەزۆری گوندەکانی کوردستانەو لەناو جەرگەی ژیانی جووتیارو زەحمەتکێشی کوردستانە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ تاکۆتایی پەنجاکانیش لەپێکهاتی کۆمەلآیەتی کۆمەڵی کوردەواری جوتیارو زەحمەتکێش زۆرینەی گەلیان پێکدەهێنا، کەچی لەژیانێکی تاڵ و کولەمەرگی دا دەژیان.

لە دوای شۆرشی ١٤ی تەمووزەوە چیرۆکنووسەکان وردە وردە شوێن و دیمەنی چیرۆکەکانیان لەناو کۆمەلآنی خەڵکی شارەکان هەڵدەبژاردو کێشەکانی ژیانی رۆژانەی خێزانی هەژارو مامۆستاو قوتابی لەقوتابخانەو کۆلیژەکانیان دەخستە روو. شوێن لەچیرۆکەکانی (**دڵسۆزی نەمر**)و (**بریا نەهاتیتایەوە**) و ( **کەشکۆڵی جادویی**) و (**فرمێسکی پەشیمانی**) گوندەکانەو چیرۆکەکانی (**کە دایکم بەرۆژوو بوو**)و (**کوا کوڕەکەم**) و (**لافاو**)و (**قینی لێم بوو**) (**سەردار**) شارەکانەو (**چۆن لەبیرم بچێتەوە**) لە خۆپیشاندانی خوێندکارانی کۆلیژەکانە.

هەڵبژاردنی شوێن و ئەو کەلوپەلانەی لەوێدا چیرۆکنووس پەنایان بۆ دەبات پەیوەندییان بەدیدو تێڕوانینی جوانناسی (ئیستاتیکا)ی نووسەرەوە هەیە، چونکە هەڵبژاردنی شوێن بەقەد فەلسەفەی کەلوپەلەکان گرنگە. هەڵبژاردنی (ماڵ وەکو یەکەم گەردوون)٣١٤ بە تەنیا بەس نییە. مامەڵە کردن لەگەڵ کەلوپەلەکانی ناو ماڵەکەدا جوانی‌یەکی تایبەتی بەچیرۆکەکە دەبەخشێ. دیوار، دەرگا، پەنجەرە، رووناکی، کورسی، کەنتۆر، جل...هتد، هەموو ئەمانە پێکهاتی سەرەکی‌و جوانکاری ماڵن.

---

313 – محەمەد مەولود (مەم)، تاقیکردنەوەم لەچیرۆك نووسیندا، گ کاروان ، ژ١، س١، ١٩٨٠، ل١٨.

314 – غاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمة غالب هلسا، ط٢، ص٦١.

لــه چــیرۆكی (**فرمێـــسكی پەشـــیمانی**)دا، لەوەسـفی كەلوپەلـەكانی نـاو مـاڵی مامۆستاكەدا دەتوانین بەروون و ئاشكرایی وێنەی ماڵەكە بكێشین. ( ژووری دانیـشتن، مێزی نان خواردن، مێزی نووسـین، كتێبخانـە، گـوڵ و ئینجانـەی سـەر مێـز)، تەنانـەت دەتـوانین گـەورەیی و رووبـەری خانووەكـەش بەمەزنـدە لەمێـشكی خۆمانـدا نەخـشە بكێشێن:

مالّ

| ژووری دانیشتن | ژووری نووستن | کتێبخانه | موبەق |
|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| كورسی و پەردە | وێنەی ژن و مێرد | گولّ و ئینجانەی سەرمێز | مێزی نان خواردن |

چیرۆكی (**دڵسۆزی نەمر**)دا، لەوەسفی چیرۆكنووس بۆ مـاڵی (مـام رەسـوڵ)ی بـاوكی (دڵسۆز)دا هەست بـەبوونی دیمـەنی ناوماڵەكـە دەكـەین، كەنموونـەی خانوویـەكی شـڕو شەپڕێوو لەقوڕ دروستكراوی بچووكی دوو ژووریی و لە ژووری دانیشتنیاندا، حەسیرێك و بەڕە شڕێك و لبادە كۆن و كەندووی ئاردو لەناوەراستی ژوورەكەشدا ئاگردانێك هەبوو.

هەندێك چیرۆكنووس مامەڵەیەكی سەركەوتوویان لەگەڵ (زەمەن – كـات)دا كـردووە. لێرەدا دەبێ بەوریاییەوە جیاوازی نێوان زەمەنی مێژوو زەمەنی گێـڕەرەوی چـیرۆك و زەمەنی ساتی نووسینی دەقی چـیرۆكەكە لەبـەر چـاو بگرین و تێكـەڵ بەیـەك نـەكرێن. هــەروەها وەســفی زەمــەن بــەپێی رۆژ و شــەوو وەرزكــان و ســاتەكانی رۆژو شــەو مەسەلەیەكە پەیوەندی بەجوانكاری و وردەكاری نێو دەقی چیرۆكەكەوە هەیە.

لەچیرۆكی (شەتڵ)دا، ئەگەر بمانەوێ زەمەنە جیاوازەكان دەست نیـشان بكـەین لـەم خشتەیەدا بۆمان دەردەكەوێت:

| زەمەن | ساڵ | شوێن |
|---|---|---|
| زەمەنی مێژوو | ١٩٥٧ | قوتابخانەی گوند |
| زەمەنی چیرۆك | ١٩٥٨ | ناو جێب |
| زەمەنی گێڕانەوە | ١٩٥٩ | نووسینی دەق |

هــەر لێــرەوە دەتــوانین ئامــاژە بــۆ مەســەلەیەکی هونــەریی گــرنگ بکــەین، ئــەویش (زەمەنی گێڕانەوە)یەو خۆی لەچوار شێوەی سەرەکی دا دەدۆزێتەوە:

١– گێڕانەوەی پاشکۆ

٢ گێڕانەوەی پێش وەخت.

– گێڕانەوەی ئێستا.

٤– گێڕانەوەی نێوان.(٣١٥)

ئەم (زەمەنی گێڕانەوە)یش خۆی لە پەیوەندی نێـوان (چـیرۆك گێـڕەرەوە) بـەدەقی چیرۆك دا دەنوێنێ، چونکە پەیوەندی نێوان چیرۆك گێـڕەوەش بـەدەقی چـیرۆك لـەدوو حاڵەت دا بەرجەستە دەبێت:

١– چیرۆك گێڕەوەی دەرەوەی چیرۆك.

٢– چیرۆك گێڕەرەوەی ناو چیرۆك.(٣١٦)

بۆ روون کردنەوەی ئەم لایەنـە هونەرییـە لـەم خـشتەیەدا بەشـێوەیەکی پراکتیکـی هەندێ لەچیرۆکەکانی گۆڤاری (هیوا) روون دەبێتەوە:

| چیرۆکەکان | شێوەکانی گێڕانەوە | پەیوەندی چیرۆکگێڕەوە بەچیرۆك |
|---|---|---|
| بریا نەهاتیتایەوە | پاشکۆ | لەناوەوە |
| دڵسۆزی نەمر | پاشکۆ | لەدەرەوە |
| مانگ گیران | پاشکۆ – ئێستا | لەناوەوە |
| یەکی خاکە لێوە | پاشکۆ | لەناوەوە |
| هێزی برسێتی  پاشکۆ | | لەناوەوە |

315– بۆ روون کردنەوەی زەمـەنی گێڕانـەوەو شـێوەکانی بڕوانـە: سمـیر المرزوقـي و جمیـل شـاکر، مدخل الی نظریة القصة تحلیلاً وتطبیقاً، ص ٩٧–١٠٠

316– بۆ روون کردنەوەی زیاتر بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.

| | | |
|---|---|---|
| چۆن لەبیرم بچێتەوە | پاشکۆ – پێشکۆ – ئێستا | لەناوەوە |
| بەرەحمەت بێ خەتای باوکی بوو | پاشکۆ | لەناوەوە |
| ئاوارەکان | پاشکۆ | لەدەرەوە |
| شەتڵ | پاشکۆ – نێوان | لەناوەوە |
| شەهیدی زوڵمە کفن و شۆردنی ناوێ | پاشکۆ | لەدەرەوە |
| شاڵاڵ سواری کەریشیان بکردایە | پاشکۆ | لەناوەوە |
| دوژمنەکەی مام قیتەڵ[317] | پاشکۆ– ئێستا | لەناوەوە |

بەسەرنجدانی ئەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێت، چیرۆکەکانی گۆڤاری (هیوا)، کە چیرۆکی قۆناغی پەنجاکانە، پشتیان بەباوترین جۆری گێڕانەوە، کە (گێڕانەوەی پاشکۆ)یە بەستووەو پەیوەندی چیرۆك گێڕەوەش بەچیرۆکەکان بەزۆری لەناوەوەی چیرۆکەوە تێ هەڵکیش کراوەو بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە چیرۆك گێڕەوە بەئەرکی خۆی هەڵساوە، کەگێڕانەوەو گونجاندن و پەیوەست کردنی رووداوەکانە.

دەکرێ لێرەوە پەنجە بۆ هەندێ وردەکاری ناو چیرۆکەکانیش رابکێشین.

هەڵبژاردنی ناونیشانی چیرۆکەکان مەسەلەیەکە دەتوانرێ لای لێ بکرێتەوە ناونیشانی چیرۆك تا رادەیەکی باش خوێنەر بۆ لای خۆی رادەکێشێ و وای لێ دەکات چیرۆکەکە بخوێنێتەوە، لەهەمان کات دا زیرەکی و لێهاتوویی‌و رۆشنبیریی چیرۆکنووس دەست نیشان دەکات، بۆیە هەڵبژاردنی ناونیشانی بەهێزو جوان بۆ چیرۆك ئەو جوانکاریو وردەکاریانەیە، کەسەرکەوتوویی بەچیرۆکەکە دەبەخشێت.

---

317 – حسێن عارف، دوژمنەکەی مام قیتەڵ، گ هیوا، ژ ٣٤، س٥، ل٤١–٤٧.

**مستەفا ساڵح کەریم** ناونیشانی چیرۆکەکانی بیرکردنەوەیەکی قووڵیان پێوە دیارەو سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیان دا کێش دەکەن. (چۆن لەبیرم بچێتەوە)و (فرمێسکی پەشیمانی) و (کوا کوڕەکەم؟)، یان **محەمەد مەولود (مەم)** ئەم ناونیشانانەی بۆ چیرۆکەکانی هەڵبژاردووە: (پەنجا فلس)، (قینی لێم بوو)، (نامەیێك بۆ بەندیخانە)، (کەدایکم بەرۆژوو بوو)... بەپێچەوانەی ئەوەشەوە هەندێ ناونیشانی لاواز بەرچاو دەکەوێت، کەخوێنەر لەیەکەم خوێندنەوەو سەرنجدا کۆتایی و ناوەرۆکی چیرۆکەکەی بۆ دەردەکەوێ، وەکو (بەرەحمەت بێ خەتای باوکی بوو) ، (مانگ گیران)، (لافاو)، (ژنیش هەیەو ژانیش هەیە)[318]، (بۆ پێشەوە)[319]، (یەکێ لەشەوەکانی گردی سەیوان)..

مەسەلەیەکی دی لە وردەکاری چیرۆکەکان دا، (هەست کردن بەکۆتایی)یە، لەهەندێ چیرۆك دا، کۆتاییەکی مەنتیقی هەستی پێ دەکرێ، چیرۆکنووس بەشێوازی تایبەتی خۆی باوەڕ بەخوێنەر دێنێ.

هەندێکیان کۆتایی چیرۆکەکانیان بەوتەیەك یان رستەیەکی بەهێز یانە پەندی پێشینان تەواو دەکەن وەکو لەچیرۆکی (شەهیدی زوڵمە کفن و شۆردنی ناوێ)یان (زەوی بۆ وەرزێرو مەرگ بۆ دەرەبەگ)، لەهەندێ چیرۆکی دیکەدا خوێنەر بەناچارییەوە شوێن پێی رووداوەکان دەکەوێ و حەزو ئەلهایەکی زۆر راپێچی دەدەن بۆ ئەوەی بگاتە کۆتایی و ئەنجامێکی دەست بکەوێ یان بەبۆچوونی خۆی ئەو ئاکامە لەخەیاڵی خۆیدا بنەخشێنێ. نموونەی ئەم جۆرە کۆتاییە سەرکەوتووەش لەچیرۆکەکانی (شەتڵ) و (نوشتەکەی ئامینەخان) و (لەتێ نان و شیشێ کەباب) و (پەنجا فلس) دا خۆی دەنوێنن بەڵام شایانی سەرنجە لەهەندێ چیرۆکدا بێ ئەوەی چیرۆکنووس هەستی پێ کردبێ زوو بەزوویی ئەنجامی چیرۆکەکەی بەدەستەوەداوەو ئەو پەرەگرافانەی دوای کۆتاییەکە بوونەتە درێژدادڕی و بار بەسەر چیرۆکەکەوە، بەمەش تارادەیەکی زۆر لەتەکنیکی هونەریی چیرۆکەکەی هێناوەتە خوارەوە.

---

[318]– محمد مصطفى كوردى، ژنیش هەیەو ژانیش هەیە، گ هیوا، ژ١٠، س١، ل٣١–٣٥.

[319]– مەجید ئاسنگەر، بۆ پێشەوە، گ هیوا، ژ ٣٦، ل٣٤–٤٠.

نموونـەی ئـەم کـەم و کوڕیـەش لـە چـیرۆکەکانی (لافـاو) و (بریـا نەهاتیتایـەوە) و (شەهیدی زوڵمە کفن و شۆردنی ناوێ) و (فرمێسکی پەشیمانی)دا دەردەکەوێت.

لایەنێکی دیکەی وردەکاری نێو چیرۆکەکان، غەفڵەت و ئامۆژگاری و ڕێکەوت و بەزۆر راندنی پاڵەوانی چیرۆکە بـۆ خۆدەربـاز کـردن لـەئاڵۆزی ڕووادەکـان و کۆتـایی هێنـان بەچـیرۆکەکە، کەئەمـەش خـاڵێکی لاوازی ئـەو قۆناغـەی چـیرۆکی کـوردی بەگـشتیو چیرۆکەکانی گۆڤاری (هیوا)یە بەتایبەتی.

**مـستەفا سـاڵح کـەریم** لەچـیرۆکی (فرمێـسکی پەشـیمانی)دا مامۆسـستامان وا پـێ دەناسیێنێ کەقەت یاری قوماری نەکردووە، کەچی هەر ئەو شەوە یەکسەر داەنیـشێ و دەست بەقومار دەکا. دواییش کە زۆر خووی پێـوە دەگـرێ، بـێ هـیچ هۆیـەك وازی لـێ دەهێنێ.٣٢٠

هـەمان چـیرۆکنووس لەچـیرۆکی (کـوا کوڕەکـەم؟)دا، ڕوودوەکـانی چـیرۆکەکە بـۆ ژنەکـەی دەگێڕێتـەوە بـێ ئـەوەی ئاگـای لـەوە بێـت، کـە ژنەکـەی ئاگـای لەهـەموو ڕووداوەکانەو بەبەرچاوییەوە ڕوویان داوە.٣٢١

زۆر جار (ڕێکەوت) دەوری لەژیانی پاڵەوانەکاندا بینیـوە، لـە چـیرۆکی (چـۆن لـەبیرم بچێتەوە)، بەرێکەوت (پرشنگ) و (ئامانج) یەکتر دەناسن و دەبنە خۆشەویستی یـەکتر. لەچیرۆکی (قینی لێم بوو) نەسرین و کوڕەکـە (پاڵەوانەکـە) بەرێکـەوت یـەکتر دەناسـن. لەچیرۆکی (پـەنجا فلـس)دا بەرێکـەوت پـەنجا فلـس دەدۆزنـەوە... هتـد. بـەڵێ دەشـێ ڕێکەوت لـە ژیانـدا ڕۆڵـی هـەبێ، بـەڵام هەڵبـژاردنی ئـەو هـەموو ڕێکەوتـە بـۆ چـیرۆکی هونەریی جۆرێك لە لاوازی پیشان دەدات.

بـە زۆر مرانـدنی پاڵـەوانی چـیرۆك و قـەزاو قـەدەر خـاڵێکی لاوازی چـیرۆکەکاندا پاڵەوان بەشێوەیەکی تراژیدی دەمرێت، لەچیرۆکی (**بریا نەهاتیتایەوە**) هەر سـێ پاڵـەوان لەدارستانێکدا دەسووتێن.

---

320 – بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ڕەئوف حسن، فرمێسکی پەشـیمانی و چـۆنیەتی مامەڵـەکردن لەگـەڵ زماندا، پاشکۆی عیراق، ژ(١٢–١٣)، ١٩٧٨، ل٢١.

321 – بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانەی: حسین عارف، چیرۆکی هونەریی کوردی، ل١٤١.

له چیرۆكی (**شەهیدی زوڵمەكفن و شۆردنی ناویْ**) هەباسی وەرزێر لەقەراغ شار سەر دەنێنەوە، له چیرۆكی (دڵسۆزی نەمر)دا، (دڵسۆز)ی كوڕی مام رەسوڵ دەمریْ، دواشت ، كەدەمانەوەیْ هەڵوەستەیەكی لەسەر بكەین، مەسەلەی زمان و شێوەزارەكانی كوردییە، كه لەكاتی دیالۆگی پاڵەوان و گێڕانەوەی چیرۆك گێرەوەدا بەكار هاتووە، بەشێوەیەكی گشتی زمانی چیرۆكەكان تا رادەیەكی باش كوردییەكی رەوانە، ئەگەر چی جار جار وشەی بێگانەی تیا بەدی دەكرێت، بەلاْم تا رادەیەكی زۆر هەوڵی ئەوەیان داوە پەیرەوی زمانی یەكگرتووی ئەدەبی كوردی بكەن و شێوەی سلێمانی بەسەردا زاڵەو تەنانەت هەندیْ چیرۆكنووس شێوەی قسەكردنی بەكار هێناوە، لە چیرۆكی چیرۆكنووسانی كوردستانی ئیرانیشدا شێوەی موكریانی زاڵە، ئەمە مەسەلەی زمان و لەشێوەی (گشتی)دا، بەلاْم ئەوەی ئێمە لەچیرۆكدا مەبەستمانە لەچۆنیەتی مامەڵە كردن لەگەڵ شێوەزارەكان و زمانی پاڵەواندا خۆی دەبینێتەوە، ئایا چۆنیەتی بیركردنەوەو قسەكانی پاڵەوان لەگەڵ ئاستی رۆشنبیرییدا دەگونجیْ؟

**مستەفا سالح كەریم** لە چیرۆكەكانی (بریا نەهاتیتایەوە)و (فرمێسكی پەشیمانی)دا مامەڵەیەكی جوانی لەگەڵ زماندا كردووەو پاڵەوانەكان بەشێوەزاری ناوچەكەی خۆیان دەدوێن، ئەمەش لەهونەری چیرۆكدا بەكارێكی سەركەوتووانە دەژمێردریْ و زیاتر خوێنەر بۆ لای خۆی رادەكێشیْ و لەواقیعی نزیك دەخاتەوە. لەچیرۆكی یەكەمیاندا (زێڕین) بە (سوارە)دەڵیْ:

(نەو.. سوارەی ناو سوارانم، چ رایەم دەكەویْ ئیزنت بدەم، بەو پیرۆتە سووری مەرگەیەی قەسەم لەتۆ زیاتر مێرد بەكەسی دی ناكەم، بەلاْم دەڵێم هەرو هەوڵیْ بدەو دراوان خڕ كەرەوەو بینیْ مستیْ بابمەوە تا پێی تێر بخوا... ئەدی من هەر نوێژان دەكەم بۆ خوای و دەپاڕێمەوە كە بەسەلامەتی بۆم بگەڕێیتەوە..)٣٢٢

لەچیرۆكی دووەمیشدا، (**كوێخا**) دەڵیْ:

(– قوروان تۆ گەرەكتە خۆت دیل كەی لەناو چوار دیوارەكەی مەكتەب وماڵەوەدا، ئەی ناویْ كەمیْ رابوێری...)٣٢٣

---

[322]– مستەفا سالح كەریم، بریا نەهاتیتایەوە، گ هیوا، ژ٣، س١، ل٥٧

[323]– مستەفا سالح كەریم، فرمێسكی پەشیمانی، گ هیوا، ژ٢، س١، ل٢٦.

هــەروەها **محەمـــەد مـــەولود (مـــەم)** لەچـیرۆکی (**ئاوارەکـــان**) دا لەسـەر زاری (مـام سێودین)، کەپیاوێکی بارزانییە دەڵێ (– خودێ مەزنە... رۆژەك هەر دێت میللەتامـە... تۆلەیا خو بستینیت.. بەڵی.. دێهیت ئەو رۆژە.)[324]

بەهۆی ئەم شێوەزارانەوە خوێنەر دەتوانی (ژینگە) ی چیرۆکەکە دەست نیشان بکات و شوێنی رووداوەکە دەست نیشان بکـات و یارمـەتی باشـتر تێگەیـشتنی خوێنەر دەدات.

[324]– مەم، ئاوارەکان، گ هیوا، ژ٢٣، س٥، ل٩١.

# بەشی چوارەم

## گۆڤاری هیواو هەندێ هونەری ئەدەبی دی

یەکەم : رەخنەی ئەدەبی

دووەم : ئەدەبی فۆلکلۆری

سێیەم : وەرگێڕانی ئەدەبی

## یەکەم: رەخـــنەی ئـــەدەبــــی

رەخنـەی ئـەدەبی وەکـو بەشـێك لەئەدەبیاتـدا، مێژوویـەکی دێـرینی هەیـەو لـەپێش یۆنانییەکانەوە رەخنەی ئەدەبی بەشێوەیەکی ساکار و پاشان لەسەردەمی یۆنانییەکان گەیشتە قۆناغێکی پێشکەوتوو و فەیلەسوف و زاناکـانی بەخۆیـەوە خـەریك کـرد[325]. لـە یەکەم رامانی وشـەکەدا بـیر بـۆ لای وەدەرخـستنی کـەم و کـوڕی بەرهـەمێکی ئـەدەبی دەڕوات، ئەگەر ئەوە بۆژیانی رۆژانەی مرۆڤ بشێت، ئەوا لـەبواری ئەدەبیاتـدا، رەخنـەی ئەدەبی بە واتای هەڵسەنگاندنی بەرهـەمی ئـەدەبی دێـت، بەشـێوەیەك بـەپێی رێبـاز و پرۆگرامێکی دیاریکراو رەخنەگر سەرکەتوویی و ناسەرکەوتوویی دەقێـك دەسـت نیـشان بکات، کەوابێ ئەگەر ئەدەب  شیکردنەوەی ژیان بێت لەچەند وێنەیـەکی ئـەدەبی هەمـە جۆردا، ئەوا رەخنە دەتوانرێ بەشیکردنەوەی شیکردنەوە پێناسە بکرێت، واتا ئەو وێنە هونەرییانەی کە ئەدەب پێك دەهێنن.

بە وردبوونەوە لەگرنگی و بایەخی رەخنەی ئەدەبی لە ئـەدەبی هـەموو نەتەوەیەکدا دەبـێ لـە ئاسـت ئـەو ئەرکـە قوورسـەی سەرشـانی رەخنـەگر هەڵوەسـتەیەك بکـەین. رەخنـەگر دەبـێ بـەو چـاوە سـەیر بکـرێ، کەشـارەزایەو توانایـەکی تایبـەتی هەیـە. (بەتایبەتی ئەگەر رەخنەگر خاوەن کەسـیەتییەکی بـەهێز بێـت – وامـان لێـدەکات، بـە تێڕوانینی ئەو سەیری بەرهەمە ئەدەبییەکە بکەین، نـەوەکو لـە تێـڕوانینی خۆمـان، وای لێ تێ بگەین کە ئەو خۆی لێی تێ گەیشتووە، بکەوینـە ئـەو هەڵانەیـشەوە کەئـەو تێـی کەوتووە..)[326]، بەڵام لەراستیدا ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ ئەرکی رەخنـەگر بـە هەڵەمانـدا دەبـات، بـە تایبـەتیش ئەگـەر رەخنـەگر مەرجـەکانی رەخنـەگری سـەرکەوتووی تیـا نەبێت.[327]

---

[325]– بۆ سەرەتای بیری رەخنەیی لای یۆنانییەکان بڕوانە: الدکتور شوقي ضـیف، في النقـد الادبـي، ط٣، ١٩٦٢.

[326]– الدکتور عزالدین اسماعیل، الادب وفنونه، ط٧، ص٦٧.

[327]– د. احمد کمال زکی، زۆر خاڵی بـۆ رەخنـەگری چـاك دەسـت نیـشان کـردووە، بڕوانـە: الـدکتور احمد کمال زکی، النقد الادبي الحدیث اصوله واتجاهاته، ص٢٤–٢٥.

ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە سەرەرتا و بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری شاعیرە کۆنەکاندا دەبینرێت، ئەویش لە ستایش و پیاهەڵدانی خۆیان و شیعرەکانیان و شانازی کردنیان بە زمانزانی و وردەکاری و جوانکاری نێوشیعرەکانیاندا .[٣٢٨]

ڕەخنەی ئەدەبی وەکو زۆر هونەری ئەدەبی تر لەباوەشی ڕۆژنامەو گۆڤارو لەگەڵ بلاْوبوونەوەوی چاپ و چاپەمەنی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە کوردستانی عیراقدا گەشەی کردو چەکەرەی کرد، چونکە نووسینی پەخشان پێویستی بەڕۆژنامە هەیە بۆ ئەوەی بلاْو بکرێتەوە.

لە ساڵی ١٩٢٠ دا **ئەمین فەیزی بەگ** (**ئەنجوومەنی ئەدیبان**)ی چاپکرد و دەقی شیعریی چەند شاعیرێك و چەند دێڕێکی لە ژیانیان بلاْوکردەوە.[٣٢٩]

(**شێخ نوری شێخ ساڵح**)، وەکو ڕەخنەگرێکی بەتوانا و شارەزا لە هونەرەکانی ئەدەبدا چەند وتارێکی ڕەخنەیی گرنگی لە ڕۆژنامەی (**ژیان**)دا بلاْوکردەوە[٣٣٠] و تیایدا چەندین مەسەلەی گرنگی ئەدەبی وەکو (هونەری جوان و هونەری بەسوود و سۆزی وێژەییو پێناسەی وێژەو مەسەلەی فۆرم و ناوەڕۆك لەوێژەدا و کێش و سەرواو کەسایەتی وێژەو چەندین بابەتی دیکەی لەو زنجیرە وتارەدا شیکردۆتەوەو (بۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆشنبیری وێژەی کوردیدا ئەم نووسەرە کوردە دروشمی ڕێبازی زانستی لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەسازیو وێژەیی دا بەچەشنێکی تیۆریی و پراکتیکی بەرز کردۆتەوە.).[٣٣١]

---

[328]– لە نموونەی ئەم شاعیرانە، ئەحمەدی خانی و نالی و حاجی قادرو کۆیی و مەحوی و زۆر شاعیری دی هەن.

[329]– ئەمین فەیزی ، ئەنجونەنی ئەدیبان،تۆژینەوەی لێژنەی وێژەو کەلەپوور،بەغدا،١٩٨٣.

[330]– بۆ ئەو زنجیرە وتارە بڕوانە، ڕۆژنامەی ژیان، ژ٢٠، س١، ١٠ی حوزەیرانی ١٩٢٦ – ژ٦٠، س٢، ٣١ مارتی ١٩٢٧، کەلەژێر ناوی (ئەدەبیاتی کوردی) دایە

[331]– دکتۆر کامل حسن عزیز البصیر، شێخ نوری شێخ صالح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەییو ڕەخنەسازیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا، ١٩٨٠، ل٨٤. لەم کتێبەدا دکتۆر کامل

پاشان لە رۆژنامەی (**ژیان**) و گۆڤارەکانی (**زاری کرمانجی**) و (**دیاری لاوان**) و (**یادگاری لاوان**) دا ژمارەیەك وتاری رەخنەیی سادە بلاو کراونەتەوە، کەرێگە خۆشکەر بوون بۆ هەنگاوی جدی و راستەقینە بۆ گەشەکردنی رەخنەی ئەدەبی کوردی.[٣٣٢]

قۆناغی گۆڤاری (**گەلاوێژ**)، قۆناغێکی پێشکەوتوو ترەو بەحوکمی کۆبوونەوەی روناکبیرانی ئەو سەردەمە لەدەوری گۆڤارەکەدا، چەندین گفتوگۆی رەخنەیی بەسوود لەخزمەتی شیعری کوردیدا دروست بوو، تەنانەت هەندێکیان ململانێ و رق و هەڵچوونی زۆریان پێوەدیارە .[٣٣٣]

لە رووی زۆری بەرهەمی ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبییشەوە دووبارە بەهۆی درێژی تەمەنی گۆڤارەکەوە (١٩٣٩ – ١٩٤٩ن) دەتوانرێ هەوڵەکانی گۆڤاری (**گەولاوێژ**) بەسەرەتاو بنەمایەکی بەسوود و زێڕین دابنرێ بۆ دانانی بناغەی رەخنەی زانستیی کوردی لە بواری شیعری کوردی دا، بەتایبەتی زنجیرە وتارەکانی مامۆستا **رەفیق حیلمی**، کەپاشان هەر لەو قۆناغەدا (**شیعرو ئەدەبیاتی کوردی**) بەچاپ گەیاند.[٣٣٤]

---

بەدوورو درێژی ئەو زنجیرە وتارەی شی کردۆتەوەو پاشان لەکتێبی (رەخنە سازی مێژوو و پەیڕەوی کردن)یشدا دووپاتی گرنگی ئەو زنجیرە وتارە دەکاتەوە کە لە (٢٦) ئەلقەدا بلاوی کردۆتەوەو بەنوێنەری بزووتنەوەی رەخنەسازیی راستەقینەی کوردی لەقەڵەم دەدات. بڕوانە: دکتۆر کامل حسن عزیز البصیر، رەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوی کردن، ل١٣٠.

332– دەربارەی ئەو وتارە رەخنەییانە بڕوانە: محمد دلێر امین محمد رۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، (نامەی ماجستێر)، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٩، ل١٦٣–١٦٥.

333– بۆ وتارە رەخنەییەکانی گۆڤاری گەلاوێژ، بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥–١٧٩.

334– رەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ، بەرگی یەکەم، مگبعە التفیچ، بغداد، ١٩٤١، بەرگی دووەمی لە١٩٥٦ چاپکراوە. پاشان لەساڵی ١٩٨٨ هەردوو بەرگ پێکەوە لە هەولێر، بەپێشەکییەکی د. عیزەدین مستەفا رەسول چاپکرایەوە.

ئەگەر (گەلاوێژ) هەوڵە رەخنەییەكانی تەرخان كرد بۆ شیعری كوردی، ئەوا گۆڤاری (هیوا)یش تەواوكەری گۆڤاری (گەلاوێژ)ەو ئەم لەبواری رەخنەی چیرۆكدا دەست پێشكەر بوو و لە رێگەی كردنەوەی دەرگای رەخنەی چیرۆك و وتاردا، چیرۆكی هونەری و تەكنیكی تازەی بەچیرۆكنووسان ناساندا هەر لەژمارەكانی هەوەڵەوە هەڵسوڕێنەرانی گۆڤارەكە پەرۆشی رەخنەی ئەدەبی بنیاتنەر بوون و بەمەبەستی بەرەو پێش بردنی ئەدەبی كوردی دەرگای رەخنەیان كردەوە، چونكە زۆر چاك لەوە گەیشتبوون، رەخنە رۆشن كەرەوەی رێگای بیری راستەو هەوڵ دەدات كەم و كوڕی لایەنی سەركەوتوویی و رادەی داهێنانی هونەرەكانی ئەدەب دەربخات.

لە ژمارە (٢)ی گۆڤارەكەدا هاتووە:(ئەوەی كەم و كوڕی لەناو بەرێت، تەنها، هەر رەخنە گرتنە؟! بەلاَم، كام رەخنە؟! ئەو رەخنەیەی، كەلەدڵێكی پاكی دڵسۆزانەوە، هەڵ ئەقولێت و چرای دوا رۆژی ئامانجی ئەم گۆڤارە هەڵ ئەگرێت.

بەڵێ چەن جوانە! كەلەدڵی تەنگ و چەڵەمەو ناتەواوی ژیانی كۆمەلاَیەتیمانەوە شالاَو بێنێت، نەك هەر شوێن خەیاڵ كەوین دەست خەرۆی خۆپەرستن بین).[٣٣٥]

پاشان دەستەی نووسەران رووی دەم لە خوێنەران دەكەن و دەڵێن:(ئاشكرایە كەبەبێ لێكۆڵینەوەو رەخنەو راوێژ، هیچ كارێك ناگاتە ئەنجام و كەڵكێكی ئەوتۆی نابێت، ئەدەبیش لەم بارەیەوە بگرە لەهەموو فەرمانێكی تر، پتر پێویستی بەلێكۆڵینەوەو رەخنە هەیە. چونكە ئەدەب ژیانەو ژیانیش هەموو شتێكەو ئەبێ بەوردی و هوشیارانە بژین و دووربین لەهەڵەوە).[٣٣٦]

لە رێگەی ئەو گۆشانەی گۆڤارەكەوە بۆ رەخنەی ئەدەبی والاَی كردبوو، ژمارەیەك شاعیرو چیرۆكنووس و نووسەری دیار بەشداری گفتوگۆكانیان كردووە، بەتایبەتی لەو كارە پیرۆزەی، كە گۆڤارەكە دوای دەرچوونی هەر ژمارەیەكی، كەسانی پسپۆرو شارەزای هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی هەریەكە لەبواری خۆیان (بەتایبەتی شاعیرو

---

[335]– لێكۆڵینەوە، گ هیوا، ژ٧، س١، ل٧٨.

[336]– لێكۆڵینەوە، گ هیوا، ژ٧، س١، ل٧٨.

چیرۆکنووسەکان) شیعر و چیرۆکەکانیان هەڵبسەنگێنن، ئەمەش ڕێ خۆشکەر بوو بۆ دروستبوونی بیرو تێڕوانینی زانستی بۆ رەخنەی ئەدەبی، کە تا ئەو کاتەش لەسەرەتادا بوو.

مەرجەکانی رەخنەگری سەرکەوتوو کەم بەدی دەکراو رەخنەکان سەرنجی راگوزاری و بۆچوونی شەخسی بوون بێ ئەوەی لەسەر پەیڕەو و پرۆگرام و قوتابخانەیەکی رەخنەیی دیاریکراو برۆن.

کامل ژیر لەهەڵسەنگاندنی دوو شیعری (رووناك محمد)دا [٣٣٧] دوای چەند رستەیەکی ئەدەبی بەسۆز بەپەخشانێکی ئەدەبی بەهێز هاتۆتە سەر بابەتەکەو دەڵێ: (رووناك وەکو لەدانانی بیر (فکرە) کانی دا وەستایەتێکی باشی نواندووە، لەداڕشتن و رازاندنەوەی جۆری شیعرەکانیشیا چاپووکی خۆی دەرخستووەو تیا سەرکەوتووە، بەئاسانی واتە (معنا) و رەوانی وشە.

ئێمە بەم دوو پارچە شیعرە بۆمان دەردەکەوێت کەرووناك پاشەرۆژێکی گەلێ روناکی هەیە لەهونەری شیعریدا وە هیوا وایە ببێتە مامۆستای قوتابخانەیێکی نوێ.) [٣٣٨]

لێوردبوونەوە لەو بڕیارە سەرپێییانە، ئاستی رۆشنبیریی رەخنەگرەکەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە لەهەڵسانگاندنەکەیدا، بەچەند رستەیەکی کورت، بێ ئەوەی پەنا بۆ حاڵەتی دەروونی شاعیرو وێنەی شیعریو شیکردنەوەی زمان و تەکنیك و شیکردنەوەی ناوەرۆك و فۆرمی شیعرەکان ببات، یەکسەر بڕیاری ئەوە دەدات، بەو دوو پارچە شیعرە هیوای ئەوەی بۆ دەخوازێ رابەرایەتی قوتابخانەیەکی نوێ لە شیعردا بکات. کام قوتابخانە؟! لەکاتێکدا زیاتر لەچل ساڵ بەر لەو مێژووە تازە کردنەوە لەشیعری کوردیدا دەستی پێکردبوو.

---

337– پاشان دەرکەوت (کاکەی فەلاح)ی شاعیرەبەو نازناوە شیعرەکانی بلاّو کردۆتەوە.

338– کامل ژیر، رووناك محمد، گ هیوا، ١٢، س١، ل٥٨.

لە ژمارەکانی گۆڤارەکەدا (**عبدالرزاق بیمار**) وەکو گەنجێکی چالاکی ئەو سەردەمە زۆر بابەتی رەخنەیی و زۆر چاپکراوی ئەو رۆژگارەی هەڵسانگاندووە[339] دەربارەی پابەندبوون و سەربەستی لە هەڵبژاردنی بابەتەکانیدا، چەند سەرنجێکی رەخنەیی لەبەر رۆشنایی ئەوەی (ئەدەب بۆ کۆمەڵە) یەکلا دەکاتەوەو دەڵێ:

(ئەو کەسانەی دەیانەوێ – نووسەر – سەربەستیەکی بێ گێڕانەوەوی نەبێت و بێ پەروا نەبێت وە دەیانەوێ نووسەر دیلیش بێت.. بیانوویان – واقیعیەتە –! .. بەلاّم واقعیەتیش هەرچەندە ئامانجێکی بەرز و پیرۆزەو رێگایەکی پاکە نووسەر دەیگرێ.. ئەگەر نەزانرا بەرێگەی راستی خۆی بەکاربهێنرێت ئەوە نووسەر پێی ئەگوترێ – دییل – بە هەموو مانایەکەوە..).[340]

لێرەدا، رەخنەگر ئاماژە بۆ مەسەلەیکەی گرنگ دەکات ئەویش – پەیامداریە – الالتزام، کەوەکو رەگەزێکی رەخنە لەسەردەمی رەخنەی پێش یۆنانییەکانەوە لەجەژنەکانی (لینیا)و (داینویسیا) پێڕەوی دەکراو تا وەکو ئەم سەدەیەش گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.[341]

هەمان رەخنەگر، لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی گرانبەهای لەسەر ژیان و بەرهەمە شیعریەکانی شێخ رەزای تاڵەبانی لەگۆڤاری (هیوا)دا بلاّوکردۆتەوە. ئەگەرچی بەخێرایی

---

[339]– بۆ وێنە بڕوانە: عبدالرزاق محمد، خەبات و ژیان، گ هیوا، ژ٤، س٣، ل٧٩–٨٩. عبدالرزاق محمد، فۆلکلۆری کوردیو گەشتی خەوو چیترا و فرە وە گیانم خۆشە، گ هیوا، ژ٣٣، س٥، ل٤٨–٥٤.

عبدالرازق محمد، شەهیدانی قەلاّی دمدم، گ هیوا، ژ ٣٢، س٤، ل٥٥–٦٣.

[340]– عبدالرزاق بیمار، سەربەستی نووسەر، گ هیوا، ژ٨، س١، ل٦٥

[341]– بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: الدکتور محمد غنيمي هلال، النقد الادبی الحدیث،ط ٥، ص٢٥–٢٧. دکتۆر کامل حسن عزیز البصیر، رەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوی کردن، ل٨–١٤.

بەسـەر باسـەكەدا تـێ پـەڕیوەو  باسەكەشـی بـەنیوە چـڵی بـەجێ هێـشتووەو تـەواوی نەكردووە، بەڵام شارەزایی و وردبینی پێوە دیارە .[٣٤٢]

وەكو لەپێشتر ئاماژەمان بۆ كرد لە رووپەرەكانی گۆڤـاری (هیـوا)دا چـەندین وتـاری رەخنـەیی و وەڵامـی ئـەو رەخنانـە بـڵاو كراونەتـەوە، كەهەنـدێكیان لـەداب و نـەریتی رەخنەی بەسوود و زانستی لایان داوە، بۆیە مامۆسـتا **(أ.ب. هـەوری)** بـەناوی رەخنـەو رەخنەگر لە تێڕوانینی خۆیەوە ئـەركی پرۆسـەی رەخنـەو رەخنـەگری شـی دەكاتـەوەو دەڵێ:(رەخنەگری راستی لێ هاتوو هەروەك وەزیرێك وایە فەرمانەكە گێرەو شەن و كەو ئەكات و ئەیداتە بەر قەلبێری بیرو گێژو تەتەڵەی هۆش بۆ ئەوەی سـەركوزەر و كۆتەڵـە پووچەكەی بگرێ و فرێی بدات تاوەك دانەوێڵەیەكـەی بـەجوانی دەردەكـەوێت و بیخاتـە بەر چاوی خوێندەواران و ئەوانیش بەچاوی كڕیار لێی وردببنەوە).[٣٤٣]

ئەم وشە فۆلكلۆرییانەی مامۆستا و تێڕوانینە سادەیەی بۆ پرۆسەی ئـاڵۆزی رەخنـە دیارە بایەخێكی ئەوتۆی نیە، كە لەگەڵ پەیڕەوی رەخنەدا بگونجێ.

---

342– رەخنەگر لەبەشی یەكەمی وتارە رەخنەییەكەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە، كەوتارەكەی لەسێ بەش پێك هاتووە، بەڵام تەنها بەشی یەكەم و دووەمی بڵاوكردۆتەوەو بەشی سێیەم كەتەرخانـە بۆ هـەجووەكانی شـێخ رەزاو گیـانی گاڵتـە  جـاری لای شـاعیر بـڵاوی نـەكردەوە. بەشـی یەكـەم لەژمارە (٣٠)و بەشی دووەم لەژمارەی (٣١)ی گۆڤـاری (هیـوا)دا بڵاوكرایـەوە. دەربـارەی نرخـی ئەم وتارە. د. عیزەدین مستەفا رەسـول دەڵـێ: (بەشـی یەكـەمی هەوڵـدانێكی سـەركەوتووە بـۆ تێگەیـشتنی ئـەدەبیاتی سـەدەی نۆزەدهــەممان)، پاشـان بـەردەوام دەبـێ: (بـۆ چـوونەكانی زانستیانەن، بەڵام وەك وترا كورتن و سروشتی بڕیار دانیان پێوەیـەو دەبـوو بكرانایـە بەباسـێكی فراوان.) دەربارەی بەشی دووەمی وتارەكەش دەڵێ:(لەلایەكەوە هەوڵێكی باشی بەسـتنی ژیـانی شـێخ رەزای بـەباری ئـابووری و كۆمەڵایەتییـەوە داوە، واتـە لایەنـە مەوزووعیەكـەی گرتـووەو هـەوڵێكی لێكدانـەوەوی سـایكۆلۆژیی بوونـە شـاعیر، یـا هـەجوو كردنـی شـێخ رەزای داوە، واتـە لایەنی خۆیەتی (زاتیەت)ی شاعیر گرتـووە، دیـسان ئـەوەی لێـی دەگیرێـت كورتیـو خەسـتیی باسەكەیە، كە دەشیا زۆر فراوانتر بنووسرێت.)

بڕوانە: دوكتۆر عیزەدین مستەفا رەسول، شێخ رەزای تاڵەبانی، ل٢٠–٢١.

343– ا.ب.هەوری، رەخنەو رەخنەگر، گ هیوا، ژ١٠، س١، ل٥٧.

بۆ یەکەمجار گۆڤاری (هیـوا) گرنگـی بەرەخنـەو لێکۆڵینـەوەی چـیرۆکی کوردیـدا و چـەندین کۆمەڵـە چـیرۆك، کـەوەکو کتێبێکـی سـەربەخۆ بـڵاو کراونەتـەوەو یـان ئـەو چیرۆکانەی لەژمارەکانی (هیوا)دا، بڵاوکراونەتەوە کەوتنە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە.

ئەگەر چی چیرۆکی هونەریی کوردی تا ئەو کاتەیش بەتەواوی کامڵ و پـێ گەیـشتوو نەبوو، تازە خەریکی خۆچەسپاندن بوو، بەڵام ئەو رەخنانەی، کـە لـەگۆڤاری (هیـوا)دا بڵاو دەکرانەوەو پاشـان بوونـە بناغەیـەکی بـەهێز بـۆ زیـاتر چەسـپاندن و گەشـەکردنی شێوازو تەکنیکی هونەریی چیرۆکی کوردی.[344]

یەکێك بەنازناوی (**س**)[345] و بەناونیشانی (ژمارە دووی – **هیوا** – لەتای تەرازووا) لـە هەڵسەنگاندنی بابەتەکان دا، کەدێتە سەر چیرۆکی (فرمێسکی پەشیمانی) مستەفا ساڵح کەریم دەڵێت:(... کـاتێ کەوتمـە خوێندنـەوەی (فرمێـسکی پەشـیمانی) زۆر دڵخـۆش و مەست بووم بەو دارشتنە جوانـە، بەراسـتی چـیرۆکێکی دەرچـوو بـوو، چ لـە (شـێواز – اسلوبیا) وە چ لە گفتوگۆیا (حوار)... تـا لەخوێندنـەوەی ئەبوویتـەوە هەسـتت بەگـەلێ (انفعالات) ئەکرد، بەڵام بەبیری من کۆتـایی چـیرۆکەکە لەسـەر شـێوەی چـیرۆك نووسـە ئەمریکایی‌یەکان بوو. جگە لەوەش زۆر بەئەمانەت واتەی پاڵەوانەکانی خـستبووە سـەر کاغـەز، زۆر سەرسـام بـووم بەوەسـفی سـەر بەردەکـەی سـەرقەبران بـەکورتی، هەنـدێ راستی تیا بوو وەك ئەڵێن (ابداعی) بوو..).[346]

لەم چەند دێرەدا ئاستی رۆشنبیریی رەخنەگرەکەمان بۆ دەردەکەوێ، کە شـارەزایە لەوەی دەبێ دیالۆگ و رەگەزی هاندان و سۆز و کۆتایی بەهێز و دوانی پاڵەوانـەکان بـێ ئەوەی نووسەر خۆی تێکەڵ بکات، لەمەرجە سەرەکییەکانی داهێنانن لەچیرۆکنووسیدا.

ئەگەر چی رەخنەگر بـەفراوانی نەچـۆتە نـاو چـیرۆکەکەوو شـی نەکردۆتـەوە، بـەڵام سەرنجەکانی مایەی لێ وورد بوونەوەن.

---

[344]– حـسین عـارف، ئـەو قۆنـاغـە بـە قۆنـاغی ( کـامڵبوون)بـەرەو پێگەیـشتن (١٩٥٠ – ١٠٦٩) نـاو دەبات، بڕوانە: حسین عارف، چیرۆکی هونەریی کوردی ١٩٢٥–١٩٦٠، ل٩٣.

[345]– بەپێی قسەی کامل ژیر ، (س) نازناوی (سعید شفیق)ە.

[346]– س، ژمارەی دووی (هیوا) لە تای تەرازووا، گ هیوا، ژ٣، س١، ل٦٤.

(**محرم محمد امین**) وەکو رەخنەگرێك لەئاست چیرۆکی (**یەکێ لە شەوەکانی گردی سەیوان**) دا[347] نووسیوویەتی: (کە لە خوێندنەوەی بوومەوە هەستم کرد کە فاضل بەهرەی چیرۆك نووسینی تیا هەیە، چونکە لەسەرتاو ناواخنەکە یا جارو بار شێوەی چیرۆك دەر ئەکەوێ وە لەو باوەڕەدام کە ئەگەرنووسەر نەختێ خۆی ماندوو بکردایە ئەیتوانی ئەم رووداوە بکا بەچیرۆکێکی نەمر. تەنها نووسینی شتێکی رووداو با لە قالبێکی ئەدەبی جوانیشا بێ نابێ بەچیرۆك ، چونکە ئەگەر وابێ هیچ جیاوازییەك نامێنێتەوە لە نێوان چیرۆك و وتاردا. بەلاَم ئەگەر هاتوو نووسەر توانی رووداوەکە تێکەلَ بەهۆشی خۆی بکاو بەهەوێنی خەیالێکی دلَسۆزی راست هەلَی بهێنێ، لەپاشا چوارچێوەیەکی هونەریدا دای رێژێ، ئەوسا بەرهەمەکەی پێی ئەوترێ چیرۆك)[348]

ئەمە ئەو دەگەیەنێ رەخنەگر شارەزای مەرجە هونەرییەکانی چیرۆکە وەکو هونەرێکی ئەوروپی نوێ لە رووی تەکنیکەوە، بۆیە لەسەرەتای هەلَسەنگاندنەکەیدا دەلَێ: (گێڕانەوەی مێژووی ژیانی نیشتمانپەروەرێکی جوانەمەرگ بێ دەستکاری و کەم و کوڕی، بەواتە زیاتر ئەچێتە ریزی وتارەوە نەوەکو چیرۆك)[349] چەندین لێکۆلَینەوەی دی دەربارەی چیرۆکە بلاَوکراوەکانی ناو گۆڤارەکە بلاَوکراوەتەوە.[350]

رەخنەکان تەنها ژانری چیرۆکی نەگرتەوە، بەلَکو وتارو شیعرو شانۆو هونەری جوان و لایەنە ئەدەبییەکانی دیکەشی گرتۆتەوە.

لەبارەی وتارێکی ئەدەبیی **مستەفا سالَح کەریم** لەمەڕ چیرۆك ، **ئەمیر حەوێزی**، بەدرێژی بەتان و پۆی وتارەکەدا چۆتە خوارەوەو دەلَێ: (لەخوێندنەوەوی ئەو باسەدا چەند هەلَەیەکم بەرچاو کەوت، ئەمەوێ بەکورتی لەخوارەوە لێی بدوێم، ئومێدم وایە

---

347– فاضل نظام الدین، یەکێ لە شەوەکانی گردی سەیوان، گ هیوا، ژ١٢.

348– محرم محمد امین، ژمارەی پێشوو، ل٨٧.

349– محرم محمد امین، ژ١٢، س١،ل٨٧.

350– بڕوانە: گ هیوا، ژ ١، س٢، ل٨٦.   ژ٣٢، س٤،ل٥٥–٦٢.

مامۆستای بەڕێز بەسنگێکی فراوانەوە وەری بگرێ...)[351] یەکە یەکە هەڵەکانی بەپێی واقیعی و ناواقیعی و پەیامداری لەئەدەب و جیاوازی پاڵەوان لەکورتە چیرۆك و ڕۆمان دا دەکات و سەرنجەکانیشی بەنموونەی چەندین بەرهەمی چیرۆکنووسە ناسراوەکان دەوڵەمەند کردووە.

**مارف بەرزنجی** [352] یەکێکە لەنووسەرە پێشکەوتنخوازەکانی کورد، چیرۆك و شیعرەکانی، کەبەنازناوی (پشکۆ) بلاۆکردۆتەوە ، لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (شەفەق) بووە، وتارێکی ڕەخنەیی بەپێزی لەسەر وتارێکی (هەژار) نووسیوە[353] لە زۆر ڕووەوە گفتوگۆ لەسەر بیروڕاکانی (هەژار) دەکات و بەگیانێکی دۆستانەو دوور لە وشەی ڕەق و ناپەسەند وەڵامی دەداتەوەو دوور لەهەموو دڵگرانییەك.

سەرەتا بەرگری لە شاعیرانی چینی زەحمەتکێش دەکات و دووپاتی دەکاتەوە، کە هەر ئەدیبەو نوێنەری چینەکەی خۆیەتیو ئەدەبەکەی ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی چینەکەیەتی، بۆیە ئەدیبانی کورد کە سەر بەچینی هەژارو پرۆلیتاریان، نموونەی بەرزی داهێنانن.

(لەکۆمەڵێکی دووبەرەکی دا کە چەوساوەو چەوسێنەر، زۆردارو زۆرلێکراو، داگیرکەرو داگیرکراو هەبێ هەڵکەوتوو بۆ گەل لە کام چین دەرئەپەڕێ؟ هەڵکەوتووی گەلی میللەت کێن؟ با خۆت و (گۆران) بکەم بەنموونە. لە چ چینێکەوە هاتوون و کێ ئازارتانی داوەو ئەدا؟ کێ دەربەدەری کردوون؟...).[354]

---

351– گ هیوا، ژ١، س٢، ل٨٣.

352– (معروف عبدالکریم) کوڕی شێخ عەبدولکەریمی قادر کەرەمە، (١٩٢١–١٩٦٣)، لە١٩٦٣دا لەلایەن بەعسیەکانەوە لە سێدارەدرا. بۆ بەهرەو سەرجەم نووسینەکانی نووسەر بڕوانە، سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید (پشکۆ) کۆکردنەوە ڕێکخستنی سامان ڕەوف بەرزنجی و عومەر مەعروف بەرزنجی، هەولێر، ١٩٩٣.

353– هەژار ،ئەدەبی کوردی سەر بەرەو ژێر دەڕوا، گ روناهی،ژ١،س٢،بەغدا،١٩٦٠.

354– معروف بەرزنجی، سەرنجێك لە وتارەکەی مامۆستای هەژار لە ژمارە(١)ی ڕووناهی، گ هیوا،ژ٣٢،س٤،ل ٣٤.

پاشان سەبارەت بەزۆربوونی کۆلکە بوێژ لەو سەردەمەدا نووسیوویەتی:(... چەند ناوداری وەك شێخ  رەزا لەو سەردەمە ماوەتەوە بۆ ئەمڕۆ؟ وا بزانم دەستوورێکی سروشتی  هەیە بۆ پالأوتن و تەتەڵە کردن: سووك ئەڕواو گران ئەمێنێ، سەرکوزەر  فڕێ ئەدرێ و دانەوێڵەی پوخت گل ئەدرێتەوە.)[355]

دەربارەی ئەدەبی نوێ و شیعری تازەش (شیعری ئازاد)، بەرپەرچی وتەکانی هەژار دەداتەوەو ئەو گاڵتە پێ کردنەی ئەوی پێ قەبووڵ نییە، بۆیە دەڵێ: (مامۆستا ئەم باسە وا بەئاسانی نادرێتە قەڵەم. چونکە نموونەیەکی تازەو پەسندی زەوق و پێویستی ژیانی ئەم سەردەمە بەجارێك ناکرێت بەلاسایی و گاڵتەی منداڵان...).[356]

دوای بەرگری کردن لەنوێخوازی ئینجا دەڵێ: (لە فێرگەی کۆن وتازەدا پەسەند و نا پەسەند هاتووەتە مەیدان، بەلأم کەفەژیلکە ئەڕوا و گەوهەر ئەمێنێتەوە.

دەستورێکی سروشتی یە کە هەر تازەیەکیش بەئاسانی جێگای خۆی ناکاتەوە. ئەبێ تەلبەندو شوورای کۆن بڕوخێنێ تا شوێنی خۆی ئەکاتەوە...).[357]

بەم شێوەیە رەخنەگر بەشارەزایی و سەرنجی هەمەلایی و گیانی نوێخوازیەوە هاتۆتە مەیدان.

لەژمارەکانی دواتردا هەمان رەخنەگر لەسەر داوای عەبدولرەزاق بیمار، کەداوای لێ کردووە کتێبی (**شانۆی کوردستان**) هەڵسەنگێنێ و بەرەخنە شەڕفناکی بکات، زۆر بەلێ بووردیی یەوە دەنووسێ:

(.. بەش بەخۆم لە پێشەوە زۆر سوپاسی ئەکەم، ئەمجارە ئەڵێم من شەرمم بەخۆ دێ کەخۆم بەرەخنەگری شانۆ دابنێم.

کاکی خۆشەویست: خۆت ئەزانی بێ گۆماو کەس بەمەلەوان نابێ، هەروەها بێ شانۆیش زۆر گرانە رەخنەگری شانۆو دراما هەڵکەون. دیسانەوە دراماتیستی پوختیش

---

354– سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦

355– سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

356– سەوچاوەی پێشوو، ل٣٩.

لەناو شانۆدا هەڵ ئەکەوێ. جا بۆیە خۆم وەك ئەو کەسە دێتە بەرچاو کە لەکتێبان فێری مەلەوانی بووبێ).[358]

دوای لێکۆڵینەوە لەلایەنە هونەریەکانی ئۆپەرێتەکان رەخنەگر رۆشنایی و قورسایی باسەکەی دەخاتە سەر شیکردنەوەی دوانی پاڵەوانەکان و سەرنجی خۆی لەو خاڵانەدا دەخاتە روو: (ئەبێ دراما دەستووره بنچینەییەکانی پارازتبێ کەبریتییە لە:

١– سەرەتا یا (فکرە)، سەرەتای روون و پوخت و بایەخدار.

٢– کەس (الشخصیە – کارەکتەر).. کەس ئەبێ نموونە بێ.

٣– دووبەرەکانی (صراع).

لەدەستووری ئەمرۆی شانۆدا (کەس) گەلێ نرخدارە، کەس سەرچاوەی هەموو جموجووڵ و بزێوو دووبەرەکایەتییە، کە سەرچاوەی گرێیە..)[359]

دەتوانین بەخوێندنەوەی ئەو خاڵانە بۆچوونی رەخنەگر تێ بگەین، کەبڕوای بەسێ رەگەزە سەرەکییەکانی دراما هەیە، کە لەیۆنانییەکانەوە تا ماوەیەکی زۆر برەوی هەبوو. بەتایبەتی پێناسەی (**ئەرستۆ** ٣٨٤ – ٣٢٢ پ.ز) بۆ دراما.[360]

چەندین کتێبی چاپکراوی دیکەی ئەو سەردەمە لەناوەوەو دەرەوەی وڵات کەچاپکراون و بڵاو کراونەتەوە لەلایەن نووسەرو رەخنەگرانەوە لەگۆڤاری (هیوا)دا خراونەتە روو، هەڵسەنگێندراون.

**معروف خەزنەدار** وەکو خوێندکارێك لەیەکێتی سۆڤیەتی پێشوو[361] دیوانێکی شیعری کوردەکانی سۆڤیەتی خستۆتە روو و هەڵی سەنگاندووە[362] لەبەرایی دا ژمارەی لاپەڕەو شوێنی بڵاوکردنەوەی وشە گرانەکانی شی کردۆتەوەو مانایانی لێك داوەتەوە. ئینجا

---

357– معروف بەرزنجی، شانۆی کوردستان، گ هیوا، ژ٣٤، س٥، ل٤٨.

359– سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

360– سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

361– د. مارف خەزنەدار لەدانیشتنی رۆژی ٤/١١/١٩٩٤ لە ماڵی خۆی وتی: (من پەیامنێری گۆڤاری هیوا بووم لە یەکێتی سۆڤیەت).

362– دیوانەکە بەناوی (قالچیچەك) و شیعری (شکۆی حەسەنە) و لە ١٩٦١ بڵاوکراوەتەوە.

دەڵێت: (چاوپێخشاندنێك بەناوی شیعرەكان، فراوانی بیروباوەڕی شاعیری سۆڤیەتیمان بـۆ دەرئەكـەوێ، كەهـەرگیز ولاَتـە بـچووكەكەی خـۆی، كەناوچـەی كوردەكانـە بەئەرمەنستان و هەموو سۆڤیەت گرێ ئەدا ئەمەش بەهەموو جیهان گـرێ ئـەدا، چـونكە ئامانجی ئەو شاعیرە ئامانجێكی گشتییە.).[363]

لە كۆتایی ئـەم باسـەدا دەتـوانین بڵـێین زۆربـەی رەخنـەكان، لەسـەر بەرنامەیـەكی زانـستی و سـەربەرێبازێكی دیـاریكراوی رەخنـەیی نـین، كەلەلایـەن لێكۆڵەرەوەكانـەوە بناغەو بنەمای بۆ دەست نیشانكراوە، زیاتر سەرنجی تاكە كەسی روناكبیرەكانن، بـەلاَم تەكان و هەوڵی سەركەوتوون بۆ بناغەی رەخنەیەكی ئەدەبی پێشرەو، كـە لـە سـایەیدا پایە و بەهای راستەقینەی بەرهەمی ئـەدەبی پـێ شـی بكرێتـەوە. رەخنـەكان بەگـشتی لەسـەر پێـڕەوی رەخنـەی كـۆن، سـەر بـە رەخنـەی بریـاردانن (النقـد الحكمـی)، لـە خەوشەكانی ئەم پێـرەوەش ئەوەیـە، رەخنـەگر خـۆی وەكـو قـازیو ناوبـژیوانێك دێتـە بەرچاوو بەپێی بەراورد كردن لەگەڵ هەنـدێ شـاكاری دیكـەدا بڕیـاری چـاك یـان خـراپ بەسەر بەرهەمە ئەدەبییەكدا دەسەپێنێ و ئەركی رەخنەگرییش وەكو هـەموو كەسـێكی دی تەسك دەبێتەوە، كە لەژیاندا ئەركی بریاردان دەبینێ.

---

[363]- معروف خەزنەدار، دیوانی قالچیچەك، گ هیوا، ژ٣٦، لا٩٧.

زۆر كتێبی تر لە گۆڤاری (هیوا) دا خراوەتە روو، لەوانە:

شەهیدانی قەلاَی دمدم، ژ ٣٢.

كۆیەو شاعیرانی، ژ٣٢.

فەرهەنگا كوردی جگەرخوێن، ژ٣٦.

دەستوور وە فەرهەنگی زمانی كوردی – عەرەبی – فارسی – ژ٣٦.

سەرنجێك لەدەروازی فۆلكلۆری كوردەوە، ژ ٣٦.

دیاریو یادگار، ژ٣٦.

## دووەم : ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی

مێژووی كۆكردنەوەی فۆلكلۆر لەجیهاندا بۆ سەردەمی ڕێنیسانس دەگەڕێتەوە لە ئەوروپا لەسەدەی شازدەیەمدا، واتا لەسەردەمی بووژانەوەی زمان و ئەدەبی نەتەوەییدا، بەلاّم بەشێوەیەكی فراوان و ئەكادیمی لە سەدەی نۆزدەیەمدا برەوی سەندو گەشەی كردو نەتەوەكانی ئەوروپا بەشێوەیەكی فراوان خستیانە بەرنامەكانیانەوە.

ئەوا بۆ نزیكەی سەدەو نیوێك دەچێت زاراوەی فۆلكلۆر بەسەر زاری ڕۆشنبیرانەوەیە [٣٦٤]. فۆلكلۆر وەك زانستێك (زانستێكی ڕۆشنبیریی پەیوەندار بەبەشێكی ڕۆشنبیری ، (ڕۆشنبیری میللی) دەیەوێ لەگۆشەنیگای مێژوویی و جوگرافیو كۆمەلاّیەتیو دەروونییەوە ڕووناكی بخاتە سەر بابەتەكانەوەو وەك هەموو زانستەكانی كۆمەڵێ ئەنجامی زانستی بەدەستهێناوە بۆ ئەو كەسانەی خەریكی كاروباری سیاسی و كۆمەلاّیەتیو ڕۆشنبیریین.)[٣٦٥]

فۆلكلۆر چییە؟ ئەم پرسیارە دەمانخاتە گێژاوێك، چۆنیەتی تێڕوانین و بۆچوونی فۆلكلۆر لەولاّتە سۆسیالیستەكانی پێشوو ولاّتی تری ئەوروپا جیاوازە. بۆیە پێناسە كردنی فۆلكلۆریش كارێكی ئاسان نییەو ژمارەیەكی زۆر پێناسەی بۆ كراوە و هەر

---

[363]– بۆ یەكەم جار لە كۆنگرەی (ئەرنهایم) لەساڵی ١٨٤٦ (ولیەم جۆن تۆمز) پێشنیاری ئەم زاراوەیەی كردو پاشان بەزمانەكانی ئەوروپاو جیهاندا بلاّوبووەوە. پێش ئەوەش لە ولاّتانی ئەسكەندەناڤیادا زاراوەی (فۆلكسكەندە) بەكار دەهات، بەلاّم لە ڕووی چەمكەوە جیاوازن و ئەوەی دواییان مەودایەكی فراوانتری هەیەو پیشەو لایەنە ماددیەكەیش دەگرێتەوە. بڕوانە: الكزندر هجرتي كراب، علم الفلكلور، ترجمة رشدي صالح، ص١٧.

دكتۆر شوكریە ڕەسول، بزووتنەوەی كۆكردنەوەی فۆلكلۆر لەئەوروپاو (دەروازەیەك لەفۆلكۆری ئیرلەندی)، گ كاروانی فۆلكلۆر، ژ١، ل٢٤.

[364]– الدكتور محمد الجوهري، علم الفلكلور، دراسة في الانثروبولوجيا الثقافية، ج١، ط٣، ص١٩.

یەکەی لە روانگەیەکی تایبەتییەوە بۆی چووە، ئەمە سەرباری ئەوەی تا رادەیەکی زۆریش لەگەڵ ئەدەبی میللی تێکەڵاو بووە٣٦٦.

یەکێ لەپێناسەکانی فۆلکلۆر ئەوەیە: (ئەو ماددەیە کە لە نەوە بۆ نەوە دەگوازرێتەوە)٣٦٧ یان بەدەستەواژیەکی دی :(ئەو حیکمەت و ئەدەبەیە کە گەل لە کتێبەوە فێری نابێت.)٣٦٨

**جۆناس بالیز** دەڵێ: (فۆلکلۆر واتا زانستی میللی جێماوو شیعری میللی .)٣٦٩ ئەم زانایە تەنها جەخت لەسەر ناوەرۆکی فۆلکلۆر دەکات و پێی وایە فۆلکلۆر هەموو ئەو شێوازانە دەگرێتەوە کە بەوشە دەردەبڕێن، جا ئەو وشانە خەڵکی سادە یان شارستانی دەریبڕن.

(**چارلس فرانسیس پۆتەر**)یش خاوەنی ئەو دەستەواژەیە، کە دەڵێ: (فۆلکلۆر بەرهەمی هەزاران ساڵی پاشکەوتوویی زانستیو رۆشنبیرییە.)٣٧٠

ئەنپرۆپۆلۆجییەکان، بەتایبەتی زانای بەناووبانگ **ولیەم پاسکۆم** دەڵێ: (فۆلکلۆر واتە ئەفسانەو هەقایەتی میللی بەهەموو جۆرەکانیەوەو مەتەڵ و پەند و هۆنراوەی میللی و هەموو جۆرەگوزارشتە هونەرییەکانی دی، کە پشت بە وتە (قسە) دەبەستێت)٣٧١

---

365 – بۆ جیاوازی نێوان ئەدەبی میللیو فۆلکلۆرو خاسیەتەکانیان بڕوانە: کامەران موکری، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی یەکەم، ل٦–٨.

366 – Webster's.، P.882.

368 – الدكتور احمد مرسي، مقدمة في الفلكلور، ط٢، ص٨٥.

369 – سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

370 – سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.

371 – الدكتور احمد مرسي، مقدمة في الفلكلور، ص٧١.

(**چێرنشێڤسکی**)یش وەکو زانایەکی رووس تێڕوانینی بۆ فۆلکلۆر وایە: (هونراوەی گەل و گۆرانیەکانی، ژیان و مێژوو رەسم و عادەتی خەڵکی پاراستووە.)[372]

لەئەنجامی ئەم کۆمەڵە پێناسەیەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین، دوو تێڕوانینی جیاواز بۆ فۆلکلۆر هەیە، لەولاتە سۆسیالیستییەکاندا لەژێر کارتێکەری فەلسەفەی ماددیدا، فۆلکلۆر تەنها بەئەدەبی سەرزاری دادەنێن و لەپیشە دەستییەکان و کەلوپەلە ماددییەکەی جیا دەکەنەوە.[373] بەلام لە ولاتانی رۆژئاواو ئەوروپاو ئەمریکادا فۆلکلۆر لایەنە سەرزارییو مادییەکەی دەگرێتەوە، لەپاڵ ئەوەشدا بیروڕای زاناکانیان زیاتر گرنگی بەتاکەکەس و داهێنانی تاکەکەس دەدەن و دەوری (کۆمەڵ) فەرامۆش دەکەن.

فۆلکلۆر پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ زانستەکانی دیکەدا هەیە، بەتایبەتی مێژوو و کۆمەڵناسی و ئەنپرۆپۆلۆجیاو جوگرافیاو زانستە مرۆڤایەتییەکانی دی، ئەمەش وایکردووە کە رۆژ بەرۆژ گەشە بکات و لەگەڵ زەمەن دا بڕوات و لەنهێنییەکانی رۆحی مرۆڤ بکۆڵێتەوە، بەپێچەوانەی هەندێ بیروڕا، کەپێیان وایە فۆلکلۆر روو لە کزییەوو بەرەو نەمان دەچێت و لەگەڵ بەرەو پێشەوە چوونی زانست و تەکنەلۆژیادا بواری فۆلکلۆر تەسک دەبێتەوە، کە ئەمە رایەکی هەڵەیەو (بەگۆڕانی بوارەکانی ژیان و بابەتەکانی کەرەستەی فۆلکلۆرەکەش دەگۆڕێت.)[374]

---

[372]– د. عیزەدین مستەفا رەسول، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ۲، زانکۆی سلێمانی، ۱۹۷۹، ل۹.

[373]– بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ئەدەبی فۆلکلۆری سەرزاری لە ولاتانی سۆسیالیستی، بڕوانە: يوري سوكولوف، الفلكلور قضاياه وتاريخه، ترجمة حلمي شعراويو عبدالحميد حواس، القاهرة، ۱۹۷۲.

[374]– هیمدادی حوسێن، چەپکێ هۆنراوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر، ل۹.

مێژووی کۆکردنـەوەی فۆلکلـۆری کـوردییش، مێژوویـەکی کـۆنی هەیـەو بەهیممـەتی مەردانەی ژمارەیەك لە رۆژهەلاَتناسەکان پەندی پێشینان و بەیت و گۆرانی و هەقایەت و داستان و مەتەڵ کۆکراوەتەوە.٣٧٥

لە کوردستانی عیراقیشدا دوابەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیی ، هەندێك لەنووسەران و روونـاکبیران بەهەسـتی نەتـەوەیی و ئـەدەبیتی نـوێی تـورکی لەرێگـەی رێبـازی رۆمانـسییزمەوە کەوتنـە لاکرنـەوە لـە فۆلکلـۆرو کەلـەپووری نەتەوەییـەوە، لەسـاڵی ١٩٢٧ی زایینیـدا دامـاو (**حوسـێن حـوزین موکریـانی**) کورتـە چـیرۆکێکی فۆلکلـۆریی گیانـدارانی بـۆ منـدالأن چـاپکردووە٣٧٦. پاشـان (**کـوردی و مـەریوانی**) لەنامیلکەیەکـدا لەهەندێك لەیارییە فۆلکلۆرییەکانی کوردەواری دواون.٣٧٧

**ئیسماعیل حەققی شاوەیس** ژمارەیەکی زۆر پەندی پێشینانی لەساڵی ١٩٣٣ی زایینی لەکتێکێکدا بلأوکردەوە، کە ئەمە بۆ یەکەمجار بوو پەندی پێشینان لەکوردستانی عیراق لەکتێبێکی سەربەخۆدا بلأوکرایەوە ٣٧٨، بۆیـە ئـەم کتێبـە گرنگییـەکی تایبـەتی هەیـەو (ئەو شێوەیەی کە مامۆستا شاوەیس کتێبەکەی پێ رێکخستووە نیشانەی شـێوەیەکی زانستیانەی بیرکردنەوەو کارکردنە٣٧٩)

---

[375]– لەساڵی (١٧١١)ی زایینیدا، لەدەستنووسێکدا کە ئێستا لـە ماتێنـەدەرانی ئـەرمینیا سـۆڤیەتی بەناونیـشانی (میـسرۆب ماشتۆسـە) پـارێزراوە، ژمارەیـەك پەنـدی پێـشینان و قـسەی نەسـتەقی کوردی تیا تۆماکراوە، بڕوانە: د. شوکریە رەسووڵ ئیبراهیم، پەندی پێشینان و قـسەی نەسـتەقی کـوردی، دکتـۆر شـوکریە رەسـووڵ و جـەلال تـەقی لـە زمـانی رووسـییەوە کردوویانـە بـەکوردی، هـــەولێر، ١٩٨٤، ل١٩، هـــەروەها بـــۆ لێکۆڵینـــەوەو کۆکردنـــەوەی فۆلکلـــۆریش لەلایـــەن رۆژهەلاَتناسەکانەوە بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

[376] – داماوی موکریانی، خۆشییو ترشیی، چ٢، چاپخانەی کوردستان، هەولێر ١٩٧٤.

[377] – کوردی و مەریوانی، یاری، چاپخانەی (دار السلام)، بەغداد، ١٩٣٢.

[378] – اسماعیل حقی شاوەیس، قسەی پێشینان – گۆستاو لۆبۆن، چاپخانەی ئەیتام، بەغدا، ١٩٣٣

[379] – دکتـۆر شـوکریە رەسـووڵ ئیـبراهیم، ئـەدەبی فۆلکلـۆریی کـوردی، ب٢، ل١٣، لـەم کتێبـەدا نووسـەری نـاوبراو بەدرێـژی لـەم کتێبـەی مامۆسـتا شـاوەیس دواوەو کـەم و کوڕیـەکانی

له بواری گاڵتەوگەپیشدا (**پیرەمێرد**) چەند چیرۆکێکی کۆمیدی وەکو خەوەکەی لالـە سـەرحەدو بـیێ مەسـەلەکی و فـس فـس پالـەوانی لـە کتێبێکـی سـەربەخۆدا بلاوکردەوە.[٣٨٠]

سـەبارەت بەکۆکردنـەوەی گـۆرانی فۆلکلـۆری کـوردییش دکتـۆر محەمـەد مـوکری لەساڵی ١٩٥١ی زایینیدا (**گۆرانی یا ترانەهای کردی**) بەچاپ گەیاند، کە چەندین گۆرانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی لەخۆگرتووەو بەشێوەیەکی زانستیش دەربارەی کێشی هـۆنراوەی گۆرانییـەکان دوواوەو لەگـەڵ زمانـە دێرینـەکانی ئێرانـی بـەراوردی کـردوون، گۆرانییەکانیش بەئەلف و بێی عەرەبی و لاتینی لەگەڵ وەرگێڕانی گۆرانییەکان بـۆ سـەر زمانی فارسی بلاوکردۆتەوە[٣٨١]. لەمیانەی کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆریی کـوردی ڕۆژنامـەوانیی کـوردیش دەورێکـی دیـارو بەرچـاوی بینیـوە، زۆربـەی ڕۆژنامـەو گۆڤارە کوردیـیەکان لەدووتوێی لاپەرەکانیاندا چەندین بابەتی فۆلکلۆرییان لە فـەوتان ڕزگارکردووەو هانی خوێنەرانیان داوە بۆ تۆمارکردنی ئەدەبی سـەرزاری بـاوو بـاپیران و پاراستنی پیشە دەستیـیەکان و بەرەوپێشەوەبردنیان. [٣٨٢]

بەلاَم ئەوەی جێی سەرنجە، بەشـێکی زۆر لـەو کەسـانەی، کـە ئـەدەبی سـەرزارییان تۆمـارکردووە بەشـێوەیەکی ئـەکادیمی و زانـستی بابەتـەکانیان کۆنەکردۆتـەوە، بـەپێی

---

دەرخستووەو هەڵیسەنگاندووە، لا١١–١٥، هـەروەها د. عیـزەددین مـستەفا رەسـووڵ لـەکتێبی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ٢، ل١٠١ لێی دواوە.

380 – پیرەمێرد، گاڵتەو گەپ،١٩٤٧.

381 – دکتر محمد مکری، گۆرانی یا ترانەهای کردی، کتابخانە دانش، ١٣٢٩.
بـۆ زیـاتر شـارەزابوون دەربـارەی ئـەو کتێبـە فۆلکلۆرییانـەی لـەماوەی ١٨٦٠ – ١٩٥١ ز دا دەرچوون بڕوانە: عومەر ئیبراهیم عەزیز، بیبلۆگرافیـای فۆلکلـۆری کـوردی، گ. لاوك، ژ١، س١، ل٩١ –١٠٤.

382 – لەو ڕۆژنامـەو گۆڤـارە کوردییانـەی زۆر گرنگییـان بـە فۆلکلـۆر داوە، بڕوانـە ڕۆژنامـەی ژیـان و گۆڤاری گەلاوێژ و ڕۆژنامەی بڕواو گۆڤاری ڕۆژی نوێ.

رادەی رۆشـنبیری و ئـارەزووی خۆیـان دەسـكارییان كـردووە، كـە ئەمـەش لەبـەهای راستەقینەی بابەتەكەی هێناوەتە خوارەوە.[383]

## گۆڤاری (هیوا)و ئەدەبی فۆكلۆریی كوردی

گۆڤـاری (هیـوا) لـەپاڵ ئـەدەبی نووسـراوی نووسـەران دا، ئـەدەبی فۆلكلـۆری و میللیشی فـەرامۆش نـەكردووە، چـونكە (دووركەوتنـەوە لـەو فەرهەنگـەی دایـك، پـشت كردنـە بـەها مرۆڤایەتییـەكانی، واتـا دووركەوتنـەوە لەسروشـت، ئـەو رۆژەی كۆمـەڵانی خــەڵك دەگەنــە ئــەو هەقیقەتــە، دنیایەكــەشمان زۆر پــاك و بێگــەرد و ســەلامەتتر دەبێت)[384]، لەم روانگەیەوە هەڵسوڕێنەرانی گۆڤاری هیوا لەبانگەوازەكانیاندا دووپاتیان دەكـردەوە: (... وتـەی پێـشینان و قـسەی نەسـتەق و گاڵتـە وگـەپ ئەوانـەی لەچـاپ نەدراون بڵاوئەكرێتەوە.)[385]

گۆڤارەكە گرنگی بەچەند بەشێكی فۆلكلـۆر داوە، لەوانـە پەنـدو قـسەی نەسـتەق و گاڵتەوگــەپ و هەقایــەت و فۆلكلــۆری نــاوی مانگــە كوردییــەكان (كــەش و هــەوا)و پرۆپاگەنـدە. لـەپاڵ ئـەدەبی فۆلكلـۆری كوردییـدا، چـەندین پەنـدو قـسەی نەسـتەق و هەقایەتی میللی نەتەوەكانی دیكەش بڵاوكراوەتەوە.

### پەندو قسەی نەستەق

ئەگەر فۆلكلۆر ئەزموون و ئاوێنەی ژیانی میللەت بێ، بێگومان پەنـدی پێـشینانیش، كە ژانرێكی فۆلكلۆرە، فەلسەفەو تێڕوانین و هۆشمەندی میللـەت بـە رسـتەیەكی كـورتی پڕ مەعنا دەردەبڕێت. پەندی پێشینانی كوردی (رسـتەیەكی كورتـەو مانایـەكی فراوانـی

---

[383] – سەبارەت بە لێكۆڵینـەوەی مەیـدانی كۆكردنـەوەی فۆلكلـۆر و مـەرج و پێویـستییەكانی بڕوانـە: الدكتور احمد مرسـی، مقدمـە فی الفولكلـور، ص ١٦٩–٢٢٩، دكتـۆر شـوكریە رەسـوڵ، ئـەدەبی فۆلكلۆریی كوردی، ل١٥٧ –١٧١.
چۆنیەتی كۆكردنەوەی بابەتی فۆلكلۆری، وەرگێڕانی ئەحمـەد حـەیران، گ. كـاروانی فۆلكلـۆر، ژ١، س١، ١٩٩٠، ل١٢٤ –١٣٣.

[384] – یاشار كمال، افسانە اغری، ترجمەی رحیم رئیس نیا، انتشارات دنیا، تهران، ٢٥٣٦، ص٢.

[385] – گ. هیوا، ژ٢، س١، ل٣٨.

هەیـەو زۆر جـاریش لەشـێوەی (سـەجع) یـاخود (هـۆنراوە)دایـە)٣٨٦ پەنـد لـەرووی ناوەرۆکـەوە بەسـەر بابـەتی کۆمەلأیـەتیو سیاسـی و ئـابووری... دابـەش دەبێـت، بەتێڕوانین و ووردبوونەوە لەپەندەکانی ناو گۆڤـاری (هیـوا)یـش ئـەزموون و فەلـسەفەی بیری کوردەواریمان بۆ روون دەبێتەوە.

هەر لە ژمارە (١)ی گۆڤاری هیوادا ئەم پەندانە بلأوکراونەتەوە:

**١- ئەگەر لەدڵسۆزان یەکێك بمێنێ، تۆڵەی بەرو دوا ئەسێنێ.**

**٢- شێر بمشکێنێ، نەك رێوی بم خوات.**

**٣- لەهەر لایەکەوە بابێ شەن ئەکات.**

**٤- گەر هەموو مەلێك میوە خۆر بوایە میوە بەدارەوە نەئەما.**

**٥- تیر لەکەوان دەرچوو ناگەڕێتەوە.**

**٦- پاروو بۆ دەم نەبێ بۆ کۆش چاکە.**

**٧- ئەم کاسەیە بێ ژێر نیە.**٣٨٧

بەووردبوونـەوە لـەو پەندانـە چـەندین بیروبۆچـوونی جـوان و شایـستەمان بـۆ دەردەکەوێ، لەپەندی یەکەمدا ئەوە روون دەکاتەوە، کە تاوەکو ئێستا زوڵـم و زۆرداری فرەمان لێکراوە، بەلأم گەشبینین، چونکە دڵسۆزی راستەقینە تۆڵەی هەموو ئەو زەبـرو زەنگـە لـە سـتەمکاران دەکاتـەوەو هێـزی سـتەمدیدان سـەر دەکـەوێ، ئـەم پەنـدە بـۆ ئازایەتی و بوێری بەکار دێت.٣٨٨

لەپەندی دووەمدا گوزارشـت لـەوە دەکـات، کـەمرۆڤ بـشکوژرێ بـا بەدەسـتی پیـاوی مەردەوە بکـوژرێ، نـەوەك پیـاوی نامـەرد و ناپـاك، کـە ئەمـەش غـیرەت و پیـاوەتی و ئازایەتی کوردپیشان دەدات.

---

386- دکتۆر شوکریە رەسول، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، ل٨.

387 - بۆ ئەم پەندانە بڕوانە: گ. هیوا، ژ١، س١، تەمووزی ١٩٥٧، ل١٤.

388- ئەم پەندە شێخ محمدی خاڵ وای تۆمار کردووە: (١٩١ - ئەگەر لەجافان یەکێك بمێنێ حـەقی بەرودوا لەگەشت ئەستێنێ..) بڕوانە: شێخ محمدی خاڵ، پەندی پێشینان، چ٢، ل٣٦.

لەپەندی سێیەمدا، مەبەست یەکێکە خۆی لەگەڵ ڕۆژگار بگونجێنێ و هەر یەکێك دەستەڵاتی بێ ئەو پشتگیری لێدەکات و لەگەڵیدا ڕێ دەکات، کە ئەمەش سیفەتێکی خراپەو کورد پەسەندی ناکات و هەلپەرستی و بەرژەوەندخوازییە.

لەپەندی چوارەمدا ئەوە روون دەکاتەوە، ئەگەر هەوو کەسێك ئیش زان بووایەو بەچاکی سەری لەکاری خۆی دەرچووایە، ئیش دەست نەدەکەوت، واتا کەس نییە تەواو شارەزاو پسپۆڕ بێ و بێ هەڵە بێ.[389]

لەپەندی پێنجەمدا ئامۆژگارییەکی بەسوودە بۆ مرۆڤ، کە وردبین و دووربین بێ لەقسەو گوفتاریدا، قسە، کەلەدەم دەرچوو ناگەڕێتەوە، بۆیە ژیریو هێمنی گەرەکە.[390]

پەندی شەشەم گوزارشت لەپەیوەندی نێوان و خێزان و خزمایەتیو هاوکاری دەکات، ئەگەر مرۆڤ خێری هەبێت، نۆژەن بۆ خزم و خوێش، پاشان بۆ خەڵکی غەیرە و لایدەو نەناس، واتا گیانی هەرەوەزی و پەیوەندی خزمایەتی توندو تۆڵ کردن.[391]

پەندی حەوتەم، بەکارو کردوەیەك دەوترێ، کە بۆ نیازێکی تایبەتی ئەنجام بدرێ جیا بێ لەگەڵ مەبەستە روکەشەکەی ، هەروەکو دەوترێ (ئەم ماستە موویەکی تیایە)، کەهەمان مەبەست دەگەیەنێ[392]. بێجگە لەم پەندانە چەندین پەندی پێشینانی دی بڵاو کراونەتەوە.[393]

**گاڵتەو گەپ**

---

[389] – ئەم پەندە بەم شێوەیە دەوترێت:(هەموو مەلێ هەنجیر خۆر بووایە، هەنجیر بەدارەوە نەئەما)، بڕوانە شێخ محمدی خاڵ، پەندی پێشینان، ل٤٩٦.

[390] – ئەم پەندە زیاتر بەم شێوەیە باوە :(تیر لەکەوان دەرچوو، ناگەڕێتەوە) بڕوانە: شێخ محمدی خاڵ، پەندی پێشینان، ل١٦٣.

[391] – ئەم پەندە بەم شێوەیەش دەوترێت:(پاروو لەدەم دا کەوێ، بۆ کۆش باشە بڕوانە: شێخ محمدی خاڵ، پەندی پێشینان، ل١٣٠.

[392] – پەندەکە وایش دەوترێ: (ئەم کاسەیە بێ ژێر کاسە نییە) بڕوانە: شێخ محمدی خاڵ، پەندی پێشینان، ل٥٢.

[393] – بۆ پەندەکانی دی، بڕوانە: گ هیوا، ژ٣،ل٢٠، ٦١، ٦٣. ژ٦، ل٣٩. ژ ٨ ،ل٣٠. ژ١٠، ل٣١، ٥٢. ژ١١، ل٥٣. ژ١٢، ل١٩،٣٧.

ژانرێکی دیکەی ئەدەبی فۆلکلۆریی لە گۆڤاری هیوا دا گاڵتەوگەپە. گاڵتەوگەپ لە گۆڤارەکەدا لەشێوەی نوکتەدا خۆی دەنوێنێ و پەخشانێکی چیرۆك ئامێزە.

گاڵتەوگەپ و قسەی خۆش لە ئەدەبی هەموو میللەتاندا هەیەو لای هەموو چینەکانی کۆمەڵ بەکار دێت، لەهەموو ئاست و تەمەنێك دا و بۆتە هۆیەك بۆ دەربڕینی ناهەمواریەکانی کۆمەڵ و رەخنەگرتن لەو چەوتیانەی کۆمەڵ. مێژووی گاڵتەوگەپ لەگەڵ مرۆڤ خۆیدایە، یۆنانییەکان مەسەلەی پێکەنینیان وەکو مەسەلەیەکی فەلسەفی سەیر کردووە و (کۆمیدیاو تراژیدیا)یان کردووە بەدوو شتی دژ بەیەك و بە هەردووکیان مرۆڤ ئازار و ئەشکەنجەی ژیانی خۆی پێ دەردەبڕێ. ئەرستۆتالیس (٣٨٤–٣٢٢ پ.ز) لە کتێبی (هونەری شیعر)دا دەڵێ: (کۆمیدیا بریتییە لەپێناسەکردنی شتێك یاخود دەرخستنی بەجۆرێکی وا کەمتر لەخۆی بنوێنێ.)٣٩٤

بۆ ئەم مەبەستەش پاڵەوانەکانی نێو حەکایەت و نوکتە یان خۆماڵین یان لەنێوان چەند میللەتێکی دراوسێدا هاوبەشن.

پاڵەوانی خۆماڵی وەکو کفر ئەحمەد و خاڵە رەجەب ، پاڵەوانی وەکو مەلای مەزبوورە یان مەلای مەشهوور کە لەنێوان چەند میللەتێکی رۆژهەڵاتیدا هاوبەشە، بەڵام پاڵەوانەکان هەر کامێکیان بن گرنگ ئەوەیە زۆربەی کات ئەو نوکتەو هەقایەتە کورتانە دەبنە ئاوێنەیەکی رۆژگاری سەردەمی خۆیان، جا ئەو پاڵەوانە مرۆڤ یا ئاژەڵ بن.٣٩٥

ئەگەر گاڵتەو گەپ وەکو هۆیەکیش خواستەکانی کۆمەڵ دەرنەبڕێ، ئەوا بێ گومان دیسان بۆ رەواندنەوەی خەم و پەژارەو حەسانەوەی دەروونی مرۆڤ مەبەستێکی باشە.

لەنوکتەو قسە خۆشەکانی ناو گۆڤاری (هیوا)یش کە لە گۆشەی (قسەی فێنك) و (بۆ پێکەنین) دا بڵاوکراوەتەوە، چەندین ناهەمواری کۆمەڵایەتی و سیاسیو ئابووری وڵات بەشێوەی نوکتەو هەقایەتی کورتی گاڵتە ئامێز خراوەتە روو.

---

394 – Translated with An ‹Classical Literary Critioism p.37.‹ 1965‹ pengun Books‹Introduction by T.S Doroh

395 – دەربارەی قارەمانی خۆماڵی گاڵتەو گەپ و هەندێك لەنوکتەکانیان بڕوانە: د. عیزەدین مستەفا رەسول، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ٢، ل١٧٨–١٩٧.
کامەران موکری، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ل٩٢–٩٧.

له یەکێ لەو نوکتانەدا هاتووە: (کابرایەك بەدراتاشێکی وت، کە تاکێ قەنەفەی لەچاکترین دار بۆ دروست بکات وە پێشەکی پارەکەی دایە، لەپاش ماوەیەکی دوورو درێژ کابرای دارتاش قەنەفەکەی تەواو کردو بۆی ناردەوە زۆری پێ نەچوو کابرا بەتووڕییەکەوە گەیشتە سەر دارتاشەکەو ووتی: خۆقەنەفەکە شکا !

کابرای دارتاش زۆر لەسەر خۆ وتی: بێ گومان ئەبێ لەسەری دانیشتبن.٣٩٦

ئەم نوکتەیە لەژێرپەردەی پێکەنیندا رەخنەیەکی کۆمەلآیەتییەو ئیش و کاری کەسانی فێڵزان و ساختەچی دەردەبڕێ، کە بۆ ماڵی دنیاو زوو دەوڵەمەند بوون، کارەکەیان بەپاکی و بەچاکی ئەنجام نادەن و بەزۆر شتەکە پێك دەهێنن.

لەنوکتەیەکی دیکەدا هاتووە:(پیاوێك: تۆ ئەم هەموو خانوانەت هەیە بۆ چ ئەگەرێیت خانوو بەکرێ بگری؟

دەوڵەمەند: چونکە خانووەکانی خۆم گرانن.٣٩٧

ئەم نوکتەیەش گوزارشت لەپیسکەیی و رژدی و چاوچنۆکی هەندێ دەوڵەمەند دەکات، کەخۆی دەزانێ خانووەکانی خۆی گرانەو خەڵکی هەژار دەچەوسێنێتەوە، لەلایەکی ترەوە، گوزراشت لەساویلکەیی و کەم ئەقڵی هەندێ دەوڵەمەند دەکات.

**فۆلکلۆری کەش و هەوا:**

بابەتێکی دیکەی فۆلکلۆریی، کە لە گۆڤاری (هیوا)دا بلآوکراوەتەوە، ئەویش فۆلکلۆری کەش و هەوایە. ٣٩٨ **بەشیر موشیر** دەربارەی ناوی مانگە کوردییەکان و پەیوندییان بەکەش و ئاووهەواوە، بابەتێکی نووسیووەو بیر و بۆچوونی کوردەواری دەخاتە ڕوو، دەربارەی مانگەکانی بەهار دەڵێ: (هەرمێ پشکوان (مارت) ٣١ رۆژ، لەم مانگەدا درەخت ئەپشکوێ و جرۆجانەوەر، دەس بەبزووتنەوە ئەکات.

---

396 –گ هیوا، ژ٣، س١، ل٨٦.

397 – گ هیوا، ژ٣، س١، ل٨٦.

398 – بۆ زیاتر شارەزایی دەربارەی فۆلکلۆری کەش و هەوا بڕوانە: د. شوکریە رەسول، وەرزو ساڵنامەی کوردی لەپەندو قسەی نەستەقی کوردیدا، گ رۆشنبیری نوێ، ژ ١١٧، ل١١١–١٢٦.

شەستە باران (نیسان) ٣٠ رۆژە، ناوەکەی بەخۆیەوەیە باران وەك کوندەی سەر بەرەو ژێر ئەبارێ. کێچ زۆر ئەبێ خەڵك ئاوی باران ئەخۆنەوە بۆ شیفا.

بەختەباران (مایس) ٣١ رۆژە، ئەگەر باران باری ئەوە لەبەختی خاوەن دەغڵ و دان و درەخت و کشت و گیاو سەوزەواتە، عێل ئەکەوێتە خۆی بۆ کوێستان چوون.)[٣٩٩]

ئەمەش نموونەی بیروباوەڕی کوردەواری یە بۆ رێکخستنی کاتیان بەپێی زانیاری ساکاری خۆیان و لەهەمان کاتدا فراوان و گشتیەتی و هەمەلایەنی فۆلکلۆر دەردەبڕێ لەوەی، کە پەیوەندی بە جوگرافیاشەوە هەیە.

**پرۆپاگەندە:**

بابەتێکی دیکەی فۆلکلۆریی مەسەلەی پرۆپاگەندەیە، کە فرۆشیاران بەئاوازێکی تایبەتی دەیڵێن بۆ ئەوەی کڕیار بۆ میوەو کەلوپەلەکانیان زیاد بکەن، بێجگە لەوەی لەئەنجامی ئەزموونی درێژخایەن گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەو هەر ناوچەیەکی کوردستان بەناوبانگە.

(**ج . بابان**) هەندێ بیروباوەری کۆکردۆتەوەو تیایدا هاتووە: (لە شیرینی یا وەك شەکر گونـدۆرەی پردێ و ئەلقوش، وە لەدەما ئەبێ بەئاو کالەکی قەڵاچوالآن، لەمێخۆشی و دەنگ گەورەیی دا هەناری نازەنین و شارەبان و هەورامان. خۆگرانە، زۆریشی نەخۆی چاکە، قۆخی شەقلاوەو هیران، ئینجا وەرە سەر هەڵوژەی چنگنیان و ، ترێی گەورەو گۆیژی دارەقیتەڵەو، ناسکە هەرمێ ی وەرازو خەیاری هەوەل زەلان.)[٤٠٠]

---

[399]– بەشیر موشیر، ناوی مانگە کوردیەکان لەچییەوە هاتووە؟ گ . هیوا، ژ٣٤، س٥، ل٦٠.

[400]– ج. بابان، بەناوبانگترین شتی لای خۆمان، گ هیوا، ژ٣٣، س٥، ل١٥.

هەر لەم رووەوە بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی پرۆپاگەندەی ئەو شتە فۆلکلۆرییانە بڕوانە:

د. شوکریە رەسول، ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی، ل١٢٧.

رۆستەم باجەلآن، پرۆپاگەندەو بانگەوازی میللی لەبازاڕی کوردەواریدا، گ رۆشنبیری نوێ، ژ ١٠٣، ل٢٨٤–٢٩٠.

لەپاڵ ئەم بابەتانەدا چەند هەقایەتێکی فۆلکلۆریی کوردی و گەلان ، کە (بەرەو پێش چوونێکی مێژوویی و ئەفسانەیەو لە رووی فۆرم و داڕشتنەوە لەو ئەچێت، هەرچەندە لە رووی کەرەسەو ناوەرۆکەوە هەندێ جیاوازییان هەیە) گرنگی پێ دراوە.

پاڵەوان لەو هەقایەتانەدا مرۆڤ خۆیەتی و هەندێ جاریش خۆی لە قالبێکی رمزی دا دەدۆزێتەوەو گفتوگۆکان لەسەر زاری هەندێ ئاژەڵ دەخرێتە روو. ئەو پەڕەورو ئاژەڵانەیش زۆربەیان سیفاتەکانیان دیارو نەگۆڕە. بۆ نموونە، شێرو کەلەشێر هەردەم نموونەی پاشایەتیو گەورەو رەمزی زۆردارن و چەقەڵ و ریوی و سمۆرە رەمزی فێڵبازین و بەتایبەتی ریوی وەکو وەزیری دەستە ڕاست خۆی نواندووە. ٤٠١

لەهەقایەتێکی فۆلکلۆریی رەمز ئامێزدا، گۆڤارەکە مەسەلەیەکی سیاسیی گرنگی ئەو رۆژگارە دەخاتە روو. هەقایەتەکە ئەوەیە: (کۆمەڵێ کەڵەشێرو مریشك لەدەست مرۆڤی دڕندە رادەکەن نەوەکو بیانخۆن. لەناوچەیەکی شاخاویدا دوو هەڵۆ تاقیبیان دەکەنە، کە دەزانن ئەمانە لەناو خۆیان دا ناکۆکن و کەڵەشێرەکان هەموویان خۆیان بەسەرکردە دەزانن، دەکەونە خواردنیان تا چی وایان لێنامێنێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە بەپەلە دەگەڕێنەوە شوێنی هەوەڵی خۆیان و ناو خەڵك.) ناوەرۆکی ئەم چیرۆکە دووپاتی چەند شتێك دەکاتەوە، ئەوانیش ئەوەن کە زوڵم و زۆرداری لەهەموو شوێنێکدا هەیە وە بەهێز بێ هێز دەچەوسێنێتەوە، لەهەمان کات دا ناکۆکی و ناتەبایی و خۆ بەزل زانین و یەك نەگرتن لەنێوان ئەندامانی هەر کۆمەڵگایەك دەبێتە هۆی دواکەتن و لەناوچوونی ئەو کۆمەڵە، دواجار ئەوەش روون دەکاتەوە، کە مرۆڤ لە جێگەو شوێنی خۆی سەنگینەو بەنرخە.

---

[401] – بۆ نموونەی ئەم جۆرە ئەدەبە (کەلیلەو دیمنە) دەتوانرێ ئاماژەی بۆ بکرێ، کە نموونەیەکی بەهێزەو هەقایەتەکان لەسەر زاری ئاژەڵان دەخرێتە روو، ئەم کتێبە زادەی ئەزموونی میللەتانی رۆژهەڵاتەو = مێژوویەکی دێرینی هەیە، بڕوانە: بەیدەبا، کەلیلەو دیمنە، وەرگێرانی لەعەرەبیەوە عومەر تۆفیق، چ٣، چاپخانەی بابل، بەغدا، ١٩٧٥.

لەگۆڤارەکــەدا، لێکۆڵینــەوە دەربــارەی ئــەدەبی میللــی و فۆلکلــۆری میللــەتان بڵاوکراوەتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد بە کەلەپووری میللەتان و ڕادەی هاوبەشیەتی و چوون یەکی ئەو بابەتانە ئاشنا بکات.[402]

بەم شێوەیە گۆڤاری (هیوا) لە خزمەت کردنی کەلەپوورو سامانی نەتەوەیی کوردیدا درێغی نەکردووەو لەپاڵ ئەدەبی نووسراودا لەرابردوو دانەبڕاوەو ڕەگ و ریشەی ئەدەبی نووسەرانیشی بەسەرچاوەکە بەستۆتەوە، کە فۆلکلۆری گەلە.

402– بڕوانە: ئەدەبی میللی کۆن و ئـەدەبی کلاسـیکی ڤێتنـام، وەرگێـڕ عاصـم حەیـدەری، گ هیـوا، ژ٣٤، س٥، ل٦٥–٦٩.

## سیٚ یەم : وەرگێڕانی ئەدەبی

دەستنیشان کردنی مێژووی وەرگێڕان لە جیهاندا، کارێکی ئەستەمە، لەو رۆژەی میللەتە جیاوازەکان تووشی یەکبوون پێویستیان بەوە بووە لەیەکتر تیٚ بگەن، لەوێوە زانینی زمان و وەرگێڕان دەوری خۆی گێڕاوە.[403] لەسەردەمی جەنجاڵ و ئالۆزیی کاروباری لایەنە جیاجیاکانی مرۆڤی سەردەم وەرگێڕان دەورێکی گرنگ دەگێڕیٚ لەنزیك کردنەوەی کلتووری نێونەتەوەییدا و وەرگێڕەکان بوونەتە پەیامبەری نێوان گەلان. ئەگەرچی بە هۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا مرۆڤ بیری لەوەیش کردۆتەوە وەرگێڕان بخاتە کاری کۆمپیوتەرەوەو یارمەتی بدات زووبەزوویی کاری خۆی راپەرێنیٚ، بەلاٚم لەگەڵ ئەوەشدا کاری وەرگێڕان بەردەوامە.

### بایەخی وەرگێڕان

هەرچەندە رۆشنبیری میللەتان زیاتر کار لەیەك دەکەن لەرێگەی هۆیەکانی راگەیاندنی هاوچەرخەوە وەکو چاپەمەنی و رۆژنامەو ئێستگەو تەلەفزیۆن و پەیوەندی بیٚ تەل و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی دوای کزبوونی دەسەلاٚتی رۆشنبیری ئیستیعماری. وەرگێڕان دەورێکی بالاٚو بەرچاوی لەهەموو ئەو مەیدانانەدا بینیوە، تەنانەت لە نێو هەندێکیان دا بۆتە دیاردەیەکی ستراتیژی)[404]

### وەرگێڕان چییە؟!

رەنگە لەسادەترین پێناسەیدا، بڵێین گەیاندنی زانیارییە لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی دی ... یان (وەرگێڕان چالاکییەکی ژیری و سۆزییەو کارێکی لێکدراوە، جا گەر بمانەویٚ

---

[403] –خەڵکی شاری بابل نزیکەی ١٨٠٠ ساڵ (پ.ز) بەچەند زمانێکی جیاواز دەدوان، ئەو ولاٚتانەشی داگیریان کردبوو بەچەند زمانێکی جیاواز دەدوان، بۆیە چەند کەسێکی شارەزایان لەزمانی بابلی و ئەو زمانانە دانابوو بۆ ئەوەی بەکاری وەرگێڕان هەڵسن، بڕوانە: یوجین أ. یندا، نحو علم الترجمة، ترجمة ماجد النجار، ص١٩.

د. یوئیل یوسف عەزیزو کەسانی تر، وەرگێڕانی ئەدەبی، وەرگێڕانی غازی فاتح وەیس، ل٢٨.

[404] – یوجین. أ. یندا، نحو علم الترجمة، ص١٥.

ئەو چالاکییە پێناسە یەکی یەك گیرو بێ مشت و مڕ بخەینەروو ویستەمەنیەکەمان بەئاسانی نایەتە دی.)[405]

بەکورتی واتا گواستنەوەی زانیاری لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی دی.

**وەرگێڕان بۆچی؟!**

(لێکۆڵەرەوە عەرەبەکان هەندێکیان لەو باوەڕەدان، کەوەرگێڕان لە رۆژگاری (المأمون)یشدا کە زۆر بەهەڕمێن بووە، رەنگە ئەو پرسیارەیان لەخۆ نەکردبێ، یان کردبێتیان بەلام ئەو وەلامەیان بۆ ئێمە بەجێ نەهێشتووە. خەریك بوونی عەرەب و موسڵمانەکان بۆ وەرگێڕانی کتێبی فەلسەفەو لۆجێك بۆ ئەوە بووە، کە پێویستیان پێ بووە، کەبەرگری پێ لەئایین بکەن و بەلگەی بەهێزیان هەبێت لە رێگەی فەلسەفەی یۆنانییەوە، پاشان ئەو خەریك بوونە بەفەلسەفەوە بۆ لەزرەتی عەقلی و وەزرشی بیر بووە لەو باباتانەی، کە لای عەرەب نەناسراو بوون.)[406]

ئەو پێویستییە لەچییەوە سەر هەلدەدات؟مرۆڤ خۆی رەها نییەو نەگەیشتۆتە حالەتی (الکمال)، کەوا بێ هەمیشە لەزانیاریدا هەژارە. زانیاری خۆی لەخۆیدا سیفەتی گشتی هەیەو زۆر بەئاسانی ئەو سنوورە دەستکردانەی نێوان ولاتان دەبڕێ، کەسیاسییەکان دایاننـاوە. خۆ هەر چەندە هەموو میللەتێك خاوەن رۆشنبیرییەکی نەتەوەیی خۆیەتی، کەسیماو شەقلی تایبەتی خۆی هەیەو لەمیللەتانی دی جیا دەکاتەوە، بەلام لەگەل ئەوەشدا (هیچ نەتەوەیەك نییە بتوانێ واز لەوەرگێڕان بهێنێ، هەرچەندە سامانێکی نەتەوایەتی کۆن و بەنرخیشی هەبێ.)[407].ئەگەر ئەدەبی هەموو نەتەوەیەك پێویستیی بەوە هەبێ لەهەوای ئەدەبی میللەتانی دی هەناسە هەلمژێ، ئەوا بۆ ئەدەبی کوردییش بەهەمان شێوەو هەر لەزووەوە مەلاو زانایانی ئایینی و رووناکبیرو ئەدیبەکانی بەرایی لەپێویستی و گرنگی ئەو ئەرکە تێگەیشتوون و کۆششیان بۆ

---

[405] – د. امین علی سعید و د. کامل حسن البصیر، وەرگێڕان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٠.

[406] – محمد عبدالغني حسن، فن الترجمة في الادب العربي، ص٧٦.

[407] – جەمال نەبەز، وەرگێڕان هونەرە، ل٣.

کردووه. لەسەدەکانی رابردوودا هەندێ مسیونێری بیانی کتێبە ئایینییە پیرۆزەکانیان وەرگێراوه بۆ کوردی. شاعیرانی کلاسیکییش شیعری شاعیرانی فارس و تورك و عەرەبیان وەرگێڕاوەو لەگەڵ شیعرەکانی خۆیاندا تێ هەڵکێشیان کردووه.

له سەرەتای ئەم سەدەیەشدا، بەتایبەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چاپ و چاپەمەنی و رۆژنامەوانیی کوردی بزووتنەوەی وەرگێڕان زیاتر پەرەی سەندو پێویستی رۆژنامەوانیی وایکرد بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبێتەوە، وەکو چۆن چەندین هونەری ئەدەبی لەباوەشی رۆژنامەوانییەوە رسکان، پێویستی زانیاری و هەواڵی جیهانی و پەیوەندی کارلێکەرانەی نێوان میللەتانییش هونەری وەرگێڕانی ئەدەبی گەیاندە ئاستێکی بەرز.

گۆڤاری هیوا لەوەرگێڕانی ئەدەبیدا، گرنگییەکی زۆری بە وەرگێڕانی شیعرو چیرۆك و وتارو وتەی گەورە پیاوان داوەو بەدەگمەن ژمارەیەکی گۆڤارەکە هەیە کۆمەڵێ بابەتی وەرگێڕاوی تیا نەبێت، وەرگێڕانەکان بەپلەی یەکەم لەزمانی عەرەبی و فارسییەوەن، ئینجا ئینگلیزی و زمانانی ترەوەیە. ناوی چەند وەرگێڕێکی چاك بەرچاو دەکەوێت[٤٠٨]، کە وەرگێڕانەکانیان لەئاستی دەقە ئەسڵییەکان کەم بایەختر نین و توانیویانە بەسەلیقەو زمانێکی پاراوەوە داهێنانی تێدا بکەن.

هەڵبژاردنی دەقەکانیش رادەی رۆشنبیری وەرگێڕەکان پیشان دەدات[٤٠٩]. ئەو دەقانەی هەڵبژێردراون، شاکاری شاعیرو چیرۆکنووسە مەزن و ناسراوەکانی جیهانیین و له زۆر نەتەوەی جیاوازن[٤١٠].

---

408 – لەوانە ناوی ئەو وەرگێڕانە بەرچاو دەکەوێ: حەسەنی قزڵجی و عبدالرزاق بیمارو فاتح عبدالکريم و محەمەدی مەلا کەریم و مستەفا ساڵح کەریم.....

409 – بۆ وەرگێڕی سەرکەوتوو بڕوانە: يوئيل يوسف عزيز واخرون، الترجمة الادبية، جامعة الموصل، ١٩٨١، ص١١، چاپی کوردییەکەی: وەرگێڕانی ئەدەبی،وەرگێڕانی غازی فاتح وەیس، ل٤٩–٥٨.

410 – لەوانە: جبران خليل جبران و خيام و شيلی‌و لۆرکاو مەکسیم گۆرگی‌و ناڤم حیکمت و ولیەم بلێك .... بەڵام خەوشێکی گەورە لە بابەتە وەرگێڕاوەکاندا ئەوەیە زۆر جار ناوی نووسەری ئەسڵی‌و سەرچاوە ئەسڵییەکەو ئەو زمانەی لێی وەرگێڕراوە دەست نیشان نەکراوە.

بەرهەمە وەرگێڕراوەکان لە رووی ناوەرۆکەوە هەمە چەشنەن: سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و رۆشنبیریی و ئابووری و هونەرین. خەباتی نەتەوەیی و تێکۆشان لە پێناو رزگاری نیشتمان وای لە ( حەمە) کردووە ئەم شیعرە بەزمانێکی کوردی پاراو لەعەرەبییەوە وەربگێڕێ:

**بێ بەزەیی وجدان**

**پەراگەندەی زۆرداران**

**گوندەکەمیان سووتاند**

**بێ شەرمانە**

**ئەو ترسنۆکانە**

**کە وەك مێش و مەگەز وانە**

**گوندەکەم روخێنرای**

**گوندەکەم سووتێنرای**[411]

خەباتی هاوبەشی میللەتان و وەستان دژی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی، کە سنووری بڕی بوو، (**کامەران موکری**)یش هەر بەهەڵبەست، ئەم هەڵبەستەی بوێژی ئەمریکی (**ماك کری**)ی تەرجەمە کردووە:

**من رەشم وەکو کینیا**

**ئەمرم لەرێی ئازادیا**

**وەکو رەنگی شەوێکی رەش**

**با وولاتی منی بێ بەش**

**وەك جەرگی ئەفریقاکەم**

**نیشتمانە بێ نەواکەم**

**ڕەنگم رەشە، پێستم رەشە**

**ئەم دەنگە هی قولە رەشە** [412]

---

411– گوندەکەم فرمێسك مەرێژە، وەرگێڕانی حەمە، گ هیوا، ژ١، س١، ل٢٩.

له چوارینه بەرزەکانی خەیام، کەناوەرۆکەکەیان بەدەوری مەیگێڕیدایەو گوزارشت کردن لەجیهان بە(هیچ) و تێڕوانینێکی فەلسەفیانەی عومەری خەیامە، شێخ سەلامی شاعیر بەشیعر وەریگێڕاوە:

بەهەوری نەورۆز گوڵ چاوی شۆریا
تـۆو پیاڵە شەراب دامێنی چیا
ئیمرۆ تێر سەیری سەوزە گیا بکە
سبەی لەخاکت سەوز ئەبێ گیا[٤١٣]

لەپاڵ ئەم شیعرانەدا، ژمارەیەکی زۆر وتارو کورتە چیرۆك و ژیاننامەی ئەدیب و نووسەران و پیاوە مەزنەکانی جیهان لە گۆڤارەکەدا وەرگێڕدراون. وتەی گەورە پیاوانی وەکو (جمال الدینی ئەفغانیو جیڤەرسۆن و سوقرات و شکسپیر و ڤۆلتێرو کۆنفۆشیوش و لیون تۆلستۆی و ...هتد بلاّو کراوەتەوە، لەوانە:

– گەل بەبێ رەوەشت و خووی جوان سەرناکەوێ، رەوشت و خووش بەبێ ئیمان و باوەڕ نابێ، ئیمان و باوەڕیش بەبێ تێگەیشتن نابێ.

**جمال الدینی ئەفغانی**[٤١٤]

– ژیان لەولاّتێك دا رۆژنامەی تیابێ و قانوونی تیا نەبێ خۆشترە، لەوەی لە ولاّتێك دا بژیم قانونی تیابێت و رۆژنامەی تیا نەبێت.

**جێڤەرسۆن**[٤١٥]

– پیاوی چاك ئەخوا بۆ ئەوەی بژی، پیاوی خراپ ئەژی بۆ ئەوەی بخوات.

**سوقرات**

چەندین وتاری ئەدەبی لەزمانە جیهانییەکانەوە بەخامەی نووسەرو وەرگێڕە بەتواناکان تەرجەمەی کوردی کراون، لەوتارێکدا سەبارەت بەبابەتێکی زیندووی

---

[412]– ماك کریا، من رەشم، وەرگێڕانی کامەران، گ هیوا، ژ٢، س١، ل٣٦.

[413] – لەشیعری خیام، وەرگێرانی سەلام، گ هیوا، ژ٧، س١، ل٧٧.

[414] – ووتەی بەجێ، گ هیوا، ژ٣، س١، ل٢٠.

[415] – ووتەی بەجێ، گ هیوا، ژ٧، س٢، ل٢٠.

ئەدەبیی ئەو سەردەمە، ئەویش گێروگرفتەکانی ئەدەبی واقیعی وململانێی ئەو ڕێبازە لەگەڵ ڕێبازە ئەدەبیەکانی دوای خۆی، وتارێکی بەنرخ لەلایەن (**احمد عثمان ابوبکر**)ەوە لەزمانی ئینگلیزییەوە کراوە بەکوردی و لە چوزەرەکانی واقیعیەت لەنووسینەکانی ئەنتۆن چیخۆف دەدوێ، کە چۆن (نامەو چیرۆکەکانی دەوری زووی چیخۆف بەئاشکرا مەسئەلەی کامەرانی ئادەمیزاد و مەسئەلەی پەیوەندی شارەوانی و خوورەوشتی مرۆڤ لەنێو گەلەکەیا، ئەخەنە بەرچاو، بەرامبەر بەمانە، چیخۆف ئەوەستێ نەك وەکو نووسەرێکی (متشائم) بەڵکو وەکو نووسەرێکی پڕ لەبەزەیی بەرامبەر بەمرۆڤی کەم دەسەلات، کەبێ دادی کۆمەڵەکەی چەوساندبیتەوەو، کەساسی کردبێت، ئەو مرۆڤەی کە هەروەکو لە ئەنجام دا دەرئەکەوێت هیچ جۆرە دەردەسەری یەك سەری پێ شۆڕ ناکات و بێ بەری نابێت لەکامەرانی، چیخۆف بەم جۆرە وێنەی ئەم تەرحە مرۆڤانە ئەکێشێت، ئەوانەی کە ئەتوانن پشتی چەماوەیان ڕاست بکەنەوەو بەرگری کامەرانیی ژێر پێ کەوتوویان بکەن.)٤١٦

چیرۆك بەگشتی، خۆماڵی و وەرگێڕدراو، لە گۆڤاری (هیوا) دا شوێنی سەنگینی خۆی هەبووەو گۆڤارەکە گۆشەیەکی تایبەتی بە ناوی (**چیرۆکی ژمارە**) کردبووەوە، لەو گۆشەیەدا لەپاڵ چیرۆکی چیرۆکنووسانی کورد ژمارەیەکی زۆر چیرۆکی چیرۆکنووسە ناسراوەکانی جیهان بلاْودەکرانەوە، ئەمەش هەوڵدانێك بوو بۆ زیاتر گەشە پێدانی ئەو هونەرەو ئاشنا کردنی نووسەران بەتەکنیکە هونەرییە تازەکانی جیهانی چیرۆك لەدەرەوەدا، چیرۆکەکانی **ئارسەر میللەرو ئەنتۆف چیخۆف وسۆمەرست مۆم، ڤیکتۆر هۆگۆ، ماکسیم گۆرگی** و...هتد بلاو کراونەتەوە.٤١٧

---

[416] : ئەنتۆن چیخۆف و نووسینەکانی و گێروگرفتی واقعیەت، وەرگێڕانی احمد عوسمان، گ هیوا، ژ٣٠، س٤، ل٧٨.

[417] – لەسەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری (هیوا) دا (٦٥) چیرۆك بلاو کراوەتەوە کە (٢٢) چیرۆکیان وەرگێڕراون ، بۆ نموونەی چیرۆکی وەرگێڕاو بڕوانە:

گ هیوا، ژمارەکانی ساڵی یەکەم ، ١، ٢ ، ٧ ، ٩ ، ١٢ .

ژمارەکانی ساڵی دووەم، ١٢،٤، (٦–٧)، ٨، (٩–١٠)، (١١–١٢).

ژمارەکانی ساڵی سێیەم ، (٢–٣)، ٤،٥.

ژمارەکانی ساڵی چوارەم ، ٣٠ ، ٣٣ .

بەم شێوەیە وەرگێڕان خەمی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە بووەو داوایـان کـردووە **(تکا لەو نووسەرە بەڕێزانە ئەکەین ئەوانەی حەز ئەکەن نووسراوەکانیان لەم گۆڤارەدا بڵاوبکرێتەوە پەیڕەوی ئەم ئامۆژگاریانەی خوارەوە بکەن:**

**١- بەپێی توانـا بۆیـان ئـەکرێت نووسـراوی تـازەی عیلمـی لەزمانـە بێگانەکانـەوە بگۆڕن بەکوردی بۆ ئەوەی سوودی گشتی ببێت.)**[418] بۆیە دەتوانین بڵێین ، رۆڵی گۆڤاری (هیوا) لە پێشخستن و گەشەکردنی وەرگێڕانییش لـەژانرەکانی تـر کـەمتر نییە.

ژمارەکانی ساڵی شەشەم ، ٣٦ ، ٣٧.

[418] – گ هیوا، ژ١٠، س١، ل٧.

# ئـەنجـــام

١- گۆڤـاری (هیـوا)، کـە گۆڤـارێکی مانگانــەی ئــەدەبی و زانـستی بـووە، یانــەی سەرکەوتن خاوەنی ئیمتیازی بووەو (٣٨) ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە یـەکی لـە تـەمووزی ١٩٥٧ دەرچـووەو سـەرجەمی لاپـەڕەکانی ئـەو (٣٨) ژمارەیـە (٣٠٠٥) لاپەڕەیە. لە ژمارەی (١)ەوە تاوەکو ژمارە (٨)ی ساڵی دووەم مودیری مەسئولی (**حافظ مصطفی قاضي**) بووەو پاشان (**د. هاشـم دۆغرەمەچـی**) بـووە بـەمودیری مەسئول، زۆربەی ئەوانەی ئاماژەیان بۆ گۆڤارەکە کردووە بێ ئەوەی دوا ژمارەی ببیـنن، سـاڵی ١٩٦٣ یـان نووسـیووە، کەچـی دوا ژمـارەی (٣٨) لـە حـوزەیرانی ١٩٦٢ دا دەرچـــووەو لەســـاڵی ١٩٦٣ بڕیـــاری داخرانـــی گۆڤارەکـــە و یانـــەی سەرکەوتنی کوردان دراوە.

٢- ناوەرۆکی بابەتـە بڵاوکراوەکـانی نـاو گۆڤارەکـە لەسـاڵانی بـەر لـە شۆرشـی ١٤ تەمووزدا مۆرکی نەتەوەییان پێوە دیارە، کەچی دوای شۆرش بیری مارکسیزم – لینینــزم و چــەپگەری بەســەر بابەتەکانــدا زاڵــە، ئەمــەش تــا ڕادەیــەکی زۆر ڕەنگدانەوەی بیری دەستەی نووسەران و هەڵسوڕێنەرانی گۆڤارەکەیە.

٣- ژمارەکانی بەر لەشۆرش ڕۆشنبیری گشتیەیە و بابەتی ئـەدەبی و زانـستی هەمـە چەشنەی تیایەو لاساییەکی تەواوی گۆڤاری گەلاوێژی کردۆتەوە، کەبەر لەچەند سالێك لەپێش خۆی وەکو گۆڤـارێکی ئـەدەبیو ڕۆنـشبیریی دەرچـووە، تەنانـەت ناونیـشانی گۆشــە تایبەتیەکانیـشی هــەر بـەو ناوانەوەیـە، وەکـو : (**گۆشــەی تەندروستی**) و (**گۆشەی کشتوکاڵ**) و (**دیوانی هیوا**) و (**چیرۆکی ژمارە**) و ..هتـد،

بـەلاَم ژمارەکـانی دوای شـۆڕش بەتایبـەتی دوای سـالّێك ، تایبـەتن بەئـەدەب و بابەتی زانستی بەدەگمەنیش بەرچاو ناکەوێت.

٤- گۆڤاری (هیوا) لەهەموو گۆڤارەکانی پێش خۆی زیـاتر گرنگـی بەپەخـشان داوەو کەمتر لای لە شیعر کردۆتـەوە. لەبابەتـە هونەرییـەکانی پەخشانیـشدا، چـیرۆك و ژیاننامـەو وەرگێڕانـی ئـەدەبیو شـانۆی کوردیـو لەسـەرووی هەمووشـیانەوە رەخنەی ئەدەبی گرتۆتەوە. هەر لە ژمارە (٢)ی گۆڤارەکـەوە دەرگـای رەخنـەی کردەوەو بابەتە بلاّوکراوەکانی نـاو گۆڤارەکـەی بەکەسـانی پـسپۆڕ دەسـپارد بـۆ هەڵسەنگاندنیان. ئەگەر لە گۆڤارەکانی پێش (هیـوا) دا رەخنـە تـەنیا بـە دەوری شـیعردا دەسـووڕایەوە بـە سـەروەری هـەموو هونـەرەکانی تریـان دەزانـی، بـۆ یەکەمجار رەخنەی چیرۆك لـە گۆڤـاری (هیـوا)دا گەشـەیکردو بلاّوبـووەوە، ئەمـە بێجگە لەوەی لە گۆشەی چاپەمەنی تـازەدا، ژمارەیـەك کتێـب و بلاّوکـراوەی ئـەو رۆژگارەی خستۆتە بەر تیشکی رەخنەی ئەدەبی.

٥- بەهاوکاریی دەوڵەمەندو رووناکبیرو نووسەران و ئەندامانی یانـەی سـەرکەوتن لـە رۆژگاری سالاّنی کۆتایی رژێمی پاشایەتی و حەزو تامەزرۆی وشەی کـوردی وەکـو هوشیاری و چەکی نەتەوەیی گۆڤارەکە مانگانە بەرێك و پێکی دەردەچـوو، بـەلاّم دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز بەهۆی زۆربوونی رۆژنامەو گۆڤاری کـوردی و پـەرت و بلاّوبوونی نووسەران بەسـەر زۆر لەشـارەکانی کوردسـتاندا و ململانـێ و جیـاوازی ئایدیۆلۆژیای نووسەرانی گۆڤارەکەو نەبوونی توانای ماددی گۆڤارەکـە وردە وردە لاپەڕەکانی کەم بۆتەوە بـەرێکی دەرنەدەچـوو تـا لەگـەڵ ئینقلابـی (٨) شـوباتی بەعسییەکاندا لەگەڵ چەندین رۆژنامەو گۆڤاری دی کوردی داخرا.

٦- گۆڤاری (هیوا) لەنەخشەی بڵاوکردنەوەیدا پشتگیری بابەتی نوێی کردووە هانی گەنجەکانی ئەو ڕۆژگارەی دەدا ڕوو لەهونەرەکانی پەخشان ، بەتایبەتی چیرۆك و شانۆ بکەن، هەندێ لەی چیرۆکنووسە دیارەکانی ئێستا لەئەدەبی کوردیدا بۆ یەکەمجار گۆڤاری (هیوا) چیرۆکی بۆ بڵاوکردونەتەوە، وەکو (**فرمێسکی پەشیمانی**) مستەفا ساڵح کەریم و (**پەنجا فلس**)ی محەمەد مەولود (**مەم**) و هی دی لەهەمان کاتدا لە بڵاوکردنەوەی شیعری کلاسییزم و ڕۆمانسییزمیشدا درێغی نەکردووەو هاوسەنگێیی خستبووە نێوان کۆن و نوێ و نەوەی نوێ و چێژی کۆن، بۆیە پیرو گەنج و هەموو چین و توێژەکان نووسینیان لەگۆڤاری (هیوا)دا بڵاوکردۆتەوە.

گۆڤاری (هیوا) ئیمتیازەکەی سیاسیی نەبوو، بەلاّم نەیتوانیوە خۆیشی دوورەپەرێز لەسیاسەت بگرێت، بەتایبەتی لە دوای هەڵگەڕانەوەی عبدالکریم قاسم لە بەڵێنەکانی. هەڵوێستی دژایەتیکردنی شۆرشی ئەیلول و سیاسەتی کورد تواندنەوە، دەستەی نووسەران و باوەڕپێکراوی یانەی سەرکەوتن بەرپەرچی وتارە نەیارەکانی دژ بەگەلی کوردی ڕۆژنامەی (**الثورة**)یان داوەتەوەو هەڵوێستی جوامێرانەیان نواندووە.

٨- تا دەرچوونی گۆڤاری (هیوا) هیچ ڕۆژنامەو گۆڤارێکی زانستیی بەزمانی کوردی نەبوو، بۆیە (هیوا) بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە لەرۆشنبیریی کوردیدا، لەپاڵ بابەتە ئەدەبییەکاندا ژمارەیەکی زۆر وتاری زانستی هەمەجۆری بڵاو کردەوەو تەنانەت گۆشەی تایبەتی بۆ زانست لەژێر ناوی (**زانست و ژیان**) دا بڵاوکردەوە.

٩- شیعره سیاسییەکانی (**کامەران**) لەسەر گۆڤارەکە ئەوەندەی دی گیـانی خـەبات و شۆڕشگێڕییان لای خەڵکی کوردستان گەشە پێدەدا.

١٠- گۆڤـاری (هیـوا) تـین و تـاوێکی دیـدا بەهونـەری وەرگێـڕان و بـۆ ئاشـنا کردنـی نووسەران لـە جووڵانـەوەی ئـەدەبی لـە جیهـان داو ناسـاندنی ئـەدەبی نووسـەرە جیهانییەکان بەخوێنەرانی ئەو رۆژگارە گرنگییەکی تایبەتی بەوەرگێڕان دەدا.

١١- ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی لەلاپەڕەکانی گۆڤاری (هیوا) دا شوێنی دیاری هەیە، دیارە ئەمە لەئەنجامی هوشیاری و پەی بردنە بەو راستییەی، کە فۆلکلـۆر گیـانی نەتەوەیەو ئەدەبی نووسراویش لەوەوە سەرچاوەی هـەڵگرتووە، بۆیـە گۆڤارەکـە لـە بـواری فۆلکلـۆردا، بـە تایبـەتی پەنـدو قـسەی نەسـتەق و گاڵتـەو گەپـدا ، ویستویەتی چەندین ناهەمواری کۆمەڵایەتی دەربڕێت و بەشداری لەچاك کردنیانـدا بکات.

١٢- ئەگەر سەرەتاکانی رێبازی ریالیزم لە شـیعری کوردیـدا لـە گۆڤـاری (گەلاوێـژ) سەریان هەڵدا، ئەوا لە گۆڤاری (هیوا) دا گەشەی کـردو لاپـەڕەکانی ئـەو گۆڤـارە بوونـە زەمینەیـەکی پتـەو بـۆ پێشخـستن و بـەرەو پێـشەوە بردنـی ئـەو رێبـازە ئەدەبییە لەئەدەبی کوردی بەگشتی و شیعری کـوردی بەتایبـەتی و زۆر شـاعیری پێگەیاند.

# سەرچاوەكان:

١- كتێب

**أ- بەزمانی كوردی :**


١- ئەحمەد خواجە:
چیم دی، ب١، ٢، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٧٢.

٢- ئەحمەدی خانی:
مەم و زین، ئامادەكردن و پەراوێز بۆ نووسینی هەژار، ئەنستیتۆتا كوردی یا پاریسێ، ١٩٨٩.

٣- د.ئەمین علی سعید و د. كامل حسن عزیز البصیر:
وەرگێڕان ،زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٠.

٤- ئەمین فەیزی:
ئەنجوومەنی ئەدیبان، تۆژینەوەی لیژنەی وێژەو كەلەپوور، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا، ١٩٨٣.

٥- ئیسماعیل حەقی شاوێس:
قسەی پێشنان – گۆستاو لۆیۆن، بەغدا، ١٩٣٣ .

٦- ئینجیلی لۆقا، بەزمانی كوردی شێوەی سۆرانی، چاپی سوید، ١٩٩٠.

٧- بەیدەبا:
كەلیلەو دیمنە، وەرگێڕانی عومەر تۆفیق، چ٢، چاپخانەی بابل، بەغدا، ١٩٧٥.

٨- پیرەمێرد:
گاڵتەوگەپ، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٤٧.

٩- د.جەلیلی جەلیل:
كوردەكانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەرگێڕانی دكتۆر كاوس قەفتان، بەغدا ١٩٨٧.

١٠- جەمال خەزنەدار:
رابەری رۆژنامەگەری كوردی، بەغدا، ١٩٧٣.

١١- جەمال نەبەز:
وەرگێران هونەرە، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٥٨.

١٢- حافظ قاضی:
بیرەوەری،چلپخانا خەبات،دهۆك،٢٠٠٣.

١٣-حەسەن جاف:
كامەران موكریی چیرۆكنووس، چاپخانەی سومر، بەغدا، ١٩٨٨.

١٤- حەسەن قزڵجی:
پێکەنینی گەدا، چ٢، چاپخانەی علاء، بەغدا ١٩٨٥.
١٥- حەمە سەعید حەمەکەریم:
دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، بەغدا، ١٩٨٦.
١٦- حسین حوزنی موکریانی:
خۆشی و ترشی – بزنۆکەو مەڕۆکە، چ٢، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٤
١٧- حسین عارف:
چیرۆکی هونەری کوردی، ١٩٢٥ – ١٩٦٠، دار الحریة ،بەغدا، ١٩٧٧.
١٨- خانای قوبادی:
خوسرەو شیرین، محمدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.
١٩- خورشید رەشید ئەحمەد:
ڕێبازی ڕۆمانتیک لەئەدەبی کوردی دا، چاپخانەی الجاحظ، بەغدا، ١٩٨٩.
٢٠- دیوانی بێ کەس، محمدی مەلا کەریم ڕێکی خستووەو سەرەتای بۆ نووسیوەو سەرپەرشتی لەچاپدانی کردووە، چ٣، بەغدا، ١٩٨٦.
٢١- دیوانی پیرەمێرد، ب١، کۆکردنەوەو ساغ کردنەوەی فائق هوشیارو کەسانی تر، چاپخانەی الزمان، بەغدا، ١٩٩٠.
٢٢- دیوانی حاجی قادری کۆیی، سەردار میران و کەریم مستەفا شارەزا، بەغدا، ١٩٨٦.
٢٣- دیوانی سەلام، ئامادەکردن و پێداچوونەوەو پێشەکی بۆ نووسین، ئومێد کاکەرەش، چ٢، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٩١.
٢٤- دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، عەلی تاڵەبانی، بەغدا، ؟.
٢٥- دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، ئازاد عبدالواحد کۆی کردوەتەوەو ساغی کردوەتەوەو لەسەری نووسیوە، ب١، بەشی یەکەم، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا، ١٩٨٥.
٢٦- دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، ئازاد عبدالواحد کۆی کردوەتەوەو ساغی کردوەتەوەو لەسەری نووسیوە، ب١، بەشی دووەم، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا، ١٩٨٩.
٢٧- دیوانی گۆران، محمدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردووەو پێشەکی و پەراوێزی بۆ نوسیوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، ١٩٨٠.
٢٨- دیوانی مەولەوی، مەلا عبدالکریمی مدرس (کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لەسەر نووسینی)، چاپخانەی (النجاح)، بەغدا، ١٩٦١.

٢٩– رەشید فندی:
عەلی تەرماخی ئێکەمین رێزمان نڤیس و پەخشان نڤیسی کوردە، بەغدا، ١٩٨٥.
٣٠– رەفیق حلمی:
شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب٢، بەغدا، ١٩٥٦.
٣١–رەفیق حیلمی:
یادداشت، ب(١،٢) چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٨.
٣٢– زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، چ٨، مطبعة التعليم العالي، هەولێر، ١٩٨٥.
٣٣– زێوەر:
٣٤– گەنجینەی مەردان و یادداشتی رۆژانی دەربەدەری مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، محمدی مەلا کەریم هێناویەتە سەرشێوەی نووسینی نوێ و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، چاپخانەی شرکة مطبعة الاديب، بەغدا، ١٩٨٥.
٣٥– د.شاکر خەسباك:
کوردو مەسەلەی کورد، وەرگێڕی لە عەرەبیەوە ئەمین موتابچی، چاپخانەی کامەران، سلەیمانی، ١٩٦١.
٣٦– شاکر فتاح:
خەباتی رۆشنبیران، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٤.
٣٧– د.شوکریە رەسووڵ:
ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی، بەشی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ١٩٨٤،.
٣٨– د.شوکریە رەسووڵ:
٣٩– پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوزردی، دکتۆر شوکریە رەسووڵ و جەلال تەقی لەرووسییەوە کردوویانە بەکوردی، شرکة مطبعة الاديب البغدادية بغداد، ١٩٨٤.
٤٠– د.شوکریە رەسووڵ:
ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مطابع التعليم العالي، هەولێر، ١٩٨٩.
٤١– صادق بهاءالدین ئامێدی:
هۆزانڤانێت کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٠.
٤٢– صەباحی غالب:
ئافرەت لەچیرۆکی کوردی دا ١٩٢٥ – ١٩٧٠، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩.

٤٣- عبدالجبار محمد جباري:
مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٧٠.
٤٤-عبدالخالق علاءالدین:
دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، مطابع دار الحریة، بەغدا، ١٩٨٥.
٤٥- عبدالرحمن عبدالله:
تەندروستی گشتی، چاپخانەی ( سلمان الاعظمي) بەغدا، ١٩٧٢.
٤٦- عبدالله احمد رسول پشدەری:
یادداشتەکانم، بەشی یەکەم، چاپخانەی دار الحریة، بەغدا، ١٩٩٢.
٤٧- عەزیز گەردی:
٤٨- پەخشانی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٧.
٤٩- علاءالدین سجادی:
مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٢، بەغدا، ١٩٧١.
٥٠- عومەر مەعرووف بەرزنجی:
لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردیی، ١٩٢٠ - ١٩٦٩، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨.
٥١- د.عیزەددین مستەفا رەسووڵ:
شێخ رەزای تاڵەبانی، چاپخانەی علاء، بەغدا، ١٩٧٩.
٥٢- د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ:
شیعری کوردی، ژیان و بەرهەمی شاعیرانی، ب١، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٠.
٥٣- د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ:
ئەدەبیاتی نوێی کوردی، مطبعة التعلیم العالي، هەولێر، ١٩٨٩.
٥٤- غەفوور میرزا کەریم:
تەقەلاّیەکی دڵسۆزانە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری لە کوردستانداو کۆمەڵی زانستی لەسلێمانی، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا، ١٩٨٥.
٥٥- کاکەی فەللاح:
کاروانی شیعری نوێی کوردی، ب١، چ٢، بەغدا، ١٩٨٠.
٥٦- کامەران موکری:
ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی، بەشی یەکەم، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٤.
٥٧- د.کامل حسن عزیز البصیر:
شێخ نوری شێخ ساڵح لەکۆڕی لێکۆڵینەوە وێژەیی و رەخنەسازیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٠.

٥٨- د.كامل حسن عزيز البصير:
رەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوی کردن، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٣.
٥٩- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد:
تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨.
٦٠- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد:
مێژوو، چاپخانەی (دار افاق عربية)، بەغدا، ١٩٨٣.
٦١- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد:
چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، چاپخانەی الادیب البغدادیة، بەغدا، ١٩٨٥.
٦٢- کەمال مەمەند:
چەند وتارێك دەربارەی ئەدەب و رەخنەی کوردی، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨١.
٦٣- کوردی و مەریوانی:
یاری، چاپخانەی دار السلام، بەغدا، ١٩٣٢.
٦٤- گۆران:
بەهەشت و یادگارو فرمێسك و هونەر، چ٢، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧١.
٦٥- د.مارف خەزنەدار:
کێش و قافیە لەشیعری کوردیدا، چاپخانەی (الوفاء)، بەغدا، ١٩٦٢.
٦٦- د. مارف خەزنەدار:
دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی عەلی تەرەماخی،چاپخانەیدارالزمان،بەغدا، ١٩٧١.
٦٧- د.مارف خەزنەدار:
دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، بەغدا، ١٩٧٧.
٦٨- د.مارف خەزنەدار:
لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چاپخانەی المؤسسة العراقیة للدعایة والطباعة، بەغدا، ١٩٨٤.
٦٩-م.أ.خەلفین:
خەبات لەرێ ی کوردستانا، وەرگێڕانی جەلال تەقی، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی، ١٩٧١.
٧٠-محمدی خاڵ:
پەندی پێشینان، چ٢، سلێمانی، ١٩٧١.

٧١– د. محمد نوری عارف:
تێکستی ئەدەبی کوردی، بەشی دووەم، زانستگای سلێمانی، ١٩٨١.
٧٢–محمود ئەحمەد:
جوان، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦٠.
٧٣– مستەفا نەریمان:
بیرەوەریەکانی ژیانم، دار الحریة للطباعة، بەغدا، ١٩٩٤.
٧٤– معروف چیاوگ :
باریو، یادگاری یانەی سەرکەوتن، ژمارە (٢)، پەیامی تبرعات، هەیئەتی ناوچەی یانەی سەرکەوتن، چاپخانەی نجاح، بەغدا، ١٩٤٣ – ١٩٤٤.
٧٥– هۆنراوەی شێخ نوری شێخساڵح، پێشەکی کامەران موکری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٥٨.
٧٦–یۆئیل یوسف عەزیز و کەسانی تر:
وەرگێڕانی ئەدەبی، وەرگێڕانی غازی فاتح وەیس، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٤.

**ب – بەزمانی عەرەبی**

١. د.احسان عباس:
فن السيرة، ط٢، دار الثقافة، بيروت، ١٩٥٦.
٢. احمد كمال زكي:
النقد الادبي الحديث اصوله واتجاهاته، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨١.
٣. احمد مرسي:
مقدمة في الفولكلور، ط٢، دار الثقافة، القاهرة، ١٩٨١.
٤. ادمون غريب:
الحركة القومية الكردية، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٣.
٥. ارسطو طاليس:
فن الشعر، ترجمة عبدالرحمن بدوي، دار الثقافة، بيروت ١٩٧٣.
٦. ارنست فيشر:
الاشتراكية والفن، ترجمة اسعد حليم، بيروت، ١٩٧٣.

٧. الكزندر هجرتي كراب:
علم الفولكلور، ترجمة رشدي صالح، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٧.
٨. انيس المقدسي:
الفنون الادبية واعلامها في النهضة العربية الحديثة، ط٢، دار العلم للملايين، بيروت ١٩٧٨.
٩. جعفر عباس حميدي:
التطورات والاتجاهات السياسية الداخلية في العراق ١٩٥٣ – ١٩٥٨، بغداد، ١٩٨٠.
١٠.جلال الطالباني:
كردستان والحركة القومية الكردية، ط٢، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧١.
١١.د. جميل نصيف التكريتي :
المذاهب الادبية، ط١، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٠.
١٢.د.جورج حجار:
نحو اخوة عربية كردية، دار القدس، بيروت، ١٩٧٥.
١٣.د.جهاد مجيد محى الدين:
العراق والسياسة العربية ١٩٤١ – ١٩٥٨، منشورات مركز دراسات الخليج العربي بجامعة البصرة، (١٤٦)، بغداد، ١٩٨٠.
١٤.د.حامد محمود عيسى علي:
المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١، جامعة قناة السويس، مكتبة مدبولي، ١٩٩٢.
١٥.حسين رامز محمدرضا:
الدراما بين النظرية والتطبيق، المؤسسة العربية للدراسات النشر، بيروت، ١٩٧٢.
١٦.حسين عارف:
عشرون قصة كردية، منشورات مجلة كاروان (١)، دار افاق عربية للصحافة والنشر، بغداد، ١٩٨٥.
١٧.د.حلمي مرزوق:
الرومانتيكية والواقعية في الادب (الاصول الايديولوجية) دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٣.
١٨.حنا الفاخوري:
تأريخ الادب العربي، ط٧، بيروت، بلا ١٩٤٢.

١٩.د. داود سلوم:
النقد الادبي ، القسم الثاني، مطبعة الارشاد، بغداد، ١٩٨٦.

٢٠.د.سالم احمد الحمداني:
مذاهب الادب الغربي ومظاهرها في الادب العربي الحديث، جامعة الموصل، ١٩٨٩.
٢١.سمير مرزوق وجميل شاكر:
مدخل الى نظرية القصة تحليلا وتطبيقا، بغداد، ١٩٨٦.
٢٢.ش.ج.اشيريان:
الحركة الوطنية الديمقراطية في كردستان العراق ١٩٦١ – ١٩٦٨، ترجمة ولاتو، بيروت، ١٩٧٨.
٢٣.د. شاكر خصباك:
الكرد والمسألة الكردية، منشورات الثقافة الجديدة، بغداد، ١٩٥٩.
٢٤.د.شوقي ضيف:
في النقد الادبي، ط٧، دار المعارف، بمصر، القاهرة، ١٩٦٢.
٢٥.صادق حسن السوداني:
لمحات موجزة عن تأريخ نضال الشعب العراقي، الموسوعة الصغيرة (٤٥)/ بغداد، ١٩٧٩.
٢٦.عبدالرزاق الحسني:
الاسرار الخفية في حوادث السنة ١٩٤١، مطبعة العرفان، صيدا، ١٩٨٥.
٢٧.عبدالرزاق الحسني:
تاريخ الوزارات العراقية، ج١٠ – ط٧، بغداد، ١٩٨٨.
٢٨.عبداللطيف حمزة:
المدخل في فن التحرير الصحفي، القاهرة، ١٩٦٥.
٢٩.د.عزالدين اسماعيل:
الادب وفنونه، ط٧، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٧٨.
٣٠.د.عزالدين مصطفى رسول:
الواقعية في الادب الكردي، بيروت، صيدا، ١٩٦٦.
٣١.د.عزلدين مصطفى رسول:
حول الصحافة الكردية، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣.
٣٢.د.علي جواد الطاهر:
مقدمة في النقد الادبي، بيروت، ١٩٧٠.

٣٣.د.علي جواد الطاهر:
خلاصة في مذاهب الادب الغربي، الموسوعة الصغيرة (١٢١)، بغداد، ١٩٨٣.
٣٤.د.عماد احمد الجواهري:

نادي المثنى وواجهات التجمع القومي في العراق ١٩٣٤ – ١٩٤٢، مطبعة دار الجاحظ، ١٩٨٤.
٣٥. د.عماد حاتم:
مدخل الى تأريخ الاداب الاوربية، الدار العربية لكتاب، ليبيا، تونس، ١٩٧٩.
٣٦.عمر الدسوقي:
نشأة النثر الحديث وتطوره، القاهرة، ١٩٦٢.
٣٧.غاستون باشلار:
جماليات المكان، ترجمة غالب علسا، ط٢، بيروت، ١٩٨٤.
٣٨.د.فائق مصطفى والدكتور عبدالرضا علي:
في النقد الادبي الحديث منطلقات وتطبيقات، الموصل، ١٩٨١.
٣٩.د.فاضل حسين واخرون:
تأريخ العراق المعاصر، بغداد، بلا.
٤٠.فان تيغم:
الرومنطيقية، ترجمة بهيج شعبان، بيروت، ١٩٥٦.
٤١.د.كمال مظهر احمد:
صفحات من تأريخ العراق المعاصر، دراسات تحليلية، بغداد، ١٩٨٧.
٤٢.ل.ن.كاتلوف و أ.فد تشنكو:
تأريخ الاقطار العربية المعاصر ١٩١٧ – ١٩٧٠، الجزء الاول، اكاديمية العلوم في الاتحاد السوفيتي ، معهد الاستشراق، دار التقدم، موسكو، ١٩٧٥.
٤٣.ليث عبدالحسين الزبيدي:
ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، دار الرشيد، بغداد، ١٩٧٩.
٤٤.ليليان فرست:
الرومانسية، ترجمة د. عبدالواحد لؤلؤة، موسوعة المصطلح النقدي (٢)، بغداد، ١٩٧٨.
٤٥.د. محمد الجوهري:
علم الفولكلور، دراسة في الانثروبولوجيا الثقافية، ج١،ط٢، دار المعارف ، القاهرة، ١٩٧٨.
٤٦.د. محمد حسن عبدالله:
فنون الادب، دار الكتب الثقافية، ط٢، كويت، ١٩٧٨.
٤٧.محمد عبدالغني حسن:
فن الترجة في الادب العربي، الدار المصرية للتأليف والترجمة، القاهرة، ؟.
٤٨.د. محمد غنيمي هلال:
النقد الادبي الحديث، دار نهضة مصر للطبع والنشر، القاهرة، ١٩٧٧.

٤٩.د.محمد مندور:
الادب ومذاهبه، ط٢، مطبعة النهضة بمصر، القاهرة، ١٩٥٧.
٥٠.محمد مهدي كبة:
مذكراتي في صميم الاحداث، ١٩١٨ – ١٩٥٨ بيروت، ١٩٦٥.
٥١.محمد يوسف نجم:
فن المقالة، دار بيروت للطباعة والنشر، بيروت ١٩٥٧.
٥٢.محمود الدرة:
القضية الكردية، ط٢، منشورات دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٦.
٥٣.معروف جياوك:
القضية الكردية، مطبعة الاستقلال، بغداد، ١٩٢٥.
٥٤.معروف خزندار:
موجز تأريخ الادب الكردي المعاصر، ترجمه عن الروسية الدكتور عبدالمجيد شيخو، بيروت، ١٩٩٣.
٥٥.منذر الموصلي:
عرب واكراد رؤية عربية للقضية الكردية، دار الغصون، بيروت، ١٩٨٦.
٥٦.منير بكر:
اساليب المقالة وتطورها في الادب العراقي الحديث والصحافة العراقية، ط١، مطبعة دار الارشاد، بغداد، ١٩٧٦.
٥٧.د.ناصر الحاني:
المصطلح في الادب الغربي، منشورات دار المكتبة العصرية، بيروت، ١٩٦٨.
٥٨.نبيل زكي:
الاكراد، الاساطير والثورات والحروب، مطبوعات كتاب اليوم (٨)، مطبعة مؤسسة اخبار اليوم، القاهرة، ١٩٩١.
٥٩.ويليام،ك. ويمزات وكلينث بروكس:
النقد الادبي تأريخ موجز النقد الكلاسي، ترجمة: د. حسام الخطيب ومحى لدين صبحي، مطبعة جامعة دمشق، ١٩٧٣.

٦٠.هادي حسن عليوي:
عبدالكريم قاسم الحقيقة، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٠.
٦١.يوئيل يوسف عزيز واخرون:
الترجمة الادبية، جامعة الموصل، ١٩٨١.
٦٢.يوجين، أ. نيدا:

نحو علم الترجمة، ترجمة ماجد النجار، بغداد، ١٩٧٦.
٦٣.يوري سوكولوف:
الفولكلور قضاياه وتأريخه، ترجمة حلمي شعراوي وعبدالحميد حواس، القاهرة، ١٩٧١.

## پ. بەزمانی فارسی :

١. حسن ارفع:
كردها ويك بررسى تأريخى وسياسى، چاپ دانشگده اكسفرد، تهران، ١٩٦٦.
٢. دكتر خليل خطيب رهبر:
گزينه نثر فارسى، بخش سوم، چ پنجم، انتشارات صفى عليشاه، تهران، ١٩٥٥.
٣. كرد در دائرة المعارف اسلام، ترجمة اسماعيل فتاح قاضي، مركز نشر وفرهنگ وادبيات كردى، انتشارات صلاح الدين ايوبى، چاپ اول، اروميه، ١٣٦٧.
٤. كليات خمسه حكيم نظام گنجه‌اى، انتشارات امير كبير، تهران، تيرماه، ١٣٤٤.
٥. محمد تقى بهار (ملك الشعرا):
سبك شناسى يا تاريخ تطور نثر فارسى، جلد ٢، چاپ سوم، تهران، اذرماه، ١٣٤٩.
٦. دكتر محمد مكرى:
گۆرانى يا ترانه‌هاى كردى، كتابخانه دانش، تهران، ١٣٢٩.
٧. وحيد دستگردى:
ديوان باباطاهر عريان، چ٢، مؤسسة مطبوعاتي امير كبير، تهران، ١٣٣٣.
٨. يشار كمال:
افسانه اغرى، ترجمه رحيم رئيس نيا، انتشارات دنيا، تهران، ١٣٣٦.

## ت- بەزمانی ئینگلیزی

**1- Classical Literary Criticism، Translated with An Introduction by T.S Dorsch، pengun Books. 1965.**
**2- S.H. Longrigg، IRAQ، 1900 to 1950، Oxford University press، 1968.**

3- Thomas bois، The kurds ، Translated from the French by profesor M.W.Welland، Beirut، 1960.

## ج – بەزمانی رووسی

١– مارف خەزنەدار:
بەكورتی مێژووی ئەدەبی كوردی تازە، مۆسكۆ، ١٩٦٧.

٢– م.م. رۆزینتالیا:
فەرهەنگی فەلسەفی، مۆسكۆ، ١٩٧٥.

## ٢- نامەی ماجستێرو دكتۆرا

**أ – بەزمانی كوردی :**

١- طالب محمد:
لێكۆڵینەوەیەكی رەخنەگرانە لەچیرۆكەكانی محەمەد مەولوود (مەم)، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٣، (نامەی ماجستێر).

٢–عەزیز عەبدوللا گەردی:
كێشی شیعری كلاسیكی كوردی و بەراوردكردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و كێشی شیعری فارسی، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٤، (نامەی ماجستێر).

٣–محمد دلێر امین محمد:
رۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لەگەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی كوردیدا، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر ١٩٨٩، (نامەی ماجستێر).

٤–محمد فاضل مصطفی:
زێوەر ژیان و بەرهەمی، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٩، (نامەی ماجستێر).

**ب – بەزمانی عەرەبی:**

١. حسن علي عبدالله:
الموقف الرسمي والشعبي العراقي من تطور الاحداث السياسية في مصر ١٩٥٢ – ١٩٥٦، جامعة البصرة، ١٩٨٦، (رسالة ماجستير).

٢. خالد محسن محمود الراوي:
تأريخ الحركة العمالية في القطر العراقي ١٩٦٨ – ١٩٧٥، بغداد ١٩٨٠، (رسالة ماجستير).

٣. صالح حسين الجبوري:

ثورة ٨ شباط ١٩٦٣ في العراق دراسة في التأريخ السياسي (اسبابها – مقدماتها – قيامها)، معهد الدراسات القومية والاشتراكية، بغداد، ١٩٨٦، (رسالة ماجستير).

٤. عبدالجبار كريم حمادي:

الصحافة العراقية واثرها في تطور الشعر العراقي الحديث، جامعة بغداد، ١٩٨٣، (رسالة ماجستير).

٥. عبدالواحد موسى الحصونة:

الحركة الطلابية العراقية ودورها في النضال الوطني والقومي ١٩٤٧ – ١٩٦٣، جامعة بغداد، ١٩٨٣، (رسالة ماجستير)

٦. قدام سعيدة:

المقالة في الادب الجزائري الحديث١٩٣١ – ١٩٥٦،جامعة بغداد،١٩٨٥،(رسالة ماجستير).

٣- **گۆڤارو رۆژنامە:**

أ – بەزمانی کوردی:

١– گ بەيان، ژ٢، ١٩٧٠.

٢– گ پێشکەوتن، ژ١، س١، ١٩٥٨.

ژ٢١،س١، ئابی ١٩٥٨.

٣– گ روناهی، ژ١،س١، ١٩٦٠ .

٤– گ رۆژی کوردستان، ژ١، س٢، ئابی ١٩٧٢.

٥– گ رۆژی نوێ، ژ٧، س١، تشرينی يەکەمی ١٩٦٠.

ژ٣، س٢، حوزەيرانی ١٩٦١.

٦– گ رۆشنبيری نوێ :

ژ (١٠٣ – ١٠٤)، ١٩٨٤.

ژ (١٠٣ – ١٠٤)، ١٩٨٤.

ژ ١٠٥ – ١٩٨٥.

ژ١٠٨ ، ١٩٨٥.

ژ١١٣، ١٩٨٧.

ژ١١٧، ١٩٨٨.

ژ١٢١، ١٩٨٩.

ژ ١٢٣، ١٩٨٩.

ژ ١٣٠، ١٩٩٣.

ژ ١٣٤، ١٩٩٤
٧. گ کاروان، ژ ١، س١، تشرینی یەکەمی ١٩٨٢.
ژ ٨٠، س ٨، ١٩٨٩.
٨. گ کاروانی فۆلکلۆر، ژ١، س١، ١٩٩٠.
٩. گ کۆڕی زانیاری کورد، ب ٥، ١٩٧٧.
ب ٦ ، ١٩٧٨.
ب ٨ ، ١٩٨١.
١٠. گ کۆلیجی ئەدەبیات، ژ ١٨، ١٩٧٤.
١١. گ گەلاوێژ، ژ ٧، س ١ ، حوزەیرانی ١٩٤٠.
ژ ٣، س ٩ ، مارتی ١٩٤٨.
١٢. گ لاوک، ژ ١، س ١، ١٩٩٢.
١٣. گ نووسەری کورد، ژ ٦ ، مارت و نیسانی ١٩٧٢.
ژ ١٢، ١٩٧٥.
ژ ٦، ١٩٨١.
ژ ٤، خولی سێیەم، ١٩٨٦.
١٤. گ هیوا، هەموو ژمارەکانی ١٩٥٧ – ١٩٦٢، (٣٨ ژمارەیە).
١٥. گ وان، ژ ٣، ١٩٩٢.
١٦. گ یادگاری لاوان، ژ ١، ١٩٣٣.
١٧. رۆژنامەی ئازادی، ژ٢، س ١، یەکشەممە، ١٠/٥/١٩٥٩.
ژ ٥٠، س ١، ٢٨/١٢/١٩٥٩.
ژ ٢، س ٢، ٥/٥/١٩٦٠
١٨. رۆژنامەی ئالای ئازادی، ژ ٦٤، خوولی دووەم، ٧/٣/١٩٩٣.
١٩. رۆژنامەی برایەتی، ژ ٢٠٤٠، ١١/٩/١٩٩٤.
ژ ٢٠٤٥، ١٨/٩/١٩٩٤.
ژ ١ ٢٠٥١، ٢٥/٩/١٩٩٤.
٢٠. رۆژنامەی پاشکۆی عیراق، ژ ٥، ٢١/٧/١٩٧٧
ژ (١٢ – ١٣)، ١٩٧٨.
٢١. رۆژنامەی خەبات، ژ ١٣، ٦/٧/١٩٥٩.
ژ ١٥، س ١، ٢٦/٧/١٩٥٩.

ژ ٢٣، س ١، ١٩٥٩/٧/٣١.
ژ ٣٢٠، س٢، ١٩٦٠/٩/٢٣.
٢٢. رۆژنامەی رووناکی، ژ ٢٩٠، ١٩٦٩/١٠/٣.
٢٣. رۆژنامەی ژیان، ژ ٢٠، س ١، ١٩٢٦/٦/١٠.
٢٤. رۆژنامەی ژین، ژ ١١٠٣، س ٢٧، ١٩٥٢/٦/١٢.
ژ ١١٠٤، س ٢٧، ١٩٥٢/٦/١٩.
ژ ١١٤٨، مایسی ١٩٥٣.
ژ ١١٤٩، مایسی ١٩٥٣.
ژ ١٢٧١، س ٣٠، ١٩٥٥/١١/٣.
ژ ١٢٧٣، س ٣٠، ١٩٥٥/١١/١٧.
ژ ١٣٥٢، س ٣٢، ١٩٥٧/٧/١٨.
٣٤. رۆژنامەی کوردستان، هەموو ژمارەکانی ١٨٩٨– ١٩٠٢، د.کەمال فوئاد، بەغدا، ١٩٧٢.
٢٥. رۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژ ٤١٤، س٢، ١٩٩٣/٦/١٦.
٢٦. رۆژنامەی نەورۆز، ژ ١٥، س ٢، ١٩٦٠/٢/١٣.
٢٧. رۆژنامەی هەولێر، ژ ١٠٤، س ٣، ١٩٥٣/١/٢٧.
٢٨. رۆژنامەی هەولێر، ژ (٢، ٣)، ١٩٩٢/١٢/٣١.

**ب. بەزمانی عەرەبی**

١. مجلة الثقافة الجديدة، ع ٣، السنة التاسعة، ١٩٨٩.
٢. مجلة الثقافة الجديدة، ع ٣، ١٩٦٩.
٣. مجلة الاقلام، ع ١٢، ١٩٨١.
٤. مجلة دراسات كردية، ع ١، السنة الاولى، ١٩٨٤.
٥. جريدة الاتحاد، ع ٩٠، السنة الثانية، ١٩٩٤/٧/٢٠.

**٤. دەسنووس و دیدارو نامە**

١. مەولوود نامەی شێخ حوسەینی قازی (دەسنووس).
٢. دیداری د.مارف خەزنەدار لە رۆژی ١٩٩٤/١١/٤ لە هەولێر.

٣. دیداری د.محمد محمد نوری عارف له ١٩٩٤/١٠/١ لەهەولێر.

٤. دیداری محمد رشدی دزەیی (مەمی زەر) له ١٩٩٤/١١/٨ له هەولێر.

٥. مستەفا سلێمان (ئەندازیاری خانەنشین) له ١٩٩٤/٩/١٣ له سلێمانی.

٦. نامەی تایبەتی کامل ژیر له ١٩٩٤/٩/١٤.

٧. نامەی تایبەتی د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ له ١٩٩٤/٩/١٧.

٨. نامەی تایبەتی محمد نوری توفیق له ١٩٩٤/٩/٢٠.

٩. نامەی تایبەتی عبدالرزاق بیمار ١٩٩٧.

١٠– نامەی تایبەتی د.نەسرین فەخری ١٩٩٧/٣/٣.

**٥. ئینسکلۆپیدیاو بیبلۆگرافیاو فەرهەنگ**

**1- The New Encylopaedia Briatannica ، Macropaedia ، Vol : 4 ، 15th Edition ، 1973 - 1974.**

**2- The Encylopaedia of Islam ، Vol : V ، 1981.**

**3- Webster's، Third New Interantional Dictionary of the English Language Unabridgod ، Editor in Chief Philip Bobcook Gove ، Vol -1-، U.S.A ، 1966.**

٤. نەریمان، بیبلۆگرافیای دوو صەد ساڵی کتێبی کوردی ١٧٨٧ – ١٩٨٦، بەغدا، ١٩٨٨.

٥. حسن عمید، فرهنگ عمید، چ ٥، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٦٣.

# پاشکۆ

## یادەوەری بەڕێز حافظ مصطفی قاضی لەگەڵ گۆڤاری هیوا

دویماهیـا سـالا ١٩٥٥ (مـەحمود بـەگ بابـان)ی د تێلـەفۆنی دا داخـازا هەڤدیتنـەکێ دگەل من کرد، دەمێ گەهشتیمە خزمەتێ ل بیرویا وی گوت:

— ڤان رۆژا هەلبژارتنێت سالانە بو دەستەکا رێبەریا یانەی سەرکەوتن دێ دەستپێکەن، توژی ئەندامێ یانەی ، و یانەی پێویستی ب خزمەتا گـەنجێن دلـسوزە ، مـن بـاوەڕی ب شیانێت تە هەیە و ئەزێ پشتراستم تو دێ کاری خزمەتا یانەی ب چاکی بکـەی ، لـەوما بەربژارەك بی بو ئەندامەتیا دەستەکا رێڤەبەریێ ، تو چ دبێژی ؟.

من سوپاسا وی کرو گوت:

— جهێ فەخرو شانازیێ یە جەنابێ وە ئەو باوەری ب مـن هـەبیت ، هەرچـەندە باوەریـا وە ئەرکەکێ گران دێ دانتە سەرشانێ من ، لێ ب دلخوشی ئامادە مە ئارەزویـا جـەنابێ وە ب جه بینم.

سـەرێ سـالێ هەهلبـژارتنێت تـازە هاتنـە ئەنجامـدان و ئـەز ژی هاتمـە هەلبـژارتن بـو دەستەکا رێبەریێ و بەرپرسیاریەتیا دارایی کەتە ستۆیێ من. ئەز ب وی کاری ڤـە چـاك مژویل بووم، قەت چوننە دڤیا روژانە سەعەتەکێ ترخانکەم بو چاڤدێریا هندە کاروبارێن یانەی وەك کومکرنا پوسـتی روژانـە و ئـابونێن هەیڤانـە ژ ئەنـداما و پێـشوازیا مێڤانـا و هویربینیا فورمێت بەربژارێن تازە قەستا بارەگای دکەن بو ب دەستڤەئینانا ئەندامەتیێ ... هتد.

یانەی چو ژێدەرێن دراریی نەبون ژبلی ئابونێن ئەنداما ، وان ئابونا ژی ب خورتی تێرا هەیڤانا دوو کارکەرا دکر ، ئەو ژی (نوبـەدار) و (بەردەسـتك) بـون . لێ کارەسـاتا مـەزن ئەو بو دەمێ دانا کریا سالانە یا بارەگای دهات کە چارسەد دینار بون.

وی دەمـی ناچـاردبوین دەسـتێ خـازوکیێ بـو دەولەمەنـدێت کـوردو ژێهاتیـا ل بەغـدا درێژکەین و داوا هاریکاریێ ژێ بکەین .

چو جڤینێت دەستەکا رێبەریێ نەبون هەکە گـەنجێت دەسـتەکێ گێنگەشـا دەرکرنـا گوڤارەکێ بو یانەی ب ناڤێ (هیوا) نە ڤەکریانەو نەهەلێخستیانە ، لێ(قـولێ) پیرەمێـرا ژ ئەندامێت دەستەکێ تەرەفداری هندی نەبون و ب توندی رەخنەگریا وێ چەندێ دکرن.

لێ پاش بورینا پتر ژ سالەکێ پیرەمێر هاتنە رایـێ و رازیبـون گوڤـار یـا هەیڤانـە بیـت و بابـەتێن ئـەدەبی و کومەلایـەتی لێ ب هێنـە ڤـەکرن و بەنـدە (حـافڤ مـصگفی قاچـی) بەرپرسێ گوڤاری بیت .

دەستویردانا دەرچـونا گوڤـارێ دەسـتهەلاتداریا وزارەتـا نـاڤخو بـو، (سـعید قـەزاز) هینگێ وەزیرێ ناڤخو و دوستێ نێزیکێ یانەی بو. سەرێ سـالا ١٩٥٧داخازنامەیـەك مـە بو وزارەتێ پێشکێشکر و ئەم یێت پـشتراستین کـو دەمـاوەی چـەند روژەکـا دا وزارەت دێ مـە دەسـتویردەت ، پـاش بگـرە و بڤێـشە دویـر و درێـژ و گـەف و گـورا رزامەنـدیا وزارەتێ دەرچو .

مزگینیا ژ دایکبونا گوڤارێ گەهشتە نڤیسەرو هوزانڤانا ، دماوەکی کورتدا بەرهـەمێن رەنگین هاتن و پیروزباییێن وان گەهشتن و بابەتێن ژمارە ئێك رەوانەبونە چاپخانێ. مەها تیرمەها ١٩٥٧ هزار دانە ژ ژمارا ئێکا گۆڤارێ هاتنە چاپکرن و وەشاندن .

(کریم بگ سعید) ئەندامێ یانەی یێ ب نازناڤێ (کریم زانستی) ل سلێمانییێ دهاتە ناسین ، بو کارێ چاپخانێ هاتە دەستنیشانکرن .

* * *

سالا ١٩٥٧حوکمەتێ چو سانسوریەکا شدیای ل سەر نڤیسینێت روژنامـا و گوڤارێـت کوردی نەبون ، مە ب دلێ خو چ تـشیێ ڤیابـا ل گوڤـارا (هیـوا) مـە بەلاڤـدکر . ودنیایـە هەکـە نڤیـسینەکا بەلاڤـەکری ب دلێ حوکمـەتێ نـەبا ، ل گـورِ قـانونێ ، سەرنڤیـسەری (ئانکو من)دا دەنە بەردادگـەهێ ، بـەلێ زابتـەکێ کـوردێ ئاسایـشێ خانـەقینێ ب نـاڤێ (خلیل ابراهیم ادهم)، (وی دەمی دگوتنە دائیرا ئاسایشا گـشتی)(التحقیقـات الجنائیـة) ، ئەو جـامێر چـاڤدێری بـەلاڤوکێت کـوردی بـو ، هەچـەندەکێ دا دیاربیـت و هیڤیـا کـەت پیچەکێ بابەت و هوزانێت دگوڤارێ دا دهێنە بەلاڤەکرن ژ سیاسەتێ دویرکەین ، ئەز ژی

داخو دگەل عیجزکەم و بێژمیێ هەکە تشتەك ب دلێ هەوە نەبیت مە ب دەنە دادگەهێ !.
جامیردا ڕیا خو گریت و چیت .

روژەکێ گوتارەك ل ژێر ناڤێ (مروڤ نرخترین سەرمایەیە — الانسان أثمن رأسمال) گەهشتە گوڤارێ ، هندی بێژی گوتارەکا عیلمی یا بەرکەتی بو . من ژی دا دەست کەریم بەگی بو چاپکرنێ.

پشتی گوڤار چاپ بوی و گوتار تێدا بەلاڤەبوی . من (محمود بابان) سپێدێ ل بالەفرخانا بەغدا دیت ، ل بەر بو ب سەرەدانەکا فەرمی وەك وەزیر بچینە (بصرە) .

باسی گوڤارێ کرو گوتە من :

— تو دزانی ناڤونیشانێت گوتارێ گوتنا کێنە ؟، من گوتێ:

— بەلێ یێت کارل مارکسی نە . گوت :

— ما ئەڤە باشە دگوڤارا (یانەی) دا بهێتە بەلاڤەکرن؟.

من گوت:

— بوچی ما گوتنا وی نەراستە ؟ ماتشتەك ژ مروڤێ ب نرختر ددنیایێ دا هەنە .

محمود بەگی کرەکەنی و گوت :

— خوزی من نەڤیابایە ، فایدە ناکەت دگەل تە !.

* * *

ب مەبەستێ پەرەپێدانێ ب کاروبارێ یانەی سەرکەوتن ، و خورتکرنا چالاکیێت یانەی یێت کومەلایەتی ، سەرێ سالا ١٩٥٨ بانگەوازەك بو قوتابیێن کولیجا دگوڤارا هیوا دا هاتە وەشاندن ، ژ قوتابیا دخازت پشکداریێ دچالاکیێن یانەی دا بکەن. روژەك ژی هاتبو دەستنیشانکرن بو کومبونا قوتابیا ل ئاڤاهیێ یانەی .

ب سەدا قوتابی دوی بانگەوازێ هاتن و داوا ئەندامەتیا یانەی کرن . ڕێ ژی بەر قوتابیا خوشبو روژانە سەرەدانا یانەی بدەن .

رێبەریا یانەی ب پێویستی زانی هندە کەلوپەلێ دی مینا کورسی و مێز و تێلەفزیۆنەکێ داننە هولا یانەی دا قوتابی خو پێ مژویلکەن ، نوبەداری ژی تەکلیفکەن ب نرخەکێ

ئـەرزان چـایێ و قـەهوێ و خـارنێ بـو قوتابیـا ئامادەکـەت دا موحتـاجی ب چـایخانا و خارنگەهێت دەرڤە نەمینیت .

چار مەزەلێت نڤستنێ ل نهوّمێ دووێ یـێ بارەگـای دڤـالابون ،بریـار هاتـە دان هـەر مەزەلەکێ دوو قەریوّلە و دوو دولاب و دوو کورسی و مێزەك و نڤینێن پێدڤی لێ ب هێنـە دانان دا قوتابییێت دەستکورت ب خوڕایی لێ بژین .

ڤان بریارا بارێ یانەی یێ دارایی گەلەك گران کر ، ئابونێت سالانە یێت گوڤارێ تێـرا کرینا ڤان هەمی تشتا نەدکر ، لەوما مـن ژ (شـەمال سـائیب)ی خـازت (کومـەلی ئـاوازی کوردی) دوو ئاهەنگا بو مفایێ یانـەی ل بەغـدا ب گێرِێـت بـو دابینکرنـا پـارێ پێـدڤی . (شەمال)ی بێ دوو دلی پێـشنیاز پەسـەندکر و روژا دووێ دەسـت ب خوگەهانـدنا دگـەل سترانبێژ و هونەرمەنـد و ئەکتـەرێن کـوردو عـەرەب کـر . حەفتیـەك پـێ نەچـو شـەمال هاتەڤەو ئاگادارکرم کو کومەل و سترانبێژێن کوردو عەرەب ژن و مێر ئامادەنە بـێ پـارە پشکدارییێ دگێرانا وان ئاهەنگا دا بکەن.

*　　　*　　　*

ژ بەر هندە کاودانێن تایبەت و هوّییێن کەسایەتی ، (کەریم بەگ سـەعید)ی دەسـت ژ کارێ چاپا گوڤارا (هیوا) کێشان ، نڤیسەر و هوزانڤانێ گەنج ئەندامێ یانەی سـەرکەوتن (کامل نڤام الدین) یێ ب نازناڤێ (کامل ژیر) و (هێمن) دهێتە ناسین ، تەکلیف بو شوینا کەریم بەگێ ب وی ئەرکێ رابیت .

تەبریکنامـەو پیروزبـاهییێن رەوشـەنبیر و ناڤـدارێن کـورد ب بونـا دەرچـونا گوڤـارا (هیـوا) و دەسـتپێکرنا پـشکا کرمـانجیێ ل ئیـستگەها بەغـدا و سـەرکەفتنا شورشـا ١٤ تیرمەهێ راوەستان بو نەبو .

کامیران بـەگ بـەدرخان ژ پـاریس ، پروفیـسور قـەناتێ کـوردو ژ لینینگـراد ، دەسـتەکا رێڤەبەریا رادیوّیا (یەریڤان) دگـەل کاسـیتەکێ سـترانێت کوردێـت ئـەرمینیا ، عیـسمەت شەریف وانلی و کەمال فوئاد ژ کومـەلا قوتابییێـت کـورد ل ئـەوروپا ، هوّزانڤـانێ ناڤـدار قەدریجان و سەیدا مەمدوح بەگ سەلیم ژ سوریە ، و عـەلی سـەیدو گـورانی ژ ئـوردن ، و

شێخ عومەر وەجدی بەرپرسی وەقفا کوردی ل جامعا ئەزهەرا شەریف ل قاهیرە ، و دکتور جەعفەر مەحەمەد کەریم ژ تەهران ، و موسا عەنتەر ژ تورکی ، تەبریك و دلخوشی دنامێن خودا ب وان هەلکەفتنا گەهاندن ، بلی سەدەها نامێت دلسوزانە ژ هەمی کون و کوژیێن وەلاتی. ئەڤ پیروزباهی و تەبریکنامە پالدەرەك بون ، دا رەنجێ هێشتا ب مەزێخین بو بەرەو پیشڤەبرنا پروگرامێن پشکا کوردی.

*    *    *

حوکمەتا تازە دەستورەکێ دەمکی بو وەلاتێ راگەهاند ، تێدا هاتە چەسپاندن ، کو گەلێ عیراقێ ژ دوو سەرەك نەتەوا کە عەرەب و کوردن پێکهاتیە ، و هەردوو نەتەوە شریك و هەڤبارن دوەلاتێ دا، ئەڤە یەکەمین جاربو ، ناڤێ کوردا وە ئاشکەرا بێ پێچوپەنا ب هێتە هینان ددەستور و یاسایێن عیراقی دا .

چەسپاندنا مافێ نەتەوی کورد ددەستوری دا ژ لایەکی ڤە ، جهێ خوشحالیا کەسێن پێشخازبو ، لێ ژلایەکێ دی ڤە ، ئەگەرێ نەرازیبونا نەتەوە پەرێسێن عەرەب و دەستەکێن پاشڤەروٚ بوو.

چەند وەزیرێت حوکمەتێ توخم پەرێسێن عەرەب بون ، مینا وەزیرێ ناڤخو عەقید (عبدالسلام عارف)، و وەزیرێ ئیعمارێ (فؤاد الرکابی) ، و وەزیرێ مەعارفێ (دکتوٚر جابر عمر) . ئەز ژی دەمێ سەرنڤیسەرێ گوڤارا (هیوا) بوم ، راگەهاندنا دەستورێ دەمکی من ب دەلیڤکێ چاك زانی ، بچم هەڤپەیڤینێن روژنامەڤانی دگەل ڤان وەزیرا بکەم ، بیروباوەر و هەلویستێ وان هەمبەر دەرچونا دەستورێ دەمکی بزانم .

بەری هەمیا ئەز و خویشکە (نەسرین فەخری) چوینە جەم (عبدالسلام عارف) ل ئاڤاهیێ وزارەتا ناڤخو ، ب جل و بەرگێن عەسکەری ، پەرو پەروکێن کەسك و سورو زەر سەرملا نەقشاندی ، دەبانجا ب ناڤتەنگێ ڤەشدیای ، ب وی تدارەکێ پێشوازیا مەکر !.

رائید (صبحی عبدالحمید) یێ سالا ١٩٦٤-١٩٦٥ بویە وەزیرێ ناڤخو ل پشت راوەستای بو .

بێهنەکا خوش (عبدالسلام عارف) ب تیەکێ چاڤێ تەماشەی مەکر ، پاشی ب دفن بلندی پرسی :

— ئەرێ ژ کەنگی وەرە گوڤارا وە دەستویردایە ؟ گوڤارا وە چ رەنگە بابەتا دەوەشینە ؟ چ لایەك هاریکاریا دارایی بو وە پێشکێش دکەت ؟ .

من گوت:

— ئەڤە دوو سالە گوڤارا مە دەستویردایە . گوڤارەکا ئەدەبی و رەوشونبیری یە ، باسێت مێژوویی و کومەلی و زانیاری و جڤاکی و ئەدەبی بابەت سەرەکیێت گوڤارینە . چو لایەن هاریکاریا دارایی پێشکێشی مە ناکەن ، مە چو ژێدەرێن دارایی نینن بلی ئابونێت بەشدارێت گوڤارێ . پاشی من ب کەنیڤە گوت:

— جەنابێ وەزیرێ، چاڤەرێ بوم ئەز پرسا ژ وە بکەم ، نە جەنابێ وە ژ من بکەن !!.

کابرای ب رەنگەکێ گەلەك کیبار پشتاخو دا کورسیێ و ب دفن بلندی گوت :

— بێژەو ب پرسە ، ئەزێ ئامادەمە بەرسڤا تە بدەم.

من گوت:

— ژ بەرکو گوڤارا مە رەوشەنبیری یە ، ئەمێ خو ژ برسێن سیاسی دویرکەین و پرسێن هەڤبەندی دگەل بوارێ فێرکردن و پەروەردێ دێ ئاراستەی جەنابێ وە کەین پرسا ئێکێ ئەوە ، دەستورێ دەمکی (عەرەب و کورد یێت کرینە شریك دوەلاتیدا). هەروەکو ئەز تێگەهەم، شریك دماف و ئەرگادا وەکهەڤن . یانی تشتێ ڤی شریکی هەی پێویستە شریکێ دی ژی هەبیت. چاکە قوتابیێت کورد ل مەکتەبێت دەڤەرا کوردستانێ . ئەدەبێ عەرەبی دخوینن ، هوزان و شعرێن عەرەبی ژبەردکەن ، قوتابیێت مە کوردا دزانن (زهیر بن ابی سلمی) (النابغة الذبیانی)و(المتنبی) و (أبو فراس الحمدانی) و ( أبو العلاء المعری) کینە و کەنگی ژیاینە و چ شعر گوتینە .. باشە جەنابێ وەزیری ، مادەم عەرەب و کورد شریکن دوەلاتی دا ، ما نە پێویستە قوتابیێ عەرەب ژی ل دەڤەرێن عەرەبی تشتەکی ژ ئەدەبی کوردی بزانیت ؟ تشتەکی ژ ئەدەب و هوزان و شعرێن (مەلایێ جزیری) و (ئەحمەدێ خانی)و (نالی) و (مەحوی) ب خوینن؟.

– تو دبێژی گوڤارا مە ئەدەبی یە؟ ئەڤ پرسا تە کری ئەدەبی یە یان ژی سیاسی یە ؟.
سەد جارا ناڤێ کورد و کوردستانێ ڤەگێڕانەڤە!!. ب ڤان قەسێت نەجهدا، دووبەرەکیێ تێخیە دناڤ ریزێن گەلێ عیراقێ دا و یەکیەتیا وی لاوازدکەی !!. ئەز نوهە دێ تە دەمە گرتنێ !!.
زابتێ ل پشت راوەستای هێدی دەستێ خو گەهاندە پشتێ و ئاورەك ب چاڤا دایێ .
من گوت:
– جەنابێ وەزیری، ئەز روژناڤەمانم، من مافێ هەی چ پرسا دهێتە سەرهزرا من ژ جەنابێ وە بکەم، ئەڤە حەقێ منە، حەنابێ وە ژی حەقێ هەی بەرسڤا پرسێن من نەدەن . پرسێن من ژی نە ژ دویر نە ژ نێزیك چو پەیوەندی ب سیاسی ژەبون، بەلێ چو تێ نینە خو هەکە سیاسی ژی بانە . و هەکە جەنابێ وە ب مەسلحەت زانی من ب دەنە گرتن، فەرمو من بگرە، جهێ شانازی و فەخرێ یە و گەلەك ژی ب من خوشە ئەز یەکەمین روژنامەڤانێ کوردبم، ژبەر پرسەکا روژنامەڤانی ژ وەزیرەکی، شورشا ١٤ تیرمەهێ من بگریت !!.
گاڤا کابرای دیتی من ژبەر هێرش و گەڤ و گوڕێت وی نەدا پاش، بەرو ڤاژی چو نیشانێت ترسێ یان پێشەمانیێ ل من دیارنەبوون، و من روکمانی و ململانێ دگەل کر، شێوێ قەسێت خو گوهارت و ب نەرمی گوت:
– هێشتا زویە ئەم باسی ڤان بابەتا نوهە بکەین، دوژمن ل بەر شورشا مە ڤەنوسیایە، هێشتا مەترسی ل سەرە، نابیت ئەم دوژمنا ب ئارینین و ڤان رەنگە سوحبەتا بینینە گوڕێ، و هەروەسا ببینە هوکارێ دوو بەرەکیا گەلێ عیراقێ !. چاك بزانە ئەز ژی وەکی تە کوردم و هێشتا پتر ! ، لێ من دڤێت بێ فەرق و جوداهی خزمەتا گشت میللەتێ بکەین، نەبێژن ئەڤە عەرەبە یان ژی ئەڤە کوردە . قازانجێ گەلێ عیراقێ یە، و ئەڤە ژی بەرسڤا منە بو پرسا تەکری.
دەمێ خاترخازتنێ، ژ پشت مێزێ دەرکەت، ئەم گەهاندینە دەرێ مەزەلێ.

مەبەستا من ب هەڤپەیڤینێ ئەو بو ، دا بزانم تـا چ ڕادە وی رەگەزپەرسـتی بـاوەری ب دەستورێ نوێ هەیە ،( یێ وی ب خو ئیمزاکری!.) لێ بەرسـڤا وی بـو مـن چەسـپاند کو کابرا یەکە ژ دوژمنترین مللەتێ کورد.

پاش وێ دیدارێ ب چەند روژەکا چومە جەم (دکتور جابر عمر) وەزیرێ مـەعارف بـو سازدانا هەڤپەیڤینەکێ هەر ل دور وی بابەتی. دکتور جابری ، ب رووی گەشـی و گـەرمی پێشوازیا من کر .

بەرسڤا پرسا خاندنا ئەدەبی کوردی ل قوتابخانێت عەرەبی ب رێکوپێکی دا و گوت: مە ل بەرە زمان و ئەدەب و مێژوویا کـوردی ب کەینـە بابەتـەکی سـەرەکی دپروٚگـرامێن خاندنێدا ل عیراقێ ، دا قوتابیێ عەرەب ژی ئاگەهداری شارسـتانیا برایـێ خـو قوتـابیێ کورد بیـت ، هەروەسـا دا زمـانێ کـوردی ژی مـل ب زمـانێ عـەرەبی وەرار ب کـەفتێ و بکەڤیت .

هەر وان روژا (فؤاد الرکابی) وەزیرێ ئیعماریێ و ئەمینداریێ گشتی یـێ سـەرکردایەتیا هەرێمی یا بەعس دەست ژ کاریێ وەزارەتێ کێشا، و دەرفەتێ هەڤپەیڤینێ دگەل نەما .

* * *

# نامەی بەڕێز کامل ژیر

چۆنیەتی پەیوەندیی من لەگەڵ گۆڤاری (هیوا)دا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرەوەی ساڵی ١٩٥٧ ساز کرا بۆ جوانترین هەڵبەست لەسەر بەهاری کوردستان.. ئەو کاتە من دوور خراوەیەکی سیاسی بووم لە ئەبو غرێب. لە ڕێگەی رۆژنامەی (ژین)ەوە هەواڵەکەم زانی و بەدەنگ گرەوەکەوە چووم، کاتێ نامەی لیژنەی سەرپەرشتیی گرەوەکەم بۆ هات و مژدەی ئەوەی تیا نووسرابوو، کە هەڵبەستەکەی من بە یەکەم دەرچووە، خەم و پەژارەی (دەس بەسەر)ییەکەی رەواندەوە. بەتایبەتی ئەو کاتە تەنها ٣ ساڵ بوو بەهەڵبەست کاری ئاشنابووم.

هەرچەندە ئەو کاتە بۆ من چوونە بەغدا قەدەغە بوو، بەڵام لە نێوان ئیمزای بەیانیان و ئێواراندا سەری بەغدام هەر ئەدا.

رۆژی دیاریکراویش بۆ وەرگرتنی خەڵاتی یەکەمییەکە چووم بۆ شوێنی دیاریکراو، لەوێ لەرێ و رەسمێکی تایبەتیدا ئەندامانی لیژنەکە مامۆستایان **رەشید عارف و عەلائەدین سەجادی و ئەنوەر صائب و شەماڵ صائب** خەڵاتەکەیان پێبەخشیم هەر لەوێ مامۆستا رشید عارف، کە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یانەی سەرکەوتن بوو لە بەغداد، وتی: یانەکەمان رەزامەندیی گۆڤارێکی وەرگرتووە بەناوی (هیوا)وەو ئێستاکە تۆمان ناسی پێمان خۆشە تۆ سەرپەرشتی دەرکردنی بکەیت. مامۆستا **(شەماڵ صائب)**یسش رووی ئەوەی لێنام کە گۆشەیەکی ئەدەبی لە ئێزگەی کوردیی بەغدا وەرگرم.. هەردوو داواکەم پەسند کرد بێ ئەوەی ئەوە بدرکێنم، کە من دوور خراوەیەکی سیاسیم! !

کاتێ دەس بەکار بووم، روانیم مامۆستا (**کەریم زانستی**)یش بۆ هەمان مەبەست رووی لێنراوە. پێکەوە نەخشەی کارمان کێشاو مانگی تەمووزی ١٩٥٧ ژمارە (١)مان خستە بەردیدەی خوێنەرانی ئازیزەوە. مامۆستا کەریم بەزۆری کاری ئیداری و ژمێریاری و سەرپەرشتیی چاپی گرتە ئەستۆی خۆی. دوای ماوەیەك برای خۆشەویست و دڵسۆزم محمد نوری عارف (**د.محەمەد نوری عارف**) هاتە پاڵمان و ئەویش دەسبەکار بوو

لەگەڵمان دا چەند مانگێکیش خوشکی بەڕێزم نەسرین خان (**د.نەسرین فەخری**) کاری لەگەڵ دا کردین،بەڵام مامۆستا کریم زانستی لەدوای ژمارە (١)ی ساڵی (١)ەوە خۆی کشانەوە. مامۆستا **(حافظ مصطفى قاضي)**ش مدیری مەسئولی گۆڤارەکە بوو. مامۆستا حافظ خۆی ژمێریار بوو لە کۆمپانیاکەی مامۆستا **رەشید عارف**. بەو هۆیەوە کە ئەوسا ئەو لەدەرچووانی کۆلیج بوو، کرابوو بەمدیری مەسئول. هەندێك یارمەتیشی ئەداین. بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی ئەو نووسینانەدا کە بەبادینانی بۆمان ئەهات. خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکەش یانەی سەرکەوتن بوو لەبەغدا.

راستییەکەی یانەی سەرکەوتن نێوەندێکی رۆشنبیریی نەتەوەییانەی کوردی بوو زۆربەی ئەو کوردانەی لەخۆ گرتبوو کە لەبەغدا ئەژیان، رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە پەرەپێدانی هەستی کوردایەتیدا جگە لەکۆڕو کۆبوونەوەکان قوتابخانەیەکیش بوو بۆ وتنەوەی وانەی زمانی کوردی جگە لەو کوردانەی زمانەکەی خۆیان لەیاد نەمابوو، ژمارەیەکیش عەرەب ئەهاتنە ئەو دەورانەوە، کە بۆ فێر بوونی کوردی ئەکرایەوە. یانە جێگەی کۆبوونەوەی قوتابییە کوردەکانیش بوو لەبەغداد. ئەو قوتابیانە کۆبوونەوە سیاسییەکانی خۆیان لەیانەدا ئەنجام ئەدا. بەهۆی یانەوە کوردە فەیلیەکانیش لە بەغداد بە کوردی سۆران و بادینان ئاشنا ئەبوون. یانە گەلێ چالاکیی تریشی ئەنجام ئەدا. گۆڤاری (هیوا)یش قوتابخانەیەکی کوردایەتی گشتی بوو بۆ ئەو رۆژە پێنووسی نووسەرە گەورەو ناودارو بەبڕشتەکانی ئەو سەردەمەی لەخۆ گرتبوو جگە لە نووسەر و هەستیارە لاوەکان. لەزۆربەی ژمارەکان دا ناوی ئەم نووسەرە بەڕێزانە دووبارە ئەبوونەوە: **عبدالقادر قەزاز، جەمیل رۆژبەیانی، أ.ب. هەوری، شاکر فەتاح، محەمەد مصطفی کوردی، ئەحمەد خواجە، شێخ حەسەن حەمە مارف، محەمەد توفیق وردی، کاکەی فەلاح (بەناوی رووناك محەمەدەوە)** کە سەری لێ تێك دابووین و وامان ئەزانی کچە کوردێکە کە لەو رۆژەدا نووسەری ئافرەت کەم بوو، منیش بۆ هاندان لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر کرد، **عثمان رضا علی، محەمەد سەعید جاف، شێخ محەمەدی خاڵ، ت.ب. مەریوانی، ج.بابان، شارەزا، حەوێزی، ناکام، ئەحمەد غفور.**

له نووسه‌ره لاوه‌كانیش: **شه‌ماڵ صائب، مصطفى صالح كـريم، فاضـل نظـام الـدين، عبدالله ميديا، غه‌مگين، محه‌مه‌د نورى توفيق، مه‌م، نورى تاڵه‌بانى، فوئاد زه‌كى هه‌نارى، محه‌مه‌دى مه‌لا كه‌ريم، فاتح عبدالكريم، پرشنگ، ساجد ئاواره، بيمـار، هوشـيار، وه‌رزێـر، فوئاد عيزه‌ت، ئه‌مين ميرزا كه‌ريم، مصطفى سليمان، له هه‌ستيارانيش: كامـه‌ران، كاكـه‌ى شوان، دڵزار، صالح يوسفى، هه‌ورى، خاليـد دلێـر، شـارباژێرى، ديـلان، خاليـد ره‌شـيد، نه‌سرين فه‌خرى، م. رسول، غه‌مبار، مه‌دهۆش، قه‌درى جان.**

**له پزيشكه‌كانيش: د.عبدالرحمن عبدالله، د.نامق نادر، د.قـادر شـالى، د.مـه‌ريوانى، د.ئه‌نوه‌ر كه‌ريم، د.وريا رواندزى.**

جگه له‌وانه، ژماره‌يه‌ك نووسه‌رو هه‌ستيارى تـريش كـه بـه‌ناوى خـوازراو يـا بـه‌پيت به‌رهه‌مه‌كانيان بڵاو ئه‌كرده‌وه نووسينه‌كانيان دووباره ئه‌بوونه‌وه نووسه‌رو هه‌ستيارێكى تريش هه‌بوون كه كه‌م كه‌م به‌رهه‌ميان له(هيوا)دا بڵاو ئه‌كرده‌وه‌و منـيش بـه‌ناوى كامـل ژير، ژير، هێمن و زۆر جاريش به‌بێ ناو به‌رهه‌مم بـڵاو ئـه‌كرده‌وه. داخـم ناچـێ ،كـه مـن ئاگادار نه‌بووم له‌وه‌ى هه‌ر جارێ بـه‌ناوى (هـێمن)ه‌وه ئه‌منووسـى، لـه‌ئێران هه‌سـتيارى به‌رێز (**هێمن مهابادى**)يان ئه‌گرت و تووشى لێپرسينه‌وه‌و ئه‌شكه‌نجه‌دان ئه‌بوو**!** كه هاته ئه‌مديوو به‌ده‌م شه‌ره‌وه يه‌كترمان ناسى، به‌ڵام من داواى لێبوردنم لێ كرد. (هيوا) گـه‌لێ بابـه‌تى گرتبـووه خـۆى وه‌ك: ئـه‌ده‌ب، زانـست، زمـان، ته‌ندروسـتى، كـشت و كـاڵ، كۆمه‌ڵايه‌تى، مێژوو، چيرۆك، هه‌ڵبه‌ست، توێژينه‌وه، هونه‌ر، ره‌خنه‌سازىو... هتد.

هيوا ئه‌گه‌رچى گۆڤارێكى سياسى نه‌بوو، به‌ڵام ئێمـه لـه‌و ده‌رگايـه‌شمان هـه‌ر ئـه‌دا. بگره هه‌ندێ جار شتى وامان ئه‌وت كه ئێستاش هـه‌موو نووسـه‌رێك زات ناكـا بيڵـێ. بـۆ نموونه من له‌پێشه‌كيى ژمـاره (٢) سـاڵى (٢)دا نووسـى بـووم: پێويـسته ئه‌ده‌به‌كـه‌مان تـه‌رخان بكـه‌ين بـۆ سـوودى شـۆڕش و ئـازاد كردنـى كوردسـتانى توركيـاو ئێـران و يه‌كخستنى ئـه‌م پارچـانه لـه‌ژێر ئالايـه‌كى يـه‌ككرتوودا له‌هه‌ڵبه‌سـتى كوردسـتانى مـن دا ل٦٣ ژماره (٤) ساڵى (٢) ئه‌ڵێم:

ئه‌مڕۆ ئه‌بينم نيشتمان ،

وەك گوڵاڵەی بەهاری جوان ،
کوڵمی سوور و چاوی گەشە ،
تومە زێڕێکی بێ خەشە ،
تیا بڵاوەو ئەڵێ دەی زوو ،
بۆ کوردستانی یەکگرتوو .

لە هەڵبەستی (**بۆ جوانێکی دیل**)دا وتوومە:

چار نیە و ئەبێ رەوان پڕ بەدەم ،
بەنەڕەی پڵنگ شار و دێ پڕ کەم ،
بۆ راپەڕینێ هەوڵێ کۆششێ ،
لەخەو هەڵسانێ دەنگێ جۆششێ ،
بۆ ئازاد بوون و مافی کوردستان ،
زۆردار دەرەبەگ لەگۆڕ و چاڵ نان .

کە لەژمارە (٢)ی ساڵی (١) لاپەڕە ٢٦دا بڵاو کراوەتەوە.

هەڵبەستی (**بەهاری کوردستان**)یش ئەگەرچی دوای سەرکەوتنەکەی لە رۆژنامەی (**ژین**)دا بڵاوکرایەوە، بەڵام لەسەر داخوازیی لیژنەکەو لەسەر داخوازی دەستەی بەڕێوەبەری یانەی سەرکەوتن، لە ژمارە (١)ی ساڵی (١)ی هیوادا جارێکی تر بڵاو کرایەوە، واتا تەمووزی ١٩٥٧ ، کە لەو هەڵبەستەشدا هاتووە:

زرمەی پێ بێ و چریکەی دەنگ ،
دەنگی بیرێك قوول و زۆر مەنگ ،
لێ ی بێتەوە ئاوازی خۆش ،
ئاوازی گشت بێنێتە جۆش ،
زەماوەندێ وەها ساز کەن ،
داڵەکە ، خۆر پەرواز کەن ،
تاکو ئەوساکە کوردستان ،

جگە لەوانە لەناواخنی هەندێ گۆشەدا وەك گۆشەی (**چیت نەزانی پرسـیار بكـە**)، كـە نووسـەری ئـەم دێڕانـە سەرپەرشـتی ئـەكرد، بـۆ ئـەوەی كوردایەتییەكـەی (**دڵــدار**)ی هەستیار بخەمەوە یاد خوێنەران، پرسیومە ئەم هۆنراوەیە هی كێیە؟:

**ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی كورد زمان ،**

**نایشـكێنێ دانەیی تۆپی زەمــان .**

كە لەلاپەڕە (١٣)ی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢)دا بڵاو كراوەتەوە.

هیوا گرنگی زۆری ئەدا بەرەخنەسازی. لـەژمارە (١)ی سـاڵی (٢)، لەلاپـەڕە (٨٠)دا گۆشـەیەكی تـازەی كـردەوە بەناونیـشانی (**لــەژمارەی پێــشوودا**) ژمـارەی پـێش ئـەم ژمارەیەی سپارد بەژمارەیەك نووسەر بۆ رەخنەو لێكۆڵینەوە. من كە خۆم سەرپەرشتی ئەم بەشەم ئەكرد، مامۆسـتا سـعید ناكـام رەخنـەی لـەو هەڵبەسـتەی مـن گرتبـوو، كـە وتبووم:

من كە دیم لەرەی شەپۆلی شنەی ئاڵای كوردستان ،

تێكەڵاو ئەبێ لەگەڵ جریوەی ئەستێرەی بەیان ،

ئەو كاتە هیواو ئامانجی دوورم هەردوو پێكەوە

ئەبن بەپرشنگ گوڵاڵەی سوورم ئەگەشێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بەئەمانەتەوەو بەسنگێكی فراوانەوە رەخنەكەیم بڵاو كـردەوە. بـێ ئەوەی وەڵامێكی بدەمەوە ئەگەرچی رەخنەكەش لەجێی خۆیدا نەبوو.

گۆڤاری (هیوا) بۆ هاندانی نووسەران گرەوی ساز ئەكرد. لـەژمارە (١٢)ی سـاڵی (١)ی لاپـەڕە (٧١)دا، مـەدالیای (هیـوا)، مـەدالیای زیـوینی، تـەرخان كـرد بـۆ یەكـەمی ئـەو نووسەرانەی لە گرەوەكانی هیوادا سەرئەكەون، خەڵاتی تریش بـۆ دووەمـەكان تـەرخان كرد. لەو ژمارەیەدا گـرەوی (**چـیرۆك و شـانۆ**) بـڵاو كرایـەوە بـۆ جـوانترین شـانۆنامەی خۆماڵی و شانۆنامەی وەرگێڕراو.

وەك راستييەك ئەشێ ئەوەش بدركێنین كە گۆڤـاری (هیـوا) ئـەتوت لەكوردسـتانێكی ئازاد دەرئەچێ! هیچ رۆژێك لەرۆژان وێنەیەكی مەلیكی تێدا بـڵاو نەكرایـەوە، لەكاتێكـدا هـەبوو لەلاپـەڕەی یەكـەمی كتێبێكـی زمانەوانیـدا یـا كۆمەڵایەتیـدا یـا مێـژوودا وێنـەی مەلیكی عیراقی بڵاوئەكردەوە. هیچ وشەیەكیش یا دێڕێك لەهیچ بۆنەیـەكی ئـەو رژێمـەدا بڵاو نەكرایەوە لە(هیوا)دا، یانەی سەركەوتن و گۆڤاری هیوا، لەگەڵ دەس كورتی و كەم دەرامەتییەكەشـیدا چـەند جـار بڵاویكـردەوە، كـە ئامادەیـە بـۆ چـاپكردنی پـەڕاوی نووسەران لەسەر ئەركی خۆی. ئەوەبوو مێژووی كوردو كوردستان دانەری شێخ محمدی مەردۆخ وەرگێڕی (**محمد فیدا**)مان چاپ كردو بڵاو كردەوە.

بیرەوەرییەكانی من لەگـەڵ گۆڤـاری و یانـەی سـەركەوتندا ئەگەڕێتـەوە بـۆ تـەنیا دوو ساڵی ١٩٥٧و ١٩٥٨، دوای ئەوە لە گۆڤار و یانە كشامەوە.

لەگەڵ رێزم دا

**كامل ژیر**

سلێمانی ١٤ / ٩ / ١٩٩٤

## نامەی پرۆفیسۆر د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ

### گۆڤاری هیوا

لـە سـووریە بـووم پـێش شۆڕشـی تـەمووز ژمارەیـەکی گۆڤـاری هیـوام بەرێکـەوت دەستکەوت. پاش شۆڕش کە هەر لەتەمووزی ١٩٥٨دا هاتمەوە. ژمارەکانیم پەیدا کـردو کەوتمە خوێندنەوەیان.

هەرچەندە تەجروبەی (گەلاوێژ) بۆ رۆژی خۆی تاك بووەو دووبارە نابێتـەوە. بـەڵام (هیوا)و (شەفەق) هەوڵی ئەو دووبارە بوونەوەیان لەرۆژی خۆیدا داوە.

(هیوا) گۆڤاری یانەی (سـەرکەوتن) بـوو. ئـەو یانەیـە مێـژووی دیـارەو دامەزراێنـەرو باوەڕپێکراوی دیار بوون. رەحمەتی **مـارف جیـاووك** کۆلەکـەی ئـەو یانەیـە بـوو. بـەڵام دیــارە لــەپاش ســاڵی ١٩٥٧و کــۆچ کردنــی جیاووکــەوە رەشــید عــارف بــوو بــەباوەڕپێکراوی یانە.

لەبەر ئەوە گۆڤاری (هیوا)ش لەژێر سێبەری یانەو کاك رەشـیدا بـوو هـەر بـەو پێیـە کاك (حافز مستەفا قازی).. وەك لێپرسراوی گۆڤارەکە چەسپ بوو. کاك حافز ساڵانێکی زۆر بەڕێوەبەرو حسابگرو هەمە کـارەی کۆمپانیـای رەشـید عـارف و شـەریکەکەی بـوو. هەر ئەوەش ئەرکی (هیوا)ی پێ سـپارد بـوو و هێنایـە کـۆڕی رۆژنامەگـەریو نووسـینی کوردییەوە. بەڵام وەك دیار بوو چالاکترین نووسەرو کارکەر لەگۆڤارەکـەدا کـاك کامیـل ژیر بوو، کە ئەو کات بەناوی (هێمن)ەوە بەرهەمی بڵاو دەکردەوە.

پاش شۆڕش دەبوو رۆخساری یانەی سەرکەوتن بگۆڕریت. بەتایبـەتی ،کـە هێـشتا ئیجازەی هیچ حیزبێك نـەدراوبوو. یانـە بـوو بەمەڵبەنـدی چـالاکی قوتابیـانی زانـستگای بەغداو رۆشنبیرانی کورد. هەموو قوتابیـانی کـورد داوای بوونـە ئەنـدامی یانـەیان کـرد، بەڵام باوەڕپێکراو کاك رەشید عارف خەتی بەژێر ناوی هەموو ئـەو قوتابیانـەدا هێنـابوو کە سەر بەحیزبی شیوعین، تەنانەت لەو رۆژانەشدا کە بەڕاسـتی ئازادییـەکی لیبراڵییانـە

هەبوو، ئەو برادەرێکمانی وەرنەگرت، چونکە پێی دەوت.. سمێلت لە سمێڵی **ستالین** دەچێت..

مەسەلە گەورە کرا، کاك رەشید سەفەری کرد بوو، **دوکتۆر هاشم دۆغرەمەچی** جێگری باوەڕپێکراو بوو بەبێ جیاوازی هەموو قوتابیانی وەرگرت.

کە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری دەستی پێکرد. بڕیاردرا پارتی و شیوعی پێکەوە یەك لیستەیان لەهەڵبژاردندا هەبێت. پێڕەوی ناوخۆی یانە ئەو کاتە وابوو کە دەبێ هەمیشە سێ کەس لەئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر لەدەستەی دامەزرێنەر بن. هەردوو حیزبەکە کاری رێکخستنی لیستەیان دایە دەست لیژنەیەکی قوتابیانی خۆیان لەبەر ئەوە لەلایەن پارتی یەوە **مەحموود عەلی عوسمان (دوکتۆر)و تاریق ئەحمەد حەمەدی (دوکتۆر) هاتن و نوێنەری قوتابیانی شیوعیش جوامێر مەجید سەلیم (دوکتۆر)**[٤١٩] و من بووین. لەسەر هەموو ئەندامان رێك کەوتن. بۆ سێ ئەندامە دامەزرێنەرەکەش لەسەر (**دوکتۆر نووری فەتووحی و مامۆستا ئیحسان شێرزاد**) رێك کەوتن. بۆ سێهەم ئەوان پێیان لەسەر **کاك رەشید عارف** داگرت، ئێمەش لەبەر ئەو هەڵوێستەی نەمانویست و (**شێخ مستەفا قەرەداخی**)مان پێ باشبوو.

سەیر ئەوەیە ئەو هەڵبژاردنە تەنیا کەوتە نێوان ئەو دوو کەسەوە شێخ مستەفای قەرەداخی دەرچوو. کاك رەشید خزمەتی یانەکەی زۆر کردبوو، بەڵام بوو بەقوربانی ئەو هەڵوێستە رەقەی.

**دوکتۆر هاشم دۆغرەمەچی** بوو بە باوەڕپێکراو. گۆڤاری (هیوا) لەگەڵ ئەوەشدا کە پێشتر رێبازێکی کوردایەتیی جوان و ئاشکرای هەبوو. بەڵام بەپێی ئەو ئیجازەیەی پێی درابوو زیاتر لایەنی ئەدەبی و رۆشنبیریی تێدا دیاربوو. پاش شۆڕش چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو بوو، لەگەڵ لێشاوی شۆڕشدا، روخساری گۆرڤارێکی سیاسی سەر بەشۆڕشی تەمووزی پێوە دیار بوو. بەڵام نەمانی کاك رەشید عارف لەیانە بووە هۆی

---

[٤١٩] – هەموومان ئەوسا قوتابی بووین. من و کاك جوامێر لەخوێندن دەرکرا بووین و پاش چەند ساڵ گەڕابووینەوە دووایی هەریەکە لەرشتەیەکدا لەقەبی دوکتۆریان پێدرا.

دووركەوتنەوەی دەستەی نووسەرانی كۆن. رەنگە لای خۆیان هۆی تریش هـەبوو بێـت. هـەر بـەپێی بـاری سیاسـی ئـەو رۆژە دوكتـۆر هاشـم بـۆ چـەند كەسـی وا گـەڕا، كـە گۆڤارەكـــەش دەربكـــەن وە وورده وورده بیبەنـــەوە ســـەر روخـــسارە ئـــەدەبیو رووناكبیرییەكەی خۆی من ئەم مەبەسەم لە سەروتاری ژمارە (٩)دا نووسیوە.

سەرەتا كاك **محەمەدی مەلا كەریم** ئەركی سكرتێری نووسینی گرتەئەستۆ، بەڵام هەر ژمارەیەكی دەركرد. كە منیش یارمەتیم دا تێیدا. ئەو بەكاری ترەوە خەریكبوو. لەگـەڵ رەحمەتی كاك فاتیحی برای رێك كەوتن بەڵام ئەویش پێی نەكرا. من بـووم بەسـكرتێری نووسـین. لەراسـتیدا ئـەو دەمـەو لـەو چەشـنە گۆڤارانـەدا سـكرتێری نووسـین خـۆی سەرنووسەریش بوو چـونكە سەرنووسـەرەكە هـەر نـاوی بەسـەر گۆڤارەكـەوە دەبـوو و مەسئوولیەتی یاسایی دەكەوتە ئەستۆ.

كەرەسەیەكی زۆرم كۆكردەوە سەروتار و پـەراوێز و پێـشەكیی زۆر وتـارم نووسـی. بەشێوەیەكی نویٚ و رێگە نیشاندەر (**پۆستەی خوێندەواران**)م رێكخست بەو جۆرە دیـارە ئەو دەمە گۆڤار كادیری ئیشكەری نەبوو. دەبوو هەر خۆشم هاتوچۆی چاپخانە بكـەم و پرۆڤەی چاپ راست بكەمەوە (تصحیح)ی بكەم و بەجیٚ هێنان، كە ئەو كاتە (تبویـب)ی پێدەوترا هەر لەسەر خۆم بوو. بەو جۆرە دیارە ئەوەی بـیرم بێـت ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (٢)، ژمـارە (١١، ١٢)ی سـاڵی (٢)م بەتـەنیا دەركـرد. كۆمـەڵێك كەرەستەشـم بـۆ ژمارەكانی تر كۆ كردەوەو ئامادەشم كـردن. بـەڵام بـاری دەرامـەتی گۆڤارەكـە رێگـەی دەرچوونی نەدان، كـە بـۆ سـاڵی داهـاتوو كۆتـایی ١٩٥٩و سـەرەتای ١٩٦٠ هەڵبـژاردنی تازەی دەستەی بەڕێوەبەر بوو.

ســـەرەتا دوو لیـــستە هـــەبوو: لیـــستەی پـــارتی و لیـــستەی شـــیوعی. هـــەردوولا گەلەكۆمەكییەكی زۆرییان كردبوو بۆ خەڵك بەئەنـدام كـردن و سـەركەوتن. مەسـەلە دوو سوودی تێدا بوو. یەكەم مەترسـیی بەیەكدادان هـەردوو حیزبـی وا لێكردبـوو، كـە رێـك بكەون و ئەو رۆژە هەڵبـژاردن دوور بخرێـت و دووایـی یـەك لیـستەی هاوبـەش دابنرێـت. دووەم: كورد لە بەغداو دەوروبشتی نـەما. بـەڵكو لـە خانـەقین و مەنـدەلی و كفریـشەوە

خـەڵك بـوون و بەئەنـدام و پارەیانـدا. بەمـە پارەیـەكی ئـەوتۆ كۆكرایـەوە، كـە توانـای دەركردنی گۆڤاری تێدا بێت، با پچڕ پچڕیش بێت.

من هەرچی كەرەسـەم لابـوو بـۆ (دوكتـۆر هاشـم دوغرەمەچـی)م بـەجیٚ هێـشت، كـە بەڕاستی یەكێكە لەو ئینسانە گەورەو دڵسۆزانەی لەژیاندا ناسیومن. شەوی ١٩٦٠/٣/١٦ بەرەو مۆسكۆ بۆ خوێندن تەواو كردن ڕۆیشتم. بەڵام پێوەندیم لەگەڵ (هیوا)دا نەبڕا، لە مۆسكۆو باكۆشەوە نووسینم بۆ ئەویٚو بۆ ڕۆژنامەی (**ئازادی**)یش دەنارد كـە سـكرتێری نووسـینی ئـەویش بـووم. لەوانـە موقابەلەیـەك لەگـەڵ (**چـەركەز بـەكاییٚڤ**) دابـوو كـە گەورەترین زمانەوانی ئەو سەردەمەی كوردی سۆڤیتی بـوو. ئەگـەر سـەیری ئـەو چـەند ژمارەیەی (هیوا) بكەیت، وا بزانم تازەگەریەكی تێدا بوو. سوودم لەو دوو سـاڵەی ژیـانی سووریام بینی بوو ١٩٥٦ – ١٩٥٨.

ئەوەش بلێم كە ساڵی ١٩٥٩ بەرەیەكی نیشتمانی سـەر بەچـەپ دامـەزرا لـە حیزبـی شیوعی و پـارتی (سـەركردایەتیی مامۆسـتا **هـەمزە عەبـدوڵلا**)و چـەپەكانی نـاو حیزبـی نیشتمانیی دیموكراتی و لەهەر ڕۆژنامەو گۆڤارێك نوێنەرێك لـەناو دامەزرێنـەرانی بـەرەدا ئیمزایان كردبوو. من وەك نوێنەری (هیوا) ئیمزای پەیامی ئەو بەرەیەم كردووە.

١٩٩٤/٩/١٧

# گۆڤاری هیوا

لە سووریە بووم پێش شۆڕشی تەمووز ژمارەیەکی گۆڤاری هیوام بە ڕێکەوت دەستکەوت. پاش شۆڕش کە هەر لە تەمووزی ١٩٥٨دا هاتمەوە، ژمارەکانیم پەیدا کرد و کەوتمە خوێندنەوەیان، هەرچەندە تەجروبەی "گەلاوێژ" بۆ ڕۆژی خۆی تاک بووە و دووبارە نابێتەوە. بەڵام "هیوا" و "شەفەق" هەولی ئەو دووبارە بوونەوەیەیان لە ڕۆژی خۆیدا داوە.

"هیوا" گۆڤاری یانەی "سەرکەوتن" بوو، ئەو یانەیە مێژووی دیارە و دامەزرێنەر و باوەڕپێکراوی دیار بوون، ڕەحمەتی عارف جیاوەک کۆڵەکەی ئەو یانەیە بوو. بەڵام دیارە لە پاش ساڵی ١٩٥٧ و کۆچ کردنی جیاوەکەوە ڕەشید عارف بوو بە باوەڕپێکراوی یانە. هەر لەبەر ئەوە گۆڤاری "هیوا"ش لە ژێر سەرپەرشتی یانە و کاک ڕەشیددا بوو. هەر بەو پێیە ناوی کاک "حافز مستەفا قازی" وەک لێپرسراوی گۆڤارەکە چاپ بوو. کاک حافز ساڵانێکی زۆر بەڕێوەبەر و حساب بگر و هەمە کارەی کۆمپانیای ڕەشید عارف و شەریکەکەی بوو. هەر ئەوەش وای کرد "هیوا"ی پێ سپاردبوو و هێنایە گۆڕی ڕۆژنامەگەری و نووسینی کوردییەوە. بەڵام وەک دیار بوو چالاکترین نووسەر و کارکەر لە گۆڤارەکەدا کاک کامیل ژیر بوو، کە ئەو کاتە بە ناوی "هێمن"ەوە بەرهەمی بڵاو دەکردەوە.

پاش شۆڕش دەبوو ڕوخساری یانەی سەرکەوتن بگۆڕێت، بەتایبەتی کە هێشتا ئیجازەی هیچ حیزبێک نەدرابوو. یانە بوو بە مەڵبەندی چالاکیی قوتابیانی زانستگای بەغدا و ڕۆشنبیرانی کورد. هەموو قوتابیانی کورد داوای بوونە ئەندامی یانەیان دەکرد. بەڵام باوەڕپێکراو و کاک ڕەشید عارف خۆی بە ژێر ناوی هەموو ئەو قوتابیانەدا هێنابوو کە سەر بە حیزبی

## بەشێك لە نامەی بەڕێز محمد نوری تۆفیق

ساڵی ١٩٥٦ کاتێ بیستم کە یانەی سەرکەوتن لەبەغداد ئیمتیازی گۆڤاری (هیوا)ی وەرگرتووەو داوا لەبەشداران ئەکا کە (ئابوونەی) پێشەکی بۆ بنێرن ئەو کاتە من مامۆستای (ئاغجەلەر) بووم، لەڕێی بەریدی چەمچەماڵەوە پێش دەرچوونی گۆڤارەکە ئابوونەکەم بۆ ناردو هانی یەك دوو برادەریشم دا کە ئەوانیش تیا بەشدار بن و پارەکەیان بنێرن... کە ژمارەی یەکەمم وەرگرت، باوەڕبکە خۆم بەدڵخۆشترین کەس دائەناو هەر بەیەك دوو سەعات لەم بەرگەوە بۆ ئەو بەرگەیم تەواو کرد.. هەوڵیشم دا چەند کەسانێکی تر لەچەمچەماڵ و ئاغجەلەردا بکەم بەئابوونەیو داوام لەبرادەرێکم کرد (محمد سعید عبدالرحمن) خاوەنی کۆگای فریاد کە ببێ بەباوەڕپێکراوی گۆڤارەکەو هەموو مانگێك بەرێکوپێکی حسابەکەی بنێرێ. وای لێ هات شارە چەمچەماڵ یەکێك بێ لەقەزاکانی کوردستان کە ژمارەیەکی باشی گۆڤاری هیوای تیا بڵاو بێتەوە.. منیش دوای دەرچوونی چەند ژمارەیەك دەستم کرد بەنووسین، بەڵام بە(شیعر نا)، وەك زۆربەی زۆری نەوەکانی سەردەمی خۆم، بەڵکو لەپێشدا بەوەرگێڕان، کە وابزانم یەکەم بەرهەمم لەبارەی خەڵاتی (نۆبل)ەوە بوو، کە یەکەم بەرهەمم بڵاو کرایەوە هێندەی تر هیوام لا خۆشەویستر بوو، ئیتر هیوا بەرەو پێشەوە ئەچوو، خوێنەرەکانی زیادی کرد،و ژمارەکانی زیاتر ئەبۆوە، منیش بەردەوام بەرهەمم بۆ ئەنارد ئەدەبی، سیاسی، زانستی، دوا جار لەنگەری چیرۆکم لەسەر لاپەڕەکانی داگرت.. نازانم ئەو بابەتانەی تیایدا بڵاوم کردوونەتەوە بەناو، جگە لەسەرە مەقەست، چەند بابەتن، هیوادارم کاك هیمداد لەپۆلین کردنی ناوەکاندا توانێبیتی ژمارەی بابەتی بڵاو کراوەم دەربێنێ.. بەداخەوە لەدوای شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨و لەگەرمەی ململانێی پارتی و شیوعیەتدا بۆ دەست بەسەرا گرتنی یانەی سەرکەوتن و گۆڤاری هیوا، گۆڤارەکە لەو ململانێیەدا ژمارە لەدوای ژمارە، لاپەڕەکانی کزترو کەمتر ئەبووەوە، وەك جاران بەرێکوپێکی دەرنەئەچوو بەشدارانی کەوتنە رەخنە، گلەیی، باوەڕپێکراوەکانی ئەو گەرم و گوڕیەی جارانیان نەما، من لەو کاتەدا باوەڕپێکراوێکی تازەم لەچەمچەماڵدا بۆ پەیدا کرد کە

(کۆگای فەرهاد– کاك رحیم رضا) بوو... هەرچەندە هەوڵ و تەقەللامان ئەکرد ئەو بڕە فرۆشتنەی جارانمان بۆ پەیدا نەکرایەوە... کاتێ کە دەستەی هیوا ئاگادارییەکی خەتەرناکیان لەیەکێ لە دوا ژمارەکانیا بڵاو کردەوە، کە لەبەر بێ پارەیی لەوانەیە هیوا دەرنەچێ. من یەکێك بووم لەو کەسانەی بەنامەیەك ئاگادارم کردن، تیایدا بەڵێنم دانێ کە من پارەی ئابوونەکەم زیاد ئەکەم و خەڵکانی تریشم هاندا بۆ ئەوەش هیواش بەدەردی گەلاوێژ نەچێ... وابزانم ئەو نامەیەشم بڵاو کرایەوە.

١٩٩٤/٩/١٥

# نامەی بەڕێز عبدالرزاق بیمار

کاک هیمداد حسین – ی بەڕێزو خۆشەویست

ڕۆژباش..

**وا ئەوەی بەبیرم داهات دەربارەی پرسیارەکانت لەخوارەوە (نارێك و پێك) بۆت دەنووسم هیوادارم سوودیان لێ ببینی و ئاواتی سەرکەوتنت بۆ دەخوازم.**

**برای خۆت عبدالرزاق بیمار**

لە کۆتایی ساڵی (١٩٥٩)ەوە کە لە پۆلی یەکەمی بەشی کوردی کۆلیجی ئادابی زانکۆی بەغدا دەمخوێند پێوەندیی ڕاستەوخۆم بەگۆڤاری هیواوە بەهێزبوو، بەهۆی مامۆستا (**فاتحی مەلا کەریم**)ی ڕەحمەتییەوە کە وەکو کارگێڕی سەرەکی گۆڤارەکە بوو، پاشان بەهۆی محمدی برایەوە کە ئە و ئەرکی هەڵسووڕانی گۆڤارەکەی لەئەستۆگرت، وتارم دەدانێ (بۆ بلاوکردنەوە).. پاشانیش هاوکاریم دەکرد. ئەو وەختە مامۆستا (**عیزەدین مستەفا**)م هەر لەدوورەوە دەناسی و بەدیدەنی شادنەبووم.. جگە لە نووسەرێکی کارگێڕی بەتوانای (هیواو)و سیاسەتمەدارێکی ئەوسا بەختەبیێکی کاریگەرم کەوتەبەردڵ. لە کۆبوونەوەیەکی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری (**یانەی سەرکەوتن**)دا کە ململانێ ئێجگار توندوتیژبوو لەنێوان لایەنگرنی (چەپ)و لایەنگرانی پارتی دا.. ئەوکە وتاری خوێندەوە ئێجگار بەوردی زۆر ڕاستی ڕوون کردەوەو شێوازی قسەکانی کاری لەدڵی خەڵکەکە کرد. پاشان لەساڵی ١٩٦٠دا چووە دەرەوە بۆ خوێندن.

من بەپێی بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەری (یانەی سەرکەوتن)ی خاوەنی گۆڤار لە ١٩٦١/٢/١٧دا بەئەندامی لیژنەی دەرکردنی گۆڤاری هیوا داندرام، لیژنەکەش بریتی بوو لەمانە (جگە لەخۆم):

- مامۆستا علاءالدین سجادی
- مامۆستا مکرم تاڵەبانی
- مامۆستا ناهیدە سلام
- مامۆستا کاکە مەم بۆتانی

ئیتر لەسەرەتای ساڵی ١٩٦١ەوە کەوتمە ناو مەیدانی ڕۆژنامە نووسییەوە، نەك هەر بەوێنەی هاوکارێك کە جگە لەم (هیوا) لەڕۆژنامەی (ئازادی)شدا هاوکاریم دەکرد..

بەڵكو لە ئەركی كۆكردنەوەو ڕێكخستنی وتارو مادەی بڵاوكراوەو دانانی پـلان و ڕێبـازی گۆڤارەكەدا بەرپرسیاریم كەوتە سەرشان. مامۆسـتا (محمـدی مـەلا كـەریم)یـش ئـەركی چاپخانەی لەئەستۆ مایەوەو گورج و پاك و پوخت كارەكـەی هەڵدەسـووڕاند، سـەرەڕای هاوكاریشی لەگەڵ دەستەی نووسەران دا.

لام وابێ ئەوەی من توانیومە لەسـەرەتای ساڵی (١٩٦١)ەوە لـەدیاری كردنـی جـۆری ڕێبازی گۆڤارەكەدا هەوڵی بۆ بدەم ئەگەر نەبێتە خۆهەڵكێشان و ئەگەر لـە بیرەوەریـش دا بێ توانا نـەبوویم. ئەوەیـە ویستوومە گۆڤارەكـە لەبـەرگێكی ئـەدەبی بـێ ڕەسـەن و شكۆدار دابێت.. زیاتر بەو هونەرە ئەدەبیانـەوە خـەریك بێـت كـە ئـەدەبی كـوردی لێـی هـەژارە وەكـو چـیرۆك، شـانۆیی، ڕەخنـەو لێكۆڵینـەوە، زمانـەوانی هەڵبەسـتی تـازەی كوردی و بیانی.

ن زیاتر بەو بابەتانەوە پەیوەندی داربووم و ئەوەندە لە وتارەكانی تری گۆڤارەكە خـۆم بە بەرپرسیار نەدەزانی.. چەند جارێك لیژنەكە كۆدەبووەوەو سەیری سەرجەمی دوایـی وتارەكانی دەكرد.

هەولم دەدا مامۆستا علاءالدین وتار بنووسێ. بۆی نەكرا، ناچاربووم بەشێك لە كتێبـە دەسـتخەتەكەی و ئـەوەی بـەدەرس بەئێمـەی دەنووسـیەوە (لەبەشـی كـوردی) بلاوبكەمەوە.

دەتوانم بلێم لە ژمارەكانی دوای ئەم مێژووەدا گۆڕانێكی هەست پێكـراوی لـەم جـۆرە دەبینین.. وایێ دەچێ ڕێبازی ئەدەبی بەسەر ڕێبازی تری ڕۆشـنبیری دا زاڵ بێـت و لـە ئەدەبیاتیشدا ئەو هونەرانەی دەست نیشانم بۆ كـردن ئاشـكرا دیـاربن. بەتایبـەتی دوای گـۆڕانی بـاری ئـاوو هـەوای سیاسـی، كـە لـەم سـاڵە بـەدواوە ئـەو گـوڕو گـەرمی و توندوتیژییەیـەی سـەرەتای شۆرشـی ١٤ی تـەمووزو بـەژمارەكانی پێـشووەوە دیـاربوو بەمەیدانی گەل و ڕۆشنبیریدا دەبینران كزبوون.

لەم ژمارانەی دواییدا ئەوەندە بەلای وتاری سیاسیدا نەدەچووین و ڕامان بەرامبەر بـە حكومەتی شۆڕش وەكو جاران نەبوو.

تەنانەت لەبوارەکانی تری رۆشنبیریشدا زێتر بایەخ بەبواری ئەدەبیات دراوە. چونکە هەرچی شایان بێ لەم بوارانەدا بنووسرێن جاران و لە ژمارەکانی ساڵی یەکەم و دووەمدا نووسراون.

لەم وەختەشدا گۆڤاری (رۆژی نوێ)ی سلێمانی دەرچوو خۆش بەختانە گۆڤاری هیوا توانی بەرامبەر ئەم گۆڤارە (نوێ)یەو کە لەشارێکی وەکو سلێمانیدا دەربچێت. بەسەنگینی و شکۆی ئەدەبیات پەروەری خۆی بووەستێت. نالێم پێشبڕکێ هەبوو لەنێوانیاندا، بەڵام (هیوا) تای تەرازووی دانە لەنگی و هەر بە گۆڤارێکی پەسندکراو و ئاستبەرز مایەوە.

دەربارەی هونەرە ئەدەبییەکان، ئەوەی پێشووتر گوتم لکەکانی چیرۆك، شانۆیی، رەخنە، لێکۆڵینەوە، هەڵبەستی نوێ زیاتر بایەخیان پێدراو من خۆم هەوڵمدەدا ئەمانە پێشبکەون و زۆربن و ئاودار و گەشەسەندووبن. کۆششی منیش لەم لایەنەدا لەوەدا دەردەکەوێ کە:

— ژمارەیەك وتاری رەخنەگرانەم نووسیوە، هەوڵیشمداوە وتارە رەخنەگرانە پەیدابکەم و بڵاوی بکەینەوە:

**وتارەکانی رەخنە (ئەوەی بەردەست بن)**

— خەبات و ژیانی دڵزار — ژ٤ — ادار ١٩٦٠

— شەهیدانی قەڵای دمدم — ژ٣٢ — نیسان ١٩٦١.

— لەگەڵ شێخ رەزای تاڵەبانی — ژ٣٠— تشرینی یەکەمی ١٩٦٠.

— کتێبی فۆلکلۆری کوردی

—کتێبی کەشتی خەوو چیتراو، ژمارە ٣٣ تموز ١٩٦١

— کتێبی فرە وەگیانم خۆشە

— بازاڕی چاپەمەنی لە زۆر ژمارەدا. هی تریش

**شـــانۆ:**

– ساڵی ١٩٦١ کتێبی (**شانۆی کوردستان**)م بڵاوکردەوە، کە چوار شانۆیی و ئۆپەرێتی بەشیعر بوون.

– شانۆیی (**باوکە تۆ بڕوات بەمن نییە**) لەژمارە (٣٣)ی تەمووزی ١٩٦١ دا من کردوومە بەکوردی.

– ساڵی (١٩٦٠) شانۆگەریی (**یووکی پەردە**)م بڵاوکردەوە.

**چـــیرۆك**

خانەیەکی دیاریکراو بۆ چیرۆك تەرخانکرا. لەژمارەیەکدا چەند چیرۆکێك بڵاودەکرایەوەو هەوڵ دەدرا چیرۆکنووسە لاوەکان بۆ برەودان بەچیرۆك هان بدرێن. رەخنەو لێکۆڵینەوە دەربارەی چیرۆك دەوری هەبوو. هەندێ چیرۆکی حەسەنی قزلجی، حسین عارف، بەنموونە ناوبانگی باشیان هەبوو.

**هەڵبەستی تازە**

خۆم شیعری نوێم بڵاودەکردەوەو لەعەرەبیشەوە نموونەی جوانی شیعری تازەم دەکردە کوردی. بەنموونە:

ژمارە (٣٤) – ایلولی ١٩٦١ ، نازم حیکمەت بەیاتی ولیەم پلێك.

ژمارە ١٩٦٢/٣٦ .

هەڵبەست و تێکۆشان و ئافرەت – نازم حیکمەت.

پاشکۆیەکی گۆڤاری (**الادیب العراقي**)یشمان بەکوردی دەرکرد ئەویش لەم رووەوە رێبازی ئەدەبیات و کۆششی منی پێوەدیارەو شیعری وەرگێڕاوو تازەی تێدایە.

لەم ساڵانەی شەستەکاندا ئێمە چەند کەسێك ئەندامی یەکێتی ئەدیبانی عیراق بووین، ئەوانەی لەبیرم مابن جگە لەخۆم:

**عبدالصمد خانقای چیرۆك نووس (بەعەرەبی).**

**د. پاکیزە رفیق حلمی.**

**محمد توفیق وردی .**

**محمدی مەلا کەریم.**

**محمد رسول هاوار .**

**اسماعيل رسول.**

چەندجار لە کۆڕە ئەدەبییەکاندا بەشداریمان دەکرد. لەوانە:

– بەشێك لە کتێبی (**مذکرات طالب من کردستان**)ی کامل بصیر، کە خۆی خوێندیەوە.

– یادی چلەی مامۆستا گۆران، کە ئەمانە وتاریان تێدا خوێندەوە:

ـ محمد رسول هاوار، حسین عارف...

– مەجلیسی فاتیحا بۆ پرسەی مامۆستا رەفیق حلمی.

– مامۆستا گۆران شیعری وەرگێڕاوی خۆی بەعەرەبی خوێندەوە دەربارەی (پیرەمێرد) لەکۆڕێکی تایبەتیدا.

منیش وتارێکم دەربارەی شیعری پیرەمێرد بەعەرەبی هەر لەهەمان کۆڕدا خوێندەوە.

– کتێبێکمان ئامادەکرد بۆ چاپ بەناوی **مختارات من الادب الكردي** کەمێکی لێ بلاوکرایەوە.

– مامۆستایان اسماعیل رسول ، عبدالصمد خانقاه و هی تر بەعەرەبی لە گۆڤاری (**اتحاد الادباء**) دەیان نووسی.

– لە کۆلیجی ئاداب دا: لەگۆڤارێکی قوتابیانی کۆلیج بەعەرەبی وتارێکی پێناسینم دەربارەی ئەدەبی کوردی بلاوکردەوە.

– لە گۆڤاری (دەنگی قوتابیان)یش دا، بەعەرەبی و بەکوردی لەگەڵ کەمال غەمبار شیعرمان بلاوکردۆتەوە.

– لەم سالانەی شەستەدا بەڕای من بناغەی چیرۆکی کوردی داڕژاو بوو بە هونەرێکی سەربەخۆو بە نرخی ئەدەبی کوردی. جگە لە کورتە چیرۆکەکانی گۆڤارەکان، کۆمەڵە چیرۆکیش (بەکتێب) بلاوکرانەوە، دیاردەیەکی هەرە گرنگ دەرچوونی رۆمانی (**پێشمەرگە**)ی رەحیمی قازی بوو، کە رۆژنامەی (ئازادی) و بە سەرپەرشتی کاکە محمدی

مەلا کەریم چاپی کردو بلاْوی کردەوە، کە بەبەردی بناغەی رۆمانی کوردی دادەندرێت و زۆرباش پەسندکراو خوێنەران بەگەرمی پێشوازییان کرد.

– لەبواری شیعر و لێکۆڵینەوەش دا (**دیوانی مەولەوی**)ی مامۆستا مەلا کەریم کتێبی نایابی ئەم ساڵانە بوو.

– هەر لەم ساڵانەدا تۆمارکردنی فۆلکلۆری کوردی و بایەخ پێدانێ بوو بەکارێکی چەسپاو.

– لە دوا دوای ساڵی ١٩٦٢دا باری سیاسی عیراق ئالۆزبوو، شۆڕشی کورد سەری هەڵدا. مەودای بلاْوکردنەوەو نووسین وەتەنگ هات، گۆڤاری هیوا بوو بە نامیلکەیەك لەبەر بێ دەرامەتی و پشت کردنی حکوومەت لە یارمەتی دانی یانەکە.. زۆر کەس لە نووسین کەوتن و داهێنان کزبوو... من لەسەرتای ژمارە (٣٦)ی ساڵی ١٩٦٢ی گۆڤاری هیوادا، بەناوی (ع) وتارێکم نووسی و پرسیومە (ئایا ئەبێ نووسەرەکانمان بنووسن یان نا؟) بەمەبەستی ئەوە نووسەران پشت لە نووسین و بلاْوکردنەوە نەکەن بە هەر بیانویەك بێت، با ئەدەبی داپۆشراوو شێوە رەمزی بنووسن.

ئیتر گۆڤارەکە بە(٦) مانگ جارێکی دەردەچوو، دواژمارەشی فریای بلاْوکردنەوە نەکەوت. تاساڵی ١٩٦٣ بەجارێك چاپەمەنیی کوردی پەکی کەوت و تاچەند ساڵێکیش هەروا مایەوە.

## نامەی بەڕێز د. نەسرین فەخری

## من و گۆڤاری (هیوا) و
## یانەی سەرکەوتن و ئەوەندەی بێتەوە یادم

دیارە کە ساڵ پێش شۆرشی گەلاوێژ (تەممون)ە بەلام پەندە بەتەواوی نازانم بەس دیاریشە کە ساڵ (١٩٥٧)ە بەلام کام مانگ.. دیار نە بێت .. هەر پەند باشترە بەلام کارناکاتە سەر ناوەرۆکی ئەو جموجۆل و تەقینەوەیەی ئەوسای تێکرایی . کە ئێمەش دەستمان کرد بەپوونە ناو پەند (لایەنێك)بۆ بەبەرپرسیار کردنەوەو ئاگاداری بوون لە خۆیان و هەڵسوکەوتیانو ورژاندنی خەڵکەکە بۆ زانینی کارو بارو پیشاندانی دەورو ئامادە بوونمان لە یاریدەدان بە هەر توانایەکەوە بێت.

چەند جارێك سەری یانەم دا، بەتایبەتی پاش ئەوەی داوام لیّ کرا، شعرێك پێشکەش کەم بەیەکەم ژمارەی (هیوا) کە هیوای گۆڤاری (گەلاوێژ) ی هێنایەوە یادو ئەستێرەیەکی گەشدار بوو لە ئاسۆی ژیانمان و بەرێکەوتیش یەکەم ژمارەش کەوتە مانگی (گەلاوێژ)، کەخۆم منداڵ بووم و لەساڵانی یەکەمی سەرەتایی بووم کاتێك هەستم کرد بە کۆمەڵە ژمارەیێك بەربەرە زیاد دەکات لە ماڵمانەوە خودا لیّ خۆشبوو (گیو موکریانی) هەر دانەیك دەربچووایە لە گەڵ چاپکراوی تردا دەی ناردە ماڵەوە، ئیتر وردە وردە جریوەی وشەکانی لە گەڵ ئاواتە وردە گەشەکانمان دەزرینگایەوە لە گوێمدا کە باس دەکرا، یان ەلاپەرەکانی دەخوێنرایەوەو ناوی ئەم ئەو بەرەبەرە خۆی تۆمار دەکردلە مێشکمدا. بۆیە هیواو(گۆڤاری هیوا) و هاتنە دنیاوەی لە مانگی (گەلاوێژدا) هەستی مندالی هەژاندو لانەکەی یانەی سەرکەوتن بەئومێدی (سەرکەوتن)و شارەزایی زانای پایە بەرز (تۆفیق وەهبی بەگ) کە زۆر زۆر نزیك بووم لێیەوە نەك لە بەر ئەوەی تا دوا ساڵی خوێندنم لە ماڵ و کتێبخانەکەیدا تەواو کردو دانیشتن و گفتوگۆو ئاگاداری کارەکانی کە بەیەکێك لە مامۆستا بەرزەکانی خۆمی دادەنێمو ئەوەندەی تر ئاگری عەشقی (پیرەمەگروون) و(بابەگورگوڕ)ی خۆشتر دەکرد لە دەرونمدا، کە شارەزاییەکی باشیشی هەبوو دەربارەی (یانەی سەرکەوتن)و لە گەڵ دەوریشیدا لە پشگیری کردم و ئامادەبوون بۆ ووتنەوەی دەرسی کوردیو هەر ئەو ئومیدەشی هەبوو

كه (يانه) زينـدوو بكرێتـەوەو دەرسـی كوردیەكەشـی بـەو ئومێـدەوە زینـدوو ببێتـەوەو بكرێت بە كۆڕێك بۆ ڕۆشـنبیریو ڕۆشـنبیران سـەرم كـرد بـە یانـە داو چـاوم گـێرا پێـداو سەردانم بوو بە چەند جارو هەواڵ پرسیو كۆكردنـەوەی هەنـدێك مـەعلومات دەربـارەی خۆیو بەریوەبەرانی خۆیو گۆڤاری (هیوا)ی تازە هەڵهاتوو ، ئینجا كەوتـە كۆكردنـەوە ئەم و ئەوو بانگ كردنیان و ئاگاداركردنی ئەو گەنجە تینووە خوێن گەرمانـەی كەئەوسـا زۆر بەیان قوتانیانی دانشگاكان بوون ) قسەو باسـم بـۆ كـردن و رای خۆمیـانم پیـشاندا دەربارەی زیندوو كردنەوەی (یانە) و ئاواتەكانمانەو گەشەدان بـەگۆڤاری (هیـوا) و بـیرو زمـان یـەك خـت ، كێـشیانە پەسـەندیان كـردوم چ روو بـە روو چ لەرێگـەی ئەوانـەوەی هەواڵیان دەگەیاند بـە قوتابیـانی تـری خـاوەن هەسـتی نیـشتمانیو دەروونـی تینـوو ، ئینجا خەبەرمان گەیاند بە(بەكاربەدەستان و بەرێوەبەرانی) هەردوو (یانە) و (هیـوا) بـۆ تەرخان كردنی ڕۆژێك بۆ كۆبوونەوەی هەرزوو لامان ، بەگەرمییەوە پێشوازیی داواكەمان كرا بەتایبەتی كاك رەشـید عـارف و كـاك حـافز مـستەفا قـازی ، كـەبوو بـەبرای گیـانی بەگیانیم و ، لەگەڵ ماموستاو مامی بەرێزم خواڵخۆشبوو (كەریم زانستی) ی دڵسۆزو دڵ بـە جۆشـكەنەك هـەروەك جگـەر گۆشـەی خـۆیو بـەس ، بـەلكو هیـوای خۆشـیان كـرد بەبەرمداو باوەشیان بۆ ئەو هیوایە كردەوە.

ڕۆژی كۆبوونەوە (میهرجانێك)بوو بـۆ خـۆی– زۆری تـر هـا تبـووەو خۆزگـە دەهاتنـەوە یادم، هەموو وەڵامی (بانگی نەسرین)یـان دایـەوە و بـە پەرۆشـیش بـوون بـۆ رووبـەروو بوونەوە لە گەڵ مەبەست و بینینیداو ، دەریان خست كەهەموویان ئامـادەن بـۆ ئـەوەی باشتر بزانن، كە بۆ كۆكراونەتەوەو داوامان چییە... بیٚ گومان یەكەم قسەكەر من بـووم ، كە خـۆم خـاوەن بڕیارەكـە بـووم و ئاگـادارم و هـەروەها لەسـەر داوای هـەموانیش ، دەنگی خۆم و ئەوان بووم ،هێرشی گەنجێكی تازە هەڵكەوتووی دەروون ئـاگراویم بـردە سەریان ،یەكەم بۆ سەر{یانە}بیٚ لانەی هەتیووەكە، دوو بۆ دانانی پرۆگرامێـك بـۆ ئـەم گۆڤارە نۆبەرەیە ـ لەوانە زیندوو كردنەوەی گەلاوێژێكی تازە لە هیوادا و پڕ بـە پێـستی خۆی بێـت ،چـەپڵەی بەگـەرمی و تیـشكی رووی دانیـشتوان تێكـەڵ بەیـەك بـوو، ئینجـا

ئەوەی قسەی تری هەبوو یان پرسیار پڕ بەدڵ ئامـادەیی خۆیـان پیـشان دا ئـیتر پـاش پیرۆزبایی ، بەگەرمی دەستیان دەکوشیم و خۆیان دەناساند پێم ، لەوانە کۆچ کـردووی لەناوەخت کاك دکتۆر کامـل بەسـیر و لـە ئامـادەبووان بـرای خۆشەویـستم دکتـۆر زۆزك رواندوزی ـ برای منداڵی و گەورەییم ئینجا خەریك بوون هەستی داواکـردنم دەرگـا پێـوە بدرێت و پاك کۆبکرێتەوە بۆئەم کارەو داوی ئەوەش لەگەڵ کاك حافز و مامۆستا کـەریم زانستی و کەسانی تر بەناو{ یانە}و ژوورەکانیدا گەڕام و دوای پاکردنەوەو رێك خـستنم کرد ، لەگەڵ ئامادەکردنی جەند ژوورێـك بـۆ قوتابییـە کـوردە هـەژارە بـێ شـوێن و بـێ دەرامەتەکان وە رێك خستنی کتێبخانەیەکی کوردی وکوردی گۆتنەوە بـە کوردوعـەرەب ،لـەپاڵ{محـضرات }ی رۆشـنبیری زانـستی پێویـست . ئینجـا لەگـەڵ ماموسـتا کـەریم زانستی بۆ ماوەیەك.چەندان رۆژ ، ژووری گۆڤاری هیوامان هەڵرژاندو هەڵتەکانـد و ژوورو گۆڤارو کاغەزو کتێبی بەسەریەکدا کەوتوومان هەموویان پاك رێك خستنەوە سەر لـەنوێ ، ئینجا پرۆگرام نەخش کرا هەر لە پرۆپاگەندەوە بۆ گۆڤارەکە و هاندانی خاوەن خامەو تـازە هەڵکـەوتووەکان ـ لەگـەڵ بڵاوکردنـەوی کورتـە نووسـینی یـان شـیعر بـە شـێوەی ژووروو بۆ موتوربەدانی گۆڤارەکەو لێکدانەوەی وشەکانی بە وشـە هاوواتاکـانی شـێوەی خواروو، وەك دەرگا کردنەوەیەك بەرەو زمـانی ئـەدەبی یـەکگرتوو و نزیـك بوونـەوە لـە شێوەی یەکتری ، ئەمـەیش کـراو ئـیتر وەك سـەربازێکی نهێنـی کەوتمـەکارکردن وکـارم دەکرد.لە یەکەم ژمارەی{هیوا }دا {لای لایەی دایکێك}م بڵاوکـردەوە، کـە نیـشتیمانی یە، هەروەها لەژمارە {١١}یـازدەی هـەمان سـاڵی یەکەمیـشدا و لـەمانگی جـۆزەردان ـ مایس ـ ئایار ـ و لە لاپەڕە {٣٣} شیعرێکی پڕ لە هەستی نیشتیمانی }م پێشکەش کرا لە لایەن {ع.ق}خالقی لە ژێر ناونیشانی : پێشکەش بەتۆیە نەسرین }،لەگەڵ نووسینی تر ، یـان پێـشکەش کردنـی کتێـب هـەر لـە مـام و مامۆسـتام {تۆفیـق وەهـبی بـەگ}و {رەفیق حیلمی}تا ـ دڵزارو هەژارو {مامۆستام صفاء خلوصی ـ وسـنووری مـەلا مـارف }وەك بزانم: هەربژی نەسرین کچی کاکە حەمە،چـونکە نووسـینی کـوردیم لـە رۆژنامـەی

{ژین}یشدا بلأودەکردەوە لە پالّ نووسینی عـەرەبی لـە رۆژنامـەو گۆڤـاری عەرەبیـدا ، لەو نوسینانەش وەرگێڕانی شیعری نیشتیمانی کوردی بۆ زمانی عەرەبی .

کەوتینە خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن دەستەیەکی نویّ بۆ هەڵبژاردنی {یانـە}دوای شۆڕشی چواردەی{ گەلاوێژ- تەمووز}و چـەند لایـەن پەیدا بـوو، لایـەنێك زیـاتر دەیـان ویست رام کێشن بەلای خۆیاندا ، زۆریـان هـەولّ دا لەگەڵمـدا بەهـەموو جۆرێـك ،دواجـار بەوە هەڕەشەیان لیّ کردم ،کە ناچار یەکێك پەیدا بکەن ئەگەر بەدروست کردنیش بێـت لەجیاتی تۆ } ،کردیان ، رۆژی هەڵبژاردن بە{پیکاب}خەڵکیان هێنا بۆ ئەو هەڵبژاردنـە ـ من خۆم کێشایەوە ـ چونکە {عفریتیش بم هی نـاو قومقـوم نـیم }ئاسـکە کێـویی شـاخ ودەشت و دەری بیّ پایانی نیشتیمانم}،بەلأم بەردەوام لە نووسین و کارکردن لە هیـوادا ـ هەندێك بەکردەوە دەیان ویست دوورم خەنەوە ـ نەیان توانی ـ کە ساڵی {١٩٦٠}یش چووم بۆ دەرەوە بۆ خوێندنی بالأ هەر بەردەوام بووم لە بلأوکردنـەوە، پـاش بوونیـشی بە گۆڤاری {روناهی}، کە کاك حافز قازی کچە تاقانەکـەی بـەوناوە نـاو نـا ـ واتـا لێـرە لەدەریشەوە هەر لەو گۆڤارە نەپچڕاوم و هەر لەگەڵیدا بـووم ، تـا ئەسـتێرەی وێـلّ بـوو پاش {٢٨}بیست و هەشت ژمارە.

**د.نەسرین فەخری**

١٩٩٧\٣\٣

## من و گۆڤاری (هیوا) و
## یانەی سەرکەوتن و ئەوەندەی
## دێتەوە یادم

دیارە کە ساڵی پێش شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ (تەمموز)ە
بەڵام چەند بە تەواوی نازانم بەڵێ دیاریشە کە ساڵی (١٩٥٧)ە
بەڵام کام مانگە ـ دیار نەبێت ـ هەر چەند باشترە، بەڵام کارناکاتە
سەر ناوەرۆکی ئەو جموجوڵ و تەقینەوەیەی ئەوسای تێکراوی ـ
کە ئێمەشی دەستمان کرد بە چوونە ناو چەند (لایەنێک) بۆ بەرپرسیار
کردنەوەو ئاگاداری بووین لە خۆیان و هەڵسوکەوتیان و وردوو دانی
خەڵکەکە بۆ زانینی کارو باری پیشازانی دەورو ئامادە بوونمان لە
پاریزەدان بە هەر توانایەکەوە بێت.

چەند جارێک سەری پاڵێم دا، بە تایبەتی پاش ئەوەی داوام
لێکرا، شیعرێک پێشکەش کەم بە یەکەم ژمارەی گۆڤاری (هیوا)
کە هیوای گۆڤاری (گەلاوێژ)ی هێنایەوە یادم و ئەستێرەیەکی
گەشەدار بوو لە ئاسۆی رۆژنامەگەری و بەرکەوتنیشی یەکەم ژمارەشی
کەوتە مانگی (گەلاوێژ)، کە خۆم منداڵ بووم و لە ساڵانی یەکەمی
سەرەتایی بووم کاتێک هەستم کرد بە کۆمەڵە ژمارەیەک بە ئەبەد
زیاد دەکات لە ماڵماندا و خوالێخۆشبوو (گیومکریانی) هەر
دانەیەک دەرچووایە لەگەڵ چاپکراوی تردا دەینارد ماڵەوە
ئیتر وردە وردە چرپەی وشەکانی لەگەڵ ئاوازە وردە گەشەدارەکانیدا
دەزرنگایەوە لە گوێمدا کە باسی دەکرا یانە ـ لاپەڕەکانی
دەخوێنرایەوەو ناوی ئەم و ئەو بەرە بەرە خۆی تۆمار دەکرد
لە مێشکمدا. بۆیە هیواو (گۆڤاری هیوا) و مانگە دیاریکراوەی
لە مانگی (گەلاوێژ)دا هەستی منداڵی هەژاند و لەلایەکەی ـ یانەی
سەرکەوتن)ە بە کۆمێدی (سەرکەوتن) و شارەزای زانای پایەبەرز.

ئەوەی تا دوا ساڵی خوێندنم لە ماڵ و لە قوتابخانەدا تەواو کرد و
دانیشتن و گفتوگۆ و ئاگاداری کارەکانی ـ کە بە یەکێک لە مامۆستا
بەرزەکانی خۆمی دادەنێم و ئەوەندەی تر ئاگری عەشقی (پیرە ـ



وێنەی دیمەنێك لە هەڵبژاردنی یانەی سەرکەوتن – ١٩٥٩ ئەوانەی لەوێنەکەدا دیارن (لەڕاستەوە بۆ چەپ): (مصطفی سلیمان، عزالدین مستەفا رەسووڵ، دکتۆر مەحموود عوسمان، جەمیل دزەیی، بەشیر موشیر، شوکت عزیز)



دیمەنێك لە کۆبوونەوەی خوێندکارانی کورد لەبەردەم یانەی سەرکەوتن

لیستی ژمارەی لاپەڕەو ژمارەی ئەو بابەتە ئەدەبییانەی لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە:

| ژمارە | لاپەڕە | هۆنراوە | چیرۆک | وتار |
|---|---|---|---|---|
| ژ١،س١ | ٨٠ | ٣ | ١ | ١١ |
| ژ٢،س١ | ٨٠ | ٢ | ٣ | ٨ |
| ژ٣،س١ | ٨٨ | ٨ | ٢ | ٨ |
| ژ٤، س١ | ٨٤ | ٧ | ٢ | ١١ |
| ژ٥،س١ | ٨٠ | ٣ | ٤ | ٧ |
| ژ٦،س١ | ٩٦ | ٧ | ٣ | ٩ |
| ژ٧، س١ | ٩٦ | ٦ | ٣ | ١٣ |
| ژ٨،س١ | ٩٦ | ٧ | ١ | ١٠ |
| ژ٩،س١ | ١٠٤ | ٩ | ٤ | ١١ |
| ژ١٠،س١ | ٩٦ | ٦ | ١ | ١٢ |
| ژ١١،س١ | ٩٦ | ٩ | ١ | ١١ |
| ژ١٢،س١ | ٨٨ | ٣ | ٣ | ٤ |
| ژ١،س٢ | ١٠٥ | ٤ | ١ | ٥ |
| ژ٢،س٢ | ١٠٤ | ٧ | ٢ | ٩ |
| ژ٣،س٢ | ٩٦ | ٥ | ـــ | ٩ |
| ژ٤،س٢ | ٩٦ | ٥ | ٢ | ١١ |
| ژ٥، س٢ | ٩٦ | ٣ | ـــ | ٧ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ( ٦، ٧)، س٢ | ١٤٤ | ٥ | ٤ | ١٠ |
| ژ٨، س٢ | ٨٤ | ٢ | ٢ | ٦ |
| ژ(٩ ، ١٠ ) س٢ | ٩٠ | ٤ | ١ | ٧ |
| ژ(١١ ،١٢)، س٢ | ١٣٦ | ١٣ | ٢ | ١٠ |
| ژ١، س٣ | ١٠٨ | ٥ | ٢ | ٧ |
| ژ(٢،٣)، س٣ | ١١٦ | ٥ | ٣ | ٥ |
| ژ٤،س٣ | ١٠٠ | ٨ | ٢ | ٩ |
| ژ٥ ، س٣ | ٨٤ | ٤ | ٢ | ٣ |
| ژ٣٠، س٤ | ١١٤ | ٧ | ٢ | ٨ |
| ژ٣١، س٤ | ٨٦ | ٣ | ٢ | ١١ |
| ژ٣٢، س٤ | ٨٠ | ٣ | ——— | ١٠ |
| ژ٣٣، س٤ | ١٠٠ | ٥ | ٥ | ١٤ |
| ژ٣٤، س٥ | ٨٠ | ٢ | ٢ | ١٢ |
| ژ٣٥ | ٢٠ | ١٤ | ——— | ——— |
| ژ٣٦ | ٤٠ | ٣ | ١ | ٦ |
| ژ٣٧ | ٢٤ | ٢ | ٢ | ٢ |
| ژ٣٨ | ١٨ | ٣ | ——— | ١ |
| كۆی گشتی | ٣٠٠٥ | ١٨٥ | ٦٥ | ٢٧٧ |

# بیبلۆگرافیای گۆڤاری هیوا

**ئاماژەیەك:**

ئـەم بیبلۆگرافیایـە بـە پێـی ژمارەکـانی گۆڤارەکـە ئامـادەکراوە ، نـەوەکو بـە پێـی ڕیزکردنی بابـەت و نـاوی نووسـەرانەوە ، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ، توانـا دەستنیـشانی ژانرە ئەدەبیەکەش کراوە لە کاتی ئامادەکردنی بیبلۆگرافیاکـەدا ، وام بـە بـاش زانـی ، ناوی نوسەری بابەتـەکان وەکـو خـۆی بنوسمـەوە ، ئەگـەر بـەناوی خـوازراویش بێـت ، هەروەکو خۆی بینووسمەوە ، بەڵام لە کۆتایی دا هەوڵمداوە ئەوەندەی زانیـارییم هـەبێ ناوە خوازراوەکانم دەست نیشان کـردووە . هـەروەها ئاماژێکمـان بـۆ ژمـارەی لاپـەڕەو هۆنراوەو چیرۆك و وتار وەکو سێ هونەری سەرەکی ئەدەبی ئەنجامدراوە ، کە بێگومان بۆ کاروباری زانستی و لێکۆڵینەوە کارەکە ئاسانترو مەیسەرتر دەکات .

**هەندێ زانیاری پێویست**

١. گۆڤاری هیوا لە ڕووی قەوارەو درێژییەکەی ( ٥١ر٢١سم ) و پانیەکەی( ٥ر١٤سـم )ە ، درێژی هەر دێرێـك (١٠سـم)ە و لـە هـەر لاپەڕەیـەك دا (٢٢) دێـر نووسـراوە و هەنـدێ جاریش دەگاتە (٢٥) دێریش ، بە پێی گۆڕانی چاپخانەکان .

٢. بـە دەگمـەن خۆشنووسـی تیـا بـەکارهاتووە و زیـاتر پـشتیان بـە خـەتی چـاپخانە بەستووە.

٣. لـە ژمـارەی یەکـەوە تـا ژمـارەی نـۆ ، هـەر جـارەی وێنـەی شـارو شارۆچـکەیەکی کوردسـتانی لـە بـەرگی پێـشەوەدا بڵاوکردۆتـەوە . لـە ژمـارەی (نـۆ) وە کلێـشەیەکی جێگیری وەرگرتووە ، ئەویش ڕیزە شاخێك و خـۆر بـە گـەورەیی لـە پـشت چـیاکانەوە هەڵاتووەو لە ناوەڕاستی شاخەکانەوە وەکو ڕێگایەکی پێچاوپێچ گۆڤـاری هیـوا هاتۆتـە خوارەوە تا دەگاتە کچێك کە مۆمێکی لای خۆی داناوە و ئەو ناوەی ڕووناك کردۆتـەوەو لە پاڵیەوە دوو کەس کوڕ و کچێك بە جلی کورییەوە دەست بۆ خـۆر و شـاخەکان درێـژ دەکەن و لە سەرووی شاخەکانەوە بە گەورەیی بە خەتێکی فارسـی نووسـراوە (هیـوا)و لە سەرووی خۆرەکەشەوە بە پیتی لاتینی( HIWA ) نووسراوە .

٤. هەندێ لەو نازناوانـەی کـە نووسـەران نووسـینیان پـێ بڵاوکردۆتـەوە ، بـە هـەوڵ و کۆششی خۆمان ئەوانەمان ئاشکراکرد:

- ب = بله ( ئیبراهیم ئەحمەد )
- پشکۆ = شەهید مارف بەرزنجی
- ت.ب . مەریوانی = تاهیر بەهجەت مەریوانی
- ج بابان = جەمال بابان
- ج غەمگین = جەوهەر غەمگین
- ڕووناك مەحەمەد = کاکەی فەللاح
- س.ش = سەعید شەفیق
- ع میدیا = عەبدوڵلا میدیا
- ف.ع.ك = فاتح عەبدولکەریم
- وەرزێر = د.محەمەد نوری عارف
- هۆشەنگ = حەمە بۆر
- هێمن = کامل ژیر

٥- لە ناوەوەی بەرگی یەکەمی گۆڤارەکـەدا ناونیـشانی گۆڤارەکـەو ئابوونـەی سـاڵانە بەم شێوەیە نووسراوە :

ناونیشانی هیوا / بەغداد : شەقامی زەهاوی ، یانەی سەرکەوتن ، تەلەفۆن ٢٨٤٠٥

ئابوونە:

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابوونە بۆدەرەوەی عێراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابوونەی ساڵێکی لە عێراق دا | ... | ١ |
| بۆ قوتابی | ٧٥٠ | — |
| دانەی بە | ١٠٠ | — |

٦- لە ڕووی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانییەوە ، ئەم بابەتانەی تێدا بەرچاو دەکەوێت :

وتاری ڕۆژنامەوانیی ، هەواڵ ، ئاگاداری ، ڕیپۆرتاژ ، چاوپێکەوتن ، وێنە .
باسکردنی ئەم هونەرانەیش ئەوە دەهێنێ کتێبێکی سەربەخۆی دەربارە بنووسرێ .

**ژ (١) س١ تەمموزی ١٩٥٧**

- پێشەکی ، ل ، ١
- وشەیەك، ل٣
- ئەستێرەیەکی نوێ لە ئاسۆی وێژەی کورددا ، مامۆستا ع ، (وتار) ، ل٤ — ٦
- ڕێگای کامەرانی ، شاکر فەتاح ، (وتار) ، ل٦ — ١٥
- زمانی کوردی ، عبدالقادر قەزاز ، (وتار) ، ل١٥ — ١٩
- بەهاری کوردستان ، (هۆنراوە) ، ل١٩ — ٢٥
- نیازێك ، پێناو ، (هۆنراوە) ، ل٢٥ — ٢٧
- لای لایەی دایکێ ، نەسرین فەخری ، (هۆنراوە) ، ل٢٧ — ٣١
- تێکۆشین ، (وتار) ، ل ٣١ — ٣٧
- چیرۆکی ژمارە ، سۆمەرست مۆم ، ل٣٧ — ٣١
- هەموو گیانلەبەرێك خواردەمەنی خۆی هەیە ، غاندی ، وەرگێڕانی شێخ حەسەن ،(وتار) ، ل٤٥ — ٥٢
- سووتانەوەی پەردەی مێشك ، دوکتۆر عبدالرحمن عبدالله ، (وتار) ل ٥٢ — ٥٦ .
- چەوەندەری شەکرو مێژووی دەرهێنانی،جەمال عبدالكريم فواد،(وتار) ل٥٦ — ٦٠ .
- کۆنفۆسیۆش ، فازل ، (وتار) ل٦٠ — ٦٨ .
- ئەتۆم و هێزی ئەتۆم ، وردی ،(وتار) ، ل٦٨ — ٧٢ .
- بیر لە تۆڵەسەندن مەکەرەوە ، (وتار) ، ل ٧٢ — ٧٥ .
- گەشتی مستر ریچ بە کوردستانا ، وەرگێڕی شەمال صائب ، (وتار) ، ل ٧٥ — ٧٩

**ژ(٢) ، س١ ئابی ١٩٥٧**

- فرمێسکێکی صلاح الدين وەرگێڕانی محمد مستەفا کوردی ، (وتار) ، ل٣ — ١٢
- سێ مێرووله ، نووسینی جبران خلیل جبران ، (چیرۆك) ، ل١٢ —١٤ .

- دینەوەریەکان ، جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی ، (وتار) ، ل١٤ — ١٩ .
- زمان و شێوەکانی ، ش.م ، (وتار) ، ل١٩ — ٢٤ .
- فرمێسکی پەشیمانی ، مستەفا صالح کریم ، (چیرۆك) ، ل٢٤ — ٣١ .
- ئامۆژگاری بۆ گۆڤاری هیوا ، هەوری ،(هۆنراوە) ،ل٣١ —٣٣ .
- لاوی کورد ، دلزار ، (هۆنراوە) ، ل٣٣ — ٣٤ .
- ژیانی خێزانی ، (وتار) ، ل٣٩ — ٤٣ .
- بیرۆن ، (ژياننامە) ، ل٤٣ .
- ڕێگای سەرکەوتن ، شاکر فەتاح ،(وتار) ، ل٤٤ — ٥١ .
- ڕوناك مەحەمەد ، کامل ژیر ، (لێکۆلینەوە) ، ل٥١ — ٥٩ .
- بەشی تەندروستی ، دوکتۆر نامق نادر ، (وتار) ، ل٥٩ — ٦٣ .
- دوژمنی گەنم و جۆ جانەوەری (سن)، عوسمان ڕەزا علی ،(وتار) ، ل٦٣ — ٦٩ .
- فەرهەنگی هیوا ، ل٦٩ .
- ڕۆژی گواستنەوەی بووکێ ، وەرگێڕی مامۆستا ع ، (چیرۆك) ، ل٧٠ — ٧٩ .

**ژ(٣) ، ئەیلولی ١٩٥٧**

- ئاکرێ ، شاکر فەتاح ، (وتار) ، ل٥ — ٧ .
- کریم خانی زەند ، (وتار) ، ل٧ — ١٠ .
- چۆن چارەی دەردی کۆمەلایەتیمان بکەین،عبدالقادر قەزاز،(وتار) ، ل١٠ —١٥.
- زمانی کوردی ، فازل ، (وتار) ل١٥ — ٢١ .
- ئاخ هەژاری ، خوشکە (پ) ، (وتار) ، ل٢١ — ٢٤ .
- مەولەوی ، (هۆنراوە) ،ل٢٤ .
- بۆ جوانێکی دیل ، کامل ژیر ، (هۆنراوە) ، ل٢٥ — ٢٩ .
- کاروان ، ع.ق ،(هۆنراوە) ل٢٩ .
- جوانی ، (هۆنراوە) ، ل٣٠ — ٣٢ .
- ناکامی ، شێرکۆ بێ کەس ،(هۆنراوە) ، ل٣٢ — ٣٤ .

- دەنگی شمشاڵ ، غ .س، غەمبار ، (هۆنراوە) ، ل٣٤ — ٣٥ .
- بەستە بۆ مۆسیقا ، غ.س ، غەمبار ، (هۆنراوە) ، ل٣٩ — ٤٦ .
- ئاواز ، غ.س غەمبار ، (هۆنراوە) ،ل٣٨ .
- نموونەی کوردی پەتی ، محمد مستەفا کوردی ، (وتار) ، ل٣٩ — ٤٦ .
- سەربەستی ئافرەت ، کامەران ، (وتار) ، ل٤٦ — ٥٣ .
- بریا نەهاتیتاوە ، مستەفا صالح کریم (چیرۆك) ، ل٧٤ — ٨٦ .
- ژمارە دووی "هیوا" لە تای تەرازووا ،س ، (ڕەخنە) ، ل٦٢ — ٦٨ .
- قەڵەوی ، دکتۆر قادر شاڵی ، (وتار) ، ل٦٩ — ٧٢ .
- هیواو خوێندەواری ، ل٧٢ — ٧٤ .
- دڵسۆزی نەمر ، مامۆستا ، ع ، (چیرۆك) ، ل٧٤ — ٨٦ .
- بۆ پۆکەنین ، ل٨٦ — ٨٨ .

**ژمارە(٤) ، س١ ، تشرینی یەکەمی ١٩٥٧**

- مێژووی شاری کەرکوك ، (وتار) ، ل٤ — ٦ .
- جێگای میری گەورەی ڕەواندز ، محمود محمد ، (وتار) ، ل٦ — ١٠ .
- چۆن زمانەکەمان بنووسین ، ب ، (وتار) ، ل١٠ — ١٧ .
- وتەی بەجێ ، ل١٧ .
- دینەوەریەکان ، جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی ، (وتار) ، ل١٨ — ٢٥ .
- وردبونەوەیەك لە خوێندنی شعرو ئەدەبی کوردی ، وەرگێڕانی هۆمەر مستۆی ،(وتار) ،ل٢٥ — ٢٩ .
- بیرەوەری کاك (جەلال) ی یەك ماڵە ، ئەحمەد خواجە ، (وتار) ،ل٢٩ — ٣٢ .
- جوانی ، شاکر فتاح ، (وتار) ، ل٣٢ — ٣٦ .
- شێرپەنجە ، وریا ئەمین ڕەواندزی ، (وتار) ، ل٣٦ — ٤٣ .
- نالی ، (هۆنراوە) ، ل٤٣ .
- ئەی کامەرانی ،م .شارباژێڕی ،(هۆنراوە) ، ل٤٤ — ٤٥ .

- ئۆپەرێتی وەرزی ساڵ ، أ .ب . هەوری ،(هۆنراوە) ، ل٤٥ — ٥١ .
- من و شەهێن ، ڕوناك ڕەئوف ، (هۆنراوە) ،ل٥١ — ٥٢ .
- یەکێتی و زانستی ، دڵدار ،( هۆنراوە) ،ل٥٢ — ٥٣ .
- تەپڵ و دیلان ، هۆنراوە، ل٥٣ — ٥٥ .
- ئەی سروشت ،ج.غەمگین ،(هۆنراوە) .ل٥٥ — ٥٦ .
- نموونەی کوردی پەتی ، محمد مستەفا کوردی ، (چیرۆك) ، ل٥٧ — ٦٠ .
- سەربەستی ئافرەت ، کامەران ، (وتار) ،ل٦٠ — ٦٥ .
- مەلا عبدواللە ی بیتۆشی ،(ژیاننامە) ،ل٦٥ .
- گۆتە زاناو شاعیری نەمر ، محمد نوری تۆفیق ، (وتار) ،ل٦٦ — ٧٠ .
- لۆکە (پەمۆ) ، عوسمان رەزا علی ، (وتار) ،ل ٧٠ — ٧٤ .
- بەشی هیواو خوێندەوارانی ، ل٧٤ — ٧٦ .
- لێکۆلینەوە ، ل٧٦ — ٧٨ .
- پەنجا فلس ، مەم ،(چیرۆك) ، ل٧٨ — ٨٤ .

**ژمارە (٥) ، س١ ، تشرینی دووەمی ١٩٥٧**

- لافاو ، کامەران ، (هۆنراوە) ،ل٦ — ١٤ .
- لافاوی مەرگ ، خالد رشید (زێوەر)،(هۆنراوە) ، ل١٤ — ١٩ .
- لافاو ، کامل ژیر ، (هۆنراوە) ،ل١٩ — ٢٥ .
- مێژووی ژیانی کاملی جوانەمەرگ ،ل٢٥ —٢٧ .
- کوچی دوایی ، کمال غفوری ،(ژیاننامە)، ل٢٨ — ٣٠ .
- بەهۆی لافاوەکەی سلێمانیەوە، عبدالقادر قەزاز ،(وتار) ، ل٣٠ —٣٣ .
- حقوقی ئافرەت ، کچە کورد پرشنگ ،(وتار) ، ل٣٣ — ٣٦ .
- هەستی ئافرەت بەرامبەر ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان ، خوشکە، پ ، (وتار) ،ل٣٦—٣٩.
- هەڵگرتنی یاسای "دەعوای عەشائری"، نوری تالەبانی ،(وتار) ،ل٣٩ — ٤٢ .

- جۆرەکانی خوێنی مرۆڤ ، فوئاد زەکی هەناری ،(وتار) ، ل٤٢ — ٤٧ .
- گیا لەسەر بنکی خۆی ئەڕوێت، محمد مستەفا کوردی ،(چیرۆك) ،ل ٤٧ — ٥٢ .
- شارە پیرۆزەکە ، جەبران خلیل جەبران ،(چیرۆك)،ل٥٢ — ٥٥ .
- کوا کوڕەکەم ، مستەفا صالح کریم ،(چیرۆك) ، ل٥٥ — ٦٠ .
- دانتی ، دوکتۆر ت.ب . مەریوانی ،(وتار) ، ل٦٠ — ٦٢ .
- بەشی هیواو خوێندەواری ، ل٦٢ — ٦٤ .
- کارەساتە ستەمەکە ،ع.شەمال ،(چیرۆك) ،ل٦٤ — ٦٧ .
- لافاو ، مامۆستا ع ،(چیرۆك)، ل ٦٧ — ٧٨ .
- لە مێژووی عوسمانیدا جەلالی لی،وەرگێڕانی احمد خواجە،(وتار) ، ل٧٨ — ٨٠ .

**ژ (٦) ، س١ کانونی یەکەمی ١٩٥٧**

- مێژووی شاری هەولێر ، ل ٥ — ٨ .
- چۆن زمانەکەمان بنووسین بە پیتی عەرەبی یا لاتینی،ب.(وتار) ، ل٢٠ — ٣١ .
- شەڕو ئاشتی ، شاکر فتاح ، (وتار) ،ل٢٠ — ٣١ .
- دینەوەریەکان ، جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی ،(وتار) ،ل٣١ — ٣٧ .
- ئامان الله خانی والی ، محمد امین — کاردۆخی — ،(ژیاننامە) ،ل٣٧ — ٤٠ .
- بۆ مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکان ، میدیا ، (وتار) ، ل٤٠ — ٤٤ .
- شاعری مەزن ئەحمەد موختار بەگ جاف ،ل٤٤ — ٤٦ .
- کاروان ، غ.س . غەمبار ،(هۆنراوە) ،ل٤٦ .
- بەندەك د گەل (شەتی بەغدا) ، صالح یوسفی ،(هۆنراوە) ،ل٤٧ — ٤٩ .
- هەزار ئەفسوس ، پێناو ،(هۆنراوە) ،ل٥٠ — ٥١ .
- گولاڵە، ژیر، (هۆنراوە) ،ل٥١ — ٥٣ .
- پوختەکردنی نەفس ، عبدالقادر قەزاز ،(وتار) ، ل٥٣ — ٥٧ .
- گولیك ، جبران خلیل جبران ، وەرگێر دلزار ، (هۆنراوە) ،ل٥٧ .
- زانستی کوردان ،(بیرەوەری) ،ل٥٨ — ٦٠ .

- نموونەی کوردی پەتی ، محمد  مستەفا کوردی ، (چیرۆك) ،ل٦٠ — ٦٥ .
- بەشی هیواو خوێندەواری ،ل٦٥ — ٦٧ .
- بۆ کلاْو کوڕە ، وەرگێڕانی بیمار ،(هۆنراوە) ل٦٧ — ٦٩ .
- نیشتمان ، وەرگێڕانی بیمار ، (هۆنراوە) ل٦٩ — ٧٢ .
- لە پێناوی بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتیماندا، بەختیار ،(وتار) ،ل٧٢ — ٧٦ .
- لە کەرکوکەوە داواکردنی ڕۆژنامەکە بە زمانی کوردی بلاْوبکرێتەوە ، حەمە غەریب تاڵەبانی ،(وتار) ، ل٧٦ .
- ڕاپەڕینی ئاسیا ، وەرگێڕانی محمد سەعید جاف ، (وتار) ،ل٨٠ — ٨٢ .
- قینی.....لێم بوو ، مەم ، (چیرۆك) ، ل٨٢ — ٩٢ .
- پاشماوەی جەلالی ، ئەحمەد خواجە ،(وتار) ،ل٩٤ — ٩٦ .

**ژ(٧) ،س١ ، کانوونی دووەمی ١٩٥٨**

- مێژووی کۆیە ، تاهر محمد حەوێزی ، (وتار) ،ل٥ — ٧ .
- بەدرخان پاشا ، حافز مستەفا قازی ،(وتار)، ل٧ — ١١ .
- وێژە ، شێخ محمدی خاڵ ،(وتار) ،ل١١ — ١٥ .
- بەرەو خوێندنەوەی ، کچە کورد .پرشنگ ، (وتار) ،ل١٥ — ١٩ .
- نووسینی پیتی"دال"بەشێوەی سلێمانی، فواد زەکی هەناری،(وتار)،ل١٩— ٢٢ .
- نموونەی کوردی پەتی "نازداری" ،محمد مستەفا کوردی ،(وتار) ،ل٢٢ — ٢٦ .
- شۆپان ، وەرگێڕانی فاتح عبدالکریم ، (وتار) ،ل٢٦ — ٣٢ .
- هیوا ، م.شارباژێڕی ،(هۆنراوە) ،ل ٣٤ — ٣٧ .
- بۆنی گوڵ ، محمود زێوەر ،(هۆنراوە) ،ل٣٧ — ٣٨ .
- گولێك لە یادا ، ئەژین گۆران ،(هۆنراوە) ،ل٣٨ — ٤٠ .
- دڵی من ، پشکۆ ، (هۆنراوە) ،ل٤٠ — ٤٥ ،
- دینەوەریەکان ، جومیل بەندی ڕۆژبەیانی ،(وتار) ،ل ٤٥ — ٤٧ .
- دڵداری غەمگین ، گۆڕینی کمال غەمبار ، (پەخشان) ل٤٧ .

- ئەبراهام لنكۆڵن ، ف . نەگۆڕ،(ژياننامە) ،ل٤٨ — ٥٢ .
- پاشماوەی جەلالی ، ئەحمەد خواجە (وتار) ،ل٥٢ — ٥٤ .
- زەحیری ، دكتۆر عبدالرحمن عبدالله ،(وتار) ،ل٥٤ — ٥٨ .
- لە زنجی هەژارانا، گۆڕینی ع.ر.پەرۆش ،(چیرۆك) ،ل ٥٨ — ٦٦ .
- باری ئێستای ژنە شارییەكانمان ، عبدالقادر قەزاز ، (وتار) ،ل٦٧ — ٧٢ .
- دەوری كشتوكاڵ ، ئەكرەم جاف ،(وتار) ، ل٧٢ — ٧٥ .
- هۆمەر ، ت.ب.مەریوانی ،(ژياننامە) ،ل٧٥ — ٧٧ .
- لە شیعری خەیام ، گۆڕینی سەلام ، (هۆنراوە) ، ل٧٧.
- نۆبلێ كێ یە ،محمد نوری تۆفیق ،(وتار) ،ل٨٠ — ٨٤ .
- هیواو خوێندەواری ، ل٨٤ — ٨٦ .
- یانەی سەركەوتنی كوردان ، ل٨٦ — ٨٨ .
- كاروان ،محمد سعید جاف ، (چیرۆكی فۆلكلۆری) ،ل٨٨ — ٩٣ .
- مانگ گیران ، ساجدە ئاوارە ،(چیرۆك) ، ل٩٣ — ٩٦ .

**ژ(٨) ،س١ ، شوباتی ١٩٥٨**

- مێژووی شاری كفری ، هاشم بەرزنجی ،(وتار) ،ل٥ — ٧ .
- وێژە ، شێخ محمدی خاڵ، (وتار) ،ل٧ — ٩ .
- نووسینی زمانی كوردی ،م.م،(وتار)،ل٧ — ٩ .
- باغچەی پەری یان ،مسعود كەتانی ئامێدی، (هۆنراوە) ،ل١٥ — ١٧ .
- مانگی دەستكرد ،عەزیز ،(وتار) ،ل١٧ — ٢٨ .
- زەنگ ،هێمن ،(هۆنراوە) ،ل ٢٨ — ٣٠ .
- ژنیش هەیەو ژانیش هەیە ، محمد مستەفا كوردی ،(وتار) ،ل٣٠ — ٣٤ .
- لۆركا لاپەڕەیەكی خوێناوی لە مێژوو،كامەران وەریگێڕاوە،(وتار) ، ل٣٤ — ٤٤.
- پاراستنی دایك و منداڵ ، كچە كورد : پرشنگ ،(وتار) ، ل٤٤ — ٤٨ .
- منم نەسرین ، نەسرین فەخری ،(هۆنراوە) ،ل٤٨ — ٥٢ .

- ئافرەتی سك پڕ ، انور كريم ، (وتار) ، ل٥٢ — ٥٦ .
- هەڵگری چرای زانستی ، خواجه ئەفەندی ، (بیرەوەری) ، ل٥٦ — ٥٩ .
- پێش ئەوەی بمرین ، كاكه شوان ،(هۆنراوه) ، ل٥٩ — ٦١ .
- مله خڕێ ، دكتۆر ت.ب . مەریوانی (وتار) ، ل٦١ — ٦٢ .
- سەربەستی نووسەر ، عبدالرزاق بیمار ،(وتار) ، ل٦٢ — ٦٦ .
- یادو پەیمان ، كرمانج ، (هۆنراوه) ، ل ٦٦ — ٦٩ .
- مۆزارت ، باكووری ، (وتار) ، ل٦٦ — ٦٩ .
- له ڕێگای یەكبوونی زمانەكەمانا،سەركەوت هۆشیار،(لێكۆلینەوه)،ل٧٠—٧٣ .
- گیانی مەولەوی ،(هۆنراوه) ، ل٧٣ — ٧٥ .
- پایز، لامارتین ، وەرگێڕی دلزار، (هۆنراوه) ، ل٧٥ — ٧٧ .
- هیواو خوێندەوەرانی ، ل٧٧ — ٧٩ .
- نامەیەك بۆ دڵسۆزانی كورد ، رشید عارف ، ل٧٩ .
- پاشماوەی كاروان ، محمد سعید جاف ، ل٨٠ — ٨٣ .
- پاشماوەی جەلالی ، ئەحمەد خواجه ، ل٨٣ — ٨٧ .
- ماچی خوێناوی ، گۆڕینی مستەفا صالح كریم ،(چیرۆك) ، ل٨٧ — ٩٦ .

**ژ(٩) ، س١ مارتی ١٩٥٨**

- شاری ڕەواندز ، صلاح ، (وتار) ،ل٥ — ٧ .
- فرمانی ئێستەمان ، ب ، (وتار) ، ل٧ — ١٩ .
- بەرخەكه !؟ ، شاكر فەتاح ، (پەخشان) ،ل١٩ — ٢٢ .
- بەهار ، شێخ محمدی خاڵ ،(پەخشان) ، ل٢٢ — ٢٤ .
- بەهار نامەوێ ،بێ كەس ، (هۆنراوه) ، ل٢٤ .
- نەورۆز ، كامەران ،(هۆنراوه) ، ل٢٥ .
- قارەمانی میرنشینی بابان عبدالرحمن پاشا ، خەسرەو ، (وتار) ،ل٢٦ — ٢٩ .
- ئەو نەتەوەیەی ، م.ڕەسول ، (هۆنراوه) ،ل٢٩ .

- گۆڤارێکی تایبەتی بۆ ئافرەت ، کچە کورد ، پرشنگ ، (وتار) ، ل٣٠ — ٣٥ .
- نامەیەك بۆ جەمیلە ، ك.ح.غەمبار، (هۆنراوە) ، ل٣٥ — ٣٨ .
- جگەرە کێشان ، فوئاد هەناری ، (وتار) ، ل٣٨ — ٤١ .
- بیرەوەری شاعیری مەزن مامۆستا زیوەر ، ل٤١ — ٤٣ .
- یەکی خاکە لێوە ، میدیا ، (چیرۆك) ،ل٤٣ — ٤٨ .
- چارلی چاپلن ، وەرزێر ، (وتار) ،ل٤٨ — ٥١ .
- تۆلستۆی ، دکتۆر ت.ب.مەریوانی ،(وتار) ، ل٥١ — ٥٣ .
- تەلەفۆن ، ف.ع ، (وتار) ،ل٥٣ — ٥٥ .
- جەژنە پیرۆزەکەی کورد ، نەورۆز ، غ.س.غەمبار ، (هۆنراوە) ل٥٥ — ٥٧ .
- داپیرەکەم ، مەم ، (چیرۆك) ،ل٥٧ — ٦٥ .
- لێکۆلینەوەیەك لە وتاری ، (وێژە)ی مامۆستا خالْ ،م.م.(وتار) ، ل ٦٥ — ٧٢ .
- شەڕ ، جبران خلیل جبران ، وەرگێڕان ، (چیرۆك) ، ل٧٣ — ٧٥ .
- جەژنی دارو درەخت ، شفیق صابر ، (وتار) ، ل٧٥ — ٨٠ .
- کوردم ، عوسمان عوزێری ،(هۆنراوە) ، ل٨١ — ٨٢ .
- نەورۆزی نویْ ، أ.ب . هەوری ،(هۆنراوە) ، ل٨٢ — ٨٥ .
- ئەختەر کێیە ؟ ، نزار ، (بیرەوەری) ، ل٨٦ — ٨٨ .
- کەلاهە بلیری ، صالح یوسفی ، (هۆنراوە) ، ل٨٩ — ٩٢ .
- نامەی باوکێکی دلْسۆز ، ن. تالەبانی ،(وتار) ، ل٩٢ — ٩٥ .
- هیواو خوێندەوارانی ، ل٩٥ — ٩٦ .
- نەورۆزو جەژنی ڕزگاری کورد ، کاکە شوان ،(هۆنراوە) ،ل٩٧ .
- کولوشا،مەکسیم گۆرکی،وەرگێرانی جەلال پەرێشان ،(چیرۆك) ، ل٩٩ — ١٠٤ .

**ژ(١٠)، س١ ، نیسان ١٩٥٨**

- براینە جەژنتان پیرۆزبێت ،(سەروتار) ، ل٤ .
- خورمالْ ، رشید هەورامی ، (وتار) ، ل٥ — ٨ .

- چۆن زمانەکەمان بنووسین ، جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی ، (وتار) ، ل٨ — ١٢ .
- ئاهەنگی کۆمەڵی ئاواز ، (ڕیپۆرتاژ) ، ل١٢ — ١٧ .
- بەهار ، محمد شکر خلیفه ، (پەخشا)، ل١٧ — ١٩ .
- که گیران ، احمد خواجه ، (وتار) ، ل١٩ — ٢٣ .
- بۆ گیانی پاکی سەید عەلی ئەسغەر،محمد ملا کریم ، (هۆنراوە) ، ل٢٣ — ٢٦ .
- نۆبەرەی داری خەباتمان ، ڕوناك ، (وتار) ، ل٢٦ — ٣١ .
- ژنیش هەیەو ژانیش هەیە ، محمد مستەفا کوردی ، (وتار) ، ل٣١ — ٣٥ .
- بەهاری ژین ، خالد دلێر ، (هۆنراوە) ، ل٣٥ — ٣٩ .
- مردووان ، م.ع .جاف ، (پەخشان) ، ل٣٩ — ٤٤ .
- له خەوما ، وەهاب کۆیی ، (هۆنراوە) ، ل٤٤ — ٤٦ .
- هیوا ، شێخ محمد خاڵ ، (وتار) ، ل٤٦ — ٤٩ .
- چۆن پارێزگاری دەم ودانت دەکەی،دکتۆر احمد علی عوسمان،(وتار)،ل٤٩— ٥٣ .
- هەندێ دەردی کۆمەڵایەتی که تەگەرەیان داوە له پێشکەوتنمان، (وتار)،ل٥٣— ٥٧
- ڕەخنەو ڕەخنەگر، أ.ب.هەوری ، (ڕەخنە) ، ل٥٧ — ٦١ .
- هێزی برسێتی ، ساجد ئاوارە ، (چیرۆك) ، ل٦١ — ٦٩ .
- لای لایەی دایکی نیشتمان ، کرێکار ، (هۆنراوە) ، ل٦٩ — ٧١ .
- برایم پاشای بابان بنیات نەری شاری سلێمانی، ج.بابان، (وتار) ، ل٧١ — ٧٥ .
- کوێستانەکانمان ، هۆشەنگ ، (هۆنراوە) ، ل٧٥ — ٧٨ .
- بیتهۆڤن ، کمال غفوری ، (وتار) ، ل٧٨ — ٨٢ .
- تیشکی چرایەك ، کامەران ، (هۆنراوە) ، ل ٨٢ — ٨٦ .
- مەرەزە ، بێستون عوسمان ، (وتار) ، ل٨٦ — ٨٨ .
- پاشماوەی چۆن زمانەکەمان بنووسین ، ل٨٩ — ٩٦ .

**ژ(١١) ، س١ ، مایس ١٩٥٨**

- شەقلاوە بوکی خێزانێکی هەژارە ، (وتار)، ل٤ — ٧ .

- حاجی مەلا عبدالله جلیل ، كریم شارەزا ، (بیرەوری)، ل٧ — ١٠ .
- كۆچی (حەسەن توفیق)ی جوانەمەرگ ، ل١١ — ١٣ .
- مندالی كورد ، عزالدین ابراهیم ، (وتار) ، ل١٣ — ١٧ .
- كارگەی چیمەنتۆ ، عەزیز ، (وتار)، ل١٧ — ٢٥ .
- بەستە بۆ كوردستان ، كاكە شوان ،(هۆنراوە)، ل٢٥ — ٢٩ .
- لە دەوروبەری دانی مافی سیاسی ئافراتانا ، رووناك ،(وتار) ، ل٢٩ — ٣٣ .
- شوێنی كۆمەلایەتی ژن لە كوردستانا، وەرگێڕ، ج.بابان ،(وتار)، ل٣٦ — ٤٠ .
- ئۆپەرێتی خوشك و برایەك ، ج.دانا، (هۆنراوە)، ل ٤٠ — ٤٢ .
- نەورۆز لە لەندەن — ئینگلستان ، (ڕیپۆرتاژ) ، ل٤٢ — ٤٤ .
- قرچە قرچا ئاگرێت گەش ، صالح یوسفی ، (هۆنراوە) ، ل٤٥ — ٤٩ .
- شتی تازەی دۆزراوەی پزیشكی ، (وتار)، ل٤٩ — ٥١ .
- كوڕی ڕۆژ ، جەلال جۆبار ، (هۆنراوە) ل٥٢ — ٥٤ .
- كولۆڵی ، محمد مستەفا كوردی ، (وتار)، ل٥٤ — ٥٨ .
- هەڵبەستی مرواری ، وەرگێڕانی وردی ، (هۆنراوە) ، ل٥٨ — ٦١ .
- قومار ، حافز مستەفا قازی ، (وتار) ، ل٦١ — ٦٣ .
- لافی دڵداری ، نەسرەو وەریگێڕاوە ، (هۆنراوە)، ل٦٣ — ٦٥ .
- ئاهەنگەكانی كۆمەڵی ئاوازی كوردی ، فازل ، (ڕیپۆرتاژ) ، ل٦٥ — ٧٠ .
- گفتوگۆی خوێندەوارو دارفرۆش،محمد امین كاردۆخی ، (هۆنراوە) ، ل٧٠ — ٧٩ .
- سیمفۆنی پێنجەمی "بیتهۆڤن" ، سەردار رەمزی ، (وتار) ، ل٧٦ — ٧٩ .
- لاوی جوانە مەرگ ، هێمن ، (هۆنراوە) ، ل٧٩ — ٨١ .
- وەناق ، دكتۆر ت . ب . مەریوانی ، (وتار) ، ل٨١ — ٨٥ .
- بەشی دەستكرد ، مەسعود سید أمین ، (وتار) ، ل٨٥ — ٨٧ .
- بەشی هیواو خوێندەوارانی ، ل٨٧ — ٨٩ .
- دایكی ئازادی خواهان ، وەرگێڕی مستەفا صالح كریم ،(چیرۆك) ، ل٨٩ — ٩٦ .

**ژ(١٢) ، س١ ، حوزەیران ١٩٥٨**

- سالێك لە تەمەنی هیوا ، حافز مستەفا قازی ، (سەروتار) ،ل١ — ٣ .
- ئامانجی من ، هێمن ، (هۆنراوە) ، ل٣ .
- پایەیی ئادەمیزادو باری ئێستای ژیانی نەتەوەی کورد ، م.م،(وتار) ، ل٤ — ٩ .
- کارخواز ، وەرگێڕی محمد صدیق عارف ، (چیرۆك) ، ل٩ — ١٨ .
- بام وابێ ، مەدهۆش ، (هۆنراوە)، ل١٨ — ٢٠ .
- هونەری جوان ،(ڕیپۆرتاژ) ، ل٢٠ — ٢٧ .
- هونەری نەمرمان دەوێت ، ساجد ئاوارە ، (وتار) ، ل٢٧ — ٣١ .
- قارەمانی ئافرەتێکی کورد ، أ.ب. هەوری ، (چیرۆك) ، ل٣١ — ٣٥ .
- لەم جیهانەدا ، (گۆشە ) ، ل٣٥ — ٣٨ .
- چیرۆك نوسین و هونەری چیرۆك،مستەفاصالح کریم،(لێکۆڵینەوە) ، ل٣٨ — ٤٨ .
- چیت نەزانی پرسیار بکە ، (گۆشە) ل٤٨ —٥٠ .
- هیواو خوێندەوارانی ، ل٥٠ — ٥٤ .
- سەرگوزەشتەو بزەی لێو ، ل٥٤ — ٥٨ .
- یەکێ لە شەوەکانی گرتەکەی سەیوان ، فازل ، (چیرۆك) ، ل٥٨ — ٦٥ .
- ساتێ بەختیاری ، دڵزار ، (هۆنراوە) ، ل٦٥ — ٦٦ .
- میڤانداری ، حافز مستەفا قازی ، (وتار) ، ل٦٦ — ٦٨ .
- چیرۆك بۆ شانۆ ، ل٧١ .
- لە هۆنراوەی کامەران ل٧٢ .
- لێکۆڵینەوە ، ناکام ، ل٧٣ .
- شەرم مەکە ، ل٧٦ .
- کاوێس ئاغا ، ج.بابان ، (بیرەوەری) ل٧٧ — ٨٥ .

**ژ١ ، س٢ ، تەموزی ١٩٥٨**

- دووجاری بخوێنەرەوە، ع . س .ن وەریگێراوە ، (وتار) ل٣ — ٧ .

- زانست و ژیان ، (گۆشه) ، ل ٧ — ١١ .
- داری ناکۆکی له بندا هەڵکەنن ، رەفیق حلمی ، (هۆنراوه) ، ل١١ — ١٣ .
- چیت نەزانی پرسیار بکه ، (گۆشه) ، ل١٣ — ١٥ .
- شەش پیاوی گەورەی مێژوو، وەرگێڕانی محمد سعید جاف،(وتار)، ل١٧ — ٢٥ .
- نامەیەك بۆ خوشکه رۆشەنبیرەکان ، رووناك ، (وتار) ، ل٢٥ — ٣٠ .
- فرمێسك ، محمد رسول ، (هۆنراوه) ، ل٣٠ .
- ژن دارك ، أ.غ، (وتار) ، ل٣١ — ٣٤ .
- چیرۆکێکی کورت بۆ شانۆ ، کامەران ، (شانۆگەری) ، ل٣٤ — ٣٦ .
- کێ تاوانباره ، میم ، (چیرۆك ) ، ل٣٦ — ٤٩ .
- هونەری جوان ، محمدی مەلا کریم وەریگێڕاوه ، (هونەر) ، ل٤٩ — ٦٢ .
- تەمسیلی چیرۆکی مەم و زین ، (هونەر) ، ل٦٢ — ٦٤ .
- ئاهەنگەکەی تیپی مەولەوی ، هێمن ، (هونەر) ، ل٦٤ — ٦٩ .
- پیاوی ون بوو ، هەوری ، (وتار) ، ل٦٩ — ٧٥ .
- تۆڵستۆی ، ئاوات ، (ژیاننامه) ، ل٨٠ — ٩٤ .
- چواردەی گەلاوێژ ، هێمن ، (هۆنراوه) ، ل٩٥ — ٩٨ .
- شۆڕشەکه عێراق ، (ڕیپۆرتاژ) ، ل٩٨ — ١٠٢ .
- سرودی سەرکەوتن ، کامەران ، (هۆنراوه)، ل١٠٢ — ١٠٥ .

**ژ٢ ، س٢ ، ئابی ١٩٥٨**

- ئەدەبی کوردی له شۆڕشدا ، (سەروتار) ل١ — ٣
- له گەڵ پاڵەوانانی شۆڕشدا ، (ڕیپۆرتاژ) ، ل٣ — ١٠ .
- میللەت چی ئەوێ؟ ئیستعمار چی ئەوێ؟ ، احمد غفور ، (وتار) ، ل١٠ — ١٣ .
- چیت نەزانی پرسیار بکه ، (گۆشه)، ل١٣ — ١٦ .
- کێ تاوانباره ، م، (چیرۆك بۆ شانۆ)، ل١٧ — ٢٧ .
- وەتەن ، بشیر مشیر ، (هۆنراوه)، ل٢٧ .

- ئەركەكانی سەر شانی ئەدەبی ئەمرۆمان،محمدی ملا كريم،(وتار)، ل٢٨ — ٣٢ .
- چاردیّ تیرمەهیّ، حافز مستەفا قازی ، (وتار) ، ل٣٢ — ٣٦ .
- زانست و ژیان ، (گۆشه)، ل٣٦ — ٤٣ .
- شۆڕشا پیرۆز ، صالح یوسفی ، (هۆنراوه) ل٤٣ — ٤٥ .
- پیرۆزبایەكی به گەرم و گوڕ هەڵقوڵی و هەروەكو خوێنی براو خوشكه شەهیدەكانمان ، (نامه) ل٤٥ — ٤٨ .
- گەلی دڵدار ، هەوری ، (وتار) ، ل ٤٨ — ٥١ .
- گلۆر بوونەوه ، كامەران ، (هۆنراوه ، ل٥١ .
- هاوارێك ، تەنیا ، (وتار) ، ل٥٢ — ٥٥ .
- قسەی فێنك ، (گۆشه) ، ل٥٥ — ٥٨ .
- بەخێربێنەوه ئەی قارەمانان ، (ڕیپۆرتاژ) ، ل٥٣ .
- به بۆنەی شۆڕشی مەزنەوه ، رەفیق حلمی ، (هۆنراوه) ، ل٥٤ — ٥٦ .
- توانەوەی یاسای ئیپریالیزم ، (هۆنراوه) ، ل٦٤ — ٦٧ .
- ئاشتی و برایەتی ودواڕۆژێكی باشتر،ئەمینی میرزا كريم،(وتار) ، ل٦٧ — ٧٠ .
- قەیسەر مژده بێت میوانت هات ، مستەفا ، (وتار) ، ل٧٠ — ٧٣ .
- مەكسیم گۆرگی ، كامەران ، (ژیاننامه) ، ل٧٣ — ٧٥ .
- موئتەمەری باندۆنگو ئاشتی جیهان ، (وتار) ، ل٧٥ — ٨٠ .
- چۆن دەرسی هونەر ئەوترێتەوه له وڵاتماندا ، شاخەوان ، (هونەر) ، ل٨٠ — ٨٥
- برووسكەو نامه ، (گۆشه) ، ل٨٥ — ٨٨ .
- قوتابیانی كوردستان ، مستەفا سلێمان ، (وتار) ، ل٨٨ — ٩٢ .
- چیت نەزانی پرسیار بكه ، (گۆشه) ، ل٩٢ — ٩٤ .

**ژ(٣) ،س٢ ، ئەیلوولی ، ١٩٥٨**

- فرمانی ئەمرۆمان ، (سەروتار) ، ل١ — ٤ .
- نەتەوەی كوردو یاسای جمهوریەت ، فاتح عبدالكريم ، (وتار) ، ل ٤ — ١٠ .

- قوتابیانی کورد له ئەوروپا ،( ڕیپۆرتاژ) ، ل١٠ — ١٧ .
- ڕێگای هیند ، وەرگێڕانی محمدی ملا کریم ، (وتار) ل١٧ — ٢٦ .
- عبدالکریم قاسم ، کمال غەمبار ، (هۆنراوە)، ل٢٦ — ٢٩ .
- گەڕانەوەی قارەمانان بۆ سلێمانی ،(ڕیپۆرتاژ) ، ٢٩ — ٣٧ .
- نامەیەك بۆ بەهەشت ، محمد نوری توفیق ، (نامەی ئەدەبی) ، ل٣٧ — ٤٠ .
- هۆنراوەی جوان ، هێمن ، (هۆنراوە) ، ل٤٠ — ٤٤ .
- دەربارەی ئەدەبی ڕاستەقینەی نوێ ، (وتار) ، ل٤٤ — ٤٩ .
- ١٤ی گەلاویژ ، قەدری جان ، (هۆنراوە ) ، ل٤٩ — ٥١ .
- سلاّوێك ، نەسرین فەخری ، (هۆنراوە)، ل٤٥ — ٤٨ .
- شۆڕشی پیرۆز ، هەوری ، (وتار) ، ل٤٨ — ٥٢ .
- گۆشەی زانیاری ، (وتار) ، ل٥٢ — ٥٩ .
- بۆ ئافرەتی کورد ، خانم زوهدی ، (وتار) ، ل٥٩ — ٦٣ .
- کوردستانی من ، کامل ژیر ، (هۆنراوە) ، ل٦٣ .
- قوتابیانی کوردستان ، عبدالکریم عبدالرزاق (وتار) ، ل٦٤ — ٦٦ .
- بێ تاوان ، وەرگێڕانی محمد سعید جاف ، (چیرۆکی وەرگێڕاو) ، ل٦٦ — ٧٦ .
- شێری ولاّت بارزانی هات ، قەدری جان ، (هۆنراوە) ، ل٧٦ — ٧٨ .
- شۆڕشەکەمان شۆڕێکی دیموکراتی میللیە ، احمد غفور ، (وتار) ، ل٧٨ — ٨٣ .
- هاتنەوەی قارەمانانی کورد تیرێکی ژەهراویە کە ئاراستەی چاوی ئیمپریالیزم ئەکرێت ، (وتار) ، ل٨٩ — ٩٢ .
- چیت نەزانی پرسیار بکە ، (گۆشە) ، ل٩٢ — ٩٥ .
- چاپکراوی تازە ، (هەواڵ) ، ل٩٥ — ٩٦ .

**ژ(٤) ، س٢ ، تشرینی یەکەمی ١٩٥٨**

- ڕێگای ڕاست ، (سەروتار)، ل١ — ٤ .
- کوردو کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا ، وەرگێڕانی انور محمد قەرەداخی ،

(وتار) ، ل٤ — ٨ .

- قوتابینی کورد لە ئەوروپا ،(وتار) ، ل٨ — ١٤ .
- بۆ فریشتەی ئاسایش ، دلزار ، (هۆنراوە) ، ل١٤ — ١٧ .
- زانست و ژیان ، (وتار) ، ل١٧ — ٢٢ .
- کە دایکم بە ڕۆژو بوو ، مەم ، (چیرۆك) ،ل٢٢ — ٣٠ .
- بۆ سوپای نەبەزی عێراق ، کاکە شوان ، (هۆنراوە) ، ل٣٠ .
- کۆمەڵەی هەرەوەز ، فازل ، (وتار) ، ل٣١ — ٣٩ .
- مەمك زۆری ، مستەفا امین ، (وتار) ، ل٣٩ — ٤٥ .
- ڕۆژی ئازادی ، نەسرین فەخری ، (هۆنراوە، ل٥٨ — ٦٠ .
- لادێکانمان ، فازل ، (وتار) ، ل٦٠ — ٦٨ .
- هەڵمەتە گەورەکەی سوپای گەلی عێراق،شەوکەت غفور،(وتار) ، ل٦٨ — ٧١ .
- کێ ئازایە ، محمود حاجی رەحیم ، (هۆنراوە) ل٧١ .
- یەك....دوو... هەرسێکی ، هێمن ،(هۆنراوە) ، ل٨٢ — ٨٤ .
- لینین گەورەترین پیاوی مێژوو لە سەدەی بیستەمدا،وەرزێر،(وتار)،ل٨٤ — ٨٨ .
- کە مردم ، دیلان ، (هۆنراوە) ، ل٨٨ .
- گەڕانەوەی قارەمانەکان بۆ سلێمانی ، (ریپۆرتاژ) ، ل٨٩ — ٩٦ .
- نامەیەکی کراوە ، (نامە) ، ل٩٩ — ١٠٢ .

**ژ(٥) س٢ ، تشرینی دووەم ١٩٥٨**

- سەروتار ، ل١ — ٣ .
- چوار وەرزی ساڵ ، ل٣ — ٤ .
- ئاهەنگەکەی گەنجانی کوردستان لە هۆڵی گەل لە بەغدا ، ل٤ — ٧ .
- دەمەتەقێنی بایزو باپیر ، هەژار ، (هۆنراوە ) ، ل٧ — ١٠ .
- بانگی یەکێتی قوتابیانی گشتی عێراق ، ل ١٠ — ١٣ .
- چیت نەزانی پرسیار بکە ، (گۆشە) ، ل١٣ — ١٧ .

- دەرەبەگی ، ناکام ، (وتار) ، ل١٧ — ٢٢ .
- بە کام شێوەی زمانەکەمان بنووسین، محمدی ملا کریم ، (وتار) ، ل٢٣ — ٢٨ .
- گۆڕانی کۆمەڵ لە سەرەتای مێژوودا ، نوسینی ل.سیغال ، وەرگێڕانی وەرزێر ، (وتار) ، ل٢٨ — ٣٣ .
- لینین م.م ، (هۆنراوە)، ل٣٣ — ٣٥ .
- ئاهەنگەکەی یەکێتی قوتابیانی گشتی عێراق لقی سلێمانی ، فازل ، (ڕیپۆرتاژ) ، ل٣٥ — ٤٣ .
- برایەتی و دۆستایەتی نەتەوەکانی عێراق لەسەر ڕۆشنایی "نەزەریەی زانیاری" ، فاتح عبدالکریم، (وتار) ، ل٤٣ — ٤٩ .
- پاراستنی جمهوریەت و کۆمەڵ و پاراستنی مافەکانی ئافرەتان ، عالیا عبدالکریم (وتار) ، ل٤٩ — ٥٣ .
- قوتابیانی کورد لە ئەوروپا ، (ڕیپۆرتاژ) ، ل٥٣ — ٦١ .
- بۆ قارەمانانی بەرزان ، کاکە شوان ، (هۆنراوە) ، ٦١ — ٦٣ .
- شۆڕشی ئۆکتۆبەر و مەسەلەی کورد ، احمد غفور ، (وتار) ، ل٦٣ — ٨٨ .
- قوتابیانی کوردستان ، م.س، (وتار) ، ل٨٩ — ٩٤ .
- مەدالیای هیوا (چیرۆك بۆ شانۆ) ، گرەو ، ل٩٥ .

**ژ( ٦ ،٧ ) ، س٢ ، کانوونی دووەمی ١٩٥٩**

- یەك بگرن و هێزتان کۆبکەنەوە ، (سەروتار) ، ل١ — ٤ .
- کوردی بوختان بۆکراو،جەمال نەبەز ، وەرگێڕانی فاتح عبدالکریم،(وتار)،ل٤ — ١٢ .
- سروودی لاوان ، هێمن ، (هۆنراوە)، ل١٣ — ١٥ .
- ئیشکەری ڕاست ، ڕەشید عارف ، (وتار) ، ل١٥ — ١٧ .
- ڕووخانی باستیلی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕانی محمدی ملا کریم ، (وتار)،ل١٧— ٢٢
- بۆ ئافرەتانی کوردستان ، پەخشان ، (هۆنراوە) ، ل٣٢ .

- لەتیَ نان و شیشیَ کەباب ، فازل ، (چیرۆك) ، ل٣٣ — ٣٧ .،
- نامەیەك لە کوردستانی ئێرانەوە ، ل٣٧ — ٤٥ .
- ئەستێرەی ئازادی ، ج. بابان ، (وتار) ، ل٤٥ — ٤٨ .
- مێژووی لام باش نیەیەی سلێمانی تا ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ ، احمد خوازە ، (وتار) ، ل٤٨ — ٥١
- کاری شۆڕشەکەی عێراق لە زۆرانبازی دەوڵەتەکانا ، وەرگێڕانی ف. ع. ك. ، (وتار) ل٥١ — ٦٢ .
- بوێژی بەناوبانگی کورد وەفایی ، سکاڵا ،(وتار) ، ل٦٢ — ٦٥ .
- ئەنجامی یەکەم گرەوەی هیوا ، ل٦٥ .
- چۆن بووم بە هونەرمەند ، ئەمین میرزا کریم ، (شانۆگەری) ، ل٦٦ — ٧٧ .
- پاڵەوانێتی کچێك ، محمد نوری تۆفیق ، چیرۆکی وەرگێردراو ، ل٧٧ — ٨٠ .
- بۆ کوردستان ، جەمال شاربازێری ،(هۆنراوە) ، ل٨٠ .
- خەباتی کورد ، (وتار) ، ل٨١ — ٩١ .
- مۆسکۆی جوان ، گۆران ، (هۆنراوە) ، ل٩٠ — ٩٢ .
- شەوێکی بەهار ، فەتاح کریم کاوە ، (هۆنراوە) ، ل٩٦ .
- دیواری ئەتلەس ، وەرگێڕانی صبیحە عبدالمجید ، (چیرۆك) ، ل٩٧ — ١٠٣ .
- نامەیەك بۆ قاهیرە ، وەرگێڕانی م.م، (وتار) ، ١٠٣ — ١١١ .
- بیری ئازادی ڕێگەی ڕزگارییە ، هەوری ، (شانۆگەری) ، ١١١ — ١٢٩ .
- چیت نەزانی پرسیار بکە ، (گۆشە) ، ل١٢٩ — ١٣٢ .
- هیواو خوێندەوارانی ، (گۆشە) ، ل١٣٤ — ١٣٩ .
- چۆن لە بیرم بچێتەوە ؟! ، مستەفا صالح کریم ، (چیرۆك) ، ل١٣٩ — ١٤٤ .

**ژ(٨) ، س٢ ، شوباتی ١٩٥٩**

- کوردینە جەژنی نەورۆزتان پیرۆز بێت ، (سەروتار) ، ل١ — ٣ .
- هیوا لە کۆڕی خەباتا ، ل٣ — ٥ .

- لینین سەرۆك و رێكخەری گەورەترین شۆڕشە لە مێژوودا ، احمد غفور ، (وتار) ، ل٥ — ١٦ .
- شۆڕشەكەی عێراق و مەسەلەی كورد ، وەرگێڕ ، محمدی مەلا كریم ، ل١٧ — ٣٥ .
- جەژنی نەورۆز ، ( هۆنراوە) ، ل٣٥ — ٣٧ .
- لاشەی بدرالدین ، وەرگێڕانی عبدالرزاق حمد بیمار ، (چیرۆك) ، ل٣٥ — ٤٤ .د
- مەولەوی و بەهار ، (هۆنراوە) ، ل٤٤ — ٤٦ .
- نەورۆزی ئەساڵمان ، محمد نوری تۆفیق ، (وتار) ، ل٤٦ — ٤٩ .

**ژ(٩ ، ١٠ ) ، س٢ ، نیسان و مایسی ١٩٥٩ .**

- هیوا لە كۆڕی ئەدەبا ، (سەروتار) ، ل١ — ٥ .
- لێكدانەوەی مۆسیقا بە شێوەی سیاسی ، وەگێڕ ، عەتا تالەبانی و فاتح عبدالكریم ، (وتار) ، ل٥ — ٢٢ .
- نیشتمانە بچكۆڵەكەم ، وەرگێڕ نەسرین فەخری ، ( هۆنراوە) ، ل٢٢ .
- ئەنگلس ئەفسەرێكی سوپای كرێكارانی هەموو جیهانە ، محمد نوری توفیق ، (وتار)، ل٢٣ — ٢٨ .
- هۆنراوەو میللەتەكەم، عبدالرزاق حمد ، (هۆنراوە) ، ل٢٨ — ٣١ .
- لە ئاسمانی لوبنانا ، "چیای گۆیژە" ، احمد خواجە ، (وتار) ، ل٣١ — ٣٦ .
- یادی ڕصافی نەمر ، وتار، ل٣٦ — ٣٩ .
- خەیاڵی خاوە ئیستیعمار ، قادر ملا احمد ، (هونراوە) ، ل٣٩ .
- ئەدیب و هونەرمەندە كوردەكانمان و پێویستیەكانی ئەمڕۆی سەرشانیان ، محمدی مەلا كریم ، (وتار) ل٤٠ — ٤٥ .
- سێ هۆنراوەی تازەی شاعیری گەورە عبدالوهاب البیاتی وەرگێڕ عزالدین مستەفا رسول ، (هۆنراوە) ، ل٤٥ — ٤٨ .
- ڕۆژنامەو گۆڤاری تازەی كوردی ، ل٤٩ — ٥٤ .
- هیواو خوێندەوارانی ، ل٥٤ — ٦٠ .

- دایك وەرگێڕ ، حسن قەزلەجی ، (ڕۆمان) ، ل٦٣ ٧٠ .
- خەباتی ئافرەتی كورد ، عالیه عبدالكریم ، (وتار) ، ل٧١ — ٧٥ .
- سلاوی ئافرەتانی عێراق بۆ موصلی قارەمان ، ل ٧٥ — ٨٥ .
- خۆش بەختی و شادی و زەماوەندی گەل ، ل٨٠ — ٨٧ .
- یەكێتی ئەدیبانی عێراق ، ل٨٧ — ٨٩ .

**ژ(١١ ، ١٢ ) ، س٢ ، حوزەیران و تەمووزی ١٩٥٩**

- هیواو شۆڕش و سالّی سێیەمی ژیان ، (سەروتار) ، ل١ — ٦ .
- خوێندن بە زمانی كوردی ، ابراهیم بالّدار ، (وتار) ، ل٦ — ١٧ .
- كۆمۆنیزم و نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری،محمد ملا كریم،(وتار) ، ل١٨ — ٢٩ .
- ئەدەب بۆ كێ ئەنوسرێ ، احمد حامد دلّنیا ، (وتار) ، ل٢٩ — ٣١ .
- نامەی دایكێك لە ستالین كرادەوە بلّێین بە جەنگ نەخێر ، وەرگێڕانی نەسرین فەخری ، (وتار) ، ل٣١ — ٣٩ .
- رودكی كێیە ، وەرگێڕانی عاصم حیدری ، (وتار) ، ل٣٩ — ٤٣ .
- بەهاری كوردستان ، نجم الدین مەلا ، (هۆنراوە) ، ل٤٣ — ٤٩ .
- هێزی یەكیەتی،وەرگێڕانی،ك.ك. كوردۆییێڤ و:ك.ر. ئەیوبی،(هۆنراوە)،ل٤٩ — ٥٢ .
- سەربەستی م.رسول (هاوار) ،(هۆنراوە)، ل٥٣ — ٥٥ .
- بیرەرەوەری یەكەم سالّی شۆڕشی ١٤ی تەمووز ، حەسیب قەرەداخی ، (هۆنراوە) ، ل٥٥ — ٦٠ .
- ژیان ، ن،(هۆنراوە) ، ل٦٠ — ٦٢ .
- دایك ، وەرگێڕانی كمال غەمبار ، (هۆنراوە) ، ل٦٠ — ٦٢ .
- دایك ، وەرگێڕانی كمال غەمبار ، (هۆنراوە) ل٦٢ .
- بەیانی ، قادر ملا احمد ، (هۆنراوە) ، ل٦٣ .
- یادی شۆڕشی پیرۆز ، جمال نوری، (هۆنراوە) ، ل٦٤ — ٦٧ .
- ئازادی ، ج. بابان ،(هۆنراوە) ، ل٦٧ — ٧٠ .

- یادی شۆڕش ، بێ چاو ،(هۆنراوه) ، ل٧١ — ٧٢ .
- ئیتر بەسیەتی شەڕ ، نازم حیکمەت و توفیق فیکرەت و: عبدالقادر صاحبقران،(وتار) ،ل٧٣ — ٧٨ .
- نامەیەك .... بۆ ....بەندیخانە ، مەم ، (چیرۆك) ،. ل٧٩ — ٨٦ .
- عبدالوهاب بەیاتی ئەگەڕێتەوە نیشتمانەکەی،نازم حیکمەت،(وتار)،ل٨٦ — ٩٠
- مەولانا خالیدی شارەزووری ، نەوشیروان نزار ، (وتار) ، ل٩١ — ٩٧ .
- پەیامێك لە سکالأی دەروون ، ژوان ، (هۆنراوه) ، ل٩٧ — ١٠٠ .
- کورد نابڕێتەوە ، پیرەمێرد ، (هۆنراوه) ، ل١٠٠ .
- بۆ دەستەی نوسەرانی گۆڤاری هیوا ، (نامە) ل١٠٤ — ١٠٦ .
- نەخۆشی تاوانکار ، حسن قزلجی ، (چیرۆکی وەرگێردراو) ، ل١٠٦ — ١٢٤ .
- بەدرۆی خۆش باوەڕ مەکە ، احمد خواجە ، (وتار) ، ل١٢٤ — ١٢٨ .
- هیواو خوێندەوارانی ، (گۆشە) ، ل١٢٨ — ١٣٢ .

**<u>ژ(١) ، س٣ تشرینی دووەمی ١٩٥٩</u>**

- کوردو سەرۆکی دڵسۆزو کۆماری دیموکراتی ، (سەروتار) ، ل١ — ٦
- ئایا ئەشێ ئەدیب (بوێژ) لایەنگری لایەکی تایبەتی نەبێ،احمد حامد،(وتار)ل٦ — ٩
- شەهید ،گۆران ، (هۆنراوه ،ل٩ — ١٢ .
- کێ مێژوو دروست دەکات ؟ ، دکتۆر الفیصل السامر ، وەرگێرانی فاتح عبدالکریم ، (وتار) ، ل١٢ — ٢٠ .
- جولأنەوەی تۆرانیەت لە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەدا ، ابراهیم علاوی ، وەرگێڕانی محمدی ملا کریم ،(وتار) ، ل٢٠ — ٢٣ .
- جوانی شقلاوه ، وردی ، (هۆنراوه) ، ل٤٢ — ٤٥
- هەربژی یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەری نەمر ، (وتار) ، ل٤٥ .
- لاهوتی شاعیری بەناوبانگی کورد ، حسن قزلجی، (وتار) . ل٤٦ — ٥٢ .
- برایەتی بەهێزی ڕەنج کێشانی جیهان ، (وتار) ، ل٥٢ — ٦١ .

- زۆربەی گەل ، هۆشەنگ ، (هۆنراوە) ، ل٦٢ — ٦٣ .
- فس فس پاڵەوان ، ج.بابان ، (چیرۆك) ،ل٦٣ — ٦٨ .
- هەڵبژاردە لە شعری چینی،وەرگێڕانی محمدی ملا کریم، (هۆنراوە) ل٦٨ — ٧١ .
- کـۆنگرەی چـوارەمی کۆمـەڵی خوێنـدکارانی کـورد لـە ئـەوروپا ، کمـال فوئـاد ، (ریپۆرتاژ) ، ٧١ — ٨٤ .
- پەیمان،(هۆنراوە)، ل٨٤ — ٨٧ .
- چۆن لە بیرم بچێتەوە ، مستەفا صالح کریم ، (چیرۆك) ، ل٨٧ — ١٠٣ .

**ژ(٢ ،٣ ) ، س٣ ، کانونی یەکەمی ١٩٥٩ و کانونی دووەمی ١٩٦٠**

- پێشەوای مەزن (سەروتار) ، ل١ — ١٤ .
- هەوری پایز ، گۆران (هۆنراوە) ، ل١٤ — ١٦ .
- نەتەوایەتی ، وەرگێڕانی فاتح عبدالکریم ، (وتار) ، ل١٦ — ٣٢ .
- لە ئەدەبی کوردی سۆڤیەت ، ئامادەکردنی وردی ، (هۆنراوە) ، ل٣٢ — ٣٩ .
- خەبات بۆ پاراستنی ئاشتی خەباتە بۆ ئازادی نیشتمان ، وەرگێڕانی عاصـم حیـدری ، (وتار) ، ل٣٩ — ٤٢ .
- لێکۆڵینەوەی ئەتۆم ، احمد عوسمان ، (وتار) ، ل٤٢ — ٤٨ .
- جمهوریەت ، بیتۆڤی ، محمدی ملا کریم ، (هۆنراوە) ، ل٤٨ — ٥٠ .
- کۆمیونە میللیەکانی چینی میللی چۆن یارمەتی ئافرەتان دەدەن ، گـۆڕینی شـفیقە احمد ، (وتار) ، ٥٠— ٥٤ .
- هیوا لەگەڵ مامۆستا انور مائی ، چاوپێکەوتن ، ل٥٤ — ٦١ .
- سوورانە ! هۆشەنگ ، (هۆنراوە) ، ل٦١ — ٦٣ .
- بەڕەحمەت بێ خەتای باوکی بوو ،محمد نوری توفیق ، (چیرۆك) ، ل٦٣ — ٦٧ .
- چوار بەگایی ، قەلەندەر ئالانی ، (چیرۆك ) ، ل٦٧ — ٧٢ .
- قەلغانێکی پۆڵاینە ، حسێن عوسان نێرگسە جاڕی ، ( هۆنراوە)، ل٧٢ — ٧٥ .
- زایەڵەی ڕۆژگار ،(پەخشان) ، ل٧٥ — ٧٨ .

- یانەی سەرکەوتنی کوردان ، ئاهەنگ ئەگێڕی ، (ڕیپۆرتاژ)، ل٧٨ — ٨٧ .
- چارە ڕەشەکان ، ویکتور هوکو ، حسن قزلجی ، (چیرۆك) ، ل٨٧ — ٩٥ .
- کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شقلاوە ، (ڕیپۆرتاژ) ، ل٩٥ — ١١٦ .

**ژ(٤) ، س٣ ، ئازاری ١٩٦٠**

- دیسان یەکگرتنی ڕیز! ، (سەروتار) ، ل١ — ٥ .
- ئاشتی،هۆیەکانی جەنگ،چۆن ئاشتی ئەپارێزین،فاتح عبدالکریم،(وتار)، ل٥ — ٢٤ .
- دوا سرنج ، گۆران ، (هۆنراوە) ، ل٢٥ — ٢٨ .
- وێژەو چینەکانی کۆمەڵ، (وتار) ، ل٢٨ .
- محتوم خولی شاعیری گەورەی تورکمانستان ، (وتار) ، ل٢٩ — ٢٦ .
- لە ئەدەبی چینی ، وەرگێڕانی وردی .، (هۆنراوە) ، ل٣٦ — ٤٠ .
- هۆشی منە ، وەرگێڕانی علی بەرزنجی ، (وتار) ، ل٤٠ — ٤٣ .
- وێنەیەك لە ژیانی ڕابردووی قادر کەرەم ، پشکۆ ، (هۆنراوە) ، ل٤٣ — ٤٩ .
- زەردەشت ، کاکە مەم فەخری ، (وتار) ، ل٤٩ — ٥٢ .
- نامەیەك ، ئاسۆ ، (هۆنراوە) . ل٥٢ — ٥٥ .
- لین و هێرمان ، (وتار) ، ل٥٥ — ٦٠ .
- ئەمرۆ ... یەك شەممەیە ، نازم حیکمەت ، وەرگێڕانی کمال غەمبار ، (هۆنراوە) ، ل٦٠ — ٦٢ .
- بنیادەمی تیرخۆر (وتار) ، ل٦٢ — ٧٠ .
- بەڕێم کردی ،ن.(هۆنراوە) ، ل٧٠ .
- ڕاکردوو ، محمد خدا ،(چیرۆك )، ل٧١ — ٧٧ .
- ڕزگاربوونی سەرۆك عبدالکریم ، کریم شارەزا ، (هۆنراوە) ، ل٧٧ — ٧٩ .
- خەبات و ژیان، عبدالرزاق محمد ، (ڕەخنە) ، ل٧٩ — ٨٩ .
- نان و ئاشتی و سەربەستی ، نەسرین فەخری ، (هۆنراوە) ،ل٨٩ — ٩٠ .
- دەرۆزەکەر،ئەنتۆن تشیکۆف،وەرگێڕانی احمد قەرەداخی،(چیرۆك)،ل٩١ — ١٠٠ .

**ژ٥ ، س٣ ، مایسی ١٩٦٠**

- له پێناوی بوژاندنەوەی یانەی سەرکەوتنی کوردانده ،( سەروتار)، ل١ — ٤ .
- چیرۆك لە چینا لە ١٩١٩ ەوە نوسینی وانك یاو ، وەرگێڕانی محمدی مل کریم ، (وتار) ل٥ — ١٨
- وتم بە بەختی خەواڵوو ، حاجی قادری کۆیی (هۆنراوە) ، ل١٨ — ٢٤ .
- نەورۆز، جمال عبدالقادر بابان ، (چیرۆك بۆ شانۆ) ، ل٢٤ — ٤٠ .
- بەهاری پاش باران ، گۆران، (هۆنراوە) ، ل٤٠ — ٤٢ .
- وتاری دکتۆر هاشم دۆغرەمەچی لە ئاهەنگی نەورۆزی یانەی سەرکەوتندا ، (وتار)،ل٤٢ — ٤٨ .
- نەورۆز ، حسیب قەرەداخی ، (هۆنراوە) ، ل٤٨ — ٥٢ .
- ئەنجامی شەڕ ، وەرگێڕانی محمد نوری توفیق ، (چیرۆك) ، ل٥٢ — ٦٣ .
- لە ئەدەبی کوردی سۆڤیەت ، ئامادەکردنی وردی ، (هۆنراوە) ، ل٦٣ — ٦٨ .
- فەرهەنگی خاڵ ، تاهر صادق ، (ڕەخنە) ، ل٦٨ — ٧٠ .
- بەستنی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان ، ل٧٠ — ٧٢ .
- نەورۆزی ئەمساڵمان ، (ڕیپۆرتاژ) ، ل٧٢ — ٨٤ .

**ژ٣٠ ، س٤ ، تشرینی یەکەمی ١٩٦٠**

- هێنانەدی ئاواتە نەتەوەییەکانی کورد لە عێراقدا ، بەردی بناغەی یەکێتی نیشتمانی یە ، (سەروتار) ، ل١ — ٩ .
- کاروان ، کاکەی فەللاح ، (هۆنراوە) ، ل٩ — ١٢ .
- نامەی باوکێك لە بەندیخانەوە ، محمد نوری توفیق ، (پەخشان) ، ل١٢ — ١٥ .
- یەکخستنی زبانی کوردی ، عیسمەت شریف وانلی ، وەرگێڕانی فاتح عبدالکریم، (وتار) ، ل١٥ — ٣٦ .
- ئەدەب بۆ گەلە ، حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی ،(هۆنراوە) ، ل٣٦ — ٣٨ .
- بۆ دایکێکی عێراقی ، ف.ع.ك، وەریگێڕاوە ، (هۆنراوە) ، ل٣٨ — ٤٠ .

- وەڵامی رەخنەکەی فەرهەنگی خاڵ ، حەمە جەزا ، (وتار) ، ل٤٠ — ٤٤ .
- بۆ هیوا ، بێ خەو ،(هۆنراوە) ، ل٤٤ — ٤٦ .
- سەردانێکی چاوەڕوانەکراو،محمد رشید قەرداخی وەریگێڕاوە،(وتار)،ل٤٦— ٥٣ .
- مامۆستا رەفیق حیلمی کۆچی دوایی کرد ! ، (هەواڵ) ، ل٥٣ .
- گۆرانی کەشتیوانێك، نازم حیکمەت،وەرگێڕانی کمال غمبار،(هۆنراوە)،ل٥٤ — ٥٦ .
- پەتروس و گاپوچکە ، یوری یانۆ ڤسکی،وەرگێڕانی هۆگر،(چیرۆك)،ل٥٦— ٦٤ .
- نوێژی جوتیار ، هۆشەنگ ، (هۆنراوە) ، ل٦٤ — ٦٧ .
- لەگەڵ شێخ ڕەزای تالەبانی لە دیوانەکەی ، عبدالرزاق محمد،(وتار)،ل٦٧— ٧٥ .
- ئەنتۆن چیخۆف و نوسینەکانی و گێروگرفتی واقیعیەت ، احمد عوسمان ابوبکر ، (وتار) ،ل٧٦ — ٨٢ .
- بیرەوەری ڕۆژی ڕەشی ٦ی ئەیلول ، (وتار) ، ل٨٢ — ٨٧ .
- سەیرە ! ، نان لە ولاتی ناندا نەبێ ! !، معروف خەزنەدار ، (وتار) ، ل٨٧ — ٩٧ .
- هەربژی یادی شێخ محمودی نەمر ، یادەوەری ، ٩٧ — ٩٨ .
- ڕووداوێکی پڕ ئازار ، (هەواڵ) ، ل٩٩ .
- ئەی شیعر ، ابو القاسم الشابی ، وەرگێڕانی کریم شارەزا ، (هۆنراوە) ، ل١٠٠.
- نوشتەکەی ئامینە خان ، حسن قزلجی ، (چیرۆك) ، ل١٠١ — ١١٠ .

**ژ٣١ ، س٤ ، کانونی دووەمی ١٩٦١**

- یانە بۆچی دامەزراوزە،وەچۆن ئەتوانێ ئامانجەکانی بهێنێتەدی،(سەروتار).ل١ —٤.
- کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا ، گۆران ، (وتار)، ل٥ — ١٢ .
- بابە تاهیری هەمەدانی ، عبدالرزاق بیمار ،(وتار) ، ل١٢ — ١٦ .
- بلبلێکی ئازاد ، پشکۆ ، (هۆنراوە) ، ل١٧ — ١٩ .
- دەستنوسی کوردی لە "نامەخانەی ئیپراتۆری پێشووی بەرلین" معروف خەزنەدار،(وتار) ، ل٢٠ ٢٥ .
- نەخۆشیی ساری وخۆڵێ پاراستنی،دکتۆر هاشم دۆغرەمەچی،(وتار)،ل٢٥ —٢٩ .

- گوڵی شادیم ، جمال نوری ، (هۆنراوه) ، ل٢٩ — ٣٠ .
- یۆلیۆس فاچیك ڕۆژنامەنوسی خەباتکەر ، (وتار) ، ل٣١ — ٤٢ .
- نموونەیەك لە ڕابردوو ، م.ر، (هۆنراوه) ، ل٤٣ — ٤٨ .
- لە خەوما ،محمد نوری توفیق ، (چیرۆك) ، ل٤٨ — ٥٢ .
- دوو پیتی بێ وێنە ، تاهر صادق ، (وتار) ، ل٥٢ — ٥٤ .
- مامۆستاوزانای کورد دکتۆر(بەکایف)،عزالدین مستەفارسول،(وتار)،ل٥٤— ٥٧.
- زانایانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی عەتیکەو شوێنەوارەکان چەند عەنتیکەو شوێنەواری گرنگیان دۆزیەوە ، (وتار) ، ل٥٧ — ٦٠ .
- بیرەوەری بێ کەسی نەمر لە بارەگای یەکێتی ئەدەبیاتی عێراقدا ، (وتار) ل٦٠ .
- لەگەڵ شێخ ڕەزای تالەبانی لە دیوانەکەیدا ، بەشی دووەم ، عبدالرزاق محمد ، (وتار) ، ل٦٠ — ٧٠ .
- کەشکۆڵی جادویی ، حسن قزلجی ، (چیرۆك) ، ل٧١ ٨٠ .

**ژ(٣٢) ، س٤، حوزەیرانی ١٩٦١**

- مێژوویەکی کورتی نەورۆز ،وە کورد و خزمەت کردنی بە سەقافەتی عەرەب،علاء الدین سجادی،(وتار)،ل ١— ٥، پاشماوەکەی لە ل ٦٧.
- کوردزانی لە لینینگراد، کوردۆییێف ، (وتار)، ل ٥— ١٢.
- ژیان و زانستی کوردەکانی ئەرمینیای سۆفیەتی،ئەمین ئەبدال،وەرگێڕ لە عەرەبییەوە محمدی مەلا کەریم،(وتار)،ل ١٢— ٢٠.
- مەولەوی و بەهار،(شیعر)، ل ٢٠—٢٢.
- کۆیەو شاعیرانی،کەریم شارەزا،(لێکۆڵینەوە)،ل ٢٢—٢٨.
- وەڵامێکی زمانەزانی،پاکیزە ڕەفیق حلمی،(ڕەخنەی زمانەوانی )،ل ٢٨— ٣٣.
- سەرنجێك لە وتارەکەی مامۆستا هەژار لە ژمارە(١)ی ڕووناهی دا، معروف بەرزنجی، (رەخنەی ئەدەبی)،ل ٣٣— ٤١.
- دوو تیپی بە وێنە، معروف خەزنەدار، (زمانەوانی)،ل ٤٢ —٤٤.

- نەورۆزی ١٩٦١، گۆران ، (شیعر)،ل٤٤ –٤٧.
- لە گۆشەی ئەدەب،عبدالخالق علاءالدین ، (وتار)،ل ٤٧– ٥٠.
- رۆژژمێر،یان، رۆژمێر، طاهر صادق،(وتار)، ل ٥٠– ٥٢.
- شێخ سەلامی شاعیر، کاکەمەم، (وتار)، ل ٥٢– ٥٥.
- شەهیدانی قەلاّی دمدم، عبدالرزاق محمد،(لێکۆڵینەوە)،ل٥٥– ٦٢.
- لومومبا،جلال،(شیعر)، ل٦٣ .
- دەنـگ و باسـی حوێنـدەواری کـورد لـە یـەکێتی سـۆڤیەت دا،ریپۆرتـاژ، معـروف خەزنەدار،ل ٦٤–٦٧.
- یانەی سەرکەوتن و داوای تواندنەوەی کورد،صدیق ئەتروشی،ل ٦٨.
- نامەیەك بە یادی جەژنی نەورۆز، پۆلاّ، (پەخشانی ئەدەبی)،ل٦٩–٧٢ .
- پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئاهەنگی نەورۆزدا،(ریپۆرتاژ)،ل ٧٣–٧٦.
- هەلبژاردنی دەستەی بەرێبەری تازەی یانەی سەرکەوتنی کوردان،(هەواڵ)،ل ٧٦.
- هیواو خوێندەوارانی ،(گۆشە)،ل٧٧– ٨٠.
- جەژمـــە بیرەوەرییـــەك لـــە کۆمـــەڵی خوێنـــدکارانی کـــوردەوە لقـــی یـــەکێتی سۆڤیەت،(نامە)، ل ٨٠.

**ژ(٣٣) ، س٥ ، تەمموزی ١٩٦١**

- یادی سێهەمی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی پیرۆز ، (سەروتار) ، ل١ — ٣ .
- مۆسیقای کوردی لە یەکێتی سۆڤیەت بـەرەو پێشەوەچوونی مۆسـیقای کـوردی لـە ماوەی چل ساڵدا ، وردی ، (وتار) ، ل٣ — ٨ .
- گۆرانی من ، کمال غەمبار ، (هۆنراوە) ، ل٨ .
- تازەترین بەرهـەمی خوێنـدەواری کتێبێـك و وتارێـك لـە ولاّتـی سـۆڤیەتدا ، معـروف خەزنەدار ، (وتار) ، ل٩ — ١٢ .
- لە قوژبنێکی بەندیخانەوە ، نەسریت فەخری ، (هۆنراوە) ، ل١٢ — ١٣ .
- بەناوبانگکترین شتی لای خۆمان ، ج. بابان ، (وتار) ، ل١٤ — ١٧ .

- بەلاّم دلّنیام ، محمدی ملا كریم ، (هۆنراوە) ، ل١٧ — ١٩ .
- بانگی ئاشتی ، ناهیدە سلام ، (پەخشان) ، ل١٩ — ٢٠ .
- گەلی كوبا ، جلال دەباغ ، (هۆنراوە) ، ل٢١ — ٢٣ .
- دەك مالّت وێران شەڕ داگیرسێنەر، عبدالخالق علاءالدین ، (وتار)، ل٢٣ — ٢٥ .
- بەراوری كوردی لە چیەوە هاتوە ؟ ، بەشیر موشیر ، (وتار) ، ل٢٥ .
- یادی پیرەمێردی بوێژ ، گۆران ، (هۆنراوە) ، ل٢٦ — ٢٨ .
- لە یادی شەهیدەكانی ١٩ی حوزەیرانە ، (یادەوەری)، ل٢٨ .
- دیسانەوە لەگەڵ كاك تاهر صادق ، پاكزە ڕەفیق حلمی ، (وتار) ، ل٣٠ — ٣٣ .
- پیتە ناسازەكان ، تاهر صادق ، (وتار) ، ل٣٣ — ٣٦ .
- سەرنجێك لە وتارەكەی كاك عبدالخالق علاءالدین ، ح.أ، (وتار) ،ل٣٦ — ٣٩ .
- دوو پیتی بە وێنە ، جمال جلال عبدالله ، (وتار) ، ل٣٩ — ٤١ .
- جوتیاری كورد لە چیرۆكی"جوان"دا،حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی ، (وتار)،ل ٤٢— ٤٨.
- فۆلكلۆری كوردی ، (وتار) ل٤٨ — ٥٠ .
- كەشتی خەوو چیترا ، (وتار) ، ل٥٠ — ٥٢ .
- فرە وەگیانم خۆشە ، عبدالرزاق محمد ، (وتار) ، ل٥٢ ٥٤ .
- نامەیەكی كراوە بۆ هەموو كوردێك ، جەلیلی جاسم ، (نامە) ، ل٥٤ .
- شەهیدی زوڵمە كفن و شۆردنی ناویّ ، حسن قزلجی ، (چیرۆك) ، ل٥١ — ٦١ .
- شەتل ، معروف بەرزنجی ، (چیرۆك) ، ل٦١ — ٧٠ .
- باوكە...تۆ بڕوات بە من نیە؟،ئارسەر میللەر، و.ع، بیمار، (چیرۆك) ،ل٧٠ — ٨٣.
- ئاوارەكان ، مەم ، (چیرۆك) ، ل٨٣ — ٩٢ .
- دیمەنێكی سامناك لەسەر سنوور ، قەلەندەر ئالآنی ، (چیرۆك) ، ل٩٢ — ١٠٠ .

**ژ(٣٤) ، س٥ ، ئەیلولی ١٩٦١**

- کوردینە ...خۆتان و یانەکەتان ، دکتۆر صدیق ئەتروشی (سەروتار)، ل١ — ٧ .
- ئەدەب و گوزارەی ئەدەب ، علاءالدین سجادی ، (وتار) ، ل٧ — ١٠ .
- هەڵبەستی بێگانە،نازم حیکمەت،وەرگێڕانی عبدالرزاق بیمار،(هۆنراوە)،ل١٠—١٤ .
- گۆیندە دەنگ خۆشەکانی ناوچەی سلێمانی ، ج.بابان ، (وتار) ، ل١٤ — ١٨ .
- ئەنشتین ، وەرگێر ک.ف، (وتار) ، ل١٩ — ٢١ .
- ئەی هۆنراوە ، عبدالرزاق محمد ، هۆنراوە ، ل٢١ — ٢٣ .
- ئاژاوەی زاراوەکان ، عبدالستار کازم ، (وتار) ، ل٢٣ — ٢٨ .
- زمانەکەمان ، جمال جلال عبدالله ، (وتار) ، ل٢٨ — ٣٥ .
- چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مامۆستا پاکیزە ڕەفیق حلمی ، ل٣٥ — ٤١ .
- دوژمنەکەی مام قیتەڵ ، حسێن عارف ، (چیرۆك) ،ل٤١ — ٤٧ .
- شانۆی کوردستان ، معروف برزنجی ، (ڕەخنەو لێکۆڵینەوە) ، ٤٧ — ٥٦ .
- کۆیەو شاعیرانی ، صلاح علی ، (وتار) ، ل٥٦ — ٥٩ .
- مانگی کوردی ، بەشیر مشیر ، (وتار) ، ل٦٠ — ٦٢ .
- ئەیلولی خوێناوی ، کاکە مەم ، (وتار) ،ل٦٢ — ٦٥ .
- ئەدەبی میللی کۆن و ئەدەبی کلاسیکی ڤێتنام ، عاسم حیدری،(وتار)،ل٦٥ —٦٩.
- دیپلۆمی بەرزو کوردەکانی سۆڤیەت ، میکائیل رەشید ، وەرگێڕانی وردی ، (وتار) ، ل٦٩ — ٧٢ .
- شاللاّ سواری کەریشیان بکردیتایە ، میدیا ، (چیرۆك) ، ل٧٣ — ٧٨ .
- هەستێکی بەرز ، (پۆستە) ، ل٧٨ — ٨٠ .

**ژ(٣٥)، ژمارەی تایبەت بە جەژنی نەورۆزەوە ،**

- جەژنی نەورۆز ، ل١ — ٣ .
- نەورۆزی من ، ابراهیم احمد ، (هۆنراوە) ، ل٣
- جەژنی نەورۆز ، شێخ سەلام ، (هۆنراوە) ، ل٣

- بەهار ، نالی ، (هۆنراوە) ، ل٤ .
- نەورۆزی خانی (هۆنراوە) ، ل٦ .
- بەهار ، مەولەوی ، (هۆنراوە) ، ل٦ — ٧ ..
- نەورۆزو دڵ و یار ، وەفایی ، (هۆنراوە) ،ل٧ — ٨ .
- بەهاری کوردستان ، حاجی قادری کۆیی ، (هۆنراوە) ، ل٨ — ١٠ .
- گۆرانی نەورۆزەکەمان ، پیرەمێرد ، (هۆنراوە) ، ل١٠ .
- هەڵبژاردەی نەورۆز، عوسمان مستەفا خۆشناو، دڵزار، وردی، (هۆنراوە) ، ل١١ .
- نەرۆزی ٦١ ، گۆران ، (هۆنراوە) ، ل١٢ — ١٤ .
- دیاری نەورۆز ، کامەران ، (هۆنراوە) ، ١٤ — ١٦ .
- مژدەی نەورۆز ، نوری علی امین ، (هۆنراوە) ، ل١٧ — ١٩ .

**ژ(٣٦) حوزەیرانی ١٩٦٢**

- ئایا ئەبێ نوسەرەکانمان بنوسن یان نا؟ ، ع، (وتار) ل١ — ٥ .
- هەڵبەست و تێکۆشان و ئافرەت ، (وتار) ،٥ — ٧ .
- رێگا ، کمال بیزار ، (هۆنراوە) ، ل٧ .
- دیوانی قالچیچەك ، مەعروف خەزنەدار ، (وتار) ، ل٨ — ١٢ .
- هەڵبەستەکانی (علی تەرموکی ) هاوار ، (وتار) ل١٢ — ١٦ .
- مەبەست چیە لەم هەموو وشە تازانە، جمال جلال عبدالله (وتار)، ل١٦—٢١.
- دونگسوژووی، وەرگێڕانی محمدی شێخ احمد ، (وتار) ، ل٢١ — ٢٥ .
- هەژار ، نوری علی امین ،(هۆنراوە) ل٢٥ — ٢٨ .
- سکێچی گۆرانی "دروێنە" ، (هۆنراوە) ، ل٢٨ — ٣٠ .
- بازاڕی چاپەمەنی ، ل٣٠ — ٣٤ .
- بۆ... پێشەوە ، مەجید ئاسنگەر ، (چیرۆك) ،ل٣٤ — ٤٠ .

**ژ(٣٧)، تشرینی یەکەمی ١٩٦٢**

- هەر ئەبێ بنووسن ! ، (وتار) ، ل ١ — ٩ .

- نامیێك لە شەترەوە ، کەریم شارەزا ،(هۆنراوە) ، ل ٩ .
- منالێك ، وەرگێڕانی ووردی ، (چیرۆك) ، ل١٠ — ١٢ .
- بەستەی جووتیار ، عوسمان شارباژێڕی (هۆنراوە ، ل١٢ — ١٥ .
- بۆ خۆشەویستەکەم ، سالار ئەمین ،(پەخشان) ل ١٥ — ١٦ ،
- هەوالّی نەتەوەکەت بزانە ، نورەدین زازا ، (وتار) ل١٧ — ٢٤ .

**ژ(٣٨) ، حوزەیرانی ١٩٦٢**

- هیواو گۆران ، ل١
- گۆران لە چەند دێڕێکا، ل ٢— ٥ .
- لە مامۆستا گۆرانەوە بۆ پیرەمێرد ، لا٥ — ٨ .
- مۆسکۆی ئەیار ، ل ٩ — ١٠ .
- وەلآمی پرس، ١١—١٢
- بێداریەك، ل ١٢—١٣
- گۆران مرد و نەبڕایەوە ، ج ، بابان ، لا ١٤ — ١٦ .

# گۆڤاری هیوا

ژمارە ١ ساڵی ١ تەمووزی ١٩٥٧

# هیوا

گۆوارێکی ئەدەبی و زانستییە مانگی جارێک دەرئەچێ

زماره ـ ١ ـ سال ـ ١ ـ گەلاوێژ ( تەموز ) ١٩٥٧



دیمەنی گەلی عەلی بەگ

**لەم ژمارەیەدا**


١ ـ ئەستێرە یەکی نوێ
٢ ـ ریگای کامەرانی
٣ ـ زمانی کوردی
٤ ـ دیوانی هیوا
٥ ـ تێکۆشین
٦ ـ برنارد شو
٨ ـ هەموکیان ئەبەرێك
٩ ـ سوتانەوەی پەردەی میشك
١٠ ـ چەوەنەری شەکر
١١ ـ کونفوشیوس
١٢ ـ ئەتوم و هیزی ئەتوم
١٣ ـ پرنە تولە سەندن مەکەرەوە

# هیوا

گوواریکی ئەدەبیو زانستییە مانگی جاریك دەرئەچی

ژمارە ـ ١ ـ سال ـ ١ ـ گەلاویز ( تەموز ) ١٩٥٧

**لەم ژمارەیەدا**


| | | پەرە |
|---|---|---|
| ـ ئەستیرەیەكی نوی .. .. | ماموستا ـ ع | ٤ |
| ٢ ـ ریگای كامەرانی .. .. | شاكر فتاح | ١٤ |
| ٣ ـ زمانی كوردی .. .. .. | عبدالقادر قەزاز | ١٨ |
| ٤ ـ دیوانی هیوا .. .. .. .. | | ٣٠ |
| ٥ ـ تی‌كوشین .. .. .. .. .. | | ٣٣ |
| ٦ ـ برناردشو .. .. .. .. .. | | ٣٦ |
| ٧ ـ چیروكی ژمارە .. .. .. .. .. | | ٤٤ |
| ٨ ـ هەموو گیان لەبەریك : گورینی شیخ حسن شیخ معروف | | ٥١ |
| ٩ ـ سوتاننەوەی پەردەی میشك : دوكتور عبدالرحمن .. | | ٥٥ |
| ١٠ ـ چەوەنەری شەكر : جەمال عبدالكریم فؤاد .. .. | | ٥٩ |
| ١١ ـ كونفوشیوس : فاضل .. .. .. .. | | ٦٧ |
| ١٢ ـ ئەتومو هیزی ئەتوم : ووردی .. .. .. | | ٧١ |
| ـ بیر لەتولەسەندن مەكەرەوە !! .. .. .. | | ٧٢ |
| ١٤ ـ گەشتی مستر ریچ : وەرگیری شەمال صائب .. | | ٧٥ |


**وە گەلی شتی تریش ئەخوینیتەوە**

# پێشەکی

سوپاسی ئەوپیاوە دل سوزانە ئەکەین کـــــە لەهەمو روویەکەوە بودەرهینانو پیشکەش کردنی ئەم گووارە یارمەتی‌یان داوە **وەئیمەیش بەم هویەوە واگوواری هیوا پیشکەش بەو نشـــتمانپەروەرو زانایانە ئەکەین کە لەزور دەمیکەوە لەپیناوی خزمەتی زانستیو دارشتنی پنچینەی زمانی کوردی‌یا تی‌کوشاونو رەنج‌ئەدەن •**

انجا هیوا بە هیوایە نو سەرانو زانایان بەنوسینی پرســـــوودی زانستیو ئەدەبی ، پەرەکانی وەها برا زینریتەوە کەهەمو کەس شانازی پیوە بکاتو بتوانین بلیین ئیمەیش لەجیهانی ئەدەبو خوینـــــدەواری‌یا ناومان لەناو ناوانا هەیە •

**چونکە لەمچەرخەدا هەمو نەتەوەیەك بەپی‌ی رادەی پیشکەوتنی زانستو بەرزوونزمی ئەدەبی‌خوی دیتە کایەو ناوبانگی ئەبیو ئەناسریت•**

**وەهەر بەم ئامانجە پیروزە تکا لە ئەدیبو شاعرو نوسەرە بەریزەکان ئەکەین کە ئەم گووارە ساوایە بەهی خویان بزاننو دلنیاش‌بن کـــە بەنیازی خزمەت‌کردنو پیشکەوتنی زانستو ئەدەبی کوردی ئەم گووارە بلاو ئەکریتەوەو هیچ مەبەسیکی تری‌نیە •**

**لەبەرئەمە لەسەرمان پیویستە هەمومان ئەرکی ژیاندنو خزمەت‌کردنی ئەمگووارە بگرینە ئەستو • ئیتر بەم ئاواتە خاوینە وا چەپکەگولی تازە پشـــــکووتووی هیواتان پیشکەش ئەکەین وە پیشەکی ســـــوپاسی ئەوخوینەوارە بەریزانە ئەکەین کە سەرپەرشتی‌مان بکەنو پیشنیاری خویان بنووسن •**

**لەشعری**
**کامـــەران**

کرریوەی ناسور ، لەکیوی ژینـــا
لەدلو گیـــانی ، بیهیزو تینـــا
لول ئەخوا ٠٠٠٠ لەناو دەمی برینا
گریەم دیتە گوی ، لەنەغمەی بینا

بەلام ٠٠ بەستەی خەم لەدەمم ( نایە )
گورانیم تەنیـــا ( نەغمەی **هیوایە** )

# وشەیەك

یانەی سەرکەوتن زوردەمیکە بە ئاواتەوەیە لەسەر بەرنامەی خوی ئەو خزمەتانەی لەسەریەتی بیکا ، ماوەیەکی زورە **بوگـــەیشتن بەم ئامانجە وینەی پەپولەی عاشق بی شەوقی چرا ئەندامەکانی ئەم یانەیە هەل ئەسورین ، وا لەئەنجاما لەدوای مانوبوونو تیکوشانیـــــکی زور توانییان ئیمتیازی گوواری هیوا وەربگرن کەئەمەیش ئاواتیکە هاتەوی**

چونکە هیوا بەم هیوایە دەرئەچیت کەدەرگای میشکی حەپس کراوی خوینـــەوارانو شـــاعران بکاتەوە و لەپیناوی بەرزی ئەدەبو باوی خویندەواری یا هیزی قەلەم یان بخەنەوەکارو خزمەتیك بکەن •

**لەبەرئەمە زور بەگەرمی تکا ئەهەمو نیشتمان پەروەریکی دلسوز ئەکەین لە بەسەرهاتوی روژانی رابوردوی ئەم یانەیە ببورن کەلانەی هەموکوردیکەو بەپیویستی بزانن زور بەگەرمی ئەهەمو روویەکـــەوە یارمەتیمان بدەنو ببنە پشتیوان ئیترسوپاس بوهەمونیشتمانپەروەریکی دلسوز کەبیانەوی یارمەتی گەلی دواکەوتوی خویان بدەن •**

---

ـــ بەلامەوە گرنگ نیە کەبیرو باوەری توم بەدل بی بوئەوەی لەسەرت هەل بدەمی ، بەلام تا مردن پاریزگاری ئەو حەقەت ئەکەم کەبتوانی بیرو باوەری خوت بەسەربەستی دەربری •

ڤولتیر

# ئەستێرەیەکی نوی

## لە ئاسوی ئاسمانی ویژەی کوردا

سولەیمانی : ماموستا ــ ع ــ

ئوخەی ئەوا ئەستیرەیەکی گەشی تریش لە ئاسوی ئاسمانی ویژەی کوردەوە هەل هات ، ئەو ئاسمانەی کەوا « گەلاویژ » ی جوانە مەرگ چەند سالیك زور دلسوزانە بەتیشکی زیرینی کەلو قوژبنی کەلە پوری ویژەیی گەلی کوردی روناك کردەوە وە هەمو کوردیکی خویندەواری شارەزا لە گەلاویژ ئەزانیت کەچون‌لە گەلاویژی ئاسمانی ئەم زەویە بوزەوی بەورشەو پرشە تربو لەئاسمانی ویژەی کوردەواریدا بو کوردو ویژەی کورد ، تالەناکاو لیمان ئاوابو و داخی نا بە جەرگی هەموانەوەو چاو برینە ئاسومان بی کەلك بوو جاریکی ترهەرهەل نەهاتەوە ، بەلام وائیستا لەجیی گەلاویژ وە لەئاسوی هیواوە ( هیوا ) لەدەم کەل دەرکەوت و هەل هات هیوا مان وایە ئەو پەیامەی کە ( گەلاویژ ) هە لی گرتبو وە پەیمانی دابو کەبیگە یەنیت بە ئامانج و فریانەکەوت ئەمجا ( هیوا ) هەلی گریت‌و دلسوزانە بی بات بەریوە ، بە تایە یە تی‌لەم روژانەدا کەوا روژنامەو گووار لەهەمو روژانی رابوردو زیاتر پیویستن بو گەلان ، گەلی کوردیش ئەتوانم بلیم لە هەمو گەلانی تری گیتی زیاتر پیویستی بە روژنامە و گووارە چونکە کەمو کوری ویژە ییی و ئابوری و کومەلایەتی و ٠٠٠٠ هیجگار زوری هەیە کەپیویستیان بە لی دوانو چارەکردنە ، بەلام لەبەر ئەوەی ( هیوا ) گوواریکی ویژییە منیش ناچار تەنها باسیکی کورتی

کەمو کوریە ویژە یەکان وە پیویستی سەرشانی ( گوواری هیوا ) بەرامبەر بەو کەمو کوریانە تان بوئەکەم •

گومانی تیا نیە کە گەلی کورد وەکو هەمو گەلانی تر خاوەنی ویژەو میژوویەکی ویژەیی زەبەندو بەنرخـــــە ، بەلام داخی گرانم لەبەر گەلیك هو خویندەوارانی دلسوز بویان نەکراوە و نەیان توانیوە خەریکی بوژاندنەوەو پیش خستنی ویژەو نوسینەوەی میژووی ویژەی کوردی بین ، بویە ئەو سامانە بەنرخە کەهەر هەلبەستیک یان وو تاریك یان •••• یان •••• لە مشتی گەوهەر زور بەنرخ ترە ـ بەداخەوە ئەلیم ـ گەلیکی لی فەوتاو وون بو ، بەلام لەگەل ئەوەشا ئەوەندەی کەئیستاش ماوە جیگەی شانازی هەمو کوردیکە وەبەلگەیەکی زور گەورەیە بو ئە وەی کەوا نەتەوەی کورد خاوەنی سامانیکی ویژەیی ئەو تویە کە میژوو نوسانی ویژە سەرسام ئەکات ، وە دوای بوژاندنەوەو پیش خستنی بەسە بو ئەوەی بمان گەیەنیتـــــە ریزی دەولەمەندترین نەتەوەی ســــەر زەمین لەویژە دا •

کەوابو خوشکی بەریزی ( گەلاویژ ) ی جوانەمەرگ هەر وەکو چون بەسەر هەمو گیرو گرفتیکا سەر کەو تیتو هەل هاتی هەر وەهاش ئەبیت نیازت بەرزو پیروز بیتو خو بەخت کردنو تی کوشان لەپیناوی زیندوکردنەوەو پیش خستنی ویژەی کوردیا ئاواتت بیت ، پیویستەئەوەندەش بزانیت کەوا کاریکی پیروزو باریکی گرانت لەسەر شانەو ریـــــگایەکی دوورو دریژی پر درکو دا لت لـــــەبەرە ئەبی بی‌بریت بو ئەوەی پەیامی پـــــیروزت بەجی بینیت وبی گەیەنیتە ئامانج سابو پیشەوەو دلنیاش بە بی‌کەس نیت •

# ڕێگای کامەرانی

## نووسینی: شاکر فتاح

**کامەرانی**

کامەرانی یان سەعادەت ئەوپەری مرازی هەمو لایەکمانە • کەس نیە بو کامەرانی تی نەکوشی ، لەراستی یا هەمو کردەوەو کاریکمـــان رووەو کامەرانی ئەچی • وەئەگەر ژین کامەرانی ی لی بکەیتەدەری ئەبیتـــە دوزەخ کەلەمردنیش خراپترە • کەواتە کامەرانی ئامانجی هەموکەسیکە وەنیازی هەرە نازداری هەمو گیان لەبەریکە • وەبو هەر بابەتیکی ژیان تی کوشین ، وەهەرشتومەکی پەیداکەین وەبەهەر جوریك بجوولیینەوە مەبەسمان گەیشتن بەکامەرانیە •

کەواتە کامەرانی ئاواتی ژیانە ، نیشانەی زیندەگانی و سەرکەوتن و بەرکەوتنە لەژیانا بەلکو جوانی ی ژین و گیانی ژیانە • کامەرانیش کەهیندە تازەنین و نازدارو نرخدارە لەبەرچاوی هەمولایەکمان رازیکی خوایی یە ، خوا بویە وای لی کردووە کەپیاو تی کوشی و کەلك بەخشی و لەدەستووری خوایی شارەزابی و لەریگەی پی رەوی کردنی دەســـتوری خوایی یەوە لەخوا نزیك بیتـــەوە وەپیاو لەریزەی گیـــان لەبەرو درندەوە بوپایەی پیاوچاکی وەبیتە یەکیك لە کەلك بەخشی و چاکیا وەك فریشـــتەبی • ئەوسا ســـەرزەوی ببیتە یانەیەکی پیاوچاکان ، برازیتـــەوە بەدادو چاکـــەپەروەری یەوە ، ببیتە بەهەشتیکی خوایی کەهەمو کەس تیـــا دلخوش بی و سەرفرازو کامەران بی • کەوابوو کامەرانی شتیکی پیروزو بەرزە ، خوشەویستی ی خەلك وخوایە وەئامانجی هەردوولایە • بەلام

ئایا ئەتوانین بەئاسانی بگەین بەکامەرانی ؟... ریگایەك هەیە بی گرین تابو کامەرانی مان‌بەریت ؟... کامەتا ئەوریـــــگایە ؟... وەچون‌ئەبی بەوریـــــگایەدا بروین ؟... گوی گرن بام هەنگاو بەهەنـــــگاو بوئەم ریگایەتان‌بەم •

کەپیاو لەدایك ئەبی خوا لەدلیا ســـــیانزەجور ( ئارەزوی نەژاد ) دروست‌ئەکات • لەم‌ئارەزووە نەژادانەش پەلوپو ئەبیتەوە • ئەم‌ئارەزووە گەورانەو پچوکانەش کەجاروبار یەك‌ئەگرن‌و تیکەل‌ئەبن‌و گەلی‌ئارەزوو ئاواتی‌تر پەیدائەبن ئەمانە هەرکامیکیان پیك‌هاتن ، کامەرانی پیـــــك‌دیت وەپیاو هەست بەکامەرانی ئەکات • بەلام کەبچینەوە سەربنج‌و بناوانیان هەمو ئەچنەوە سەر ئەوسیانزە ئارەزوەنەژادە • جائەم‌ئارەزووانەن کەپیاو ئەخەنەگەر ، وەپیاو بەم ئارەزووانەوە هەستی‌ی خوی ئەتوانی بپاریزی ، وەئـــــەتوانی ژیانی‌خوی بەریوەبەری • وەکومـــــەلەی ئادەمیزادیش بەرەوپیشکەوتن وەکامەرانی وەتەن‌دوروســـــتی بەری لەژیانا • وەیان بەرەودواخستن‌و سەرگەردانی‌و هەژاری‌و نەخوشی‌و دلتەنگی‌بەریت • کەواتە ئەم ئارەزووانە لەخویانا نەخراپن‌و نەچاکن • بەلام ئەوریگایەی کەئیمەئەیگرین تاپیکیـــــان‌بهینین وەبەکامی‌دلی خومان بگەین ، چاکی‌و خراپیمان دەرئەخات • بام نمونەیەکتان لەم‌بابەتەوە نیشان‌بدەم •

یەکی لەو ئارەزووانە ئەوەیە کەپیـــــاو حەزلەرەگەزی ژن‌ئەکات • ئەم ئارەزووە خوی نەنگی‌ی تیانیەو خراپ‌نیە • بەلام ئەگەر هات‌و ئیمە ئەوژنەی حەزی‌لی‌ئەکەین بەزور لەمالی‌باوکی‌مان داگیرکرد ، یاخود فرانمان ، ئەوە دیارە کەکردەوەیەکی خراپ‌مان کردووە وەئەوەندەی لەدەست‌کەوتنی ئەوژنەدا پی‌ی کامەران‌ئەبین ، ئەوەندەش ناخوشیمان دیتە ری لەو زور دارییەوە کەکردمان لەژنەکەو لەکەس‌و کاری ژنەکەو لەکومەلایەتی‌و لەحکومەت • لەئەنجاما شـــــیرینی‌و تالی‌مان وەك یەکی

لی‌دیته‌وه بگره‌تالی‌مان له‌شیرینی‌مان پتر ئه‌بی • چونکه ئه‌وره‌وشته‌ی گرتمان بو پیك‌هینـــــانی ئه‌و ئاره‌زووه‌مان ره‌وشتیکی خراپه ، نه‌خــــه‌لك ، نه‌حکومه‌ت ، وه‌نه‌خوا په‌سه‌ندی ناکات به‌لام ئه‌گـــه‌ر ئیمه ئه‌وژنه‌مان له‌سه‌ر ده‌ســـــتووری خوایی خواســـــت له‌باوکی وه‌به‌خوشی‌ی خوی ماره‌مان کرد دیاره که کامه‌رانیه‌که‌مان کامه‌رانیه‌کی ته‌واو په‌سه‌ند ئه‌بی • چونـــــده ، هه‌م‌ئاره‌زویه‌کی دلی‌خومان‌مان به‌جی‌هینا ، هـــــه‌م‌ئازاری دلی که‌سیشمان‌نه‌دا وه هه‌م فه‌رمانی خوایی‌و کومه‌لایه‌تی‌و حکومه‌تیشمان نه‌شـــــکان •

که‌واته هه‌ر ته‌نیا به‌ئاره‌زو پیك هینان ، کامه‌رانیمان پیك نایه‌ت ، ئه‌بی ریگای ئاره‌زو پیك‌هینانیشمان له ده‌ســـــتوری خوایی و خه‌لك‌و حکومه‌ت نه‌چیته ده‌ره‌وه‌و •

ده‌ستوری خوایی له‌سه‌ر دو بنچینه‌یه :ـ

١ ـ چاکه کردن ، ٢ ـ خراپه نه‌کردن •

جا هه‌رشتیك ئه‌که‌ین به‌لای خواوه دوروستو په‌سه‌نده به‌وه‌مه‌رجه‌ی شتیکی چاك‌بی بو خومان یان بو خه‌لکی ، پاش‌ئه‌وه ئه‌وشته زیانشی بو که‌س تیا نه‌بی •

داد په‌روه‌ری راستکویی ، سه‌رراستی ، دلسوزی ، ده‌س‌پاکی ، سه‌ربه‌ستی ، ئازادی ، داوین‌پاکی ، دل‌خاوینی ، به‌ئارامی ، روخوشی ئه‌م ره‌وشته چاکانه هه‌مو بابه‌تی ژینیکی پرکامه‌رانین • چونـــــکه هه‌مو به‌لگه‌ی ئه‌وه‌ن که‌خوا ئه‌ناسین وه باوه‌ر به‌خواو به ده‌سه‌لاتی خوا ئه‌که‌ین که‌به‌پی‌ی کرده‌وه‌مان یان سزامان ئه‌دات وه‌یان چاکه‌مان ئه‌داته‌وه ، له‌به‌ر ئه‌وه پیویسته بزانین که خواناسی‌و کرده‌وه‌و ره‌وشتی چاکیش ریگایه‌کی گرنگن بو کامه‌رانی ، وه هه‌ر ریگایه‌ك بگرین بوپیك هینانی ئاره‌زووه‌کانی دلمان ئه‌بی له‌سه‌ر ئه‌م بنچینه‌ی خواناسی‌و چاکیه دای‌مه‌زرینین

ئەگینی بەکامەرانی ناگەین • وەئەگەر بە کامەرانیش بگەین تەمەنی زور دریژ نابیت وەزوری پی‌ناچی ئەوەندەی کامەرانیکەو پتریش تەنگانەو تەنگو چەلەمەمان دیتەری وە کامەرانیە کەمان لەبیر ئەباتەوە •

## دەستوری کومەلایەتی

لەهەمو گەل‌و کومەلیکا رەوشتو خو پەیدا ئەبیت وەئەم رەوشتو خووانە لەئەنجاما ئەبنە دەستوری ژیانی ئەو کومەلە ئەم دەستورانەش ئەگەر بشکینرین ئەوە دیارە لەلایەن کومەلەوە پیاو توشی گیرو گرفت‌و دەردی سەری دیت وەئەگەر پی‌رەوی کرین ئەوە دیارە پیاو خوی لەوەیی کومەل‌و ئازاردانی ئەپاریزیت • جاکەوەختی تی‌ئەکوشین بوپیك هینانی ئارەزوی دل‌مان پیویستە هەر وەك پی‌رەوی دەستوری خوایی بکەین هەروەها • پی‌رەوی ئەم دەستوری کومەلایەتی‌یەش بکەین • وەهیچ گیرەو کیشەیەك بوخومان پەیدا نەکەین •

## دەستوری حکومەتی

دەستوری حکومەتی یان لەسەر بنچینەی رەوشتو خوو دەستوری کومەلایەتی وەیان لەسەر دەستوری خوایی وەیان لەسەر هەردوو دەستور دائەمەزری • جاکەواتە دەستوری حکومەتیش پیویستە راگیری ونەشکینری •

بەلام ئەگەر هاتو دەستوری کومەلایەتی وەیان دەستوری حکومەتی پیچەوانەی دەستوری خوایی وەستان ، تو پیویستە دەستوری خوایی راگریت لەپیك‌هینانی ئارەزوەکانتا ، چونکە لەجهاندا لەدەستوری خوایی بەولاوە هیچ دەستوریکی‌تر ناتوانی پیاو بەرەو کامەرانی بەریت •

## ئەنجا می قسە

کەواتە تی گەیشتین کەکامەرانی‌مان بەوەپیك‌دیت کە سیانزە

ئارەزوەکانی دڵمان بەجیبهینین بەو مەرجەی ئەو ریگایانە بگرین بوپیك هینانیان کەلە دەستوری خوایی و حکومتی و کومەلایەتی نەچنە دەرەوە•
ئیستە ئایا ئەم سیانزە ئارەزوە نەژادانە چین ؟ • • • ئارەزوە نەژادەکان ئەمانەن :ــ

١ ــ خو دور خستنەوە لەوشتانەی ئازارمان ئەدەن •
٢ ــ بەرەنگاری کردنی ئەو شتانەی کە ئازارمان ئەدەن ، یان زیانمان پی ئەگەینن •
٣ ــ نواندنی گەورەیی وەك هی دایکوباوك بوکوروکچیـــــان وەکهی سەروکان بو بەر دەستیان •
٤ ــ حەز کردن لەرەگەزی تر وەك حەز کردنی پیاو لەژن ، وەهی ژن لە پیـــــاو •
٥ ــ لی پرسینەوە ، لی کولینەوە ، بەدواداگەران •
٦ ــ ئارەزو کردنی ملکەچی بوئەوانەی دەسەلاتیان هەیە وە ترسی ئازار دانیان لی ئەکری ، یان هیوای چاکەیان لی ئەکری •
٧ ــ سەرکەوتن ، پیشکەوتن ، بەسەرا زال بون •
٨ ــ ئارەزوی کومەلایەتی ، هاوری دوزینەوە •
٩ ــ راوکردن ، بەدوی ناندا گەران •
١٠ ــ ئارەزوی شت پەیداکردن ، شت کوکردنەوە •
١١ ــ ئارەزوی شت پیکهینان ، شت دامەزراندن ، شت دوروســـــت کردن •
١٢ ــ ئارەزوی لەش خوشیی ، دڵ خوشی ، بەزمو رەزم •
١٣ ــ ئارەزوی یاریدە دان ، یەك گرتن ، هاوکاری •

## خوا ری‌مان پیشان ئەدا

جا هەروەکو وتمان بو پیك هینانی ئەم ئارەزوە نەژادانە ، هەزاران

ریگا هەیە کە بیگرین ، بەلام ئەو ریـــــگایانە هەمو باش‌نین • ئەبی ئەو ریگایانە هەلبژیرین کەباش‌بن • واتا پیچەوانەی دەســـتوری خوایی‌و کومەلایەتی‌و حکومەتی نەکەین لە پیك‌هینانی ئارەزوە کەمان‌دا ئەتوانین بەهوی بیرەوە خوا بناسین ، بەخوا بگەین ، وە لەگەلیا گفتو بکەین ، وەلی‌ی داوای پیشان‌دانی ریگا بکەین بوسەر کەوتن‌و تەن‌دوروستی‌و کامەرانیمان • پیویستە پی‌رەوی ئەو ریگایانە بکەین کەخوا پیشان‌مانی ئەدا بو پیك‌هینانی کامەرانیمان •

چونـــــکە ریگای خوایی راستە ، دوروســــــتە ، هەلەناکات ، وەجیگای‌باوەرە کەبەتەواوەتی ئەمان‌گەیینی بەئارەزوانی دل‌مان ، کەواتە بو کامەرانیشمان هەربام ئەو دەستورە بەرزە پیروزە بگرین •

## کامەرانی بەدەست خومانە

کامەرانی بەدەست خومانە • چونکە تەنیا خومان گەورەی خومانین • وەهەمو کەسیکمان دەسەلاتی تەواومان هەیە کەخومان کامەران کەین • چونکە کامەرانیش وەك هەموشتیکی تر لەژیان دا لەئەنجامی پی‌رەوی کردنی دەستوری خوایی وتیکوشینەوە پەیدا ئەبی • لەبەر ئەوە قەت بروا بەوە نەکەی کەخوا توی بەکلولی‌و سەر گەردانی دوروست کردبی • هەرچونی‌بی بارت ، هەرچونی‌بی نیشتمانت ، حکومتت ، دەوروپشتت ، ئەتوانی زال بیت بەسەر هەمو گیروگرفتکی ژیانتا وەبگەی بەکامەرانی • لەبەر ئەوە ئەگەر دلتەنگی‌یەکت هەیە ، بزانە لەچی‌یە وەیـــە ؟ بوچی پەیدابوە ؟ بی‌گومان ئەبی دەستوریکی خوایی‌ت شـــکاندبی بویەکا ئەو دلتەنگی‌یەت روی داوە • انجا کەهوی دلتەنگی‌یەکەی خوتت دوزیەوە ، خوتی لی‌لادە ، بەپیچەوانەی ئەو ، پی‌رەوی دەستوری خوایی‌بـــکە ، زوری پی‌ناچی دلتەنگی‌یەکەت لەکول ئەبیتەوە ، وەکامەرانی هەســـت ئەکەیت خوا پیاوی بوئەوە دوروست نەکردوە کەهەمیشە لەگیرەوکیشە

وگیروگرفت ودلتەنگیابیت • بەلکو بوئەوەی دوروست کردوە کەهەمیشە وەك هەمیشە بەهار لەکامەرانیا گەش‌ورو خوش‌و شەنگوشوخ‌بی ئەوانەی کەچەوت ئەرون لەژیان‌دا: واتا ئەوانەی‌دزی‌و دروزنی‌و زورداری ئەکەن، هەروەها ئەوانەی تەمەل‌و تەوەززەل‌و بی‌کارەن وەئەبن بەبار بەسەر خەلکەوە ، وەئەوانەی فرمانی خویان بەجی ناهینن وەئەوانەی دەستوری خوایی ئەشکینن لەخواردن‌و خواردنەوە و نوستن‌و هەلسان‌و دانشیتن‌و فرمان کردن‌و بەرم‌ورەزم‌و کومەلایەتی‌و تەن‌دوروستی‌دا ••• ئەوانە هەمو دورئەبن لەبەختیاری‌و کامەرانیەوە• جا بوئەمەی بگەیت بەکامەرانی پیویستە دەستورەکانی خوا کەبو هەمو لکیکی ژینی داناوە شارەزابیت وە پی‌رەویان بکەیت •

**بە هەلەدا نەچیت ! !**

زورکەس هەیە وا تی‌ئەگەن کەکامەرانی تەنیا لەوەدایە کە سامان‌و دەسەلات‌و پایەی‌بلندو شتومەکی زوریان دەست‌کەوی • بەلام ئەوانە بەهەلەدا چون • چونکە ئەوشتانە نیوەی کامەرانین • نیوەکەی تری کامەرانیش پیویستە وەدەست خەن ، انجا تەواو ئەگەن بەکامەرانی • ئەو نیوەیەش [کامەرانی‌ی گیان]یە • بەلکو ئەتوانم بلیم [کامەرانی‌ی گیان]ی هەمو کامەرانی‌یە • چونکو ( کامەرانی‌ی شتومەکیش ) هەر ئەچیتەوە سەر (کامەرانی‌ی گیان) • چونکو پیاو لەراستیا ( گیانی ) یە • یاخود بەشی گیانی‌ی زورترە لەبەشی ( لەشی ) ی •

لەبەر ئەوە قەت بروا نەکەیت کە کامەرانیت بەمە پیك بیت کەسامان‌و ژن‌و مال‌و کوشکی جوان و دەسەلات کوکەیتەوە • زوری وا هەن دەولەمەندو پایەبلندو دەسەلات‌دارن ، کەچی لەگەل ئەوەشا زور سەرشورو دلتەنگن • زور لەوەزیرو شاهەنشاهان بەدلتەنگی یەوە ژیان یان بەسەربردوە وەلەکامەرانی دوربون •

## لیم ناپرسی بوچ وابون ؟

لەبەرئەوە وابون کەبەتەنیا بە [ کامەرانی شتومەك ] وازیان هیناوە • هەولی دەست کەوتنی ( کامەرانی‌ی گیان ) یان نەداوە • ئەم کامەرانی‌ی گیانیە لەوەوە دەست ئەکەوی کەپیاو لەهەمو وەختیکا وە لەهەمو شوینیکا وەلەهەمو باریکا ، لەهەمو ژیانیا لەسەر دەســـــتوری خوایی بروات • ئەمەیەك ، دوەم تیکوشی بەهوی بیریەوە بگات بەخوا • جا کە گەیشـــت بەخوا ، خوا ئارامیکی گیانی ، ئاسایشیکی دلی‌ی پی‌ئەبەخشی ، وەبەهیمنی و نەرمونیانی وبی‌دەنگیەوە ، بەدلخوشی‌و کامەرانی‌یەوە ژیان بەسەر ئەبا •

ئەوی کامەرانی‌ی گیانی‌ی دەســـــت کەوی ، ئەوەندە باکی بون‌و نەبونی‌ی شتومەکی جهانی‌ی نیە • ئەگەر لەریگای سەربلنـــــدی‌یەوە شتومەکی جیهانی‌ی دەست کەوت ئەوا دلی‌خوی‌پی‌خوش ئەکـــــات ، وەئەگەر دەستی نەکەوت ، لەریگای چەوتەوە بوی تی‌ناکوشی دەســـت خوی‌خات ، وەبەتەنگ ئەوەشەوە نابی کەدەستی بکەوی •

پیاویك کەبو بەدوستی خواو توانی‌ی پی‌ی بگات ولەگەلیایەك کەوی، وەهەمیشە لەسەر ریگای خوا بروات ، هەمیشە کامەران ئەبی ، چونکە خراپەی لی‌ناوەشیتەوە، وەی بوکەس نابی بەپیچەوانەی ئەوە حەز بەچاکە کردن ئەکات لەگەل هەموکەسیکا چونکە هەمو کەسیکی خوش‌ئەوی ، بەهەمو جیگایەك دلی ئەکریتەوە تەنانەت ئەیەوی لەگەل دوژمنی خوشیا چاکە بکات • جا ئەو خوشەویستی‌یە کە تروسکەیەکی چرای خوایی‌یە ئەکەویتە دلی پیاوەوە وروشنی ئەکاتەوە ئەبیتە هیزیکی مەزنی گیانی ، ئارام ئەبەخشی بەگیان سرەوت ئەدا بەدل ، وەپیاو تاسەر کامەران ئەکات هیچ گومان نیە کەهەبونی خانویکی خنجیلانە وخانمیکی جوانکیلانەو اوتوموبیلیکی ناوازە وسامانیکی زوربەو دەسەلاتیکی گەورە دلی پیـــــاو خوش ئەکاو ئەیخاتە کامەرانی‌یەوە • بەلام ئەو کامەرانیە تاسەر بوپیاو

نامینی • ئەگەر پیاو فرمانی خوایی کەلەسەر شانیەتی بەرامبـــەر ئەو نازونیازانە ، جی‌بەجی‌ی نەکات • واتا : تادلیکی چاك‌و رەوشتیکی چاك‌و کردەویەکی چاکی خویشی نەخاتە گەر بەرامبەر خوی‌و خزم‌و کەس‌و کارو هاونیشتمان و برا دانیشتوەکانی جیهـــانی ، کامەرانیەکەی تەواو نابی ، وەتا سەرنابی ، وەزو لە ناو ئەچی •

خواناسی ، ترس لەدلی پیاو ئەکانە دەرەوە • وەدلی بەهیز ئەکات • رەوشت‌و کردەوەی چاك وچاکە کردن لەگەل خەلك پیـــاو لەخەلك‌و خوا نزیك ئەخەنەوە ، پیاو بەهیز ئەکەن • وەچرای خوش بەختی لەدلی پیاوا هەل ئەگیرسینن وەپیاو ئەکـــەن بە ( گەورەی خوی ) و نازداری خەلك‌و خوا •• لەبەر ئەوە هیوادارم کەهەمومان بەتەنشت کامەرانی‌ی شتومەکەوە بو کامەرانی‌ی گیانیش تی‌بکوشین تا کامەرانیەکەمان تەواوو تاسەربی •

---

# ووتەی بەجی

- ئەگەر لەدلسوزان یەکیك بمینی ، تولەی بەرودوا ئەسینی •
- شیر بم‌شکینی ، نەك ریوی بم‌خوات •
- لەهەر لایەکەوە با بیت شەن ئەکات •
- گەر هەمو مەلیك میوە خور بوایە میوە بەدارەوە نەئەما •
- تیر لە کەوان دەرچو ناگیریتەوە •
- پارو بودەم نەبی بوکوش چاکە •
- ئەم کاسەیە بی ژیر نیە •

# زمانی کوردی

نووسینی: عبدالقادر قەزاز

**زمان بوگەل وەك هەناسە وایە لە لەشی انسانا ؛ چوونکە بەکز بوونی زمان ناونیشانی کەلیش بەرەو کزی ئەرروا تا وای لی‌یەت کە بەناخی ئەرزا ئەچیتە خوارەوە • تأریخ پرە لەو دەرسانە کە باش پیشانمان ئەدات** چون گەلی ناودار بەهوی هەندی اسبابەوە کەیەکی لەوانە بی‌باکییە بەرامبەر بەزمان لەناوانا نەماون وە تواونەوە وە تیکەل بەمیلەتانی دەوروپشتی خویان بوون •

مەبەسم لەم باسە ئەوەنیە هان‌بدەم بوفیر نە بوونی زمانی بیگانە ، بەلکە بەپیچەوانەی ئەمە بەپیوپستی ئەزانم کە هەریەکە لەایمە ژنووپیاو لەهەموو تەمەنیکا بەدلوو گیان هەول بدا بو فیربوونی زمانی بیگانە بەوشەرتەی ئەم فیربوونی زمانی بیگانەیە نەبی بەهوی لەکیس چوونی زمانەکەی خومان وە توانەوەی لەپیناوی فیربوونی زمانی‌ترا • چونکە گەل بەزمانەوە ناوی‌هەیە وە چەند بە تەنگیەوەبی وە هەول‌بدابو پیش خستن وەپووختە کردنی ئەوەندەزیاتر قەدری ئەگیری وە رووی ئەدریتی •

ئەوانەی کە لەناومالا وەیا لەناو کومەلی خویی‌دا بەزمانیکی بیگانە بەخویان گفتوگو ئەکەن کاریکی ناتەواوە وائەزانن بەکار هینانی ئەوزمانە بیگانەیە جوانتر ، لایق‌تر وەپەسەندترە لەزمانەکەی خویان ، حال‌وایە لەم باوەررەدا زور بەهەلەچوون وەئەتوانم بەفخردودبلیم کە لەهەموو سەریکەوە حەقمان هەیە شانازی بکەین بەزمانەکەمانەوە

وەلە هەموو شوێنیکا بەسەربەرزیەوە بلێین هوی مانمان وەبەرگەگرتنمان تا ئیستا بەهوی زمانەکەمانەوە بوە •

لەمەوپیش زورجار چە بە قسە وەچە بەنووسین لەم‌باسە موهیمـە دواوین وە تکامان لەهاوولاتیە خوشە ویستە کانمان کردووە کە ری لە خویان تیك نەدەن وەسەر لەخویان وە لەنەتەوەیان نەشیوینن وەکاریکی وانەکەن ببن بەهوی کووژانەوەی ناوونیشانمان وەئەم ئەرکە بەگران بگرن وە بەبی‌باکی بەسەریا تی‌نەپەرن ، بەلام وا دەرئەکەوی ئەم هەموو دادو فریادەمان بەهەوا ئەروا وەکەس بەدەنگمانەدە نایەت •

کە ریم ئەکەویتە ناو خیزانیکی هاوو ولاتیم وەئەبیـــەم هەموو بەزمانیکی ترلەناو خویانا گفتوگو ئەکەن تاس ئەم‌باتەوەئینجا لەدلی خوما پیش ئەخومـــەوە تاوام لی‌یەت خوم پی‌ناگیری یەمەقســـە وە ئەکەومەسەرزەنش کردنی کەسانی ئەوخیزانە کە لە زمانەکەی خویان لایان‌داوە وە دەمی منالەکانیان بەزمانی‌تر راهیناوە وەلامی ئەم چەشنە خیزانانە هەرچیەك بووبی رەدم‌کردوتەوە وەپیم سەلماوون کە بەهەلە چوون •

بەلی لەهەموو کاتیکا نەزاکەت پیشان‌دان شتیکی زور پیویســـتە ، ئەگەر چەند کەسیك لەئیمە چوینە ناو کومەلیکەوە کە کەسانی بیگانە بەزمانی خومانی تیابی وە شارەزاییان لەزمانەکەمانا نیەنابی ئیمە وەخت هەر بە گفتوگوکردن بەزمانی خومان بەرینەسەر بەلکە پیویستە کاریکی وابکەین ئەواینش بتوانن بینە گفتوگو سا یابەزمانی خویان وەیا بەهەر زمانیکی‌تر کەئەتوانن بەکاری‌بی‌نین چونکە ئەم چەشنە کەسانە لایان وایە توهەر کە لیوت جوولانەوە وە کەوتیتە قسەکردن بەزمانیك کە تی‌ی‌نەگا وائەزانیت لەو ئەدوییی ، توانجی تی‌ئەگریت ، سەرزەنشتی ئەکەی وەعەیبی لی دەرئەهینیت لەبەرئەمە ئەگەر دەریشی نەبری لەدلا هەر

پەست ئەبی •

**هەندی کەس بەعەیبی ئەزانن ئەگەر لەبەرچاوی بیگانە لەناوخویانا بەزمانیخویان قسەبکەن چونکە زمانەکەیان لا بەسووك یەتە بەر چاو وە** وائەزانی خەلك **گالتەیان پیئەکەن ، حالوایە زمانیکووردی چەبە شیوە آهەنگ وەچە بەدەستوور لەرییزی زمانە ناسراوەکانا دانراوە ئەتوانم بلیم کەگەلی لەروژاواییەکان کە مەراقی زمانفیربونیان هەیە دانیـــان بەراستیی ئەم وتارەدا ناوە** • زورجار ریك کەوتوە کە دەرسی کوردییم بەبیگانە وتووە بەشی زوریان هەر کە کەمیك شارەزای بووبن وە چاویان تیاکرابیتەوە ئیتر لە خویانەوە پیی راهاتوون وەیارمەتی یەکی ئەوتویان نەویستووە بو پەیاکردن وە زور کردنی معلومات لەم زمانەدا • چەند سالیك لەمەوپیش بعثەیەك لەجامعەی میشیگانەوە هاتبوون بو عراق بو گەرران بەشوینە تأریخیەکانا راسپیررام کە یەکیکیان فیری کوردی بکەم ، مانگیك زیاتری نەخایان ئەم کورەئەمەریکاییە فیری کوردی بوو وە ئەیتوانی بەشینەیی قسەی پیبکا وە وەلامی گەلی پرســـــیار بداتەوە بی گوومان تارادەیەکی معلوم وە چونکە شارەزای لەگـــــەلی زمانیترا هەبوو ، کە باسی هەندی دەستووری زمانەکەمان بو ئەکرد وەیا ناوی هەندی شتم بەکوردی لائەهینا دەرحال پیئەکەنی وەئەی ووتبەزمانی دانیشتوانی فلان ولاتیش ئەم دەستوورە یائەم شتە وایە •

**هوی پەستیی زمانەکەمان تەنیا ئەوەیە کە خومان بە تەنگیەوە نیین وەخزمەتی ناکەین** وەتەنانەت بو ئەمەش چاوەریی ئەوە ئەکەین کەبیگانە حورمەتیبگریت • منالانمان هەرکەچوە قوتابخانە،ئیتر هەموو هوشوو گوشی ئەداتە زمانیتر وەهیچ کامیان دوو دیرری رەوانیان بەکوردی بوریك ناخری ، **نووسەرەکانمان بەداخەوە ئەلیم تاقەتی نووسینیان نەماوە ،** ئەگەرایمە بەگەرمی لەسەر نووسینی کوردی بروین وەسارد نەبینەوە لەقسە کردنو نووسین پیی ، وابیقەدر نامینیتەوە • پیویستە بەکووردی

بنووسین با نووسینەکەشمان بی‌هیزبی •

**لەبەر چاومانە کەگەلی لەخیزانە ناودارەکان دوای نەمانی گەورەکانیان بەچەند سالیك ناوونیشانیان نەماوە وە نەتەوەکانیان لەناو میلەتانی‌ترا وەك بەفری بەهار تواونەتەوە چوونکە بەزمانی خویان لەناومالا وەلەگەل هاروی‌یانا قسەیان نەکردوە ایستاش گەلی خیزانی واهەیە کەبەرەو نەمان ئەرون •**

**یەکی لەزمان ناسە بەناوبانگەکان ئەلی • زمان بو گەل وەك هەوا وایە بوسییەکانی انسان ؛ تا هەوا سافتر وەپاکتربی سیی زیاتر کەلکی لی‌وەرئەگری وەلەش پتـــــەوتر وە درووســـــتتر ئەبی ، زمانیش تا بەتەنگیەوەبیین وەهەول بدەین بو بژارکردن وە پوختە کردنی ، زیاتر لەناوکومەلی میللەتانا دەرئەکەوین وەقەدرمان ئەگیری • زمان سەرمایەی ژیانی گەلە وەهوی پیشکەوتن وە بەرز بوونەوەیەتی •**

هەریەکە لەایمە ئەبی خوی بەمسؤول بزانی بەرامبەر بە زمانەکەی وەپیویستە بەهەموو چەشنیك هەول بدەین بو بووژانەوەو بەرزکردنەوەی زمانەکەمان منالانمان هەر لەسەرەتای قسە فیربوونیـــــانەوە بەکوردی زمانیان رابینین ، کە ئەم زمانە باش فیربوون ایتر زمانەکانی‌تر بەاسانی بەهوی خویندنەوە فیرئەبن ، بەلام ئەگەر لەپیشەوە دەمیان بەزمانیکی‌تر راهات ایتر ئەوەندە بە تەنگ کووردیەوە نابن •

**انجا بەپەروشەوە تکا لەهەموو کورد زمانیك ئەکەم لەهەر کوی‌یەك ئەبن هەول بدەن بوقسە کردن وەنوسین بەزمانی کوردی چونکە تا ایوە قەدری زمانەکەتان بگرن خەلکیش زیاتر قەدرتان ئەگری •**

# دیوانی هێوا

## بەهاری کوردستانە

بو جوانی بەهار
بەهاری سەر وەرزی دیار
زەودە خەنەو گەشەی ژیان
بەهاری خاکی کوردستان

خاکیك بی گریو سەراپا سەر
پیك هاتبی لە پیتو فەر
لەجیو نیگاری دل رفین
لە باو شەمالی خەم رەوین

لەدولی کپ ، چەمو نزار
لە لوتکەی هەزار بە هەزار
لە تافگەو قەلبەزەی زیوین
دەشتی فراوانو رەنگین

لەسەوزەو بیشە لانیچر
لە چاوەو روباری بەخور
لەقەد پالی گەردن نەخشین
لە سەیرانگاو هاوین نشین *

کوردستانێک ئەمانەی بێت
بەچی ؟ باسی لەدوالی دێت ؟!
چۆن ؟ نووسینو پیا هەڵوتن
نابڕیتەوە نایەت لەبن ؟
یاچۆن ؟ قەڵەمووو پەڕەو ڕوو
کوتایی نایـــەت زوو بە زوو
چەداناو کامڵو ژیریك
چە خاوەنی هۆشو بیریك
بۆ هۆنینەوەو چنینی
چنینی تارای زێرینی
ڕیچکەو زنجیرەی هەستی
نایەتە آلوزو سستی ؟؟
ئەمە کوردستانی ساکار
خۆبپۆشی بەرگی بەهار
ئەبێتە بوکی شازادە
کەبۆ زەماوەن آمادە :
هەر لەپێوەی تا تەوقی سەر
بەرگی سروشت ئەکاتە بەر
ئەچنیو بوکەوای کوردی
لەگوڵاڵەی سوری هەردی
کراسی نەرمی ورشەدار
دینیو لە هەمیشە بەهار
لەهەر گولیکی بون خوشی
ئەنەخشینیو ئەی کاتەبەر

له لاولاوی ناومالی شار
چەفتەی موری گولنکەدار •
هەل ئەبەستی وشك سورمەش
لەولاوە هەر بەسەری • هەش !
یابویەك خستنی دیمەن •
سوخمەی سەوزلەگیای چیمەن
دوگمەو قەیتان ، ریحانەی رەش
ئەنیتە بانی سنگی گەش
بانی مەمانی خرو قوت •••
دوایی دینیو لەمینای رووت
ئەی کات بەدەسمالی سەرشان
پوولەکەی لەپوی ئەرخەوان
یا لەجیگەی خشلی بیگەرد
لەشەست پەرووگوی گولی زەرد
ئەکات بەپارچەی هەموو جور
وەك لاگیرە یا گوارەی شور
یاخو دینیو بوسەر پوشی
لەنیر گسی زور بون خوشی
ئەچنیت بو شەرم بوناز !
بو مە شخەلی دلی زیباز
شەوبوو نەسرینو دەمەشیر
لەجیی مووروو شیلان زیر
ئەکا بەرشتەی گەلی تەرز •
گولەباغیش بوپانی بەرز !

دیاره بوسەر کەمەری تەنگ
لەجیی پشتوینی رەنگاو رەنگ
ئەبی هەر پەلکە زیرینە
پیچ بخوات لەم باخی‌ژینە !!
جا کوردستانی کە بە بەرگی
بەرگی بەهاری بی ئەرکی
ئا ئاوابی ! ایتر چون من ؟
بەدوو وشەی بی‌سەروبن
ئەم بەهەشتی سەرزەمینە
ئەم نیشتمانە دیرینە ...
بوم ئەخریتە چوار چیوەی هەست
هەستی پرز زویرو پەست !؟
زویر بەلی زویرو پرر !
چونکە دال‌و پەپوو سیخور !
لەم کورو جەرگی جیهانە
لەم‌کانی فەرو سامانە !
بەسەر بەستی هەلئەپەرن
ئەخون ، ئەکەن ، ئەبەن ئەبرن
مەل‌و پەرندەش ، بەسەزمان
پتر لەبی بەشیو زیان
راوو شکارو دەربەدەر
قەستی گیان ، خوین ، لەش‌و سەر
دەرهینانی موخو ریشە
بەش‌یان بی‌و مووچەی هەمشە

کەواتە باهەر بی‌دەنگ بم
قورو قەپوو کشوو مەنگ‌بم
تەنها ئەوەی بشیت بی‌لیم
وتومەو ئەلیم هەر ئەلیم •

ئەی بلبلی ناو هیلانە
دەنووك سوری خنجیلانە
خاوەنی خوشترین آواز
شامەلی زور شوخی بەناز

چاو هەل‌برەو سەر بینەدەر
ببینە تارای دەشت‌و دەر
بروانە دوور لەو دیوسنوور
ببینە کوی گولالەی سور

لەگەل هیروی سپی نازدار
جووتە مژدەی گورری بەهار
چون هەل‌چون‌و لیك آلاون ؟
بوهەلپەرین تیك چراون

زەماوەندیان وەها قالە
ژیرپی‌نراو درك‌و دالە !
دەتوش هەلسەو بەقونە قون
نەرەوتی جوان وردو هیمن

چاو بگیرە ژیرو وریا
لەناو باخ‌و دەشت‌و چیا

چەن هاتە ریت بالندەی جوان
شوین خوتی‌خە تاکو هەموان
گرد ئەبنەوە لەدەوری یەك
ئەوسا تیکرا بەرەش بەلەك
زرمەی پی‌بیو چریکەی دەنگ
دەنگی بیریك قول‌و زور مەنگ
لی‌ی بیتەدەر ئاوازی خوش
ئاوازی گشت بینیتە جوش
زەماوەندی وەها سازکەن
داله کەرخور زوو پەروازکەن
تاکو ئەوساکە کوردستان
بو خومان بیو هەر بوخومان
بەهار ، نەوروز ، جەژن ، شادی
بەبزەی لیو ، بەئازادی .
بەسەر بەرین لەگەل ژیان
کەواتە ؟ دەی . هەی . تیکوشان

# نیازیك

- پیناو -

نیازمه هەلبەستیك دانیم پرهونەر
جوشی با بەدل وەك شنەی سەحەر
پارچەیەكی رووت سحری ژیانبی
وشەی وەك چرپەی دەنگت نییانبی
ئاوازیكی وای كەلی بباری
پەرەی ئیلهامی دلم بهارری
شەوقی دل بو تو خورپەی پرتاوی
لەگەل خویناوما برژیتە ناوی
كەجوانی شیوەی توی تیا دەر بخەم
تەرازوی شیعری تەواو پی سەرخەم
كە تیا دەركەوی بەشی زیادو كەم
تاسەی هەناسەی تیكەلاو بەغەم
تیایا دەر كەوی قولپەی یادگار
بنوینی نەغمەی نزمی لەنجەولار
گەشكەی ناسكی ئەو جوتە لیوە
كەخوای هونەرمەند بەتوی بەخشیوە
ئەو پیكەنینەی وەك زەردەی گزنگ
سەهولی ژینم ئەكا بە پرشنگ
ئەو بالاو قەدە ئەو لەشو لارە
كەبەهرەی دەستی خوای كردگارە

هەموی لەناویا بخوێنریتەوە
گرێیی دلانی پی بکریتەوە
لەسەر ئاوازی خوای شیعرو جوانی
بیتە هەل پەرکیو سەماو گورانی
پیشکەشتی بکەم تاکو بزانی
پرشەی روناکی ئاسوی ژیانی
قیلەگای نیازی دلان مەستانی
پەیکەری نازی جوان پەرستانی

**ئ**

هەرنو سراویك لەزمانیکی‌کەوە وەرگیرا پیویستە ناوی خاوەنەکەی بنو سریت وە لە روو یەکی کاغەزەکە بەنوســــــینیکی جوان لەگەل ناونیشانی خویان بەیان‌بکەن وەئەوی ئەیەوە ناوی نەنوسریت •
ئاگادارمان بکا

# لای لایەی دایکی و

نەسرین فەخری
دار المعلمـــینی عالی

لایەت بوئەکـــەم بەنجەرگو بەدل
بەخیوت ئەکـــەم هەروەك خونچە گول
وەنجت ئەکیشـــم بەشـــانو بەمـــل
ئومیـــدی وایە دلەی پر ایمـــان
کـــە بوی پی بگەی نەوەی نیشـــتمان
رولـــە ئەم خاکە جیی پیشنیانە
جیی بەچکە شیرە ، جیی قارەمانە
جیی ئەوانـــەیە کەلەمـــەیدانە
هاتنـــە پیشـــەوە بەدلوبەگیـــان
روحیان کرد فدای خاکی کوردستان
باســی ئەوانەی لەگردی ســـەیوان
لەباوەشی گـــل لەژیر ئەرخەوان
گوی گری سبەی وجـــدانی زەمان
باست بوئەکا لەســـەرشیوەی جوان
بوت ئەخاتە روو میژوی پـــیروزیان
چەن جوانی شەهید والەژیر قەبرا
چەن جار بو ئەوان پەردەی دلدرا
چەن مال بیباوك خوشـــك بی برا
رشتیان فرمیسکی خوینین وەك باران
هـــەرتوی مەرهـــەمی برینی ئەوان

شاهیـــــده میژوو قەلەمو زەمـــــان
جیـــــگای شـــــیرانه خاکی نیشتمان
توش وەکو ئەوان وەك شیری مەیدان
بـــــه به هاوریی گـــــەلی هەژاران
هاوارکه بژی کوردو کوردســـــتان
وەتەن ئەریژی فرمیسکی وەك ئاو
لەدەریای خەفەت ، مەلوله ، خنکاو
ببـــــه بەدەوا بوجـــــەرگی ســـــوتاو
بـــــگەرە فریای ئەی‌کورپەی جوان
خوت بەخت‌بـــــکه بەدلو بەگیـــــان
بلی بەســـــیەتی سریانو خـــــەفەت
بوریانی بەرزیی‌بوت ئەکەم همەت
هـــــەتا توهەبوی هەرنەبو وینـــــەت
ئومیـــــدم وایه نـــــەم کەی پەشیمان
چاوەروان ئەکـــــا گەلی نیشـــــتمان
پەپولەی ســـــپی بەهەشـــــتی یەزدان
ئەی‌گول خونچەکەی باخی هیوامان
ئەی کورپەی شیرین ، نەوەی نیشتمان
زوو بوم پی‌بگه بوم وەرە مەیدان
هاوارکه بژی گەلو نیشـــــتمان
روله ئەم شـــــیرەم شـــــیری شـــــیرانه
تیکەل بەســـــەوزی باخی کوردانه
ئەوی لی‌ی بخوا شـــــیری مەیدانه
هەسته شـــــیرانه بوی وەرە مەیدان
هاوارکـــــه بژی گەلو وولاتمـــــان

# گوندەکەم فرمیسک مەریژە

بی بەزەیی وجدان
پەراگەندەی زوردارا ن
گوندەکەمیان سوتان
بی شەرمانە
ئەو ترمنوکانە
کەوەك میش‌و مەگەز وانە
گوندەکەم روخینرای
گوندەکەم سوتینرای

چی‌یان تیا دی
ژنی بی‌دە سەلات
پیری پەك کەوتەو لات
منالی ساوای ناولانك و بەر مەمکان
مریشك‌و مالاتی ناوکولان
کەلو پەلی کونوو شر
سەرەرای ئەمەش تی‌یان بەردای گر
بەچاویکی ئاسنین
کلپەو گری ئاگرین
قووتت ئەدا وەك قەلایەکی دروست کراو
لەپارچە کاغەزی کونوو دراو
ئەمەیە لایان سەرکەوتن
بەمەستی گەرانەوە تا پی‌یان بگوتری قارەمان

یی شەرمانە هەلگرن ناوونیشان
سەرکەوتن لەمەزیاتر نیە لایان .

لەسیدارەی ئەدەن بی گوناهان
ئەکەن وەك کوللە مال ویران
ئەکشی وەك تەتەر
بەسەر خوشی ئەگەرینەوە ئەو ترسنوکانە
گورانی سەرکەوتن ئەلین بیشەرمانە

بەگوللەی هەق تابمینی رولەت
وازناهینی تا نەسینی تولەت
گوندەکەم فرمیسك مەریژە مەگری
وا لە دەر کە وتنایە روژی ئازادی

لە روژنامەی أخباری عراقی
روژی **١٨** آیار سالی **١٩٥٧**
**وەرگیراوە**

حەمە

# تێ کوشین

**فلویدرتش ماموستای زانینی نەفسی لەجامعەی کالیفورنیـــای خوارو بوخویننـــدنو فیربوون بیروو رای ئەمەیە .**

**فەنی خویندن**

خویندنو فیربوون پیویستی بەتی گەیشتنو لیووورد بونەوە یەکی تەواو وەتی کوشین هەیە .

زانایان چەن سالیکە لەمباسە ئەکولنەوە تاوەکوو ریگایەکی سوکو ئاسان بوقوتابی بدوزنەوە کە زوو لەدەرسەکانو خوینــدنەوەکانیان بـــگەن .

زانایان لەدوای تاقی کردنەوەوسەربخدانیـــکی زور ئەلین هەمو فرمانیك پیویستی بە ریك خستن هەیە وەئەبی قوتابی بەپیی وەختو سەعات کاتی خویندنو تی کوشین ، کاتی یاری کردنو گەرانو نوستنو نوسین ریك بخاتو جەدوەلیکی تایبەتی بوخوی بکاتو بی کەمو زیاد لەسەری بروات . وەئەبی لەپیشەوە تاهەفتەیەك بوراهاتنو تاقی کردنەوە کە جەدوەلەکەی راستو پوختبیت روژبەروژ چون سەعاتو دەقیقەی خوی رائەبویریت بی نوســـیت تاوەکو بزانیت چەن ســـعات ئەتوانی بخوینیتو بنوسیتو بگەریتو بنویتو یاری بکات . کەهەفتەکە تەواوبو انجاپیویستە لیستەیەك بوکاروباری روژانەی بەوپیی‌یە دروست بکاتو لەسەری بروات .

**وەکو :**

لەسەدا ۳۳/ ٠ی بونوستن لەسەدا ۲۰/٠ی بویاری کردنو بزوتنەوەو

دیەنی کردنو حەسانەوە ، لەسەدا ١٤/٠ی بوبیر کردنەوە ، لەسەدا ٢٠/٠ی بوخویندنو فیربوون،لەسەدا٠٧/٠ی بوخواردن،لەسەدا٠٤/٠ی بوهاتوو چوکردنی بەینی قوتابخانەو مالەوە • بەمپی‌یە هەر قوتابییەك وە یا هەر خاوەن کاروفرمانیك بتوانیت بوفرمانی روژانەی لیستەیەکی ریكو پیك بەپی‌ی وەخت ریكبخاتو لەسەری بروات ئەوقوتابیـــە وەیا ئەوخاوەن فرمانە پیش‌ئەکـــەویتو بەمهویەوە خوی لەتەمەلی‌و تەوەزەلی دور ئەخاتەوە •

## تی‌کوشین

بوخویندنو فیربوونو تی‌گەیشتن ئەبی قوتابی لەشوینیکا تی‌بکوشیت کە تەنیابیتو هەرا هەراو دەنگەدەنگی گوی لی نەبیتو بیرو خـــەیالی بلاونەبیتو سەرنج بداتە ئەوباسەی کە ئەی‌خوینیتەوە •

جگەلەمە ئەبی قوتابی مەیلی لەسەر خویندنو فیربوونی ئەودەرسە هەبیت کەئەی‌خوینی ئەگەرچی لەبەرنامەی قوتابخانەکانا وائەگونجیت هەندی قوتابی حەز لە فیربونو خویندنی چەن‌دەرســـیك ناکات بەلام بودەرچون لەامتحان هەرئەبی فیری‌بی تاوەکو سال‌بەسال دەرچیتو نەمینیتەوە •

## قوتابی

لەکاتی خویندنا ئەبی خوی لەقوتابخانە جیانەکاتەوە تەنانەت لەکاتی حەسانەوەشـــا ئەبی بیر لە فیربونی دەرسەکانی بـــکاتەوەو کاتی‌خوی بەفیرو نەدات زورجاری واهەیە قوتابی ئەیەوی باسیك بخوینیتـــەوەو تیی‌بگات بەلام لەبەرئەمەی بیروخەیالی رویشـــتووە نازانیت چی ئەخوینیتەوە چونکە زورجاری‌واهەیە پرش‌و بلاوی خـــەیال لەرووی

کارەســـــاتیکەوە ئەبی کـــە لەناو خیزانا روویدا ، پیویستە قوتابی ئەوکارەساتانە لەکاتی خویندنا لەبیرخوی بەریتەوە چونـــــکە باوكو کەس‌وکار بەئاواتەوەن‌کە نەوەکانیان بخەنەسەر ریگای‌راست تاوەکو لەژیانیانا هەلەنەکەن‌و لەناو چینی‌گەلا ببن بەئەندامیکی بەکەلك •

**فەنی خویندنەوە**

خویندنەوە زور پیویستی بەتیژی بی‌نایی‌و راهاتن‌هەیە ، هەرکاتیك لەکاتی خویندنەوەدا توشی ژانەسەر وەیا چاویەشـــە ببین ئەبی خومان پیشانی دوکتور بدەین •

**بوخویندنەوە**

رووناکی‌روژ لەرووناکی چرا باشترە • لەکاتی‌خوینـــدنەوەدا لەبەرچرای ســـــەرمیز بخوینەرەوە بەشەرتیك چرای‌ناوژوورەکەش نەکوژابیتەوە چونکە لەکاتی خویندنەوەدا کەچاو مانوببی بوحەسانەوە لەسەرکیتب لای‌ئەبەین کە چرای ناو ژورەکە کوژاوەبیت‌و لەبەرچرای سەرمیز بخوینینەوە ، لەتاریـــکی‌یەوە چاومان ئەبەینـــە بەر روناکی سەرکتیبەکە • بەم‌هویەوە چاومان رەشکەوپیشکە ئەکات‌و دیتـــەژان **رووناکی زور بەتەوژم زیانی زورە ، روناکی‌سوور وەیاپەمەیی‌و زەرد بوچاوباشە بەلام رووناکی‌شین‌و سەوز چاوماندو ئەکات •**

---

هەتا وەك ئاگری بن کابن لەگەل‌یەك
ئەگەر توفان بی لەشکرتان بەپوشیك
لەگویی‌گادا نووستوون بویە کەریوی
لەسەر ئیوە وەها شیرگیرە وەك سەگ
حاجی قادری کویی

# برنادشو

ناسینی ئەوپیاوانەی بەچرای علمو زانستی پیش‌چاوی نەتەوەکانیان روشن کردوتەوە بی‌سوودنیە ،وە یەکیك لەم‌پیاوانەش (جورج برنادشو) یە کەناسینی تەنیا لەبەرئەمەنیە ئەدیب ، وەچیروك‌نوسیکی جیهانی‌بووە بەلـــــکووەك پزیشکیکی هەلکەوتووی بی‌هاوتا هەمیشـــــە خەریکی راســـــت‌کردنەوەی چەوتی‌و دەرمان‌کردنی دەردە ناتەواویە کـــانی کومەلایەتی‌بووە •

برنادشو لەشـــاری ( دبلن ) کەپایتەختی جمهوریەتی ایرلەندەی ســـــەربەخویە ، لەروژی ۲٦ مانگی تەموز لەســـالی ۱۸۵٦دا لەکاتی‌حوکمرانی شاژن فیکتوریادا هاتوتە دنیـــاوە لەتەمەنی شەش سالیدا خراوەتە قوتابخانە ، لەدەسالیدا لەشاری دبلن چوتە کولیەی ( وسلی ) ، لەوکاتەدا باوی فیربونی ئایین‌پەرستی پروتستانی بووەو بەشیك لەسەرەتای دەرسی میژوو وە جگرافیا خوینراوە •

برنادشو هەرلەمنالیـــەوە مەیلی ئەدەبی هەبووە حـــەزی بەزانینی دەرسەکانی‌تر نەکردووە ، ئەودەمەی لەکولیە خویندویەتی لای وابوە لەبەندی خانەدایە ئەمەنە وەرس‌بووە • لەتەمەنی سیانزەسالی‌دا بەجاریك وازی لەخویندن هیناو ، هەرلەشاری دبلن بوو بە کاتبیـــکی‌پچوك مانگانەکەی لەهەژدەشلن پتر نەبووە • لەدوای چەن‌سالیك برنادشـــو لەکاتبیەتی بی‌زارئەبیت لەتەمەنی بیســــــت‌سالیدا ئەچی بولەندەن ، بەهیوای ئەمەی لەوی بژی •

**بەلام بەرنادشوی تەنیابالو دەس‌سپی ، بی‌شهادەتنـــامەو کەس نەناس تاماوەیەك نەی‌توانیوە بەتـــــیری خوی بژینیت بوئەمەی بژی هەولی‌داوە فیری موســــیقاو گورانی‌ببی** لەپاشانا لەم‌کارەش وەرس‌بوو

انجا لەبارەی بەسەرهاتی خوی‌و کارەساتی نارەوایی ئەودەورە دەستی کرد بەنوسینی چیروك • لەپیشەوە هەرچیروکیکی ئەنووسی پەسەن نەئەکراو لەبازاری ئەدەبا رەواجی نەبو ، بەلام کولی‌نەدا هەرچونیك‌بوو تا سی‌سال بەرنادشو بەکولەمەرگی خوی ژیان وە بەهوی چەن‌هاوریەکیەوە تیکەل بەکومەل‌و پارتەکانی لەندەن‌بووە ، لەکاتی کوبونەوەدا لەبارەی تالەباری ئەودەورە جار جار بیری خوی‌دەربریوە، ئەوسەردەمە بیرو راو ، گفتوگوی بەرنادشو ، ناکامل‌بوو هیشتا لەوانە نەبووە بەتەواوی گویی‌لی بگیریت وەبەم هویەوە زورجار لەکاتی وتاربیژی‌دا شەرمەزار ئەبو •

**لەگەل‌ئەمەشا برنادشو نەبەزیوە لەهەرباس‌و لی‌کولینەوەیەکا شارەزایی نەبوایە خەریکی تی‌گەیشتن‌و فیربوونی ئەبو ، کاتی‌خوی بەخەسار نەئەداو لەماوەیەکی کورتا بەرەنج‌و تی‌کوشین خوی بەجیهان ناسی ، چیروکی سەرشانوو گەلی نووسینی ئەدەبی بەگیتی‌یا بلاو بوەوە ،**

نیشتمانی جورج‌برنادشو دورگەی ( جزیرە ) ایرلەندەیە ، ئەم‌دور گەیە کەوتوتە ئەوپەری‌خاکی ئەر خەبیلی بەریتانیا لای‌بەری روژئاوای بەرامبەر بەدورگەی بەریتانیای کەورەیە ، پیوانەی ٨٤٢٠٠ کیلومەتر چوارخشتەکییە ژمارەی دانشتووانی نزیکی‌چوار ملیون‌و نیوە •

**میژوی ئەم دورگەیە زوری بەباسی ناکوکی بەینی انکلیزو ایرلەندەیی ئەبریتەوە ، مەبەسی انکلیز داگیرکردنی جزیرەکە بووە کە ایرلەندەیی بەکویلەیی‌و ژیردەستی بمینتەوە وەنەتەوەی ایرلەندەش بوسەندنی حەقی ژیانی ئازادی خویان بی‌وچان تی‌کوشاون‌و نەبەزیون ، ئەکاونی یەکەمی سالی ١٩٤٨دا لەتاجی بەریتانیا جیابونەتەوەو لەروژی هەژدەی مانگی‌نیسان لەسالی ١٩٤٩دا حوکمی کومەکی‌یان ( جمهوری‌یان ) بلاوکردوتەوە برنادشو لەشاری دبلن هاتوتە دنیا لەوەی بنەمالیکی**

**پەستە ، باوکی هەمیشە سەرخوش دایکیکی هەژاری بووە ماوەیەکی زور برنادشوی بەکولەمەرگی و گورانی بیژی بەخیو کردوە ٠**

لەئەنجـــاما برنادشـــو هەلکەوت لەتەمەنی ٩٤ سالیــــدا لەسەعات پینـــج دەقیقەیەك کەمی بەیانی دووەمین روژی مانـــگی تشـــرینی دووەمی ســـالی ١٩٥٠دا خەوی ئەبەدی لی کـــەوت **لەدوای خوی بەنوسراوی بەرزی ئەدەبی جهانی پرکرد لەوە ســـیبەت نامەکەیا هەرسامانیکی بووە بەشیکی بو یارمەتی هەژارو بەشەکەی تری بوخزمەتی راستکردنەوەی زمانی ئنگلیزی ئەرخان کردووە ٠**

**گالتەوگەپی برنادشو**

جاریك کچیـــکی جوان ئەچیتەلای برنادشـــو ئەلیت ئەمەوی شووت پی بـــکەم کە منالمـــان ببی وەك تو زیرەك وەك من جوان بیت ٠

**برنادشو ـ بەلی منیش پیم خوشە بەلام ئەترســـم بەپیچەوانەی ئەمە منالەکەمان وەك من ناشیرین وەك تو بی ئەقل بیت ٠**

برنادشو بوئاهەنگیکی خەیری بانك ئەکریت لەکاتی ســـەماکردنا چاو ئەگـــیریت لەگەل ژنیکی پیرو زور ناشیرینا دانس ئەکـــا ، کـــەلەدانس کردن ئەبنەوە خاوەنی ئاهەنـــگەکە ئەچیتەلایەوە ئەلی مستەرشو لەسەر ئەم هەمو کچەجوانانەدا بوچ ئەوژنەت بەدلاچوو ؟ ٠

برنادشو بەساردیکەوە ، ئەی ئەم ئاهەنگە خەیری نیە ؟

روژیك لەئاهەنگیکا سیاسی بەناوبـــانـــگ مستەر چرچل چاوی بە برنادشو ئەکەویت ، ( ئەوروژە برنادشو زور لەروو لاواز ئەبیت ) ٠

مستەرچرچل پی ئەلیت ، مسترشو ئەگەر یەکیکی نەشارەزا توی چاوپی بکەویت وائەزانیت لەبەریتانیادا گرانیەو برسیتی یەکی زورهەیە برنادشو هیچ خوی لیل ناکات ئەلی مسترچرچـــل وابزانم کەتوشی چاوپی بکەویت وەهائەزانیت کەهوی داکەوتنی ئەم برسیتیەو گرانیە توی ٠

# چیرۆکی ژماره

**فکرەکە لە ( سومرستموم) ەوە وەرگیراوە بەدەستکاری کردنیکی زورەوە**

پاشایەك بو ژنیکی هەبوو نازانم ناوی چی‌بو ؟ بەلام پیـــان ئەوت ( شاژن ) ، هەمو ئەیزانین کەسیك ژنی هینا منالیشی ئەبی ، شاژنیش هەروا پاش سالیك کچیکی‌بو ناویان نا ( دنیا ) ، لەپاش سالیکی تر کچیکی تریشی‌بو ئەمجارە پاشا ناوی ( دنیا ) شی گوری یکیکی ناو نا ( مانگ ) ئەویتریان ( روژ ) • سال هیشتا وەرنەگەرابووە شـــاژن بەرەکەت‌دا دووکچی ئاوال دوانەی بەسکیك وەرهینا پاشا چاری نەما ناوی مانگو روژیشی گوری ناوی چوار فەسلی لی‌نان : بەهار ، هاوین ، پایز ، زســـتان • بەلام ئاخو شاژنی ( شفتەژی ) بەوەندە دەســـت هەلئەگری ؟ باوەرمەکە•••چونکە لەسالی ئایندەدا سی‌کچی بەسکیك‌بو ، پاشا دیمیان ریسەکەی لی‌بووە بەخوری لەسەرەتاوە ناوی کچەکانی هەمو هەلوەشـــاندەوە ناوی حەوت روژی حەفتەی لی‌نان : شـــەمە ، یەکشمە •••• تا هەینی ایتر هەر مەپرسە کەچەند دەردیکی ناخوشو باریکی گران بو ئەو منالانەی کەهەر سالە ناویکی تازەیان لی‌ئەنری وەئەبی ناوی پیشوی خویان لەبیر بەرنەوە ، هەرمنالیـــکی لەهەموان لەپیش تربوایەوەك ( دنیا ) خاتون هەر سەرەگیژەی پی‌کەوبتو لەهەمو ناویك ئەسلەمیەوە بەلام پاشا خوا هەلناگری ناهەقی نەبو ، ئاخر گوایا نابی ناوی کچەکانی لەیەك نزیك‌و ریکوپیك‌بن ، وەخلق‌بزانن ئەمانە خوشکی

یەکترین ئەی‌بلیین سووچی شاژن‌بو ؟ نەخێر چونکە هەمو ژنیــــك پیی‌خوشە منالی زوربی بەتایبەتی کەئەم شاژنیشە ، هەرچەندە حەزی ئەکرد کوریکی‌ببی بەلام خو بەدەست خوی نیە باکچیش‌بی خو فری نادری هەرخوشەویستە بەتایبەتی ئەگەر جوانکیلەو خوبەرەپیشــــەوەبو • دەسا کەواتە بالومی نەکەین کەلەسالی دواییدا کچیکی تریشی کردە سەربارەی حەوتە •

پاشا کەوتە پەلەقاژی وزیرو پیاوماقولو ریش‌سپی شاری کوکردەوە خواردنو چیشتیکی باش بودرست‌کردن دوای نان بەزیادکردن پاشا رووی تی‌کردن وتی : « ئەی داناو زانایانی وولات ئیوە خوتان لەدەردی من ئاگادارن ؟ خو من هەمو کاروباری ولاتو مەملەکەتم خستوتە لاوە لەبەر ناو گورینو ناولینانی کچەکانم ، لەسالیکا شەش مانگ بیر ئەکەمەوە ناوی تازە پەیدا بـــکەمو شەش مانگی تریش هەر خەریــــکی ئەوەم ناوەکانیان پی لەبەرکەم ، ئەگەر چاریـــکم بونەدوزنەوە ولەم تەنگو چەلەمەیە رزگارم نەکەن حالم پەشیوە » ، وزیرانو ریش‌سپی دەستی چەوریان بەسمیلیانا هیناو کەوتنە بیروراریژەوە • دوای توزیك ، رامانو وورتەوورت وەزیری دەستەراست بو بەدەم راســـتی هەموان رووی کردە پاشاو وتی : « پاشام پیوقەدەمی کچی تازەت پیروزبیت بیرو رامان هاتوتە سەر ئەمەی ئەم ناوانەی پیشو هەلوەشینیەوە وەلەســەررا ناوی مانگەکانی سال لەشازادە خاتونە جوانەکان بنیی چونکە خوا بیانهیلی بائیستاش هەشت‌بن بەلام شاژن خوش‌بیت پەکت لەســـەر تاقە چوار کچی‌تر ناکەوی ، وەتوش بەلایەنی کەمەوە تاچوار سالی‌تر پالی رەحەتی لی‌ئەدەیتەوە وەلەبابەت ناونانو ناودوزینەوە لەخەمو خەفەتا نابیت •

ئەم قەرارە لەلایەن هەموانەوە پەسند کرا ناوی شازادە خاتونەکان بوو بەناوی مانگەکانی سال کەلەیەکەم مانگی بەهارەوە دەست پی‌ئەکا :ــ

خاکەلیوە ( مارت ) ، بانەبەر ( نیسان ) ، جوزەردان ( مایس ) پوشپەر ( حزیران ) ، گەلاویژ ( تموز ) ، خەرمانان ( آب ) رەزبەر ( ایلول ) ، خەزەلوەر ( تشرینییەکەم ) •

بەلی هەروەکو وزیری دەستەراست وتی شاژن لەشیی ســـاغ بیت بەچوار سال : کەوبەر ( تشرینیدوەم ) بەفرانبـــار ( کانونیەکەم ) ریبەندان ( کانونیدوەم ) ، رەشەمە ( شباط ) یشی پیشکەش بەکومەل کرد وناوەکان ریکوپیك بون •

لەکاتیکا شەکراوی هاتنە سەر دنیای رەشەمە خاتونی بچـــکولە ئەخورایەوە هەموان دەم بەپیکەنینو دلخوش بون شاژن پەستو خەمناك بوی دامابو ، پاشا لیی پرسی بیرچی ئەکەیتەوە ؟ شاژن وتی بیرلەوە ئەکەمەوە ئەوا ناوی دوانزە مانگەش نەما ئەمجارە ئەگەر کچمان بو چیبکەین ؟ پاشا قیژاندی بەسەریا وتی ئەمجارە هەر کچت بوو سەری توش وئەویش بەناخی ئەرزا ئەبەم وخوم لەم نارەحتیو ناوگورینە رزگار ئەکەم •

اتر شاژن ترساو چو دەرمانی نەزوکی خوارد وەلەوساوەآرەزوی شازادە بونی نابەلاوە •

## کچی باش

رەشەمە خاتون ، هەرچەندە ناوەکەی وائەگەیینی کەیەش بیت بەلام وانیە جاری ئەم ناوەی بەریز بەرکەوت سەرەرای ئەمەش لە هەر یانزە خوشکەکانی جوانترو خوین شیرینتربو هەمو کەس خوشی ئەویست هەرگیز نەئەگریاو نوکەنوکو بولەوپرتەی نەئەکرد ، مروموچو چلیس نەبو ، بەلای شتی پیسا نەئەچو ، زورگوی رایەل بو لەقسەی دایکو

باوكى دەرنەئەچو ، سويندى نەئەخوارد لاسايى كەسى نەئەكردەوە ، دلى بەمنالى هەژارو بى‌كەس ئەسوتا گالتەى پى‌نەئەكردن ، جوين‌فروش نەبو ، پاكوتەميز هميشە وەك بوكە شوشە وابو .

## جەژنانە

ئەمرو يەكەم روژى جەژنى قوربانە پاشا كچەكانى بانــگ‌كردە لاى خوى هەر كچەى بەجەژنانە تووتيەكى دانى ، ئەمانيش هەريەكەيان توتى خوى هەلگرتوو بەقەفەزەكەوە لەژوورى خويا هەليواسى . چونكە رەشەمەخاتون لەهەموان عاقل وقسەخوش تربو وا ديارە توتيــەكەش لەوەوە فيرى قسەبوبو ، دايم ودەرهەم باس هەرباسى رەشــەمەخاتون وتوتيەكەى‌بو ... ئەوانى‌تر چونكە لەقسەى بى‌تام ونوكەنوكو گريان بەولاوە هيچيان نەئەزانى توتەكا نيشيان وەكو خويان فيربوبون ، كەس دانى‌خيرى نەبەخويانو نەبەتوتيەكانيانا نەئەهينا .

## مەرگى‌توتى

خوشكەكـــان كەبويان آشكرابو باس هەرباسى توتيەكـــەى رەشـــەمەخاتونە بريارياندا بەهـــەرجوريك بيت لەناوى بەرن ، گەلاويژخاتون ووتى « كەواتە با دەرگاى ژوورەكەى بكەينەوە پشيلەبور زور لى‌ى پرە هەر پەلامارى بدا ئەيخنكينى .

بەريكەوت روژيك رەشەمەخاتون لەناو باخەكەيا ئەســورايەوە ، دەرگاى ژورەكەيان كردەوەو پشيلەبوريان بەردايە توتى بەســەزمان كەهيچ گوناحيكى نەبو ئەوەنەبى راستو قسەخوش‌بو ، پشيلەبور پەلا مارى‌داو خواردى ، كاتى رەشەمە خاتون هاتەوە وئەم كارەساتەى دى ، لەخوشكەكانى پرسى : كى توتيەكەى بردوە ؟ ووتيان ئيمە چوزانين ، ئەو

توتیه چەقاوەسوە هەلوەرە بەدەردی خویەوە دانەنیشت ، سەری لەگوبەن ئەخورا ، ئەیوت پشیلە چون ئەتوانی پەلاماری چولەکەو پەرەسیلکەو بالنـــدەی هەزار ئەدا وەبە چەهەقیەك بەچکەکانیـــان ئەخوا • ئەویش بیستبویەوە ، رقی لی هەلگرتبو ، پەلاماری داو خواردی •

## میوانیکی تازە

رەشەمەخاتون ایتر لەوروژەوە توتیـــەکەی بەو دەردەچو دایمو دەرهـــەم کزو خەمباربو ، زەردەخەنە لەلیوی برا ، همیشـــە بیری قسەخوشەکانی ئەکردەوەو هەناسەی ساردی هەل ئەکیشـــا ، روژیك بلبلیکی خنجیلانەی ایسك‌سوك بەبەر پەنجەرەی رەشـــەمەخاتونەوە نیشتبووە هەرچەندە دلی‌تەنك‌بو بەلام خوپەرست نەبو کەبینی ئەو جوانە نازەنینە خەم دایگرتوەو بیر ئەکاتەوە ، هەرسوکیك هات بەسەرشانیەوە نیشـــتەوەو چرپانی بەگوی‌دا ووتی : ئەی پەری‌جوان خـــەم بوچ دایگرتوی ؟ ئەگەر قبولم ئەکەی بەشانازییەوە ئامادەم ببمە خەمرەونیت ، ئەمەی ووتو دەستی کرد بەخویندن ، خویندنیکی وا ( جونکە لەکـــانی دلیەوە ئەی‌ووت‌و سك‌سوتاوبو بەچـــــکەکانی لی‌زەوت کرابو ) دلی بەردینی ئەکرد بەئاو ، شازادە کەئەمەی دی زور بەدلخوشیکەوە دانو ئاوی بوداناو کردی بەخەمرەوینی خوی، ئیتر بلبل لەوروژەوە بەئارەزوی خوی بەیانیان ئەفریە دەرەوە ئەچوە ناو هاوریکانی ئاوازی تازە فـــیر ئەبو ئیواران ئەهاتەوە سەروچاوی شازادەی ئەلستەوەو چەگورانیکی تازە فیر بوبو بوی ئەخویند ، شازادەخاتون ئەمەندە دلی پی‌خوش‌بو هەر مەپرسە ، بەم جورە باسی شازادەو بلبل لەجاری جاران زەمانی توتی گەلیك زیاتر دەنگی‌دایەوە ، بەهەر لایەکا برویشتیایە باس هەرباسی ئەمان‌بو بەپیچەوانەی خوشکەکانیەوە کەلە کولەکەی تەریشـــا ناویان

نەبوو ، ئەمانیش زور رقیان هەستاو لەژورەکەی خەزەلوەر ، کوبونەوە بریاریان‌دا ئەم هاوری‌یەتی بەینی شازادەرەشەمە وبلبل تیك‌بدەن ئینجا هاتنەلای رەشەمەخاتون پیان ووت : « ئەوە چون دلت ئەهینی ئەو بلبلە جوانە خوشەویستە بەرەلا ئەکەیت ؟ • وتی : خوی وای پی‌خوشە منیش بی‌دلی ناکەم • هەمو بەجاری دایانە قاقای پیکەنین ووتیان : ئەی ئافەرین بوئەقلت ئەی ئەگەر سبەینی هاتو یەکیـــك دلخوشی دایەوە خواردنی باشتری دایەو جیگای چاکتری بوتەرخان کرد کی ئەلی جاریکی کەدیتەوە لات ؟ یان ئەمەش نەبی ئەی ئەگـــەر پشیلەبور بەدەردی توتیـــە جوانەمرگەکەی برد چی‌ئەکەی ؟ بونایخەیتە قەفەزیـــکەوە ودلی خوت ئاسودەکەی ایتر ئەوەندەیان بەگوی‌دا هەلخویند تا لەخشتەیان برد •

## زیندانی زیرین

شازادە دەست‌بەجی قەفەزیکی زیرینی ئامادە کرد ئیوارە کاتی بلبل هاتەوە بەلەنجەولاریکەوە چوە سەرشانی شازادەو دەستی کرد بەخویندن، ئەمیش نەیکردە نامەردی بەقسەی خوشکەکانی هەرگرتی‌و نایە ناو قەفەزە زیرینەکەوە دانو آوی بوداناو دەرگای لەسەر داخستو بەپەنجەرەیەکا هەلیواسی ، بلبلی بەسەزمان لەپیشەوە حەپەســـا دوای نەختیك بەم‌لاو بەولادا هەلفری دەنوکی لەشیشەکانی ئەگرت ودادو هاواری ئەکرد بەلام بی‌سوود کەس گوی نەدایە ، ناچار بەکزی‌و بی‌دەنگی لەسوچیکی قەفەزەکەیەوە هەلنیشت وەبوی‌چوە ژیر دەریای خەیالاتەوە ، لەبەرەبەیانا توزیك چاوی چوە خەو لەخەوا خوی لەناو باخو دەشتو گولزاریکا دی لەگـــەل هاوریەکانیا ئەیخویند باسیی چاکەو جوانی شـــازادەی بوئەگیرانەوە ، لەپر داچلەکی وخەبەری بووە وخوی لەقەفەزا دی هەر ئارامی لی‌برا وپردەم هاواری کرد : شازادە گیان خوشەویستەکەم بووات

لی‌کردوم ؟ شازاده هات بەدەنگیەوە ووتی : چیم لی‌کردوی ؟•• جیگەت ناخوشه ؟ پیم نالی‌ی چەکەسیکت یان هاوریەکت لەناو قەفەزی زیرینـــا نوستوه ؟ کـــەی دانو ئاوی واخوشت بەئاســـوده بەخوتەوه دیوه ؟ بوشوکرانه ناکەی ئەگەر تو ئەقلت پی‌ناشکی ولەروحی خوت ناترسی من ئەترسم ، ئەترسم پشیله بور بتخوا ، من لەبەر خاتری توو بو پاراستنی گیانی تو ئەم قەفەزەم بوکردوی ، ناشمەوەی بچیته دەشـــتودەر ، ناو بلبلی‌تر بەقسەی پروپوچ میشکت تیك بدەن ونەیەیتەوه لای من

## ئازادی

بلبل وەلامی دایەده ووتی :ـ خانمه نەرموله جوانەکه گوناه گوناهی خومه کەخوم گیرودەی ئەمداوه کرد • ئەی تو نازانی مردن بەئازادی خوشتره لەژیانی دیـــلی ، من ژیانی ناو پەینو پالم بەآزادی گەلیـــك پی‌خوشتره لەزیندانی زیرینی تو ، هەرزنه تالەکەم بەسەربەســـتی لا بەتام‌تره لەخورماو شەکری دیلی ، رزگاری‌و ئازادی وسەربەستی بەهیچ شتیك تەنانەت بەتاجه گەوهەرینەکەی توشیی ناگورمەوه ئەگەر خوشت ئەویم وئەتەوی بژیم رزگارم‌کە با بەسەربەستی بفرم وبەئازادی بخوینم وەئەگـــەر ئەم چاکەیەم لەگەلا بـــکەیت هەتا ماوم لەژیر باری منت‌تا دەرناچم••••

شازاده ڤیراندی‌و ووتی : قسه هەزاره دوائی بەکاره من‌توم خوش ئەوی‌و بەرت نادەم ، بلبلی بی‌چاره کە ئەمەی بیست زور دلتەنگ بو بەخەفەتەوه پالی لی‌دایەوه بریاری‌دا کەئیتر نه دانو نەئاو نەخواو نەخوینی تارزگاری ئەبی بەدەرچون‌بی یامردن روژ تائیواره ئەگریاو هەناسەی ساردی هەل‌ئەکیشا زور کزولاواز بو دوای سیه روژ بی‌هوش کەوت‌و هاته سەرمردن ، شازاده کەئەمەی دی زور بەزەیی پیاهاتەوه زانی ئەگەر

بەرەللای نەکا ئەمری ، هاتە تەنشتیەوە دلخوشی دایەوە پی‌ووت من‌زور پەشیمانم بم‌بەخشە خەتای من‌نەبو خوشکەکانم پیان‌کردم وەرە دەرەوە ایستەش وەکو جاران بوکوی ئەچی بچو کەی دیتەوە وەرەوە بەئارەزوی خوت وەزور زور سپاست ئەکەم کەتیتگەیانم ئازادی چیە ؟ کەمردن زور ئاسانە لەپیناویا •

خانمولە دەرگای قەفەزە کەی کردەوە بلبل بە دلخوشیکەوە لارەولار خوی گەیانە پەنجەرەکەو دەرپەریە دەرەوە بوناو باخو باخاتو هاوریەکانی بوژیانی ئازادی •••


## بوزانین

**گوواری هیوا کەبەرزترین‌و چاکترین گوواریکە لەعراقا ئامادەیە بو نوسین‌و بلاو کردنەوەی هەمو جورە اعلانیك بە نەرخیکی هەرزان •**

# هەموو گیان لەبەریك خواردەمەنیی خوی هەیە

**ووتاریك لەووتارە گرانبە ها كانی**
**غاندی پیشەوای نەمری هندستان**
**وەرگیر : شـــیخ حسن**

**سروشت بو هەر گیان لەبەریك خواردەمەنیەكی ئامادە كردووە ، جا ئەو گیان لەبەرە ئادەمزادبی ، حەیوان بی ، بالندەبی یان مەگەز ، كەوابوو بوچی هەندیك ئادەمزاد جیاواز لەگیاندارانی تر لەبرســـا ئەمرن ؟**

**ئیمە ئادەمزادیگمان خوش ئەوی كە گیانیگی پاكی ببی ، رەووشتو خوویەكی بەرزیببی ، وە فەزلی ئەم جورە كەسانە ئەدەین بەسەر ئەو كەسانەدا كە تەنیا لەشیكی بەهیزو ماسوولكەی بەهیزو بادراویان هەیە ٠**

بیگومان لەش وەكو گیان پیویستە بو ئادەمزاد ، بەچەشنیكی واكە ئادەمزاد ناتوانی واز لەهیچ كامیكیان بهینی ، بەلام گیان لەلەش گەلیك گرنگ ( مهم ) ترە ٠ كەوابو ئەو كەسەی رەووشتو خوویەكی پاكی نەبی با لەشیكی قەلەوو بەهیزیشیبی بە تەندروست ناژمیرری ٠ چونكە ئەو لەشەی گیانیكی نەخوشو رەووشتیكی ناپەسندی ئیـــابی بیگومان نەخوشە ، ئەمە مانای ئەوەیە رەووشتوخووی پاك نباغەی تەندروســـتییە ، وە بیروباوەری خراپو داوینپیسی چەشـــنەها نەخوشـــین ٠ پاك كردنەوەی گیان چاكتر ریـــگایە بو بەهیز كردنی تەندروستی ، وە ئادەمزاد ناتوانی تەندروستیی خوی بپاریزی تاكو گیانی پاكی خوی لە خراپە نەپاریزی ٠

**هەوا ، ئاو ، خواردەمەنی**

كولەكەی ژیانی ئادەمزاد ٣ شتە : هەوا ، ئاو ، خواردەمەنییە ٠

هەوا لەهەموویان گرنگ ترە بو گیاندار ، هەر لەبەر ئەوەیە خوای مەزن هەوایەکی زوری دروست کردووە ، بە هەموو لایەکا بلاوی کردوتەوە بو ئەوەی هەموو ئادەمزادیك ، بەلکو هەموو گیان لەبەریك بەخورایی دەستی بکەوی • بەلام شارستانیتیی ئیستا کاریکی وای کردووە تەنانەت هەوای پاکیش نرخی گران بی ،بە پارەنەبی دەست نەکەوی • هەوا بەپارەبی یان بیپارە ناتوانین وازی لیبینین • هەناسەدان لەهەوایەکی پیسا شتیکی زور خراپەو چاك نیە ، وەکو چون پیاو ئاوی لیل بخواتەوە ، یان خواردنیکی پیس بخوا • بەلام فیری ئەوە بووین کە لەهەوای پیسا هەناسە وەرگرین ، با لەئاوو خواردەمەنی پیس تریش بی ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئیمە زاهر پەرستین ، هەر شتیك بەچاو نەیبینین و هەستی پی نەکەین گویی نادەینی • وە سەبارەت بەوەی هەوا بە چاو نابینری ، گوی نادەینە ئەو خراپەی هەوای پیس بومان ئەهینی • لە کاتیکا بیز لە خواردنیك ئەکەینەوە کە ئەو خواردنە یەکیکی تر لیی خواردبی ، یان ئەو ئاوەی لیوی کەسیکی تری لیکەوتبی نایینین بە دەممانەوە • کەم کەس هەیە لەئیمە کە بزانیو تیبگا ئەو هەوایەی وەری ئەگرن زور جار بوگەنو زەهراویە ، چونکە بە هەزاران کەسی تر ئەو هەوایەیان وەرگرتووە •

بەلام ؛ زور جار پرسیار لەدکتورەکان کراوە ، پیاو ئەبی کەی ئاو بخواتەوە ، وە چەن بخواتەوە ؟ وەلامی راستی ئەم پرسیارە ئەوەیە ، ئادەمزاد تا تینوی نەبی نابی ئاو بخواتەوە ، وە ئەبی ئەوەندە ئاو بخواتەوە کە تینیتیەکەی بشکینی ، وە ئەتوانی لەکاتی خواردنا ، یان پاش خواردن ئاو بخواتەوە ، بەلام نابی تیکەی پی بجوی •

بەلام ئەو خواردەمەنیەی ئەخوری ، زور کەس هەن زور ئەخون بو ئەوەی برسییان نەبی ، یان تیریەکەیان چەند روژیك بخایینی ، وە من

هەرچـــەندە بیر لەرۆژانی رابووروووم ئەکەمەوە ، بە گــەلێك لە کردەوەکانی خوم پی ئەکەنم ، وە لە هەندیکیان شەرم ئەکەم • لەو روژە تاریکانەدا چای زورم ئەخواردەوە بەتایبەتی بەیانیان ، لەپاش دوو یان ٣ سەعات ناشتام ئەکرد ، لە پاشا لە ســعات یەکی پاش نیوەرودا نانی نیوەروم ئەخوارد ، وە دووبارە چام ئەخواردەوە ، وە لە بەینی ســـعات شەش و حەوتا شیوم ئەکرد ، هەر مەپرســـــە کــە لەو ســـــەردەمەدا چەند پەریشـــان بووم ، لەحالیـــــکی وادا بووم

**بو ئەوە ئەشیام خەلك بەزەیی پیاما بیتەوە • لەو سەر دەمەدا لەشم پیو دای پوشیبوو ، شووشە دەرمانەکان هەمیشە لەدەسم نەئەکەوتنە خوارەوە ، جارەها دەرمانی رەوانیم ئەخوارد ، بەراستی هیزی بـــیرو بەوەنیشم بەجوریك بو پیویستی بەوە ئەکرد خەلك بەزەییان پیاما بیتەوە • هەر چەندە ئەو کاتە لەتافی گەنجیدا بووم بەلام بە سی یەکی ئیستا ووریاو بەهیز نەبووم •**

لیکولینەوە یەکی زور لەم شتانە ساغی ئەکاتەوە کە هەموو خراپەك ، وەکو درو ، فیلو تەلەکەبازی ، دزی کردن ، لەئەنجامی ئەوەدا پەیدا ئەبن کەئیمە لەزەتو خوشی پەرستین ، وەئەو کەسەی ، ئەتوانی جلەوی لەزەتو خوشی ی بگری ، ئەتوانی بەئاسانی جلەوە هەموو هەستیکی تری بگری ، وە ئیمە زور چاك هەست بەوە ئەکەین کە کاتیك درو ئەکەین ، یا دزی ئەکەین ، یان داوین پیسی ئەکەین لەبەر چاوی کومەل ئەکەوین ، بەلام زور کەس گوی نادەنە ئەوانەی هەر خەمی سکیانەو لەزەتو خوشی ی بگری ، ئەتوانی بەئاسانی جلەوی هەموو هەستیکی وایە ئەم گوناهە پەیوەندی ی بە رەووشتو خوی ئادەمزادەوە نیە •

**هەموو دینـــــدارەکان حەز ناکـــــەن هـــاوری یی دزو دروزنو داوین پیســــەکان بکەن ، کەچی خواردنیـــــکی زور ئەخون وە ئەو کردەوەیەیان بەگوناه نازانن !**

**بەلی ، سـەردانەواندن بو تامو لەزەتی خواردەمەنی لەم کومـەلە شارستانیە مانا بەگوناە ناژمیری ، چونکە هەموومان ئەو گوناهـە ئەکەین ، ئەمە وەکو ئەوە وایە دانیشتوانی دیەك هەموویان دزین دیارە دزی بەگوناە نازانن !**

لەمەش خراپترو ناشیرینتر ئەوەیە ، خومان بەم خووەوە هەلئەکیشین بەبی ئەوەی شەرمی لیبکەین ، ئەبینین خواردن پەرستی ــ نەخوازەلا لە شاییو مەولوود و دەعوەتا ــ بە پیویستیەکی پیروزی ئەزانین و حەز ئەکەین زور جیبەجیی بکەین • بەلکو تەنانەت لەشینیشا لەسەر ئەو کردەوە ناشیرینە ئەروین • هەروەها هەول‌ئەدەین سکی میوانەکانیشمان پربکەین لەخواردەمەنیو چەشنەها شیرینی ، وە خوومان بەوەوە گرتووە کە خوان بو خزمانو دوستەکانمان برازینینەوە • خاك بەسەر ئەو کەسانەی سکی میوانەکانی بەچەشنەها خواردەمەنی تیرناکا • بەرەزیلو پارەپیس ناو دەرئەکاو لەلومەو گالتە پیکردنی خەلك رزگاری نابی •

لیرەدا ئیش پیچەوانە ئەبیتەوە ، گوناهـە گەورەکە ( خواردن پەرسـتیو زور خواردن کەشین لەسەر وورگی بـکریو خوی پیوە هەلبکیشی ) بوو بە کردەوەیەکی زورچاكو بەجی ، جا نازانین چون خومان لەم بارە ناخوشە پشیویە رزگار بکەین •

بەراستی لەسەر هەموو کەسیك ، تەنیابی ، یان کومەل پیویستە دەسـت بدەنە دەست یەك بو ئەوەی چارەیەك بو ئەم مەسـئەلەیە بدوزنەوە ، وەکەمیك لیی وورد بنـەوەو بزانن چەتاویك ئەکاتە سەر تەندروستی •

وە ئەمەوی لە روویەکی ترەوە لەم مەسئەلەیە وورد بینەوە • شتیکی ئاشکرایە سروشت ( الطبیعة ) خوبەخوی خوی هەموو خواردنیکی بو ئادەمزادو حەیوان و بالندە و مەگەز ئامادە کردووە ، ئەو خواردەمەنیە بەشی ژیانو مانەوەی هەموویان ئەکا • ئەمە پیشەیەکی کونی سروشتە

و هەتاهەتایی هەرئەمینی ، لەوولاتی سروشتا ( مملكة الطبيعة ) هیچ کەسیك غافل نیە ، وەهیچ کەسیك ئیش‌وکاری خوی لەبیر ناچی ، وەلەوئیش‌و کارەیانا تەمەلی وسستی نانوینن ، وە هەموو ئیشـــیك لەو وولاتەدا بەجوانی‌و ووردی جی‌بەجی ئەکری ، وە چەکاتیـــکی بو دانرابی لەوکاتەدا پیك ئەهینری •

جا ئەگەر ئیمە هەمیشە بەراستی‌و دروستی تی بکوشینایە بو ئەوەی ژیانمان وەك دەستووری سروشت لی بکردایە ، بی گومان ، لەم جهانە فراوانەدا هیچ نەئەبوو لەبرسا بمردایە ، چونکە وەکو ووتمان سروشت ئەوەندە خواردەمەنی ئامادە ئەکا بەشی هەموو گیان لەبەریك بکا • کەوابو لەمەوە بومان دەرئەکەوی ئەوکەسەی زیادە خوری بکا ، مانای ئەوەیە لە هەقی شـــەرعی بی‌بەش ئەکا • ئایا ئەمە شتیکی راست نیە ؟ ئایا چیشت خانەکانی پاشایان‌و میران‌و ئاغاکان و پارە دارەکان دوو چەندانەی بەش خویان و دەسوپیوەندیان چیشت و خواردەمەنی دروست ناکەن ؟ ئەمە مانای ئەوەیە بەشیکی زوری خواردەمەنی هەژارو بی دەسەکان داگیر ئەکەن ، ئایا بەلاتانەوە شتیکی سەیرە کە هەندیك هەژارەکان لەبرسا بمرن ؟ ئەگەر ئەمە راستبی ( کە زور کەس لە خاوەن بیرو خویندەوارە بەرزەکان دانیان پیا ناوە ) ئەوە ئەگەینی کە ئەو خواردنەی لەخومان زیاد ئەخوین دزیەکە لەسکی هەژارەکانی ئەکەین •

**ئادەمزادو خواردەمەنی حەیوان**

وورد بوونەوەو لیکولینەوەیەکی چاك لە لەشی ئادەمزاد ئەمان باتە ســـەر ئەو بیرورایەی بەتەواوی دان بەوەدا بنی‌ین کە ئادەمزاد ئەتوانی تەنیا بە بەری درەختەکان بژی ، چونـــکە پەیوەندیەکی زور نزیك لەبەینی ئەندامەکانی لەشی ئادەمزادو ئەندامەکانی ئەو حەیوانانەدا هەیە کە بە بەری درەخت ئەژین ، بە وینە ( مثال ) مەیموون : لەشیوە

و دروست بوونی ئەندامەکانیا ، بەتایبەتی دانەکان و ناوسکی لە ئادەمزاد ئەچی ، وە تەنیـــا بە بەری درەخت ئەژی • کەچی ئەو حەیوانانەی گوشـــتەخون وەکو شیرو پلنـــگ ، جیـــاوازیەکی زور لەبەینی ئەندامەکانیاناو ئەندامەکانی لەشی ئادەمزادا هەیە ، زاناکان لەمەوە بویان دەرئەکەوی کە ئادەمزاد بو ئەوە دروست نەکراوە بەگوشت بژی ، یان بە سەوزە ، بەلکو بو ئەوە دروست کراوە بە رەگ‌و بەری درەخت بژی •

زاناکان بەتاقی کردنەوە بویان دەرکەوتوە کە بەری درەخت پڕە لەو شتانەی ئادەمزاد پیویستیەتی و ئەندامەکـــانی لەشی پی فراژین ( نشونما ) ئەکا • موز ، پرتەقال ، خورما ، تری ، سیو ، چواله بادام ، گویز ، پاقلەی سودانی ، گویزی هیند ، ئەمانە هەموویان پرن لەموادی خواردەمەنی • وە زورکەس لەزاناکان ووتوویانە : ئادەمزاد لەسروشتا پیویستیی بەوەنیە خواردەمەنی بکولینی‌و دروستی بکا ، وە بیانووەکەیان ئەوەیە ، ئادەمزاد ، وەکو حەیوانات وایە ، ئەتوانی بەئاسانی بەو بەری درختانە بژی کەبەهوی گەرمای روژەوە پی‌ئەگەن •

لەپاشا هەر ئەوزانایانە ئەلین : بەشی زوری مادەکانی ناو خواردەمەنی لەکاتی کولاندنا لەناو ئەچن و قازانجیـــان نامینی ، وە ئەو خواردە مەنیانەی بەکالی نەخورین ، بو خواردنی ئادەمزاد دروست نەکراوە •

ئەگەر ئەم بیرورایە راست‌بی ، مانای ئەوەیە ئیمە بەهوی کولاندنی خواردەمەنیەوە بەشیکی زور لە وەختی خومان بە فیرو ئەدەین ، وە سەبارەت بەوەی ئەتوانین بە خواردەمەنیی نەکولاو بژین ، ئەتوانین وەخت‌و پارەیەکی زور پاشەکەوت بکەین ، وە ئەو وەخت‌و پارەیە بوکەلکی گشتی بەکار بینین •

بی‌گومان زور کەس پیکەنینی بەم قسانەدی ، وە گالتەیان بەوەدی

که بەلایەوە وایە ئادەمزاد بە خواردەمەنی نەکولاو را دی ، چونکە بروا ناکەن ئادەمزاد بەو حالە رازی بی • بەلام ئیمە ئیستا لەوە شتە نادوی‌ین کە خەلك قبولی بکا یا قبولی نەکا ، بەلکو لەوە ئەدوی‌ین کە پیویستە بی‌کەن • ئیمە ئامانجمان ئەوە نیە هەموو کەسیك بەقسەمان بکا ، وە تەنیا بەری درەختو میوە بخون ، بەلکو تکامان وایە خویان بەو خواردنانەوە رابینن ئەو حەلە ئەوانیش دینە سەر بیرواری ئیمە وە تی‌ی ئەگەن کەچەندە قازانجی لی ئەکەن •

بەشی زوری دکتورەکان بویان ئاشکرا بووە کە لەسەدا نەوەدی ئادەمزاد لە پیویستی‌ی خویان خواردن زیاتر ئەخون • بی‌گومان ئەمە شتیکی راستەو ئادەمزاد ئەتوانی هەموو روژیك بەچاوی خوی بی‌بینی • پیویستە ئەو خواردنەی ئەی خوین کەمی بکەینەوە بو ئەوەی تەندروستیمان بپاریزین •

ئنجا سەبارەت بەوەی تەنانەت پیاوو ژنە چاکە کانیشمان گوناهی زور خوری ئەکەن ، باوو باپیرە ژیرەکانمان جار جارە بەروژوو بوون ، بی‌گومان ئەم روژووە فەزیکی دینیە لەسەرمان ، وەهیچ گومانی تیانیە کە بە دوو هەفتە جاریك بەروژوو بوون کەلكو قازانجیکی زوری بو تەندروستی هەیە •


بورەواجی کارو فرمانت کەویستت لەگوواری هیوادا
اعلان بلاو بکەیتەوە : ئەمەیە ناونیشان
بەغـداد شـەقامی زەهاوی یانەی سـەرکەوتن
ژمارەی تەلەفون ٨٤٣٥٢

# سوتانەوەی پەردەی میشك

## وەیا تای میشك ( ذات السحايا )

بلاوبونەوەی ـ خوپاراستن ـ دەرمان کردنی

دوکتور عبدالرحمن عبدالله

نەخوشی سوتانەوەی پەردەی میشك زور توندو تیژە وەئیجگار بەئاسانی بلاوئەبیتەوە ، لەپرر بەتاو سەرایشەیەکی بیرەزاو دل‌تیك‌هەلاتن‌و رشانەوەو پەلەی سوری پیستەوە خوی دەرئەخا •

میکروبی ئەم نەخوشیە لەپارچەی سەروی جهازی هەناسەدا وەکو قورگ‌و گەروو خوی دائەکوتی‌و لەویوە تەشەنە ئەکاتەناو خوین وئیتر بەهوی خوینەوە خوی ئەگەبێنتە پەردەی‌میشك‌و لەویدا دەستئەکا بەتیکدان ـ ئەم‌نەخوشیە تاك‌تاك هەمیشە لەشارە گەورەکاندا روئەدا ، هەر لەچەند سالیکدا جاریك ئەبی بە ( درم ) بەتایبەتی لەو جیگایانەدا کەزور کەس پیکەوە ئەژین بی‌ئەوەی گویی بدەنە پاك‌و تەمیزی وەکو چەپس‌خانەکان‌و معسکرەکان • تائیستا چوار چەشن لەم میکروبانە دوزراوەتەوە • ئەم نەخوشیە یەکسەر لەنەخوشیکەوە بوساغیك بەهوی نزیك‌بونەوەو ئەو دلوپە وردەلانەی لەدەم‌و لوتی نەخوشەکەوە دیتە دەری‌و پرەلەمیکروب ساغەکە توش ئەبی لەبەرئەوە زور بەئاسانی لەناو ساغەکاندا بلاو ئەبیتەوە ئەگەر خویان لەنەخوشەکان نەپاریزن • ئەم نەخوشیە ئەتوانین بکەین بەسی بەشەوە ، یەکەمیان کەپارچەی سەروی جهازی هەناسە توشی ئەم میکروبانە ئەبی، دوەمیان کەمیکروبەکان تیکەلاوی

خوین ئەبن ، سیەمیان کەمیکروبەکان لەپەردەی میشکدا جی گیر ئەبن ، هەندی جار ئەم میکروبانە لەجومگەکانداو لەپەردەی دەروەو ناوەوەی دل‌ولەسی‌یەکاندا وەیا لەگلینەی چاوا جی گیر ئەبن • بەزوری ئەم دابەش کردنە عملی نیە وە زورجار ئەم بەشانە تیکەل یەك ئەبن •

لەپیشا نەخوشەکە توشی ئالوکەوتن‌و سوربونەوەی قورث‌گو گەروو چاوئیشەو ریپوق‌کردن ئەبی لەپاشا کەمیکروبەکان تیکەلی خوین بون تای لی دی بەوردەلەرزەوە ، وررو گیژ ئەبی ، بەزوری لەسەر تەنیشت دریژ ئەبی‌و هەردو ئەژنوی ئەنوسینی بەسنگیەوەو سەری ئەباتە پیشەوە ، زور بی‌دەنگ‌و خاموش ئەبی ، روی شین هەل‌ئەگەری نەبزی خیرا ئەبی ، جومگەکانی هەمو دیتە ژان‌و لەشی قورس ئەبی لەم دەمەدا خالی سوری ورد لەپیستا دەرئەکەوی ، کەمیکروبەکان لەپەردەی میشکدا جی‌گیربون ژانە سەریکی توند ، رشانەوە ، موچرك پیاهاتن‌و تا پەیدا ئەبن ، سەر بو پشتەوە ئەچی‌و مل رەق ئەبی نەبز هیواش ئەبیتەوە ، زەختی ناو میشك زور بەرز ئەبیتەوەو دەمارەکانی لاجان‌و ناوچەوانی راست ئەبیتەوەو هەناسە ریك‌وپیـــــکی نامینی ، بی‌خەوی‌و پەلەقاژی‌و لەهوش خوچون پەیدا ئەبی ، چاو سور هەل‌ئەگەری ، جار جار خوینی تی‌ئەزی وئاوبەنگ ئەکا • تامیسك لە دەم‌و لچ پەیدا ئەبی •

هیچ نەخوشیەکی‌تر وەکو ئەم نەخوشیە ناریك‌و پیك نیە ، نەتایەکی ریك‌وپیك ، نەنیشانەیەکی زانراوو باش ، ونەدەزانری چەند دوام ئەکا لەهەر نەخوشیکدا مدەیەك دەوام ئەکا لەنەخوشیکی‌تر ناچی ، زور جار لەپاش چاك بونەوەش ئەگەریتەوە • ئەگەر هاتو تاحەوت زوژ نەخوشەکە بەرەو چاکی نەرویشت ئەوە دیارە دەرمانەکان کارگـــیر نەبون وەیا ( ماکی ) نەخوشیەکە بەچەشنیکی تر پەیدابوە •

لەماکەکانی ئەم نەخوشیە ( کیم ) کردنی پیلوی چاوە ، کیم‌کردنی

گویچکەی ناوەراست ، کەرر بون بەهوی خراپ بونی دەماری هەشتەوە لەمیشکدا ، سوتانەوی پەردەکانی ناوەوەو دەرەوەی دلو کیم کردنی هەندی لەجومگەکانە بەتایبەتی ئەژنو •

لەم نەخوشیەدا ئەو ئاوە خاوینەی میشكو پشت لیلو لیخن ئەبی وپرر ئەبی لەکیم ، هەندی جار ئەوەندە کیمی تیا پەیدا ئەبی خەست ئەبیتەوەو بەزەحمەت لەپشت دیتە دەری • کەس ناتوانی بزانی ئەنجامی ئەم نەخوشیە چون ئەبی ، پیش دوزینەوەی ( سلفونەماید ) سەدی پەنجای نەخوشەکان ئەمرن ، ئیستا مردن زور کەمی کردوە وای لی هاتوە سەدی دەی نەخوشەکان ناکوژی •

بو پاراستن لەم نەخوشیە ئەبی پاكو ئەمیزی فـــیری هەمو کەس بـــکریت ، کەس نزیك نەخوش نەکەویتـــەوە ، لەقەلەبالغی زور دورکەویتەوە ، نەخوش جیا بکریتەوەو وبەگورجی دەرمان بکریت ، ئەوانەی لەگـــەل نەخوشەکەدا ئەژین بو چـــەند روژی دەرمانی ( سلفونەماید ) وەرگرن ، ژوری نەخوشەکەو وکەلو پەلی زور چاك پاك بکریتەوەو بشوورریت تا نەخوشەکە چاك ئەبیتەوە ئەبی تیکەلی قەلەبالغ نەبی ، ئەگەر قوتابی بی ئەبی لەقوتابخانە دور کەویتەوە تا بەتەواوی چاك ئەبیتەوە • لەپیش دوزینەوەی ( سلفونەماید ) و تاقمـــــەکەیدا دەرمانکردنی ئەم نەخوشیە هەربە ( سیروم ) لەگەل سلفونەمایدا هەر بەکار ئەهینری بەتایبەتی بو نەخوشە قورسەکان ، بەلام ســـلفونەمایدو ئەودەرمانانەی لەو ئەچن دەرمانی تایبەتین بو ئەم نەخوشیە ، ئەگەر بیتو زوو کە نەخوشیەکە پەیدابو گورج تشخیص بکریتو مقـــداری تەواوی لەم دەرمانانە بەریکوپیکی بدریتی نەخوشەکە لەپاش چەند روژیکی کەم چاك ئەبیتەوە • لەگەل ئەم دەرمان کردنەشدا پیویســـتە ئاو لەپشت دەر بهینریت هەم بوزانینی توندو تیژی نەخوشیەکەو هەم بو

کەم کردنەوەی زەختی سەرمیشك کە ژانە سەرەکە کەم ئەکاتەوە •
( پەنسلین ) و ( تیترامایکلین ) ئەگەر بەمقداری زور گەورە بەکـــــار
بهێنری نەختی کەلکی هەیە •

# ئەزانیت . . . ؟

- کەژمارەی دانیشتوانی شاری توکیو لەمانگی تشرینی‌یەکەمی سالی رابوردوا ٨٢٧٤٠٠٠ کەس بوە •
- کەهیچ بالندەیەك بەسەرما نامری بەپیچەوانەی ئەوەوە کەزور کەس واتی گەیشتون •
- کەگوشتی ماسی مقداریکی باشی لەمەگنیسیوم تیایەو هویەکی زور بەکەلکو بەهیزە بو پاراستنی لەش لەنەخوشی شیرپەنجە •
- کە ( فردریك ) مەلیکی پروسیا لەروژیکا لە ٤ سەعات زیاتر نەنوستوە ، هەروەها ( ناپلیون ) یش لەشەوو روژیکا ٥ سەعاتی بونوستن داناوە کەچی پسمارك زور حەزی لە خەو کردوەو زوری پی‌ناخوش بوە کە خەبەر بکریتەوە •
- کەسال لەئەستیرەی مەریخ دا ٦٨٧ روژە •
- وەنزیك‌ترین ماوەی لەبەینی ئەرزو مەریخدا ٣٥٫٢ ملیون میلە کەئەمەیش هەربە ٧٩ سال جاریك رووئەدات •
- کەفیل بەدەم رویشتنەوە ئەتوانی بنویت ؟

# چەوەندەری شەکرو

# مێژووی دەرهێنانی

جەمال عبدالكريم فواد
معاونى تايبەتى كشتوكال

هەمو ئەزانین شەکربووە بە پیویستییەکی ناومالی وەزور بەکار ئەهیزیت • لەسالی ١٩٥٤ دا ١٢٠ هەزار تون شەکر هیزاوەتە عراقەوە وە ئەگەر بیتو ئەم شەکرە بەسەر ژمارەی دانیشتووانی عیراقدا بەش کەین ئەزانین هەریەکەی سالی ٢١ کیلوی بەرئەکەویت ، وە بەمەدا ئەزانین لەوولاتی عراقا شەکرزور بەکارئەهیزیت ، ئەگەر لەگەل وولاتیکی وەك فەرانســـــەدا بەراووردی بکەین لەسالی ١٩٥٠دا لەسالیکا هەریەکیك لەدانیشتووانی فەرانسە ـ ١٤ ـ کیلوشەکری کارکردووە •

هەمو نەباتیك شەکر دروست ئەکات لەئوکسیدی دووەمی کاربون و ئاو بەیارمەتی تیشکی روژو بونیمادەی ( کلوروفیـــــل ) ، وەئەو شەکرەی بەمجورە دروست ئەبیت بەپیی چەشنی نەباتەکەو پیویستیی ئەونەباتە ئەگورری • جورە نەباتیـــــك ئەوەنە شەکر کوئەکـــــاتەوە کەئادەمیزاد کەلکیکی ئابووری لیوەرگریت وەئیستا شەکر بەزوری لەدوو نەبات دەر ئەهینریت کەئەمەیش ، قامیشیشەکرو ، چەنەوەری شەکرە •

## چەوەنەری شەکر

لەســـــالی ( ١٦٠٥ ) ی میلادی‌یا ( ئولیفەر دیسار ) زانیـــــاریکی کشت‌وکالی فەرانسە دوزییەوە کەلە چەوەنەری شەکرا : شەکربەزوری کوئەبیتەوە ، دوای ئەم ( ماگراف ) لەسالی ١٧٤٧دا کەفیزیاگەریکی ئەلمانییە ئەم شەکرەی دەرهینا ، دوای ئەم قوتابییەکی خوی ( ماکارد ) ئاواتی ماموستاکەی هینایەدی کەلەسالی ١٩٠٧ دا توانی بەشیوەیەکی ئابوری ئەم شەکرە لەچەنەوەر دەر بهینیت‌و یەکەمین کارگەی شەکری لەشاری ( سالیسیا ) دامەزراندە •

ماکارد لەم‌کارەدا گەلی کوسپی گرانی هاتەری • لەوانە نەبوونی تووی‌باش ، بەر بەرەکانی‌کردنی لەلایەن ئەوبازرگانانەی شـــەکریان لەدەرەوەی ئەوروپاوە ئەهینا کەلەقامیشی شەکر دروست‌کرابو • بەلام ئەم کوسپ‌و بەر بەرەکانی‌یە بەهاتنە سەر حوکمی ناپلیون دوایی‌هات ، چونکە ناپلیون فەرمانی‌دا کەهیچ جورە شەکریك لەدەرەوەی فەرانسەوە نەهیزیت • وە بریاری‌دا یارمەتی ئەوکەسانە بدریت کەشەکر لەچەوەنەر دەرئەهنین •

ئەم بزوتنەوەیە لەلایەن ناپلیونەوە بوو بەهوی دامەزراندنی گەلی کارگەی شەکر لەئەو روپادا کەلەسالی ١٩١٢دا نزیکەی دوانزە کارگەی شەکر لەفەرانسەدا دامەزرینرا بەم هویەوە لەهەمو وولاتانی ئەوروپادا چاندنی چەوەنەری شەکر پەرەی سەند •

لەولاتە یەك گرتووەکانی ئەمەریکادا یەکەم کارگەی شەکر لەسالی **١٨٧٩**دا لەکالیفورنیادا دامەزرا وەئەم کارگەیە بووە پیش رەوی گەلی کارگەی تر ، لەسالی **١٩٥١**دا ژمارەیان گەیشتە هەشتا کارگە کەلەسالیکا دوانزە ملیون ( تون ) چەوەنەریان کار ئەکرد وەلەسەدا **٢٠ – ٢٥** ی پیویستی ئەمەریکای پرئەکردەوە •

چەوەنەری شەکر نەباتیکی دوو فەسلی یە وە لەو شوینانەدا باش هەل ئەکەویت کەئاوو هەوایەکی فینك وەلەسالیکا ( **٥ – ٨** ) مانگ کە زوقمو سەرمای تیانەبیت •

کاتی چاندنی لە **٢٠** مانگی مارتەوە تادەی مانگی ( مایس ) وەلە تشرینی یەکەمدا دەس ئەکری بەهەلکەندنی سەلکەکانی ، ئەگەر هاتو وازی لی‌هینرا سەلکەکان لەسالی دووەما دەس ئەکەنەوە بەگەلاو گول کردن وەلەمانگی جزیرانا توو ئەکاتو کوتایی بەژیانی دیت •

بوشەکر دروست‌کردن پیویستە لەسالی یەکەما سەلکەکانی هـــەل بکەنریت ، پیش ئەوەی دەس‌بکا بەگول‌کردن ، چونکە کەگولی‌کرد سەلکی چەوەنەرەکەسیس ئەبی‌و شەکری تیاکەم ئەبیتەوەو کەلکی‌ئەوەی نامینی شەکری لی‌دەر بهینریت • جاری واهەیە هەرلەیەکەم ســـالەوە هەندی لەم سەلکانە گول ئەکەن ئەم چەشنە توخمە باش‌نیـــە ئەبی توویکی‌وا بچینریت کەیەکەم‌سال گول‌نەکات •

وەپیویستە لەشوینیکا بروینریت کەبەپی‌ی پیویستی ئاوهەبیت تاوەکو بی‌ئاوی نەکیشی چونکە نەباتیکی هاوینییە • زوری‌و کەمی ئاودان بەپی‌ی

شوینو جیگاکەی ئەگورریت هەروەها لەمانـــگی تەموزو ئاب کەپلەی گەرما بەرزئەبیتەوە ئاودان پیویستە بخریتـــە دەم ئیوارە تاوەکو زیان بەسەلکی چەوەنەرەکە نەگات •

شەکر پاش ئەوەی لەگەلای چەوەنەرەکەدا دروست ئەبیت روو ئەکاتە رەگەکەی وەلەویدا کوئەبیتەوە ، کەئەمەیش پیویستی بەشەوی ساردی پایزهەیە • وەنسبەتی شەکرەکە ئەگاتەلە ١٦٪ ـ ٢٠٪ کەئەم نیسبەتەیش بەپیی زەویو بژارو تەنك‌کردنو ئاودانی لەکـــاتی‌خویا ئەگوری •

چاکترین خاك بوچاندنی چەوە نەوی شەکر ئەوزەوییەیە کەگلەکەی نەرمو شی‌کراوەبیت ، تالەگاتی هەلکەندنا بەسەلکەکانەوە نەنوســیتو ئەرکی شتنەوەی کەمتربیت •

چەوە نەری شەکر جگەلەوەی کەمادەیەکی ئەساسیە بودەر هینانی شەکر گەلی کەلکی تریش‌لیوەر ئەگــیریت وەکو گەلاکەی وە ئەو تلپەیەی پاش دەرهینانی شەکر لەکارگاکانا ئەمینیتەوە خواردەمەنیەکی زور بەکەلکە بوئاژال •

| | |
|---|---|
| ئـــاواتی هیـــوا | بەرزی ژیانـــــە |
| پی‌شیلت نەکـــا | چــــەرخی زەمانە |
| گەر بویەك باشبین | دل‌ودەس یـــەك‌بی |
| گـــوواری هیواو | چاپخـــانەت ئەبی |

# کونفوشیوس

فاضـــــل

لەناو دانیشتوانی چیندا باوەر وابو کەئەوەی کوری نەبی ، کلولەو ژیانی پەژارەو رابواردنی تالیـــــە • ئەمەبوەوای لە « شولینجهە » کرد کـــــەلەتەمەنی حەفتا سالیدا بەریشی سپی‌یەوە و پشـــــتی‌چەماوەوە کچیکی‌هەژدە سالانی تەمەن‌لەبەهاری ژینا بخوازی ، بەنیازی ئەوەی کوری‌بیت چونکە لەکچ زیاتری‌نەبو •

ســـــال‌وەرگەر ایەوەو بوکی‌یەك‌سالە هاتەسەرکاســـــە ، لەوپیرە پەك‌کەوتەیە کوریکی گوی‌دریژی‌بو •• بەبونی ئەم‌کورە ( شولینج ) ی دلتەنگ‌وزویر بزەی بەختیاری کەوتەسەر لیوەچرچوو وشکەوەبوەکانی، خوبەتایبەتی کەئەی‌روانیە گویچکە دریژەکانی ئەوەندەی‌تر گـــــەش ئەبوەوە ، چونکە باوەری ئەوسای چینیەکان وابو هەرساوایەك گویچەکانی دریژبیت نیشانەی زیرەکیو بلیمەتی‌ی ئەومنالەیە •

ئەم کورپەیە ناونرا « کونج ــ فوتسیە » یا « کونفوشیوس » • وەوا دەرئەکەوی باوەری چینیەکان بەرامبەر بەم منالە راست بو ، چونکەهەر لەمنالیەوە بەچابوکی هاتە پیشەوە ، هیشتا لەتەمەنی سیانزە سالیدابو کەباوکی مرد ، هاوتەمەنی ئەو بو شـــــیر ئەگریا ئەمیش‌چاکی لی کرد بەلادا خویو دایکی‌ژیان •

لەتەمەنی حەفدە سالی‌داکرا بە پاسەوانی گەنمی میری‌و بە دوسال توانی مقداری پارە کوکاتەوەو لەنوزدە سالیدا ژنی هینا •

ژیانی ( کونفوشیوس ) ئەکەویتە سەدەی شەشەمی پیش میلاد • لە کاتیکدا بو کەدەرەبەگیتی لەگورری تینیا بو ، کاروباری میللەت هەموی بەدەست ئەوانەوە بو ، کـــــارو کردار ، ووتەو دوان ، هەموی هەر

کونەپەرستیتی بو ، زاناو داناکانیش لەولاوە بی نرخ مابونەوە •

( کونفوشیوس ) کە ئەیروانیە ئەم جورە ژیانە ، قیزی لی ئەکردەوە ، بو یاساو ژیانیکی باشتر ئەگەرا وورد ئەبوەوە •• هینای لەپیشـــا بەلاپەرەکانی کونەوە ماوەیەك خەریك بو ، زانیاریەکی باشی تیا پەیاکرد ، ئنجا دەسی کرد بەنەمی کردنی مەردمو بلاوکردنەوەی ئەوشـــتانەی کەبەبیریا ئەهات • هەمو جاری ئەیوت منروژهەلاتیو روژئاواییم ، لەهەر شوینیك بم نیشتمانمە •

روژیکیان لەگەل زانای بەناوبانـــگ ( لاوتزیە ) چاودیریکەری نامەخانەی کوشکی ( تشو ) دانیشتبون قسەیان ئەکرد ، (کونفوشیوس) زانیاریەکی وای پیشاندا چوە دلی ( لاوتزیەوە ) ، لەهەمان کاتیشا ( لاوتزیە ) پیی ووت داخەکەم باسەکانت هەموی لەکونەوەیەو دوانەکانت باسی رابوردو ئەکات وە ئەوانەی تو قسەیان لی ئەکەیت هەمو مردون • وا دیارە نەتبیستوە سامانی شارراوە وەك نەبو وایە •

لەم کاتەدا ولاتەکەی ( کونفوشیوس ) ( کو ) لەگەل دراوسییەکیا لە ناکوکیو هەرادا بون ، چار نەبو ئەبوایە میر ( کاو ) ی سەردار هەلبیتو راکا چونکە ئەگەر نەرویشتایە ســـەرپەرراندن بەشیئەبو ، وەلەگەل هەلاتنی میرا ( کونفوشیوس ) و هەندیك لە قوتابیەکانیشـــی لەوولات چونە دەرەوە • هەمو زویرو دلتەنگ ئەرویشتن لەریگا بینیان وا ئافرەتیك لەپال گوریکی تازە هەلبەستراوا شینو شەپورر ئەکا لییان پرسی ــ بوچی ئەگریت ، لەوەلاما ، ووتی ــ پلنگیك باوکی میردەکەمی لیرەدا کوشتوەو دوای ئەویش میردەکەم • پیـــانووت ــ وا ئەوان رویشتنو بررانەوە ئەی تو بوچی لیرە نارویتو خوت لەدەست ئەم پلنگە رزگار ناکەیت • پیی وتن ــ هەرلیرە ئەمینمەوە ، چونکە ئیرە دور ترین شوینە لەزورداری میری ( حکومەت ) • ئەم قسەیەکسپەی لەجەرگی

کونفوشیوسەوە هینا ، بریاری داکە هەتاماوە بوهەلکەندنی زورداری لەخەباتابیت •

ری‌یان گرتەوەبەر ، نەوە ستانەوە تاگەیشتنە ولاتی «تشی» گەیینەلای سەرداری ولات ، سەردار پیش وازیەکی گەرمی کردو گەلی ریزی لی‌نان• وەدوای دانیشتنو ماوەیەك مانەوە وقسەو باسودوان ،کونفوشیوسی زور چوبەدلا وەکردی بەیەکیك لەتەکبیر کەرانی خوی • روژیکیان سەردار لیبی پرسی ـ میری ( حکومەت ) ی تەواو ئەبی چون‌بی ؟ ئەمیش پیی‌دت ـ ئەبی سەردار سەرداربی‌و شاریار ( وزیر ) شاریارو باوکیش باوك • سەردار سەریکی راوە شانو وتیەوە ـ قسەیەکی زور خوشـــە ئەگەرچی هیچی لی‌تینەگەیشتم • وەجاریکی تریش هــــەردە ربارەی میری‌وتی ـ پیاوی ئیش کەرلەمیری‌دا ئەبی رەوشتو خوی باش‌کات ، وەبو ئەم باشکردنەش ئەبی کاری بەرامبەر ئەوانەی کاریانی لەگەلە بەتەواوی ببابەریوە ، وەبوئەمەش ئەبی ئاگاداریەکی تەواوی هەبیت لەسرو شتو یاسا ( نظام ) ی گەل‌وئادە میزادا ••

سەردار بەم جورە قسانەئە وەندەی‌تر کونفوشـــیوسی چوبەدلا ، بریاری‌دا کەبیکا بەشارەوانی پارچەیەك لەولاتەکەی ، وەبوئەم بریارەی شاریارەکانی کوکردەوە وەئەم‌نیازەی خستنە پیش‌چاو• بەلام شاریارەکان هەمو بەرامبەری ئەم قسەیەوەستان ، چونکە نەیان ئەویســـت زانایەکی وەکو کونفوشیوس پەنجە بخاتەئیشو کاری ولاتو میریەوە بودواروژجی بەمان لیژبیت • هەمودەستیان کردبە پرروپاگەندەو هەولدان بودەرپە ررانتی کونفوشیوس • وایان بردە میشکی سەردارەوە کەبەم جورە دانایانە پیاوی ئیش‌نین ، هەمولوت بەرزو سامنـــاکن ، ناتوانن کارو باری‌ولات بەرن‌بەریوە •

بەم قسانە سەرداریان لی‌هەلگیرایەوە • ئەمیش کەزانی جیـــگەی

شـــــلوق‌بوه لەکوشکی ســــــەردارا دانیشتنی باش‌نیەو لەگــــەل کاربەرەستانا ریك ناکەویت ، بویەبە ناچاری کوشکی بەجی هیشت ، روەو ولاتەکەی خوی گەرایەوە •

لەم کاتە داکە ئەم گەرایەوە ، روانی‌هەندی لەدوستونا ســـیاوانی خوی بون بەکاربە دەست ، ئەمیش چو بولایان‌و بە ســـەرهاتی خوی بوگـــیرانەوە • ئەمانیش لەرقەبەرایەتی سەرداری « تشـــی » وا کونفوشیوسیان کردبە شارەوانی شاری « تشونگتو » •

لیرەدا دانایەتیو فەلسەفەی کونفوشیوس دەرئەکەوی • هینای گەلی یاســـاو رەوشـــــتو خوی بەرزو جوانی بودانان وەکو ( خواردن بە پی‌ی تەمەن ، جلوبەرگ بەپی‌ی پیویســـــتی ، کەموزوری چەمانەوە لەکاتی سلاودا ، چونیەتی رویشتن بەشەقامەکانا ، پیاولای‌راستە ژنیش لای‌چـــــەپی ریگا بگریت لەرویشتنا هەمو کـــــەس‌وە کویەك زەوی‌پی‌بدری •• هتد )

لەم‌یاساو ئاموژگاریا نەدا کونفوشیوس سەرکەوتنیکی بالاسەرکەوت بویەمـــــیر بریاری داکەبیکابەشاریاری تاوان ( وزیر الجریمـــــة ) • وەبەوەرگرتنی فرمانی تازەی ، تاوان بەرەو کەمی‌و ناپاکی روەونەمان ملیــــان‌نا ، راستیو رەوشـــــت بەرزی جیی‌هەموی گرتەوە • گەلیش کونفوشیوسی بەدلاچو ، هەروەهامیریش • بویە یەکسەرکرا بەسەرەك شاریاران « رئیس الوزراء » • کاروباری‌هەمو گــــەلو میری‌کەوتەژیر چنگەوە ، بی‌وەستان کەوتە ئیش‌و بلاوکردنە دەی بیروباوەرەکانی •

ئەم‌دامە زراندنەی لەم ئیشەدا بوبە سەرەو خواریەکو وردە وردە تیاگل‌بوەوە چونکە هەمو کاربە دەستانی ولاتو ولاتانی دراوسی ئەم‌دامە-زراندنەی ـ کونفوشیوسیان پی‌ناخوش‌بو، بودزودروزنی‌دەستی نەئەدا • بویە هەموکەوتنە تەگبیرو پیلان گیران بوهینانە خوارەدەی‌و دەربەدەر

کردنی • تاتوانیـــان میریان لەخشتەبردو بارەگـــایان کردبە کورری خواردنەوەو ســــەماو ئاهەنگو بەزم ، کاروباری میــــللەتیش خرایە پشت گوی •

سالیــــکی‌تەواو کونفوشیوس هەولی‌دا بوراســــت کردنەوەی میروپلیشانەوەی پیلان گیرەکان ، بەلام بی‌ســــودبو ، چاری نەماو بوجاری دوهەم ولاتی بەجی هیشت کەوتە شارەو شارگەرران •

بوهەر لایەك ئەچو زوخاویان ئەکردبە قوورگا ، خویو ئەوقوتابیانەی کەشوین بیرو باوەرەکەی کەوتبون پەژارەو کویرەوەری دنیایان چیشت• روژی پیاویکی پیر روی کردە قوتابیەکانی ( کونفوشیوس ) پی‌ی‌وتن – براینە بوچی زویرن بوچی شانازی ناکەن بەم روژەی ماموستاکەتانی تیایە ، ئیوە مەروانە ئەم پینجو دوروژە • ئەمرو زەنگی بیروبارەکانتان لەگویی هەموانا ئەزرنگیتەوەو هەمو ئەلین ( کونفوشیوس ) پیغەمەری فەریادو دادە •

ئەمە بیری ئەم پیرە بو بەرامبەریان بەلام لەلایەکی ترەوە دوشمنەکانی هەر بەرامبـــــەریان ئەکردو سزایان ئەدا • شارەوانی شاری ( وی ) دەستی کرد بەهاندانی خەلك تا دەریان پەران وەلەشایکی تر تەنانەت ئەودرەختەی لەبنیا دائەنیشت بوحەوانەوە ئەویشیان بری‌یەوە • لەشاری ( تشیانگ ) دەرگاوانی شاریان راسپارد کە دەرگای لی نەکاتەوە •

ئەم بەسەرهاتانە وایان لی‌کرد پەرپوتو برسیو لاواز ببی ، لەگەل ئەمانەشا هەر کولی نەداو لەقسەی خوی نەهاتە خوارەوە چرای روناکی بەدەستەوەبو دای نەئەنا •

بەمجورە سیانزە سالی بردە سەر • لەگەل ئەم هەمو دەربەدەریو ئەشکەنجەیەدا پیریش هیرشی بوهیناو ئەوەندەی‌تر لاوازی کرد ، تا لە تەمەنی شەستو نو سالیدا روی کردەوە شارەکەی خوی ، پاش ئەوەی

مـــــیر کوچی دوایی کردبو کاربەدەستەکانیش گورابون • ئەگـــەر
چی ماوەیەکی زوریش بو ، بەلام دانیشتوانی شار هەر لەیادیانا مابو وە
بەهاتنەوەی گەلی دل شاد بون لی‌ی کوبونەوە کەوتنە لی‌پرسینو راویژ
کردنی • ئەمیش کەمو زور وەلامی ئەدانەوەو ئاموژگاری ئەکردن •
ئیتر وازی لەگەلی شت هیناو دەستی‌دایە ویژەو کوکردنەوەی هونراو
( شیعر ) ە کونەکانو هەولدان بوریك خستنی ساز ( موسیقا ) وە نوسینی
میژوی ولاتەکەی • بەجوریکی ئەوتو دەستی خستە ویژەی چینەوە
گەیانیە پلەیەکی زور بەرز • وە ئەتوانین بلین ئەو بو بەبناخـــــەو
سەرچاوەی ویژەی چین لەسەر ئەم ریگەیە بی وەستان کولی نەدا تا
لەشی گەرمی سارد بوەوە کوچی دوایی کرد • لەشو دەنگی مرد ناوەکەی
هەرماوەو هەر ئەمینیتەوە •

دوای کوچ کردنی ئەوسا مەردم لیوی خویان ئەکروشتو کالەکیان
بە ئەژنو ئەشـــــکانو ئاخیان بو هەلئـــەکیشا بویان دەرکەوست کە
( کونفوشیوس ) بلیمەتیك‌بوە روناك کەرەوەی ریگەی تاریك • ئەوسا
دەســـــت کرا بەپیاهەلدانو نوسینەوەی پەندو ویژەو نوســـراوەکانی
پەرستگاکان بەناویەوە ناونرا ، قوربانیان بو سەر ئەبری •

( کونفوشیوس ) هەرگیز دریخی نەئەکرد بەتیکەل بون لەگـــەل
مەردمو پیشاندانیان بوریی‌ی روناکی ، هەمو کات ئەی‌ویســـــت پەلەی
ئازاریان بسری ، هەرچییان لی بپرسیایە وەلامی ئەدانەوە •• کەلی‌یان

ئەپرسی مردن چیە ؟ ئەیوت پیویست ناکا خومان بەشتیدور لەپیویستەوە خەریك بکەین ، ئەوانەی لەدەورو پشتمانن بائیستەلەوانە بدوین ٠٠ جاریك لییان پرسی بەچی شەر بوەستینین ئەمیش وتی ـ بەداد ، هەروەها سەرداریك لی‌ی ـ پرسی ئایا میری چون بیت ؟ وەیا چی بو پیویستە ؟ لە وەلاما وتی ـ خواردەمەنی تەواو ، لەشکری تەواو ، گەلی دل‌نیا، سەردار لی‌ی پرسیەوە ـ ئەگەر ئەم شتانە هەموی نەبون واز لەکامیان بهینین ؟ وتی ـ یەکەم لەشکر دوایی خواردن بەلام هەرگیز نالیم واز لەدلنیایی‌و هیمنی گەل بهینری ، چونکە بەبی دلنیایی نە گەل بەختیارەو نەمیری ٠

میریکی کە لی‌ی‌پرسی ئایا پیاوی کاربەدەست ئەبی ئازا بی ؟ یا ئازایەتی پیش هەموشت بخات ؟ وتی ئەبی راستی پیش هەموشت بکەویت ، چونکە ئازایەکی خواروخیچ هیچ جیاوازیەکی‌نیە لەگەل دروندەکانا ٠٠

[ کونفوشیوس ] زور بەئاواتەوە بو بوهاتنی کومەلیك کاربەدەستانی بە ئەتوارو دادبین چونـــکە ئەی ووت مـــەردمی داد هەول‌ئەدات بوبەرزکردنەوەی زانیاریو لە ناوبردنی تاوان ٠٠ زورجار ئەی ووت ــ رەوشتو خوی مەردم بناغەی کومەکە چونکە ئەگەر رەوشتوخوی مەردم باش‌بی ئەواکومەل دوورئەبی لە ناریکیەوە ٠ دیســـــان ئەی‌وت ئەبی هەول بدری بوچاك‌کردنی خیزان ، خوش‌کردنی ژیانیان ئەی‌وت ئەگەر هەموگەل ببیت‌بە خیزانیك میریش باوکیان‌بی ، ئەوکاتە ئەبی دلی راگرنو لەقسەی دەرنەچن، وەئەبی لقەکانی ئەم خیزانە لەکینەودوودلی دووربن ، هەروەهـــا ئەبی باوکی ئەم خیزانەش باوکیتی خوی بەتەواوی بەریوە بەریت هەول‌بدات بوپیش خستنی هەموئەندامیکی ، وەنابی‌ئەندامانی ئەم

خیزانه لەباوکیان بی‌دەنگ‌بن ئەگەر بی‌دادی‌پیشان‌بدا ، وەنابی هیچ کەمو کوریەکی بخەنە پشت گوی •

دیسان دەربارەی کومەل ئەلی کومەلی کامەران ئەوەیەکە سەربەست بی وەخوی لەجەنگ بپاریزری • ئەبی شاو کاربەدەستانی بزانن چون خەرج ئەکەن ، سامان ئەبی چوون یەك‌بیت ، ئەبی هەول بدری بو بەرز کردنەوەی زانیاری کەم‌کردنەوەی سزا هەول‌بدری بو ئەوەی هەمو کەسیك فیری ئاوازو ساز ( موسیقا ) بکرین ، ( وەخویشـــــی شمشال‌ژەنیکی‌چاك بو ) • ئەی‌وت ـ ئەگەر هەموگەلان بەم جورەیان لی‌هات ، ئەوسا گیتی پرئەبی لەشادی‌و خوشی وەهەموو ئەبن بەیەك ئاسایش‌و هیمنی بلاوئەبیتەوە ، دزو پیاو خراپ ا جیهانا نامینی •

ـ ئیمرو روژی فروفیل‌نیە ، کەس بروای نەماوە بەو کەسانە کە دوو ئەندازەیان هەیە لەلایەکـــەوە داوای ئازادی بوخویان ئەکـــەن لەلایەکی تریشەوە دان بە هەقی ژیانی میللەتانی ترا نانین •

دوکتور کامەران بدرخان

# ئەتوم و هێزی ئەتوم

ووردي

گرنگترین دوزینەوەی‌شتی نهێنی لەناو جـــەرگەی سروشتدا ( طبیعت ) لەم دەمەی ئاخریەدا بی‌گومان دوزینەوەی هێزی ئەتومە !

ئەتوم هەمو شتێکی گوری ، لەلایەکەوە تروسکەی بەختیـــاری‌و شادمانیکی بی‌وێنەی لەئاسوی ژیانی ئادەمیزادا پیشان‌داین ، لەلایەکی تریشەوە ترس‌و لەرزو مردن‌و لەناوچونی ملیونەهای هینایە بەرچاو •

بەلی گەربێتو ئەتوم بوئاسایش‌و کامەرانی ، بوخوشی‌و بەختیاری‌و بەرزی پایەی پیش‌کەوتن بەکار بهینری بی‌گومان پاش چەند ســـــالیك ، یانی لەسەدەی ئایندەدا ئادەمیزاد هەزارسال ئەچیتە پیشەوەوشتی وەها دروست ئەکات کە تەنانەت بە خەویش نەی‌دیوە •

خوئەگەر بێتو هێزی ئەتوم بوشەرو کوشتارو لەناو بردن بەکـــار بهینری هیــــچ گومانم‌نیە ئادەمیزاد کەئیستا ژمارەی لە دوومليـــارو دووسەدو حەفتا ملیون زیاترە ، دوسەدو حەفتـــا ملیونەکەی بمینی •

گەلیك شتی بە سوودی واهەن ئەگەر لەریی چەوتا بەکار بهینری زیانی گەلیك زیاترئەبی لەکەلکی • بەلام هیچ شتی وەکو ئەتوم نیە ، وەتا ئیستا لەم هێزە گرنگ‌تر لەناوا نیە •

سەیری ژیانی خوت بکەو بیری بکەرەوە لەم گفتوگویە لەگـــەل هاوری‌یەکت یالەگەل خیزانەکەتا ئەی کەی ! ! ئەم نیوەرویە حـــەز ئەکەیت لەکوی نان بخوین ؟

ئەلی‌چی بچین ئەمرو سەریك لە نیویوك بدەین‌و ئیوارە بەلەندەنا بگەری‌ینەوە شەویش بیروت فینکە بەیانی پیش هەتاوکەتن دینەوە بەغدا بەهوی ئەتومەوە چوون بومانگ‌و گەران بەناو ئەستیرەکانا لەدوا روژا شتیکی وانیە بە دوور بزانریت ، ( شیرپەنجە ) نەخوشیەکە تائەم دوای‌یە میکروبەکەی‌و ریگای لەناوبردنی نە ئەزانرا وائیستا بەهوی ئەتوم و کانی ( یورانیوم ) ئەتوانری لەناوبری ، سەرەتان ( شیرپەنجە ) کەسەدەها هەزار سالە ئادەمیزاد بەرامبەر چارە کردنی هیچی پی نەکراوە، وا ئیستا ئەویش دوزرایەوە .

هیزی ئەتوم هەروەکو وتمان ئەوەندە بەهیزە هیچ شتیك نیـــە بەرەنگاری بوەستیت ، بەهوی هیزی ئەتومەوە زوربەئاسانی ئەتوانین کیویك وەك پیرەمەگرون لەناوا هەلگرین‌و بیکەینە دەشتیکی کاکی بەکاکی وەئەو گەرمای‌یەی لەئەتومەوە پەیدا ئەبی نزیکەی شەش هەزار پلەی گەرمی‌یە کەئەم گەرمی‌یە نەوەك پولا بەلکو هەرچی کانیك (معدن) هەیە لەناویا ئەبی بە هەلم .

بەهوی هیزی ئەتومەوە ئەتوانری داریك بروینری‌و بهینریتە بەر نەوت‌و خەلوزی بەردو هیزی کارەبا بەچاو ئەم هیزەوە نانوینن .

بەیەك لیتر ئاو سەدەها مەکینەی گەورە ئەکەویتەکار •

بەپیچەوانەی ئەمەوە ( خوانە خواستە ) ئەگەر هاتو ئەم هیزە بو جەنگ بەکار بهینری بی‌گومان ئادەمیزاد بەرامبەر گرنگ‌ترین کارەسات ئەووەستی وە ئەو پیش‌کەوتنەی کە هەزارەها سالە خەریکی دروســـت کردنیەتی بەماوەیەکی کـــــەم هەموی لەناو ئەچی • جگە لەو هەمو گیاندارەی کەئەبنە قوچی قوربانی •

# هەلبژاردە

ـ کامەران ترین مروف لەژیانا ـ شابی‌یان گەدا ـ ئەو کەســـــەیە کەلەمالا ئاسودەبی ـ

گوتە

ـ ئەگەر ئەتەوی دوژمنت پیت نەویری رەوشتی‌خوت چاك‌بکە •

افلاتون

ـ خیانەت بە میرات نیە !! بەلام هاوری‌ی خراپ بە پیاوەتی ئەت‌داتی

شکسبیر

ـ هیچ گەلیك راناپەری تا عەزابو ئازار داخی نەکا •

گاندی

ـ کلك راوشاندنی سەگ لە دەست راوەشاندنی زور کەس راست‌ترە

أسعد رستم

ـ خوینی شەهیدان ئاو نیە ئاگری هەرا خاموش کا بەنزینە گری بەرز ئەکاتەوە •

ایلیا أهرنبورك

ـ ئەلین عەبدیك ئەگەر نوستبو خەبەزی مەکەرەوە ، بەلـــکو خەو بەئازادیەوە ببینێ • من ئەلیم خەبەری کەرەوە و باسی ئازادی بوبـــکە •

جبران

ـ ولاتی نیوەی ئازادو نیوەکەی تری دیل بی نەپیش ئەکـــەوی و نەئەمینی •

ابراهیم لنکولن

# گوواری هیوا هیوای سەرکەوتنە

بەقەلەمی : ماموستا بەشیر موشیر

لەکاتیکا زانیم ئیمتیازی گوواری هیوا دراوە بەیانەی ســەرکەوتن

دلم گـــەش چاوم روونبوەوە ، هەستم بەوەکرد کـــەهیزی قەلەمی نووسەرانمان ئەکەویتەوەکارو بەزمانە شیرینەکەی خومان ئەنوسین‌و ئەخوینینەوە • بەم هویەوە زور سوپاسی ئەندامەکانی یانەی سەرکەوتن ئەکەم کەتوانی‌یان ئەم خزمەتە گەورەیەبکەن •

وەدوا ئاواتیشم ئەمەیە گوواری هیوا تاسەر بژیو خوینەوارەکانمان بەنووسینی جوان‌و بەکەلك پەرەکانی برازیننەوەو دەرگـــای یانەش بوخرمەتی کومەلایەتی‌و شوینی خویندنەوەی قوتابیان هەمیشە کراوەبیت•

# بیر لەتولەسەندن مەکەرەوە ! !

وەرگیراوە

ژیان پینج‌ودوو روژیکە لەخوتی تال‌وژاراوی مەکە هەر بیر لەوە بکەیتەوە کەرقەبەری ئەو کەسانە بکەیت خوشـــت ناوین وەیا بتەوی تولەیان لی‌بسینیت •

بەحوکمی سروشت ژیان خالی نیە لەبیری رقەبەری‌و دوژمنایەتی‌و تولەسەندن ، کە ئەمەیش بی‌گومان سەری لەئادەمزاد شیواندوەو ژیانی لی‌کردوە بەدوزەخ تەنانەت ئیشتیهای خواردەمەنیشی ناهیلیت وەکاریکی ئەوتوی تی‌ئەکات کەبواری حەســـانەوەی نەدات‌و شەووروژ خەوی نەبیت‌و سەری لی‌ئەشیونیت وەخزم‌و دوستەکانیشی بی‌زار ئەکات‌و دلی هیچ کەسیك بەخویەوە ناهیلی •

ئەو جورە کەسانە ئەگەر خویان گیرودەی ئەم داوە بکەن کەتولەی خویان لەدوژمنەکانیان بسینن بی‌گومان ئاسودە نین شەووروژ بەداخەوە ئەتلینەوە وەدوژمنەکانیشیان روژبەروژ پی‌ی گەشە ئەکەن •

بەلام ئەوجورە کەسانە ئەگەر بتوانن بیرو هەستی تولەســـەندن لەمیشکی خویان دەرکەن ، ئەوسا دوژمنەکانیـــان شەرمەزار ئەبن‌و کردەپەشیمان ئەبن •

هەرکە پیاویکی خوپەرستو دل‌پیسو ناپاك ویستی زورت لی‌بکاتو تانوتت لی‌بدا نەکەی گویی‌ی بدەیتی‌و بەربەرەکانی‌ی لەگەل‌دا بکەیت ، واچاکە تەنیا بەمە وازی‌لی‌بینی لەبیر خوتی بەریتەوەو ناوی لەناو ناوی هاوریکانتا بکوژینیتەوە ••• نەکەی بچیت دوژمنایەتی لەگەل‌دا بگریتو خوت توشی ئەوە بکەیت بەدەردو خەفەتی تولەسەندنەوە بتلینیتەوە •

دوکتوریکی شـــــارەزا زور بەووردی چوتە بنجوبنـــــاوانی ئەو نەخوشانەی توشی نەخوشی تەوژمی‌خوین ( زەختی‌خوین ) بون وەیا نەخوشی ( دل ) لەئەنجاما بوی ساغ بوتەوە لە ٩٩٪ی ئەوجورە کەسانە لەرویبیری تولەسەندنو رقەبەری خەلقەوە توش بوونو زیانیان بەخویان گەیاندوە ، وەخویان بەمەرەیەك بردوە توشی وەســـــتانی‌دل بونو لەناو چون •

لیرەدا دەرئەکەویت‌کە زانایان بە هەلە نەچون کەووتویانە هەمو کەسیك‌تان خوش بووی‌و کەس مەکەن بەدوژمنی خوتان •

بی‌گومان ئیوەش وەکو من چاوتان بەگەلی ئافرەتی گەنج کەوتوە کەهیشتالەتافی گەنجیەتی‌دایە کەچی دەموچاوی چرچو رەنگو رووی زەرد هەلگەراوە بەجوریکی وا پیاو لی‌ی ئەتوقی رەنگە ئەمە بەشتیکی سەیر بیتە بەرچاوت وەبلی‌ی چون ئەم جوانە وا زوو رەنگی تیك‌چووە ؟ ئەم جورە ئافرەتانە کە بەتەمەن گەنجو بەرەنگ پیر ئەنوینن هوی ئەوەیە کە ( دل ) یان رەشەو هەمیشە چاویان بریوەتە خەلقی ، بەخیلی بەهەمو

کەسیك ئەبەن ( دوستودوژمن ـ هەژارودەلەمەند • )

لیبوردنو چاوپوشی کردەوەیەکی گەلیك بەرزەو هوی سەرکەوتنە لەژیانا • ئەو کەسەی ئەم کردەوەیە بکا بەپیـــشرەوی خوی وەچاو لەکردەوەی دوژمنەکانی بپوشیت گومانی تیانیە بەشی ســـەرکەوتنو کامەران ئەبی لەژیانا • وەئەبی هەمو کەسیك ریگایەکی راست بوخوی بگریتو گوی نەداتە هیچ سەرزەنشتیك تابەئامانجی خوی ئەگات •

لورەنسجونس کەزانیاریکی کومەلایەتی بەناو بانگە هەژارانی فیری خویندن کردوەو پیی گەیاندون کەچی لەدواییدا هەر ئەو هەژارانە لیی هەلگەرانەوەو ویستیان بیخنکینن ••• لییان پرســـی بیرورات چونە بەرامبەر بەوانەیکەلە پاداشی چاکەدا دوژمنایەتیان لەگەلدا کردیت ، لەوەلاما ئەم زانایە ووتی بوگەیشتنە ئامانج بەو پەیامەی بەدەستمەوەیەو ئەمەوی بلاوی بکەمەوە ماوەی ئەوەم نیە بیر لەدوژمنایەتیو تولەسەندن بکەمەوە •

ئنجا واچاکە لیرەدا کەمیك ووردبینەوسەنجیك بدەین ، ئەم کردوەیە پەیرەوی بکەینو واز لەبیرکردنەوەی تولەسەندنو رقەبەری بهینین چونکە بەم کردەوەیە ئازارو مەینـــەتی دلی خومان ئەدەین ••• تەمەنیش کورتەو ••• ئەوە ناهینی ژیانی خومان تال بکەینو بیر لەوە بکەینەوە کەچون لەو کەسانە تولە بسینین دوژمنایەتییان لەگەلدا کردوین •

# گەشتی مستەر ریج بە کوردستانا

## گورانیو موسیقا وهەلپەرکێی کوردی سالی ١٨٢٠

**وەرگیری: شەمال صائب**

کتیبی « چیروکی دانشتوانی کوردوستان » کە مستر کلودیوس جیمس ریچ لەسالی ( ١٨٢٠ ) دا نوسیویەتیی وینـــەیەکی روونو شیرینی کوردو کوردوستانی تیائەبینی ، چونکە ئەم نوسەرە لە گەشتەکەیدا روژ بەروژ چی‌ی دیبیت دلسوزانە نوسیویتەوەو میللەتی کوردی خستوتە ژور هەمو میللەتانی روژ هەلاتەوە زور بەجوانی لەباســـی ژیانو رابواردنی خیزانی‌و رابواردنی ئەو سەردەمەی کورد دواوەو باسی کوری ئاهەنگی گورانیو موسیقاو هەلپەرکی‌ی کوردی کردووە ، جا من کەئەم باسانە ئەخەمە پیش چاو مەبەسم ئەمەیە وینەیەکی شیرینی ژیانی باوو باپیران مان بهینینەوە پیش چاوو پەیرەوی رەوشتە جوانەکانیان بکەین •

مستەر ریچ لەسالی ١٨٢٠ دا کە بەوولاتی کوردەواری‌دا گەراوە یەکەم شت باسی موسیقای کوردی‌و کوری ئاهەنگی گورانی کوردی کردووە ئەلی « موسیقا ژەنەکانی کورد لەناو

موسیقا ژەنەکانا لەپلەی دوهەم ئەژمیرین » ئەمەیش وائەگەیەنیت لەوکاتەدا ئالەتەکانی موسیقا بەدەگمەن هەبووە •

بەلام ئەوەی مایەی سەرنجدان بیت ئەوەیە کەپاشـــاکانی کورد هەفتەی یەکدوجار لەگەل پیاوە ماقولەکانیان بو گوی گرتنی موسیقاو گورانیو بەزم کوئەبونەوە موسیقاکەشیان لـــە « شمشـــالو بلویرو دەهولو زورناو دەفو تەپلو دوزەلە » پیـــك هاتوە •

مستر ریچ ئەلی « لەمانگی رەمەزاندا کورد جوری ژیانیان ئەگـــورن ، بەروژ یا ئەنون وەیا بەتەزبیحـــاتو ( قورئان ) خویندنەوە خەریك ئەبن ، شەوانیش تا درەنگ بو رابواردنو گالتەو گویگرتن لە موسیقاو گورانی کوئەبنەوە • وە لەپاشا دیتەسەر باســـی شەوانی شاری سلیمانی کەلەو ســـەردەمەدا بەرەمەزانان چون رایانبواردوە ؟

ئەلی « دوینی شەو کوبوینەوە ، گویمان شـــل کردبو بو دوو شوان کە بەجوتە بلویریان بو لی ئەدایـن • کە بلویرەکانیان لەقامیش دروست کرابو ، دەنگی بلویرەکان نزمو دلـــگیرو خوشبوو ، بەلام وا دەرئەکـــەوت بلویر ژەنەکـــان زور شارەزاییيان نەبوو لەبەر ئەمە تاقەتم لییان چو چونکە هەر ئەو چەشـــنە ئاوازەیان تکرار ئەکردەوە کـــە لییان ئەدا ، بەلام

خوشـــــترین ئاواز لەم ئاهەنگەدا گورانی ( لەیلی گیــــان ) بو ، هەروەها گورانیەکی کەشم بەدل بو سەرەکەی بەمووتەیە دەستی پی ئەکرد ( ئەز دەنالم ) » •

ئنجا نوسەر دیتەوە سەر باسی شوانەکـــــانی کورد ئەلی « شوانەکان کە شمشال لەناو چیاکانا لیئەدەن دەنگی شمشالەکەیان ئەمەندە خوشە پیاو ئەحەسینیتەوە چونکە لەناو چیاکانا دەنگ ئەداتەوەو ئادەمزاد هەست بەجوانی سروشت ئەکات • شوانەکان ئەلین کەشمشال لیئەدەین ئەگەر بمانەوی هەمو مەرو مالاتەکەمان لەدەوری خومان مول ئەدەین وەیان بلاوەیان پیئەکەین شمشال، لیدانیش شتیکی ئاسان نیە ، نەفەسیکی دورو دریژی ئەوی ، شمشال ژەنەکان ئەوانەی شمشالژەنیکی باش بن بینی تیا ئەخونەوە نەفەسەکانیان زور دریژە •

لەلایەکی کەشــــــدا مستر ریچ ئەلی « بەلای خەرمانیـــــکا ئەرویشتین کیژو لاوەکــــانی کورد بەدەم درەوە وە گورانییان ئەوت بەزوری گورانی شیرینو فەرهاد یان ئەوتو کە ئەمـــــە هەلبەستیکی دلداری زور نایابە ، لەبەر ئەمەی لەزور دەمیکەوە کورد موسیقای بووە چونکە سروشت وای بو ریك خستوین کە ئەبی کورد بەهوی دیمەنی جوانی ولاتەکەیەکەوە مەیلی موسیقاو شیعری هەبیت جا پیویستە لەســــــەرمان زور ئەهمیەت بدەین

بەموسیقا چونکە لەژیانی ئادەمزادا موسیقا دەسەلاتیکی تەواوی هەیە ، بوخوش رابواردنو حەســـــانەوە بو ئازایەتیو چونە مەیدانی جەنگ یاریدەریکی تەواوو هیزیکی دەرونیە •

لەمیژووی ئادەمزادا کەتەپل دروستکرا بوچونە مەیدانی جەنك بەکار هینرا وەتا ئستایش بو ریكرویشتنی ســــەربازو لەشکر تەپل لی ئەدریت •

وەدەنگی موزیقاش بوخزمەتی سووپایی هاوتای نیەو دەنگیکی تایبەتی هەیە بونوستن ، لەخەوهەستاندن ، بووورياکردنەوەو چالاکی ، بونان خواردن ، بوسەلامی شاهانەبو سەرباز بەکار ئەهینریت • ئەگـــیرنەوە لەمەپیش فرقەیەك سەربازی انکلیز لەناوچەی چیاکانی هندستانا چوون بومەشقی عسکری ، بیئەوەی بەخویان بزانن هینری یاخیگـــەرانی هندی دەرویان ئەگرنولەوەدا ئەبنبدەن بەسەریانا ، پاسەوانی فرقەکە پییان ئەزانیت دەسبەجی بەدەنگی تایبەتی موزیقا فرقەسەربازەکـــــە ووریائەکاتەوە ، وەسەربازەکان لەســــــەنگەرا لەچوارلاوە خویان بو دائەمەزرنین وەلەدوای شەرە تفنگیکی زور یاخیەکان راوئەنین وفرقەکە لەمردن رزگـــاریان ئەبی • لەبەرئەمەیە هیزی سەربازەکـــانی هەمو حکومەتیك باندی موسیقایان هەیە لەکاتیشینەییو حەسانەوەدا بوخوش رابواردنی سەربازەکان • لەکاتی جەنگیشا بودلیریو نەبەزی بەکار

ئەهێنرێت • وەیا لەجیاتی موسیقا تیپی سەربازی دەنگ‌خوش بەئاوازی نشتمانی گیانی ئازایەتی لەمیشك‌و دلی سووپادا جی‌گیر ئەکەن وەکو نەشیدی [ مارسیلز ] کەنەتەوەی فرانسەی لەدیلی رزگارکرد : هەروەها زانیاریکی موسیقا خاتوو [ دوربی ئەدیون ] ئەلی ژیان بریتی‌یە لەگورانی • موسیقاش ئاوازە کەیەتی وەموسقا شوناسە کانیش لەکانگەی دلیانەوە ئاوازی خوشی موسیقا ئەدەن بەگویی ئەو لاوانەدا کەسەرمەستی عشق‌و دلداری ئەبن ! وەئیستا بیرو باوەری دکتورەکانیش زوریان لەسەر ئەمەیە کە موسیقا شیت چاك ئەکاتەوە وەئاوازی موسیقا بوچاك‌بونەوەی ئەوانەی میشکیان نەخوش کەوتووە لەزور دەرمان باشترە چونکە لەبەینی تەرکیبی لەشی ئادەمزادو ئاوازی موسیقادا پەیوەندی یەکی تەواوهەیە وەکار ئەکاتە سەر نەفسیەتی‌نەخوش ، خوینی دەمارەکانی میشـــــك ئەخاتەوە گەرر وەموسیقا ئەبیتە هوی گەشە پی‌دانی ئەجزاکانی لەش •

جەژنتـــان پیروز    گـــەردن بی ئازاد
بەخوشـــی بژین    هەمیشـــە دلشـــاد

یانەی سەرکەوتن    لانەی کوردانـــــە
بـــەرزی و ژیانی    خواســـتی لاوانە

# هیوا

**بەهیوایە باوی خویندنو خویندەواری بەزمانی کوردی بلاو ببیتەوە ، جا کەواتە تـــکات لی ئەکات هەرناتەواوی‌و کەمو کورریکی تیا ئەبینیت چاوی لی مەپوشە ، ئاگاداری بکە چونکە کەمو کورری ئەم گوارە کەمو کورری خوتەو بەناوی کوردەوە ئەژی‌و دەرئەچی ٠**

# ناو نیشانی هیوا

بەغداد شەقامی زەهاوی یانەی سەرکەوتن
تەلەفون ٨٤٥٣٢

خاوەنی ئیمتیاز : یانەی سەرکەوتن
مدیری مسئول : حافظ مصطفی قاضی

ئابونە

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونەی سالانە | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | ٠ |
| دانەی بە | ١٠٠ | فلسە |

پارەی ئابونە بە ناوی ئیدارەی
یانەوە پیشەکی ئەدیت

# هیوا

گوواریکی ئەدەبیو زانستییە مانگی جاریک دەرئەچی

بەغداد : چاپخانەی تمدن

# HIWA

Gowvarki Adabi Zanistia Mangi Jarik Dar-Acae

Baghdad-Chapkhaneh Tamaddun


# گۆڤاری هیوا

**ژمارە ٢ ساڵی ١ ئابی ١٩٥٧**

# هیوا

گۆڤارێکی ئەدەبی‌و زانستییە مانگی جارێك دەرئەچێ

ژمارە ـ ٢ ـ سال ـ ١ ـ خەرمانان ( آب ) ١٩٥٧



دیمەنێکی شاری سولەیمانی

**لەم ژمارەیەدا :ـ**


١ ـ فرمیسکێکی صلاح الدین
٢ ـ کوردانی بەناوبانگ
٣ ـ زمان‌و شیوە
٤ـ فرمیسکی پەشیمانی
٥ ـ دیوانی هیوا
٦ ـ ژیانی خیزانی
٧ ـ ریگای سەرکەوتن
٨ ـ گوشەی لێکولینەوە
٩ ـ تەندروستی
١٠ ـ کشت‌و کال
١١ ـ چیروکی ژمارە
وەگەلێ شتی تریش ئەخوینیتەوە

# ناو نیشانی هیوا

بەغداد شەقامی زەهاوی یانەی سەکەوتن
تەلەفون ٢٨٤٠٥

---

خاوەنی ئیمتیاز یانەی سەرکەوتن
مودیری مەسئوول : حافظ مصطفى قاضی

---

ئابوونە

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەردوەی عراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابوونەی سالیکی لەعراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | ٠ |
| دانەی بە | ١٠٠ | فلسە |

---

پارەی ئابوونە پیشەکی ئەدریت
وە بەم ناونیشانە ئەنیرریت
بغداد : شارع المستنصر ١٣–٢٩
( حافظ مصطفى قاضی )

# هیوا

گوڤاریـکی ئەدەبیو زانستی‌یە مانگی جارێك دەرئەچی

ژمارە ـ ٢ ـ سال ـ ١ ـ خەرمانان ( آب ) ١٩٥٧

**لەم ژمارەیەدا** — پەرە


١ ـ فرمیسکیکی صلاح الدین ••• محمد مصطفی کوردی — ٣
٢ ـ کوردانی بەناوبانگ ••• جەمیل بەندی روژبەیانی — ١٤
٣ ـ زمانو شیوەکانی ••• ش • م بعقوبة •• •• — ١٩
٤ ـ فرمیسکی پەشیمانی ••• مصطفی صالح کریم •• — ٢٤
٥ ـ دیوانی هیوا •• •• •• •• — ٣١
٦ ـ ژیانی خیزانی •• •• •• •• — ٣٩
٧ ـ ریگای سەرکەوتن •• شاکر فتاح •• •• — ٤٤
٨ ـ گوشەی لی‌کولینەوە ••• کامل ژیر •• •• — ٥١
٩ ـ بەشی تەندروستی •• سك چوون •• دوکتور نامق نادر — ٥٩
١٠ ـ کشتوکال ـ جانەوەری ( سن ) •• عثمان رضا علی — ٦٣
١١ ـ چیروکی ژمارە •• •• •• •• — ٧٠


وەگەلی شتی تریش ئەخوینیتەوە

**لەشعری**

**کامـــەران**

ئەوی ، میژوی کورد ، بخوینیتـــەوە
ئەلقـــەی زنجیرەی ، بهونیتـەوە
تی ئەگـــا ، هەرگیز ، سەر نانیتـــەوە
هیچ هیزیك نیـــە ، بی توینیتـــەوە
« ئەو چەرخە نەما ، **درەختی رەگەز** ، »
ریشەی دەرکیشن ــ هی ئیمەی نەبەز ــ

## خوینەواری بەرزو بەریز !

هیوایە ژمارەی یەکەم ، ئارادەییك ، کەم یا زور ، راتان لی بوبیتو چاوو دلی گەلی خوینەوارانی دلسوزی روشن کردەبیتەوە ، بی گومان ئەمەش تەنیا بەیارمەتیو پشتیوانیو ئیوە وە هاتوتە کایە .

هەمو هەولو کوششیك بیکومەك کردن ناتەواوەو سەرناگریت . ئەگـــەر گوفاری هیوا چەن ئامانجیکی پیروزی کوردەواری گرتبیتە ئەستو ... وەکو پیش‌خستنی زمانی کوردی بو هینانە هاوشـــانی زمانە پیشکەوتووەکان ، کە یەکەم بنچینەی ژیانیی نەتەوەییمانە ، تەنها هەر بە پشتیوانی ئیوەوەیە .

چەن خوشە ! هەر بەزمانە شیرینەکەی خومان هـــەرچی دەردی کومەلاییتیو ناتەواوی خومـــان هەیە بویەکتری هەل ریژینو ، سکالای دلی خومان بکەین .

جا هەر لە سەر پەیرەوی‌کردنی ئەم بیروباوەرە ،گوفاری هیوا خوی زور بە بەختیار ئەزانیت ، کە هەر رەخنەو ئاموژکارییەك بەبیری هـــەر دلسوزیکابیت ، بومان بنوسیتو وورىامان بکاتەوە ، چونکە ، هیـــچ کردەوەیەك ، لە سەرەتاوە ، بیکەمو کووری نابیت . وە ئەوەی کەمو کووری لەناو بەریت ، تەنها ، هەر رەخنەگرتنە ؟! بەلام ، کام رەخنە ؟!

ئەو رەخنەیەی ، کە لە دلێکی ، پاکی دلسوزانەوە ، هەل ئەقولێت و چرای دوواروژی ئامانجی ئەم گوفارە هەل ئەگرێت .

بەلی چەن جوانە ! رەخنە ! کە لە دلی تەنگ و چەلەمەو ناتەواوی ژیانی کومەلایەتیمانەوە شالاو بینێت ، نەک هەر شوێن خەیال کەوێن و دەس خەروی خوپەرستن بێن .

چەرخی زەمانە بەزەیی بە کەسا نایەتەوە ، دەمێـــکە کولەواری سستی و نەزانینین ، مەگەر تەنیا کارو کردەوەی بە پەروش و دلسوزانە ، ئەم دەردەمان لەکول کاتەوە ، ئەگینا تو خوا وورتە وورتی ژێرلێو ، چەسوودێکی هەیە ؟

ئەی خوێنەوارانی بەرێز ! وابزانین ، زورچاک ، لەبیرو باوەری ئەم گوفارە گەیشتن ئیتر دەست لەدەست و پشت بە یەزدان .



# ( فرمیسکیکی صلاح الدین )

**وەرگیراوە**

**بەقەڵەمی : محمد مصطفى كوردى**

**هیشتا بەیان چاوی هەڵ نەهینابو ،کزەی نەسیمی هەڵی نەکردبوو ،لەپر خەیمەگای فەرەنگ بەدەنگیکی ئیجگار گەورەی ناخوش دەنگی دایەوە : کورەکەم ! کورپەکەم ! ساوا شیرەخورەکەم ! کوا ؟ چی لی هـــات ؟**

بالمبو کردبوو بەسەرین ، مەمکم لەدەمیابوو ، گرتبومە باوەشم ، بەنان هاتو بەئاو خورا ! ! هەی هاوار بمگەنی فریام کەون ! سویم بودوە ، دلم توقی کرد •

سەربازان هەمو بیدار بونەوەو چاویان هەڵگلوفتو بەیەکداهاتن ، لەبەر ئەوەنا کەلەپر بیداربونەتەوە ، چونکە ئەم جورە داچلەکینە یان زور دیبوە کەهەر سانە نەساتی هیرشیان هاتوتە سەر ، وەدوژمن شایی لیکردن بەشین – بەڵام ئەم راچلەکینە لەبەر ئەوە بوو کەقیژەکە قیژەی ژنیك بو لەخویان کە بو یارمەتیو ( برین پیچی ) و سەرەوکاری لەگەڵیانا هاتبو بوجەنگ لەتەك ئیسلاما •

هاتن لی ی کوبونه‌وه ، چی‌بو ؟ چی رووی‌دا ؟ ووتی کوره‌که‌م ! کورپه‌که‌م ، کزه‌ی جه‌رگه شیره‌خوره‌که‌م له‌پالما بو نه‌ماوه ، ئه‌وانیش ووتیان : به‌خوا ژنیکی بی‌ووره‌و ترسنوکی هه‌ربو ئه‌مه ئه‌م گه‌رداوه‌ت نایه‌وه ؟ تو له‌جه‌نگایت ، ئه‌مه‌ی که‌به‌سه‌ر تودا هاتوه سوکترینی چه‌پوکی جه‌نگه ، بی‌ده‌نگ‌به ، سوپاسی خوا بکه که‌توشیان له‌گه‌ل‌دا نه‌فراندووه ، ئه‌ویش‌به چاویکی سوکی پرر له‌قینه‌وه ته‌ماشای کردن ووتی : ئه‌وه ئه‌لین چی ؟ که‌وابو ئیوه ئیمه‌تان بوئه‌م جوره شتانه له‌نیشتمانی خومانه‌وه هیناوه‌ته ئیره ؟ ئه‌ی بوچی پیتان نه‌ووتین که‌ئیسلامه کان منـــدالیش ئه‌فررینن ؟ گه‌وره‌که‌یان ووتی : ئه‌وه‌ی که‌گه‌وره بفرینی ئایا ناتوانی پچووکیش بفرینی ؟ هه‌سته بچوره‌وه خه‌یمه‌کـــه‌ت ! وه‌ئه‌مه له‌بیر خوت ببه‌ره‌وه ، وه وابزانه که‌کورپه‌که‌ت قوچیک بوو له‌و هه‌موو قوچانه‌ی که‌دوینی له‌هه‌رای ( حطین ) دا دامان • به‌مه ژنه که‌میک هیدیی بوه‌وه ، به‌لام دلی وه‌ک مه‌نجه‌لی سه‌رئاگر قولپی ئه‌دا ، وه‌جوشی کووره‌ی ده‌روونی هه‌تا ئه‌هات تاوی ئه‌سه‌ند ، وه‌له‌به‌ر خویه‌وه هه‌ر ئه‌ی‌ووت : چون ده‌ست له‌و هیزی دل‌و رووناکی چاوه‌م هه‌ل‌ئه‌گرم ؟ په‌یمان‌بی به‌بی ئه‌و دنیام نه‌ویت • ئنجا گه‌وره‌که‌یان پشتی هه‌ل‌کردو رویشت وه‌ووتی وا دیاره ئه‌مه قورتی جه‌نگ‌و چه‌پوکـــــی لی‌قه‌ومانی نه‌دیوه • ژنه‌ی دل‌کولکی جه‌رگ بریین‌دار نه‌ررانی به‌سه‌ریا ووتی : کـــــه‌واته ئه‌م هه‌رایه‌تان بو به‌رپاکرد ؟ وه‌ئه‌م ئاگره‌تان بونایـــــه‌وه ؟ من کورره‌که‌مم ئه‌ویته‌وه ئیتر به‌جی‌یان هیشت‌و دایانه ده‌ست گریان‌و کروزانه‌وه‌و هه‌ل‌قرچان ، نه دارایی دنیا نه‌گرتنی هه‌موو وولاتی ئیسلام‌ـ که‌بوی هاتبوون ئه‌م گرره‌ی نه‌ئه‌کوژانه‌وه ، ئیتر ئه‌م کلوله به‌هیـــچ شتیک دانه‌ئه‌مرکـــایه‌وه ، وه‌جی‌ی به‌خوی نه‌ئه‌گرت ، وه‌ئه‌و هه‌مو

دەشتو کەژوکیوەی هینابوە خروش ، بەهەر کەسیک ئەگەیی هەوالی منداڵەکەی لی ئەپرسیی بەلام بی‌سوود بوو •

ئنجا گەورەکەیان کەزانی هیچشتیک ئەم بەسەزمانە خاو ناکاتەوە ، زوردلی پی‌ی سووتا ووتی شتیک هەیە بایت بلیم : تەنیا کەسیک هەیە لەم گیتی‌یەدا کەبتوانیت ئەم کورپەیەت دەست بخاتەوە ، ئەوەش هـــەر ( صلاح الدین ) ە ، ئەویش ووتی : چون ؟ کام صلاح الدین ؟ گەورەکە ووتی : صلاح الدینی گەورەی ئیسلامەکان ووتی : جا من لەکوی‌و صلاح الدین لەکوی ؟ کی من ئەگەیەنیتـــە ئەو ؟ ئەی کەئەو خوی منداڵەکەمی فراندوە چونم ئەداتەوە ؟!! هیچ بەمە باوەر ناکەم •

گەورەکە ووتی : من صلاح الدین زور باش ئەناسم ، زور مەردە ، زور لی‌بووردەیە ، زور چاوتیرە ، زور دلی نەرمە ، لەرووی دنیا هیـــچ قارەمانیکم نەدیوە بەقەد ئەو مەرد بی لەگـــەل ئەم هەموو دلاوەریی‌و نەبەردیی‌یەی‌دا ، من بەسوارەی خوماندا تاسنووری ئەو ئەتنیرم ، توش خوت بچو بولای ، وەلەسەربازەکانی هیچ مەترسە ، چونکە زور مەردو داوین پاکن ، وەئازاری ئافرەتو منالو پیرو پیاوی ئایینی نادەن با لە جەنگیشابن • ژنەکە لەخوشیدا کەوت بەسەردەستو پی‌یا ، وە زور نزای چاکی بوکرد •

گەورەکە لەگەل چەند سواریکا ناردی وە پی‌ی ووت برو بەلام زوو بگەرریرەوە ، سوارەکان گەیاندیانە ســـــنووری هیزی صلاح الدین‌و دایان بەزان وەپی‌یان ووت بررو ئیتر ئیمە ناتوانین لەمە زیاتر بیین • ژنە سامی لی‌نیشتو مووچرکیکی سارد بەلەشـــــیا هات بەلام هیزی راکیشەری جگەرگوشەکەی سامی شکاند وەبەرەو صلاح الدین ری‌ی گرتەبەر بەدەم ریگاوە دەمیک بوکوررەکەی ئەلاواندەوە دەمیک لیکی

ئەدایەوە : ئایا کوررەکەی مابێ ؟ ئەگەر مابێ توبلێی ( صلاح الدین ) بیداتەوە ؟ وەهیچ ئازاری نەدات ؟ بەم رەنگە دلی هەر لەسێو دوابوو ، ئەو چولو بیابانەی گرتبوە بەر بێپەروا خێرا ئەروی • جار جاریکیش گوێی ئەزرنگایەوە ، وای ئەزانی کە ساواکەیەتیو بو مەمك ئەگری ، هەر بەم خەیالە مەمکەکانی ئەبزووتن وەگفەگف شیری پیـــا ئەهاتە خوارەوە ژنەکە سەری هەلئەبرریی بو ئاسمانو ئەی ووت : خوایە ئەم هەموو رەنجەم بەبا مەدە ! توو خوایەتیت کورپەکەم بەرەوە دەست ، بەم جورە ئەم بەسەزمانە ریگایەکی زوری بری کەتەماشای ئەکرد هیشتا زوری ماوە ، لەدلا پەشیمان ئەبوەوە ئەیویست بگەرریتەوە ، بەلام ئاگری جگەر هیزی تازە ئەکردەوەو بو پیشەوە پالی پیوە ئەنا ، ئیتر زوری پێنەچوو گوێی، لەدەنـــگە دەنگیـــك بوو بەلام تیی نەئەگەیشت ، تومەز سوپای صلاح الدین بوون ئەمیان بەدیی کردبوو ، وە لەناو خویانا ئەیان ووت : شتیکی زور سەیرە ئافرتیکی بیگانە بەتەنیا کەوتوتە ئەم دەشتە کاکی بەکـــاکی‌یە ، ئەبی ئەمە چی‌بی ؟ ئایا چی ئەویت ؟ ، رەنگە نیرراوی گاورە کانی ئەهلی صلیب بی کە ناردبیتیان بو پەیمانی بەدەستەوەدانی شاری ( قدس ) یا جاسوسی ئەوان بی ناردبیتیان• ئنجا نزیك بوەوە تییان خورری : ئافرەت بوەستە تو چیت ؟ ئەمیش تیی نەگەیی ، بەلام وەکو یەکی کەبگاتە وولاتی بیگانە گورج پەساپورت دەرئەهینیو پیشانی ئەدات ، ئەمیش ووتەی ( صلاح الدینی ) کرد بەپەساپورتەوە روی تی‌کردن وئەی ووت ( صلاح الدین صـــــلاح الدین • • • ) ئەوانیش یەکیکیان لەوولاخەکەی دابەزیو شانی بو ژنەکە دانەواندو پیی خستە سەریو سواری کردو جلەوەکەی راکیشاو بەرەو قارەمانی نەمر رویشتن ، ئەو روژە تا ئیوارە رویشتن تا گەیشتنە

خەیمەگای صلاح الدین ، وە لەدوورەوە ( صلاح الدین ) یان پیشاندا بەری کەوت ( صلاح الدین ) سوار بووبوو ، وە لەشکری ئامادە کردبو ، بو هیرش بردنە سەر شاری ( قدس ) وە دەستی بردبو بوشیرەکەی کە دەری بهینیو بەرەو قدس تاو بدات ژنەکە رای کرد بولای وەزریکانی وخویدا بەسەرپی‌یدا لەناو ئاوزەنگی‌یەکانداو هاواری کرد : ئەی گەورەی ئیسلام ! توخوا کوررەکەم ! ! صلاح الدین ئەودەستەی کەبردبووی بوشیرەکەی ووشک بوو ، فەرمووی ئافرەت هەستە ! کرزنووش « سجدە » بوغیری خوا دروست نیە ، سەرت بەرز بکەرەوە ، کوری چی ؟ ئەگەر کورت دیل‌بی هەر ئیستا ئەت‌دەمەوە ، ئیمە دیل ناکوژین ، وەکو ئیوە جانەوەنیین دیل زورباش ریز ئەگرین وە بەخیوی ئەکەین • ئنجا ژنەکە ووتی : قوربان کورەکەم جەنگاوەریکی دیل نیە ، شیرەخورەیەکی کورپەی بەرمەمکانەیە لەسەر بالمو لەناو باوەشما نواندبووم ، کەهەستام نەمابوو ، کەپرسییم ووتیان پیاوەکانی صلاح الدین بردوویانە ، منیش بەمرەنگە کە ئەم‌بینی دەشتودەرم گرتوەتە بەر ئاگری جگەر هینامی بو لات ، ئەمە دوشەوو دوو روژە نە خەو بە چاووم ، نە خواردنو خواردنەوە بە دەمم ، نە ئارامو ئوقرە بە دلم ئاشنا نەبوە • بیستومە کە گەورەیەکی دل‌نەرمیت ، حورمەتی دایکیتیت لەلایە دل نیام کە ئەو کورپەیەم ئەدەیتەوە ، لەوکاتەوە کە هیناویانە مەمکەکانم لەبەر شیر وەختە لەت بین •

صلاح الدین فەرمووی دلنیابە ئاهەر ئیستا ئەوکزەی جەرگەت ئەدەمەوە دەست ، هەر ئەمەی ووت رووی کردە سوپاییەکانی‌و فەرمووی : ئەو منالە لەکوی‌یە هەر ئیستا ئەمەویت ، ئەم هەناسەساردە نامەی دایکیتی بەدەستەوەیە ، دایکیتی زور موفەرکە لەلای ئیمە ،

دایکیتی تکا کاریکی وایه تکای نا بریته دواوە، دایکیتی بەشیکە لەوشتانەی کەمن ئیستا بوی ئەجەنگم ، هەر بەم جورە صلاح الدین دەستی لەسەر شیرەکەی ووشک بووبوو ، وە بیدەنگ وەستابوو ، ژنەکەش دەستی هەر بەداوینیەوە بوو روانی واسواریک منالەکەی بەباوەشەوەیەو بەرەو ئەم سەلەف ئەکات ، کە گەیشتە بەرەوە مندالەکەی دایە دەست صلاح الدین ، ئەویش دایەوە دەست دایکەکەی • دایـــک کەچاوی کەوت بەمنال زریکانیو بیهوش کەوت ، لەپاشا کەهوشی هاتەوە ، باوەرری بەخوی نەئەکرد لەعەزرەتا چاوی خوی ئەگلوفت ، وە دەستی ئەکوتا لەمندالەکە نەوەک ئەمە دروبی یان خەو بی ، ئنجا دلنیا بوو کە خویەتی مەمـــــکی نایە دەمیو بەســـــنگیەوە نووساندو منال دەســــــتیکرد بەمژینو چەکاندنی وەچاوی برریبوە چاوی دایکی وەک گـــــلەیی دووری ئەم چەند روژەی لیبکات وابوو •

صلاح الدینی نەمر چاوی بەم پەردەی سینەماییە کەوت هیــــچ خوی پینەگیراو دایە هاروەی گریان ، وە هەرچی لەدەورو بەری بوون ئەوانیش بانگیان لی هەلدا •

لەپاشا رووی کردە ژنەکە ، فەرمووی : ئەم کوررەت بەچی لیمان ئەکریتەوە ؟ دایکی ووتی : بەگیانی شیرینم ، بەهەموو شتیکم ، ئەگەر بەمانە نەتدامەوە بەغیرەتو دلنەرمیی خوت ئەیکررمەوە • صلاح الدین فەرمووی : ئیمە بەگران نایفروشینە ، بررو بیبەرەوە بەلام لەسەرقینەبەری ئیمە گەورەو پەروەردەی مەکە ، ئیمە دلو وجدانمان هەیە ، لیبورردەین ، دەستی لیقەوماوان ئەگرین ، وە لەســـــەر زور لیکراوان ئەکەینەوە ، پەنای پەنا هینەران ئەدەین ، بزسییتیر ئەکەین ، رووت پوشتە ئەکەینەوە ، حورمەتی دایکیتی ئەگرین وە تەماشای زبانو

ئایین‌و قومیەت ناکەین •

ئنجا رووی کردە چەند کەسیک فەرمووی : برون ئەم ئافرەتە بەرنە خەیمـــەگای ژنان با بحەسیتەوە ، وەزور چـــاک خواردن‌و خواردەمەنی بدەنی وەپوشتەی بکەنەوە دوای ئەوە سواری بکەن وە بەخویو منالەکەیەوە بی‌بەنەوە بو جی‌ی خوی وە بەم تەرحە ســـپاردم بەئیوە ئنجا بەدەستی راستی شیری لەکالان دەرکیشاو بەناوی خواوەو ( قدس ) تاوی دا سوپا وەک گەردەلوول دوای کەوتن • ژنەکەش لەگەل چەند سواریکا بەرەو خەیمەگای فەررەنگی یەکان ئەهاتن چـــە هاتنیک ! ! دوینی بەدلی پر لەترس‌و خەفەت‌و گومان‌و ناهومیدی‌یەوە ، ئەمررو بەدلیکی پر لەکەیف‌و شادی‌و خوشی یەوە ، دوینی بەســـکی پرسیی‌و دەمولیوی ووشـــــکەوە ، ئەمرو بەتیریی‌و تیرئاوی‌و خەلات کراویی‌یەوە ، بەتایبەتی کورپەکەشی وا بەباوە شیەوە •

ئەوەی لەدلا کاری کردبوە سەر هەستی ژنەکە ئەو جوامیری‌و لی بووردن‌و بەزەیی‌یەتی صلاح الدین بوو ، بەتای‌بەتی ئەو فرمیسکە گەرمە بەخوررەی بوو کەبو ئەمی هەلرشت •

لەم لاوە ژنەکە روەو هیزی گاورەکان ئەرویشتن ، لەولاشـــەوە ( صلاح الدین ) هیرشی بردبوە سەر شاری ( قدس ) دنیای لەگاورەکان کردبو بەچەرمی چولەکە ، تا خوا زالی کرد بەسەریاناو هەمووی ، تەفرو توونا کردن ، وەشاری ( قدسی ) گرتەوە ولە ( مسجد الاقصی ) بانگی محمدی درا

ژنەکە کەنزیک کەوتەوە لەجیگاکەی خوی ، پیاوەکانی ( صلاح الـــدین ) پی‌یان ووت : ئەمە ئاقاری خوتانە برروەوە ناویان ، ئەوە خوت‌و ئەوە کوررەکەت بەساغ‌و سەلامەتی ، بررو خوات لەگەل ، ئیمە

چیمان پی‌سپیرا گه‌یاندمان وه‌توش گه‌یشتیته‌وه به‌ئامانجو مه‌به‌ستی خوت •

ئنجا لیره‌دا ژنه‌که ووتی توخوا پیم‌بلین : ئایا من هه‌ر ئه‌بی بچمه‌وه ناو که‌سه‌کانی خوم ؟ یان ئه‌توانم له‌گه‌ل ئیوه‌دا بیمه‌وه ، ئه‌وانیش ووتیان خوت سه‌ربه‌ستیت ، چیت ئاره‌زوه ئه‌توانیت بیکه‌یت • ژنه‌که ووتی : تازه من ناچمه‌وه ناو ئه‌و دیوو درنجـــه دروزنه خوین مژانه ، پی‌ی ئه‌سپه‌که‌ی صلاح الدین له‌کوی بی سه‌ری منیش له‌وی‌یه ، به‌راستی دل‌نه‌رمی ، پیاوه‌تی ، لی‌بووردن ، ساغیی ، جوامیری ، هه‌ر لای ئیوه‌یه ، وه‌حه‌ق‌و داد هه‌ر ئیوه ئه‌ی پاریزن ، ساتوخوا بم‌به‌نه‌وه بولای ،ئه‌وانیش جله‌وی وولاخیان بادایه‌وه ، وه له‌ری بیستیان که‌شاری ( قدس ) گیراوه ، وه صلاح الدین له‌وی‌یه ، ئافره‌ته‌که‌یان برد بو خزمه‌تی ، که‌له‌دووره‌وه چاوی پی که‌وت به‌ده‌میه‌وه پی‌که‌نی ، وه زور ریزی گرت وه‌فه‌رمووی هه‌ر له‌پیشه‌وه زانیم ئه‌گه‌رریته‌وه ئیستا که هاتویته‌وه چیت ئه‌وی ؟ تابوت بکه‌م ،ئه‌ویش ووتی: نزرو په‌یمانیکم کردوه تکام ئه‌وه‌یه بوم بهینیته جی• صلاح الدین فه‌رمووی به‌و مه‌رجه‌ی که له‌گه‌ل ئایینما جیاوازی نه‌بی ، ژنه‌که ووتی نزرم کردوه تائه‌مرم له‌نزیک گووری حضرتی عیساوه‌بم وه‌ئیتر تاماوم گوشه گیربم • ئه‌میش فه‌رمووی زور چاکه له‌مه‌ودوا تو سه‌ربه‌ستیت برو ئه‌کام کنیسه دائه‌نیشی دانیشه ، ئه‌وا منیش مانـــگانه‌م بوخوت‌و کوره‌که‌ت بریه‌وه. تاماون وه‌ری گرن •

به‌راســـتی تا ژنه‌که ما ئه‌م مووچـــه‌یه‌ی وه‌رگرت وه بوخوی له‌کنیسه‌یه‌کدا زور به‌حورمه‌ته‌وه ئارامی گرت‌و منداله‌که‌ی په‌روه‌رده کرد وه‌نزای شه‌وو روژی له‌یه‌زدان سه‌رکه‌وتنی صلاح الدین بوو •

له‌م لاشه‌وه چه‌ند سالیکی به‌سه‌را هات صلاح الدین به‌هه‌مو هیزی

ئیسلامەوە هەر خەریکی زەدو خورد بوو ، وەبەشی زوری کەنەفت کردبوون ، کوری ئەم ژنەش بوبو بەلاویـــــکی جوانی دلاوەر لەناو لەشکری صلاح الدینا لەگەل ئەهلی صلیبدا ئەجەنگا •

روژیک لەروژان بەفەرمانی خواوەندە صـــــلاح الدین نەخوش کەوتو گیانیپاکی سپارد وەلەشاری شام جەســـــتەمووفەرکی بەخاک سپیروا •

بەبونەی پرسەی ئەم تاجدارەوە ژنەکە ـ کە لەم کاتەدا پیربوبو ـ بەپیلەگەل کورەکەی روەو شام کەوتنە ریکە گەیشتن بەبی ووچان چوونە سەر گوری صلاح الدین • ژنەکە کەگورەکەی دیی زریکانیو خویدا بەسەریا ، زوری پیچوو ســــــەری هەر بەرز نەکردەوە ، کوررەکەی کەبەرزی کردەوە تەماشای کرد گیانی سپاردوە • ئەمیش رووی کردە دایکی ووتی دایە گیان!! دایکی میهرەبان ! ئەی ئەو کەسەی کەلەریی منا هەموو خوشییەکت نا بەولاوە ، وە هەموو جورە تالاویکت چەشت ! هەر خوم زوو زانییم ئەو فرمیسکەی صـــــــلاح الدینی نەمر کەبوتوی هەل رشت ئیستا توی کوشت ، وگیانی پاکتی دوایی هینا • بنوو تاروژی دوای بەیەزادنی پاکم سپاردیت دایکە دل سوزەکەم !

# سێ میروولە

نوسینی : جبران خلیـــــــل جبران

وەرگیراوە

کابرایەك لەبەر خور نوستبو سی میرولە لەسەر لوتی کوبونەوە و هەر یەکەیان هەوالی ئەوی تریانی پرسی بەزمانی هوزەکەی خوی ، ئەمجا راوەستانو دەستیان کرد بە دەمە تەقی •

میرولەی یەکەم ووتی : ئەم گردە دەشتاییانەی ئیمە ئەمرو لەسەرین چولو هول ترین جیگەیە لەسەر روی زەوی کەلەژیانمــــا دی بیتم ، بەدریژایی روژی ئەمرو بەهەمو لایەکیا سورامەوە بەدوی دەنـــکە دانە ویلەیەکا لەهەر جوریك بیت کەچی هیچم چنگ نەکەوت •

میرولەی دووەم وەلامی دایەوەو ووتی : گەلی جار لەخەلکی لای خومان ئەبیستم باسی جیگایەك ئەکەن کەناویان ناوە « زەویە تەختـــە روتەکە » وەلەبابەت سورانەوەو جولانەوەشیەوە گەلیك بیرو باوەریان هەیە ، وەمن وابزانم ئەمرو ئیمە بەسەر ئەو زەویەدا ئەروین چونکە واخوم بەهەمو پیچو پەنایەکیا گەرامو راستەکەیم تاقی کردەوە •

میرولەی سیهەم سەری بەرز کردەوەو ووتی : ئەی دەســــــتە خوشکەکانم ئیمە ئیستا لەسەر لوتی میرولەی بزرگ وەستاوین ••• میرولە بەهیزە دوایی نەهاتوەکە •• ئەو میرولەیەی کەوا لەشی ئەوەند گەورە بوە چاوی ئیمە ناتوانیت بی بینیت ، وە سیبەری تارادەیەك بلاو بوتەوە کە بە ئەندازەکانی ئیمە ناپیوری ، وەدەنگی ئەوندە بەرز بو تەوە

گوی ئیمه پیی نابیستری ، ئا ئەمەیە میروله ئەزه لیەکەی کە گیتی پرکردوتەوه بە زەلامیەکەی .

کـــاتی کەمیرولەی سیهەم لەقسەکەی بودوه هەردوو دەســـته خوشکەکەی سەیری یەکتریان کردو بە قسەکانی پیکەنین .

لەوکاتەدا پیاوەکە جولایەوەو دەستی بەرز کردەوەو لوتی خورانو هەر سی میرولەکە لە ژیر پەنجە کانیا پلیشانەوه .


عبدالقادر حشمت

B . S . C ,, . M . S . C

موهەندیسی پرس پیکراو بو دروست کردنی بناو ، پرد ، ریگاو حساباتی تەواو کردنی بناو بەش کردنی زەوی ، بوجیگە خانوو وەبو راپەراندنو جی بەجی کردنی هەمو جورە فرمانیـــــکی هەندەسی ئامادەیە

بەغداد : شەقامی مەلیك فیصلی دووەم

تەلەفون ـ ٧٨٤٦

# دینـــەوەرییەکان

جەمیل بەندی روژبەیانی

مەندەلی

شەست میل لەخواروی (سنە) وە ، بەلای خورئاوای ( کوناگاور =، کەنگەوەر = قصر اللصوص ) دا بە دوورایی ( ٢٥ ) میل ، وەبەلای روژهەلاتی کرماشانەوە ، شاریکی کون هەیە ، ئەم شارە ناوی (دینەوەر) بووە ، وەیەکیك بووە لە شارە کوردەواری‌یەکانی هەریمی شاخاوی کە بە ( بیلاد الجەبەل ) وە ( عیراقی عەجەمی ) ناسراوە •

رەنگە ناوی ئەم شارە لەپیشدا ( دینارەوەند ) بووبی ـ کـــەناوی عیلیکی زور گەورەی کورد بووە ـ وەلەدوایی‌دا گوررابی •

هوی ئەم گوررانەش ئەوە بووبی کە ئەم هەریمە لەبەر ئەوەی ـ کە لە پیش ئایینی ئیسلام داهاتنا ـ ناوچەیەکی زانستی بوە ، زانایانی ئەم وولاتە بووبن بە هوی بلاو کردنەوەی ئایینی ئیسلام لە شارە کانی دراوسیدا ، وەلەبەر ئەوە ناتورەی = نازناوی ( لەقەب ) ( دینەوەر = دین‌ئاوەر ) ی درابیتی •

ئەم شارە ، ئاوو هەوای سازگاربووە ، دەغلو میوەهاتی فرەو فرەوان بووە ، تەنانەت گەنمو تری •

له سه‌ره‌تای بلاوبونه‌وه‌ی ئاینی ئیسلامدا باج وپیتاکی ئه‌م شـــاره‌و ده‌وروپشتی ، کراوه به‌ده‌رامه‌تیکی تایبه‌تی بوشاری ( کوفه ) وه‌هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌ش ناوی گورراوه ، وه‌کراوه به ( ماه الکوفه ) •

له‌سه‌ده‌ی چواره‌می کوچیدا ( سه‌ده‌ی ده‌یه‌می زایینی ) پایته‌ختی ده‌سه‌لاتیکی کوردبووه ، به‌ناوی سه‌رداریتی ( حه‌سه‌نه‌وه‌یهی ) • که‌ئه‌م ده‌سه‌لاته‌ش ، له‌لایه‌ن ( حه‌سه‌نه‌وه‌یه ) کوری ( حوسه‌ین ) سه‌رداری عیلی ( به‌رزیکانی ) یه‌وه دامه‌زراوه • ئه‌م عیله له‌دواییدا له‌تاو شالاوی داگیرکه‌ره بیگانه‌کان کوچی ره‌وی کردوه ، وه‌له ( سوریه ) و (لوبنان) گیرساوه‌ته‌وه ، وه‌ئه‌مرو که له‌وی به‌ناوی تیره‌ی ( به‌رازی ) به‌ناوبانگه •

له‌سه‌رده‌می سه‌رداریتی‌ی (حه‌سه‌نه‌وه‌یهی) یه‌کانا ئه‌م‌شاره ئاوه‌دان‌و قه‌شه‌نگ بووه ، دوو ئه‌وه‌نده‌ی ( هه‌مه‌دان ) بووه وه‌زور له‌شـــاری ( حه‌له‌وان ) ی به‌ناوبانگ ـ که‌ئیسته ویرانه‌که‌ی لای سه‌رپیی زه‌هاوه ـ زل‌ترو ئاواتر بووه •

له‌رووی زانست‌و ته‌ده‌ب‌و ره‌وشت‌و خووی دانشتوانیشه‌وه که‌لی له ( هه‌مه‌دان ) پیشکه‌وتوتر بووه ، بازاره جوانه‌که‌ی به‌باغ‌و باغچه‌ی هه‌مه‌ره‌نـــگ رازاوه بووه مزگه‌وته گه‌وره‌که‌ی که ( حه‌سه‌نه‌وه‌یه ) نزیك به بازاره‌که دوروستی کردوه ، ( مینبه‌ر ) ه‌که‌ی وه ( گوشه ) که‌ی سه‌ر مینبه‌ره‌که‌ی نه‌قشت‌و قنجی‌و نایابی‌دا وینـــه‌ی نه‌بینراوه • ئاوه‌دانی ئه‌م‌شاره تاشالاوی سوومی، ویرانیه‌کان هه‌رلـــه‌په‌ره سه‌ندنا بووه •

به‌لام لافاوی هیرشی ویرانکه‌رانه‌ی ئه‌مانه له‌سه‌ده‌ی هه‌شـــته‌ی کوچیدا ( سه‌ده‌ی چوارده‌یه‌می زایینی ) به‌ته‌واوه‌تی نه‌بیخی ده‌رهیناوه •

هەر لەم سەردەمەدا هەندی لە نیرووەکانی ( تەیموری لەنـــگ ) ئەم هەریمـــەیان کردووە بەلەشکربەز • شاری دینەوەر ، هـــەمو جورە خویندنیکی تیابوە ، تا دوربین خانەی ( رەصەد ) زۆر گرنگیشی هەبووە بو پشکنینی ئاسمانو پەیدوزی جولانەوەی قەبارەکان • ئەم شارە زانایانی ئەدەبی ، زانایانی فەرمایشتی ئایینی ( حـــەدیث ) ، زانایانی میژویی ، زانایانی دەرویشی ( تەصەوف ) بەناوبانگی تیا هەلکەوتوە • بەلام ئەم زاناوهونەرمەندانەش ـ وەکوهەموزاناکانی کوردەواری کون ـ چونکە هەستیکی نەتەوەیی‌یان نەبووە ، وەبەزمانی خووولاتی شتیکیان نەهیناوەتە بەرهەم ، وەتەنها بەهیوای ( نانو پایە ) لەبوتەی ئەو دەســـەلاتانەدا تواونەوە ـ کـــەوولاتەکانیان بەزور داگیر کردوەو خەلکەکـــەیان چەوساندوتەوە ـ وەهەمو رەنجو ئەرکیکیان ، لەری‌ی ئەواندا بووە ، زور مەخابن لەدەست ئیمە چوون بەجوری کەنوسەرانو میژو نوسان نەژادیکی تازەیان بو داتاشیون وە رەچەلەکیـــــکی دروزنانەیان بوهەلبەستون ، تەنها ئەوەی ئەوانی پاراستبی ناوی مەلبەندو خاکەکەیانە کەتیاژیاون وەبووە بەناتورەیان •

ئەمزانایانەی خوارەوە هەندیکن لەوانەی کەنازناوی (دینەوەر) یان پیوە نووساوە وە لیمان بزر نەبوون •

ـ أ ـ

ئەبو حەنیفەی دینەوەری : ناوی ( ئەحمەد کوری داوود کوری وەنەند ) ( وەند ) ە ، سالی لەدایك بوونو چونیەتی ژیانو گوزەرانی گەنجیتی نەزانراوە تەنها بەهوی بلیمەتی وزرنگی خویەوە ناوبانگیکی بەرزی وەرگرتوە • لەدەستوری زمانی عەرەبی ( نەحو ) وەلە فەرهەنگ

( لوغه ) وەله ئەندازه ( هەندەسه ) وەله ئەستیره شوناسی وەلەگیا ناسی وەله میژو نوسیدا زور شارەزا بووه • ئەستیرەی بەختی لەروژگاری دەسەلاتی ( بویهی ) یەکانا کەوتوته پرشـــنگدان سالی **٢٣٥ کوچی** له ئەصـــفەهان دووربین خانەیەکی ( رەصـــەد ) دامـــەزراندووه بوپەیدوزی جولانەوەی قەبارەکانی ئاسمان • وه هەر وەها روژگاری بەسوودو کەلك‌بووه • کوچی دواییشی بەراستی ســـاغ نەکراوەتەوه که کەی بووه ؟ سالی ( **٢٨١** ، یا **٢٨٢** ، یا **٢٩٠** ) ی‌کوچی ؟

نوسراوەکانی که ناسراین ئەمانەن :

**١** – نوسراوی ئیصلاح والمەنطیق •

**٢** – تەفسیر •

**٣** – تەءریخ ( وەلەم بابەتەوه نوسراوی ئەلئەخبار الطیواله ) **کەی زور** به ناو بانگەو ئیبن قوتەیبەو مەسعودی زوریان کەلك لی وەرگرتوه •

**٤** – **جەواهیر العیلم** •

**٥** – **جەبرو موقابەله** •

**٦** – وەصایا •

**٧** – لەحن العەوام •

**٨** – ئەلنەبات •

**٩** – زیج •

**١٠** – **ئەنواء ( لەبابەت گوررانی کەش‌و باو گەر ماو سەرماوه ) •**

**١١** – **حیساب الخەطەئەین •**

**١٢ ـ فەصاحەت •**

ئەمپیاوە ، بەهاوتای ( جاحیظ ) و ( ئیبن السکیت ) ی ماموستای دراوەتە قەلەم • ئەلێن سەرگوروشتی ئیمامی ( حەنەفی ) یشی نووسیوە •

ماویەتی

---

**سەرچاوەی ئەم ووتارە**

١ ـ بلدان الخلافة الشرقية •

٢ ـ وفيات الاعيان •

٣ ـ نوات الوفيات •

٤ ـ الاغانی •

٥ ـ الشعر والشعراء •

٦ ـ قاموس الاعلام •

٧ ـ الاخبار الطوال •

# زمان و شیوەکانی

ش . م

بعقوبه

زاناکان لەم چەرخەی دواییدا ـ هەروەکو لەمەیانی زانیـــاری سیاسەت وژیانی کومەلایەتیو نەتەوەیەتی و ئابووری وپیشەســازیو کشتوکالو وئەتومو هونەردا ، گەلی گوی قارەمانیو سەرکەوتنیـــان بەهەمو چالاکی یەکەوە بردووەتەوە،هەروەها لە بابەت زمانو ئەدەبیشەوە هەنگاویکی زوریان ناوە .. تاوەکو چەند سەدەیەك لەمەوە بەر ، وەختە بلیم هەر بیروباوەرریك بەرامبـــەر ـ بەزمان دەربررابی ـ نەك هەر لەسەر چاوەیەکی ئەفسانەوییەوە هەلقولاوە بەلکو ئەوەی کەپیی بووتری راستەقینە ، کەم یازور دانیپیا نەنراوە .. جاران خەلك لایان وابو ، کەزمان بەهــەمو لقو پوپو وەرگـــەزیکییەوە ، وەکو نەتەوەی ئادەمیزادەکە خوی ، لەباوکە ئادەمەوە هاتووەتە خوارەوە .. تەنانەت ، هەندیك لەو باوەررەدان ، کە باوکە ئادەم خوی سیصەدو چەند زمانی یە شیعرو ئەدەبیاتیەوە زانیوە ، جا بەپیی ئەم رایە خوا خوی زمـــانی بەئادەمیزاد بەخشیوە وهەرچی زمانی نەتەوەکان هەیە لەســـەرزەمین گشتی خەلاتی خوایە وە ( توقیفی ) یە . وەهەر باوەریکیش لەم بابەتەوە نیشان‌بدری بی‌گومان بەگوناه وفەرمەسونی لەقەلەم ئەدری وەکو هەزاران گوناهی تر کەئادەمیزاد خوی بوخوی هیناویەتی گورریو تەنیـــا خوشی بیری لەسزای ئەم گوناهـــانەی خوی کردوتەوە ...! ئەمە

**لەروی** ئایینیەوە ـ لەرویەکی تریشەوە نابی ئەمەش لەبیر بەرینەوە !
**هەندی** لەزمان شوناسەکان ، لەزەمانی ، ( معتزل ) یەکانا بیرو باوەرەکەی
**پیشویان** خستە ترازوی عەقلەوە و دوبارە کەوتنەوە لی‌کولینـــەوەی
**تاگە**یشتنە ئەم باوەررە گرنـــــگانە ••• زمان هی‌ئادەمیزادە وەخوی
**دروستی** کردووە وخوی بناغەی دائەمەزرینی ••• بەراســــتی ئەم
**بیرەئا**زایانە شورشیکی مەزندی لەدنیای بیروباوەردا بەرپاکرد وگیچەلیکی
**زلیشی** خستەکایەوە • تەنانەت هەرچی ( نص ) پەرستو کونە پەرستەکان
**هەبون** هەمو کەوتنە بەربەرەکانی‌ئەم بیرە تازەیەوە ••• راستت ئەوی
**هەقیانی**ش بو •• چونکە ئەبوایە روبەرو ، هەمو موسولمانیك دانی بەوەدا
**بنایە** قورئانیش هی ئادەمیزادەو خوی دوروستی کردووە وقەدیم‌نیە ؟
**وەئە**گەر قورئانیش قەدیم نەبی دیارەهیچ فەرقیکی لەگەل‌قســـەی
**ئادەمیزادا** نەدەبو وە ئایینی فلسفی موسولمانەتی لەبناغەوە ئەتەپی ••!

نامەوی زوری لەسەر بروم لەم بارەوە • بەکورتی ئەمەوی بلیم :
**لەپاش** ئەوەی کـــە زمان رزگاری بو لەو چوار چیوە ئەفسانەیی‌یە
**عاسمانیەی** عەیامی‌زوو وەبوبەمالی شەرعی ئادەمیزاد ودەستکە وتیکی‌خویی
**هەمو** بیرروو ناکیك سەری لەقەپیلکی سحرو جادوو ترس‌هینایە دەرەوەو
**پر و بە**دنیای تازە قیرراندیان وئەمانەیان برریاردا :

١ ـ زمان شیوەیەکە وەکوهەمو شـــــیوەکانی تری ژیانی کومەلایەتی ئادەمیزاد ، وەیاسای هەمو گورانو هەلسورانیکی‌هەیە •

٢ ـ هویەکە بوتیگەیشتن ، کەهیشتا ـ سەدەمەخابن ـ ، لەگەلی جوریدا نەگەیشتوتە پوپەوبەری راستە قینـــــەی نەداوە •• ئەمەش لەبەر بی‌خزمەتی ••!!

٣ ـ زمان بەگـــەلی پلەدا رابوردووەتا گـــەیشتووەتە ئەم رادەیەی کەقسەی پی ئەکەین •

أ ـ پلەی ئیشارەت        ب ـ پلەی عبارەت

أ ـ پلەی تجسیم        ب ـ پلەی تجرید

واتە ئادەمیزاد لەبەرەبەیانی ژیانی‌دا کەهێشتا بیروو وەهەستی کورپە بو بەپەنجەو ودەم‌لیو خوار کردنەوەو گریان وپیکەنین ودلخوشـــیو دلتەنگی هاوریکەی حالی‌ئەکرد بەلام لەپاش‌ئەوەی کەعەقلی بەشـــت پترشکاو هەستی قولتربوو وە توزەتوزە کەوتە دغەدغو ووشە دورست کردن ••• ئەمە ئیشارەت‌و عبارت ••• بەلام هــــەرچی ( تجرید ) و ( تجســـیم )ە کە ( ئینسان ) جاران وینەو شکلی شتی بەپەنجـــە یان بەشتیکی‌تر ، دەست نیشان نەکردایە ، هاوریەکەی بوحالی نەدەکرا • ئیتر ئەوە بولەپاش قولبونەوەی ، هەستی تاقی کردنەوەی توانی بیری وەکو کاژ لەشت داما‌لی ووینەی ئەوشتە بخاتە چوارچیوەی خەیالەوە وهیزی (تصوراتی) تیابیتە گورری •

٤ ـ زمان بی‌جەوهەر نابی :

زمان بەدو جەوهەرەوە بەندە •

١ ـ دەستوری زمان

٢ ـ ووشەی‌فە رهەنگی

دەستوری زمان ئەو جەوهەرەیە کەزمانەکەی لەسەر بناغەنراوە ، وەهەر دستکاریەکی تیا بکریت زمانەکە بەرەو کەل‌و کومی‌و روخاندن ئەروات ـ چونکە ئەوەی شیوەی نەتەوەیی زمانەکـــە ئەپاریزی ئەم دەستورەیە •••

جاهەر زمانیك ، دەستووریكی تایبەتی خوی هەیە • دەستووری زمانی عەرەبی فەرقی زورە لەگەل دەستوری زمانی كوردیا هەر وەكو هی توركی فەرقی لەگەل هی ئینگلیزیدا •

ووشەی فەرهەنگی بریتیە لەو سروشتە زیندوانەی كە ووتەی لی دروست ئەكریت ، وەئەم سروشتانەش هەمیشە ملكەچی دەستووری زمانەكەن ( نەحو ـ صەرف ـ بەلاغەت ) •

هەندی لایانوایە كە فەرقیكی زور هەیە لەبەینی زمانو شیوكانیدا ، بەلام ئەم باوەرە ئیجگار پووكە چونكە هەمو زمانیك لە سەرەتاوە شیوەی رەگەزە زمانیكیتر بووە بەلام سەبارەت بەهەندی هووە بووە بەئاغای هەمو شیوەكانیتر تاوی زمانی راستەقینـــەی بەبالا براوە ئەوانی تری خراونەتە پشـــتگوی ••• زور دور نەروین زمـــانی عەرەبی بەرلەموسلمانەتی گەلیشیوەی جور جورو تایبەتی هەبوو ، وەكو شیوەی ( قرشی ) ، ( طیی ) و ( حجازی ) و •••• هتد ••

وەئەم شیوانەش هەموو هاو دەستوری یەك بوون ، بەلام لەبەر ئەوەی كە پیغەمبەر ( ص ) لەقورەشیەكان بوو ئەوەبو بەرەی قورەشـــیەكان هەموو بەئاغای تیرەوتایەفەكانیتر لەقەلەم دران ، وەشیوەی زمانەكەشیان بەراستەقینـــەتر زمان هەلبژارد ئەمەش هەموو ســـەبارەت بەئایینی موسلمانەتی كەچون بو بەهوی بەرزبونەوەی شیوەی زمانیقورەشـــی وەقورئانیش هەر بەم شیوەیە هاتە خواردەوە •

بیجـــگە لە ئایین جاروبار سیاســـەتیش لەمیژوودا بووە بەهوی ـ سەركەوتنی شیوەی زمان هەروەكو سلافیەكان بەر لەجیابونەوەی دەولەتوكنیسە هەریەكە بەشیوەیەك قسەیان ئەكرد وەهەموو لەیەكتری

ئەگەیشتن ، روسی‌یەک لەگـــەل پولەندەیێکا یان پولونیەك لەگـــە چیکوسلوفاکی‌یەکا حالی ئەبوون ، بەلام کام شیوە راســــتربوو ؟ میژوی‌سیاسی ئەو نەتەوە سلافیــــانە وەلام ئەداتەوە • لەپاش ئەوەی کەئەم‌نەتەوانە هەریەکە بو بە خاوەن ئازادی ئابووری وســــیاسی خوی شیوەی زمانەکەشی نەشونمای کردو بوبە زمانێکی نەتەوەیی‌ی تایبەتی •

ماویەتی

**موژدە بیت ؟**

**رشتەی مرواری بەرگی دووەمی لەچاپ دراو خرایە بازاری ئەدەبەوە ، ئەمەیش لەو دیاریە بەنرخانەیە کە ماموستا علاء الدین سجادی پیشکەش بەخوینەوارانی کردووە •**

**لەیەزدان ئەخوازین کەدەستو قەلەمی ماموســـتای ناوبراو هەمیشە هەر وا رەنگین بیت •**

# فرمیسکی پەشیمانی

نوسینی : مصطفى صالح كريم

هاوری‌کانم چەندیان پی‌ناخوش بوو کەپەیامی گورینم پی‌سپیررا بو قوتابخانەی « س » چونکە هیشــــتا بونی گولاوی زاوایەتیم لی‌ئەهات بەواتەی ئەوان ، بەلام من هیچ ماتی نەی‌گرتم بەلکو دەستم کرد بەمال پیچانەوەو کوچ کردن بەخیزانەوە بەرەو دی‌ی (س) ، باش‌بو خانویەکی چاکم دەست کەوت بەپیچەوانەی ئەو خانوەی کە هاوری‌کەی پیشومی تیابو چونکە بەراستی شوینەکەی لانەی مشك‌و جروجانەوەر بوو •

دەستم‌کرد بەئیش بەبی وەرزبوون هەمو بیری خوم خستبوە ســەر قوتابخانەکەم‌و مالەوەو کتیبەکانم ، شوینەکەم باش‌بو ، دوربوم لەئاژاوەو گرمەگرمی شارو دەنگی ( هورن ) ی‌نالەباری ئوتوموبیل ، هەمو شتی کش‌و مات‌و بی‌سرکە بو لەدی‌کەدا ، ژیانمان زور لەسەر خو ئەرویشت هیچ شتی نەبو کەلیلی بکات تا لەناکاوا گەرداوی هەلی‌کرد وەختابوو کەشتی بەختیاریمان نقوم بکا •

ئیوارەیەکی پاییزبوو ، کاتی گەلاریزان هەوا فینکی‌کرد بوو ، روژ خەریکی ئاوابوون بوو بەودیوکەلا کە لەپیاسەکەی ئیوارانم ئەهاتمەوە چەپکی گولم بەدەستەوەبوو ئەم‌بردەوە بومالەوە کەتوشی دووپیـــاوی خەلکی دی‌کە بوم بەجوتە دانیشتبون لەسەر ئەوچیمەنە سەوزەجوانەی سروشت رای‌خستبو هەرئەوەندە سلاوم لی‌کردن بەجوتە هەلسان‌لەبەرم‌و تکایان‌لی‌کردم کەمی لادەم لایان بەکورتی نەیان‌هیشت هەستم تاپەیمانی

ئەوەیان لی‌سەندم کەئەبی سبەینی ئیوارە لەمالی گەورەکەیان‌بم کەناوی « خەسرەو » بوو •

منیش ناچاربوم کەپەیمانەکەم بەرمەسەر بەتایبەتی کەمیانەشـــم زورباش‌بوو لەگەل دانیشـــــتوانی دی‌کەدا لەبەرئەوە رومکردە مالی خەسرەو ئیوارەی ئاینده ، دیاربوو گەلی کەسی‌تریشی بانـــگ کردبوو لەپیاو ماقولانی ( دی ) هەرئەوەندەم خوش‌بو کەنانەکـــەمان خوارد سەیرم‌کرد خاوەن‌مال شتیکی دەرهینا لەسندوقیکا بەراستی زور سەرسامی کردم چونکە زور بەلامەوە سەیربوو ئەم‌شتە لە ( مونت‌کارلو ) وە خوی بگەیەنیتە ناوجەرگەی لادیەکانی کوردستان ، شتەکەش چی‌بی باشە ؟•• دەستەیە قاقەزی یاری‌بو هەر کەدەری‌هینا روی‌کردە ( روســـــتەمی ) ئاموزای‌و پی‌ی‌ووت :

ــــ روسە وەدلتە ئەوە ئیمرو بویان هاوردم هیچ‌گومانم نیە کەکویخاو کاک‌تەقی‌و لالوستارو ( ئامیر مەخفـــەر ) یش زوریان دل هاپیوە ئەمەی ووت‌و دایە قاقای پی‌کەنین •

لەپاشان دەست‌کرا بەدابەشینی قاقەز بەلام من قاقەزەکــــەی خوم فری‌داو بەتورەییەکەوە ووتم :

ــــ نەء •••• نەء من یاری ناکەم‌و هەرگیز نەم کردوە •

بەزەردە خەنەیەکەوە کەهەمو دانە زەرد هەل گەراوەکانی دەرکەوی خەسرەو ووتی :

ــــ ئەفەنی ئیمە پوکەرو موکەر ناکەین ، یاریەکەمان زورخوشە پی‌ی پیژین ( بیســـــتویەک ) ئیمە مەبەســـــمان رابواردنە خو بەتەمای روتەوەکردنوی یەکترنین •••• ئەم‌شەوگارە دریژە چون بەرینە سەر ؟ منیش روم‌تی‌کردن وەکو یەکی خوی ئامادەکا بوخویندنەوەی وتاریک •

ـــ براكان ئەمە ریگەیەكی باش‌نیە ئەی‌گرن بوشەوگار بردنەسەر • ئەوە ئاگربازیە ، ئەمە كاریكی بی‌كەلكە هەستن ئەگەر حەزئەكـــەن ئەچینە مالی‌خومان رادیوم هەیە بوتان ئەكەمەوە گوی لەدەنگوباسی جیهانو لەگەلی شتی خوش ئەگرین !

بەلام كویخا ـ تالیم ـ كاری راز كەیەبی !! نەی هیشت ووتارەكەم تەواوكەم لەپر وەكو مەترەلوز لەدەمی دەرچی ووتی :

ـــ قوروان تو گەرەكتە خوت دیل‌كەی لەناو چواردیوارەكەی مەتكەبو مالەوەدا ، ئەی ناوی كەمی رابویری ، وەكو خەسرەو عەرزی كردی خوئیمە قازانجمان گەرەك‌نیە ، هەرئەمانەوی نەختی رابویرین باوەجو سبەینیش جوعمەیەو ناچیتە مەتكەب •••• هابی‌قەزاو بی‌بەلابی یاخوا دەچیت‌كرد !! ناچاربوم كەبلیم باشە ، لەدلی خوشما ئەم‌ووت : هەموی یەك دوو سەعاتیكەو ئەبریتەوەو لەبیرم ئەچیتەوە هەروەكو نەشم‌كردبی وایـــــە •

یاریەكە لەسەرەتاوە ساردبوو بەلام تائەهات گەرمیان ئەكرد ، ئەوەی كەخیراخیرا كوتەرەی زلی پیوەئەنا خەسرەو بووپارەی توتنی زوربوو جگە لەو هەمو ( سەلەم ) و ( سو ) ەش كەلەو ناوەدا ئەی‌كرد بەپشتی ئەوەوە توانیی یەك كومەلە دینار لەبەردەمی خویا كەلەكە بكا • هیچ گومانی تیانەبوو كەپریشكی ئەم ئاگرە سورە منیش ئەگریتەوە چونكە كاتیكم زانی حەوت‌دینارم دوراندوە •

بەم‌پی‌یە تائەهات زیاتر ئەبوم بەدیلی قومار هەردوای دوراو ئەكەوتمو كەچی زیاترم ئەنایە بانی شەوەها ئەم‌دی كەژنەكانیان ئەهاتن بەگژیانا بەگریان بەپارانەوە بەتورەیی بەلام هەموی بی‌سودبو هەتا ماوم ئەوەم لەبیر

ناچیتەوە کەشەوی لەشەوان کچیکی شوخ‌وشەنگ هەیاسەکەی ناوقەدی هینابوەوەیەک دوچاوی رەشی گەشی جوان فرمیسکی قەویان هەل‌ئەرشت وەک‌بارانی بەهار کەبەقولپی گریانەوە خوی‌کرد بەژوراو روی‌کردە روستەمی برای :

ـــ نەختی وازبیرە لەم‌قومارە بی‌فەرە بوخاتر خوا والەوی ئەول‌کەریمی برام گیان‌ئەدا •

بەرامبەر بەم‌بانگەوازەی کەکاری ئەکردە سەربەرد یاریمان بەتال کرد کات‌بو دووی پاش نیوەشەو ئەچو کەرووم کردە مالەوە بەهەنگاوی تی‌کەل‌وپیکەل وەکو پەپولەیەک‌بدری بەدەم باوە کەگەیشتمە بەردەرگای مالەوە ئەوسا زانیم کەکلیلەکەی دەردودم پی‌نیە لەبەرئەوە کەوتمـــــە دەرگالیدان بەودرەنگە کاتی لی‌یان کردمەوە لەپەلوپو کەوتبوم بەوکینەوتو رەیبەوە کەوتمە لی‌دانی ژنەکەم‌و جنیودان بەکلارەکەرەکەی ، بونوستون ؟ بووامردون ؟ بوخەبەرتان نابیتەوە ؟ بو ••• بو ؟ ••• ، بەدەم هەنسکی گریانەوە ژنەکەم قیژانی بەسەرما •

ـــ گوناهی من‌چیە ؟ ئەی‌تاوان‌بار بو ئەم‌کوژی ؟ تاوانی قومارەکـــەت کەمە پیی تیرنابی ، خەلاتی‌ئەوەم ، ئەدەیتی کەلەم‌ژیانە تاریکیەت‌دا بەشدارم ؟•• هەی تاوان‌بار •••

بەلام ئیتر توانای ئەوەم نەبوو گوی لەواتەی بـــگرم خوم کوتایە ژورەکەی خوم‌و چومە ژیرجیگاکەوە بەلام تارمایی پاپازو باجاخ‌و بیللی نەیان هیشت خەو بیتە چاوم ، بەم‌جورە تاقوقەی کەلەشـــیرو دەنگی مەروبزن‌و قورەی گاگەل تی‌یان‌گەیانم کەوا بەرەبەیانــە •

بەم‌پی‌یە بوم بەدیلی قومارو نەم‌ئەتوانی بەهیچ جوری وازی لی‌بینم ••

شەوی لەوشەوە زورانەی کەئەمان بەست بەروژەوە بەدەمقومارەوە نزیکەی پانزەدیناریکم دوراندبو ، زوریش ماندوبوین ، نەمئەزانی بەراستی ئایا چرالوکسەکەیە لاوازبوەو بەرەو مردن ئەروا یاچاوی ئیمەیە سومای داهاتوە ؟ هەرکامیان بی هەستمان کرد کەوا ناتوانین بەراستی بەردەوام بین لەسەر یاری ، هەستاینو بلاوەمان لی‌کرد وەکو شەوانی تربەمەرجی کەسبەی‌شەو پیک بگەینەوە وەک هەمو شەوانی‌تر، چاومان سورهەل‌گەراوو خەوتی‌شکاو ، قاچمان سستو بی‌هیز بەوینەی کوتوزنجیر تی‌کراو ، هەرچونی‌بو هەریەکەمان بەبی‌هیزیەکەوە رووی‌کردە مالی‌خوی ، من نەبی ئیوارە پیش‌هاتنەدەرەوەم ژنەکەم زورم لی‌پارایەوە کەنەختی بەزەییم‌بیتەوە بەحالی خوما ، هیشتا لەهەرەتی گەنجیام بو بەدەستی خوم خوم‌بکوژم ، بەلام من ئەم‌پارانەوەیەم بەشتیکی وازانی کەدەستدوریژیە بو سەر حقوقی میرد ، لەبەرئەوە سویندیکم بەدەماهات کەئەمشەو تابەرەبەیان سەرناکەم بەم‌مالەدا ... بەخوا باشە ئەوا هەلیکم کەوتەدەست کە تیاسەرکەومو بەمەوە ، پاش ئەم هەموو دوراندنەی شەوگاری زستان ... بەلی سەرکەوتم کەبەفیزیکەوە ئەوسویندەم خواردبوو ئیستا ئەبی تا بەرەبەیان هەل‌لەرزم لە دەرەوە .. سەیریکی ( کات بیژە ) کەمم کرد ئەی‌هو ... هیشتا لەکوی‌یەتی ؟... رومکردە کلیگەو بیستانەکانی ئاوایی تریفەتریفی مانگەشەویش وای‌لی‌کردبوم کەدوای سیبەرەکەی خوم‌بکەوم هەرنەوەستام تاگەیشتمە باخچەبچکولە ، ئەودیو سەرقەبران ، هیزم‌لی‌برابو ماندوو بوبوم خوم فری‌دایە سەر بەردیکی گەورەو رووم وەرگیرا بەهەرچوارلای خوما روانیم سەیرم کرد زیندەوەری لی‌نیە ، سەرم‌هەل‌بری‌و رووم‌کردە ئاسمان !! خوایە چی‌ئەبینم ؟ ئایا ئاسمان هەروا سافو جوان‌بو جارانیش ؟

ئەستیرەکانیش ئاوا ئەدرەوشانەوە ؟ وام لی‌هات نەتوانم سەرم دانەوینم وامهەست ئەکرد کەگیانیشم رورەو ئاسمان لەتەک چاوما هەل‌ئەنوری ؟

واهات بەبیرما کەگیانم بەرزبوەو گەیشتە ئاسمانو لەوی‌وە سـەیری ئەملاشـە فری دراوە ئەکا لەسەر ئەوبەردە ئەروانیتە دەمو چاوی زەردهەلگەراوم زور بەسوکیەوە ••• بوچی ؟ چونکە من هیچ شوینیکی کەم نیە ئەم بەردە بی‌فەرە نەبی کەلەسەری دانیشتوم • ئایاراستە کەمن هەرئەمەمهەیە ؟ ئەی‌مالەکەم ••• ئیتردەست بەجی هەناسەیەکـم هەلکیشا کەوینەی ژنەکەم هاتە پیش‌چاو هەمو روژی بەهەشـتیکم بوئەرازینیتەوە بەلام من لەبەر قومار خومی تی‌ناگەیینم • هەرچەندە ویستم ئەم بیرە دورخەمەوە لەمیشکم بەلام بی‌سوود بو وەک خاوەن قەرزیکی ئیسیک‌گران راوم بنی‌و داوای قەرزم لی‌بکا بەم‌رەنـگە ئەو وینەیەش هەرا نزیک ئەبوەوە ، وامزانی کەناردومە بکری بەزەنگوغراف چونکە بەخیرایی هاتەوە بەلام چون هاتنەوەیەک ، بەسەدەها نوسخەو هەرپارچەیە لەشتەکانی ناومالم ئەهاتەپیش‌چاو ، وینەیەکی ئەوی پیوەبو ، لەسەرمیزی نان‌خواردن لەسەرمیزی نوسینەکەم ، لەناو کیتبخانەکەما •• ئاخ چەند حەزئەکەم ئیستا تیرئەوگولانەم بون‌بکردایە کەهەمو بەیانیەک ئەخریتە سەر میزەکەمو ئیوارە سیس ئەبی ••• نزیکەی چەندسەعاتیکم بردەسەر وینەی مالەخنجیلەکەم هەرلەپیش چاوما بوو لەدوایبا بەناچاری ئالای سپیم هەل‌کردو هەستم کرد تک‌تک ئارەق لەناوچەوانم دیتـە خواری بەوشەوە زستانە ، هەلسام لەسەربەردەکەو بەگوی چەمەکەدا روم کردەوە ئاوایی وینەی ژیانی خوم یەک‌یەک هاتەوە پیش‌چاوم ، خویندنم لەبەغدا ••• دەرچونم •• ژن‌هینانم ئەوهەمو ئاواتانەی نەهاتە

دی تا ئەوروژەم هاتەپیش‌چاو کەئەم قومارەپیسە فـــــیربوم دەك بەلامدا لەهەمو جورە قوماری • ئالەم کاتەدا داوە دەزویەکی باریك لەبەرەبەیان خوی پیشان‌داو منیش وەکو شیت‌رووم کردە مالەوە بەدزەدزە خوم گیانە ژوری دانیشتنەکەم •

باوەشم کردبە ئینجا نەی سەرمیزە کەما فرمیسکیش خورخور ئەهاتە خواری بەچاوما هیچ هەستم نەما تەنانەت هەستی ئەوەشم نەکرد کەکەس بیتەژورەوە ، بەلام کاتی‌سەرم هەل‌بری لەسەرئانیشکم دیم کەژنەکەم بەدەسەسرەکەی فرمیسکەکانم ئەسری چونکە ئەی‌زانی فرمیسکی پەشیمانی‌یە خوشی دلی پربوبو ، لەخوشیا بەدەم هەنسکەوە ووتی :

ـــ دلم خەبەری دابوو کەهەر دیتەوە گیانەکەم ، بویە ئەم‌شەو خەو نەهاتە چاوم شەوگار کردی‌و من کردم •• بەلام ئەم‌زانی کەهەر دیتەوە •••

**بورەواجی کارو فرمانت کەویستت لەگوواری هیوادا**
**اعلان بلاو بکەیتەوە : ئەمەیە ناونیشان**
**بەغـــداد شـــەقامی زەهاوی یانەی ســـەرکەوتن**
ژمارەی تەلەفون ٢٨٤٠٥

# دیوانی هێوا

## ئاموژگــــاری

# بو گوڤاري هیوا

هەوری

هیوا ، چووزەرەی بنـــکی گەلاویژ
بە بـــیری ووردی پوختی والابیـــژ
بــــیرە کایەوە ســــاوای تازەبوو
کاتی فرمــــــانە توش ئازانەزوو
دەستی خزمەتت پیروز ، وەك ناوت
تابیـــــتە فــــەررو برەو بی باوت
هیوا • هیوای هوزی بەجیمـــــاو
لەرری لانەدەی قەتبە چــــاورراو
نەکەویە سەما چەپ راست هەلبەرین
سالی گریە و رو یەکســـــات پیکەنین
ووردوو لەسەرخو بەروژو بەشــــەو
خەرمانی ویژەی خوتکە شەنو کەو
رچــــــە تاریکو پرر لــــە دررندە
لارری گیراوی ماری کوشــــــندە
تیشوو بەرەکــــــەت بی نانو پیخور
چوار چمـــــکی والا گەزی خامی بور

جەردەو ڕێ گر لە بیـــگانەو خویش
هەریەك بەرڕەنگی ئەوبوت دیتـەپیش
بێ تفەنگ بێ چـــەك بەن بررت دانە
ئەبێ بش‌بڕری ئەم ریــــــگەو بانە
هەوارگـــە دوورە وابە هـــەردەوە
گـــەلت ئەنـــالی بەدەم دەردەوە
دەردی دوودڵی‌و یەکتر نەویســـتن
بوئەم مەبەســــــە پەیمان ئەبەستن
چاو لەنوکەری بیـــــگانە ئەبرن
تاری‌ی پیشکەوتن لە یەکتر بـــگرن
مەبەس روونـــاكو بەرزوپـــیروزە
چونـــکە خزمەتی زمـــانو هوزە
ئەبێ لەســـــەرخو وردو بەراویژ
بروی تادوشـــــمن نەتکا گیژویژ
دوشمن وەکو مار ناوەخت ئەگەزی
کورر ئەو کوررەیە ئەوسا نەبەزی
لەروژ گـــیراندا لەگـــەل وەتەن‌بێ
هـــەولی بەهیزی میشـــك‌و بەدەن‌بێ
قولی لێ‌هەلکا وەکوو نەررەشـــــیر
پێ‌نووس یەدەس‌بێ لەجیـــگەی شمشیر
بوسوودی هوزو نیشتمان‌و گــــەل
لەکەمین دابێ‌و لەدەس نەداهـــــەل

# لاوی کورد

کویه : دلزار

لاوی کورد بخوینە خویندن مەرهەمە بوزامی گەل
تیشکی زانینە ئەدا روشن بە ئەســــتیرەی ئەمەل

میللەتی جاهل لەقافلەی ژین‌و تاریخی بەشــــەر
دەستە پاچە کەوتوە ، جی‌ماوە ، لەش ئیفلیج‌و شەل

کاری زانینە هەزاران چەشـــــنە بالون وفروك ،
پەرتو پەخشانی قوبەی شینن بە وینەی قاژو قەل

بی تەل‌و رادارو رادیو ، تەلـــگراف‌و کارەبا
هیزی ئوتوم‌و ئیجادی پەنسلین خو بی جەدەل :

داری زانینن بە هوی زانا یەکـــــان هاتوونە بەر
موعجزەی فەنن‌برا ، نەك سحرو ئەفسانەو مەتەل

قەومی کورد نیشتوتە ناو دەقنی (١) جەهالەت‌تاملی
غەیرە دەسیان گەییە روژو چونە سەر کەندالی کەل

بو ئەوەی ئیمەش بچینە ریزی وان‌ئەی لاوی کورد
تی بگە ،کوشش بکە ،هەنگاوهەلینە ، بکوتە پەل .

---

( ١ ) ئەو قورره لیتەیەیە کە چوار پیی تیدا ئەچەقی .

# جوانە کوردستان !



تاڤگەی گەلی

دیمەنێکی شیرینی نیشتمانەکەتە

# جوانە کوردستان !

جوانە کوردســـــتان خاکی رەنگینت !
باخو بەهەشـــــتی پانو بـــــەرینت !
کیـــوانی بەرزی لوتـــکە بەفرینت !
هـــەوای بی گەردو ئاســـــمانی شینت !
کـــــانیو سەرچـــاوەی ئاوی معینت !
زیودو بیخـــــالو دی ی نازدینـــت !

کەرویشكو کیوبی ، کیوی کویستانت
ئاســـکی نەرمانو هـــــەردەو وەردانت
بـــــارانو تەرزەو بەفری زســـتانت
فەســـــــلی خەزانی گـــــەلا ریزانت
گولو هـــــەلالەو سوسنو رەیحـــانت
لاوی ســــــوزانو کیـــژی بوتانت

ئەمـــــانە جوانن گشـــــتی دلـــگیرن ،
هـــەوینی هوشو دەمـــــاخو بـــیرن ٠
**بەلام زور ئەفســـوس ئەهلی ئەســـــیرن**
بەتەوقی مەینـــــەت بەندو زنجـــــیرن
لەســـەرئەم مولـــکەش رووتو فەقـیرن
گـــیرودەی دەســـتی زوردارو مـــیرن

# من ڕەشم

کامەران

ئەم هەلبەستە هی بویژی ئەمەریکی ( ماك کریا ) یە ...

من ڕەشم وەکو کینیا
ئەمرم لەرێی ئازادیا
وەکو ڕەنگی شەویـــــــکی ڕەش
یـــــا وولاتی مـــــنی بی‌بەش
وەك جەرگی ئەفەریقاکـــــــــەم
نیشـــــتمانە بی نەواکـــــەم
ڕەنـــگم ڕەشە ، پیســـتم ڕەشە
ئەم دەنـــــگە هی قولەڕەشـــــە :ـ
جـــاران کویلەیەك بووم هـــەزار
بەردەرگانەی کوشـــکی زوردار
مـــــالی ( قیصــر ) م ئەمـــالی
ژینـــــم ، بە ســــەربرد بە تالی
من بووم ، بویاخچـــــی‌ی دوروەتەن
قوندەرەکـــــانی واشــــنتەن
لەکوشـــــمابوو ، هەرمنیش بووم ،
بەهیـــــزی دەمـــــاری بازووم
بەعەرەقـــــم ، بەخوینی گیـــــان
بنچینەی کوشـــکم هەلئەســـان

( هـــەرەم ) بناغـــــەی من دامنا
بـــــەردم ئەدابە ســــەرشانما

قوربانیـــــەك بوم لــــە ( كونغو )
بەلچیـــكیكان بی ( شەرموشـــو )

دەســـــتیان قرتانــــم لەبنـــــا
دەســــــــــت رویشتون لە كوشتنا
ئیســـــتەش ، لەناو كینیاكـــــەما
لەدارســــــتانو ناوچــــەما •

گوللـــــە بارانم ئەكەن هــــــەر
منــــــی رەش ، منــــی دەربەدەر
بەخرركــــە بەردی ( تەكساسیان )
كـــــەوتونە ( دووم ) بەبەرد باران

زور روبـــــارم دیوە بـــــەخورر
لەهازەهـــــاژا ، تـــــاوی گورر
( نیــــلی ) بزورگی دلنیــــا
لـــــەناوقوولی بیدەنگیـــــا
ســـــەرنجی داوم زووربـــــە دل
جــــار جار بو من هاتوتە كول

ئاوی ( مســــیسپی ) شـــــم دیوە
كەجارجار پیــــم پیكــــەنیوە
یــــان بەدل بومن گـــــریاوە
بە گورر لافاوی هەســــتاوە •

وەکـــــو رووی ئەو روبـــــارانە
لوچ لوچو پیر بو ئەم گیـــــانە
برام من ئینســـــانم ، ئینســـــان
وەکو ئیوە دەمـــــاروگـــــیان
من ئازادیـــــم ئەوی هـــــەرگیز
بوی بەختەگیـــــانی ( قول ) بەریز
من رەشم وەکوکینیا
ئەمرم لەریی ئازادیا

---

## تکایەکی تایبەتی

ئەو نوسینانەی ئەی نیرن بەینی دیرە کانتان بلاو وەئیملاکەی راست بیت تاوەکو ئەرکی لە چاپ دانی ئاسان بیتو هەڵەی تیا نەکریت •
هەموو چەشنە نوسینیکی زانیاری بلاو ئەکەینەوە بەو رەنگەی چەوتیو نالە باری راست بکاتەوەو بو هاندانی باوی رەوشت پاکیو خویندەواری کەلکی لی وەربگیریت •
هەلبەستی کونو تازە ، ووتەی پیشینیانو قسەی نەستەقو گالتەو گەپ ئەوانەی لە چاپ نەدراون بلاو ئەکریتەوە •
ئیتر ســـــوپاس بو ئیوەیە کە گوفاری هیوا چار بەجـــــار بە شیوەیەکی جوانترو رووییەکی گەشو سەر بەرزییەوە پیشکەش ئەکریت •



# ژیانی خیزانی

**بوپاراستنی ژیانی خیزانیت که لیت نەشیویتو بەخوشی رابویریت**

ئەبی بزانیت هاوریی ژیانت کە میردەکەتە ئادەمزادیکەو ئادەمزادیش بیهەلەو بیتاوانو بیگەرد نابیت ، هەموو ئادەمزادیك کەمو زور هەلە ئەکاتو ناتەواوی هەر ئەبی • ئەگەر ژنو میرد چاو لەتاوانی یەکتری نەپوشنو بەدریژاییی شەوو روژ هەریەکەیان خەریکی ئەوەبن تانووت لەیەکتری بدەنو خەریکی راستکردنەوەی هەلە کانی یەکتری بن ئەوا ژیانی ئەو خیزانە تال ئەبیتو روژبەروژ خوشەویستیی بەینیان روو لەکەمیو کزی ئەبیتو لەیەکتری سارد ئەبنەوە •

**تا ئەتوانیو بوتئەکری یەك رەنگو یەك چەشن مەژی چونکە :**

ژیانی یەك رەنگ خوشەویستی بەینی ژنو میرد ناهیلیت ، بوئەمەی تاسەر بەخوشی بژین پیکەوە پیویستە هەر روژەی بەرەنگیك خوتو مالت برازینیتەوە تاوەکو میردەکەت یان هاوبەشی ژیانت هەست بەوە بکات کە تو کەی بانوویکی دەس رەنگینیت •

**هەموومان ئەزانین خواردەمەنی زور جوری هەیەو هەریەکەیان رەنگو تامو بونیکی جیاوازیان هەیە ،**

هەروەها ئەبی جوری ژیانیش بەورەنگە بگوریت کــــە هەردەمەی بەجوریك رای‌بویریت ، دەمیـــــك بە پوختەکردن‌و ئیشی ناومالەوە ، دەمیك بەگالتەو یاری‌کردن ، بەقسەی خوش ، یان بوحەســـــانەوەی میشك‌ولەش ، بی‌دەنگی‌و هیمنی !

ئەلین پیاویك پانزە سال لەژنەکەی منال‌تربووە ، ئەم‌پیاوە هەمیشە دەم بەپی‌کەنین‌و رووخوش‌و چالاك بووە •

ناسیاوەکانی عاجباتیان لی‌هاتووە ، روژیك ئەچنەلای ئەلین ئەبی پیمان بلی‌یت بوچ روژیك تومان بەروو گرژی چاوپی نەکـــەوت‌و روژبەروژ گەشە ئەکەیت ؟ پیاوەکە ووتی ئەمە چل‌سالە لەگەل خیزانەکەمـــا ئەژیم‌و روژیك نەبووە بولەبولم بەسەرابکات‌و بکرووزیتەوە بەبوون‌و نەبوون هەربە روو خوشی هاتووە بەپیرمەوەو ماوەی‌نەداوم ساتیك پەست‌و دل‌تەنگ‌بم ، لەبەرئەمە روژبەروژ خوشەویســـــتیمتان هەرلەزیادی‌یەو لەیەك نابیزریین هەر کە هەستت بەمە کرد رەوشت‌و بـــــیرو باوەری میردەکەت لەگەل تودا جیاوازە هەولی ئەوە مەدە رەوشتی میردەکـــــەت بگوریت‌و بی‌خەیتە سەر بیروو رای خوت •

گریمان توانیت رەوشتی میردەکەت بگوریت ، بەلام لەو ماوەیەدا کە تو خەریکی ئەم ئیشە ئەبیت کاتیك بەخوت ئەزانی خوشەویستی‌ی بەینتان کزبووەو میردەکەت مەیلی جارانی نەماوە •

چونکە بەزوری بەینی ژن‌و میرد لەسەر ئەمە تیك ئەچیت کـــــە کەسیان بیرو رای یەکتریان لاپەسەند نیەو بەم هویەوە زور دەمەقالیان ئەبیت ، ئنجا ئەگەر هات‌و لەئیشیکا بیرتان یەکی نەگرت واچاکە لەکاتیکی هیمنی‌یا سوودو زیانی ئەو فرمانە لەمیردەکەت بگەیەنیت‌و ماوە نەدەیت

دەمە قالیتان ببی تاوەکو دلی میردەکەت لی نەرەنجیت • ئەگیرنەوە پیاویك لەتەمەنی شەست سالیدا خوی‌پیشانی دووکتور ئەدا لەدوای معایەنەکردن دوکتورەکە سەرسام ئەبیت چونکە ئەم پیاوە کەتەمەنی گەیشـــتوتە شەســـتسال هیشتاوەك جارانی کـــاتی لاویەتی گورو هیزی خوی‌پاراستووەو هیچ نەخوشیەکی نەبووە • لەپاشانا دوکتورەک لی ئەپرســـیت چون ژیاویت واتوانیوتە لەم تەمـــەنەدا خوت بەلاوچاکی بهیلیتەوە ؟ !

لەوەلامیا وتی ژیانی خیزانیم زور خوش رابواردووە لەماوەی ژیانما هیشتا لەگەل ژنەکەما دەمەقال مان نەبووەو لەیەك دلگیرنەبوین ئەمەیش هوی ئەمەیە لەوروژەوە بوین بەهاوبەشی ژیانی‌یەکتری لەبەینی خومانا لەسەرئەمە ریك کەوتین :ــ هەرکامیکمان لەسەرتاوانیك وەیا فرمانیـك توورەبوین خیزانەکەم بچیتە ژوورەکەی خوی‌و بەبی‌دەنگی تا سەعاتیك لەژوورەکەی خویا بمینیتەوە • منیش هەرکە خیزانەکەم لەسەرفرمانیك توورە ببوایە لەمال بەنگ نەئەبووم بەزوویی ئەچوومە دەرەوە ، لەدوای سەعاتیك خاو ئەبوینەوەو کە یەکترمان چاوپی‌ئەکەوتەوە هیچمان لەدلا نەئەما ئەوسا بەشینەیی یەکترمان ئاشت ئەکردەوەو بەخوشی‌و پی‌کەنین رامان ئەبوارد •

**خوت وارابینـــە** بەدلی میردەکەت بجولیتەوە ، میردەکـــەت چی‌پی‌خوشە تویش پیت خوش‌بیت •

ئەگەر ژن بەجیاو پیاو بەجیا هەریەکەیان لەناومالا گەورەیەك بی ژیانی ئەوژن‌و میردە بەخوشی تاسەر ناگونجیت : پیویستە ژن‌ومیرد کـــە هاوبەشی ژیانی یەکترن وەئەبنە بنچینەی بنەمالیـــك ئەبی بەئارەزووی

دلی یەکتر بجولینەوەو هەولبدەن ژیانی خیزانی لەخویان نەکـــەن بەدوزەخ •

زور ژنو میردی واهەن بەچاوی سووك وەك کارەکەر یان نوکەر ئەروانـــــە یەکتری ، بەزوری ئەم کردەوەیە ژیانیخوش گوزەرانی خیزانی تیك ئەداو ئەیرووخینی •

پیویستە بزانریت ژنومیرد کەهاوبەشی ژیانی یەکترین ئەبی بەچاوی سووك نەروانـنە یەکتر ، هەردووکیان لەگیانیکا بژین ، لەتالیو خوشیدا لەهەژاریو دەولەمەندیدا هاوبەش وەدلسوزی یەکتربن •

**تائەتوانیت** دلپاكو رەوشتجوان بە بوئەوەی ماندویتیی میردەکەت بحەسینیتەوە بەشوشو روو خوشو قەت بولەبول مەکەو مەکرووزیرەوە

**مەهیـــلە** دایکت خوی تیکەل بەژیانی ژنو میردیت بکات چونکە زور خیزانی وا بووە دایك یان خەســـــوو دوودلی لەیەك کردووەوە مالیتیـــــك داوەو بوتە هوی جیـــــابوونەوەی بەینی ژنومـــــیرد

**تائەتوانیت راستگوبە**

پیشینان ووتویانە دروزن هەر جاریك ناشتائەکات بەتایبەتی دروکردن لەبەینی ژنومیردا ئەبیتە **هوی** ئەمەی باوەریانبەیەکتر نەمینی ،کەئەمەیش ئەبیتە هوی ساردیی بەینی ژنومیردو جیابونەوەیان •

**زینهـار** خوتمەری تەمەلی مەکە چونکە ژیان بریتییە لەتیکوشین ، هەمیشە بوپیشکەوتن **هەول**بدە ئەگەر هەول نەدەیت دوائەکەویت ، دانیشتنی خانمانەی سەردوشەك لەشبەبارت ئەکات ، تو کە پیت ئەلین کەی بانووی مال ئەبی مالو منالت بەخاوینی راگریتو بەتەنگ ژیانی خوش گوزەرانی خوتو مالو منالو میردەکەتەوە بیت •

# پیاوانی نەمر

## بـــیرون

بیرون : بویژیکی ئینگلیزی بە ناوبانگە ، لە زیرەکیدا ناوبانگیکی ئیجگار زوری بوە ••

— لە سالی ١٧٨٨ م لەلەندەن لە دایك بووە •

— هیشتا لە تەمەنی ( ١٠ ) سالیدابو کە ناتورەی ( لوردی ) لەمامیەوە بومایەوە ••

— لە ( کلیە ) ی ( لوتیش ) ، هارو ، وە ( ترینتی ) خویندویەتی •

— دیوانی یەکەمی ( سەعاتی‌تەمەلی ) لەتەمەنی ١٩ سالیدا بلاوکردەوە ، وەلە تەمەنی (٢٤) سالیشدا دیوانە بەناوبانگەکەی دەرکرد کەدیوانی ( هارولدی مبال )ە •

— بیرون لەجنیف بو کە (شیللی) بویژ گەیشت ، وەبون بەهاورریەکی گیانی بەگیانی •

— لە سالی ١٨٢٣ میلادیدا لەگەل یونانیەکاندا ضـــدی ئیمپریالزمی تورکی کەوتە شەرەوە ، بەلام لەکورری کوشتارا توشـــــی ( تایەکی‌سەخت ) بو وەلە ١٩ی‌نیسانی ســــالی ١٨٢٤ داکوچی دوایی‌کرد •

# ریگای سەرکەوتن

نوسینی : شاکر فتاح

ئەگەر لەو کەسانە کە هەمیشە لە ژینا دوا ئەکەون ، لە تەنگانەو دەست کورتی و کەمو کوریدا گیرماون و داماون نازانن چون پیش کەون، چون بەئاواتی خویان بگەن •• وەئەیانەوی لەژیان داسەرکەون •• گوی گرە : بام ئەم ریگای سەرکەوتنەت پی بلیم !

## مەترسە :

هیچشتیك وەك ترس تەگەرە لەسەرکەوتن نادا • ترس گەورەترین دوژمنی گیانە • ناهیلی پیاو لەژینا سەرکەوی‌و بەخوشی‌یەوە بژی • ترس زەنگیکە خوی ئەدا لەپەل‌و پوی پیاو • لە هوش‌و لەشـــیمروف ، ئەندامەکانی سست ئەکاو لە کەلکی پیـــاوەتی‌ی ئەخا • بەشی زوری نەخوشی‌و سەرگەردانی بە هوی ترسەوە پەیدائەبی • لەبەرئەوە ترس لەدلی خوت دەرکە • کە ئەلیم ترس مەبەسیشم لەمانەیە : پەشم‌و قین ، توورەیی ، چاوپیسی ، دودلی ، گلاراوی ، پەلەپەل کردن ، ئارام نەگرتن سەرچلی ، وورەبەردان ، برستبران ، دەمار کزی ••• چونکەئەمانە هەموو ترسن • وەلەش‌و ژیان بەرباد ئەکەن • لەبەرئەوە هەچ ترسیك لەدلتا هەیە دەری‌کـــە • وەلـــەبریتی ئەوە [ باوەربە خوکردن ] بخەرە دلتەوە •

## باوەر بە خو کردن :

باوەر بەخوکردن ، بەپیچـــەوانەی ترس ، یاریدەی مروف ئەدا لەسەرکەوتن دا • پیاو ئەخاتە گـــــەرر بوکردو کوشش ، بو تەن دوروستی ، بو ژینیکی پر سەرکەوتن‌و بەختیـــــاری • لەبەرئەوە پەروەردەی گیانی خوت وەهابکە کە [ باوەرت بەخوت بی ] • تابتوانی بو هەموو کارو باریکی پەسەند و بەکەلك‌و پرلەئاوات خوت بکوتی‌و بیا سەرکەوی •

## باوەر کە بە خوا :

بو ئەوەی باوەر پەیدا کەیت بەخوت ، پیویستە باوەربکەی بەخوا • چونکە خوا یەکە توی دروست کردوە • وە ئەم هەموو جیهان‌و ژیانە خوایە بو توو بو هەموو کەسیکی ئافەریدە کردوە • جا ئەو خوایەی توی هینابیتە بوون ، هەلبەت بە تەنگ تەن دوروستی‌و بەختیاری‌و سەرکەوتنی توشەوەیە ، بویەکا ئەم هەموو بابەتی ژین‌و خوشی‌یەی بو پیك هیناوی • کەواتە بو نەیناسی ؟ بوچ خوشت نەوی ؟ بوچ بەدلی ئەو نەجولی‌یتەوە • تا لەژیانتا سەرکەوی‌و بەرکەوی دەرکەوی •

## خوا چی‌یە ؟

خوا نابینری بەچاو • چونکە گیانە • هیزیکی گەورەی گیانی‌یە • بەلام بەبیر هەستی پی ئەکری • وە بەهوی بیرەوە پیاو ئەیناسی ، تی‌ی ئەگات ، وەپی‌ی ئەگات • وە ئەتوانی گفتوگوی لەگەل بکات • بەلکو ئەتوانی بەکاری بهینی بو گەیشتن بەئاواتی پەسەندی خوی !

## بەلام کەی ؟

وەختیك کەپیاو لەسەر پی‌رەوەی خوایی‌ی بجولیتەوە • پیـــــاو ناتوانی بی پی‌رەوەی خوایی‌ی بجولیتەوە • ناش توانی خوی لەریگای

خوایی‌لادا • ئەگینی تووشی دەردو سەرگەردانی دی‌و سەرناکەوی •
چونکە دەستوری خوایی فەرمان ڕەوایە بەسەر هەموو شتیکی جیهان‌دا وە تەنیا دەستوریکە کە لەو بەولاوە دەستوریکی تر نیە جیهـــــان بەریوەبەری !

**دەستوری خوایی :**

جا ئەگەر پی‌رەوی‌ی ئەم دەستورەت‌کرد ئەوا سەر ئەکەوی • وەئەگەر نەت کرد ئەوا ژیر ئەکەوی • ئەم دەستورە زور سادەو سوکە• [ چاکە کردن‌و خراپە نەکردنە ] • بو هەل سوراندنی کـــارو بارو سەرکەوتن بەسەر گیرو گرفتی ژیان‌داو گەیشتن بەهەموو ئاواتیکت : هیچی پی‌ناوی ئەوە نەبی : « بروات بەخوا هەبی • بروات بەدەسەلاتی هەبی • پاشان داوای یارمەتی‌ی لی بکەی بەدل • پاشان گوی‌گری کە لەریگای بیرتەوە چیت پی ئەلی • ئەوەی پیتی ئەلی بیکە • » ئەمە ریگایەکە خوا پیشانتی ئەدا بو سەرکەوتنت • کە کردت دلنیابە بەئاواتی خوت ئەگەیت لەژیانتا سەریش ئەکەوی •

**بروات بە بەخت نەبی :**

بەخت درویە • بروات پی‌ی نەبی • ئەوی راســـــتە [ دەستوری خوایی ] یە • تەنیا پی‌رەوی‌ی دەستوری خوایی بکە • بی‌گومـــــان سەرئەکەوی • جا ئەمەت لەبیرنەچی !

**( قەزاوقەدەر ) خراپ تی نەگەیت :**

خەلك خراپ لەقضــــــاو قدر گەیشتون • وا ئەزانن هەرچی دەردی‌سەری‌و گیرو گرفتیك لەژیان‌دا هەیە ، خوا لەچارەی نوسیون !• خوا نوسیوتی کەدزی‌و دروزنی‌بکەن • خوادایناوە کەبکوژن‌و ببرن زورداری بکەن • خوا هەژاریان ئەکات • خوا بەدناویان ئەکات •

لەبەرئەوە پیویستە بەبەشی خوایی‌ی بی‌دەنگ‌بن •• بەلی خـــەلك وا لەقضاو قدر گەیشون • بەلام ئەو خەلکانە خراپ لەقضاو قدر گەیشتون• زور بەهەلەدا چون !• بروایان پی‌مەکە !• چونکە خوای گەورە لەوە دوورە کە خوی زورداری‌و دزی‌و خراپی بەپیاوبکات‌و پاشان خویشی گوناهباری بکات‌و تەمی‌خواردوی بکات !•• هەمووئاینیکی خوایی ئەم قسەیە پەسەند ئەکات کە خواریگایەکی داناوە هەرکەسی لەســـەری رویشت سەر ئەکەوی • هەر کەسی لەسەری نەرویشت سەر ئەنگری ئەبی • لەوە بەولاوە خوا ریگای تری نیە • ئەم ریگایەش هەر بوەو هەر ئەبی • هەرگیز ناگوړری • بو هەموو کەس ، بو هەموو شوینیـــك هەریەکە لایەن گیریش بو کەس ناکات •

چون ئەوەتەی جیهـــــان هـــەبووو هـــەیە ، روژو شـــەو بەرەو دوای‌یەك پەیدابون ، وە چوار گونەر [ فصل ] ی سال بەرەو دوای یەك هاتون چون هەموو کەس وەك یەك لەدایك ئەبی ، وەك یەك ئەمری ، چون پەل‌و پوو ئەندامی هەموو کەس وەك یەکن ، چون وەك یەکیش بەخواردە مەنی‌و ئاوو با ئەژین •• بەلی : چون ئەم دەستورانە ئەبینی کە دەستوری خوایین‌و هەرگیز ناش گوړرین •• ئا وەهاش ئەو دەستورەکە فەرمان رەوایە بەسەر سەرکەوتنی توو من‌و هەموو کەسیکا ناگوړری‌و لایەن‌گیری بوهیچ کەسی ناکات •

ئەم دەستورە ئامادەیە بوپیك هینانی هەمو ئاواتیکت بەومەرجەی پی‌رەوی‌ی بکەیت • لەبەرئەوە تەنیا پی‌رەوی‌ی ئەم [دەستوری خوایی]یە پـــــکە •

ئەمەشت لە بیرنەچی !

## بیر چی‌یە ؟

بیر هێزێکی گەورەیە ، یەك جار گەورەیە • چونکە بەشێکە لە گیانی مەزن • ری‌یەکە راستەو راست ئەتگەینی بەهێزی « گیانی مەزن » • ئەتگەیینی بە [ خوا ] • هێزی بیر لەهێزی ئەلەکتریك‌و ئاوو زەوی ، لەهێزی هەموو شتێك گەورە ترە •• بە هوی بیرەوە لەخوا تی‌ئەگەیت ، بەهوی بیرەوە بەخوا ئەگەیت • بەهوی بیرەوە پرسیار لەخوا ئەکەیت • لەریگای بیریشەوە خوا وەرامت ئەداتەوە • واتابو سەکەوتنت ریگات پیشان ئەدات ••• جگەلەوە : بیرەکە بنچینەی ژیانت بو دائەمەزررینی • توی ئیستات ئەنجامی بیری کونی خوتی ، ئەنجامی بیری ئەوکەسانەشی کە کاریان تی‌کردویت • توی لەمەودوا ئەنجامی بیری ئیستاتی و بیری ئەوکەسانەش کەکارت تی‌ئەکەن •

کەواتە چون بیر لەپاشە روژی خوت بکەیتەوە وا ئەبیت، • ئەگەر خوت بەسەرکەوتویی هینایە پیش چاوی خوت ئەوا سەر ئەکەوی • ئەگەر بەژیر کەوتویش خوت هینـــــایە پیش چاوی خوت ئەوا ژیر ئەکەوی • لەبەرئەوە قەت بەنەخوشی‌و سەرگەردانی و هەژاری‌یەوە خوت مەهینەرە پیش چاوی خوت • هەمیشە خوت بەتەن دوروستی‌و بەختیاری‌و دەولەمەندی‌و سەرکەوتوییەوە بهینەوە پیش چاوی خوتە تاخوش‌بی‌و خوش بژی‌و **سەرکەوی •**

## لەش‌و گیان :

راستە پیاو لە ( لەش ) و ( گیان ) هاتوتەبون • بەلام بابەتی (گیان) لەمروفدا مەزنتر لەپیش ترە • بەلکو پیاو بەپیاو ناناسری بە ( گیانی )ی نەبی • خو ئەگەر ( لەش ) گیانی لەتەکا نەبی ، نەك هەر بی‌نرخە ، بەهیچیش ناژمیرری •

هەروەها هەموو شتێکیش ، لەجیهاندا ، لەسەرەتادا ، لە ( بیر ) دوروست ئەکرێ • پاشان ئەو بیرە ئەبێتە بەرجەستە ، ئنجا ( لەش )ی لێ پەیدا ئەبێ • لەپێش ئەمەدا خانوەکەت دوروست بکەیت ، لەبیرتا دوروستی ئەکەیت • پاشان بیرەکەت ئەخەیتە سەر قاقەز • واتا نەخشەی خانوەکەت ئەکێشیت • ئنجا وەستا بانگ ئەکەیت لەسەر ئەو نەخشەیە خانوەکەت بو دوروست بکات • هەروەها ئەبێ هەر ئاواتێکیشت هەبێ ، لەپێشا ، لەبیرتا [ نەخشەی سەرکەوتن ]ی بودوروست بکەیت • پاشان ئەو ئاواتەت بەش بەشی کەیت ، بیریش لەوە بکەیتەوە بەش‌بەش چی پێویستە بکرێ بو جێ‌بەجێ کردنی • ئنجا هەنگاو بنێ‌یت بەش‌بەش ئاواتەکەت پێك بهێنی • کەواتە تا ئەتوانی بیر لەپێك هێنانی ئاواتەکەت بکەرەوە ، بیر لەسەر کەوتنی فرمانەکەت بکەرەوە • لەخوا داواکـــە بوپێك هێنانی ئەوئاواتە بوسەر گرتنی ئەوفرمانە ریگات پیشان بدات ، یارمەتیت‌بدا •• ئەمە هەموو جارێك لەپەنایەکی بێ‌دەنگ‌و سەنگا ، لەسەرخو ، بەنەرم‌ونیانی لەخوا داواکەو دووبارەی بکەرەوە • زوری پێ‌ناچێ ، کاتێك ئەزانی پاش چەند روژ یان چەند مانگ یان‌چەند سالێك خوائاواتەکـــەت ئەهێنێتە جێ • ئەو فرمانەش کەبوی تێ‌ئەکوشـــی جێ‌بەجێ ئەبێ • حەز ئەکەم بزانی کەلەو وەختەوەی داوای یارمەتی ئەکەیت لەخوا بو سەرگرتنی فرمانەکەت ، خوا هەمو هێزیکی جیهانی ئەخاتە گەرر یارمەتیت بدەن تا سەر ئەکەوی • جگەلەوە ئەو وەختەی نیازی دلت لەسەر بالی بیرت بەهێزو هەررەت ئەنێریتە کن پەروەردگار ، پەروەردگایش هەر لەسەر بالی بیر وەرامەکەت ئەداتەوە ، واتا ریگایەکی راست‌و رەوانت پیشان ئەدات کەچون دەست‌بکەی بەفرمانەکەت وەچون تیاسەرکەوی • ئنجا تو پێویستە نەوەستی ، دەم‌و دەست ، دەس بکەی

به پیڕەوی ی ئەوفرمانی خوایە ، واتا لەسەر ئەو ریگایە بروی کە خوا پیشانتی ئەدا .. جا لەو وەختەدا کە لەسەر ئەو ریـــگایە ئەرویت ، [ گیانی مەزن = خوا ] هەموو هیزیکی خویت پیشـــــکەش ئەکات ، پشتت ئەگری ، یارمەتیت ئەدا تا لەفرمانەکەتا سەرئەکـــەوی ، تا بە ئامانجەکەت ئەگەیت ، تا ئاواتەکەت ئەهینیتەبون . بەلام ئەوەندە هەیە ، خوا یارمەتی کەسیك ئەدات کە ئامانجەکەی پاكو پەسەندبی ، وەیی بو کەس تیانەیی ، خویشی کردەوە جوانو رەووشت پوختە بی ، لەگەل باوەرکردنا بەخوا پیڕەوی ی دەستوری خواییش بکات . کەس لەگەلی ئیمە ژیر کەوتوو تر نیە . خوزگە لەسەر ئەم ریگای خواییە بروشتینایە تا لەژینا سەرکەوتینایە .

---

## چاوی هەردوکیان دەرچیت

دووزانا کەوتبونە مشتو مری ئەوەوە کەئایا روژ بەدەوری زەوی‌دا یان زەوی بەدەوری روژا ئەخولیتەوە .

لەولاوە جوتیاریك هەلی‌دایە ووتی چاوی هەردوکیـــــان دەرچیت من ئەمەوی یەکیکیان بوەستیت جووتەکەی خومی تیابگیرم .

# [ روناك محمد ]

**بەقەلەمی : کامل ژیر**

**رووناك یەکیکە لەو شاعرانەکـــە لەمەیدانی شیعری تازەدا بلیسەی شورشی شیعری لە کلپەو هەلچوندایە بوکردنەوەی ـ قوتابخانەییکی نوی •**

لە دارستانیکی بی‌بەرو زرردا : نەونەمامیکی تازە بەرگرتوو ، لەناو باخیکی بی بونی گولدا : خونچەیکی بون خوشی پشـــــکوتو لەشەویکی زەنگ‌و تاریك‌و رەشدا : تریفەی مانگی دەم‌کەل • لەناو کومەلی لەپرخەی خەودا : راپەریوییکی ئامادە بو هەل •• بەلی لەکاتیکدا کە ئافرەتەکانمان لە گوی نەزانی‌و کونەپەرستی‌و بی‌هوش‌و بیریدا شلپەیان دیت ، جی‌ی سوپاس‌و شایانی ریزە کە « رووناکیك ! » دەست بداتە قەلەم‌و بەبیری روشنی ، تاریکستانیك رووناك بکاتەوە •

رووناك نەك تەنها شاعیرییکی هەلکەوتوە لەناو ئافرەتانداو بەس ، بەلکو یەکیکە لەو شاعرانەی لە مەیدانی شیعری تازەدا شورشی شیعریان لە کلپەو هەلچوندایە بو کردنەوەی قوتابخانەییکی نوی •

جا ئیمە بوراستی‌ی واتەمان ، دوو پارچە لەشیعرە کانی رووناك ئەخەینە پیش چاوو هەندیکی لی‌ئەدوی‌ین ، تاکو پلەی هونەری ئەم شاعرەمان بو دەرکەویت‌و تامیکی شیعری تازەش بکەین •

لە شیعری « ئەی وینە » •• دایکیکی جگەر سووتاو ، نەو نەمامی باخی بەهاری بەپەنجەی مەرگ شکاو ، بوپەررەی گولی وەریوی چاو

سوور بەفرمیسکی خویناو •• ئائەو دایکە ، دوای تیەرړینی ماوەیێك بەسەر کوچی جگەر ـ گوشەکەیدا • دوای کەمیك لەبــــیرچونەوەو قەتماغە بەستنی برینی ـ هەستو هوشی •• لەپرر « وینە » یێکی ئەو کورپە جوانە مەرگەی ئەکەویتە بەردەست !!• ئیتر هەر ئەوەندەی خوش ئەبیت تا سەرنجیکی لیئەدات !!• چونکە بەوســـــەرنجە زامی هەستیی ئەکولیتەوە ، یادی دیرینی ئەووروژیتەوە ، بویە بەسەر سامیەکەوە رووی تیئەکاو ئەلیت :

ئەی وینە جوانەکەی دەستم

کام شنەی شەمال هیناتی ؟!

هەوینی تازە هەلبەستم

لای کام فریشتەوە هاتی ؟

چی توی گەیان ؟

ئارامی گیان

بەهرەی ژیان

سروەی بەیان •

ئەمە ئەلیو ئیتر وینە ئەبیتەوە بەکورپە ناسكو نازدارکەی جارانی ، لەبەر چاوی !! ، ئەیگریتە باوەشو دەست ئەکات بەگورانی ووتنو پیاهەلدانی :

خونچەی تازە بەهارەکەم

لەباخا جیگەت سەرچلە

ئەستیرە پرشنگ دارەکەم

توی روشن کەری ئەم‌دلە

نوری چاوم

تین‌و تاوم

عومری لاوم

توی هەناوم

دیسان ئەلیت :

کورپەکەم جگەر گوشەکەم

شەوو روژ دلم لەلاتە

بیچوی هیلانە خوشە کەم

چاوم رونی تەماشاتە

گولی باخم

شەو چراخم

توی وەجاخم

هوی دەماخم .

لیرەدا لەم یادە خوشە رائە پەری‌و ئەروانیت تەنها وینەیکی بی‌گیان‌و هەستە بەدەستیەوە !! هەتا لی‌ی ووردئەبیتەوە ، زامی پرناسووری ئەکولیتەوە سەیر ئەکات ئەو چاوەی کردویەتیەوە نای‌تروکینی ، ئەو سەرنجەی داویەتی برانانەوەی بونیە !!. خو کە ئەرروانیتە دەم‌و

نیوەکەی ، قسە خوشەکانی بیر ئەکەویتەوە • بەلام بەوچی قسەی بی‌لیو لەرانەوە ، جگەلە :

سەرنجی بی برزا نەودت
هەستو تاسەی خروشانم
قسەی بی‌لیو لەرانەودت
یادگاری وورو ژانم
یادی دیرین
تالو شیرین
خەندەو گرین
کەوتە لەربن •

نەیادی دیرین ، نەنالەو گرین ، نەفرمیسك سرزین ، نەیەخـــە درزین •• هیچ دادی ناداو کەلکی ناگریت •• بەلام کانی دلیش وەك ئاویکی لەکول قولپەی دیو لەهەلچوندایە •• لەم لاشەوە وینەی دەست لەجوانیو خوشەویستیدا بوتە نیگاری گزنگی روژی دەم کەل ، کەچی لاشەی نەرمو نیانیش بوتە خوراکی مارو میروی گل !!•• جاکەوابو چی شەوی تاریکی روون ئەکاتەوە ؟• چی دەردی سەختیو نالەی گرانی ئاسان ئەکاتەوە ؟• چی ئەیکاتەوە بەدایکە بەختیارەکەی جاران ؟• بی‌گومان تەنها هاتنەدەی روله کوچ‌کردوەکەی بوژیان !!• کە ئەمەش لەبونەوە دوورە • بەلام ئەو هەر ئاواتیتیو ئەیەویت بیتەوە ژیانو وەکو جاران دەست کاتەوە بەشنەو دوان ، بەگررو گـالو ووتەی زمان •• بویە بەپەروشەوە رووی تی‌ئەکاو دوایی شیعرەکەی بەم پارچەیە دینیت :

گزنگی سەرکەلی بەختم

شەوی تاریکم راماڵە

ئاسان کەری دەردی سەختم

دڵ هوگری گرزو گاڵە •

ئەی شیوە جوان

بیرو زمان

شنەو دوان

بوناخی گیان •

رووناك لەپارچە شیعری دووهەمیا « کوندە پەپو » •• ئەروانیتە جیهان ، گەلی جور یاساو سروشت رەوشتی جیاواز ئەبینی • ئەوەی لەهەمووی زیاتر سەر سامی ئەکاو هەستی رائەکیشیت بو هونینەوەی ئەم پارچە شیعرە : ئەو چینە بیفەررەیە کەبوونەتە مووی لووت لەم مروفەو هەمیشە لەگەررو گیچەڵو شەررو ئاژاوە ئەگەررین !!• کە ئەبینی ئەمانە هەر لەگەل ویران کردنو ئاسایش تیكدانا خەریکن ، ئەیان کات بە ــ « کوندە پەپوی » پییان ئەلیت :

کونە پەپوی روو ترشو مون

جی‌نشینی کەلاوەی کون

توی دوژمنی ئاوەدانی

دوستە دیرینەی ویرانی

لەبەر روژ جیگەت پەنایە

چاوت بەتیشکی هەلنایە

کویریت لە ئاستی رووناکی

هەر بەشەو چستو چالاکی

پیرە دەعبای چەپەلو گەرر

خاوەن بالورەی شوومو شەرر

کەی تو لەرەگەزی مەلی ؟

شایستەی سەرلقو پەلی !

تو ئەوەندە فەسالی

کەی شایانی پەررو بالی ؟٠

دوای کومەلی تانوتو توانج ، پیی ئەلیت : تو بەم هەموو ناشیرینیو چەپخونیو بەد فەسالیەوە ! کەی بوئەوە ئەشییت پیت بوتری مەل !! وەیا تویەك کەبەم پیریو گەرریەوە بلویریکت گرتوە بەدەمتـــــەوەو هەمیشە هەر هاواری شەرر ئەکەیت ، ئیتر چون بو ئەوە ئەشییت پەررو بالت پیوە بیو لەناو باخو گولزارا بەسەر لقو چلەوە بنیشیتەوە !!٠٠ بەلام گویتلیبی :

وا نەزانیت ئیسك سووکی

پەسندی گەورەو بچوکی !!

هیچ کەسی چارەتی ناوی

شیرو تیرت لیئەساوی

پیی ئەلیت : ئەترسم تو هیشتا خوتت نەنا سیبی ؟٠ وەیا رەنگە وا

بزانیت کەشتیکی زور جوانی !! یاخود وات دانابی کەخەلکی‌ی خوشیان ئەوی‌یت ؟• بەلام باش بزانە کەهیچ کەسیك چارەتی ناویت ، هەموو شیرو تیرت لی‌ئەسونوە بو لەناو بردنت لەتەقەلادان •

ئنجا بەلاقەرتیە کەوە پی‌ی ئەلیت تو کەئەوەندە نارەسەن یی‌و هەر لەری‌ی چەوتەوە خەریك بیت ، کەواتە :

پیروزت بی ناو کەلاوە

سەر ئەو دیوارە رووخاوە

پیروزت بی تاریکەشەو

ئەو دەمەی سەر ئەکریتە خەو

بەلام هەر روژ ئەبیتەوە

تاریکی ئەررەویتەوە

بەو دووچاوە کویرانەوە

ئەبی بەژیر ویرانەوە •

ئەوەش بزانە کە تاریکەشەو تا سەر نابی‌و توش هەروا بەئاسانی نایخویت • سبەینی دنیا روشن ئەبیتەوەو ئەم شەوە زەنگە ئەبرریتەوە • جا ئەوسا خوت ئەبینیتەوە کە چون سزا ئەدری‌یت •• چونـــکە تو لەرووناکیا چاوەکانت بەیەکا ئەلکی‌و بوت هەلنایەت ، لەبەر ئەوە ئەبیت بەژیر ئەو ویرانەیەوە کە ئاواتە خوازیت بوی •

رووناك وەکو لەدانانی بیر « فکرە » کانی دا وەستایەتیکی باشـــی نواندوە ، لەدارشتن‌و رازاندنەوەی جوری شیعرە کانیشیا چابوکی خوی

دەرخستوەو تیا سەرکەوتوە ، بەئاسانی واتە « معنا » و رەوانی ووشە •

ئیمە بەم دوو پارچە شیعرەدا بومان دەرئەکەویت کـــە رووناك پاشەروژیکی گەلی رووناکی هەیە لەهونەری شیعردا • وە هیوا وایە بیتە ماموستای قوتابخانەیکی نوی •

# ووتەی بەجێ

◆ پایەی بەرز یا میشولەی پیوە ئەنیشیتەوە ، یا باز •

ئوسکار وایلد

◆ هەر چەند شەو تاریكو شەوەزەنگ بی ناتوانی رووناکـــی مومیك بشاریتەوە •

ووتەیەکی چینی

◆ لەکیویان پرسی ئەم بەرزییەت لە کویوە هیناوە ووتی لە شیوەکەی بەر دممەوە •

ئوسکار وایلد

◆ ئاوی جوگەی مەنگ ، لەسەر خویە بەلام بە هەر زەوییەکا بروات پاراوی ئەکا •

شفتشین

◆ گەورەیی ئادەمزاد لە هیمنیدا دەرئەکەوی ، نەك لـــــە زور داریا •

پاسکال

## بەشی تەندروستی

دوکتور ـ نامق نادر

ئەم ووتارەم بەتایبەتی پیش کەش بەدایکی منالەکانمان ئەکـــــەم چونکە ئەرکی زوری بەخیوکردنی منال بەسەر شانی ئەوانەوەیە •

ئیمە ئیستا لەگەرمەی هاوینایین ، وە لە هاوینا زوری منالان تووشی نەخوشیی سك چوون ئەبن، ئەم نەخوشیە بەراستی دژمنی هەرە گەورەی منالانە • وە زوری منال بەم نەخوشیە پیسە لەناو ئەچن ، بەتایبەتی ئەو منالانەی هیشتا سالیان تەواو نەکردووەو شیرە خورەن ، وە بەپیی راپوری هەندیك لەوولاتان لەسەدا پەنجای منالی شیرە خورە زیاتر بەم نەخوشیە لەناو ئەچن ، کەوا بوو پیویستە ، زور ئەهمیەت بدەین بەم نەخوشیە کە هیچ ئامانی نیە بو منال •

شەپولی گەرما ئیستا زور بەتینە ، لەبەر ئەوە پیویستە منالەکانمان لەم دژمنە گەورەیە بپاریزین ، وە ئەم دژمنەش وەکو لەسەرەوە ووتمان سك چوونە لەهاویناە سەرەتای ئەم نەخوشیە ئەوەیە ،منالەکە زور رەوان ئەبی ، وە رەنگی پیسایەکەی ئەگوردری ، برز برز ئەبی ، جاری وا هەیە کەلی‌ی پیس کرد ، لیمانو خوین دائەنیش ، سکی دیتـــە ژانو پیچی پیا دی ، گەرمای لەش زیاد ئەکاو تا ئەی گری ، وە ئەگەر زوو فریای نەکەوین بەهوی ئەو سك چوونە زورەوە تەندروستیی (صحتی) منالەکە تەواو تیك ئەچیو پەریشان ئەبی ، چونکە جاری وا هەیە ئەو

منالە نەخوشە ٢٠ تا ٣٠ جار پتر سکی ئەچی ، بەم جورە منالەکە پیستی کرژ ئەبیو زور بی تاقەت ئەبی ، چونکە پیوی ژیر پیستەکەی لەشی ئەتویتەوە ، لەپاشا وورد وورده منالەکە ئەداتە باریكو بنیسی ، چاوی ئەچی بە قوولا ، دەمو لیوی ووشك ئەبی ، دەستو پیی سارد ئەبیتەوە، تەواو بی هیز ئەبی ، وە لەپاشا بی هوش ئەبی •

## پەیدا بوونی ئەم نەخوشیە !

ئەم نەخوشیە بەزوری تووشی ئەو منالانە ئەبی کە شیری دایکیان ناخون ، بەلکو شیری قوتو ، یا شیری حەیوانیان ئەدریتی ، چونکە منالیك شیری دایکی بخوا بەو شەوتە ئەو دایکە هەموو جاریك لەپیش ئەودا شیر بدا بە منالەکەی مەمکەکەی بشوا ، وە دمی منالەکەشی پاك بشوا ، وەپەیتا پەیتا شیری نەکا بەدەما ، بی گومان ئەو منالە تووشی سك چوون نابی ، وە بە تەجرەبە ساغ بوتەوە کە هەر جارەی دایك شیر بدا بە منالەکەی ئەو شیرە بەشی ٣ سەعات ئەکا • وە ئەگەر دایکی منالەکە هەستی بەوەکرد کە منالەکەی بە قەد پیویستیی خوی شیر ناخوا ئەبی پیشانی دکتوری منالانی بداو پرسی پیبکا • وە ئەو دایکەی شیری نیەو ناچارە ئەبی ، شیری حەیوان ، یان شیری قوتوبدا بە منالەکەی ئەبی ئاگای لەوەبی کە شیرەکە بەهوی ئەو شتەوە • کەتیا ئەکولی یانئەکریتە ناویەوە ، یان ئەو خواردنەی لەباتی شیر ئەی دا بەمنالەکەی وەکو شوربای سەوزەو ئیسقان ، پیس نەبن ، وە ئەبی خوی چاودیریی پاكو خاوینییان بکا ، وە ئەبی بەدەستی خوی شیرەکەی بو بگریتەوە ، یان خواردنەکەی بو ئامادە بکا ، چونکە وەکو لەسەرەوە ووتمان ، منالیك کە شیری دایکی نەخوا زور تر تووشی نەخوشیی سك چوون ئەبی • وە سەبارەت بەوەی شیرو شلەی تر یەکەم هوی بردنی میکروبن

بو ریخولەکانی منال کەوابوو لەسەر دایکی منال پیویستە بەدەستی خوی شیرەکە بکولینی وە ئەو کولاندنە چەند دەقیقەیێك بخایینی ، چونکە تەنیا بەگەرم کردنی میکروبەکانی ناوی نامرن ، جگە لەوە ئەبی هەموو جاریك ئەو مەمکە شووشەیەو مەمکە لاستیکەکەی منالەکە شیری پی ئەخوا چـــاك بکولینریو بە ئاوو سابون پاك بشـــورری • ئەم نەخوشیە بەهوی میش ، مەمکی لاستیك کە بو ژیر کردنی منال بەکار ئەهینری ، گەرمای زور ، بەرگـــی ئەستوورو گەرمەوە تووشـــی منال ئەبی •

وە هەر دایکیك ئەیەوی منالەکەی بەتایبەتی لە هاوینا لەم نەخوشیە بپاریزی ئەبی گویی لەم ئاموژگاریانە مان بگری :

١ ـ هەتا ئەتوانی لەهاوینا هەر شیری خوی بدا بە منالەکـــەی چونکە شیری دایك راستەو خو لە مەمکەوە ئەچیتە دەمی منالەکەوە بەبی ئەوەی لەشتی ترەوە بچیو پیس ببی ، وە پلەی گەرماشی بو لەشی منالەکە موناسبە •

٢ ـ وە ختیکی معین بو مەمكدانی منالەکەی دابنی •

٣ ـ لەگەرمادا زوو ئاو بدا بەمنالەکەی بەلام شەکری تی نەکا •

٤ ـ لەهاوینا منالەکەی لەشیر نەبریتەوە •

٥ ـ ئەگەر ناچار بوو لەهاوینا منالەکەی لەشیر ببریتەوە شیری قوتو لەهەموو شیریکی تر پاك ترە •

٦ ـ بە دەستی خوی شیری بو بگریتەوەو شووشەو مەمکەکـــە هەمیشە بە ئاوو سابوون بشوا •

٧ ـ هەتا ئەتوانی میش لەمالا نەهیلی بەتایبەتی لە چیشت خانەدا •

٨ ـ ئەگەر منالەکەی رەوان بو چەند روژیك شیری نەداتیو پرس بەدکتور بکا کە شتیکی بو دابنی •

ئنجا تکام وایە کە هەموو دایکیك لەسەر ئەم ئاموژگاریانەم بروا بو ئەوەی تاکو منالەکەی تووشی ئەم نەخوشیە خراپە کوشندەیە نەبی •

---

**مـــــەژی بو مردن بمره بو ژیـــان**
**چون قازانج ئەکەی تا نەکـــەی زیان**
**ئیبراهیم ئەحمەد**

لە سولیمانی یەوە

وینەگری هونەرمەند کـاك رەفیق چەن نیگاریکی
نایابی پیشکەش بەگوفاری هیوا کرد ، بەرامبەر
بەم گیانی نشتمان پەروەرییەی سوپاسی
ئەکەین و ئەخوازین برەوو باوی
ئەم هونەرمەندە لـــــە
سەرکـــەوتنا بیت

# کشت وکال



## دوژمنی گـــەنم‌وجو
## جانەوەری ( سن )

**عثمان رضا علی**
**معاونی تایبەتی کشتو کال**

سن جانەوەریکە زور لە زووەوە لە وولاتی ئیمەدا ناســـراوە ، جوتیارەکانمان ( فلاحەکانمان ) زور بە دوژمنیکی سامناکیان داناوە • گەلیك لە بویژو چیروك‌نوسەکان بە جانەوەریکی نەبەردی زەرەرمەند باسیان کردووە • هەروەها لە میژودا ناوی هینراوە جوتیاری وولاتی ئیمە زور لە دەمیکەوە گەلی دەست سپی ماونەتەوە بە هوی زیانی ئەم جانەوەرەوە وە ئەو سالەی سن هیرشی بردووەتە سەر دەغل‌و دانەکانیان نەرخی نان بەرز بووەتەوە وەخواردەمەنی تریش هەر بەو بونەیەوە روو لە گرانی‌بووە •

ئەم دوژمنی دەغل‌ودانە بەتەنیا هەر لە وولاتی ئیمەدا نیە بەلـــکو

گەلی لە وولاتەکانی دراوسیشمان وەکولای ئیمەدوچاری ئەم دەردەن • هەمو سالیك کە سن داکەوتوە بە هەزاران هەزار دینـــــار زیان دراوە لە دغلودان • ئیمە ناتوانین بە تەواوی بلیین وولاتی ئەصـــــلی ئەم جانەوەرە کوی‌یە ؟ ئەوەندە ئەزانین کە سن لە سوریا ، ترکیا ، ایران ، روسیا ، مراکش ، و یونان وکوردســـــتانی عراق وە هەندی وولاتی تر داهەیە • ئەم وولاتانەش هەروەکو وولاتی ئیمە گەلیك سزاو ناخوشیان بەدەست جانەوەری سنەوە کیشاوە •

لەبەر ئەوە هەول‌وتەقەلایەکی زور ئەدریت لە لایەن زانایانی ( علمی حشراتە )وە بودوزینەوەی باشترین ریگا بو بەربەست کردنی زیانی ئەم جانەوەرە هەتا ئەم چەند سالەی دوایی هەمو تیکوشین‌و هەولدانیکی ئیش کەران بولەناوبردنی سن بە فیرو چووە• وە نەیان توانیوە دەرمانیکی وا بدوزنەوە وەیا ریگایەکی ئەوتو بگرن کە بەرهەلســــتی زیانی ئەم جانەوەرە بکەن•وائیستا موژدە بیت لە فلاحەکانی وولاتی ئیمەبە هاوکاری وەهیمەتی بە نەرخی زانایان چەند دەرمانیکی بە کەلك دوزراوەتەوە کەئە توانریت بەباشی ئەم جانەوەرە نەبەردە لە ناو ببریت‌و یاخود نەهیلریت زیانیکی زور بدات لە دەغل‌ودانەکانمان •

سن جانەوەریکە لە ترسناکی‌دا لە کولە کەمترنیــــە لەبەر ئەوە ئەبینین زور جارئەندا مانی زانایان لەو وولاتانەی کە گەلیك ســــال دوچــــاری زیانی سن ئەبن کو ئەبنەوەو لەم باســــە ئەدوین‌و ( کونغرانس ) ئەبەســــتن بو ئەوەی باسی ری‌و شـــــوینی ئەم جانەوەرە بکەن وزانیاری بگورنەوە بوئەوەی بتوانن کەلك لە یەکتر وەرگرن بونەمانی سن هەتا چەند سالیکی کەم لەمەو پیش وائەزانرا کە سن بەبال لە وولاتە دراوسیکانەوە دیت بوســـەر دەغل‌ودانەکانی

کوردستانی عراق بەلام پاشان بەتەواوی بومان دەرکـــەوت کە ئەم جانەوەرە هەر لە وولاتی خومانەوە دیت بو سەر دەغلودانەکەی وولاتی خومان • کە وەختی گەرما پەیدا بو وەهەمو دەغلودانیك دروینە کرا و هیچ خواردەمەنییەك بوئەم جانەوەرە لەناوانەما بال ئەگریت وە بەرەو کویستانەکانی ئەروات و بەتایبەتی ئەو کویستانانەی شـــاخی بەرزی تیایە و ئەوشاخانەش داریان پیوەیە •

وازانراوە کە سن حەز بەو شاخانە ئەکات کە بەرزاییەکە یان لە ( ١٣٠٠ ) متر لەسەر روو دەریاوە کەمتر نەبی • لە بەر ئەوە ئەبیت ئەوە بزانین کە زور لەشاخەکانی شاری سلیمانی • وەهەولیر وموصل • لەو وینــــــەن ( بەرەزای شـــــاخو بونی دارودەوند ) ژیانی جانەوەری سن زور سیرە بە تایبەتی بوئەو کەسانەی حەز بەزانینی ( علومی طبیعی ) ئەکەن سن سالی نەتەوەیکی ( جیلیك ) لیدیتە بەرهەم دریژیی تەمەنی ئەم نەتەوەیە نزیکی سالیکە • (سن) هەر وەکو هەمو جانەوەریکی ( حشرە ) تر مییەکانیان گەرا ( هیلکە ) دائەنین لەســـەر گژوگیای ناودەغلەکەو دەوروپشتی لە مانگی مارت ونیسانا • ئەم گەرا وردانە پاش بەینکی کەم هەلدین وئەبنە جانەوەری ووردی رەش ئەم بیچوە سنانە لەپاش یەکدو روژ دەست ئەکەن بەهەل گەران بەقەد چلەگەنمو جوکانەوە بەلام ئەم جانەوەرە وردانە لەم دەورەدا ناتوانن زیان بدەن نەختیك گەورە ئەبن ودین بەخو یانا ، بیچوی سن ( جوریە ) پینج جار پیست فری ئەداتو هەر جارەی لەجاری پیشو گـــــەورەتر ئەبیت وە زیاتر ئەتوانیت زیانبدا •

خواردنی سن جیاوازی هەیە لەگــــەل خواردنی کوللە و زور حشراتیتر •

سن شفره‌ییکی ( خرطومیکی ) دریژ ی هه‌یه ئه‌توانیت بیچه‌مینیته‌وه بولقوپوپی گیـــــاکان وبه‌و هویه‌وه خواردن بمژیت له به‌رئه‌وه ئه‌م جانه‌وه‌ره هه‌ر له به‌هاره‌وه یه‌عنی له پیش په‌یدا بونی گولی گه‌نم‌و جو وه ئاوی ( عصاره ) لقه کان ئه‌مژیت و گیاکان سیس‌ووشـــــك ئه‌کات. هه‌تاوای لی ئه‌کات گول ناکات •

به‌لام ئه‌گه‌ر لقه کان ئه‌وه‌نده زه‌ره‌رمه‌ند نه‌بن‌و گیاکان بگه‌نه گول ئه‌و وه‌خته سنه‌کان ( بیچو وه گه‌وره‌کان ) ده‌ست ئه‌کـــــه‌ن به‌مژینی شله‌ی گوله‌کان و زیانی ته‌واو ئه‌ده‌ن به‌ده‌غل‌ودان •

گه‌نم‌وجو • که سن لی‌ی‌دا سیس‌و هه‌ل قرچاو ئه‌بیت‌و هه‌ویره‌که‌ی پیزی نابیت وه‌بیجگه‌له‌مه چه‌شنه بونیکی ناخوشی لی‌وه دیت که عباره‌ته له‌و افرازه‌ی سنه‌کان ده‌ری‌ئه‌که‌ن • وه‌به‌م جوره نرخی بازرگـــــانی ( تجاری ) ئه‌و چه‌شنه دانه‌ویلانه زور نزم ئه‌بیت • بیچوی سن له‌پاش ئه‌وه‌ی ده‌ست ئه‌کات به خواردن ووردە ووردە گه‌وره ئه‌بیت هه‌تا وای‌لی‌دیت هه‌راش ئه‌بیت (حشرة بالغة) وله‌سه‌ره‌تای هاویندا ( له‌نهایه‌تی حزیران تاناوه‌راستی ته‌موز ) بال ئه‌گریت‌و به‌ره‌و شاخه‌کانی کویستان ئه‌روات لیره‌دا له‌به‌ر گه‌رما ئه‌چیته ژیر گه‌لاو پوشه‌وه که پاییز هات جووله له‌خویان ئه‌برن‌و هیچ جوره گورجی‌یه‌کیان نامینیت وه ئه‌که‌ونه ده‌وره‌ی استراحه‌تیکی ته‌واوی دریژه‌وه له‌کاتی ئه‌م استراحه‌ته‌دا زاووزی ناکه‌ن ، ناخون‌وه ناشجولینه‌وه ، به‌م‌جوره ئه‌مینیته‌وه هه‌تا زستان تی‌ئه‌په‌ری وه دنیا که‌ره‌تیکی‌تر گه‌رم ئه‌بیته‌وه • وه له‌ده‌شته‌کاندا ده‌غلودانیان بو ده‌رئه‌چیت‌و گژوگیای کیوی له‌هه‌مولایه‌که‌وه په‌یدا ئه‌بیت بویان ئینجا ئه‌و وه‌ختـــــه ( ده‌وری مانگی مارت ) سنه‌کان به‌بال دینه‌وه بوخواره‌وه بو نزمایی‌ی دوله‌کان‌و ده‌ست ئه‌که‌نه‌وه به‌خواردن‌و گورج ئه‌بنه‌وه‌و جووت ئه‌گرن‌و

گەرائەکەن • پاش ئەوەی گەرا دائەنین ئیتر عومری دریژیان زوری نامینیت دەوری ٧-١٠ روژ پاش ئەوەی هەمو گەراکـــانیا ندائەنین ، نیرەکان لەپیشا ئنجا مییەکان ووردە ووردە ئەمرن وە لەجیگای ئەمانە گەراکان هەلدینو سنەبچکولەکان دەست ئەکەن بەخواردنو زیاندانو پەرەسەندن •

زور جورە جانەوەر هەیە کەزیان ئەدەن بەگـــــەنمو جو بەلام لەهەموویان گەورەتر سنە • فلاحەکانمان ئەگەر کەمیك ووردەئیش بکەن ئەتوان لەهەموو کاتیکا نەیەلن زیانی گەورەیان لیبکەویت بەوەی لەبهارا لەمانگی مارتو نیساندا لەوکاتەدا (سن) دانەدانە لەدەغلەکاندایە هەریکەیان توریك ( شبكة ) لەو تورانە کەدائرەی زراعەت بەکاری ئەهینیت دروستی بکەن بوئەوەی بەهوی ئەو تورەوە بتوانن هەرچی ئەوسنانە کە لەناو دەغلەکانیاندایە کوی بکەنەوە بیکوژن • ئەمە لای زور فەلاح رەنگە شتیکی گران بیتبلام لەبەر ئەوەی لەوولاتی ئیمەدا بەتایبەتی لەناوچەی سلیمانیو ناوچە شاخاویەکانی موصل پارچە دەغلی گەورە نیە لەبەر ئەوە کوکردنەوەی سن زور شتیکی ئاسانو بەجییە •

چونکە ئەگەر هاتو فەلاحەکان هەر یەکەیان دەغلەکەیان لەسن پاك کردەوە ئیتر ریگای ئەوە نادەن کە ( سن ) گـــەرا دانیت لەناو دەغلەکانیانا وەلەئەنجامدا ژمارەی ئەو سنانەی رزگـــــاریان ئەبیت لەکوکردنەوە کەم ئەبیتەوە وهەروەها ژمارەی بیچوە سنیش ئەوەندە زور نابیت کەزیانی گەورە بدەن • هەروەها بیجگە لەبەکار هینانی تور پیویستە هەمو فەلاحیك هەول بدا بو ئەوەی ئەو گژوگیا کیویانەی لەناو دەغلەکانیاندایە هەلیبکیشن بەتایبەتی کنـــگر وزمیزانە ( زوان ) وەئەو نەباتانەی گەلای پانیان هەیە چونکە سن لەسەر ئەم چەشنە نەباتانە گەرا

دائەنیت و ئەگەر هاتو لەمانگی نیساندا فەلاحەکان ئەو نباتانەیان هەلکیشاو سوتاندیان مانای ئەوەیە هەموو گەرایان ئەکوژنو زیانی سن زور کەم ئەکەنەوە ٠

( سن ) حەز لە جو زیاتر ئەکات وەك لە گەنم چونکە چو ئاوو شیلەی زورتر تی ئەپەریت وەك لە گەنم ٠ لەبەر ئەوە سنەکان بەزوری لەجوکەدان بەلام کەوەختی جو زەرد بو هەولی ئەوە ئەدەن بچنـــە گەنمەکانەوە کە هیشتا سەوزو نەکاملە ٠ لەبەر ئەوە فەلاحەکان هوشیاز ئەکەینەوە بو ئەوەی ئاگاداری‌ی ئەوە بکەن کەجوکانیان نەدورنەوە هەتا گەنمەکانیان پی ئەگاتو دەنکەکانی رەق ئەبیت وەوای لی‌دیت ترســـی ئەوەی لی‌ناکریت کە ( سن ) بتوانیت بەئاسانی زیانی لی بدات چونکە گەنم یاخو جو کە رەق بو ئیتر ( سن ) ناتوانیت بەئاسانی زیانی لی‌بدات ٠

ئەگەر لە بەغدا بویت ویستت نیگاری خوت بگری
سەر لەخوت مەشیوینەو خوت ماندو مەکە یەکسەر
بچورە ستودیوی تاج لە شەقامی ملك فیصلی دووەم
کە خاوەنەکەی کاك ئیبراهیم عیســـایە ، ئامادەیە
چاکترین نیگارت بو بگری بە نەرخیکی هەرزان ٠

# فەرهەنگی (هیــوا)

**ئایا منال ئەتوانی فیری چەند زمانیك ببی ؟؟**

هەندیك لەپسپورانو زانایانی زمان وایان بو ساغ بووەتەوە ، **کە** منال ئەتوانی ـ جگەلە زمانی دایكو باوکی ـ زمانیك یان دوو **زمانی** بیگانەش فیر ببی بە بی ئەوەی میشکی ماندوو ببی ، وە بە **زوریش ئەو** فیربوونە بەهوی تی‌کەل بوونیەوەیە لەگەل ئەو کەسانەدا کە **بەزمانیکی‌تر** قسە ئەکەن ، بەتایبەتی لەتەمەنی ١٠ سالی کەمتر ، **چونکە جیهازی** قسەکردن لە دەسالی بەرەو خوار زوو نەشونما ئەکا **بوئەوەی منال** بتوانی حەز لەچی بکا وەری بگری . بەلام لەو تەمەنە **بەولاوە توانای** ئەوەی نیە ووشەی تازە زوو وەربگریو فیری ببی .

**ئایا ماسی ئەنوی ؟** بەلی گیانەوەر شوناسەکان بویان ئاشکرا **بووە** کە ماسی ئەنوی ، بەلام نوستنەکەی بریتیە لەوەستانو نەبزووتنەوە ، وەیا جمانیکی زور هیواش ، ئەوەندە هەیە لەکاتی **نوستنەکەیا چاو** نانووقینی چونکە چاوی پیلووی نیە .

**ئایا حشرات هەمووی زیانیان بو ئادەمزاد هـــــەیە یان‌نە ؟** زاناو پسپورەکانی حشرات ئەلین : ژمارەی چەشنی **حشرات خوی‌ئەدا لە ٦٥٠** هەزار ، بەلام لەسەدا یەك یان دووی زیانی بو ئادەمزاد هەیە ، **وەئەوانی** تر کەمیکیان سوودیان هەیەو زوریشیان نە قازانجیان هەیە وەنە **زیان** .

**چە نەباتیك زور زوو پی‌ئەگا :**

زاناکانی نەبات وایان بو ساغ بوتەوە کە درەختی **حەیزەران لە** هەموو ناباتیکی‌تر خیراتر گەورەئەبیو پی‌ئەگا ، وە **هەندیکیان لەماوەی** شەش هەفتەدا ٦٠ پی بەرزئەبیتەوە .

# چیرۆکی ژماره

## رۆژی گواستنەوەی بوکی

**وەرگیری بەکورتی**
**سولەیمانی : ماموستا ـ ع ـ**
**مارفینــــگ نوسەری ئەمچیروکــــە**
**نوسەریکی چینیی ئەم سەر دەمەیە٠کومەلی**
**چیروکی هەیە ژیانی چین پیشـــــان ئەدات**
**لەژیر رژیمی ئیستایا ، وە ئەم چیروکــــەی**
**شیوەییکی جوانی خو بەخت کردنی تیـــا**
**ئەبینریت لەپیناوی کومەلا ٠**

( شون ـ شینگ ) نهینیی هەلگری بەتواناى کومەلی گــــەنجانە لەدیی ( ئاوی خوش ) ، شەوی چوار جار پتر جیگاکەی بەجی دیلیت بو بەجی هینانی پیویستە گشتیەکانی ، بەیانیەکیان پیویست بوو لەسەری کەبچیت بو (سەر پەرشتگای هەریم )ەکەی تاکو (بروا نامەی هاوسەری) وەرگریت لەبەرئەوە لەپیش تاریکوروونا نانی بەیانی خواردو جلی تازەی لەبەرکردو بەگورجی چوە دەرەوە ، خوریش هیشتا لەدەم کەلابو ٠

دەسگیرانیکی هەبو ناوی ( شیاو ـ تشنگ ) بوو لەتەمەنی بیست سالیا بوو سیە سال لەخوی بچوکتربوو ، کچی ( یانگوانگ ـ بو )

بوو کەیەکیکە لەقارە مانەکانی ئیش کردن لەدیی ( دارستانی بی ) •

دی کەیان لەدیی دەسگیرانیەوە دە کیلو مەتر دوور بوو هیچ کاتیك یەکتریان نەدیبو ، تا جاریك لەکاتی بینینی چیروکیکا لەشانوی هەریمـە کـــــەیاندا یەکتریان ناسی وە دلیـــــان چوەیەك ، لەوکاتەوە نامەیان بەریکوپیکی بو یەکتر ئەنارد ، ئەوەندەی پی نەچو خوشەویســـتیان بەتەواوی پەرەی سەند •

کاتیك باوکی کورەو کچە بەمــــــەیان زانی زوریان پی خوش‌بو ، بەتایبەتی کەدوو هاوریی بەندیخانە بون چونکە حەوت هەشت سال لەوە پیش لەسەر سولکانە پیکەوە گیرابون ، وە هەر ئەمەش بووبەهوی ئەوە کەهەول‌بدەن تابەزووترین کـــــات ئەم ژن خوازیە ببریننەوە ، وەسەرەرای ئەوهەموو هەولە کەلەماوەی سالیکا دایان نەیان توانی ئەو روژە خوشە ببینن‌کە زاواو بوکی تیابەیەك ئەگەن •

لەسەرەتاوە وایان بریار دابو کە لەدوای دروینە بی‌بریننەوە لەبەرئەوە کەسو کاری کورە هەموو شـتیکیان ئامادەکردوە روژی گواستنەوەش دانرابوو ئەگـــــەر ئەو نامە کوتوپرە نەبوایە کەبووکی نادربووی بو وانرابوو ئەگـــــەر ئەو نامە کوتوپرە نەبوایە کوبووکی ناردبووی بو دەسگیرانی وە داوای لی‌کردبوو کە شایەکە بخاتە کاتیکی تر ، لەبەر ئەوە شون ـ شینگ • بەپەلەو بە پەشو کاوی رویشت بولای دەسگیرانی بوئەوەی هوی دواخستنی شایەکەی لی بپرسیت •

دەسگیرانەکەی پیی گوت :

میری پولیکی مەشق‌کردنی بودایکیتی‌و پەروەردەکردن کردوتەوە وە کاربەدەستانی دی‌و هەریم بریاریان دا کە منیش بچمە ئەوپولەوە ••

ئاخو تو بو ئەوە ئەلییتچی ؟

شون ـ شینگ ووتی : چون ئەبیت من‌بم بەکوسپ لە ریگاتا ، مادام تو لەپیناوی گەلا ئیش ئەکەیت •

بەم جورە روژی گواســـتنەوەی بووك دواخرا وەباوکی کورەو کچەش ناهومیدی‌ی خویان دەرنەبری •

کاتی زستان هات شیاو ـ تشگ لەپولی مەشق کردن گەرایەوە ئیتر ( تیان ) ی پیرەمیردو ژنەکەی سووربون لەسەر ئەوەی وا کورەکەیان ئەم هەلە لەدەست‌خوی نەدات وە بی وەستان کچەکەی لی مارە بکریت ، لەبەر ئەوە کورە چوو بو لای دەسگیرانی بو ئەوەی دەمو دووی تاقی بکاتەوە ، ئەویش پی‌ی ووت : پیویست بەم پەشوکانە ناکات ، من ئیستا گەراومەتەوە لەپولی مەشق کردن وە هیشتا هیچم بو خانووی دایکانی دی نەکردوە •• بەتەنـــگەوە هاتنیشمان ئا بەم جورە بوکارو باری تایەبەتی خومان نموونەیەکی زور ناشیرینە پیشکەش بەگەلی ئەکەین وە من وای بەباش ئەزانم کەلەم روەوە نەدوبین تاسەری ســـالی تازەی کوچ ••

شون ـ شینگ نەی هیشت قسەکەی تەواو کات بەپەشیمانی ییکەوە پی‌ی ووت : بەراستی من مەیلی خو پەرستیم هەیە ، قسەم لەگەل‌قسەتە بەتەواوی •

کەسەری سالی تازەی کوچ هات جوتیارەکان دەستیان‌کرد بە بەهارە توو وە لەسەر کومەلی گەنجان پیویست بوو کە سەرو کیتی‌ی جولانەوی کشتوکالی بکات ، وە لەبەر ئەوەی شون ـ شینگ هەلگری نهینینی‌ی کومەلی گەنجان‌بوو لەدیدا وە سەروك‌بو لەدەستەی ئالوگوری یارمەتی

دانا ، دەستی کرد بە کو کردنەوەی جوتیارەکـــــان بو هەلبژاردنی دانەویـــلەی چاك •• بوکرینی کەرەسەی تازە بو کلـــگەکە ••• بو هەلکەندنی بیر وە ناشتنی درەخت ، ئیتر کورە شـــــەوو روژ خەریکی ئیش کردن‌بو بی ئەوەی بیر لەباسی ژن گواستنەوەی بکاتەوە •

کاتی کـــەدروینە نزیك بوەوە ، شون ـ شـــینگ چوەوە بولای دەسگیرانی بوئەوەی بزانی کە شایەکەیان کەی بکەن ، دەســـگیرانی لەسەرەتاوە پی‌ی ووت : بەباشی نازانی کە مانگیکی تر چاوە روان‌بکەین تاکو لەدروینە ئەبینەوە ؟••• بوچی پەلە بـــکەین ؟ بەلام لەبەرئەوەی شون ـ شینگ لەسەر قسەی خوی ســـــوور بو ئەویش ووتی : قەیی ناکات چی بلی‌یت وا ئەکەم • وەلەسەر ئەوە ری کەوتن کە ســـبەینی لەسەر پەرشتگای هەریمە کەیان یەکتری ببینن •

بو سبەینی شون ـ شینگ رووی‌کردە سەر پەرشتگای هەریم ••• ریزە درەختی جوان ریگاکەی رازا نبوەوە ، ئەم درختانە لەجـــەژنی بەهارا بەسەر کردەی شون ـ شینگ نیژرابوون ، وا ئیستا خوشـــی زاخاوی چاوی ئەداتەوە بەبینینیان ، کاتی کورە سەیری نەمامەکانی ئەکرد هەستی بەگەرمایەك ئەکرد بە دەمارەکانی دلیا ئەرویشت ، چونکە خوی ئەو نەمامانەی هانیبو لەدی‌ی دارستانی بیەوە ، وە قسەکەی شــــیاو ـ تشنگی هاتەوە یاد کە ئەوسا پی‌ی ووتبو : ( ئایادەستەبەری پی‌گەیشتنیان ئەبیت ؟ ) ، ئەویش بەروویکی خوشەوە ووتبوی : ( ئیمە ئەم نەمامانە مان لەدی کەی تووە هانیوە وە من دلنیام کەحەز بەژیان ئەکەن لەدی کەی‌من • ) • لەوکاتەدا دەنگیك لەگوی‌یا زرنـــگایەوە ئەی ووت : ( ئای ـ یو ـ هوا ) روانی بو ئەو جیگەیەی دەنگە کەی لیوە ئەهات ســـــەیری کرد عەرەبانەیکە پرە لە شتومەكو لەقورا چـــــەقیوە

عەرەبانچیەکەش بەناهومیدی قامچیەکەی رائەوەشانو ئەی قیژان بەسەر ئیسترەکانا ، ئیسترەکانیش ئارەقیان لی ئەچوراو ئەیان مشان ، شون شینگ چوو بو لای عەرەبانچیەکە تاکو یارمەتی بات بەلام یارمەتیەکەی کەلکیکی ئەوتوی نەبو ئیتر عەرەبانچیەکە بەتەواوی لەئیسترەکان توندبو قامچیەکەی رائەوە شان بەدەم توورەییو جنیوەوە ، ئاخری ئیسترەکانیش کەوتنە قوراوەکەوە ، عەرەبانچیەکەش قامچیەکەی فرىدایە لاوەو دەستە ئەژنو لەقەراغ ریگاکە بەماتی دانیشت . شون - شینگ لی‌ی پرسی : ئەم بارە بو کوی ئەبەیت ؟ عەرەبانچیەکە ووتی : دیارین بو سەربازەکان لەلایەن سەرپەرشتگای هەریمەوە ، هەموو هەریمیك ئەم جورە دیاریانە پیشکەش ئەکات بو ئەوەی ئەمرو بخریتە شەمەندەفەرەوەو بنیرریت بو مەیدان ، ئیستگەی شەمەندەفەریش هیشتا چل کیلومەترە دوورە ، ئەمە چەچارە رەش‌یکە ؟ .

کە شون - شینگ زانی بارەکە شتومەکە ئەنیرریت بو سەربازەکان ، وەهەندی دیاری‌ی‌تیایە کە خیزانەکەی خوی پیشکەشی کردوە ، وە دیاری‌ی دەسگیرانەکەشی تیایە ، هەستی بەگرنگی‌ی کارەکە کردو بەووردی سەرنجیکی دایە عەرەبانەکەو ووتی : ئەمە دوو روژە باران شەست ئەکات .. وەچاویشت لی‌یە چون پیچکەکانی عەرەبانەکە لەقورا چەقیون ،من وام پی‌باشە کە لەپیشەوە بارەکەی داگری ئەوسا عەرەبانەکە دەرهینین وە لەدوایا دووبارە بارەکە بخەینەوەسەر . دە رابەرە ، بائیش بکەین . عەرەبانچیەکە ووتی : بەلی ئا ئەمەیە قسەی راست ، بەلام ئیشەکەمان زور ئەکیشی ئەی تو ئەمرو هیچ ئیشت نیە ؟

شون - شینگ هەرچەندەپەیمانەکەی خوی لەگەل شیاو - تشنگ بیر نەچوبوەوە ووتی : قەی‌ناکات گورج کە گوریسەکان بکەرەوە ئەگینا

فریای شەمەنەفەر ناکەویت ، ئەمجا خوی سەرکەوتە سەر عەرەبانەکەو دەستی کرد بەداگرتنی صندوقو کیسەکان وە بی‌گومانیش‌بو کە ئەم دیاریە لەژن هینـــــانەکەی ئەو گرنگترە چونکە نیشانەو بەلـــــگەی خوشەویستی‌ی سی سەد هەزار کەسە لە دانیشتوانی هەریمەکەی ، لەو کاتەدا دوو ژن بەلایانا زویشتن شون ـ شینگ رای گرتن‌و ووتی : ئایا یارمەتیمان نادەن ••• ئەمانە دیارین بو سەربازەکان ، هەر ئەوەندە ژنەکان ئەم قسەیەیان بیست گورج هاتن بویارمەتی دانیان ، هەروەهـا چەند پیاویکیش بەتەنیشتیانا رویشتن شون ـ شینگ داوای یارمـــــەتی لەوانیش‌کرد ئەوانیش بەخوشیەوە داواکەیان بەجی‌هانی ، هەموو بەکومەل باری عەرەبانە کەیان داگرت‌و بەدەردی ســـــەری‌یکی زور لەقوراوە کەیان دەرهانی و باریان کردەوەو بەستیانەوە ، کاتیش نزیك نیوەرو بوو •

عەرەبانچیەکە پشوویکی داو ووتی : ئەگـــــەر یارمەتی ئیوە نەبوایە ئەم ئەتوانی ئەوکارەی پیم سپیررابو بەجی‌ی بینم ، ئەمجا رووی کردە شون ـ شینگ‌و ووتی : سپاسی چاکەت ئەکەم ، شون ـ شینگ بەدەم سرینی ئارەقی ناوچەوانیەوە وەلامی دایەوە : پیویست بەسپاس ناکات ، خیراکە تا شەمەنەفەر بەجی‌ی نەهیشتوویت •• عەرەبانچیەکـە عەرەبانەکەی روەو لای ژوروو لی‌خوری ، شون ـ شینگیش بەرەو سەرپەرشتگای هەریم رویشت‌و لەدەروونیا هەستی بەشپرزەیێك ئەکرد وەوای ئەهاتە بەرچاو کە روژخیرا ئەروات ، وەئەی ووت بی‌گومان شیاو ـ تشنگ دەمیکە چاوە نوارم ئەکات ، چەندئاواتی ئەخواست کە دووبالی لەشانی قایم بکردایەو بفریایە تا لەکاتی خویا بگەیشتایە • دوای چەند دەقیقەیێك ( رووباری جوامیر )ی لی دەرکەوت ، بەنزیك بوونەوە

لەپردەکە شاریشی لی دەرکەوت ، لەپرا پیاوییکی بەدی کرد وەك دررندە بەرەو رووی رای ئەکرد دوو زەلامیشی بەدواوەبو هاوارتیان ئەکرد : ( مەهیلن ئەو سیخورە رزگاری بیت •• ئەو ناپاکە بگرن •• بیگرن • ) شون ـ شینگ بەردەمی پردەکەی لی گرت بەلام سیخورەکە بەقەراغ رووبارەکەدا بەرەو خواربوەوە شون ـ شینگیش بە دوایا •

کات نیوەروبو کلیگەکان هیچ جوتیاریان لی نەبوو سیخورەکـــــە بەپەریشانی رای ئەکردو شون ـ شینگیش بەهەموو توانایەوە بەدوایا ، ســـــیخورەکە لەپر وەرگەرایەوەو شتیکی گرتە شــــون ـ شینگ و هاواری کرد : ( ووریای خوت بە لەم نارنجوکـــــە ) بەلام ئەو گوی ی نەدایە ئەم فیلەو نەوەستا ، ئارەقیش بە ناوچەوانیا ئەهاتە خوارەوەو بەقولی کراسەکەی ئەی سری ، دوای ئەوەی نزیکەی ( ٣ ) کیلومەتری بری دلی دەستی کرد • بەپەلە پەل لەهیلاکیا بەلام روانی وا دوژمن خەریکە ئەکەویتە ژیر دەستی ، ئا ئەوەتە هەنگاو دوورە ، بوبە شەش ، پینج ، کەمتر ، کەمتر ، لەپریکا شون ـ شینگ پی ی هەل نوتو کەوت تاکی قوندەرەی لی بەجی ما گوی ی نەدایەو هەلسایەوەو شوینی کەوتەوە ، تا لەتینیشیابوو هاواری ئەکرد : ( بیگرن ••• سیخورە ••• سیخورەکە بگرن ) ، شون شینگ هەندی جوتیاری لەنزیکەوە بەدی کرد داوای یارمەتی لی کردن ئەوانیش هاتنە یارمەتی ••• دوای تاویك شوانیـــــك بەرەو رووی سیخورەکە هات کەدی وا خەلکەکە کابراییك راو ئەنین وە هاوار ئەکەن و ، هەلچون ، ئەویش پاچەکەی دەستی هەلسوران و هیرشی بردەسەری ••• کاتی سیخورەکە زانی وا لەســـــی لاوە دەورە دراوە خوی فری دایە ناو رووبارەکەوە ، شون ـ شینگیش بەدوایا ، ئاو تا کەمەریان هاتو ••• کابرای راونراو بەدەم هەناسەبرکی وە هاواری

کرد : ( منو توما روژی لەروژان دوشمنی یەکتری نەبوین ••• وەهیچ پیویست نیە کەوا قینیشت لیم بیت ••• بوچی شوینم کەوتویت ؟! )

شون ــ شینگ سەیریکی دواوەی کرد روانی خەلکەکە زور دوا کەوتوون ، پیشی ناخوش بوو کە نیچیرەکەی لەدەســـت دەرچیت ، دووبارە تینی دایەوەخوی وە لەدوای هەو لدانیکی زور سیخورەکەی گرت ، ئەویش کوتوپر نووسا بەگویچکەی شون ــ شینگاو خســـتیە ئاوەکەوە ، تاکو شوانەو خەلکەکەی تر گەیشتن شەریکی قورسیان‌بوو ئەوسا بەهەموویان سیخورەکەیان گرت ، شون شینگیان پەرانەوە گوی روبارەکە دوای چەند دەقیقەیێك هوشـــی هاتەوە بەرخوی ، خوین لەگویچکەیەوە بە لا ملیا ئەهاتەخوارەوە کراسە سپیەکەی کەبو ئاهەنگی ژن هینانەکەی لەبەری کردبوو هەمووی بووبوو بەپەلە خوینی‌گەورە ، پی پەتیەکەشی لەگەلی لاوە زاماربووبوو • جوتیارەکانو شوانە کابرای سیخوریان شەتەك‌داو ئەوسا هاتن بەلای شون ــ شینـــگەوەو هەوالی زامەکانیان لی پرسی ، ئەویش توزی سەری راوەشانو ووتی : پیویست بەشپرزەییی ناکات من‌هیچم نیە ، ئەمجا رووی کردە ئەو دوانە کە بو یەکەم جار شوین سیخورەکە کەوتبوون لییی پرسین خەلکی کـــام دین •• وەچون ئەو سیخورە توانی لەدەستیان رزگاری بیت ؟ ئەوانیش ووتیان : لەئاو دانی باخەکانمان بووبوو ینەوەو ئەگەراینەوە کـــە ئەم کابرایەمان دی تەلی تەلەفونەکـــانی ئەبری لەبەر ئەوە رامان‌کرد بەشـــوینیا •

کاتی جوتیارەکان لەمقومقوی ئەوەدابوون کە چون ئەم سیخورە بگەیننە دەست کاربەدەستانی هەریم ، شون ــ شینگ بیری لەکاروباری خوی ئەکردەوە وەلەبەر خویەوە ئەی ووت : دوا کەوتم ، بەلام ئەوەی

رووی‌دا چاوەروان نەئەکرا ، قەی ناکات کوری کیسەلم گرت • •
وەشتیکم هەرکرد ، لەپریکا خەلکەکەی بەجی‌هیشتو رویشت ، لەریگا
تاکە قوندەرەکەی دوزیەوەو لەپی‌ی کردەوە ، وەهەر چونی‌بوو دوای
ماندوبونیکی زور گەیشتە شار ، جلەکانی ووشـــك بووەوەو خوینی
گویچکەشی وەستابوەوە ، وەهەر ئەوەندە خوی‌کرد بەسەرپەرشتگایی
هەریما لەیەکی لەکاربەدەستانی پرسی : ئەری شیاو ـ تشنگ لەدی‌ی
دارستانی بیەوە نەهاتوە بوئیرە ؟

کاربەدەست بەنیمچە حەپەساوییکەوە وەلامی دایەوەو ووتی : نەخیر
شیاو ـ تشنگ نەهاتوە بولامان ، بەلام تو بوچی ئاوات لی‌هاتوە ؟ ، کورە
لەم وەلامە پەست‌بوو چووە دەرەوە لەدلی‌خوشیا ئەی‌ووت : ئا خو ئەبی
شتیکی تری واورووی دابی کـــەبووبی بەهوی دواخســـتنی روژی
گواستنەوە ••• هەر ئەوەندە گەیشتە سەر ریگاکە شیاو ـ تشینگی ،
دی وا بەگورجی دی ، کەگەیشتە بەرەوە بەدەم زەردە خەنەوە پی‌ی
گوت : بی گومـــــان لە چاوەروانیم وەرســــــت بوویت ••• ئەم
بەیانیە زوو هەستام هیشتا خوم ئامادە نەکردبو کە ئاگاداریان کردم
ژنیك ژان ئەی‌گریت منیش چووم بولای ژنەکە هەر کە ئیشی ئەویم
تەواوبوو هەتا توانیومە بەخیرایی‌هاتووم بەری‌وە بولات ••• ئەی ئەم
قورانە چیە بەجلەکانتەوە ؟••• ئەم خوینانە چیە ؟

هەرکە شون ـ شینگ ، هوی دواکەوتنی دەسگیرانی زانی ئیتر خەم
لەدلیا نەما وەباسی خوی‌و سیخورەکەی بو گیرایەوە لەم کاتەدا جوتیارەکان
سیخورەکەیان کیش کردوهاتن • کە شون ـ شینگیان دی لەتەنیشـــت
دەسگیرانیەوە راوەستابو لەوەستانیکی میهرەبانیا تی‌گەیشتن کە بوچی وا
بەگورجی بەجی‌ی هیشتن •

بەلام شیاو ـ تشنگ نەیتوانی کولی تاسەو خوشەویستیی دامرکینی خوی نوساندبوو بەشون شینگەوەو توند دەستی گوشیبوو ••• وورتەی لەدەم نەئەهاتە دەرەوە ، بەلام زەردەخەنەو تیلاییی چاوەکـــانی وای دەرئەخست وەکو بلین : (تو بەرزو بە شکویت ••• وە شیوە جوانیت • )

◆ پیاوانی ژیرو پایەبلند لە گفتوگو کردنا لەســـــەرخون لە ئیش کردنا گورجن •

شکسبیر

◆ هەموو نەتەوەییك ئەبی هوی بلندیو نزمیی خوی لە ناو جەرگەی خویو دەورو پشتیا بدوزیتەوە •

گوستاو لوبون

**( بوزانین )**

**ئیدارەی سەرپەرشتیی گوفاری هیوا ئامادەیە بوســەر پەرشتیی چاپکردنی هەمو جورە کتیبو دیوانی شیعر بەزمانی کوردی •**

## ئافەرین

چەند سالیك لەمەوبەر گورانی بیژی بەناوبانگ ( ئەحەی ناسر ) ئەبی بەپیاوی گەورەیەك نزیکەی سالیك لەخزمەتیا ئەمینیتەوە بی ئەوەی ئاغای شتیکی بداتی ، هەرکاتی ئاغای بی تاقەت بوایە ئەی نارد بەشوینیاو ئەی ووت : ئەحە شتیکمان بوبیژە ، ئەحە کە لە گورانی ئەبووە لەجی تی هەمو پاداشتی ئافەرینیکی وەرئەگرت ٠ ئەحە لەدلی خویا بریاری دا کە تولەی خوی بسینی ، چووە لای بەرگ درویەك دەستیکی زور باشـــی هەلبژاردو کردی یە بەری ٠

هەمو روژیك بەرگ دروەکە لە دیواخانا داوای پارە لە ئەحە ئەکات ، ئەحەیش هەمو جاریك ئەلی ئافەرین ، ئاغا لەمە سەری سورر ئەمینیو ئەلی : ئەحە ئەمە مانای چی ؟ ئەحە لە وەراما ئەلی : ئاغا ئەمە یەك دوو سالە خزمەتت ئەکەم هەر ئافەرینم وەرگرتووە وامنیش بە ئافەرین خوم پوشتە کردوتەوە ٠

## پیلاوەکەی هومەر

هومەر لەگەل چەند هاوری یەکیا ئەرویشتن کە تەماشــــایان کرد هومەر پیلاوە کەی جیرەی دی ، یەکیکیان رووی تی کردو ووتی : هومەر ئەم جیرەجیرە چی یە ؟ ئەمیش بەسەرسامیکەوە سەیریکی پیــــلاوکەی کردو ووتی : دەك بەلام لی دای توش تاکو تازە بویت دەنگت نەبو ئیستە کە پەنجەکانم دەرکەوتووە جارم لی ئەدەی ؟

## حەجاجو دەرویشیك

ئەگیرنەوە دەرویشیك لەبەغدا ناوی دەرکردبو کە دوعای گیرایە روژی حەجاج ئەنیری بەشوینیا ئەلی دوعاییکی خیرم بوبکە ، دەرویش دەست بەرز ئەکاتەوەو ئەلی : خوایە بی بەیتـــــەوە بوخوت ٠

حەجاج زور تورە ئەبی بەدەرویش ئەلی : ئەمە دوعایە ؟ دەرویش روی تی کردو ووتی : بەلی ئەمــــە لەهەمو شتیك باشـــــترە بو توشو بو موسلمانانیش ٠

# باوەر پێکراوی هیوا

## لە :ـ

بەغداد :ـ ماموستا بەشیر موشیر ـ حیدرخانە ٠

سولەیمانی :ـ ١ـ رؤف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی گەلاویژ ٠

٢ـ محمد عارف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی زبوەر ،

کفـــــــــری :ـ صابر حاجی فتح الله ٠

خانەقــــــین :ـ عبدالکریم خضر ـ خاوەنی کتیبخانەی خانەقین ٠

شـــــــقلاوە :ـ مەخزەن سفین طە ئەحمد خوشناو

# هیوا

## گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی یە

## مانگی جارێک دەرئەچێ

# HEEWA

## Govareikee Edebee w Zanstiye

## Mangee Jareik Derechei

بەغداد : چاپخانەی تمدن
م · صالح الاعظمی
Beghded - Chapxaney Temedoun
Prdprietor M.Saleh Al-A'dhami


# گۆڤـاری هیوا

## ژماره ٣ ساڵی ١ ئەیلولی ١٩٥٧

# هیوا

گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی یە مانگی جارێک دەرئەچێ

ژمارە – ٣ – سال – ١ – رەزبەر – ایلول ١٩٥٧



دیمەنێکی شاری ئاکرێ

لەم ژمارەیەدا


١ – مێژووی ئاکرێ
٢ – کریم خانی زەند
٣ – باسی کۆمەلایەتی
٤ – زمانی کوردی
٥ – سەیرانی من
٦ – دیوانی هیوا
٧ – کوردی پەتی
٨ – سەربەستی ئافرەت
٩ – چیروکی کوردی
١٠ – بەشی لێ کۆڵینەوە
١١ – هیواو خۆێندەوارانی
١٢ – چیرۆکی ژمارە


وە گەلی شتی تریش ئەخوینیتەوە

# ناو و نیشانی هیوا

بەغداد شەقامی زەهاوی یانەی سەرکەوتن
تەلەفون ۲۸٤۰٥

---

خاوەنی ئیمتیاز یانەی سەرکەوتن
مودیری مەسئوول : حافظ مصطفی قاضی

---

ئابوونە

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عراق | ۲٥۰ | ۱ |
| ئابوونەی سالیکی لەعراقدا | ۰۰۰ | ۱ |
| بو قوتابی | ۷٥۰ | ۰ |
| دانەی بە | ۱۰۰ | فلسە |

---

پارەی ئابوونە پیشەکی ئەدریت
وە بەم ناونیشانە ئەنیریت
بغداد : شارع المستنصر ۱۳ ــ ۳۹
« حافظ مصطفی قاضی »

# هیوا

**گوڤاریـکی ئەدەبیو زانستیە مانگی جاریك دەرئەچی**

**ژمارە ـ ٣ ـ ساڵ ـ ١ ـ رەزبەر ـ ایلول ١٩٥٧**

**لەم ژمارەیەدا**

١ ـ مێژووی ئاگرێ ـ شاکر فتاح

٢ ـ کریم خانی زەند

٣ ـ باسی کۆمەلایتی ـ عبدالقادر قەزاز

٤ ـ زمانی کوردی ـ فاضـــــل

٥ ـ سەیرانیمن ـ ماموستا ـ ف ـ

٦ ـ دیوانی هیوا

٧ ـ کوردی پەتی ـ محمد مصطفی کوردی

٨ ـ سەربەستی ئافرەت ـ کامەران

٩ ـ چیروکی کوردی ـ مصطفی صالح کریم

١٠ ـ بەشی لێ کوڵینەوە

١١ ـ هیواو خۆیندەوارانی

١٢ ـ چیروکی ژمارە ـ ماموستا ـ ع ـ

وە گەلی شتی تریش ئەخوینیتەوە

## لەشعری کامەران

ئاگر ، بەنەختـــیئاو ، کوژایەوە
گوڵ ، بەبای پایز ، ســـەری نایەوە
بەڵام ، ژیلەمۆی تیکۆشـــانی کورد
دوای **هەزاران ئاو** هەڵگیرســـایەوە
گوڵاڵە ســووره‌ی جوانی ئازادی ...
دوای خەزانی زەرد هەر گەشـــایەوە

## برایانی هاوپشت

وا بەپشتوانی ئیوەی بەرێزو دڵسۆز ژمارەی سێیەمی گۆڤاری هیوا پیشکەش کرا ٠


ئەخوازین بەو ئاواتە بگەین هەمو راتان لێ بیتو لەکەمی و کووری مان خۆش ببنو سەرپەشتی‌مان بکەن ٠

لەم ژمارەیەدا بەرگی گۆڤارە کـــــەتان بەنیگاری شاری ئاکرێ رازئینرایەوەو بەقەڵەمی مامۆستا شاکر فەتاح باسێکی میژوی ئەم شارە ئەخوێننەوە ٠

وەبەبەسمان لەنووسینی ئەمجورە باســــانەش نەمەیە لەگەڵ ژمارەکانی گۆڤاری هیوادا کە هەموجارێك بەنیگاری شارێکی کورد ئەرازینریتەوە کورتەباســـێکی میژوییو جوگرافی نیشتمانەکەمان بنوسین لەپاشانا بێینە سەر باسی کۆمەڵایتیو زمانی کوردیو گەلێ باسی تری زانستی ٠٠

ئیتر ئەی خوێنەوارانی خۆشەوبست ئەمانەو هەرچی باسێکی‌کە ئەخوێننەوە هەمووی مایەی رەنجی بیرو قەڵەمی خۆتانە ٠ ئنجا بام لەمهەلەدا لەماوەی ئەم ژیانە کورتەدا لەبیرمان نەچێت بۆنەوەکانی دوارۆژ سامانێکی میژوویيو ئەدەبی کۆبکەینەوە بەبیرو توواناى قەڵەم زرنگیو نەبەزی گەلی‌کورد بەجیهان بناسینو بناســــرێین ٠ لەبەرئەمە تکا لەمامۆستاو خوێندەوارانی کورد ئەکەین کە بزانن لەهەر شارو دێیێکی وولاتی کوردەواریدا ئەبن لەســـــەریانە باسێکی میژووی ئەوشوێنەو باسێکی جـــــــگرافیو ژمارەی دانیشتووانی ، ئەوناوچەیەهەرچی ئەزانن بیووسن ٠

لەئەنجاما تکا لەشاعیرەکانمان ئەکەین ئەرکی بووژاندنەوەی ئەدەبی کۆنو نوێ بگرنە ئەستۆ ، چونکە ئەم جۆرە نووسینانەیە ئەبنە هۆی پاراستنی گیانی نەتەوەیتیمان ئیتر پشت بەخواو هێزی قەڵەمو باوی خۆینەواری بادەستی‌یەکتر بگرینو خێرا بۆپیشەوە بەرەو ژیانی کامەرانی هەنگاو بنێین ٠



نیگاری بەرگ
دیمەنێکی شاری ئاکرێ

# ئاكرێ

نوسینی : شاكر فتاح

ئاكری لەشارە جوانكیلانە خنجیلانەكانی كوردستانە • كەوتۆتە بنارو لاپاڵی شاخە بڵندەكەی ئاكرێوە • چین لەسەر چین خانوەكانی تانزیكەی بیست ریز ، لەبنەوە تاسەربە سەر شاخەكەدا هەڵكشاوون • لەدامێنیشەوە باخاتە جوانەكانی كە كانگای ژینو سەیرانو بەزمو رەزمن شارەكەیان رازاندۆتەوە • ئاكرێ پرە لەچەمو كانیاو ، پرەلەمیوەو سەوزەو دارو درەخت ، وەهەنارو هەنجیرو زەیتون وترێی زۆر بەناوبانگە • ئەم شارە نازدارە ، زۆر كۆنە • ئەگەر تەماشای لاپەرەی مێژوو پكەین ، هیچی وامان بەدەست ناكەوێ كە وەختی دوروست كردنیمان بۆدەرخات • بەڵام بەدەمو دووی دانیشتوانی خۆیدا وا دەرئەكەوێ كە كوردەكانی حكومتی ( میدیا ) لەحەوت سەدەی پێش لەدایك بوونی عیسا پێغەمبەردا دروستیان كردووە • ئەویش لەپاش ئەوەی ئەم خاكەیان لەئاسوریەكان سەندۆتەوە• سەرگوروشتەكە وا ئەڵێ كە سەركردەكە ناوی (زەند) بووە • ناردوێتی بەدووی (زەردەشت پێغەمبەر ) ی كوردا هاتوەتە ئەوێ تا سێ رۆژ ئاگری زەردەشتیی تیا كردۆتەوە • ئەوسا كە ناویان ناوە ( ئاگرێ ) كەنیشانەی خۆشەویستیو

پاکی‌و بە کەڵکی‌یە • پاشان ناوەکـــەی گۆڕ راوە بوە بە ( ئاکرێ )
کەئێستاش دانیشتووەکانی خۆی وای ناوئەهێنن • سەردەمێك ( ئاکرێ )
بەدەست حکومتی (بادینان) سەردەمێکیش بەدەست حکومتی (سۆران)ەوە
بووە • ئاکرێ نزیکەی (١٢٠٠) خانوویێك‌و (٢٥٠) دوکانێك‌و (٥٠٠٠)
کەسی تیایە • دانیشتوەکانی زۆر زیرەك‌و زرنگ‌و بە چنگن • لەبەژن‌و
باڵا واشەنگ‌و شوخ‌و لەبەرگ‌و پۆشەنیشا تەرپۆشن•وەختێك بوەئاکرێ
بازرگانیی لەگەڵ روم‌و عەجەم‌و روسیشاکردوە !••

---

نازانم خەلکی چی‌یان ئەوی ؟ ئەوەی من ئەمـــەوی یا ئازادی ، یا
مردنە ••

باتریك هەنری

سەربەستی زۆر گران‌و بە ئەرك‌و ئازار دێتە بەرهەم بەڵام لــە
دەستچونی ئەمەندە ئاسانە هەروەکو لە لوتکەی شاخیکەوە گـــلور
بکریتـــەوە ••

ئەنتونی ترولوپ



# كريم خاني زەند

لە پیاوانی مەزنی کورد کریم خانی زەند کە بە یەکەم شای دادخوای ئیران ناسراوە لە سـالی ١١١٣ هجری‌دا لە دێی « پریە » لە خاکی ( مەلایەر ) هاتوتە دنیا کوری « ئیناك » لە تیپی زەند وە لە عشیرەتی « لەك » بووە لە سالی ١١٤٠ هجری‌دا کە نادر شا خاکی لورو بەختیاری داگیر کرد لە خیلی لەك چەند کەسیکی بەزور خستە ناو لەشکرەکەی خویەوە کریم خانیش یەکیك بووە لەوان وە لە ساربازی‌یەوە بووە بە خاوەن پایە • لە زەمانی عادل شای برای نادر شادا بووە بە سەرتیپ • لە پاشانا بووە بە سەرکردەی سوپا • لە کاتیکا کە ئیران پشیوی تێ کەوتووە کەلکی لەو هەلە وەرگرتووە بووە بەشای ئیران • ئەگەرچی کریم خان

لەبنە مالە یەکی گەورەو ناسراو نەبووە بەلام بە زیرەکیو رەوشتجوانی خوی تواونیویتی بەسەر دووژمنەکانیا سەربکەویتو ببی بە شای ئیران • ئەم پیاوە داد پەرستە **٢٨** سال لە ئیرانا حوکمرانی کردووە لە تەمەنی هەشتا سالیدا گیانی پاکی بە بەهەشت شاد بووە •

کریم خان کە بووە بە شای ئیران محمد حسن خان کە باوکی ئاقا محمدە دامەزرینەری بنە مالەی قاجارە لە پیشەوە ئەم محمد حەسەن خانە ویستویتی بەرهەلستی بکات • تا سێ ساڵ ئەم پیاوە بی ووچان لەگەل کریم خانا خەریکی لەشکر ئارایی بوو ، لە ئەنجاما بەسەر کردەیی شیخ عەلی خان کە یەکیك بوو لە سەروکەکانی زەند لەشکریکی ناردە سەر محمد حسن خانی قاجار لەو شەرەدا محمد حسن خان کوژرا • کە سەری ئەم دوژمنە گەورەیەیان هینا بو کریم خان لە باتی ئەمەی پیی خوشبێ هۆن هۆن ئاو بە چاویا هاتە خوارەوەو زۆر دڵگیر بو • لەپاشانا فەرمانی دا بە دەستووری ئەو زەمانە خەلقی کۆبوەوەو زور بە رێزەوە بردیان ناشتیان ، خویشیی لەگەل تەرمەکەدا چوو بو سەر قەبران • وە لە دوای خوی زور چاکەی لەگەل کوری ئەم دوژمنە گەورەیەدا کرد کە ناوی ئاقا محمد بوو بەلاّم لە پاداشتی چاکەدا ئەم کورە لە دوای کریم خان بەوە وازی نەهینا کە عشـــــیرەتی زەندی قەلاچو کرد لەدوای هەژدە سال چوو گورەکەی کریم خانیشی هەل دایەوەو بردی لە تاران لەبەر دەمی تەختەکەیا لە ژیر پێی خویا خستیە چاڵەوە •

کریم خان تا بیری لی بکریتەوە پیاوێکی داد پەروەر بووە تعصبی ئاینی لەگەل ئایینەکانی‌ترا نەبووەو رەعیەتەکەی زور بە سەربەستی ژیـــاون ••

کریم خان حەزی بە دەبدەبەو گەورەیی شاهی نەکردووە لەماوەی « ٣٠ » سال‌دا کە شایەکی سەر بەخوی ئیران بووە ناوی خوی بە «وەکیلی رەعیەت ناو ناوە » •

کریم خان هەرچەندە خوینەوار نەبووەو نەوەی عشایەر بوو • بەلام حورمەتی علماء پیاوانی تی‌گەیشتوی زۆر گرتووە • زۆر یارمەتی داون بە تایبەتی لە زەمانی ئەما شاری شیراز هیجگار ئاوا بووەو کوشـــك‌و سەراو باغاتیکی زۆری تیا هەبووە دەستە دەســـتە لە وولاتانی دوورو نزیکەوە بۆ گەشت‌و سەیران بوی ئەچون • دڵ نەرمی‌و لی‌بووردنی کریم خان بەجورێ بووە گەلی جار ئەمیرو سەروکەکانی دەوری لی‌ی یاخی ئەبون • لەپاشا کە ئەیان زانی دەربارەی ئەم پیاوە گەورەیە هیچیان پیێ ناکرێت خۆیان ئەهاویشتەوە لای • ئەویش لیێیان خوش ئەبوو • ئەوانەی لە میژووی کورد بکولنەوە ئەگەر لایەنگیری‌و خۆپەسەندی بخەنە ئەولاوە ئەزانن نەتەوەی کورد بەهەزاران پیاوی وا گەورەی تیا هەلکەوتووە بەلام بەداخەوە هەر خزمەتی بیگانەیان کردووە لەبەر ئەمە ناوی زوریان لە لاپەرەکانی میژوی کوردا شارراوەن •

# چۆن چارەی دەردی کۆمەڵایەتیمان بکەین

عبدالقادر قزاز

هەموو کەس لە ماوەی ژیانیا ئاوات بۆ گەلێ شت ئەخوازێ وە بە دڵ حەزئەکا تا ماوە هەموو ، یا بەشی زوری ئەم ئاواتانەی بێتە دی وە لەگەڵ خۆیا نەی باتە گڵەوە •

گەیشتن بە ئاوات وەنەبێ لە خۆیەوە پێك بێت ، بەڵکە رەنج کێشان وە هەوڵو تەقەلای ئەوێ ، وە ئەگەر ئەم ئاواتانە بۆ سوودی گشتی بن بێ گومان رەنجدانی بەکۆمەك پیویستە بۆ پێك هێنانی ، ئەگینـــا تا سەد ساڵ لە پاڵەوە ئاوات بۆ هەزار شت بخوازین هیچیان نایەتە دی وە هەر نا ئومێدیمان بۆ ئەمێنێتەوە •

هەر شتێك کە ئێمە ئاواتی بۆ ئەخوازین لە سوودی خۆیی بەدەر نیە ئنجا ئەو سوودە مادی بێ یا مەعنەوی ، یەعنی سامان دەست کەوتن یا ناو پەیاکردن وە هەرکەس بلێ هیچیانم پێویست نیە یا خۆی هەلە ئەکا وەیا ئەیەوێ چاوبەستیی لە خەلك بکا ، تەنانەت ئەو پیاوە گەورانەش کە بە کردەوەی چاك وە ئازایانە ناویان پەیاکردوە سەرەرای سوود بە گشت گەیانن خۆشیان لا پێویست بووە بۆ یەکێ لەو دوو ئامانجە کە

له سه‌ره‌وه باسمان کرد •

ناو ده‌رکردن هه‌ر چه‌نده به دیمه‌ن خۆ پەسەندی‌یه ، به‌ڵام وه‌کی که له‌خۆبووردن وه فداکاری‌یه له پێ‌ناوی که سانی ترا • ئاشکرایه که ئینسان هه‌ر ته‌نیا بۆ خۆی نه‌خولقاوه وه نابێ هه‌ر چاومان له‌وه‌بێ که ته‌نیا چاکه به خۆمان بگه‌یێنین •• وه ئه‌گه‌ر خۆشمان ئه‌مه ئاره‌زوومان بێ بۆمان ناچێته سه‌ر ، چونکه ئه‌گه‌ر هه‌ر که‌سه بۆ خۆی هه‌وڵی بدایه ئینسان وه‌ك سه‌ره‌تای ژیانی به درنده‌یی‌و پاشکه‌و توویی‌ی ئه‌مایه‌وه و نه‌ئه‌گه‌یشت بەم باره‌ی ئیستای •

بێ غه‌ش وه به‌شی زوری ئاواتم پیشکه‌وتنی گه‌ل‌و نیشتمانمه وه تا ئه‌مرم ئاواته‌خوازم بۆ گه‌یشتن بەم ئامانجه‌م یه‌عنی پێك هێنانی خوشی‌و به‌رزی‌ی گه‌ل وه ئاوه‌دانی‌ی نیشتمانم به تایبه‌تی ئنجا هی‌ی گشت که‌سان‌و وولاتانی تر • ئه‌وانه‌ی چاویان له‌وه‌بێ که له رێ‌ی په‌ستی‌و وێرانی‌ی گه‌ل‌و وولاتانی تره‌وه گه‌ل‌و وولاتی خۆیان پێش که‌وتوو وه ئاوه‌دان بێ خه‌یالیان خاوه وه خۆیان له‌خشته بردووه • پیاوی دلسۆزو تێ‌گه‌یشتوو هه‌میشه له‌کانی دڵیه‌وه ئاره‌زوو ئه‌کا وه ئاوات ئه‌خوازێ به‌وه که هه‌موو دانیشتووانی سه‌ر زه‌مین وه‌ك‌یه‌ك له خۆشی‌و کامه‌رانی‌دا بن وه که‌س له ریز به‌جێ نه‌مێنێ •

بێ‌گومان که‌سێك له ئێمه که خۆی به نیشتمان په‌روه‌ری راسته قینه ئه‌زانێ دڵی ئه‌کرێته‌وه وه چاوی روون ئه‌بێته‌وه که ئه‌بینێت یه‌کێ

له گەلەکانی ئاسیا ( با بلێین ژاپون ) وەیا ئەفریقا ( با بلێین مصر ) وەیا مەر شوێنێکی پاشکەوتووی تر ناوی پەیا کردووە •

هەر چەند لەسەر شتێکی نایاب مارکەی (له ژاپون دروست کراوە) ئەبینم خۆشیی ئەکەوێتە دڵمـــەوە وە ئاوات ئەخوازم کە عیراقیش روژێك بێت بگابەو پایەیە وە ناوی بێتە ریزی گەلە ناودارەکـــانەوە • هەندێ جار لە دڵی خۆما پرسیار ئەکەم ئەڵێم « ئایا چیمان کەمترە لەو گەلانە کە ئێستا پێشمان کەوتوون » دوای لێکدانەوە یوم ساغ ئەبێتەوە کە نەبوونیی ( یەکیتیو دڵ پاکی ) دەردمانی کاری وە بارمانی گران کردووە • داخی گرانم لەمدووپیشە بە نرخو بەکەڵکانە بە تەواوی نائومیدین •

چۆن ئومێدی یەکیتیی بکەین کە کور لەگەل باوك وە برا لەگەڵ برادا راستو دڵ پاك نەبن ، چۆن ئومێدی پیش کەوتن بکەین کە کەس باوەری بەقسەو کردەوەی کەس نەبێ وە هەموو دوو دڵ بن لەیەکتر • چۆن دڵمان بە خۆمان وە بە دوا رۆژمان خۆش بی کە تا ئێستا دوو بەرەکی بنجی لە ناومانا داکوتابێ وە هەر هەوڵ بدەین بۆ بەهێز بوونی نەك بۆ دەرهێنانی لە رەگ‌وریشە • هێشتا هەر ئەڵێن : ســـــــونیو جەعفەری کوردو ، عەرەب ، موصلاویو بەصراوی ••

لە هەندێ شۆینا لەسەر ووتارو کردەوەی نا پەسەند هەڵ ئەدەینێ وە تووشی دەردە سەریو ماندوێتی ئەبین ، لەگەڵ ئەوەشا ناچارین وە

ناتوانین هەڵ نەدەینێ •

رۆژێك لە ئۆتۆمۆبێلی پاسدا دانیشتبووم • لە شوێنێکا حەماڵێکی کورد بە کولەکەی سەر پشتیەوە کەمێك لە رێ لای‌دابوو وە نزیك ئۆتۆمۆبیلەکە کەوتبۆوە ، هەر ئەوەندەم زانی کابرای ئۆتۆمۆبێلچی زۆر بە ناشیرینی پیاهەڵشاخا وە ووتی ( وامان زانی کورد عاقڵ بوون کەچی هەروا •• ن ) • بەراستی لەم قسەیە زۆر پەست بووم وە بەناچاری هاتمە جواب ووتم (ئەگەر کەمێك هەستت بە نیشتمان پەروەریی بکردایە ئەم ناماقووڵی‌یەت نەئەکرد بەرامبەر بە هاووولاتی‌یێکت کە هەر لە زمانا جیاوازن وە هەر تۆ وە وێنەی تۆیە کە ئەبن بە هۆی دوو بەرەکی‌و لەیەك دابرینی ئەم دوو گەلە هاو وولاتی‌یە••) کە وام ووت ئۆتۆمۆبێلچی‌یەکە هۆشی هاتەوە بەر خۆی وەزانیی چە هەلەیێکی کردووە وە داوای لێبووردنی کرد •

جا کە ئەمە نیازمان بێ بەرامبەر بەیەکتر ، ئیتر چۆن ئومێدی پیشکەوتن بکەین وە چۆن بە کومەل یەك دلو یەك زمان هەوڵ بدەین بۆ لادانی ئەو قۆرتانە کە لەسەر ریمانن وە چۆن خۆمان رزگار بکەین لە کۆتەو زنجیری دیلی ، لە چنگی نەفامی‌و لە دەردی دووبەرەکی‌و قینەبەری کێشان لە یەکتر ••

براینە ! چاو بکەنەوە وە هۆش بێننەوە بەرخۆتان تابزانن چۆن

بووین بە گاڵتەچیی خەڵك وە چۆن ناحـــەزمان پێخۆشبووە وە هەریەکەتان هەوڵ بدا بۆ راستکردنەوەی خۆی وەپاك کردنەوەی لەهەموو رەووشتێکی ناپەسەند وە لەم رێیەوە نەبێ گەل پیش ناکەوێ بەڵکە تایەت دەردی کاریتر ئەبێ وە مردنی باشترە لە مانی •

---

## ســـەرنج

لەهاوڕێکی دڵسۆزەوە نامەیەکم بۆهات ئەڵیت : « ••• نوسینەکەت لەسەر ـ روناك محمد ـ لە گۆڤاری هیوادا خویندمەوە • وەلیکولینەوەکەت لەهەڵبەستەکانی بە دڵما چوو ••• بەڵام ئەبوو بەتەواوی لە روناك وورد ببویتایەوە ئەوسا ئەوەت لەسەر بنوسیایە !! چونکە روناك کچیکی منالەو توانای شیعری نیە •• وە ئەو شیعرانەش هی باوکیتی کە ناوی محمدە ••• » •

ئیمە لەو نوسینەدا نەمان ویستووە باسی کچیك بکەین ، یامیژوی ژیانی شاعریك بنوسین •• تەنها ئەوەیە کە لە ژمارە ـ١٣٥١،١٣٢٠ـی روژنامەی ژیندا ئەو دوو پارچە شیعرەمان بەرچاو کەوتووە بە ناوی روناك محمدەوە ، وە لەبەر ئەوەی شیعرەکان زۆر بەرزو جوان بون سەرنجی راکیشاینو توزیکی لیکۆڵاینەوە •• جا ئیستا ئەو شیعرانە هی روناك بیت یان هی محمد ، ئیمە هیچ تاوانیکمان نیە ، ئەگەر هەڵەیەکیش بوبێت هی ئیمە نیە !!• تەنها ئەوەیە ئەوسا وتبومان : ( روناك یەکیکە لەو شاعرانەی •• ) • بەلام ئیستا ئەڵێین : خاوەنی ئەو شیعرانە یەکیکە لەو شاعرانەی کە لە مەیدانی شیعری تازەدا بلیسەی شیعرێ لە کڵپەو هەلچوندایە بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەکی نوێ • ـ کامل ژیر ـ

# زمانی کوردی

فاضل

**لەژێر ئەم ناونیشانەدا ـ زمانی کوردی ـ مامۆستا قادر قەزاز ووتارێکی لەیەکەم ژمارەی هیوادا ، نووسیبوو منیش هەر لەژێر ئەم ناونیشانەدا ( عنوان ) چەند دێرێك ئەنووسم جا نازانم مامۆستای ناو براو ، خۆێندەوارانی خۆشەویست چۆنی ناو ئەبەن ؟ ئایا پێی ئەڵێن درێژەی ئەو باسە ، یا باسێکی کە ؟..**

لەسەرەتادا نووسرابو « زمان بۆ گەل وەك هەناسە وایە لەلەشی ئینساندا ،چونکە بەکزبوونی زمان ناوو نیشانی گەلیش بەرەو کزی ئەڕوا تاوای لێدێ کە بەناخی ئەرزا ئەچێتە خوارەوە .. » منیش ئەڵێم زمان گیانو ژیانە بۆگەل ، ناوو ناسینی بەوە وەیەو ئەو جێگەیەی داگیری ئەکات لەناو گەلاندا ، هەر بەبۆنەی زمانە کەیەوەیە ، ئەستوور ترین زنجیرێکە بۆ پەیوەندیو بەستنی ئەندامەکانی گەل لەناو خۆیاندا .. ئەگەر گەلێك زمانەکەی خۆی وون کاو بیخاتە پشت گۆی ، بەزمانیکی کە بکەوێتە گفتو گۆو نووسین ، ئەبینین ئەو گەلە وەکو ژیانی نامێنێت مێژویشی روئەکاتە وون بوونو توانەوە !..

هیچ قەڵایێك وەك قەڵای زمان نیە بۆپارستنی گەل • تەنانەت ئەگەر دوو گەل شان بەشانی یەك بون ، یان یەکێکیان سوارو ئەوی تر ژێر چەپۆ کەی بوو ،وەیەکەم گوێ نەدایە زمانو دووهەم زمانی خۆی پاراست، بادووهەم دیلیش بێت بەڵام ژیانی هەر بەر دەوام ئەبێ‌و پاشــــە رۆژی جنگ ئەکەوێت • زانایێك لەم بابەتەوە ووتویە « ئەو میللەتەی زمانەکەی بپارێزیو لێی لانەدا ، وەك بەندیك وایە کە کلیلی بەندیخانەکــــەی بەدەستەوە بێت ، هەچ رۆژی بیەوێ دەرچوونی بەدەست خۆیەتی ، ئازادیو رزگاری واله قولی مشتیا •

ئەگەر چاوێك بەلاپەرەکانی مێژودا بخشێنین ، زۆر لەقارەمانانو ناوداران لەکوردا هەڵکەوتوونو سوودی زۆریان هەبوە • بەڵام هەر لەبەر ئەوە کە بەزمانەکەی خۆیان هیچیان نەووتوە ، هەوڵدانەکانیشیان سوودی بو گەلێکی‌تر بوە !!•• ئەمانە هیچ پێویست نیە ئیمە شانازی‌یان پێوە بکەین ، چونکە کاتێك کورد ئەبێ ناوی ئەمانە بێنێت کە کەلکێکیان بووبێت بۆ زمانو گەلەکەی خۆیان •

گەلی ئینگلیز : شکسپیرو نیوتن‌و میلتن‌و برناردشۆ ، گەلی ، فەرەنسە: فوڵتێرو رۆسۆ و هۆگۆ •• گەلی عەرەب : خالد کوڕی وەلید و ابن الهیثم و ابو العلاء المعری ••• ئەم گەلانە خاوەنی ئەمانەن‌و شانازی‌یان پێوە ئەکەن‌و بەباوو باپیری خۆیانیان دائەنێن ، بۆ ؟ چونکە ئەمانە لاپەرەی مێژویان بەو زمانانە رازانۆتەوەو تەقەلاو هەوڵدانیشیان هەر لەپێنـــاوی ئەوانابووە •• دیارە شانازی‌یان پێوە ئەکەن‌و بەباوو باپیری خۆیانیان

دائەنێن •• ئەگەرچی ئەمانە رەنگە ئینگلیز یافەرەنســـــە یاعەرەبیش نەبوبێتن !!••

ئێمەش کەکوردین لەزۆر کۆنەوە خاوەنی ئەدەبو میژو ، ئاوازی تایبەتی‌ی خۆمان بووین • وەهەر وەها گەلێ ناودارو هەوڵـــــدەرانی خۆمان بووە ، لەبەر ئەوە نابێ ئەمانە لەبیر خۆمان بەرینەوە • خۆ ئەگەر ئاوریش نەدەینەوە لە رابووردوومانو ، وونیان کەین ، بەهیچ جۆری نابێ زمانەکەی ئێستامان لەبیری خۆمان بەرینەوە ، نابێ مەڵاشووی منداڵە کانمان بەزمانێکی‌تر هەڵدە ینەوە • نابێ ئاڵو گوری نووسینمان لەناو خۆماندا بەزمانێکی تربێ !! وەك ئێستا هەندێ لەگەنجە خوینـــــدوارە کوردەکان ئاڵو گوری نامەیان لەناو خۆیاندا بە عارەبیە !!••

ماموّســــتا قەزاز ئەلێت « مەبەستم لەووتارەکەم ئەوەنیـــە هان‌بدەم بوفێرنەبوونی زمانی بێگانە ••• » هەروەها ماموّستا ( سەلامە موساش ) ، زاناو بەناو بانگی میسری ئەلێت : « هەموو ئادەمی زادێ لەسەریێتی زمان بزانێت ، ئەگەر زانینەکەی تەنها یەك زمان بوو ، وا باشترو پێویست تر زمان زمانەکەی خۆیەتی •• » بۆیە منیش ئەڵێم ئەگەر زمانەکەی خۆمان توّزێکی لێ‌ئەزانین ئەبێ زیاتری کەین ، ئەگەر باشی ئەزانین پێویستە لەبیری نەبەینەوە •

دوا ووشە ، هەروەك ماموّستا قەزاز لەدواییی ووتارەکەیدا ئەلێت ، منیش بەپەرۆشەوە دووبارەی ئەکەمەوەو ئەڵێم : دەستم دامێنتان هەوڵ بدەن بۆ قسە کردن و نووسین بەزمانی کوردی ، چونکە تائێوە رێزی زمانەکەتان بگرن خەڵکیش زیاتر رێز تان ئەگرێت ••

# سەیرانی من !!

سلەیمانی : مامۆستا ـ ف ـ

تافی شۆخیی بەهارە ، چریسکەی ئاوە ، سەوزە گیای راخراوە ، شەپۆلی پرشنگی خۆرە ، خەرمەنی گولاڵەیە ، قەڵەمبازی کـــارژۆلەی قەدپاڵە ، لەرەی شمشاڵە ... بە کورتی بەهاری کوردستانەو هەزار دڵ عاشقی ئەبێ لەجوانیا • ئیمەش گەرمەی سەیرانەکەمانە ، لەبەر دەمی ماڵەکانی « قەڵا چوالان » دا لە گۆی چـــــەمەکە کراوە بە بەزمو هەڵپەرکێیێك نەبێتەوە • لەو لاشەوە سیرەی سەماودرە ، دەنگی قەتارو خاڵەی رێبوارە ، یاریە ، نیشان شکاندنە ، خۆشیە ، لێشاو ی شادمانیە • نازانم چۆن بوو نەختێ لەکۆر دوور کەوتمەوەو رووەو گردەکەی بەردەمم ملم نا بەدەم رۆیشتنەوە چاوێکم بەهەر چوار لای خۆما گێڕا سەیر ئەکەم تاچاو بر کا جوانیە ، ئەم هەموو گوڵە هەمە رەنگەیە بەناو یەکا چووە ئەڵێی بەرگی کچە کوردی دڵتەری ئاڵو والا پۆشە ، بەم جوانیە وامەست بووبووم ئاگام لە خۆم نەمابوو کاتێکم زانی بەردێ لە ژێر پێما خزاو هێنامێوە سەر خۆم سەیر ئەکەم گۆرستانێکە تاكو تەرای گۆرەکانی کێلی تەواوی پێوەیە و ئەوانی تریشی هـەروا ووردە بەردو لەتەکێلە ، سەرێکم راوەشان وەك بمەوێ تەمی ووربوون لەکەلەم دەرکەم ئنجا سەرنجێکی دوورو دریژم لێدا سەیر ئەکەم ئاوێنەیێـــکە چەند رووداوێکی رابوردووی تیا دیارە ، ناچار لەعاستی خۆم چوار مەشقی

لێی‌دانیشتم‌و بێ‌چاو تروکانن روانیمه شێوەی کۆنی ئەم گۆرستانەی بیرو هۆشی بۆ سەدەها ساڵی رابوردوو ئەگێرایەوە ••• بۆ رۆژانی تەخت‌و بەختی « بابان » ، هەر لەگەڵ ووشەی بابان‌و تەخت‌و بەختی قەڵاچوالانم هات بە بیرا ئیتر نیگاری بەهارو دیمەنی لالەزارم لەمێشکا سررایەوە ، مەلی خەیاڵ بردمی بۆ شۆینێکی تر ، بۆ سەیری دیمەنێکی هەزار قات جوانتر • بۆ سەیری « قەڵاچوالان » ی بێشکەی شێرانی بابان ••• ئەوەتا ئەوە دەستە کوری شان‌و باهو پتەوی مەچەك ئەستووری باڵا هەڵچووی بە جەوهەرە • ئەوە دەستە ســـــوارەی ووریاو زیت‌و بەهەڵپەیە سەیری کە چەند رێك‌و مل‌بەرز رووبەرووی لوتکە گەردن کەشەکان وەستاوون وەك بەڵێنیان دابێ بەیەك کە هەرگیزاو هەرگیز مل شۆر نەکەن‌و سەر بۆ کەس دانەنەوێنن ••• ئەوا دەنگ لە کەرەناوە هەستاو کەژاوەی پاشای بابان لەبارەگای خویەوە رووەو مەشق‌گاهی لەشکر رۆی ئەوەتا وا گەیشتە ناویان‌و لەگەل گەیشتنیا هـــەموو وەك سنگ بۆی چەقین‌و دەنگ لەدارو بەردەوە بێت دەنگ لەوانەوە نایە • ئەوا پاشا دوای گێرانی چاوێکی شادمانی پیایانا وەك شێر نەرانی‌و ووتی : ئێمەی قەڵای سەختی ئەم نەتەوەیە •• ئێمەی پەرژینی ئەم کوردستانە ، نایەڵین هەتا هەتایێ بستێکی بەفیرۆ بڕواو نینۆکێکی زەوت کرێ ••! هەر ئەوندەم گوێ لێ‌بوو و هیچی‌تر چونکە بەکێ لە سەیران کەرەکان بانگی کردم‌و بەو دەنگەش هینامێ‌یەوە بۆ ئەم ژیانەی ئێستا ! بۆ ئەم قەڵاچوالان‌و کوردســـــتانەی ئێستا ••! منیش بەدەنـــــگەکەوە

چووم‌و بەدەم رویشـــــــتنەوە دوا قسەکەی پاشـــــای بابانم لەگوێ‌دا ئەزرنگایەوە کە ئەی‌ووت : « نایەڵین بستێکی ئەم خاکە بەفیڕۆبروا » هەر ئەوندەم لەدەست هات زەردەخەنەیێکی پر تەوس هاتە سەر لێوم‌و لەبەر خۆمەوە ووتم : ئەمیش سەیرانی ئیمە ••

# ووتەی بەجێ

هەمو شتێك لە باریکی‌دا ئەپچرێ بەڵام زۆرداری لە ئەستوری‌دا •
ووتەیەکی کوردی

ژیان لە وولاتیک‌دا روژنامەی تیابێ‌و قانونی تیا نەبێ خوشترە لام لەوەی لە وولاتێك‌دا بژیم قانونی تیابیت‌و روژنامەی تیا نەبیت •
جفرسون

روژنامە هوی تازە کردنەوەی جیهانەو تەمی نەزانین ئەرەوینیتەوە •
فولتیر

سەربەستی لە بیز کردنەوەدا بنچینەی هەمو ژیانیکی کامەرانی‌یە •
فیکی بوم

راستی وەکو رۆژ وایە هیچ شتێ نیە هەڵهاتنی دوا بخات •
ویندل فلیپس

گەل بە بێ رەوشتو خوی جوان سەر ناکەوێ رەوشتو خوش بەبێ ئیمان‌و باوەر نابی ، ئیمان‌و باوەریش بەبی تێگەیشتن نابی •
جمال الدینی ئەفغانی

# ئاخ هەژاری

نووسینی ، خوشکە ( پ )
سلیمانی

بێ گومان هەموو ئەزانین لەناوچەی کوردەواریدا هەژاری بەشێکی زۆری گرتۆتەوە ، وە خیزانی هەژاریش هەمیشە دوورە لەهەموو جۆرە پێش کەوتنێکی وولات • چونکە هەموو بەشێکی ژیانی خۆیان تەرخان کردوە کە هەوڵ بدەن تۆزێ لەو هەژاریە کەم بکەنەوە ، وە ژیانێکی پر ئاسودەیی بژین ، وە دووربن لەکۆسپو ئەشکەنجەی هەژاری ، چونکە هەژاری شادی لەئادەمیزاد ئەکا بەشین وە ئاسودەییو خۆشی ئەکات بە چەرمەسەرێو کوێرە وەری •

ئێستا ئەی خوێندەواری بەرێز من نامەوێ زۆر لە هەژاری بدوێم چونکە هەژاری باسێکی زۆر قووڵە هاتو تێی کەوتم هەرگیز نایەمە دەرێ ، بەلاَم بەکورتی ئەمەوێ ئەوەی زۆر کاری تێ کردم بەهۆی گەنجێکی هەژارەو بۆتانی بگێرمەوە :ـ

رۆژێ ویستم بچمە ماڵێکی هاورێم لەرێگا سەیرم کرد کۆمەڵی راوەستاوون هەریەکە لەبەر خۆیەوە ئەڵێت « ئەی هاوار چەن گوناهە ئەم گەنجە » وە لە بەینی ئەم کۆمەڵەدا گەنجێکی هەژار کە هێشـــتا لەبەهاری ژیانیا یەتی راوەستاوە ، وەدۆش داماوەو بەدەنگێکی پڕ سۆزی

گریانەوە کە تك‌تك فرمێسك لەچاوی ئەهاتە خوارێ هاواری ئەکردو ئەی ووت « داد لەدەست هەژاری ئاخ بمرم ژیانم ناوێت • ژیانێـــکم ناوێت وا بێ‌مانا بێت کەهەر پارە پێش رەوی ژیان بێت ، کە منیش گوێم لەم ووتانە بوو کە لە دوو لێوی ئەو گەنجە ئەهاتە دەرێ تۆزی وەستام وە چاوێکم خشاند بەسەرو چاویا ، سەرسام مام لەم هاوارە •

لەپاشـــــا رۆیشتم بەڵام هەتا ئەهات قاچـــم قورس ئەکرد وە هەنگاوەکانم هێواش ئەکردەوە بۆ ئەوەی لەوهۆیە بگەم کە ئەو هەژارەی بەو دەردە گەیاندووە ، لەپاشا کە زۆر بە هێواشی رۆیشتم گوێم لێ بوو پرسیاریان لەگەنجە هەژارەکە کرد بۆچی وا ئەکەیت ئەویش بە دەنگێکی پرلەقوڵپەی گریانەوە ووتی : لەبەیانێوە حەماڵی ئەکەم وەبە هەرجۆرێ بوو ئەمرۆ ٥٣٠ فلسم پەیداکرد کەبێرەدا رابووردم گەیشتمە دوکانی ئەم بەقاڵە زۆر ئارەزووی کاڵەکێکم کرد چوومە پێشەوە وە کاڵەکێکی باشم هەڵ بژارد ووتم ئەرێ خاڵەگیان ئەم کاڵەکە بەچەند لەپاش ئەوەی خاڵـــەی بەقال ســــەیرێکی چروچـــاوی کردم بـــە توورەیی‌یێکەوە ووتی : هەستە ئەمە خواردنی [تۆ]نیە منیش ووتم بۆچی خاڵەگیان ؟ من پرسیارت لێ ئەکەم ئەڵێم بەچەندە ، ئەباتی وەڵامـــم بدەیتەوە بۆچی توورە ئەبیت ؟ خاڵەی بەقاڵیش ووتی :

رۆلە چۆن توورە نابم ئەمە بە ( پەنجا فلسە ) وەتۆش ئەوەندەت پێ‌نیە کە بیکریت کە واتە پێت ئەڵێمەوە هەستە ئەمە خواردنی تۆنیە

ئنجا منیش که ئەم ووتانەم بیست لەدەمی گەنجە هەژارەکە ئەهاتە دەرەوە دەست بەجێ خۆم نەگرت قاچم سووك کرد هەتا ئەهات هەنگاوەکانم خێرا تر ئەکرد بۆ ئەوەی لەمە زیاترم گوێ لێ نەبێت ، ئنجا ئەی هاوار چۆن ئەو گەنجە تائەمرێ هەرنەڵێت ئاخ هەژاری ، داد لەدەســـــت هەژاری ، چۆن زویر نەبێت لەو ناوچە یەکە تیا ئەژی لەو ژیانە کــــە کاڵەکی جوان هەرئەبێت بوپیاوی پارەدار بێت •

ئنجا ئەی خاڵەی بەقاڵ منیش پرسیارت لێ ئەکەم پیــــاوی هەژار گوناهە کاڵەکی جوان بخوات ؟ هەر ئەبێت بەشی کاڵەکی تەپیوو ترشاو مووچەی بێت ؟ کەواتە راستە ئاخ هەژاری !!


**عبدالقادر حشمت**

**B . S . C ,, . M . S . C**

**موهەندیسی پرس پی‌کراو بو دروست کردنی بناو ، پرد ، ریگاو حساباتی تەواو کردنی بناو بەش کردنی زەوی ، بوجیگە خانوو وەبو راپەراندنو جی بەجی کردنی هەمو جورە فرمانیــــکی هەندەسی ئامادەیە**

**بەغداد : شەقامی مەلیك فیصل دووەم**

**تەلەفون ــ ٧٨٤٦**

# دیوانی هێوا



## مەولەوی

خەرامان دەرکەوت لەتۆی پەردەوە
پەچەی لەروخسار مانگ لابردەوە

دڵەی من نیشتە سەر ئارەق وەك ئاو
وینەی ئەوی تیا دیاری دا تەواو

هیندە نازك بوو بە بای باوەشێن
سەرکوڵمی ئاڵی پڕ بوو بوو لەخوێن

لەتۆیی ئاوینەی روخساری وەك گوڵ
ووشك ئەبووە وە ئارەقەکەی دڵ

وەم زانی ئارەق خۆیناوی دڵە
زەدەی پەیکانی موژگانی گوڵە

ووتم دڵ نامی زامی بردەوە
ئاخ بای باوەشین ساردی کردەوە

# بۆ جوانیکی دیل

کامل ژیر



هۆ جوانی لادێ شـــــاشوخی قەشەنگ
دا ررژاوی رێك شــــــەنگی گەلێ مەنگ

کیژۆڵەی کوردی نەوەی کوردســـــــتان
خـــــاوەنی بازوو ، مـــــەردی پالەوان

زێری پەرچـــەمی کەژو دەشـــــتو هەرد
جوانتر لەپەڵـــــەی گوڵاڵـــــەی ناو وەرد

هۆ داس بەدەســـــتی ئامادە بۆ کـــــــار
کچی ســــــــەپانی چەوساوەی هەژار

گویم لێ‌راگرە لەناڵەی هەســـــتم ••
هەســــــتی زامارو زویرو پەســـــتم !

سەرنجێ ، هۆشێ ، ساویلکەی نەزان
کوڵۆڵی بی‌بـــــەش لــــەتامی ژیان !!

ئەڵیم کـــــەی رەوای مافو ویژدانـــــە
یاکەی ئا ئەمە یاســــای ژیانە ••!

تۆ یەك بەدیمەن : بێوێنە ، شــــیرین
ناسكو نەرمین ، هیمن ، نازەنـــین •

دووربی لەزانست ، لەشارســــــتانی !!
لەهونەر ، خۆینـــدن ، لەکـــامەرانی ؟

هـــــەمو خۆشی‌یێك چوبێتــــــە لاوە !!
لەبەر ئەو قرچەی ســــــووری هەتاوە

رۆژگار هەموی هەر کــــاربێو فرمان
هەر چەوســـــــانەوە ، زیان ، ئازار دان ؟

گـــــــۆنای خرپن‌و تەڕو ئاڵ وەك گوڵ
بەبێ بـــــەزەیی یاخۆ کســـــــەی دڵ

لەبەر باو گڕەی دەشـــــتی شارەزوور
ببێتە کۆڵووی ســــــووتاوی تەنوور ؟

چاوێ بەوورشەی گەشی مەیلەوشـــین
دابیو سوور بێ بەگـــەرمای هاوین ؟

یاقۆی زەردی پەخشـــانی چین چین
بژاکـــێ بەبای توزاویی بەتین !!؟

بەرهەمیش بۆکێ ؟ بۆبەگ و خانم !!
« داد » یش بێو بڵێت : لەناو ناوانم ؟!

هۆ جوان هۆ دیـــلی داوی زورداری
وورو تاســـاوی پەڵی هـــەزاری

ریشــــەکێشـــراوی بەخۆ نەزانیو !
بەرهـــــەمی بەری تەقـــەلا نەدیو

ســـــەرنجم داوە لـــــەگوزەرانت
لەپاشـــــە روژی پڕ لـــــەگریانت

تروســـکەی شادیی تیـــا کوژاوەیە
کومەڵی ئیشـــــو داخو ناڵـــــەیە !

بۆیـــــە واهەســـتی مرۆفـــایەتیم
بـــیری زاماری کومـــەڵایەتیـــم ...

هاتونە جوڵـــەو دەر بڕینی دەنـــگ
لەگۆشـــەیێکدا : هـــەتابلێی تەنگ

**لەلایەك بۆتۆ .. لەلایەكی كـــەش :**
**ناڵەی** نیشـــتمان بۆتە زامی لەش !

ئەم خاكەی كەوا پارچـــەیێك زێڕە
لەهەر سێ لاوە تیـــا ئەكەن گـیرە !!

بێ سڵ یا شـــەرم : یەن ، ئەبەن ، ئەڕۆن
لەجیاتی پەلاش ، پەڕەی گوڵ ئەخۆن

منیـــش ئەمانەو هۆشـــــو ویژدانم
تاویان هێنـــاوە بۆســـەر زمانـــم

**چار** نیـــەو ئەبێ رەوان پڕ بـــەدەم
بەنەڕەی پلنگ شـــارو دێ پڕكـــەم

بوڕاپە ڕینێ ، هـــەوڵێ ، كۆششێ ،
لەخەو هەڵسانێ ، دەنـــگێ ، جۆششێ

بۆ ئـــازاد بوونو مافی كوردســـتان
زۆردار ، دەربەگ ، لەگۆڕوچاڵ نان

تاكو ئەوســـاكە تۆی تەرمونیـــــان
ژیانت ژینبێـــــو دوربی لەزیـــان

**كەواتە : ها** ، دەی ، گورجو بێوەستان
دووم كەوە بۆكۆڕ ، كۆڕی تێكۆشان .

# کاروان

خانەقــــین

ع • ق

نە تاریــــکیی شــەونە هاژەی دەوەن
نە فیشـــــکو هووڕی ماری گاوەزەن

نەهەست بە شێوەی رەشــــی تارمایی
نە لاشـــەی لـــەتو پەتی خۆیناوی

نە لولەی شەستتــــیر نە زیندانوبــیر
نە ئازاری گیان نە کوتوزنجـــــیر

کپ ناکا دەنـــــگی زەنگی کاروانی
کـــــە بەتاو ئەڕوا روەو بــــەیانی

کـــاروانی شەوی دولــــەت کردبێ
تیشــــــوی تەواوی رێی هـــەڵگرتبێ

بەیانی تیشکی خۆر شنەی شـــــەماڵ
کام لوتکە بەرزە کــــــام دوڵ نزمو چاڵ

دابەخشئەکـــــا وەك یەك بەسەردا
بەرگی تاریـــکی ئەدڕی لەبـــەر دا

# جوانی

جوانی ! ئـەی گۆرانی ژیان
جوانی ! ئەی بەهاری گیان
گوڵو لالەی گولستـــــان
چیمەنی عەترو رەیحـــان
نازو لەنجەی عاشـــــقان
وەی شۆخی ئەرزو ئاسمان

**جوانی ! ئەی مایەی خۆشی**
بێشك بزوێنی **هۆشـــــی** •

ئەی نەشئەی باخو گـولزار
ئەی پرشـــنگی نیگای یار
راکێشی بـــیری دلـــدار
بویادی شـــۆخی ناز دار
بۆتۆ پەروانەی هـــەزار
خوی بۆت ئەکا فیـــداکار

جوانی ئەی هەوێنـــی ژین
تاجی دلـــــداری زێڕین

تۆ شـــوعلەی کائنـــاتی
تۆ رەونەقی حـــــەیاتی
بولاو چاکـــــان خەلاتی
بۆ دورلبـــــەران ئاواتی
شـــیرین‌تر لـــە نەباتی
ترخداری گشـــت کـاتی

تۆ رەمزی شـــــــادومانی
تارمـــــایی کامـــەرانی

تۆی ئیلهـــامی هونەروەر
بۆفەنو زانـــــین جەوهەر
بەهـــــادارتر لەگـــەوهەر
بۆعشق‌و شادی رەهبـــەر
عاتیفـــەو عەقلی بەشـــەر
دێنیە جوولەو جۆش‌و گەرر

تۆ نیشـــانەی دلشـــادی
تۆ نمـــونەی ئـــازادی

جوانی ڕەنگ‌و جوانی خوو
جوانی بـــیری پێشکەو توو
جوانی چـــاووکوڵم‌و ڕوو
جوانی کـــرداری بـــازوو
جوانی نامووس‌و ئـــابروو
بەنرخن تیـــــکرا هەموو

جوانی ئەی ماکـــی بەرزی
تۆ ڕەوا دارو تـــــەرزی

# ( ناکامی )

ئەوا بڵێـــــەی خۆشەویســـتیمان    دا مرکـــایەوە
بە ئاهی گـــەرمی دڵی بێزار بوو    ڕەش کرایەوە

ئەو دڵەی ئەوسا هێـلانەی تۆ بوو    ئێســـتا-وێرانە
پەردەی ناسۆری بەسەرا کشـــاو    تاریکســـتانە

سەرنجم داوە تروسکەی شـــادی
نیەو دیارنیـــە
زامەکـــــــەم زامەو ژینم شێواوە
دەردم کـــاریە

ئێستا ناسۆرو مەینـــــەتیو ئازار
لێم بوونە هاودەم
ئاهەنگو سەیران جەژنی شـادمان
لەزۆر تابەکـەم

پەشمە لام گشتی چونـــکە لەرێدا
بەتەنیـــا ماووم
دەستی ناکـــامی بۆم درێژ بووە
هیـــوا براوم

من ئەم ووت هێندە بەهێزو تینـــە
بەڵێنو پەیمـان
کاری تێ ناکا هێرشو شـــالاو
ستەمی زەمان
بەڵام نەم زانی یاری شـــیرینم
کە زرەی دراو
خـــەوی لێ ئەخـــاو بەبێ تێبینین
ئەیخـاتە ناوداو

لەگـــەرمەی گۆڕا لام لێ ئەبڕێ
قاقای پێـکەنین
بەبێ بەزەیی ئەکـــــات بەماتەم
بەئازارو شـین

شێرکو بێ کەس

# دەنگی شمشاڵ

## غ س غە مبار

بەیانییەك زوو پێش مەلا بانگدان
پێش پێکەنینی زەردەی قەد هەردان
پێش ئەوەی لەدەشت گزنگی هەتاو
بەبزەی لێوو بەواتەی سڵاو
وەك بەرگی تاوس هەزار جورە رەنگ
سپی و سورو شین زیرین و قەشەنگ
سەدای بەهارو بیرەوەی گوڵ
شنەی نەسیمو لەرەی گەڵاو چڵ
بۆی هەوای عەتری بۆن خۆشی شەستپەر
ئەی هینا شەماڵ بۆدەماغی تەر
لەناکاو بیستم لەرەو نەواو سوز
لەدوور ئەی پچراند دڵ لیم بو ئاڵوز
ئەهاتە بەرگوێم ئاوازی قەتار
ئەی شەکانەوە نەك جاری سەد جار

تومـــەز وا شـــوانی لای میـــگە لو ران

شمشـــــاڵ لیئـــەدا لاووکـو حـــــەیران

دلی لــــەت کـــــردم هەر بە لـــــەرەی لیۆ

بەجووڵـــەی پەنجـــە رای کیشـــامە کێو

تا لـــــــەدەم ئاســـــو شـــــەبەقی نەدا

لــــە لوولەی شمشـــــال لیـــوی بــــەرنەدا

# بەستە بوموسیقا

**( موسیقا خوراکی گیانە ، مژدەی**
**هیوای رزگاریە ، خەندەو گەشکەی**
**ژیانـــە )**

ئەی موســـیقای پرر جوانی
ئەی بەهرەی شـــــادمانی

هەرتوی نەشئەی ژیانـــم
بەســـتەی روناکی گیانـــم

بێ تۆ ژین ساردو ســـرە
بەکـــــارە ســـات پرپرە

تۆی هەستم ئەجولـــــێنی
کورەی دڵ ئەشــــــێوێنی

هۆی ناخۆشـــــیم ئەنێژی
داخی دڵـــــم ئەرێـــــژی
هیـــــوام بەتۆوە ئـــــەژی
هۆش و گیـــــانم ئەمژی

بزەی لێوێـــــکی ئاڵـــــی
پرشـــــەی چاوێکی کاڵـــــی

ئاهەی دڵێـــــکی تەنـــــگی
رەنی ئەشکێـــــکی مەنگی

ناڵـــــەی ناو هـــــەژارانی
گەوهەرێـــــکی ئاســـــمانی

بزوتنـــــەوەی شورشـــــی
پرشـــــەی خوێنیکی گەشی

دیمـــــەنێکی شـــــیرینی
ئاوونـــــگ لە روو ئەپژینی

پـــــەرەی دڵ ئەجولـــــێنی
ئارەزووم ئـــــە بزوێنی

لەگەڵتۆا ئەفڕم
هەزار لوتکە ئەبڕم

ئەی مۆسیقای پڕجوانی
ئەی گەوهەری یەزدانی

ئەی موسیقای پڕجوانی
ئەی ئاوازی شادمانی

کە گوێ بۆ تۆ شل ئەکەم
بەبێ ئەوەی سڵ بکەم

هەڵبەستێ دیتە خویندن
ئەڵێ « ژیان نەك مردن »

ئەی مۆسیقای پڕجوانی
شنەی ساردی بەیانی

کە بیرم ئە جوڵینی
سەربەستی تیا ئەچینی

چونکە رزگاری دیارە
لەئاهەنگتا نیگارە

چونکە لەگەڵ ئازادی
هاورێ یەکی دلشادی

# ئاواز

دوو رۆژە یا سێ بۆنی گوڵ نـــــایە
ســـۆزو ئاوازی ـ بولبولیش ـ نایە
رەنـــگە بیزانێ ئەو باخــــەوانە
هۆی چییـــە دەنگێ لەهیــچ لانایە
ســـەرم ســـر ماوە ئەمـــە بۆ وایە
دنیا خـــامۆشـــە نییە بـــەدایە !
بۆچ کزو زەردە گەلاو چـــڵی گوڵ
بۆچی دیار نیە بخۆینی ـ بولبول ـ ؟!
با بـــە خۆینی دڵ بنووســـم نامە
ســـزای دووریەکەی هەڵریژێ خامە
هاوار سەدهاوار لەدەس تەنیـــایی
کێ ئەکا چاری برینی جیـــایی ؟!

# نمونەی کوردی یەتی

ـ بە قەڵەمی محمد مصطفی کوردی : سلیمانی ـ

ئەمە لەداستانە کۆنەکانی گوێ ئاگردانی شەوانی زستانانە کە بەدەم شەوچەرە خواردنەوە ئەیان گیرایەوە ، لەوساوە لەبیرم ماوە ، ئێستا پێش کەشی خوێندەوارانی خۆشەویستی ئەکەم ، بۆ ئەوەی دەمی منداڵیو ئەوکاتە دوور لە خەفەتە بیننەوە یاد ، وە وەک من هەناسەی بۆ هەڵکێشن‌و داخی بۆ بخۆن :

ئەگێڕنەوە کە کۆمەڵێکی گەورە لەمەیموون لەجێیێکی ئاوداری تەختی ، فێنکی پڕ لەدارو درەخت‌و میوەدارا ئەژیان ، بێ باک لە ئازاوەو چەپۆکی گەردوون ، وە هەرچی مایەی دڵ تەنگی‌و هۆی ناخۆشی بێ نەیانبوو ، وهیچ بەبیریاندا نەئەهات کە سەغڵەتی‌و ناخۆشی چیە ، وە هەرگیزاو هەرگیز یادی ئەوە شیان نەئەکرد کە یەکێك یان گەلێک هەبێ چاوی بریبێتە ئەم جێگاو شوێنەو ئەم پیت‌و فەڕڕەیان ، هەروا بەخواردن‌و خواردنەوەو گاڵتەو گەپ شەویان ئەدایە دەست ڕۆژ ، وە ڕۆژیان ئەدایە دەست شەو ، وەلەبەر خۆشی‌و تێری‌و تەسەلی بەرخیان بازی ئەکرد •

لەجێیەکی کەمێك دوور لەمانەوە کۆمەڵێکی زل لەبەراز هەبوو

که جێگاکەیان ووشکو بێئاوو دێمەرۆک ، وە ناوچەکەیان بێپیتو گرێنو شۆرەکاتو ناله بار بوو ، بەهەزار رەنجو تەقەلا ئنجا بەسکێک نیوە تێر وە بە سکێک برسی ئەبوون ، هەموو لەبرسانا وەک فاقە فاقیان دابوو ، سووژنت بدایە لەم کەلەکەیان لەو کەلەکەیانەوە دەرئەچوو ، وە لەبەر برسێتیو لاتی وا لاواز بووبوون چاویان بەقوولا چووبوو ، هەرچاوێکیان مەنێـــک هەرزنی ئەگرت ، پەنابەخوا خۆیان لەخۆیان ئەتۆقیـــین ..

رۆژێک بەرازێکی پیری کۆنە ساڵیان پێی نا بەجەرگی خۆیاو چۆوە لای گەورەکەیانو کرنووشێکی بۆ برد ، ووتی : گەورەم ! لام وایە پێویست نیە کەمەینەتیو لاتیو برسێتیی ئەم گەلە لێ قەوماوەت پێ بلێم کەچەندە لاتو هەژارو داماوە !! وە ئەشزانن ئەم مەیموونانە چەجێگاو رێگاو دەسەڵاتو دەبدەبە یێکیان هەیە ،وە چەندە تێرو تەسەلو بەدەقن ، چیئەبێ ئەگەر فەرمان بدەی ئێمە لەناکاو بدەین بەسەریاندا وەشپرزەو تەفرو تووناو دەربەدەریان بکەین ، وەجێو مەڵبەندەکەیان داگیر بکەین وەلەم رەنجو مەینەتییە رزگاربین ؟

گەورەکەیان زۆر باش گوێی بۆ شلکردبوو ، وەئەمەی زۆر پەسەندکرد ، فەرمانی دەرکرد کێ خۆی بەئازاو مەردی مەیدان ئەزانێت ئامادە بێ وە چاوەروانی دوا بریار بکا لەم بابەتەوە ، ئەوەندەی پێ نەچوو هەموو کۆبوونەوەو ئامادە بوون • گەورەکەیان فەرمانی دەرکرد ، کەئەم

شەو لەبەرەبەیاندا هەموو بەجارێک بچن بۆســــەر مەیموونە کان وە هەموویان بکوژنو پارچە پارچەیان بکەن ، وەجێگا کەیان داگیر بکەن •

لەنیوەشەوەوە بەرەو مـــــەڵبەندی مەیموونەکان ڕۆیشتن بابرە لەپێشەوە ، لەدوای ئەوان مالۆس ، وەلەدوای ئەمانیشــــــەوەپیرو گەجەروگوجەرو کوروکاڵ ، هەرکە چوونو گەیشتنە ئەوێ ، بینی یان کەوا مەیموونەکان هەموو لەپرخەی خەوان ،ئیتر زۆر بەنامەردی وەبەبێ بەزەیی دەستیان کرد بەکوشتارو هەڵدرینیان ، ئەتوانم بڵێم کە زۆر کەمیان دەرچوون ، ئیتر بۆخۆیان ڕێو شوێنی • مەیموونە کانیـــان داگیرکرد ، وە بەو هەموو پیتو فەرو ئاوو میوەو سێبەرە خۆشـــە شادبوون ، وە دەمیان ژەندە خواردنو خواردنەوە ، وەدەردی برسێتیو لاتیو کەساسیی خۆیان تیمارکرد ، وەهەر زوو ئەو کەنەفتیو زەبوونی یەیان لەبیر چوەوە ، ئەت ووت ئەمە هەزار ساڵە ئەم جێگایە یان لەباپیرە گەورەیانەوە بۆماوەتەوە ، ئیتر پشتێنیان لێ‌کردەوەو پاڵیان لێ‌دایەوە ، وەچاوو گوێی تۆڵەیان کوێرو کەربوو •

بێینەوە سەربەسەر هاتی مەیموونەکان ، ئەوانیش - چی یان مابوو- لەپاش ئاوارەییو دەردی سەرییو بەز دەڵ بەردو چەرمە سەرێ وتەنگو چەڵمەمەیکی زۆر ، یەکەیەکەو دوان دوانو سیان سیان یەکیان گرتەوە لای گەورە کەیان لەجێگایێکی یەك‌جار ناخۆشی گەرمە لووکی بێ ئاوی بێ‌پیتدا ، هەموو زیزو دڵبریندار ، وەکەس کوژراو برسیو تینوو •

رۆژێک مەیموونێکی زۆر پیری ســـاڵ خۆری ژیریان چوە لای سەرداره‌کەیانو سەرێکی بۆدانەواند ووتی : گەورەم ووتارێکم هەیە رێم بدە بیلێم ، ووتی بلێ ، پیرە ووتی : فێلێکم رێک خستوە ئەگەر فەرمان بدەی بەوفێلە ئەم گەلە زۆرلێ‌کراوە داماوە جێگاکەی خۆی دەســـت ئەکەوێتەوە ، وە ئەم بەرازە زۆر دارە نامەردانەش هەموو لەناوئەچن ، وەئەمەش فێلەکەمە :

ئەبینن کەمن پیر بووم ، بەری گێتیم زۆر خواردوە ، خۆشـــیو ناخوشی و تاڵیو سوێریم زۆر چەشتووە ، تەمەنم گەیشـــتوەتە پایانی ، ئەندامم بۆمردن ماتەی داوە ، چاوم کزو گوێم گران‌بوە ، دانەکانـــم کەوتوون ، لۆژەی سەرم دێت ، مردووی بەشی زیندوو خۆرم ، پشتم چەوتاوە تەوە ، پێستم ناسک بوەتەوە ،وە لەناو خێزانەکەما ئێسکم قورس بووە ، وە بووم بەبار بەسەر شانیانەوە ، وەشەوو رۆژی سەدجار نزای مردنم لێ‌ئەکەن ، جا کە ئاکام هەر مردن‌بێ ، ئەمەوێت ئەم گیانە لێ وەرس‌بوەم لەپێناوی ئەم تیرە زۆر لێ‌کراوەمدا بەخت بکەم ،تۆ سەرداری فەرمان رەوایت ! فەرمان‌بدە کەکلکو گوێو لچو لێوم بکەن ، وەچوار پەلم لەبنا بقرتینن وە لەگوزەرگای بەرازەکاندا فرێم بدەن ، بەڵام دوای چەند رۆژێک سەرا سوێی جێگاکەی پیشبووی خۆمان بکەن ، ئەگەر دیتان بەرازی لێ‌نەماوە ، ئیتر بەبێ ترسو بیم وەرنەوە ناوی ،وە ئەوەش بزانن کەمن بەرازەکانم هەموو لە ناوبردووە •

گەورە کە زۆر ئافەرینی کرد لەسەر ئەم گەل پەرستیو نیشتمان پەروەری‌یەی ، فەرمـــــانی‌دا چی ووتبوو ، وایان لێ‌کردو بردیان لەرێ‌گوزەری بەرازەکان فرێیان دا •

زۆری پێ نەچوو چەن بەرازێـــــک هاتنو ئەم دەعبایەیان دیی‌سڵەمینەوە لێی ، ئەمیش ووتی مەترسن من مەیموونم ، بەسەرهاتم زۆر گرنگ‌و دوورو درێژو دژوارە ، وەرن بم‌بەن بۆ لای گەورەکەتان، ئەوانیش هەڵیان گرتو بردیان ، وە لەبەردەمی سەرداری بەرازاندا دایان‌نا ، لێی پرســـی تۆچیت ؟ وە بۆچی وات لێ‌هاتوە ؟!! ووتی :

گـــــەورەم ! من مەیموونم ، کاتێک کە ئێمە لـــــیرەدا بووین چووم بەگەورەکەی خۆمانم ووت ئەم جێگایە بەئێمە ناخوری ، ئێمە زەبوونین دەرەقەتی تیرەی بەرازنایەین ، بابچین جێگا ییک بۆ خۆمان بدۆزینەوەو ئەم جێگایە بۆ ئەوان چۆڵ بکەین ، لێم روونە ئەوان زۆری حـــەزلێ ئەکەن کەواتە باخوێن لەناومانا نەرژێت • هەر کە ئەمەم ووت هەموو ووتیان تۆ سەر بەبەرازە کانیت وەپیاوی ئەوانیت ، ئیتر چۆنم ئەبینیت وایان لێ‌کردم ، ئنجا گەورەکە زۆر بەزەیی‌ی پیا هاتەوە ، وە تفـو نەفرینی لەتیرەی مەیموون کرد وە فەرمانی‌دا دوو بەرازی تەرخان کرد بۆ بەخێو کردنو سەرەو کاری‌ی مەیموونەکە •

چەن رۆژێکی پێ‌چوو مەیموونەکە بەبەرازێکی ووت هەڵم گرەو بم‌بە بۆلای سەردارە کـــەتان ، ئەویش بردی بۆلای‌و دای‌نا ، ووتی

گەورەم هاتووم بۆ شتێکی یەکجار گرنگ کەپێتی بڵێم ، ووتی ئادەی چیە بێلێ ؟!! ووتی گەورەم :

کاتێک کەمەیموونەکان هێشتا منیان وا لێ نەکردبوو ، بریاریان دا بوو کە مەیموونی ئەم گێتی‌یە کۆبکەنەوە وەشەو لەناکاوێکا لەپر بدەن بەسەرتاندا وە هەمووتان بکوژن وەجێگا کەتان لێ‌بسێنێتەوە ، ئنجـــا دووسبەی کاتێ ئەو بریارەیانە ، وا من پێم‌ووتن ئێتر ئێوە چی‌ئەکـــەن بیکەن ، گەورەکە ووتی ئێستا مەیموونەکان لەکوێن ؟ ووتی : گەورەم من لەگەڵ خۆتانابەن رێتان پێشان ئەدەم •

مەیموونەکە شارەزای دەشتێکی زۆر گەورەی بێ پایانی زۆر زۆر گەرمی بێ‌ئاوبوو ، هەموو بەرازەکانی کێـــش کردو بردنی بەرەو ئەو دەشتە ، تاگەیشتنێ زۆر ماندوو وەتینوو بوون ، بەرازەکان بە پرتاو بەناو دەشتە کەدا ئەرۆیشتن ، لەبەر گەرمی یەکەیەکە لەتینوا ئەخنکان ، و ەلەمەیموونەکەیان ئەپرسی کوا جێ‌ی مەیموونەکان ؟ ئەویش ئەی ووت زۆری نەماوە سەڵەف‌کەن وا ئەیان گەینێ ، دەمێکی زۆر رۆیشتن ، ئنجا گەورەی بەرازەکان ووتی خۆ من تەقیـــم ، خوابت‌گرێ کوا جێ‌ی مەیموونەکان ؟ مەیمونەکە زانی کەوا گەیشتوونەتە جیگەیەک ئەگەر بەرازەکان بیانەوێ بگەرنیەوە ناتوانن ، ئنجا رووی‌کردە گەورەکـــە ووتی : جێ‌ی مەیموونی چی !!؟ هەی نامەردی خوێن خۆری خوانەناسی زۆرداری دڵرەق ! ئەمەی من کردم هەر بۆ ئەوەبوو کەئێوە لەناو

بەمو یەکەڵە چنتان بکەم ، جا چی ئەکەن بیکەن ، وە چەقوریک خەستە بی‌بی‌وون ، خۆ من تۆڵەی تیرەی مەیمونم لەئیوە سەند ، ئیتر هیچم لەدڵا نەما ئۆخەی !!

هەر چەند بەرازەکان مەیمونە کـــەیان لەتوپەت کرد ، بەڵام خۆیشیان تاقیان سەریان نەهێنـــایە دواوە ، وە لەو دەشتەدا هەموو تەقیـــین ..

مەیمونەکان دوای چەن رۆژێک یەکێکیان بەسەراسویێ ناردەجێی بەرازەکان ، کەدی وا چۆڵو هۆڵـــە ، گورج رای کردەوە بۆ لایانو بۆی گیرانەوە کەتاقە بەرازێک چیە تیا نەماوە ، ئیتر هەموو بەخـــاوو خێزانەوە بەشاییی لۆغانو هەل هەلە کێشان هاتنـــەوە ، وە بەجێ و رێی خۆیان شاد بوونەوە ، وە مەیمونە پییرەکەش ناوێکی پاکـــی بەرزی جێ هێشت لەناوتیرەی خۆیدا .

( بوزانین )

**ئیدارەی سەرپەرشتیی گوفاری هیوا ئامادەیە بۆسەر پەرشتی چاپکردنی هەمو جورە کتیبو دیوانی شیعر بەزمانی کوردی .**

# سەربەستی ئافرەت



ـ نووسینی : کامەران ـ

لەسەربەستیی ئافرەت بەقووڵی دوان وەختو نووسـینی زۆری ئەوێت• سەربەستی نسبیەو دووچەشنە ١ـ سەربەستیی ئینسان بەرامبەر بە ( سروشت = طبیعت ) ٢ـ هیی ئینسان بەرامبەر بە ئینسان •• ئیستە ئافرەتی ئیمە بێبەریە لەمسەربەستیە وەئەم بێبەریی بوونەش زۆر چەشنە •• بەڵام باجارێ لەوە بدوێین کـەبۆچی ئافرەت کەوتۆتە ژێردەستی پیاوەوە !!

ملیۆنەها ساڵ لەمەو بەر ئینسان ژیانی بریتی بوو لەراووشکار ، وە چەکی راوی خرکە بەردێك یان لیسێك بوو ، ئنجا ئەو بەردە تیژکراو کرا بەتیغێك •• دوای ئەمە کەکشتوکاڵ دۆزراویەوە ، نیڵو گاسنو هتد بووبە هۆی نان پەیاکردن ، وە بەم ئالەتانە ئەووترێت هۆی بەرهەم هینان ( وەسیلەی انتاج ) ، هەر سەدەیە چەشنە ( وەسیلەیکی ئینتاجی ) بوە ، وەئەبێت ، ئنجا ئەم ( وسیلەیە ) کەوتە دەست هەردەستە یێـك هەرچینێك ، ئەو دەستەیە ، ئەوچینە ، جڵەوی ژیان ئەگرێت بەدەستەوە•• چونکە ژیان بریتیە لە ( نان ، جیگەی ستار ، بەرگ ) ئەم سێ شتە بەرادەی یەکەمئنجا شتی تر ••

ووتمان ئادەمیزاد لەبەرە بەیانی ژیاندا ، ژینی بریتی‌بووە لەراو •• کێ ئەچوو بۆراو ؟ پیاو یان ژن ؟ پیاو ، بۆچی ؟ ئایا لەبەرئەوەی لەشی بەهێز ترە لەژن ؟ نە لەبەر ئەوەبووە چونکە ژن ( منالّی ) بووە ••• وە منالّیش ناچاری کردووە کە لەئەشکەوتێکا ، بن بەردێکا شـیر بدات بە منالّەکەی وەبە خێوی بکات •• وەنە ئەشیا کەئافرەتێك پەلاماری شێرێك بدات وەکۆرپەکەش لەباوەشیا بێت !• لەبەرئەوە ، ژن بۆیە ( ئەشکەوت نشین ) وە پیاو ( نان‌پەیدا کەر ) وە بەمە پیاو ( وەسیلەی انتاجی ) کەوتە دەست ، لەبەرئەوە جلّەوی ژیان کەوتە دەست پیاو ، بەم چەشـــنە ژن لەو رۆژەوە تا ئەمرۆ ( لەهەندێك شوێنی جهانا ـ زۆر شوێنی جهانا ) کەوتە ژێر دەستی پیاو ، وە ئەم ژێر دەستیەش بێ‌گومان بووبە هۆی ( نەزانین‌و نەخۆێندەواری ) •

ئافرەت لەبەرەبەیانی ژیانی ( ئادەمیزادێتیا ) بووبە ( ئەشکەوت نشین) ئەمرۆش ( ژنی چوار دیواری مالّ ) ••

بەمەدا بۆمان دەرئەکەویت کە ئافرەت وەختێك رزگاری ئەبێت ، کە ( وەسیلەی انتاج ) بکەوێتە دەست ئەوو پیاو ، نەك هەرپیاو بەتەنیا ••

## ســـــفوری

سفوری شتێکی پەسندە ، چونکە نزیك بوونەوەی ژن لەپیاو ئەبێتە هۆی چارکردنی زۆر ( گیروگرفت = مشکلە )ی کۆمەلّایەتی ( هی ئافرەت بەتایبەتی ) وە سفوری ئەبێتە هۆی دادرینی ئەو پەردەی (سامەی)

ژنو پیاوی لەیەك دوورخستۆتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ( سفوری ) نابێتە هۆی سەربەستی ، سەربەستیە کە ئەبێت بەهۆی پەیدابوونی سفوری ٠٠ چونکە سەربەستی بەناچاری ( خۆشمان بیتو ترشمان بێت) پەچەو عەبا شیتاڵ شیتاڵ ئەکا ، چونکە ( عەباو پەچە ) پەردەی خۆشاردنەوەیە لەدەرەوەی ( ماڵ ) ئنجا کە هاتو ئافرەت سەربەستبوو، ئەم خۆشادرنەوەیە چی پێویست ئەکات !! وەجگە لەمەش کەووتمان سەربەستیی ئافرەت مەرام ئەوەیە کەئافرەتیش وەك پیاو ( لەهەندێك کاری گرانا نەبێت ) ئیش‌بکات ٠٠ ئەم ئیش‌کردنەش ئەبێتە هۆی (سفوربوون) چونکە ناگونجێت کەژنێك ببێت بە (ئۆتۆموبیلچی) بەعەباو پەچەوە ، هەروەها فرمانی تریش ٠٠

تا شارستانێتی بەرەو پێشەوە بچێت عەباو پەچە بەرەو نەمان ئەچێت٠٠ کەواتە پێویستە ئافرەت ( بەپێی توانای خۆی - بەپێی دیلی خۆی تێ‌بکوشێت بۆ پێشکەوتنی گەل لەپیناوی گەلو سەربەستیی خۆیدا ، بەڵام ئەمەش مانای ئەوەنیە کە سەربەستیی ئافرەت بخەینە پشت گوێ ، چونکە سەربەستیی ئافرەتیش بەشێکە لە ( ئامابحی تێ‌کۆشانمان ) ٠

سەربەستیی ژن لەوەدانیە کەتەنیا ( حقوقی ) بدرێتی ، بەڵکو پێویستە لەگەڵ پیاودا ( یەك‌حەقو یەك‌واجب‌بن ) چونکە ئەوی حەقی‌ئەوێت بەبێ ( واجب ) ئینسانێکی بێ‌دەسەڵاتە ٠٠

**سەربەستیی چیە ؟**

وەکو ووتمان سەربەستیی نسبیە ، تۆ لەگوێ چەمی تانجەرۆ ، کە

نەتوانی بپەرێتەوە ، مانای ئەوەیە کە دیلی تانجەرۆیت •• وە کـــە پەریتەوە یەعنی ئازادیت بەرامبەر بەتانجەرۆ •• وەسەربەستی بەپێی وەختو جیگەیە ، هەرجێیە چەشنە ئەندازەیێکی هەیەو هەروەختەش چەشنە ئەندازەیێك •• ئافرەتی ئێمە لەچاو ئێمەدا سەربەست نین وە ئێمەش سەربەست نین لە زۆر شتدا ( زۆر زۆر ) •• ئافرەتی ئێمـــە سەربەست نین لەچاو ئەو ژیانەدا کە پیـــاوی ئیمەی تیادایە •• وە بەتیکرایی ئەتوانین بلێین • کە ئافرەت سەربەست نیە لە :

١ـ شووکردنا ٢ـ چوونە دەرەوەدا ٣ـ ئیش کردندا • وە لەزۆر حەقی ( کومەلایەتی‌و سیاسی تەنانە لەهونەریشدا ) سەربەست نیە • ئافرەتی ئێمە هێشتا حەقی دەنگ دانیان نیە ( بەپێی ئەم قانوونەی هەیە ) لە هەلبژاردندا ••

**چەند کردەوەو ( خووێك )**

ژنە ئەرستقراطیەکان ( ژنە دەولەمەندەکان ) لافی ســـەربەستی لێ ئەدەن بەلام وانیە •• وەبە پێچەوانەی ئەوە ، زۆر نا سەربەستن ، وە وەکو ( بضاعە = کەل‌وپەل ) سەیر ئەکرین ••

لەلادێدا شیر بایی هەیە ( کە لام وایە ئەمە لەئەنجامی نەبوونیەوە پەیدابووە ) کەشیربایی کچ فروشتێکی ئاشکرایە •• وە هەروەهـــا سوورانەش هەیە ( کەچەشنە باجێکە ئەدرێت بەئاغا ، لاموایە ئەمیـــان لەئەنجامی زۆرداریەوە پەیدابوە ) بەلام لەشاردا ( شیربایی ) لە شێوێکی

تردایه •• لیره کچ ئەفرۆشـــــرێ بەبێ ئەوەی ئەو پارەیە ناوبنرێت شیربایی ، لیره کچ ئەفرۆشرێت ( بەڵام لە نەبوونیانا ) کچ زوربە (گران) ئەفروشریت ، ئەم کچ فرۆشتنەش تەنیا لەناو ( ئەرستقراطیە ) کانا هەیە کە خۆیان بەپێشەنگی سەربەستیی دائەنێن‌و کەچی واش‌نیە ••

ژنە دەوڵەمەند لەپێش پیاوەوە ئەروات ( ئەرستقراطیەکان‌و هەندێك لـــــەمەرتەبەی ( ریزی ) سەرەوەی چینی ناوەراست ) ئەم رەفتـــارە بەسەربەستیی دائەنێن ، بەڵام وانیە ئەمە ( جنێوێکی زۆرگرانە ) کـــە بەژن ئەدرێت ، پیاو هەموو هەقێکی لەژن سەندووە ، ئەیەوێت بەو شتە پووچە دەمکوتی بکات ، ئەیەوێت بەوە دڵخۆشی بداتەوە •• رۆیشتنی ژن لە پێش پیاودوە بەلای منەوە ( تقلیدێکی بۆرجوازیی ) زۆر ناپەسندە ئەم کردەوەیە بێدەسەڵاتی‌و بێئەهمیتیی ژن دەرئەخات لەبەر چاوی ئەوان جگە لەمەش لەشارێکی وەکو بغدادا کراوە بە ( ئاسا = عادەت ) لەپاسی ( ئەمانەدا ) کە ژنێك هات‌و جێگەی نەبوو ، ئەبێت پیاوێك جێگەکەی بۆ چوڵکات •• بۆ ؟ •• ئایا بۆچی نەتوانێت وەکو تۆ پێنج دەقیقـــــە بەپێوەبوەستێت ؟ ئەگەر نەخۆش بێت بەهەرجا وە ئەگەر سکیپربێت قەی‌ناکا •• بەڵام جێگە چوڵکردن بۆ کچێك بۆئەوەی بەپێوە نەوەستێت ( جنێوێکی زۆر زلە ) بەئافرەت ئەدرێت ••

**ژن‌چیـــــە ؟**

ژن ئەستێرەگەشەی ئاسمانی خەیاڵ‌نیە ، جامێك شەرابی عاشق‌نیە چەپکێك گوڵی رەنگین نیە ، چونـــــکە کە ئەمانەبوو ، مانای ئەوەیە

ژن ئادمیزادە ، ( کەل‌وپەل = بضاعە ) نیە ، ئادەمیزادە وەك من‌وتۆ ، چۆن تۆ کە پیاویت‌و حەز لەژیان ئەکەیت لەگەڵ ژن ، ژنیش هەروەها حەز لەژیان ئەکات لەگـــــەڵ‌تۆ ٠٠ نەتۆ ( پێکی شەرابی ) ئەویت نە ئەوهی‌ی‌تۆ ٠٠٠ ئەبێ چون یەك‌بن ( لەحقوق وواجبدا ) ژن بۆ ( منداڵ بەخێو کردن‌و ماڵ بەرێوەبردن دورست نەکراوە ) ، شەریکی ژیانی تۆیە ، وەك تۆ بەدەسەڵاتە ، ئەرکی ژیانی لەسەر شانە ٠٠ مەیکە بە ( لەلەی ناو دیوار )

**چۆن سەیری ژن ئەکرێت ؟**

داخی گرانم ئێمە کە زوربەمان نەخویندەوارە ، گەلمان دواکەوتووە ، بە چاوی (کەل‌وپەل = بضاعە) یکەوە سەیری ژن ئەکەین ٠٠ ژن لەماڵا تەنیا ئیشی ئەوەیە کە ماڵەکەی بەریت‌بەریوە ، چەقوورەتە دەست‌بات لەئیشی پیاوەوە ، چەقوورەتە بە مێردەکەی بڵێت ( کوا پارەکەت ) !!٠٠ داخی گرانـــــم ژنمان والێ‌کردووە تەنیا چەکێکی بەدەســــتەوە ماوە ( کەئەویش فرمێسکە ) ٠٠ ئەوانەی کۆنە پەرســـتن بالێ‌یان روون‌بێت کەژن ( نیوە کۆمەڵە ) ٠٠ کومەڵ بەبێ‌ژن وەك مەلی یەك باڵ وایە ٠٠٠ لەلادێکانا ئەگەرچی ژن سفورە بەڵام بەجۆرێك ژێردەستە کەپیاو وەك ( ئاژاڵ ) سەیری ئەکات ٠٠ لەهەندێك خێڵی عەرەبدا بەتایبەتی لـــــە ( عەمارە )و ( کووت ) کەدەرەبەگی‌ی زۆر بە هێزە ( هێشتا ) لادێ‌یەك

که ئەڵێت ژنەکەم داخەکەم ئەڵێت ( مانگاکەم ) ، من ئەم ووشەیەم لە هەزاران لادێیی بیستووە بەکاری هیناوە • لادێی خۆشمان کەجنێو ئەدات ئەڵێت : فلان لەژن کەمترە ژنەلادێیی ســـــفورە ( بەڵام ئەمە لەسەربەستیەوە نەهاتووە ) لەپێویستیی ( ژیانیەوە ) هەڵقوڵاوە ، چونکە بژار ، گوڵچنینەوە ، پاچەکۆڵە بەعەباو پەچەوە ناکرێت ، وە جگە لەمانەش ، لادێیی وەکو یەك خێزان وایە لەبەر ئەوە بەپێویست نەزانراوە ، چونکە ئەمە پیۆیستیی نیە ) ••

ژنە لادێیی ( رەش بەڵەك ) هەڵئەپەرێت ، بەڵام من لام وایە ئەمـــە ( بۆجوانیە ) وەکو چەپکە گوڵێك ، یان دەسە سرە ســــــوورەکەی پشتێنەکەی هەڵپەرکێ کەر •• ئەگینا ئەگەر وانیە بۆچی کە لەهەڵپەرکێ بوونەوە ، هەرجنێوەکانی جارانەو هەر تێخورینی جاران ؟ شارستانیش لەکردەوەیانا بەرامبەر بەژن ئەوەندەیان لەخەلکی لادی نەگیراوەتەوە • هەروا نەختێك نەبێ •

ماویەتی

لە دوو کەس نزیك مەکەوەرەوە :ــ

١ ــ پیاوێك هەمو سەرمایەکەی پارە بێت

٢ ــ ژنێك هەمو سەرمایەکەی جوانی •

# چیروکی کوردی

# بڕیا نەهاتیتایەوە...!

نووسینی ـ مصطفی صالح کریم

هـــاوین داهاتو قوتابخانەکـــان داخران ، منیش وەکو هەموو قوتابیەکانی لای خۆمان کەوتمە سووڕاونەوە ، چونکە خوا نەکا ئێمـــە بێزمان بێ بەهاوینان ئیشێ بکەین ، لەبەر ئەوە هەر بیرم لەوە ئەکردەوە کە ئەم هاوینە درێژە چۆن بەرمە سەر ؟ لـــەپڕ وەڵامی ئەم پرسیارەی خۆمم چنگ کەوت • رۆژێکیان کاتی ئێوارە کە گەرامەوە ماڵـــەوە سەیرم کرد « ئازادەفەنی » خزممان لەگەڵ باوکما دانیشـــتووە پاش بەخێراتن‌و هەواڵ پرسینی بۆم دەرکەوت کە بڕیار دراوە لەســـەر ئەوەی بۆ ماوەی مانگێ لەگەڵ ئەم خزمەمانا بچم بۆدێی « ب » کـــە مەرکەزی ناحیەیەو ئەمیش ئەمە سێ‌ساڵە لەوێ فەرمانبـــەری میریە ، هەرچەندە بەدڵیشم نەبوو چونکە لە هاورێکانی قوتابخانەم بیستبوو کە « ب » زۆر گەرم‌و ناخۆشە بەڵام ناچار بووم کە هەربچم ••• هیچ نەبێ بۆ دەرەوە بینین •

هەمووی دە رۆژی پێ‌نەچوو بوو کە گەیشتبوومە دێی « ب » ،

نیوه رۆیێکیان پێش ئازادەفەنی گەرامەوە ماڵێ روانیم ئافرەتێکی کەڵەگەتی بۆشـــناخی کەمێ بەساڵا چووی لادێیی لەگەڵ ژنەکـــەی ئازادا لەگفتوگۆیێکی نهێنیان جار جارەش ئافرەتەکە ئەتریقێتـــەوەو ئەداتە قاقای پێکەنین ، دیاربوو خوشییێکی لەدڵایە •• لەبەر ئەوە بریارمدا کە هەر چۆنێبێ تێبگەم ئەم باسو خواسەیان چیبوو ؟ •

پاش ماوەیێك ئافرەتەکە رۆیشت هەڵسام لە ژنەکەی ئازادەفەنی چوومە پیشەوەو بەزمانێکی لووسی پڕ لە پارانەوە کەوتمە پرسیار :

ـ توخوا دادە ئەو بۆچی هاتبوو ؟ بۆچی ئەوەندە پێئەکەنێ ؟ چی بیستبوو ؟ پاش بەینێ دادە هەڵیدایەو ووتی :

ـ بڵێ بەخوا بۆ کاکمی ناگێرمەوە « مەبەســـی لەئازادبوو » منیش پەیمانم دایە کە دەنگ نەکەمو بۆ کەسی نەگێرمەوە •

ئینجا هەناسەیێکی هەڵکیشاو ووتی :

ـ عەمرم نەمێنێ باجی هەمین هەمووی سێ رۆژە روناکـــــی کەوتۆتە دڵیەوەو نەختێ گیانی هاتۆتەوە بەر ، زۆریشی من خۆش ئەوێ بۆیە هەموو رازێکی دڵی خۆیم لا ئەدرکێنێ •

کە ئەمەم بیست خێراتر لێی چۆومە پێشەوە تاپێی بڵێم :

ـ بۆچی هیچی خراپی بەسەر هاتوە ؟ چی وای لێکردوە کە پێش ئەم سێ رۆژە دڵگیراوو غەمبار بێ ؟

ـ کوڕە شیرینەکەم « ئەم باجی هەمینە کە ئیستا دیت ژنی یەکـــە پیاوی ئەم دێیەیە سێ کوڕی گەنجیـــــان هەیە ، « سوارە » هەرە

بچکۆلەکەیانە ، لاوێکی بالاّ بەرزی چارشانەی تێکسمراو ، خاوەن سەرو سوارێ‌یێکی بەگزادانە ، کە تفەنگ‌و فیشەکدانی لەخۆی ئەدا ئەت‌ووت بەچکە رۆستەمە نزیکەی دوو ساڵ لەمەوپێش « سوارە » دڵی چوبوو لە ( زێڕنی ) کچی کۆیخا مەمەند هەرچەندە کچەش وەك ئەم سوتابوو ، بەڵام بۆ یەکتری نەبوون ، چونکە کۆیخا پەڵپی سێ تفەنگی بڕنەو لەگەڵ ئەسپە شێی سوارەو ١٠٠ دینـــــاری نەختی لێ‌گرتن ، مەبەسیش نەدان بوو بۆیە ئەم پەڵپە زلانەی لێ‌گرتن چونکە بیستبوویەوە کە سوارەو زێڕن دڵیان پێکەوەیە ئیتر نۆکەرو دەســـــتو پێوەندیش بۆ خۆ بردنە پێشەوە هەریەکە لەعاستی خۆی قەڵاسە چەڵتوکێکیـــــــان ـ تێ‌خستبوو . هەر چۆنێ‌بوو باوکی سوارەش کەوت بەقینا ئەگـەرچی لەتواناشیا بوو پەڵپەکان بەجێ بهێنێ بەڵام رای سپارد کە هەرگیز چەك لە شانی کوڕە کانی ناکاتەوە لەبەر خاتری ـ یای زێڕن ـ .

هەر چەن باجی هەمینی کلۆڵ خۆی کوشت‌و خۆی‌بڕی‌و لەخۆی‌دا بێ سوود بوو کاری نەکردە سەر بڕیارەکەی مامەو لای باوکی سوارە . سوارەش پاش ئەم کەین‌و بەینە ماڵ نوستنانێك تفەنگەکەی ئەکاتە شانی‌و هەڵ ئەسێ بەرەو ماڵی کۆیخا مەمەند لەشوێنێکا خۆی حەشار ئەدا ماوەیێکی چاك لەو کەلێنەدا ئەمێنێتەوە تا « زێڕن » بەدی ئەکا کەدێتە خواری کا بدا بەووڵاخە بەرزەکان ، سوارە فیکەیێکی بۆ ئەکێشێ‌و بێ‌دەنگ ئەبێ پاش کەمی کچەی بەوەفا دەنگی کورە لاوکی خۆی ئەناسێ بەماتە خۆی

ئەگەیێنێتە لایو بەشپرزەیێکەوە پێی ئەلی :

ـ لە منت نەکەوێ شۆڕە سواری من ئەوە بۆ وات لێهاتوە ؟ بۆ وا رەنگت هەڵبزرکاوە ؟ ئەدی تفەنگو فیشەکدانت بۆ لەخۆ داوە ؟

ـ گیانی سوارەی بە خودای وا دەزانم ژیانم چ کەڵکی نیە بێتۆ ، ئەوی خۆ دەزانی بابی دڵرەقت چۆنی وەڵام داینەوە ، منیش ئەوا دەم بینی خۆم ئامادە کردوە کە هەڵت گرمو بڕوین بۆشوێنێ کەس نەمان ناسێ لەوێ مارەت دەکەمو شەرتبی ئەگەر نۆکەریم کردوە وەك چەپکە گوڵانت راگرم ئەگەر پێم قایل ببی :

ـ لەبەر چاوانت مرم ! چۆن پێت قایل نیم ، ئەگەر من کوشـــتەی بەژنو باڵای تۆ نەبامایە هەڵبەتە تائیستا میردم دەکرد بەیەکی لە کورە کۆیخایانە ، کە چەن ساڵە داوام دەکـــــەن •• بەڵام بەراستی منتۆم ویستووەو هەر بۆ تۆش دانیشتووم ، بەڵام چارم ناچارە کە نابێ بێ دڵی بابم بکەمو توش وا چاکە بچی بۆشوێنێکی دوور کاسبی بکەیو هەوڵ دەی تا بە دراوی خوت بم هێنیو چ چاو لەبەری بابمو بابت نەبین ••

ـ ئەدی ! ئەمن چ دەلیمو ئەتوچ دەلییت ! ئەمن واهاتبووم کەهەر ئیستاکە هەڵت گرمو بڕۆین ، ئەگەر بشم کوژن بەس نیە سەرم دەخەیتە سەر رانت تاگیانم دەر دەچێ •

ـ ئۆی سوارە گیان ئەوە چدەلێی ؟ گۆی شەیتان کەر بێ ،چی واروونا دا بەپشتی خودای ، بەڵام بەخودای من وای بەچاك دەزانم « دڵداریە

دوور بەدوورە کەمان بمێنێ بە بەرزی شەرەفەوە چاترە لە یێـــــك گەیشتن‌مان بە سووکی‌و دەر بەدەری‌و حەیا چوون • »

ــ واتە ئیزنم دەدەی ؟

ــ نەء •• سوارەی ناو سوارانم ، چرایەم دەکەوێ ئیزنت بدەم ،بەو پیرۆتە سووری مەرگەیەی قەسەم لەتۆ زیاتر مێرد بەکەسی دی ناکەم ، بەڵام دەڵێم هەرۆ هەوڵێ بدەو دراوان خڕ کەرەوەو بی‌نێ مستی بابمەوە تاپێ‌ی تێر بخوا •• ئەدی من هەر نوێژان دەکەم بۆخوای‌و دەپارێمەوە کە بەسەلامەتی بۆم بگەرێیتەوە ••

« کچە ئیتر خۆی پێ‌ناگیرێ ئەداتە پرمەی گریان‌و سوارەش پشتاو پشت ئەکشێتە دواوەو بێ چرپە خۆی ئەکا بەماڵا ، دایکی خـــەبەر ئەکاتەوەو رازو خوازەکەی بەینی خۆی‌و زێرنی بۆ ئەگێرێتـــەوەو دوعا خوازی‌ی لێ‌ئەکا •• هەرچەندە دایکی ئەگری کورە سۆیندی لێ ئەخوا ئەڵێ :

ــ ئەگەر بابم‌و وان خەبەر کەیەوە خۆم دەکوژم •

بێ هەست یەتە دەرەوە ، هاورێیێکی‌دڵســـۆزی خۆی ئەبێ بایزی مام پیرۆتی پێ‌ئەڵێن هەڵ ئەسێ ئەچێتـــــە لای‌و پاش گێرانەوەی ئەم حەیسەو بەیسەیە بە جووتە برِیارێك ئەدەن‌و ئاوایی بەجێ ئەهێڵن هەر بەوشەوە بۆ بەیانی ماڵی ئەولای حاجی ــ باوکی سوارە ــ بووبە شیوەن‌و شەپۆڕ ، بۆ کورە عەوداڵە سەری خۆ هەڵگرتوە کــــەیان پاش سێ

رۆژ چوومه لای باجی هەمین بۆ دلخۆشی دانەوەی ئەم باسەی بۆتۆم گێرایەوە هەمووی بۆ باس کردم •

بەم پێیە تایەك ساڵ هیچ سۆراخێکیان نەکردو بەشوینی جێ‌گیر بوونیان نەزانی ، پاش ساڵه و دوا رۆژێ یەکێ لەژنە پۆلیسەکان برایێکی سەربازی لیوی ئەبێ بەسەردان دێت بۆئێره بۆ لای خوشکی ، ژنانیش هەموو ئەچنە لای بۆچاوو دڵ رۆشنی کردن لێی ، باجی هەمینیش رۆژێکیان ژەمەنەیە کەره لەگەڵ خۆی هەڵ ئەگرێو ئەچێتە ماڵـــە پولیسەکە پاش گفتوگوکردن کوره سەربازەکە لەباسی حەبانیەدا ئەڵێ :

ــ وا بزانم دوو کوڕی خەڵکی ئەم وولاتەشمان لایە ، کـــە باجی هەمین ناوەکانی لێ‌ئەپرسێ تێ ئەگا کە سوارەو بایزن •

ئا بەم جۆره دەنگ بڵاو بوەوە کە سوارەی ئەولای حاجی‌و بایزی مام پیرۆت سەربازی لیوین لەحەبانیە بەڵام هەر چەندە باجی هەمین و کوره کانی‌و کاکەولا خۆی نامەیان بۆئەنارد هیچ وەلامێکیان دەست نەکەوت دوایی ناچار بوون کوڕە گەورەکەیان ــ بابەکر ــ هەڵسا رویشـــت بۆ حەبانیە کە گەرایەوە وەلامی هێنایەوە کە سواره لەوی‌یەو زۆر لەخۆشیایە بەلام لەگەڵ ئەوەشا ئەمە بۆ دوو ساڵ ئەچێ کوڕە هێشتا نامەیێــــکی نەناردەوە بۆ ئەم ماڵە باوکەی هەر وەك بێ سەروشۆین بێ وایە » •

ئیتر کە لەم قسانە بوەوە هەڵسایە سەرپێ‌و ووتی : با بچم نانەکەتان بۆ ئامادەکەم ئیستا کاکە ئازادیشت دێتەوە • بەلام من هیچ بیرم لای

برسێتیو ئازادەفەنیو کەس نەبوو ، هەموو بیرم خســـــتبوە سەر ئەم کارەساتەی سوارە لەپڕ ووتم :

ـ دادە ئەی ئێستا تازە سۆراخی نەهاتوە

ـ نەء

ـ گاڵتە ئەکەی ، ئەگەر وابوایە ئەی ئەم دڵخوشیەی باجی هەمین لەپای چیە ، ئەبێ شتێکی بیستبێ

ـ کوڕە ئاخر ئەترسم بیدرکێنیو حەیامان بەریو گۆبەنێکمان بۆ بنێیتەوە •

ـ نا نا بەخوا هەر ناویشی نابەم ••• خۆمن مناڵنیم •

ـ دە « گۆیت بێنە » ئەمە سێ رۆژە سوارە هاتۆتەوە لەگەڵ بایزی ئاوەڵیا هەڵاتونو سەرو تفەنگی ئینگلیزیشیان فڕاندووە بە فیشە کدانەوە ئەلێن گوایا پارەیێکی باشیشیان پێیە •• بەڵام لەترسی پۆلیس نەهاتونەتە ئاوایی ئینجا وا کۆیخا مەمەندیش لەرزی لێ هاتووە لەترسانا کـــــــە بیستوویەتی ئەمانە قاچاخن وەڵامی بوناردون کە گوایا بانەیەنەوە ناو دێ تا شۆینیکی باشیان بۆ ئەدۆزێتەوەو بەڵێنی داوە کە زێڕنیشی لێمارە بکا ، هەرچەندە ئەم قاچاخیەم بەدڵ نەبوو ، بەڵام هەناسەیێکی شادمانیم دا کە هەر چۆنێ بێ بەکولەمەرگیش بێ خۆ ئەم دوو دڵخوازە ئەوا خەریکە بە ئاوات ئەگەن •

لەپڕ ناودێ خرۆشاو بووبە فیكو هووری شاوری پۆلیس و خرمو هووری سوارەی پۆلیسو عەشایەر بەتاو لەناو دێ ئەچوونە دەرەوە ، دەنگی شیوەنیش تا ئەهات بەرز ئەبوەوە • کاتێ کە سەر هەڵ ئەبڕم لە ماوەی سەعاتە ڕێیێك دوور پاوەنی بەقەد شاخەکـــەوە گڕی گرتووە بڵێسەو چەرە دووکەڵی بەری ئاســـمانی گرتووە • لەدڵی خۆما ووتم ـ وەنگە بچن ئەوە بکوژێننەوە •

ئەوەندەم زانی کاکــــە ئازادم خۆی کرد بەمــــاڵاو تاوی دایە دەمانچەکـــــەی ، پۆلیسێکیش ئەسپەکەی بۆ گرتبوو لەبەر دەرگـــــا لەپۆلیسەکە چوومە پێشەوە ووتم : ئەوە چی بووە ؟

پۆلیسەکە وەڵامی دایەوە :ـ دوو سەربازی لیوی خەڵکی ئەم دێیە فیراریان کردوە ئەڵێن ئیستا لەناوە ڕاستی ئەو ئاگرەدان ڕەنـــگە فریایان نەکەوین ••

ئیتر بەجارێ واقم ووڕما ••• چونکە هەر خۆم ئەزانم کاکـــەی پۆلیس چە تیرێکی دا لەسەر گونای دڵم بەتاسەوە چووم و بەلارە لارەوە خۆم کوتایە ژوورێ سەیر ئەکەم دادەشم هەنسك هەڵ ئەداو چاوەکانی فرمێسکی قەوی قەوییان پیا دێتە خوارێ ، دیار بوو کاکم پێی ووتبوو بۆچی ئەچن !

هەمووی سەعاتێکی پێنەچوو لەباتی دوان سێ لاشەیان هێنایەوە ، سوارەو بایزو لاشەی زێڕنی جوانە مەرگی سەرو پرچ هەڵقرچاو ، کە

ئاگری جگەر هەڵی گرتبوو نیوەڕۆ خوێ دزیبوەوەو دابوویە ئـەو کیوانە نانی بردبوو بۆ سوارە پاش نیو سەعاتێ هێشتا لەخواردنەکـــــە نابنەوە کە وەختێ بەخۆیان ئەزانن هەر چوارلایان ئاگرە ●● هەرچەندە پەلە قاژێیان کردبوو هیچ دەرفەتیان نابێ ●● ئاگرەکە بێ ئامـــان بوو بوارەی نەدابوون ، بایز زۆرپێتەوو بەخۆوە بوو کەس بەدەنگ پیـــــا نەگەیشتبوو ، زێڕنیش هەر کە بەرایی‌ی خەڵکەکە دەرئەکەوێ لەسەر رانە سووتاوەکانی سوارە گیانی دەر ئەچێ ، سوارەش خۆی سەری بەقەد کەڵە شێرێ ئاو سابوو کە هینایانەوە چوومە سەری لەبن ساباتێکا رایان کێشابوو متێلێکی تەنکیان پیا دابوو هەموو لەشی وەك قەقنەسی لێ هاتبوو تا ئۆتۆمۆبیل « ئیسعاف » لەسلیمانی‌یەوە هات ئەمیش گیانی سپاردو دوای زێڕنی بەوەفای پەیمان پەروەر کەوت ئیتر هیچم پێ نەکرائەوە نەبی کەڕاست بگەرێمەوە بۆ شار پاش بینینی کوتایی‌ی ئەم کارەساتە بەڵام تائیستاش کەگۆیم لە شین‌و گریان ئەبێ باجی هەمینم بیر ئەکەوێتەوە کـە سەرتاپای لەقور گرتبو بەهەردو چەپۆك ئەی کێشا بەســــەری خۆیاو ئەی ووت :

– زاوا بەئامانج نەگەیشتبوەکەم ، کوڕە بەگزادە غەریبەکەم ،رۆڵە ، سوارەی ناو شێرە سوارانم خۆزگە هەر بێ سەرو شوێن بوویتایەو بریا نەهاتیتایەوە ●●

# ژمارە دووی «هیوا» لە تای تەرازوا

نووسینی : « س » سلیمانی

ئاواتێکی بەرزی کوردایەتیمـــــان بە دەرچوونی گۆفاری « هیوا » هاتەدی ، وە چاومان چاوەڕوانی هەوڵو تەقەلای بێوو چانێتی لە پێناوی خزمەتی ئەدەبو زمانی میلەتی کوردا جا بۆ ئەوەی جار لەجار بەرەو پێش‌تر بروات وام بەباش زانی کە ئەم ژمارەیەی بەروو بخەینـــــە تەرازووەوەو لەسەنگی محەکی بدەین •• وە ئەوەی هانم ئەدا بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە واتە جوانەکەی « هیوا » خویەتی کە لە ژمارە دوا ئەڵێ : « گوفاری هیوا خۆی زۆر بە بەختیـــــــار ئەزانێ کە هەر رەخنەو ئامۆژگارییێك بەبیری هەر دڵسۆزێکا بێت بۆمان بنووســـــیو ووریامان بکاتەوە » • جا بابێینە سەر ووتارەکانی ژمارە ( ٢ ) :

١ ـ فرمێسکێکی صلاح‌الدین •• وەرگێری مامۆستای زانا محمد مصطفی کوردی •

زۆر پەسندە سەر ووتاری گۆفارێکی کوردی ئاووردانەوەیێـــــکی مێژوویی‌بێ با بە شێوەی چیروکیش بێ خۆ یادی ( دڵنەرمیو پیاوەتیو لێبووردنو ساغیو جوامێری )و ئازایو قارەمانێکی کوردە کە ئەویش سوڵتان سەلاح‌الدینی ئەیوبیە • بێگومان چیرۆکەکە زۆر پڕ بەهرەیە وە

گۆرینەکەی مامۆستاش زۆر نایابو پڕ تامە ، بەڵام لیرەدا تەنیا دوو شتی پچکۆلەم بەر چاو کەوت کە بەرەخنە بژمێررێ •

أ ـ مامۆستا ئەشیا بینووسیایە محمد مصطفی کوردە ، چونـــکە کوردی نەسەبی عەرەبیە نەك هیی کورد •

ب ـ لەسەرەتاوە ئەڵێ : ( کزەی نەسیمی ) ، نەسیم عەرەبیـــە کوردیەکەی شەماڵە •

٣ ـ دینەوەریەکان ـ نووسینی مامۆستای میژونووس جەمیـــل بەندی رۆژبەیانی :

زۆر دلم خۆشبوو کە چاوم بە ناوی مامۆستا جمیل کەوت خۆشی ـ یەکەم دووخۆشی بوو :

أ ـ زانیم کە لەبەسرە نەماوەو لیمان نزیك تر بۆتەوە •

ب ـ ماوەیێك بوو هیچ دەنگی نەبوو پاش ( عیـــلی لەیاد کرانی گاوان ) چاكبوو واهەڵی دایەوە ، چونکە ئێمە پێویستمان بەنووسەری وادڵسۆزی ئازای زانای خاوەن بیرە •

٣ ـ زمانو شێوەکانی •• نووسینی مامۆستا ش • م •

بەراستی زۆر پیویستە کە زۆر زیاتریش هەوڵی دڵسۆزانە بدرێ بۆپێشخستنی زمانی کوردیو رێزمان دانان بۆی •• جارێ هەر ئەوەندە ئەڵێم لەسەر ئەم ووتارە چونکە کوتایی نەهاتوە •

٤ ـ فرمێسکی پەشیمانی •• نووسینی ماموستا مصطفی صالح کریم •

ماوەیێکی زۆرە کە بەرو دوا نووســــینی ئەم لاوە ئە خوێنمەوە لەرۆژنامەی ژینا جار لەجاری زیاتر رام ئەکێشی بەلای خۆیا ، بەتایبەتی ئەمە چەند مانگێکە بێ‌ووچان هەموو هەفتەیێـــك لەسەر دەردێکی کۆمەلایەتیمان ئەدوێ لە رۆژنامەی ( ژین ) خۆشەویستا لـەژێر ناوی ( لەو هەفتەوە بو ئەم هەفتە ) جگە لەو هەموو هەولو تەقەلایە کـــە بەنووسین ئەیدا بۆ پێش خستنی ئەدەبیاتو بۆ هان دانی چاپ کراوی کوردی • لەبەر ئەوە چاوە روانم ئەکرد کە یەکێ بێ لەنووسەرانی ( هیوا ) ، بەلام نای شارمەوە کە بلێم چاوەروانی چیرۆکم نە ئەکرد ، چونکە نەم ئەزانی کە تا ئەم رادەیە لەچیرۆك نووسینا پێش کەوتووە • کاتێ کەوتمە خوێندنەوەی ( فرمێسکی پەشـــیمانی ) زۆر دلخۆش‌و مەست‌بوم بەوەدارشتنە جوانە ، بە راستی چیرۆکێکی دەرچوو بوو ، چە لە ( شیواز = أسلوبیا ) وە چ لەگفتوگۆیا (حوار) •• تا لە خوێندنەوەی ئەبوویتەوە هەستت بە گەلێ « انفعالات » ئەکرد ، بەلام بەبیری من کوتای چیرۆکە کە لەسەر شێوەی چیرۆك‌نووسە ئەمەریکاییەکان بوو • جگە لەوەش زۆر بە ئەمانەت واتەی پالەوانەکانی خستبوە سەر کاغەز ، زۆر سەرسام بووم بەوەسفی سەر بەردەکەی ســــەر قەبران بەکورتی ، هەندێ راســــتی تیابوو وەك ئەلێن ( ابداعی ) بووکــــەئەلێ : « نەم ئەزانی بەراستی ئایا چرا لۆکسەکەیە لاواز بووەو بەرەو مردن

ئەروات یا چاوی ئیمەیە سۆمای داهاتووە »

٥ ــ دیوانی « هیوا » :

أ ــ ئاموژگاریەکەی مامۆستا هەوری زۆر بەجێ بوو ئیمەش لەگەڵیا داوا ئەکەین :

ــ هیوای هۆزی بەجێ ماو         لەرێ لانەدا قەت بەچاووراو ــ

ب ــ لاوی کوردەکەی کاك دڵزار پەسندە ، بەڵام ئەم قەوانە زۆر لێ‌درا پێ ویستمان بە نەختێ ( تطور ) گورین ، بەکەمێ ( ابداع ) هەیە نەك هەر لەسەر شتێ بڕۆین ، هەر چەندە دیارە کەس ( نکولی لاری ) لەوە نیە کە خوێندن پلەیێکی بەرزە بۆ پێشکەوتنی گەل •

ج ــ جوانە کوردستان •• هەر چەندە لەسەر شێوەی شیعری تازە دانرابوو بەڵام بەراستی ئەو تامەم لێ‌نەچێشت کە ئەبوایە تیابوایە ، واتە شیعرەکان ( سەرەتایی ابتدائی ) بووبێ ( خەبەری ) ئەگەر خەبەریش بوبێ لاوازبوو •

د ــ من رەشم •• دەك ئافرەم بو « کامەران » کە توانای ئەوەی هەبێ بیرو باوەری بوژێکی ئەمەریکی بکا بە کوردی بەهەڵبەست بەڵام چۆن هەڵبەستێ !!

بەپێی ئەم شیعرەی‌و گەلێ لەو شیعرانە کە لەرۆژنامەی ژینــــا ئەیخوێنمەوە ئەوە ئەگەیێنێ کە ــ کامەران ــ دوا رۆژێکی بەنرخی ببێ لەشیعری کوردیا • جگە لەوە شیعرە کانیشی تامی شـــــیعری گورانو

هەردیی ئەدات •• زۆرمان هیوا پێتە « کامەران » !

٦ ـ ژیانی خێزانی : ئەم بەشەی هیوام زۆر بەدل بوو ، چونکە بەراستی ژیانی خێزانیمان زۆر پەشیوە ، پێویست بە لێدانو لەسەر نووسین ئەکات •

٧ ـ پیاوانی نەمر : ئەمەشیان بەکەڵکە ، بەڵام بۆ لەسەر پیاوە نەمرەکانی کورد نەدوێین ئەوانەی دڵسۆزانە خزمەتی کوردیان کردووە بۆ جارێ بەوانەوە بنیشینەوە •

٨ ـ ڕێگای سەر کەوتن : نووسینی مامۆستا شاکر فتاح •

بێ گومان مامۆستای خاوەنی « گەورە پیاوان » و « شەبەنگە بەرۆژ » مامۆستای نووسەری « مودیربەگ » نووسەرێکی کۆمەلایەتی‌ی بەرزە ، هەموو کوردێکی دڵسۆز دڵی روون ئەبێتەوە کە چاوی بەنووسینەکانی مامۆستا شاکر ئەکەوێ •• بەتایبەتی کەلێرەدا ئەو ڕێگایانەمان پیشان ئەدا کە ئەبنە هۆی سەر کەوتنمان • تکامان وایە کە مامۆستای ناوبراو دریغیمان لێ نەکا لەنووسینە پر سوودەکانی چە لە رۆژنامەی ( ژین ) و چە لە گۆفاری ( هیوا ) و ( هەتاو ) ا •

٩ ـ لێکوڵینەوە •• رووناك محمد •• نووسینی کامل ژیر •

من لاریم لەوەنیە کە لەم گۆشەیەدا لە شاعیرەکان مان بدۆینو باسی شیعرەکانیان بکەینو بەووردی لەبێژنگیان بدەینو تەتەڵەیان کەین •

بەڵام ئەوەی لاریم لێی هەیە ئەبوایە کاك ژیر جارێ خوشکە روناکی نەکردایە بە چەپکە گوڵی دەستی ( لەگەڵ رێزگرتنم بۆخوشکە رووناك محمدو تقدیرم بۆ ئەو شیعرە بەرزانەی دراوەتە پاڵ ئەو ) کاك ژیر ! ئایا لەباســـــی شـــیعری مەولەویو ئەحمـــــەدی خانیو بابا تایەری هەمەوانیو سالمو نالیو کوردیو پیرەمێردو حەمدیو زیوەرو دلدارو بێکەسو گۆرانو سەلامو هەردیو شیخ نوریو کامەرانو هەوریو دیلانو شار بازیری بوویتەوە تا نۆرەش بێتە سەر خوشکە ( رووناك ) بێگومان بەهەڵەچووی لەهەڵبژاردنە کەتا • چونکە جارێ ساغ نەبۆتەوە ئەو شیعرانە بەتەواوی هیی کێیە ؟

١٠ – بەشی تەندورستی •• سكچوون •• نووسینی دکتور نامق نادر

زۆر پێویستە کە پزیشکە کوردەکان مان بەزمانی خۆمان ناو بەناو هەندێ لەبابەت نەخۆشیە درمە ترسناکە کانەوە بدوێن تا بەشی زۆری میلەت شارەزای ئەو نەخۆشیانە بېێو خۆیان لێ بپارێزێ •

١١ – کشتو کاڵ •• نووسینی کاك عثمان رضا علی •

هەر چەندە داخی گرانم لای ئێمە بەشی هەرە زۆری جووتیـــارو وەرزێرە کانمان نەخویندەوارنو ئەم جۆرە نووسینەیان بەر چـــــاو ناکەوێ !•• بەڵام لێدوانو نووسین لەم بابەتەوە هەر باشەو ســـــوود بەخشــــــە •

١٢ – چیرۆکی ژمارە •• گواستنەوەی بووکێ •• گۆرینی مامۆستا ع •

ئەگەر بەهەڵە نەچووبم ئیمساڵ چەند ووتارێـــكم لەژێر ئەم ناوەدا خوێندەوە لەرۆژنامەی ژینا ، ئەوەی ئەگەیان کە نووسەرەکەی جۆورە زەوقێکی تایبەتیّ هەبیّ ، بەڵام با لێرەدا بوەستین ، پێش ئەوەی لە چیرۆکە کە بدوێیم با لە مامۆستا ـ ع ـ بپرسم بۆچی ئەو مامۆستایە ئەنیّ بەخۆیەوە، جاری ئەگەر بڵی : چونکە « معلم » ، ئەبیّ ئەوە بزنین مامۆستا کە خرایە پێش ناوەوە مانای ـ معلم ـ نابەخشیّ بەڵکو بەمانا ( استاذ ) یەت ، جـا چۆن رەوایە ئینسان خۆی بەخۆی بڵیّ ( استاذ ) با استاذیش بیّ ، جا پاش ئەم دەمەتەقیّیە با بیینە سەر چیرۆکە کە •• کە ( شێوەیێـــکی جوانی خۆبەخت کردنی تیایە لە پیناوی کۆمەڵا ) جگە لەوەش جوان وەرگیراوە بەڵام خۆزگە دەستکاری بکرایە بام ئەو ناوە دورو دریژانەی تیا نەمایە بەڵام بەراستی چەند هەڵویستەیێکی نایابم تیا بەدی کرد وەك دواخستنی بووك گواستنەوەکە ، هاوبەش بوونی کچەکە لەپۆلی مەشـــق کردنا ، دەرهێنانی گالیسکەکە لەقوراوە کەدا ، راونانی سیخورەکەو گازگرتنی لە گۆیچکەی کورە ••

ئەمەبوو هیوای ئەم جارەی دیارە کە هەموو کوردێکی دڵسۆز هیوای یە ( هیوا ) یە تەنانەت مناڵە کانیش لەکوردستان بەدەم ( دڵداری ) جوانە مەرگەوە ئەڵێن :

مناڵی « هیوا » کوڵەکەی دڵان      تازە غونچەکەی نێو باخی گوڵان

پشت بەیەزدان جار بۆ جار هەنگاوی باشتر ئەهێنی بەرەو پێشکەوتن و یە هیوا گەیشتن •

٧

# قەڵەوی

دکتور قادر شالی

هێشـــــتا زۆر کەس لەوباوەڕەدان کە گوایا قەڵەوی نیشــــانەی تەندروستیو لەش ساغیە ، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم باوەڕەوە لەم دوایەدا بەتەواوی دەرکەوتووە کە قەڵەوی نەك تەنها زیانی هەیە بەڵکو مەترسیشی لێ ئەکرێت •

هۆی قەڵەوی زۆرە ، هەرچەندە بەدەگمەن لەوانەی قەڵەون دان بەوەدا ئەنێن کە قەڵەویەکەیان لەزۆر خواردنەوەیە بەلکو هۆکـــــەی ئەخەنە سەر (ئامادەبوونێکی = أستعدادیکی) وەراثی • راستە أستعدادی وەراثی ، تێك‌چوونی هۆرمۆناتی ناو لەش‌و زۆر خواردنەوەی مشروبات ئەبنە هۆی قەڵەوی بەڵام بەزۆری لەزۆر خواردن وە بەتایبەتی خواردنی شیرینی‌و چەوری وەکەم بزووتنەوەوە ئەبێت •

**چ کاتیك پیاو بە قەڵەو ئەژمێررێت ؟**

هێشتا ئەندازەیێکی جێ‌گیری ( مقیاسیکی ثابت ) وەها دانەنراوە کەببێتە ئەوەی ئەگەر یەکێك لەو رادەیە دەرچوو پێی‌بلێن قەڵەو ، بەڵام ئەوەی ئیستە أعتباری پێ ئەکرێت‌و لەسەری ئەڕۆن ئەوەیە ئەو کەسەی

پێوانی دەوری (محیطی) سکی لەهیی سنگی زیاتر بێت بەقەڵەو ئەژمێرێت هەرچەندە شرکەتەکانی تأمینی ژیان لەسەر ئەم ئەندازەیەش نارۆن بەڵکو ئەوان لەسەر بەراوورد کردنی قورساییو باڵاو تەمەنو رەگەز ( جنس ) ئەرۆن ، وەئەبێ بزانین کە ئەم شرکەتانە پیاوی قەڵەو بەباش نایەتە بەر چاویان معامەلەیێکی جیاوازیان لەگەڵا ئەکەن •

## زیانو مەترسی قەڵەوی

پیاوی قەڵەو ئامادەیە بۆتووشبوونی نەخوشیی شەکر ، داگیرسانی زراو ، وە پەیدابوونی بەردلەناویا ، رۆماتیزمی جمگەکانو پۆنـــگ خواردنەوەی خۆین لەوەریدەکانا ( فاریکوسیل ) • هەروەها عملیات کردنی قەڵەو بەتایبەتی عملیاتی ناوسك گرانو مەترسیی زورە • دووبارە نەخوشیی دڵ ، قصباتی مزمن ، بەرزبوونەوەی ( پاڵەپەستو = ضغطی ) خۆین ، زۆر نزیکە لەپیاوی قەڵەوەوە •

وەنەخۆشیە توندەکان وەکو ذات الرئة زۆر بەتینو کاری گەرترە لەقەڵەوا • وەئەشێ بیزانین کەقەڵەوی ئینسان تەمەڵو بێ توانا ئەکاتو لەئیشو کاریا دوای ئەخات جگە لەوە کەوا شێوەشی تێك ئەدا •

چارەکردنو خۆ لێ پاراســـــتنی هەر وەکو باســمانکرد زۆری قەڵـــەوی لەزۆر خواردن وەبەتایبـــەتی خواردنی شــــیرینیو چەوری و بزووتنـــــەوە ئەبێ ، ئنجا لەبەرئەوە پێویستە ئەوانەی قەڵەون بەیەكجاری واز لەخواردنی چەوریو شیرینی

بێنن وەکو شەکر ، برنج مرەبا ، پەتاتە ، رۆن ، معکرونی ، چکلێت ، خواردنی سۆیر وە مشروبات • بەڵام ئەتوانێ چاو قاوەی تاڵ وەیاخود سکرین بەکاربێنێت لەجیاتی شەکر ، هێلکە ، گۆشت ، ماسی ، میوە ، سەوزە ، شۆربای روون ، پەنیر ، ماست وەنان کەم بخوات • وەئاو خواردنەوە لەگەڵ خواردنا باش نیە بەڵکو لەدواییا چەند ئارەزوو ئەکات ئەتوانێ بخواتەوە •

جولانەوە ، وەرزش کردن بۆ خۆلێ پاراستن کەڵکی زۆر ترە وەك بۆ لابردنی قەڵەوی ، چونکە پیاوی قەڵەو توانای وەرزشی کەم ئەبێتەوە ، وە ئەش بێ بەجۆرێك بێت کەماندوی نەکاە وە بۆلابردنی ئەو قەڵەویانەی لەتێك چوونی هۆرمۆناتەوەیە پێویستە لەژێر چاودێریی پزیشـــکا بەپێی خۆی چارەی بۆدابنرێت •

ئەگەر پەیرەویی ئەو ئامۆژگاریانە بکرێت لەهەفتەی ٢ـ٣ پاون لەقورسایی‌ی کەم ئەبێتەوە •

وەئەشبێ بزانین کـــەلاواز بوون بەکوتوپری زیانی زیاترە وەك لەکەڵـــکی •

---

**تکای لێ بوردن**

**لەدیوانی هیوادا ناوی دوو بۆیژ نەنووسراوە خاوەنی موسیقا ، کاك‌پیناو وە خاوەنی شعری‌جوانی کاك شارە زایە لەکۆیەوە ناردوویە •**

# هیواو خوێندەوارانی :ـ

زۆر سوپاس بۆ ئەو خوێندەوارانەی کە بە دڵێکی پاکەوە پشتیان گرتوین‌و لاپەرەکانی ئەم گۆڤارەیان بە هەمو جۆرە باسێکی پڕ سوود رازانوتەوە ، ئیمەیش کە لیژنەی هەڵبژردنی نوسینەکانتانین ئەبێ لەپێش هەموو شتێکدا دڵنیابن لەوەی بێ لایەن‌گیری هەمو جۆرە نوســـــینێکی کوردی کە بزانری بە کەڵکەو بۆاری بڵاو کردنەوەی ئەدرێ بە نۆرە بڵاو ئەکرێتەوە ، وە تا لە توانامانا بێت بە هیچ جورێك ناهێڵین هیچ برایێکمان لێمان زیز بێت •

تا ئێســــــتا چەند پێشنیارێك‌مان پێ گەیشتووە هەر کـــــامەی سوودی گشـــــتی تیـــا بوبێ لە کاتی خویا بە پێی توانا هێنراوەتە جێ ، ئەمجـــاره زۆر لە خوێندەوارە خوشــــــەویستەکان داوایان کردبو کـــــــە لاپەڕەیەکی گۆڤارەکە تەرخان بکرێت بۆ بەشـــــی هیواو خوێندەوارانی ئەوا هێنرایە جێ لەمە بەدواوە هەر پرسیارێکتان هەیە بیکەن وەلامتان ئەدەینەوە •

برای کوردی خوشەویست بێ‌گومان ئەزانیت کە ئەم گۆڤارە بە چ هەوڵو تەقەلایەك دەست کەوتووە ، وە بە چ ئەرکێك پێك دێت وە ئێمەی نەگبەتیش لە چ رۆژێکی رەش‌داین کەچی بە پێچەوانەوە هەندێ

بێ وجدان دەستیان کردووە بە وورتە وورتو قسەی پڕوپوچ کە گوایا لایەنگیریمان کردووە وەنوسراو بە شێوەی بادینـــانیو فەیلی بڵاو ناکەینەوە !! بام ئەو کەسانە کە لە ( یەك دوویەك پتر نیین ) باش بزانن کە ئێمە هیچ جیاوازیك نا بینین لە بەینی هیچ کورد زمانیکا وە تا ئێستا هیچ نوسراوێکمان بەم دوو شێوەیە بۆ نەهاتووە تاکو بزانن بڵاوی ئەکەینەوە یان نەء ؟ ئەوانەی ئەم تۆوی دوو بەرەکێتیە لەناو نەتەوەی کوردا ئەچێنن بێ گومان ناپاکنو مەبەسیان روخاندنەو هیچی‌تر ئەگینا توخوا ئەمرۆ رۆژی ئەمەیە ؟

---

تکا لە خاوەن کتێبخانەکان ئەکەین ئەوانەی گۆڤاری هیوایان بۆناچیت ئەگەر ئەیانەوێ بە باوەڕپیکراو بناسرین بۆمان بنوســـن ٢٠٪ی هی فروشیارە • وەپێویســـــتە لەدوای پانزەی مانگ هەموجاریك چەن گۆڤاری هیوا فروشراوە وەچەن ئەمینیتەوە بۆمان نبوسن تاوەکو بەبێی پێویست ژمارەی گۆڤاری هیوایان بوبنیرین •

لیژنەی ئیدارە

# چیرۆکی ژماره ٧

# دڵسۆزی نەمر

نوسینی سلیمانی: مامۆستا ع

دەمە دەمی بەرە بەیانی چلەی زستانی سالێکی سەخت بوو ، کولووە بەفرەکان بەبێ دەنگ ئەهاتنە خوارەوەو ئەنیشتنە سەر یەك کۆلانەکانی ناو دێ پربووبوو لەبەفر کەس بۆی نە ئەکرا ماڵەوماڵ بکات ، نادوێ کش‌ومات جریوەی باڵندەشی لێ نەئەهات ، هەر کەس لەماڵی خۆیا کرێوەو ساردو سەرمای زستانی کردبوو بەسەر باری خەم‌و خەفەتەکانی تری‌و لەسەر حەسیرێ بەرە شرێك لەگو ئاگر دانەکـــەیان خەوی لێ‌کەوتبوو • تاقە خێزانێك نەبێت لەخانوێکی کەل‌و کۆم‌و داروخاوا بوون لەژوور ئاواییەوە ، تەنیا ژن‌و مێردێك بوون لەگەڵ پێریژنێـــکی خزمیان‌کە ئەو ئێوارەێیە هاتبوو ، تەنهـــا ئەو خێزانە نەنووستبوون لەدوورەوە تروسکەی قوتیلکەی ژوورەکەیان دیاربوو •

مام رەسوڵ ریشی ماش‌و برنج بووبوو بەتەمەن لەدەورو بەری پەنجا ساڵیا بوو بەڵام بەدیمەن لەپیاوێکی پیری شەست ساڵە ئەچوو ، لەژوورێکا بەجیاواز بەدیار سێ ، چوار کەڵە پشکۆ ئاگرەوە دەستەو ئەژنۆ لەسەر حەسیرێك دانیشتبوو ، خێراخێرا سەبیلەکەی تێ ئەکردو مژی لێ‌ئەدا

چاوشی بریبوە کلاو رۆژنەی ژوورەکە هـــــەر وەکو چاوە نواری شتێك‌بێت • هەرکە سەبیلەکەی ئەبرایەوە گورج فتی ئەکردو دووبارە تێی ئەکردەوە ، جارو باریش هەڵ ئەسا بێ‌دەنگ‌و زۆر بەهێواشـــیو لەسەر نووکی پەنجە ئەچوو گوێ ئەنا بەدیواری بەینی ژووری ئەو دیوەوە کە خێزانیو پیرێژنەکەی خزمیانی لێیە ، بەڵام بێ سوودبوو گوێ لەهیچ نەئەبو ناچار ئەهاتەوە ئەملاوەو دەستی هەڵ ئەبری بۆ بەرەو ژوورو وورتە وورتێکی لێوە ئەهات ئەمجا تاوێك دەستی ئەکرد بەهاتو چۆکردن بەناو ژوورەکەدا تا ماندوو ئەبوو ، لە کاتێکا کـــە دانیشتبوو سەبیلەکەی فتکردو ویستی سەر لە نوێ تێی کـــــاتەوە کەدەستی دایە کیسە توتنەکەی روانی توتنی تیا نەماوە ئیتر یەك‌جارە دۆش داما کیسە توتنەکەی دانایەوەو دەستی دایەچڵی چیلکە ئاگری ناو ئاگردانەکەی تێك وەردا ، قاچێکی نایە ئەم بەری ئاگردانەکەو قاچێکی نایە ئەو بەریو سەری بە سەرا شۆڕ کردەوەو کەوتە ناوگۆمی بێ‌بنی بیرکردنەوە ، وە هەرتاوە نەتاوێکش هەناسەیێکی هەڵ‌ئەکیشا تاوای لێ‌هات خەو زیفی لێســـــــــەندو کەوتە وەنەوزە کوتێ یەك دوو جار وەخت‌بوو بکەوێت بەسەر ئاگردانەکەدا ، لەپرا دەنگێك لەودیوە وە بەرزبوەوە ( انگا ••• انگا ••• انگا ••• ) دەنگی ساوایێك بوو کە ئەوە یەکەم هاواری بوو لە دنیادا ، مام رەسوڵ لەو دەنگە رابەری گورج هەڵسایە سەرپێ هەر وەکو قەت خەوالۆ نەبووبێت خێرا دەســــــتی بەرزکردەوە بۆ بەرەو ژورو لەبەر خۆیەوە ئەی ووت :

**– خوا نەی بری ••• خوابەزیادی نەزانیت ، وا عومرم گەیشتە** پەنجا لەدوانزە هیچم بۆ نەمایەوە ، خۆزگە ئەمەیانت پیرەوا ئەبینیم ،

هێشتا هەر دەستی بەئاسمانەوەبوو ئەپارایەوەو نزای ئەکرد فرمێسکی گەرمی خۆشی تك‌تك بەسەر ریشەکەیا ئەهاتە خوارەوە کەلەو دیوەوە دنگێك هاتە بەر گوێ بانگی ئەکرد :

ـ مام رەسوڵ ، مام رەسوڵ .

ـ بەلی نەنەحەبێ مزگینیم بەرێ .

ـ وەرە ئەم دیو وا شوکر خوا کورێکی دانێ ، یا خوا بەم ئاخری عومرەتانەوە لەپاڵیا بحەسێنەوە . مام رەسوڵ چووە ئەو دیو سەیرێکی کورپەکەی کردو ماچێکی کرد ئەوسا رووی کردە نەنەحەبێ ووتی :

ـ سەد هەزار جار شوکر خوایە ... ئۆخەی خوای گەورە ، تاوێ‌دۆش داماو لەپرا سەری هەڵ بریو ووتی :

ـ شەرت بێ لەسەر فەرمایشی مامۆستا مەلا عەزیز ناوی ئەنێم ( دلسۆز ) چونکە دوو سێ مانگ لەمەو بەر فەرمووی ئەگەر کور بوو ناوی ئەنێین ( دلسۆز ) ئەگەر کچیش‌بوو ناوی ئەنێین (کۆیستان) .

دنیا بەتەواوی رووناك بووەوە مام رەسوڵ چوو بۆ مزگەوت کە ئەو هاتەوە نەنەحەبێ رۆیشتەوە سەرێك لەماڵی خۆیان بدا ، لەناو دێدا دەنگ بڵاو بووەوە خزمو خوێش لێیان کۆبوونەوە پیرۆزباییان لێ ئەکردن ، مام رەسوڵو خێزانی لەخۆشیانا پێیان نەئەکەوتە سەر زەوی .

مناڵ سیانزەی چوو مام رەسوڵ بۆ ئێوارە مامۆستا مەلا عزیزی بانگ کردەوە ، شەوێ مامۆستا لەسەر قسەی پێشووی خۆی بانگی بەگوێ مناڵەکەدا داو ناوی نا ( دڵسۆز ) ، ئەمجا رووی‌کردە مام رەسوڵو ووتی :

– ئومێد ئەکەم بۆتان بمێنێو دڵســـــــۆز بێت بەرامبەر بەئێوەو وولاتو گەل •

ساڵ هاتو رۆی دڵسۆز گەورەبوو لەبەرئەوەی تاقانەبو باوکی دڵی نەئەهات هیچ ئیشی پێ بکات ، ناسۆری نەخوێندەواری‌ی خۆشی زۆر لە دڵا بوو لەبەر ئەوە ناردیە لای مامۆستا مەلا عـــەزیز بۆ ئەوەی فێری خوێندەواری بێت ، مەلا زۆر باش ئەی‌زانی کەمام رەسول دەستی زۆر کورتە لەبەر ئەوە خۆی دەفتەرێکو قەلەمێکی دابویە •

هەموو رۆژێك ( دڵسۆز ) بەیانی دوای چا خواردنەوە ئەچوو بۆ مزگەوت بۆلای مامۆستا لە ( حوجر ) ە لەسووچێکا بێ دەنگ دائەنیشت تانۆرەی ئەهاتە سەرو مامۆستای بانگی ئەکرد دەرسەکەی بخوێنێ کە لێ ئەبوەوە ئەچوەوە جێگەی خۆی بۆ مەشق کردن •

خووو رەووشتو هەلسو کەوتی ( دڵسۆز ) هەر لەیەکەم رۆژەوە سەرنجی مامۆستای راکێشابوو رۆژ بەرۆژ زیاتر ئەچوە دڵیەوە تائەوەندە خۆشەویست بوو لای ئەگەر رۆژێك دیار نەبوایە خۆی ئەچوو بۆ هەواڵ پرسینی ، بێجگە لەدەرسی ( قورئانو ئایین ) دەرسی کوردیشی بەتایەبەتی پێ ئەووت پەیتا پەیتا گۆڤارو رۆژنامـــــەو نامیلکەی کوردی ئەدایە بۆ خوێندنەوە • لە تەمەنی دەساڵیا بەباشی فێری خوێندنو نووسینی کوردی بوو ، هەموو رۆژێ دوای ئەوەی لەماڵەوە لە پیا چوونەوەی دەرسەکانی ئەبوە وە هەرکاتێـــــك بێ ئیش بوایە خەریکی خوێندنەوەی چـــــەند لاپەرەیێك کوردی ئەبوو ، مامۆستای هەر ئامۆژگاری‌یێکی بکردایە لێ‌ی دەر نەئەچو •

( دڵسۆز ) هەر لەسەرەتاوە زیرەکی‌ی تیا دیار بوو ، وە ئارەزووی

له ( هەڵبەست ) بوو بۆیە لە تەمەنی دوانزە ساڵانەوە جارو بار چەند دێڕێکی ڕێك ئەخستو پیشانی مامۆستای ئەدا ، مامۆستانی چونـــــکە حەزی لەوێژەبوو زۆری پێخۆش بوو کەئەیدی وا (دڵسۆز) خەریکی هەڵبەست دانانە ، لەبەرئەوە هەموو جارێك کەهەڵ بەستێکی پیشـــان ئەدا ئەی خوێندەوەو بەپێی توانای بیرو باوەری خۆی پیشان ئەدا ، هانی ئەدا بۆئەوەی جارێکی تر باشتری بڵێت بەم جۆرە وای لێ هات لەتەمەنی حەفدە ساڵیا بوێژێ بوو کە مامۆستای زۆر بەشانازیەوە لەدیواخانی ئاغا ناوی ئەهێنا ، جاروباریش پارچەیە لەهەڵ بەستەکانی بۆ دانیشـــتوانی دیواخان ئەخوێندە .

مامۆستا خاوەنی دڵو دەروونێکی پاكبوو بەزەیی بەهەژارو لێقەوماوا ئەهاتەوە قینی لەزۆردارو تاوان کەربوو .

دڵسۆزیش ئێشو ئازاری هەژاری زۆر لەدڵابوو ، حەفدە ساڵ تەمەنی بوو لەوەتەی فامی کردبوەوە روژێك نەی دیبوو باوکی ئیش نەکات مەگەر بارانو توفو سەرما ڕێگەی نەدابێت ، کەچی ئەو تاکــە بەرەشرو لبادە کۆنەی هەیانبوو هەر ئەوەبو ، لەنانی جۆو جلی پیناویو شوربای ساوەرو دۆینە بەولاوە زیاتریان نەبوو ، زۆریشی خوێندبوەوە تێگەیشتبوو کە ئەمە مانای ژیان نیە وە ژیان نابێ وابێت ، بۆچی ئەبێ ئاغا ئیش نەکاو کەچی خاوەنی زەویو زارو کۆشكو بەرەو دیواخان وە نۆکەرو کارەکەر بێ ، کەچی لادێیەکانیش رەمەکی وەك هەنگ وەستانیان نەبێت لەگەڵ ئەوەشا رۆژێك زەردە خەنەیێکی خۆشـــــی نەکەوێتە سەرلیۆیان ، جارێك تێر سکی خۆیان نەخۆن ، یان هیچ نەبێت نەنوانن لەتفو جنیوو بێگارو رووتانەوەی ئاغا رزگاریان بێت ، بۆیە

هەڵبەستەکانی هەمووی هەرباسی ئەم کەم و کووری و دەر دەسەریانەی ناو کۆمەڵی ئەکرد (دەرەبەگ ، سزا ، ژیانی کویلەیێتی ، شوان ...،..) ناوی هەڵبەستەکانی بو ، لەبەرئەوە وەکو خەڵکی دێ لەناو خۆیانا باسیان ئەکرد مەلا زۆری خۆش ئەویست و لەکورەکانی خۆی زیاتر رێـــزی ئەگـــرت .

مام رەسوڵ گەیشبوە پاییزی تەمەنی و لەخەزانابو پشتی بەســـەر دەستە دووی جووتا چەمابووەوە بەدەیان هەوجارِی کون کردبوو ناوسکی زەوی پێهەڵدرِی بوون بێ ئەوەی هیچ بەهیچ بکات ، وائیستا لاوازو پیرو زەبوون کەوتووە هەناسەی گەرمی سووتینەر هەڵ ئەکێشێ .

ئێوارەیێك هەر وەکو هەموو ئێوارەکانی تر لەجووت گەرایەوە بەڵام ئەم جارە وەکو جارانی پێشو بەپێ نەئەگەرایەوە چونکە لە پێ کەوتبوو ناچار سواری گۆی درێژە کەیان بووبوو هەر ئەوەندە گەیشتەماڵەوە خۆی دا بەزەویدا ، هەرچەند دڵسۆز بە دەوریا هـــات بەڵام وورتەی لەدەم نەهاتەدەرەوە ، تانزیك نۆیژی خەوتنان هۆشی هاتەوە سەرخۆی کەچاوی هەڵبری روانی واخیزانی دڵسۆز بەماتی لەدەوری دانیشتبوون، رووی کردە دڵسۆز ووتی :

ـ رۆڵە ، کورە خۆشەویستە تاقانەکەم ، من ئیتر پەکم کەوتووە زۆرم کرد هیچم بەهیچ نەکرد شەست ساڵە تاوێ نەسرەوتوم هەر کردو کۆششی من بوو بردەی یەکێکی کەبوو .. ئاخ .. رۆڵە هەزار ئاخ ، رۆڵە خۆشەویستەکەم ، ئەوپارچە زەویەی تووە گەورەکەی تیایە لەگەڵ کارێزەکەی ناوی هی ئێمەیە بائیستا بەناو هی ئێمـــەش نەبێت بەڵام هەربیزانە ، گۆیت لێیە هەر دوو چاووم .

ـ بەڵێ باوکی بەنرخم •

ـ سەرت ببرن دەست لەحەقی خۆت هەڵ نەگریت •• دوستو دوژمنی خۆت بناسە رێزی ( حرمتی ) دۆستت بگرەو نەکەی ماستاو لەبەر دوژمنتا بکەیت ••• هەژارانت خۆش بوێت ••• تا ئەو رۆژەی ئەمریت ئەو چاکەیەی ماموٚستا مەلا عزیز لەگەڵ توٚی کرد لەبـــیرت نەچێتەوە •

ـ قسەکانت بەجێیە باوکە گیان •

ـ کوڕەکەم ، هەرچەندە یەك دووساڵە ووردە ووردە یارمەتیت داووم بەڵام ئیتر وا بەجارێ پەکم کەوت توٚش ئارەزووی خوٚتە •

کە مام رەسوڵ لەقسەکردن بووەوە دڵسوٚز سەری هەڵبڕی روانی دایکی وافرمێسك ئەڕێژێ ، بە حەپەساویو دەنگیکی نەرمەوە ووتی :

ـ دایە •• دایە گیان •

ـ گیانی دایە •

ـ ئەوە بوٚچی ئەگریت •

ـ روٚڵە سەیری باوکت کە بەخوا پەکی کەوتوە •

ـ دەسە ڵاتچیە ••! دایەگیان مردن لەدەسەلاتی کەسانیە بەڵام من ئەم ویست ئیستا هیچ نەبێت وەکو پیرو پەك کەوتەیە تێرو پوٚشتە بوایە ، بەڵام ئا لەم روٚژەداو تێریو پوٚشتەییو ئێمە ••!؟

دڵسوٚز بەجارێ وازی لەخوێندن هانی و کەوتە ئیش‌کردن هەموو ئاواتی ئەوەبوو کەمێك باری گرانی ژیان لەسەر شانی دایكو باوکی سووك کات هوٚی هەژاریو سەختیی ژیان لەئاوەڵەکانی بگەیەنێت • شەو لەچاپخانە پچکوٚلەکەی دێ دائەنیشتن جاروبار یەك دووپارچــــە

لەهەڵبەستە کانی خۆی بۆ ئەخۆیندنەوە ، هەندێ شەویش باس هــەر باسی زەوی‌و زارو مولکانەو تسویەبو •

بەم جورە سالێکی رابوارد وای لێ هاتبو گەنجانی دێ بەشی زۆری هەڵبەستەکانی دڵسۆزیان لەبەر کردبوو ،بە دەم جووت‌و دروێنەو گێرەوە ئەیان ووتەوە •

پیاوانی ئاغا لەرووی ساویلکە ییەوە هەموو دەنگ‌و باســـێکی چاپخانەکەیان بوئاغا ئەگیرایەوە ئاغا لەمە زۆر پەست بووبوو هەرپیشی ئەخواردەوە •

ئێوارەیێك مام رەسوڵ و خێزانی‌و دڵســـــۆزی کوڕی سێ‌بەسێ دانیشتبوون نانیان ئەخوارد لەناکاو یەکێك خوێ کرد بەژوورا تومەز حمەی پیاوی ئاغایە •

– حمە فەرموو دانیشە نانمان لەگەڵ بخۆ •

– خوا سەلامەتت کات دڵسۆز •

– ئەوە خێرە وا بەم تەنگی بانگی شێوانە هاتوویت ؟ ئاخر دەوەرە دانیشە بەپێوە رامەوەستە !

– بەسەری تۆیێم ناکر یت دانیشم ئاغا ئەی ووت ئەگەر بەزەحمەتی نازانێت تادیواخان بێت •

– خێرە ! ئاغا منی بۆچیە ، کەی من هاتومەتەدیواخانی‌ئاغا •

– بڵێم‌چی بەسەری تۆ نازانم بۆچی بانگت ئەکات •

– باشە راوەستە واهاتم •

هێشتا باوك‌و دایکی لەنان خواردن نەبووبوونەوە کەدڵسۆز دەستی لەنان خواردن هەڵگرت‌و لەگەڵ حمەی بیاوی ئاغادا رۆیی کـــــــە

گەیشتنە ماڵی ئاغا ، دڵسۆز چوە دیواخان ، حمە خۆی چوەوە دیوی خێزان خەبەری دابەئاغا ، لەباش تاوێك ئاغا هاتە دیواخان بەرووییێـکی خۆشەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی دڵسوزی کردو ووتی :

ـ دڵسۆز ئەڵێن باوکت نەخۆشە ئێستا چۆنە ؟

ـ بڵێمچی ، ئاغا بەخوا رۆژ بەرۆژ خراپتر ئەبێت ٠

ـ ئینشاالله چاك ئەبێت ٠

ـ بەخوا زەحمەتە ٠

ـ بۆچی ؟!

ـ چونکە کە پیری‌و هەژاری‌و نەخۆشی کەوتنـــە یەك ئیتر ژیان زەحمەتە ٠

ـ جا رۆڵە خۆ ئێوە هەمووتان سێ کەسن بۆچی هەژارن ، گوایە تۆ ناتوانیت دوو کەس بەخێوکەیت ، بڕوابکە لای هەرکەسێ ئەم قسەیە بکەیت هەر بەکێوتا ئەکات ٠

ـ نەخێر ئاغا وانیە کەس گاڵتەم پێ ناکـــــاو بەکێویشما ناکات چونکە هەموو خەڵکی دێ ئەزانن هەچی‌ی ئێستا من پەیای ئەکەم بەشی موڵکانەکە ناکات ٠

ـ وابزانم تۆ زەوی‌ی ( تووە گەورە ) ئەکێڵیت ٠

ـ بەڵێ ٠

ـ مادام موڵکی منت بەدەستەوەیەو موڵـــکانە بەمن ئەدەیت گۆی مەدەرێ کارنیە خوا چاکی نەکات ، ئەگەر تۆپیاو بیت من یارمـــەتیت ئـــــەدەم ٠

ـ بۆچی ئاغا ئیستە من پیاونیم ؟

ـ تۆ بۆ ئەوەندە گەوجیت پیاو وەکو باوکت ئەبێت ئەگەر راست ئەکەیت بچورەوە سەرباوکت •

ـ بەڵێ‌چوومەتەوە سەر باوکم بەڵام من نامەوێت وەکو باوکم بەناسورەوە سەربنێمەوە •

ـ ناسۆری چی !؟

ـ ناسۆری ئەوەی (٦٠) ساڵە ئەچەوسێتەوە جارێك تێر سکی خۆی نەخوارد ، دەستە جلکێکی باشی لەبەرنەکرد •

ـ رۆڵە ئەم دنیایە هەر وابوەو هەر واش ئەبێت ، تۆ بۆ دەست لەکاری خوا ئەدەیت ، هەڵبەت شانی باوکت هەر ئەوەندە هەڵ ئەگرێت •

ـ ئاغا من دەستم لەکاری خوا نەداوەو دەستیشی لێ نادەم بەڵام دڵنیاشم کە خوای گەورە زوڵم لەکەس ناکات ، بۆچی بەهەزارانی وەکو باوکم ئەبی رووتو رەجاڵو برسیو زۆر لێ‌کراوبن بۆ ئەوەی چەندکەسانێك لەسای سێبەرا بحەوێنەوە •

ـ ئێستا رۆڵە تۆ واز لەم قسانە بێنە تۆ ناتەوێ تێرو پۆشتە بیت ،وەرە لای من کارێکی وا ئەکەم هەرچۆنی ئارەزوو بکەیت وابیت ، شەرت بێ نایەڵم ساڵ تێ‌وەرگەرێتەوە ژنیشت بۆ دێنم •

ـ بێمە لای تۆچی بکەم ؟

ـ بۆ خۆت هەر لەدیواخان دانیشەو ، هەرچی دەفتەرو حساباتیشم هەیە ئەی دەمە دەستت ، تۆش دەم بەدوعابە بۆئاغای خۆتو لەگەڵ هەتیو مەتیوی ناودێش ئەوەند هەڵ مەسەو دامەنیشە ، هەموو تەمەڵو تەوزەلو ئیش نەکەرن بۆیە وا دەست‌کورتن ئەگینا درویە ئەوی ئیش

بکات دەست کورت نابێت •

ـ ئاغا من نۆکەریی ناکەمو نامەوێت کەسیش ژنم بۆبێنێت ئەگەر من ئەوی پەیای ئەکەم خۆم بیخۆم هەژاریش نابمو ژنیش دێنم ، بەڵام کێ ئەی کاو کێ ئەی خوا !

ـ هەی خۆیڕی بۆ سواڵکەری وەکو ئێوە هیچتان هەیە تا خەڵك لیتان بسێنی ، ئەی عەمری هەزار خۆندەواری وەکو تۆنەمێنی •

ـ ئاغا جاری تۆ وازوو خۆت زویر مەکەو هەڵمەچۆ با من قسەکانم تەواوکەم ، دڵنیابە جگە لەوەی نۆکەریی ناکەم ، وەژنی کەسیشـــم ناوێت ، هیچ کاتێك ئەگەر زمانیشم ببرن بەزمانما نایەت بەشانو باهووی کەسا هەڵ دەم نەك بۆ پارە •• نان •• خانو •• ژن بەڵکو بۆ خۆ رزگار کردن لەمردنیش ، من ئینسانێکم خاوەن هۆشو بیر ئەوەی هەســـتی پێئەکەمو ئەزانم نارەوایە لەملیشم بەن لەنووکی قەڵەمە کەمەوە وەك لێشاوی پاش بارانی شەستەی بەهار ئەی رژێنمە سەر لاپەرەی سپی • ئاغا لەتاقەتیا نەمابوو تێگەیشتبو کەنێچیرەکەی وا بەئاسانی راو ناکرێت لەپڕ قسەی بەدڵسۆز بریو نەڕانی بەسەریا ووتی :

ـ نا رەسەن بەس دەم درێژی بکە دەست نەگریت بەکڵاوەکەی خۆتەوە سەریشت لەگەڵ کڵاوە کەتا با ئەی بات ، کارێ مەکە گاڵ بەم فەلاقەت کەن •

ـ بۆچی ئاغا گاڵ ئەدەی فەلاقەم کەن ؟ ماڵم خواردووی دزیم لێ کردووی ئەو پارچە زەویو کارێزەی هەمان بوو ئەویشتان داگـــیر نەکردوە لێمان ، ئیتر چیتان ئەوێت ؟ ئاغا لەووزەیا نەمابوو هەر راست بوەوە و زلەیێکی کێشا بەپەنا گوێیاو تفێکی‌کردە ناوچەوانی •

- دڵسۆزیش ووتی : بها وێژه ، بهاوێژه چونکه ئەمه نه یەگەم ژلەو تفەو نه دوا زلەو تفیش ئەبێت ، چیی ئەکەی بیکه بەڵام ئەوەنده بزانه تۆ ناتوانیت من بەپارووی چەور بخنکێنیت وه من هەرگیز نابم بەدۆستی تۆ که دوژمنی هەموانی •

کات درەنگ بوو نۆیژی خەوتنان تێپەری بوو مام رەسوڵو خێزانی هەر چاویان لەدەرگابوو چاوەنواری دڵسۆز بوون بەڵام بێسوودبو ئەوەنده دانیشتن شەو لەنیوەی تێ پەری هەر نەهاتەوه تا بەدانیشتنەوه خەویان لێ کەوت ، بەیانی زوو کەوتنه پرس کردن هیچیان بۆســاغ نەبوەوه دەنگ لەدێدا بڵاو بوەوه هاوری کانی هاتن بەدەنگیانەوه بەڵام کەڵکی نەبوو •

مام رەسوڵی پیری پەك کەوتەی دوانزه جار جەرگ براو بۆ جاری سیانزەهەم لەگەڵ خێزانیا کەوتەوه فرمێسك رشتن •

چاوەروان کردن بێ سوودبوو مانگێ تێپەری هەر دیار نەبوو مام رەسوڵیش ئەوەنده گریابوو سۆمای چاوی نەمابوو به حال نوزەی تیا مابوو ، تا ئیوارەیێك لەدەمه دەمی زەردەپەرا کەوته کاتی سەرەمەرگ ، چەند هاورێیێکی دڵسۆز لەوکاتەدا خۆیان کرد بەژوورا بۆ هەواڵ پرسینی دڵسۆز کەچی بەسەر شیوەنی مام رەسوڵا چوون که گەیشتنه بەرەوه گۆیان لێ بوو بەحاڵ نووزەی ئەهات ئەی ووت :

- دایکی دڵسۆز من وامردمو جارێکی تر چاوم به دڵســـــۆز نەکەوتەوه ، توخوا ئەگەر هاتەوه پیی بڵی بێته سەرگۆرەکەم چونکه فەرامۆشیم پێ دێت •

# بۆ پێکەنین

— دیارە —

کابرایەك بەدارتاشیکی ووت کە تاکی قەنەفەی لە چاکترین دار بۆ دروست بکات وە پیشەکی پارەکەی دایە ، لەپاش ماوەیەکی دوو- رودریژ کابرای دارتاش قەنەفەکەی تەواو کردو بوی ناردەوە زوری پێ نەچو کابرا بە تورەییەکەوە گەیشتە سەر دارتاشەکەو ووتی :

خۆ قەنەفەکە شکا ! —

کابرای دارتاش زۆر لەسەر خۆ ووتی : بێ گومان ئەبی لەسەری دانیشتبن •

— بەهانــە —

قوتابیەك روژیك نەچوبو بۆ قوتابخانە لەبەر ئەوە دەنگی وەکو دەنگی باوکی لێ کردو بە تەلەفون بە مدیری ووت :

قوربان ئازاد نەخوشە لەجیدا کەوتووە بویە نەی توانی بیت بو قوتابخانە •

مودیر : باشە قەی ناکات ، کی قسە ئەکات ؟

قوتابی : قوربان باوکم

— معایەنە —

یەکیك لەوانەی کە چاویان توشی نەخوشی ( نزیك بینی ) بوبو

چوه لای پزیشك تاكو سەیری چاوی بكات پزیشك دەستی راكیشا بۆ تەختەكەو ووتی : سەیری پیتەكان كە هەر كە دەستم راكیشا بۆ یەكیـــــــكیان بلّی بۆ لای راست ، یان چەپ ، یان سەرەوە، یان خوارەوە• نەحوشەكە : قوربان بۆ تەختەكە كامەیە ؟!

## ـ دوو هاورێی گێل ـ

دوو هاورێی گێل یەكەمیان ئەیەوی بچی بو موصل ئەویتریان بۆ بصره ، هەر دوكیان ئەچنە فارگونیكەوە یەك سەیری یەكتری ئەكەن و هەر دوكیان ئەلین بەراستی دلمان لەیەك زور پاكە هەر یەكەمان بوـ شوێنێك ئەچین كەچی لەفارگونیكیشا بە یەكەوەین •

◆ ماموستا : كورم فنجانیكی قاوە رەسم بكە •

◆ قوتابی : ئەفەندی تال بیت یاشیرین ؟

◆ پیاویك : تۆ ئەم هەمو خانوانەت هەیە بوچ ئەگەریت خانو بە كری بگری ؟

◆ دولەمەند : چونكە خانوەكانی خوم گرانن •

◆ باوك : زور ناشیرینە درو ئەكەی ، من كە لە تەمەنی تۆدا بوم هیچ دروم نە ئەگرد •

◆ كور : بابە ئەی لە چەن سالیدا فیری درۆ بوی ؟

◆ دوكتور : وا دیاره تۆ زور ئەخویتەوە بویە چاوت وا كز بووە •

◆ نەخوش : وا نیە دوكتور • خواردنەوە چاو تیژ ئەكا ، من كە ئەخومەوە هەمو شتیكم لا ئەبی بە دوان •

**تكایەكی تایبەتی**

**ئەو نوسینانەی ئەی نیرن بەینی دیرە كانتان بلاو وەئیملاكەی راست بیت تاوەكو ئەركی لە چاپ دانی ئاسان بیتو هەلەی تیا نەكریت •**

**هەموو چەشنە نوسینیكی زانیاری بلاو ئەكەینەوە بەو رەنگەی چەوتیو نالە باری راست بكاتەوەو بو هاندانی باوی رەوشت پاكیو خویندەواری كەلكی لی وەربگیریت •**

**هەلبەستی كونو تازە ، ووتەی پیشینیانو قسەی نەستەقو گالتەو گەپ ئەوانەی لە چاپ نەدراون بلاو ئەكریتەوە •**

**ئیتر سوپاس بو ئیوەیە كە گوفاری هیوا جار بە جـــار بە شیوەیەكی جوانترو رووبەكی گەشو سەر بەرزییەوە پیشكەش ئەكریت •**

---

بەغداد : چاپخانەی تمدن

محمد صالح الاعظمی

# باوەر پێکراوی هیوا

## ل :-

بەغـــــداد : ١ ـ ماموستا بەشیر موشیر ـ حیدرخانە ٠

٢ ـ حسین حاجی عارف ـ گازینوی سەرچنار

سوالەیمانی : ١ ـ رؤف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی گەلاویژ ٠

٢ ـ محمد عارف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی زیوەر

کـــرکــــوك :ـ عمر بێ کەس ـ شەقامی سیروان

کفـــــــــری :ـ صابر حاجی فتح الله ٠

خانقـــــــین :ـ عبدالکریم خضر ـ خاوەنی کتیبخانەی خانەقین

شـــــــقلاوە :ـ مەخزەن سفین طە ئەحمد خوشناو

هیوا

گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی یە

مانگی جارێک دەرئەچێ

HÎWA

Govarêkî Edebî w Zanistiye

Mangî Jarêk Der ecê

---

Bexdad - Copxaney Temedun

M. Salih el - e'zemî.

# گۆڤاری هیوا

ژمارە ٤ ساڵی ١ تشرینی یەکەمی ١٩٥٧

# هیوا

گۆڤاریکی ئەدەبی و زانستی یە مانگی جاریك دەرئەچێ

ژمارە ـ ٤ ـ سال ـ ١ ـ خەزەلوەر ـ تشرینی یەکەم ـ ١٩٥٧



دیمەنیکی شاری کەرکوك

**لەم ژمارەیەدا :ـ**


١ ـ میژوی شاری کەرکوك
٢ ـ میری گەورەی رەواندز لەمیژودا
٣ ـ چون زمانەکەمان بنوسین
٤ ـ کوردانی بەناوبانگ
٥ ـ شیعرو ئەدەبی کوردی
٦ ـ بیرەوەری ( جلال ) ی
٧ ـ جوانی
٨ ـ شیرپەنجە
٩ ـ دیوانی هیوا
١٠ ـ کشتوکال
١١ ـ پیاوانی نەمر
١٢ ـ چیروکی ژمارە


وەگەلی شتی تریش ئەخوینیتەوە

# ناوو نیشانی هیوا

بەغداد شەقامی زەهاوی یانەی سەکەوتن
تەلەفون ٢٨٤٠٥

---

خاوەنی ئیمتیاز یانەی سەرکەوتن
مودیری مەسئوول : حافظ مصطفی قاضی

---

ئابوونە

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابوونەی سالیــــکی لەعراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | ٠ |
| دانەی بە | ١٠٠ | فلسە |

---

پارەی ئابوونە پیشەکی ئەدریت
وە بەم ناونیشانە ئەنیریت
بغداد : شارع المستنصر ١٣ ـ ٣٩
( حافظ مصطفی قاضی )

# هیوا


گوڤاریکی ئەدەبیو زانستیە مانگی جاریك دەرئەچی

ژمارە ـ ٤ ـ سال ـ ١ ـ خەزەلوەر ـ تشرینی یەکەم ـ ١٩٥٧

**لەم ژمارەیەدا**

١ ـ میژووی شاری کەرکوك
٢ ـ جیگای میری گەورەی رەواندز : محمود محمد
٣ ـ چون زمانە کەمان بنوسین : ب
٤ ـ کوردانی بەناوبانگ : جەمیل بەندی
٥ ـ وورد بونەوەیك لەشعرو کوردی ـ هومەر حسنوی
٦ ـ بیرەوری ( جەلالی ) ی : ئەحمەد خواجە
٧ ـ جوانی : شاکر فتاح
٨ ـ شیرپەنجە : ووریا ئەمین رەواندزی
٩ ـ دیوانی هیوا
١٠ ـ نمونەی کوردی پەتی : محمد مصطفی کوردی
١١ ـ سەربەستی ئافرەت « پاشماوە » : کامەران
١٢ ـ پیاوانی نەمر

١٣ ـ كشتوكال ـ لوكه ـ : عثمان رضا
١٤ ـ بەشی هیواو خوێندەوارانی
١٥ ـ بەشی لێکولینەوە
١٦ ـ چیروکی ژمارە



**لەشعری کامەران**

ئەی کورد ،٠٠ گیانی خوم لە لا شیرینـــــە
وا ئەیدەم بەتو ، نەڵێی بەخشـــــینە
چونکە هی خوتە ، کوا گیـــانی منـــە
تۆ نەبیت ژینی ئیمـــــە مردنـــە ٠
« با ئەم لە شەی من بێت بە خوڵە مێش »
« گلینەی دوشمن بهینیتە ئێـــش »

خوینده‌وارانی به‌ڕێزو خۆشه‌ویست

به‌هیمه‌ت‌و پشتیوانی ئێوه‌وه گۆڤاری هیوا جار له جـــار زیاتر رووناکی ئه‌خاته دڵ‌و ده‌رونی نیشتمان په‌روه‌رانی دڵسۆزه‌وه ..

له‌م ژماره‌یه‌دا گه‌لێ باسی پڕ سوودو گرنگ ئه‌خوینیته‌وه له‌وانه : میژوی شاری که‌رکوك ، کوردانی به‌ناوبانگ ، کورد له‌به‌ر چاوی بێگانه .. هتد له هه‌موی گرنگ‌تر « نوسینی زمانی کوردی‌یه » که (محامی ئیبراهیم ئه‌حمه‌د ) نوسیویتی ، ئیمه‌یش بۆ ئه‌م باسه له « گۆڤاری هیوا » دا چه‌ند لاپه‌ره‌یه‌کمان ته‌رخان کرد که نوسه‌رانی به‌رێز بیروڕای خویانی تیا ده‌ربڕن ، که له پاشانا ببی به بنگه‌یه‌ك به ئاسانی‌و بێ هه‌ڵه بتوانرێ هه‌مو شیوه‌کـــانی زمانی کوردی پێ بنوسرێت .

هه‌ندیك وه‌کو له‌سه‌ری راهاتون ئه‌ڵێن تا زمانی کوردی به تیپی عه‌ره‌بی بنوسرێت ئه‌بێ په‌یره‌وی جوری نوسینه‌کانی زمانی تورکی کون‌و فارسی بکریت به‌ڵام ماموستای به‌نرخ‌و زمان شوناس پایه‌بلند توفیق وهبی به‌گ ئه‌ڵێ پێویسته تا کوردی به تیپی عه‌ره‌بی بنوسرێت بۆ هه‌ر ده‌نگه ئیشاره‌تیکی تایبه‌تی دابنریت بۆ ئه‌وه‌ی به ئاسانی‌و ره‌وانی بخوینریته‌وه ، وه‌کو ووشه‌ی ( تیر ، تێر ) ، ( پور ، پۆڕ ) ، ( گول ، گوڵ ، گۆل ) که ئه‌مانه هه‌مو تیپه‌کانی وه‌کو یه‌کن به‌ڵام به‌و ئیشاره‌تانه جیا ئه‌کرێنه‌وه .

ئنجا داوا ئه‌که‌ین له هه‌مو خۆینده‌واره خوشه‌ویسته‌کانی ئه‌م گۆڤاره له‌م روه‌وه ـ ئه‌وانه‌ی شاره‌زان‌و ده‌ستی نوسینی‌یان هه‌یه ـ بی‌لایه‌نگیری چۆنی به باش ئه‌زانن بۆمان بنوسن چونکه له‌م کاته‌دا له‌مه به‌ولاوه هیچ هۆیه‌کی تر نابینین که نوسینی زمانی کوردی پێ یه‌ك چه‌شن بکرێت ، بام ئه‌وه‌شمان له بیر نه‌چێت کـــه دووباره‌ی ئه‌که‌ینه‌وه له که‌می‌و کوڕی‌مان خوش مه‌بن بۆمان بنوسن ئه‌گه‌ر هه‌ڵه‌یه‌کتان دی‌راستی بکه‌نه‌وه بۆ ئه‌وه‌ی جاریکی تر ئه‌و هه‌ڵه‌یه دووباره نه‌کریته‌وه تاوه‌کو به‌و ئامانجه بگه‌ین که‌ئاواتی بۆئه‌خوازین .

# مێژوی شاری کەرکوک

**بەکورتی وەرگیراوە**
**لە کتێبی « مێژوی شاری کەرکوک »**
**دانەری ماموستا عرب فهمی**
**و**
**« گەشتێک لە کوردستانا » ی**
**ماموستا علاء الدین سجادی**


**٤٥٠٠ ـ ٤٠٠** پیش زایینی لە مێژوی ( کلدانا ) شاری کەرکوک بە ( ئارقە ) ناو براوە ، لەدوای پێنج شەش ( سەدە = عصر ) ئەم ناوە گوڕاوە بووە بە ) کەرخ کرمای ( وەلەو سەر دەمەدا سنوری شاری کەرکوک زۆر گەورەو فراوان بووە ، لای ژووروی زێی بچوک ، لای خواروی نەهرەوان ، لای روژئاوای رووباری دجـــلە نزیک بە تکریتو سامەڕا بووە ، وە بەشی رۆژهەلاتی لەگەلٔئیرانا هـــاو سنور بووە •

کەوەختێ ئەسکەندەری گەورە ئەم ناوچەیەی داگیر کردووە دوای ئەو ( سلوک ) یەکان ناوی شارەکە گوڕاوە بە ( کەرخ سارخ ) •

لەمێژوی گشتیدا مستشرق ( سیرجۆن ملکن ) ئەڵێ :ـ لەدەوری فتوحاتی ئێرانا ئەم شارەو ناوچەکانی دەورو پشتی بەهۆی لەشکر ئارایی نەتەوەکانی دەورو پشتیەوە دانیشتوەکـــانی زۆریان لەژیر پێدا شیلراون وە کوشتارێکی زۆریان لێکراوە •

بەواتەی بیستراو شاری کەرکوک ( بەخت النصر ) بنیاوی ناوە وە مێژوی بیناکردنی لە دەوری کلدانیەکانا بووە ماموستا علاءالدینیش

لەگەشتەکەیا باسی میژوی ئەم شارە ئەکات ئەڵێ :ـ لە سالی « ٦٥٦ » ی کۆچی‌دا کە هەلاکو پەلاماری شاری بەغدادی داوە لەدوای کشانەوەی لەو تورکمانو مەغولانەی لە سوپاکەیا بووە تیپێکی لەوانە بۆ بەرهەلستی کردنی ئاژاوەو هەرا لە کەرکوك هیشتوتەوەو لەوێدا نیشتەجی بوون ئەم شارە لە ئەندازەی زەریاوە **٣٤١** مەتر بەرزترە ســـــەر ژمارەی ناوشارەکە **٧٨ر٥٥٤**و هی گشت لیواکە **٣١٤٦٠٥** کەسە پانایی زەوی هەمو لوا **٢٠ر٣٧٦** کیلومەترەی چوارگوشەیی‌یە •



دیمەنیکی شاری کەرکوك



# جیگای میری

گــــەورەی

# رەواندز

لەمێژوی نەتەوەی کوردا

کەرکوك ـ بەخامەی : محمود محمد

**چاوگیرانیـــك بەمیژوی نەتەوەی کوردو ، میژوی مـــیری گەورەی رەواندزا ، بەئاشـــکرا بومان رون ئەکاتەوە کەمیری گەورە میرمحمد ، یەکـــەمین کەسیکە کەهەولی دابی ئەمارەتە دەرەبەگی یەکانی کوردوستان پاك کاتەوەو ، کوردوستانیـــکی گەورەی یەك گرتو پیك بینی •**

میری گەورەی رەواندز لە **١١٩٨ ـ ١٧٩٠** دا لـــەدایكبوە ، لەتەمەنی **٣١** سالاٌنا بووە بەمیری سۆران ، پیاویکێ خۆیندەوارو دوربین بووە ، هەر لەزەمانی مصطفی بەگی باوکیا ، بەریۆە بەدنی ولاٌتی سۆرانی گرتوەتە ئەستۆ ، چونکە باوکی لەبەر فروفێلی برا کانی لەوزەیا نەمابو کاروباری ولاٌت هەلٌ سوڕێنێ •

میری گەورە هەر کە کاروباری سورانی گرتە دەس ، چەکو

جبەخانەیەکی زۆری کرێ ، وەسەربازی زۆری راگرتو موچەی باشی بۆبڕینەوە ، وەدەستی‌کرد بە دوروست کردنو ئاواکردنەوەی قەڵاو سەنگەرو پرد ، وەشورەیەکی سەختی بۆ رەواندز دوروست‌کرد ، هەر کەخۆی گرت هێرشی بردە سەر مامەکـــانی وتەفرو تونای کردنو ناوچەکانیانی داگیرکردو نوساندنی بەناوچەکەی خۆیەوە • ئەنجـــا دەستی کێشا بۆسەر دراوسێکانی وەیەك لەدوای یەك وڵاتەکانیـــانی خستە سەر مەملەکەتی سۆران • تاسالی ١٢٥٤ - ١٨٤٦ کە دواسانی فەرمان رەوایی‌یەتی سنوری سۆران لەرۆژ ئاواوە گەیشتە کوردوستانی سوریای ئێستا وە لەرۆژە ڵاتیشەوە بوبەهاوسنوری قاجاری‌یەکان ، والی موصل بوبە ژێردەستەی ، هەروەکو خەڵکی بەغـــدا داوایان لێ‌کرد کەبچێ لەدەستی تورکەکان رزگاریان‌بکا •

لەزەمانی میرمحمدابو کەحەمەعەلی پاشای میسر هێرشی هێنا بۆسەر سوریا ، نامە لەبەینی ئەوو میری گەورەدا دەهات ودەچو ، بۆئەوەی هەردوکیان لەسوریا دا بەیەك بگەن ، وەئۆردوی تورك راماڵن ، بەڵام أستعمارچی‌یەکانی رۆژاوا کە چاویان بری‌بوە کەلاکی پیاوی نەخۆش - وەك ئەورۆژە بەحوکومەتی عوسمانی یان ئەوت - ماوەی حەمەعەلی پاشایان نەدا پێش بکەوێ ، چونکە ئەیانزانی ئەگەر بێتو حوکومەتی عوسمانی بەوچەشنە لەناوبچێ ، حوکومەتیکی تازەی بەهێزی لە شوێنا پەیدائەبێ ، ئەوەش ئەبێ بەهۆی نەهاتنە دی ئامانجەکانی ئەوان •

با لەباسەکەی خۆمان دور نەکەوینەوە ، میری گـــەورە ناردی لەئازەربایجانەوە خان گێلدی ناوێکی چەخماخ سازی هێنـــا ، کردی بەسەر وەستای دوروست کردنی شیر وخەنجەرو تفەنگو لولەتۆپو

دەمانچە ، نزیکەی **٢٢٢** لولەتۆپی دارشت کـانی ئاسنو قورقوشمیان دییەوە ، وەبۆ دوروستکردنی چەك سودیان لێ وەرئەگرت ، ئێستاش سێدانە لەولولە تۆپانە ماون ، لەبەردەرکی سەرای رەواندزا دامەزرێنراون • هەروا میری گەورە لەچەند چەشن دراویلێدا سێ‌غەرنەداری هەبوو ، کە هەریەکیکیان موچەو مانگانەی تاقمیکیان ئەدا ، مێژوونوسی تایبەتی دانا سەرگوزەشتەی میرانی سۆرانی نوسیەوە ، گەلێـــك لەماموستا بەناوبانگەکانی کوردوستانی کۆکردەوە ، هێنانی لەرەواندزو دەشتی هەریرا دایمەزراندن ، دەزگایەکی دەنگوباس ورگرتنی وردیدامەزراند ، بەم چەشنە ئاگای لەهەموشتێ ئەبو کە لەناوچەی سۆرانا روی بدایە •

میری گەورە لەساڵی **١٢٣٤ – ١٨٢٦** دا بانگێ ئازادی مەملەکەتی سۆرانی **هەڵدا ، حوکومەتی قاجاریش دانی بەم ئازادیو سەربەخۆیی** سۆرانەدا نا ، هێزی میری رەواندز گەیشتە رادەیەك حوکومـــەتی عوسمانی ترسی لێ‌نیشت ، بەسوپا دەرەقەتی نەئەهات ، پەنای بردە بەر فێڵو تەڵەکە ، مەلاکانی ئەوناوەی هاندا کە فتوابدەن : هەرکەس سەر لەفەرمانی خەلیفە هەڵ پێچێ کافرئەبێو تەلاقی ئەکەوێ •• مەلاکان بەمەشەوە نەوەستان ، میریشیان هەڵ فریواند ناردیانە ئەستەموڵ ، بەلام نەگەرایە دواوە •• کاربەدەستانی خەلیفە لە کاتی گەرانەوەدا لەناویانبرد ، جلو بەرگەکانی خۆی وزینی ئەسپەکەیان لەناو بازارێ ئەستەمولا هەراجکرد ••

مەبەس لەگێرانەوەی ئەم کورتە سەرگوزەشتەی میری‌رەواندزە ئەوەبو لەباسی کردەوەکانیەوە بتوانین جێگای لەمێژوی نەتەوەی کوردا

دیاری بکەین •

بەڵام بۆ توانینی ئەم دیاری کردنی جێگای میری گەورەیە پێویستمان بەرون کردنەوەی چەندشتی کەش هەیە :

یەکەم ، لەژێر یاسای دەرەبەگی دا ، وەنەبێ هەر کۆمەڵە خەلکێك بەیەك زوبان بدوێن ، سنوریشیان یەكو ئابوری یان پێکەوەبێ ، هەرچەند خوورەوشتو هەستو عورف وعادەتیشیان یەك بێ ، بەڵکو چەندئەمارەت ئەبینین هەموبە زوبانێك قسەئەکەن ، بەڵام هەریەکە ئاغایەکی هەیە ، چەند قەڵاو سەنگەری بۆخۆی دوروست کردوە ، تاقمێ چەكێ بەدەسی راگرتوە ، ئەوناوە ئەخواو فروشتنی ژیردەستەکانی بەدەگمەن لەسنوری خۆیان دەرئەچێ •

دوهەم ، بزوتنەوەی نەتەوەیی لەئەنجامی پەیدابونی بورجوازیەتە- وەیە کەبومەسڵەحەتی خۆی ئەمارەتە دەرەبەگی یەکان لەناوئەبا وولات ئەکابەیەك وکاریکی وائەکا شروطی پێکهاتنی نەتەوەبێتەدی •

سێهەم ، بێ گومان نەتەوەی کوردیش ، وەکو هەمو نەتەوەکانی کەی گیتی ، ئەبێ ئەوقۆناغانە ببرێ کە گەلانی کە بریویانەو ئەی برن •

جا ، کەئەمەمان زانیو سرنجمان لەمێژوی رابوردوی نەتەوەی - کورد و مێژوی میری گەورەی رەواندز داو بۆمان دەر کەوت کەمیری- گەورە یەکەم کەسێکە هەوڵیدابێ بۆ ئازادی ویەکخستنی کوردستانو دواهێنانی دەوری ئەماراتی دەرەبەگی ، بەتەواوی تێ ئەگەین میری- سۆران میرمحمد یەکەم نوینەری جوڵانەوەی بۆرجوازیو نەتەوەیی میللەتی کوردە ، هەرچەند وەختەکەی وانەبو بتوانێ بگا بەئامانجـــــە پیرۆزەکانی ئەوروژەی نەتەوەی کورد ••

# جون زمانەکەمان بنووسین

« لەنووسینی ئەم ووتارەدا ، وەکوو ئەبینن ، هیــچ جورە ئیشارەتیــــکم بەکار نەهیناوە کەوا لەم یەکدوو ســــالی دووایی‌یەدا ، جـــــاروبار ، لەنووسینی کوردیدا بەکــــار دەهینرین نیازیشـــم لەمەش دووشتە : یەکـــەم نامەوی پیشەکی دەری ببرم کەئەم جورە نووسینانە کامیان پەســـــند ئەکـــەم • دووەم : لام وایە زوربەی خویندەواری ئیســـتە ئەم‌نووسینە ساکارە باشـــتر ئەخويننەوە • »

« ب • »

**سەرەتا**

لام وایە ، تیکرا ، لەو روژەوە کەزمانی کوردی خراوەتە سەرـ کاغەز ، وەبەتایبەتی لە پەنجا سالی رابووردوودا هیچ خوینـــــدەوار وەنووسەریکی کورد نیە ئەم پرسیارە جیگایەکی لەمیشکی وەبەشـــیکی لەژیانی داگیر نەکردبی • لەگەل ئەمەشدا سال بەدووی سالدا رائەکات ، وە زیانی بی‌وەرام مانەوەی ئەم پرسیارە پەرە ئەسینی بەبی ئەوەی زاناو تیگەیشتووان گەلەکومەکی‌یەك بکەن بو نەهیشتنی • وەبو دوزینەوەو دانانی ریگایەکی باش وەبەجی بونووسینی زمانەکەمان تاکو لـــــەم پاشاگەردانی نووسینە رزگارمان‌بی کەوا سەری لەهەمووان شیواندووە، وە ریگەی پیشکەوتن ویەکگرتنی لەزمانەکەمان بردوتە بەست •

ئەلیم گەلەکومەکی ، چونکە ئەو تەقەلا یەکتەنی‌یانەی تائیستە دراوون ، ئەگەرچی کەس ناتوانی بلی هەربەتەواوی بیسوودبوون ، بەلام لەگەل ئەو سوودەشدا کەبووبێتیان ، تائەندازە یەك مایەی سەر لی‌شیواندنە کەیان زیاتر ،وەماوەی یەك نەگرتنەکەیان فراوانتر کردووە ، چونکە خاوەنی ئەم‌ئەقەلا یەکتەنی‌یانە هەروەکوو نەیان توانیوە لەریگەی گوفتوگوکردن وە نووسینەوە بیرەکەی خویان بەخەلك بسەلمینن ، دەسەلاتی ئەوەشیان نەبووە کە بەزور بەسەریاندا بسەپینن • بویە هەرکەسە بەئارەزووی خوی چونی ویستووە نووسینی خوی‌وا نووسیوە تاوای لی‌هاتووە ئەتوانری بگوتری هیچ دووکەس نی‌یە کە وەکوو یەك بنووسن •

جا لەگیژی ئەم پاشا گەردانی‌یەدا خوینەرەوەی داماویش سەری لی‌تیکچووە نازانی کام جورەیان راستن وەکامیان چەوت ، وەکی‌یان پەیرەوی باشە •

بوئەوەی رەخنە گرتنەکەم لەزاناو تیگەیشتووانی کورد لەراستی لادانی تیانەبی پیویستە دان بەوەدا بنیم کەبەستنی کوبونەوە (کونفرانس) یك کەتاقە ریگایە بوپیکهینانی ئەم گەلە کومەکی‌یە زور کوسپی لەریدا بووەو هەیە•بەلام ئەم پی‌لی‌نانەم گوناهەکەیان کەمیش کاتەوە بەیەکجاری لای‌نابات چونکە باوەرناکەم کەس هەبی بتوانی بلی ئوبالی راستەوخوی نەهینانە پیشەوەو لی‌نەدووانی ئەم مەسەلەیە ، وەتەقەلا نەدان بولابردنی ئەو کوسپانە ، وەبو بەستنی ئەم کوبوونەوەیە ناچیتە ئەستوی زاناو تیگەیشتووان بەتایبەتی ، وەهی هەموو خویندەوارانی کورد بەگشتی •

لەگەل ئەمەشدا ئیستەش نەچووەبچی ، تەنیا ئەوەندە هەیە کەئەبی

دوواکەوتنمان لەپیکهینانی ئەم فرمانەدا ، هەتائیستە ، پتر هانمان بدات بوئەوەی تەقەلا زیاتر بدەین کە زووترو باشتر جی‌بەجی‌ی بکەین (١) ٠

بەلام لەبەر ئەوەی رەنگە بەستنی ئەم کونفرانســـە وا بەزووی لەووزەدانەبی ٠ پیویستە هەتاکو پیکدەهینریت وەلەریگای تیکوشیندا بوپیکهینانی ، دەستەپارچە نەوەستین بەرامبەر بەم پاشاگەردانی نوسینە ، چونکە وەك دەردی گران وایە تا لی‌ی راوەستین زیاتر لیمانی پیس‌ئەکا ٠ بویە پیویستە هەرچونیك بووە کاریکی وا بکەین کەبەری بــگری ٠ چاکترین کار کەپیویستە بکری لەم ماوەیەدا ، بەلای منەوە ، ئەوەیە کە ئەوچەند گوفارو روژنامە کەمەی کوردی کەهەن هەریەکە بەشیك لەلاپەرەکانیان تەرخان بکەن بو لیکولینـــــەوەی ئەم ناگزووری‌یە ٠ وەخویندەواران وزاناو تیگەیشتووان وزمان ناسانیش بەکول‌ودل و گیانیکی پاکی عالمانەوە هاوکاری بکەن لەلیکولینەوەو دەرخستنی دیوو

---

(١) لیرەدا بەپیویستی ئەزانم کە چەندقسەیەك بەگوی‌ی کاربەدەستانی بەریزی « یانەی سەرکەوتن » دا بچرپینم : « یانـــــە » بەپی‌ی ئەوپەیامەی گرتوویەتە ئەستوی خوی وەلەرووی دەست رویوی‌یەوە تاقە دامەزراویکی کوردە کە لەووزەیدابی بەئەرکی پیکهینانی ئەم چەشنە کوکردانەوانە هەستی نەك هەر بوئەم فرمانە بەتەنیا بگرە بولیکولینەوە وەچارەکردنی هەموو جورە ناگزووریکی کەی زانستی وخویندەواری کوردیش ٠ وەبەم جورە کردەوانە یانە نەك هەر پەیامی راستەقینەی خوی بەگەلی کورد رائەگەینی ، هەروەها ریگەش پائەکاتەوە بو دامەزراندنی « ئاکادیمی » یەکی‌کوردی ــ ئەوبیرە بەرزە جووانەی ماموستا « جەمال نەبەز » لەناملکەی « نووسینی کوردی بەلاتینی » دا لەزمان ماموستا « عوسمان صەبری » یەوە ئەی‌گیریتەوە ٠

دەروونی ناگزووری‌یەکەدا تاوەکوو لەئەنجامدا دووای شـــەن‌و کەوکردن‌و بەراووردو بژارکردن وە ووردبوونەوەی مەسەلەکـــە بتوانری بیریـــکی پوخت لەبارەیەوە بەگەلالەکراوی بخریتە بەردەم ئەندامانی ئەوکونفرانسەی ئەبەستری ـ خوئەگەر هاتوو ، خوانەکەردە ! نەش بەسترا ئەوا دیسان ئەوبیرە پوختە گەلالەکراوە کە زوربەی زاناو تیگەیشتووان‌و خویندەواران رەئیان تیایا بووە وەپەسندیان کردووە • وەکەوا بەشی‌هەرە زوری چاکی هەموو ئەو دەستووری نووسینانەی تیائەبی کەتائیستەهەن وەبەشی هەرە زوری خراپی‌یە کانیـــانی لی دوورئەخریتەوە ، ئەتوانری ئەمە بکری بەدەستووری نووسین بوزمانە ـ کەمان • وەبەم چەشنە بەهاوکاری هەمووان ، بادووربە دووریش بی ، ئەتوانین دەستووریکی یەك‌جوری نووسین بدوزینەوە کە تائەندازەیەکی زور ، زمانەکەمانی بەئاسانی پی‌بنووسری وەبە رەوانی پی بخوینریتەوە •

جا لەم کایەیەشدا گوفاری « هیوا » بەسایەی لەبارابوونی پترو تووانای زیاتریەوە پی‌ی‌ئەکری گەورەترین‌و باشترین مەیدان پیشکەش خویندەواران‌و زانایان بکات ، وئەش‌تووانی رەئی کوردی ناســـانی بیگانەش وەرگری بوچارەکردنی ئەم ناگزووری‌یەی گشت هاوارمانە لەدەستی •

بەلام چەپلە بەدەستی لی‌نادری وئیش تەنیا بەمەیدان پیشـــکەش‌ـ کردن‌و لاپەرە تەرخان کردنی کوفارەکان پیك‌نایەت • وەکوو لەپیشەوە ووتم هاوکاری بەکول‌و دل وتیکوشینی دلسوزانەی هەموو خویندەوارو زاناو تیگەیشتووانی کوردی گەرەکە ئەگەر بمانەوی زمانەکـــەمان لەم‌قورتە رزگاربکەین • ئەگینا ئەم هەلەش کە داوا ئەکەم گوفاری

« هیوا » بومانی هەلخات وەکوو ئەوهەلەی لی دی کە « گـــەلاویژ » هەلیخستبوو کاتی لەپیشکەش کردنی ژمارەی یەکیا نووسی بووی :
« یەکی لەوقورتە گەورانەی دینە ریی نووسیاری چەشنی نووسینی ( املا ) یە ، وە ئەمە بەراستی شایانی سەرشوری وتەریق بوونەوەیە کەهیشتا چەشنیك نووسینی تایبەتی نییە کەزمانی کوردی پیبنووسری • لەم ژمارەیەی گەلاویژدا ئەوەندە گویم نەدایە ئەم قورتە ، هەرنووسەرە خوی چونی نووسیبی هەروا لەچاپدرا • ئەمە مانای ئەوە نییە کەـ گەلاویژ ئەیەوی ئەم حالە بەم پشیویە بمینیتەوە • بەپیچەوانە یەکی لەنیازەکانی گەلاویژ ئەوەیە کە ماوەی تیگەیشتووان وپیگەیشتووەوە زاناکانی کورد بدات کە لەم بابەتەوە بیری خویان بنووسن بەشکو لەم پاشاگەردانی نووسینە رزگارمانبی ـ کانونی یەکەم ۱۹۳۹ » •
کەچی بە دریژایی ژیانی گەلاویژ نەماندی ئەو پیگەیشتوتیگەـ یشتووانەی هاواری بو بردبوون هاوکارییەکی بکەنو دەستیکی بگرن لە چارەکردنی ئەم قورتەدا کـــــــە ماوەی بو تەرخان کردبوون لە لاپەرەکانیـــا ••
جا لیرەدا ئاواتم ئەوەیە کە « هیوا » لە «گەلاویژ» بەختیارتر بی هەر کەسە بەکولو دلتر بە پیی توانا لە یاریەدانی دریغی نەکات تا بتوانی بە فرمانی خوی هەستی وە بە پشتیوانی هەمووان نەك هەر نیازەکانی خوی بەجی بهینیت ئاواتەکانی « گەلاویژ » یش بهینیتە دی •

## چاکترین ئەلفو بی

لەگەل ئەوەشدا کە رەنگە کەم گەل هەبی لە دنیادا لە دەستووری

نووسینی زمانەکەی خوی بی گلەیی بی کەچی لە تووانای هیـــــچ کامیکیاندا نی‌یە کە ئەو گلەیی‌یانە نەهیلیت • بویە میشکی خویان بەوەوە خەریك ناکەن کە چاکترین چەشن ئەلفوبی بو نووسینی زمانەکەیان بدوزنەوە (٢) بەلام گەلی کورد لە رووی دوواکـــەوتوویی‌و نەبوونی سەروەت‌و سامانیکی ئەوتوی نووسراوی ئەدەبی‌و عیلـــــمی‌یەوە نەك هەرئەتوانی بەو پەری سەربەستی‌یەوە بیر لەم مەسەلەیە بکاتەوە ، بگرە زور پیویستە لە سەر زاناو تیگەیشتووانی کورد بەم نیازو ئامانجە شەوە خەریکی چارەکردنی مەسەلەکەبی • بەبی ئەوەی خویان ببەستن بـــە هیچ جورە ئەلفوبی‌و چەشن‌و شیوەیەکی تایبەتی نووسینەوە • بە گیانیکی عالمانەوە سەربەست بگەرین بو چاکترین چەشن ئەلفوبی •

کە ئەلیم چاکترین ئەلفوبی ، نیازم ئەلفوبی یەکی تایبەتی نی‌یە ، مراز هەر ئەلفوبی‌یەکە کەوا چەند پی‌ناسەرەوەیەکی تایبەتی هەبی کە ئەمانەی لای خواروو هەندیکیانن :

١ ـ هەموو ئەو دەنگانەی لە دەمی قسە پی‌کەرانی زمانەکە دیتەدەری بە ئاسانی پی‌ی بخریتە سەر کاغەز ( شتیکی ئاشکرایە کە ئەمە هەموو شیوەکانی زمانەکە خوی وە گشت ئەو ووشە بیگانانەش ئەگریتەوە کە لە زمانەکەدا بەکار ئەهینرین • )

---

(٢) جورج بەرنارد شو ، نووسەری بەناوبانگ گلەیی لە دەستووری زمانی ئینگلیزی گەیشتبووە ئەندازەیەك کە لە وەسیەتنامەکەیا بەشیکی لە میراتەکەی تەرخان کردبوو کە لە ریگەی چاکردنی ئەلفوبی‌ی ئینگلیزی‌دا سەرف بکری •

٢ ـ هەموو ئەو دەنگانەی پێی ئەنووسری ، بەرەوانی وەکوو لەدەمی قسە پێکەرانی زمانەکە دێتە دەری وەها پێی بخوێنرێتەوە • ( بەبێ ئەوەی هیچ پێویست بەوە بکات کە خوێنەرەوە پێشەکی ئەو ووشاتە بزانی کە ئەیان خوێنیتەوە • )

٣ ـ پێنووسینی کەمترین وەختی بوی ئەمەش بەوە پێك دێ کەوا :

أ ـ شکلی پیتەکان سادەبن ، وەکیشانیان لەسەر کاغەز سووك بێ

ب ـ نووسینەکەی پچڕ پچڕ نەبێ ، دەست لەسەر کاغەز هەلگرتنی کەم بێ ، واتە پیتی ( منفصل ) وە نوختەو ئیشارەتی نەبێ وە ئەگەر بووشی کەم وە سووك وە سادە بن (٣) •

٤ ـ نووسینەکەی جووانو ڕیكو پێك بێ ناڕیكو ناقولا نەبێ وەکوو « شەرەپشیلە » •

٥ ـ هەر دەنگە پیتی تایبەتیو دیاری خوی هەبێ کە بە ئاسانی بناسرێتەوە بو ئەوەی منالو تازە فێربوو سەریان لێ تێك نەچی • خو ئەگەر پیتەکانی ئەو پیتانە بوون کە لە نووسینی ئەو زمانانەدا بەکار ئەهێنرێن کەوا قسە پێکەرانی زمانەکە ئاشنایەتییان لەگەلیاندا هەیە ئەوا پێویستە ، تا ئەتوانری هەول بدری ، ئەو دەنگانەی پێیان ئەنووسری وەکوو ئەو دەنگانەبن کە لەو زمانانەدا پیشانی ئەدەن •

---

(٣) ئەگەر سەرنج بدەین ئەبینین ئەم شتانە لە چاپکردنو تایپکردندا ئەهمیەتیکی ئەوتویان نامینی بەلام ئەمە بەشی زوری لەبەر ئەوەیە کە چاپکردنو تایپکردن لە خویندنەوە نزیکترن تا نووسین •

ئنجا با لەبەر تیشكی ئەوانەی لای ژووروو سەرنجی بدەین لـــە نووسینی زمانەكەمانْ بە هەردوو جوری نووسینی ، واتە نووسینی بە پیتی لاتینی ، وە نووسینی بە پیتی عەرەبی بەلام با ئەویش بمینیتـــــەوە بو جاریكی كە .

---

# ووتەی بەجیْ

پیاوی ژیر ئەوەیە بتوانی كەلك لەبەسەر هاتیی خەلكیتر وەرگریت نەك تەنیا لەبەسەر هاتیی خوی ..

**ستیفان زفایج**

شەرەفی نەتەوەیك لەكامەرانی ژیان گرانترە

**ویلسون**

راستترین ریگا بوئەمەی لەم جیهانەدا بەئاسوودەیی بژیت كردارو رەوشتی چاك پیشانی مروف بدە ..

**سوقرات**

بەبی قەدری بەسەریا قەت مەرون حورمەتی بگرن ، گولالە سوورەی ئەم دەشتە خویناوی جگەر تانە ..

**احمد مختار بك جاف**

هەر وەكو نامەوی ببم بە نوكەر ناشمەوی ببم بە ئاغا .

**ئیبراهام لنكولن**

گەر ئینسان رقی لە خویبیت رقی لەخەلقی زیاترە ..

**فەرەدریك ئەمیل**

پیشكەوتن بی گورین نابیت ئەو كەسانەی كە نەتوانن عقلیان بگورن لەپیشكەوتن دوور ئەبن .

**برناردشو**

# کوردانی بەناوبانگ

# دینـــەوەرییەکان

بەخامەی : جەمیل بەندی رۆژ بەیانی مەندەلـــی

٢ ـ ئیبنی قوتەیبەی دینەوەری ، وە هەر دوو کوڕەکەی :

زانایی دانا ، نووسەری یەگانەیی بەهەمووشت ئاشنا ، وە لە هەموو رووییکەوە زرنگ‌و هوشیارو ووریا ، لەئایین‌و بەندو باوا شارەزا ، وە لە دەستووری زمان‌و فەرهەنگ‌و ئەدەبا بێ‌وێنەو هەمتا ، وە لەفەرمایشت‌و لیکدانەوەیی ووتاری سەخت‌و رەقی « قورئانا » جیگەی بروا عەبدوللاە کوری موسلیم کوری قوتەیبە کوری موسلیمی دینەوەری‌یە •

ئەم مەردە بەدەس‌و بردە ، لەپادمانی پوست نوسینی « مەءمونی عەباسیدا » سالی **٢١٣** کوچی لەبەغدا ـ یا « کووفـــــە » ـ هاتووەتە جیهانەوە ، وەهەر لەبەغدا پەروەردە بووە ، وەهەلچووە ، وەهـــەر لەوەیش خویندوویە ، وەبە دووی خویندن کەوتووە ، لای نزیکەی ـ **٢٥** ـ زانای هونەرمەندی بەناوبانگی وەکو ( جاحیظ ، راهەوەیە ، لەحیانی • تاد ) خویندوویە و سوودی زانستی وەرگرتووە ، تەنانەت لەباوکی خۆی « موسلیم کوری قوتەیبەی دینەوەری » ـ کەتائیستە سەرگوروشتی تەواوی دەس نەکەوتووە وە کورد نەناسەکان ، لەبنە مالەییکی « فارسی » ژماردوویانە کەلەبنەرەتا لە شاری ( مەرو )ە وە هاتوون •

لەلایەن رچی ئایینیشەوە « مەذهەب » لەپەیرەوانی « ئیمامی مالیك » بووە ، هەروەکو لەلایەن بیرو باوەری زانستی‌یەوە یەکیـــــك بووە

لەسەرئامەری « کوفی » کان ــ کەبەرانگاری « بەصری » یەکانبوون ــ « ئیبن قوتەیبە » ــ هەروەکو « ئەبو حەنیفە » ی هاورەگەزو هاو وولاتی ــ لەزور جورەزانستیو خویندەواریدا دەسی دریژبووە ، تا لە ئەستیرە شوناسی ، وەگیان لەبەرناسی وەیاری تیتیزین « قومار » وەجوری تریشـــــا •

لەلای « میری » ش لەپیشو بەریز بووە ، سەردەمی کراوە بە ( قاضی = فەرمان رەوای ئاینی )ی « دینەوەر » • هەرچەندە نازانری کەچە سالی ئەم ئەرکەی خراوەتەمل ، بەلام وادیارە کەلەلایەن « ئەبوالحەسەن عوبەیدیللاە کوری یەحیا کوری خاقانی »ی وەزیری « موتەوەکیل » ە وە کرابی بە « قاضی » ــ کەلەپاشا نووسراوی « ئەدەب الکاتیب » ە کەی بەناوی ئەوەوە داناوە ــ • هەروا لەگەل « محەمەد کوری عەبدوللاە کوری طاهیر » ی سەرداری « خوراسان » دا ــ کە هەموو بنە مالەکەیان شەیدای زانستو زایناری بوون ــ دوستایەتیو بەندیواری‌یێکی زور بەهیزی هەبووە ، وەهەر بەوهویەوە ســــەردار « محەمەد » هەمیشە دیاریو خەلاتی بوئەنارد ••

هەروا « ئیبن قوتەیبە » یەکەمین کەس بووە ، کەریگەی رەخنە بازیی بو خەلك تەختکردووە ، وە لەم بابەتەوە زاتی ناوەتە بەر خەلك • وە لەپیش هەموو کەسیکا شالاوی رەخنەبازی بردوتە ســـەر نووسراوەکەی « ئەبو عوبەید » ــ کە ماموستای ماموستاکانی بووە ، وە زانایێکی هەرە بەرزو مەزن وە هاوتای « ئەصمەعی » و « سیبەوەیهی » بووە ــ • لەسەر ئەم رەخنە بازی‌یەی زور کەس بوون بەدوژمنی ، وە کەوتوونە توانجو رەخنە تی گرتنیو سەرزەنش کردنی ، بەلام ئەو ،

بیری نەگوریوە ، وەگوی‌ی نەداوە •

لەلایەن بلاو کردنەوەی زانیاری‌و زانینەوە ، زور تی کوشەرو ، جەرگ قایم بووە ، وەهەروەکو زوری نووسراو پیک هیناو ە گەلیك خوێندەواریشی پی‌گەیاندووە ، لەوانە کە ئیمە ناویان ئەزانین ، تەنها ناوی ئەمانە ئەبەین کە کوردن : هەردوو کورەکەی خوی ( ئەبو جەعفەر ئەحمەد ، و ئەبو ئەحمەد عەبدالواحید ) وە ئەبوبەکر ئەحمەد کوری حوسەین کوری ئیبراهیمی دینەوەری ، وە ئەبوبەکر ئەحمەد کوری محەمەد کوری حەسەنی دینەوەری ••

هەرچەندە تائیستەناوی هەموو نووسراوەکانی نەزانراوە ، بەلام ئەوانەی ئیمە بیزانین ئەمانەن :

١ ــ ئەلووزەراء
٢ ــ ئالەت الکوتتاب •
٣ ــ صیناعەت الکیتابە •
٤ ــ ئەلئەلفاظ الموغەررەبە ، بیلئەلقاب الموعەررەبە ••
٥ ــ ئەلوەحش •
٦ ــ ئەلصیام •
٧ ــ غەریب الئەحادیث •
٨ ــ ئیصلاح الغەلەط فی غریب الحەدیث لیئەبی عوبەید •
٩ ــ تەفسیر غەریب القورئان •
١٠ ــ ئەلئەنواء •
١١ ــ فەضل العەرەب ، وەالتەنبیە عەلا علومیها •
١٢ ــ ئەلمەیسیر وەالقیداح •

١٣ ـ ئەلمەعاریف •

١٤ ـ عیون الئەخبار ، ئەمە ، دە نووسراوی سەربە خوی تیایە :
( ئەلسولطان ـ ئەلحەرب ـ ئەلسوءدەد ـ ئەلطەبائیع ، وەالئەخلاق ـ ئەلعیلم ـ ئەلزوهد ـ ئەلئیخوان ـ ئەلحەوائیج ـ ئەلطەعام ـ ئەلنیساء ) (١)

١٥ ـ ئەدەب الکاتیب ئەمیش چوار نووسراوی سەربەخوی تیایە :
( ئەلمەعریفە ـ تەقویم الیەد ـ تەقویم اللیسان ـ ئەلئەبنیە )

١٦ ـ ئەلشیعر وەالشوعەراء • ( یاطەبەقات الشوعەراء ) •

١٧ ـ ئەلمەسائیل وە الئەجویبە فی الحەدیث وە اللوغە •

١٨ ـ ئەلئیختیلاف فی اللەفظ وەالرەد عەلا الجەهەمیە وەالموشەبیهتە •

١٩ ـ تەءویل موشکیل الحەدیث •

٢٠ ـ ئەلئەشریبە •

٢١ ـ ئەلمەعانی الـــــکەبیر ، ئەم نووسراوەش دوازدە نووســـــراوە سەربەخوی تیایە : ( ئەلفەرەس ـ ئەلئیبیل ـ ئەلحـــــەرب ـ ئەلقودوور ـ ئەلدیار ـ ئەلریاح ـ ئەلسیباع ـ وەالوحوش ـ ئەلهەوام ـ ئەلئیمان وەالدە واهی ـ ئەلنیساء وەالغەزەل ـ ئەلشەیب وەالکیبەر ـ تەصحیف العولەماء ) •

---

١ ـ نووسراوە جوانەکەی ماموستا عەلاء الدین سجادی کەناوی ناوە « رشتەی مرواری » ئومیدەوارم کەبەر انگاری ئەم نووسراوە بکات • وە ببی بەچەند بەشیکی تایەبەتی •   ج • ب • ر

٢٢ ـ عيون الشيعر ، ده نووسراوی سه‌ربه‌خوی تیایه ئه‌مه‌ناوی حه‌وتیه :
( ئه‌لمه‌راتیب ـ ئه‌لقه‌لائید ـ ئه‌لمه‌حاسین ـ ئه‌لمه‌شاهید ـ
ئه‌لشه‌واهید ـ ئه‌لجه‌واهیر ـ ئه‌لمه‌راکیب ٠٠ )

٢٣ ـ ئه‌لته‌قفیه پینج به‌شه ٠

٢٤ ـ ئه‌لعیلم ٠

٢٥ ـ جامیع النه‌حو الکه‌بیر ٠

٢٦ ـ جامیع النه‌حو الصه‌غیر ٠

٢٧ ـ ئه‌لحیکایه وه‌المه‌حکی

٢٨ ـ ئه‌لخه‌یل ٠

٢٩ ـ ئیعراب القورئان

٣٠ ـ دیوان الکوتتاب

٣١ ـ فه‌رائید الدوره‌ر

٣٢ ـ خه‌لق الئینسان ٠

٣٣ ـ ئه‌لقیرائات

٣٤ ـ ده‌لائیل النبووه ( یا ـ ئه‌علام النبووه ) ٠

٣٥ ـ جامیع الفیقه ٠

٣٦ ـ حیکه‌م الئه‌مثال ٠

٣٧ ـ ئاداب العیشره ٠

٣٨ ـ ئه‌لته‌فسیر ٠

٣٩ ـ موعجیزات النه‌بی ٠

٤٠ ـ ته‌ءویل الروءیا ٠

٤١ ـ ئیستیماع الغیناء بیلئه‌لحان ٠

٤٢ ــ ئەلرەد عەلا القائیل بیخەلق ــ القورئان •

٤٣ ــ ئاداب القیراءە •

٤٤ ــ ئەلجەوابات الحاضیرە •

٤٥ ــ ئەءویل موشکیل القورئان •

٤٦ ــ ئەلجەرائیم •

٤٧ ــ مەعانی القورئان •

چگە لەم نووسراوانەی هەندیکی دوزراوەتەوە ، وەهەندیکی دەس نەکەوتووە ، زور دانراوی تریش هەبووە ، وە لەناو چووە •

دوژمنانی « ئیبن قوتەیبە » نووسراوی « ئەلئیمامە وەالسیاسە » شیان کردووە بەهیی ئەو، بەلام هەندی دەنگ وەباسی ناو نووسراوەکە خوی ئەوە بەهیز ئەکا کەهیی ئەو نیە • رەنگە نووسراوی « فەضل العەرەب» یش هی ئەو نەبی• ئەم زانا بەناوبانگە ، روژی کوچی دواییشی بەتەواوی ساغ نەکراوەتەوە • بەلام ئەوی راستیبی روژی یەکەمی مانگی نوور ( رەجەب ) سالی ۲۷٦ کوچی کردووە ، وەئەم کوچ کردنەی هەر لەبەغدا بووە •

أ ــ ئەبو جەعفەری دینەوەری : ( کورە ئیبن قوتەیبە ) :

ئەحمەد کوری عەبدوللاە کوری موسلیم کوری قوتەیبـــــەی دینەوەرییە • لەبەغدا لەدایك بووە ، وەهەر لەویش پەروەردە بووە ، وە خویندوویە لەباوکیو زانایانی تری سوودی زور دیوە • هەروا خویشی زانیارییەکانی باوکی بەخەلك راگەیاندووە ، وە زور قوتابیی باشی هەبووە وەکو « ئەبو القاسیمی ئامودی » ، و « ئەبو الفەتح محەمەدی کوری جەعفەری مەرئاغی » تاد ••

روژی **١٨** مانگی جومادای دووەم ســـالی **٣٢١** کوچی ، رووی کردووەتە میصر ، وە لەوی کراوە بەفەرمادنەری ئایینی ( قاضی ) ، بەلام ئەلین تەنها سیەمانگ ئەم ئەرکەی دیوە ، ودلەمانگی رەبیع الئەوەل سالی **٣٢٢** بەمەرگی خوا چووە •

ب ـ ئەبو ئەحمەدی دینەوەری ( کوری ئیبن قوتەیبەی دینەوەری )

عەبدالواحید کوری ئەحمەد کوری عەبەدللاە کوری موسلیم کوری قوتەیبە : سالی **٢٧٠** کوچی لەبەغدا لەدایك بووە ،لەپاشا رووی کردووتە « میصر » وە لەوی جی‌گیربووە ، نووسراوە کانی باوکی بەقوتابی‌یان ووتووە وە بەیەکی لەزانایانی فەرمایشت ناســـراوە • لەوقوتابی‌یانەی لەسەردەس ئەو پیگەیبون ، یەکیکیان « ئەبو الفەتح مەسروری بەلخی‌یە • زور مەخابن سەرگوروشتی تەواوی نەزانراوە »

ـ ماویتی ـ

سەرچاوەیی ئەم ووتارە :

١ ـ پیشەکی‌ی موشکیل القورئان

٢ ـ پیشەکی‌ی ئەلشیعر وە الشوعراء

٣ ـ تەئریخی خطیبی بەغدادی

٤ ـ تەئریخی ئیبن خەلەکان

٥ ـ قاموس الئەعلام

**( بوزانین )**

**ئیدارەی سەرپەرشتی‌ی گوفاری هیوا ئامادەیە بۆسەرپەرشتی چاپ‌کردنی هەمو جورە کتیبو دیوانی شیعر بەزمانی کوردی •**

# ووردبوونەوەیەك

# لەخوێندنی شعرو ئەدەبی کوردی

« ئەم باسه لە کتیبی ـ دراسة في الادب الكردي ـ ماموستای رفیق حلمی وەرم گـــیراوه بو کوردیو نوسینی لوس‌پول ســـارگریت فەرینس یه ٠

سلیمانی ـ هومەر مستوی

کوردەکان لەپارچە زەوییکی گەورە وەلەخاکی ئیرانو چیاکانی سنوری ئەژین، ئەو زنجیرە چیا بەرزانە کە هەمیشە جیگای ژیانی گەلانی ئاری بوون ، وەروژ بەروژ مەلبـــەندی هاتو چوکـــەرانی گەلانی روژهەلاتو روژ ئاوابووە ، چیا کانی ئارارات کەشوینی ئەم خاکەیە ( ناوچەی شەرو هەرای کوردەکانی ئەم دواییەبوە ) ، بە تەمو مژ تەنراوە ، وەگەلی چیروکی ئەفسانەی تیا بلاو بوتەوە ، ئەم خاکە بەجیگای مەلبەندی گەلانی جهان ناسراوەو هوی بەرزی ژیانیان‌بووە ، وەلیرەوە کوچیان کردوە ٠

سەرەتای سالی نوێ لەناوگەلی میدیا کونەکان دانشتووی ئەم چیاو زەویە کانی ئەم وولاتە ، لەفەسلی بەهارادەست پی ئەکات ٠ گەردو لولی باو بارانو ساردو سەرمای بەفری ئەم خاکە بەشتیکی ساکارو کـــەم

تەرخەمی دیتە بەرچاویان ، وەبەفرمانی خواکردی دائەنین • هەر ئەوەندە ئەزانی گفوهوری باو سەرماو بەفر ئەوەستی ، وەمروف واهەست ئەکا ئەم کارە ساتە هەر تارماییەیکی هەور بوەو با فراندوییتی •

کاتی کانیاوە بەستووەکانی ناو چیاکان دەست ئەکــا بەتوانەوە ، وەهارە ئەکاتە سەر بەردە چەوەکانی دامینی ، وەشیوەی دلفرینی بەفری سەر لوتکە شاخەکانو رازا نەوەی بەگولالە سورەو نیرگسو گژوگیای سەوزی دامینی چیاکان ، مروف بەچاو پی کەوتنی ئەم دیمەنە چوانانە وە سەرسام لەکاتی فەسلی بەهارا لەکاتیکا مەرو مالات گرد ئەبنەوە بەدەم کاریزو لەوەری ناو پووشو پەلاشی دەشتو گردەکان ، وەهمیشـــــــە لەوکاتەی روژ هەل دی لەبناری شاخەکانەوە پرشنگە زیرینـــــەکانی بەدەشتو چیا بەرزە کانا بلاو ئەکاتەوە وەبریسکو هوری بەفری سەر لوتکە بەرزەکان خوشو چوانی ئەبەخشی بەم دیمنە دلگیرەوەهوشو هەستی مروف ئەبووژینیتەوە وەدل ئەکەویتە سەر بەزمی ئاهنـــــــگی سەیرانەوە •

هەر ئەم روژەیە نیوەی بەشی مروف کە چینی ئافرتەکانی جهانە بو ئەم خوشیە ئەکەویتە سەماوگەرران گەلی کوردەواری بە پیرو لاوانیەوە ئەکەونە سەر هەوای گورانی ووتنو هەلپەرکیو غارغارین لەبەر دەمی دەشتی چیابەرزەکان ، کەبەرزایی لەهەزار مەترەوە بوپینج هەزار مەتر ئەبیت •

گەلی کورد بەشیزوری شاعرن ، زوری شعرە کانیان دەربارەی بووژانەوەی زەویو زار ، وەلاچونی ساردو سەرمای زستانە ، هەروەها گورانیو شیعرئەلین لەکاتی شاییو ئاهنگی سەیرانی نەوروز وەهیوای

ئازادیی وولاتەکەیان ئەخوازن •

لەگەل ئەمەشا گەلی کوردەواری نیشتمانیـــــکی باشیان بوخویان پی‌کەوەناوە پانایی ئەم وولاتە بریتی‌یە لە ( ٤٠٠ر٠٠٠ ) کیلومتر زەوی‌و زاری چوار گوشەی وەدانیشتوانی هەمووی ئەگاتە نو [(١)] ملیون مروف ، وەدابەش‌کراوە بەسەر کوردستانی تورکیاو ئیرانو عیراقا •

ماموستا • م • ف شارموی ( کوردەلوغ ) ناسراو کە لەبەشـــــی دانشگای ئاسیا لەشاری پەترسبورگ وە ئەندامی ئەکادیمی ئیمپەراتوری زانستیی ئەو شارەیە دەربارەی وولاتی کوردستانی ئەلی :

« لەناو ئەو گەلانەی لەجهانا بلاوبوونەوەو ناونیشانیکیان بومان بەجی‌هیشتی ، گەلی کوردەواریە ، وەکو گەلی مصریەکان ، وەیونانو رومانیەکانە ، وەهەرگیز کارو ئیشە دیرینەکانیان ، وەجوری زانستی‌و دەستوری ژیانیان ، لەزانستی ، کشت‌وکال ، وە پیشەسازی‌و هونەرە جوانەکان ، هەتا ئیستا نیشانیان ماوەو مایەی شانازیی بەرزی‌و پیش ـ کەوتنی ، گەلانی جهانی ئیمرویە •

بەلام لەگەل ئەمەشا گەلی تیرەو گەل لەمیژودا سەر نەکەوتوون ، وەهەمووئامانجو تەقەلایان ویران کردنو کاول کردنی ، وولاتەکانی دراوسی‌یان بووە • وەبە تالانو کوشتن دانشتوەکانیان وازیان نەهیناوە هەموو جورە زانستیکیان نەهیشتووە ، ئەم‌گەلانەش بەگەلی ( هون ) ئەناسرین وەئەمانەش هیرشیان بردوتە وولاتەکانی روژهەلات بەسەر ـ

---

١ ـ لەم بیرەی لوس پول سارگریت هاوبەش نین پی‌گومان گەل کوردەواری ژمارەیان ئیمروا لە ( ١٥ ) ملیون زیاترن هومەر مستوی

کردەی ( جەنگیزخان ) و ( باتوخان ) و گەلی‌تیرەو بنە مالەی وولاتەکانی ژێر دستیان تەفرو توونا کردوە •

بی‌گومان لەجهانا گەلی تیرەو گەل هەن‌و ئەم ناو بانگە خراپەی شوین نەکەوتوە ، بەلام بەزیرەکی‌و چاکی‌و پالەوانی‌و شەرکەر ، ناو ئەبرین‌و سەرکردەو گەورەکانیان بو سوودی گەلانی جهان چاکەیان زور بوەو گەلی پاشایانی وولاتی سەر بەخویان بوژیانی بەرزی وولاتەکـــەیان دامەزراندوە لەکیشوەری ئاسیا وئەفریقا ،وەیەکی لەم گەلە پاشانەی جهان مروفی کوردەواری‌ی ئیمرویە لەسالەکانی رابووردوا گەلی پالەوانی بەهینری هینایە بەرهەم وەشەرەکانی ( روستەم ) پالەوانی مـــازندران کەهەرگیز ناوی لەچیروکی فارسەکان نەکوژاوەتەوە ، هەروەها سولتان سلاحالدین ئەیوبی ، لەگەل‌زیرەکی‌و دلسوزی‌ی مەلك‌عادلی برای ، لەشەرەکانی دوەهەمی سەلیبەکانا همیشە لەیادی دانشتوانی ئەوروپاو مسیحیەکانی روژئاوا لە یاد نەچوتەوە ، وەبە شانازیەوە ناوئەبرین ، بەرولەی ئەم گەلی کوردە ناسراون •

گەلی کوردەواری گەلی پاشاو ، زاناو ، شاعری بوجهان هیناوەتە کایەوە وەکو کریم خانی زەند ناسراوی نشتمان پەروەر هەروەها زانای میژونوس ( ابن الاثیر )ی ئەیوبی‌و ابو فدای بەناوبانگ نووسەری میژو وجغرافیا هەروەها میژو نووسی کوردەواری زاناو بەریز ئەمـــیر ( ئیدریسی بتلیسی ) وە گەلی زانایانی تر •

بیره وەری کاك ( جەلال ) ی

# یەك ماله

ـ نووسینی : ئەحمەد خواجه ـ

بیست سال لەمەو پیش لەدیی داریکەلی مام روستەم ( روستەم هەتیو ) هەبو ئەم پیرە میردە تەمەنی لەسەد سال رابو ردبوو پیریکی قسه خوش و بەگورو تیك سمراو بوو سێ کوری هەبوو چپووکه کەیان له پەنجا سالی تیپەر کردبوو • بەلام ئەم باوکه پیرە ئازایەیان بەبازووی خوی ئەژیا هیچ هوییکی خوی نه ئەخستە سەر کورەکانی روژیك لەمیانەی قسەدا ووتی من وەکو کاك ( جەلال ) ی یەك ماله ئەژیم :

لیمپرسی ؟ ئەم رازەی بوکردم :

لەروژانی برووزی بابانەکاندا لەسلیمانی گوندی یاخو دیهـــاتی لەوەختی صلاح‌الدین دا له جیاتی عسکر بەلادی یەکانیان ئەووت گوندی یەکان لەسەر شـــیوەی بادینان بوە روژیـــك لەروژان پاشـــا ئەچیت بو راوە پوری چەمی تانجەرو مام روستەمیش لەتەك گوندیەکاندا لەناو سپاکەی پاشادا ئەبی • پاشا دەهولیکی گەورەو لەگەل دەهول ژەنیکی زور زەلام و بوشناخی هەبوو هیشتا هەر شەوبوو تەپلی راو لیدرا ئەوانەی بو دەستەی راوکردن دانرابوون هەر کەسە بەبی چرپەو هەرا سوارو پیادە روویان ئەکردە بەردەرگای مالی پاشاو لەویوە لەسەر فەرمایشی پاشا بو جیی راو ئەرویشتن بەلام هەر له ئیوارەوە خواردنو خواردەمەنی پیك ئەهیزا لەپیشەوە ئەنیررا بو جیگەی راو • گوندی ( عەسکەر ) ەکان بەسەلتە زەلامی به پیشدارو پاشداری پاشا دابەش ئەکران بەبەزمو دەبدەبە ئەکەوتنە ری•چونکه لەو روژانەدا بەفەرمایشی

پاشا هەموو کەسیك سەربەست بوو بوگورانیو پیکەنین بەزم تا راو دائەبەسترا • ئەو روژه بە مەزنە پتر لە ۱٥۰ سواریو ۱۰۰ زەلام ئەبوو راو دابەسترا وەختیك بووبە نیوەرو پیش ئەوەی تەپلی راو تەواو بوون لیبدری لەناکاو بوره سواریك پەیدا بوو کەنزیك بووەوه لەهـــارەی رەخشو شەقەبەندی ئەسپەکەیو لەشوخو شەنگی ئەم سواره هەموو چاومان ئەبلەقبوو بیجگه لەدوو تانجی کە لەرستدابوو شەش تانجیو یەك دوو گەمالی زەلامو دوو سێ توولەی راوی لەگەل بوو خویشی لەسەر کەوای شیرداغی شاییوە سەر کەوای شینو سەروپیچیکی زور نایاب بەچەکمەی زەردەوه بەرەو رووی پاشا چوو بەپێی رەوشتو ئادابی ئەو وەختە خوی لەسەر ئەسپەکەی هاویشتە خوارەوەو دەستی راستی ئەسپی پاشای گرت• پاشا لەم کردەوەیە سەرسام بوو، واقی وورما ووتی پاشا نیوه روژەی لشکرو سپاتٌ لە مالی کویلەی خوت دروست کراوه ئەبی بەکویلەو کراوی خوتم بزانیت فەرمو بو ئەو مالەم کەهی پاشایە • ووتی کورم نانو دویشمان بدەیتی باوەر ناکەم ئەم لەشکرە بەتو تیربکری کەوابو تویش لیرانە لەبارگەوبنەی ئیمە میوانبە • بوره سوار نەی بیستو لەتکای خوی دەست بەردار نەبوو ، پاشای تەفرەدا • تەپلی کوبوونەوه لیدرا روو بەمالی ئەم لاوچاکە سوارو پیادە دوا بەدوای پاشا کەوتە ریگە هەرکە رەشمالی کوره دەرکەوت لەدوای سپاسی بو پاشا بەغار روو بەمال رویشت لەپاش ئەوەی ئەسپەکەی داکوتا دووبارە بەپیرپاشاوه هات لەبەر رەشمالەکەیدا ئەسپی پاشای گرتو پاشای بردە ناورەشمالەکە • لەناو رەشمالەکەدا بەهەر چوار لادا لەسەر قالیی — ئیرانیەوه دوشەك داخراو جیگا ئاورشینکراو ، پالو خاوین بوو • پاشا

فەرمانی‌دا کە هەموو کەسیك ئەتوانی بو دانیشتنی‌بیتە ژوورەوە ئەتوانری بووتری لەو رەشمالەدا پتر لە ٢٠٠ کەس دانیشتبوو ! لەدوای چارەکیك خاون مال ووتی فەرمون ئالیکی وولاخ وەرگرن بو هەر وولاخیـــك توورەکەیك جو وەرگیرا • وەئەم لەشکرە دوی ساردی خواردەوە ، وەپاشایش بەچاویکی سەرسامیەوە ئەروانیتە ئەم کارەساتە • ئنجا هاتە خزمت پاشاو بەچوکا هات قوربان ئەفەرموون نان‌بی‌نین • بەلی هــــەر ئەوەندەی پی‌نەچوو لەرەش‌مالی ناومالەوە سینی‌هات هەر بە دوو ، یا سێ کەس سینی‌یك دانرا ئەم لەشکرە لەبرنجو ئاوو گوشتو نانی تیری‌و دوی تر بوو • ئنجا پاشا چاوەری‌ی نیرگەلەی پاش خواردنی ئەکرد نیرگەلەچی‌یەکەی هاتو بەپاشای ووت ئاگرنیە بونیرگەلە • پاشا مات بوو • ووتی ناشی • خاوەن مالی بانگ کرد لی‌ی پرسی • کورم ، ناووت‌ـ چیە ، چە کەسیت ؟ چون ئەبی لەپاش ئەم هەموو چیشتە دوو پشکوئاگر نەبی بونیرگەلە •

پاشام • ناووم جلال ، گورانم ، ئەم چیشتەیش هەمووی بەگویز کراوە داری‌سوتاندنمان‌نیە • ئیتر پاشا بی‌دەنگ‌بوو ئەبی چەند هەزار گویز سووتابی ، نەیتوانی هیچی پی‌بەخشیت • بەلام پی‌ی‌ووت ئەم جیگەیە بوتو •

ئەو جیگەیە دی‌ی (یەك مالەیە) لەروژئاوای سلیمانیدا لەنیزیکی چەمی تانجەرو ••


بەهیوام لەمەولا وورده وورده لەمیژوی ( جلال ) ی یەکان کە لە کوردستانی شمالی ( ئەنادول ) ەوە چون چوون بوئیران بدویم وەبو هیوای پیشکەش بکەیم •

# جوانی

- نووسینی : شاکر فتاح -

جوانی : دیاری‌یەکە خوائەیدا بەپیاو بوئەمەی پی‌ی ببوژیتەوە ، رەووشتو خوی پاکژبیتەوە ، بشکەویتە گەرر بوچاکە کردن •

جوانی: هیزیکی بەتینە، دلی ئەمو ئەو کیش ئەکا بویە یەکتر وەلەناو-



یاندا تاسەی خوشەویستی‌و دلسوزی‌و یاریدەدان‌و تی گەیشتن‌و یەکیتی دوروست ئەکا،

خوای مەزن کەسی لەجوانی بەبی‌ش نەکردوە • ئەگەر جوانی‌ی لەشی پی‌نەبەخشیبی ، جوانی‌ی گورجی‌و کارگوزاری‌ی پی‌بەخشیوە • یان جوانی‌ی کردەوەو رەووشتی باشی پی‌بەخشیوە • یاخود جوانی‌ی زیرەکی ، کەلك بەخشی ، رووخوشی ، هیزو تەواناو بزوتن‌و بەکارهاتنی پی‌بەخشیوە • هەرودك لەمنال‌دا جوانی‌ی رووخوشی‌و ئیسك‌سووکی‌و سادەیی‌و بزیوی ئەبینین • هەروەها لەپیاوان‌دا جوانی‌ی پی گەیشتوویی

وەتەواناو مەردایەتیو پیاوەتی ئەبینین • لەئافرەتیشا جوانیی ریکو پیکی و شەنگو شوخی و دل نەرمیو جگەرسوزیو ناسکی ئەبینین • لەلاوانیشدا جوانیی هەررەتو هیزو پیشکەوتن ، گیانی شستنوی کردنەوەو سەرکەوتن وبەرکەوتن ئەبینین • لەریش‌سپی‌یەکانیشدا جوانیی تیگەیشتنو تیبینیو وزرنگیو ژیری ومەندی وپاریزگاری ئەبینین •

ئەی لەسوروشتا چی‌ئەبینین ؟ جوانیمان گەورەو بەهیزو بەرجەستە دیتە پیش‌چاو • روژ جوانە بەرووناکیی بەهیزیو گەرمیو کەلکیەوە بو پەرەسەندنی گیان لەبەرانو گژوگیاو جی‌بەجی کردنی کاروفرمان •

**شەویش بەمەندیو بی‌دەنگیو سرەوو بەزمو رەزمیەوە • چەند - جوانە زەوی لەکەشی بەهاردا کە گولو ریحانو سەوزەگیاو دارودرەخت سنگی دائەپوشن ! چەند جوانیشە لەکەشی هاوین‌دا کەمیوەو سەوزەو دەخلو دان پی ئەگەن ، ماوەی پیاویش هەیە کەبە ئارەزووی خوی بکوشیو بیتوو وبچیو خوشیی ژیان بچیژی ! چەند جوانیشە لەپایزدا کەژین ئەکەویتە کوبونەوەو خوش رابواردنو مەندییو سرەوتنەوە •• هەروەها چەندجوانیشە زەوی لەزستان‌دا کەهیزی بەرەنگاری کردنو کردوکوشیو رەنج‌دان بودواروژ بەگوررو تەووژمەوە خوی دەرئەخا !••**

لەوەختیکا کەگول بەجوانیو بون خوشیی خوی فیری دلتەریو دلپاکی وبی‌وەیی‌مان ئەکات ، درەختیش بەجوانیو بەروبومو سیبەری خوی فیری بەکەلک‌هاتنی گشت لایی‌مان ئەکات ، ئەی لەمەدا جوانی نابینی کە گیان لەبەرو پەررندەو جروو جانەوەر وە گژووگیا کەلکو فرمان‌مان پی ئەبەخشن بی‌ئەوەی چاویان لەپاداشیک یان سوپاسیکی ئیمەوە بی ؟

من هیچ باسی چاوئەندازەکانی روژئاواو روژهەلات ناکەم• هەروەها باسی هەلهاتنی مانگ‌و دەرکەوتنی ئەستیرانیش ناکەم لەناوجەرگی شینی ئاسماندا • ئەمانەو چاوئەندازەکانی شاخ‌و کیوە بلندەکان و زری فراوانە شەپول هاویژەکان‌و تافگە خاوەن هارە هارەکان‌و روبارە گەورەکان کە بەتەوەژم یاخود بەمەندیی ئەکشین بەناو هەردا •• ئەمانە هەمویان خاوەن جوانی‌یەکن چاوبەستمان ئەکەن‌و دلکیشمان ئەکەن • بەلام لەم‌جوانی‌یانە یان گەورەتر ئەوەیە کەلەو روژەوە خوائیمەی هیناوەتەبوون ئەمانە هەمودەم بو دلخوشی‌ی‌ئیمە ، بوکەلکی‌ئیمە ، بوئاسان کردنی ژینی ئیمە خوا بەکاریان ئەهینی تائیمرو •

سەرنجیک بدەن لەجیهان‌و ئاسمان ، لەگیان لەبەران : دڕرندەو پەررندە گژوو گیاو مروف •• ســـــەرنجیک بدەن لەو پی‌رەوی‌یەی کەئەمانە لەسەری ئەرون ، لەودەستورانەی کە فەرمان رەوان بەسەر پەیوەندی‌ی گیان لەبەرو داروبەردەوە ، لەرەووشتی ژین‌و بزوتن لەم ئافەریدە کراوانەی ئاسمان وزەوی‌یەدا •• چی‌ئەبینن؟ جوانی‌ی ریک‌و پیکی ، جوانی‌ی یەکسانی‌و ئارام‌گرتن ، جوانی‌ی بزوتن‌و گوړران ، جوانی‌ی دوروست‌کردن‌و لەناوچون ئەبینن •

لەم زەمین‌و ئاسمانەدا هەموشتیک جوان‌و رەندینە • خوایش کە زەمین‌و ئاسمانی لەژیر چنگایە دیسانەوە جوان‌و رەندینە و حـــــەز لەجوانیش ئەکات •

چونکە خوی هونەرمەندی مەزنە ، وەئەم هەموشتە جوانانە ئەو دوروستی‌کردوە •

بەلام لەهەموشتیک جوانتر کەخوای پاک‌و بی‌هاوتا بەئیمەی بەخشیوە

( ژیریی‌و بیرکردنه‌وه ) یه • ئه‌وهیزه‌ی که‌له‌هه‌مو هیزیکی جیهانی‌ی گه‌وره‌تره ، که به‌هوی ئه‌وه‌وه ئه‌توانین به‌خوا بگه‌ین وه‌له‌ریگای ئاموژ- گاری‌ی ئه‌وه‌وه هه‌مو ئاواتیکی ژینمان پیك بهینین •

که‌واته بام ئه‌م هیزی بیرکردنه‌وه‌یه‌مان له‌شتی به‌که‌لك‌و په‌سه‌ندا به‌کار بهینین بوخومان‌و بوخه‌لکی • تابتوانین خوشی‌ی ئه‌م ژینه جوانه ناوازه‌یه بچیژین ئه‌م‌ژینه خوا بویه‌کی دوروست کردوه که‌ئیمه خوشی‌ی لی‌وه‌رگرین ، پاشان به‌هوی ئه‌وخوشی‌یه‌وه بگه‌ین به‌پایه‌ی پیاوه‌تی • به‌لام ئیمه وه‌ختیك ئه‌گه‌ین به‌وکامه‌رانی‌یه که‌ژیانمان ته‌رخان که‌ین بو به‌که‌لك هاتنی گشت‌لایی ، ئه‌ووه‌خته خه‌لك‌و خوایش دلخوش که‌ین •

---

◆ کوره ده‌وله‌مه‌ندیك له‌سه‌ر گوری باوکی دانیشتبو له‌گــه‌ل کوره هه‌ژاریکدا گفتوگوی ئه‌کرد ئه‌ی‌ووت :- ســـندوقی گووری باوکم ره‌نگینـــه‌و ده‌وروپشتی نه‌خشینه خشته‌کـــانی هه‌مو سه‌وزوسوره‌و به‌رده‌کانی هه‌ر شاره‌زووره • به‌لام گوری باوکی تو نه‌ختی هه‌ل‌که‌نراوه‌و کومه‌له به‌ردیکی له‌ســـه‌ر دانراوه • نه‌رازاوه‌و جوانه وه نه دل‌گیرو گرانه • کوره هه‌ژاره‌که ئه‌مه‌ی بیست ووتی :- بی‌ده‌نگ به له‌روژی قیامه‌تا تا باوکت له‌ژیر ئه‌و هه‌مو باره گرانه دیته ده‌ره‌وه باوکی من ئه‌گاته به‌هه‌شت ••

« گولستانی سعدی »

# شێرپەنجە « سرطانە »

دانشگای پزیشکی فیەنا
وریا ئەمین رەواندزی

ئەم نەخوشیە بیری هەموو کەسیکی خستەکار ، لەزانایانو پزیشکانەوە ، بگرە هەتا مروی سەر شەقام • ئەمەش لەبەر زور بوونو بلاو بوونەوەی ئەو نەخوشیەیە ، یانەکینی لەبەر پیشکەوتنی ریگایانی ناسینی نەخوشیەکەیە •

نەخوشیی شیر پەنجەی پیس بە هەردوو چەشنەکەیەوە ( SARCON). و ( CARCINOM ) بریتیە لەو دوومەلانە کە هەندی جیگای لەشی ئادەمیزاد بەدیار ئەکەون ، وە لەپارچە بوونو گەورە بوونی ئەو « خلیە » ( Cell ) یانە پەیدا ئەبیت ، بەجوریك کە ئەو « خلیە » تازە پەیدابووانە بەتەواوی فەرقیکی زوریان هەیە لەگەل « خلیە » دایکەکان • چە لەشیوە ، چەلەگەورەیی ، چە لەئیش کردنیا وە چە لەذامەزراندنی ناوەوەی ، لەپاشاندا ئەو « خلیە » تازە پەیدابووانە بەریگای خوین ( SARCOM ) و ریگای « لیمف »( CARCINOM ) بو هەندی جیگایانی تری لەش بلاو ئەبنەوە . ( METASTASE ) وە هەرکە نەخوشی گەیشتە ئەم پلەیە ئیتر چاك بونەوەی زەحمەتە •

وەلەپیش ئەوەدا باسی ریگایانی ناسینی ئەم نەخوشیە و ریگای

دەرمان کردنی بکەین ، وای بەپیویست ئەزانم کە هوی نەخوشیەکە بخەمە بەرچاوی خویندەواری بەریز :

یەکەمین : سووتانەوە « التهابات » : ئەو سووتانەوە تیژانەی بەچەند هویکەوە پەیدائەبن و ئەبنە سووتانەوەیکی بەسەراچوو « مزمن » وە هەروەها ئەبنە هویك بوپەیدابوونی ( Prae - Neoplasie ) .

وە ئەمەش هەنگاویکە بو پەیدابوونی دوومەلەکانی بەلام ئیمە نابی وا تی بگەین کە هەموو جورە سووتانەوە یکی بەسەراچوو ئەبیتە شیر پەنجە !.. بەلکو بوونی ئەو جورە سووتانەوە بەسەراچووانە وەکو « سووتانەوە بەسەراچووەی ریخولەی دوانزە گری » ( Duodenum ) بوی هەیە ببیتە هوی پەیدابوونی شیرپەنجە . هەروەها پەیدابوونی گلیرەیێك « ندبە » لەلەشی ئادەمیزادا بوی هەیە ببیتە هوی پەیدابوونی ئەو نەخوشیە . وەبو تی گەیشتنی ئەمە ، ئەتوانین بلیین کەوا ئەو « خلیە » سووتاوەویانە « ملتهبە » مەیلی پەیداکردنی « خلیە »ی تازەیان هەیەو هەندی جار وابووە کە لە ئەنجامی سووتانەوەی میزلدان « مثانة » پاش نەخوشیی بەلهاریزیا شیرپەنجە پەیدابووە .

لەم دووا دووایەدا هەندیك لەسەر ئەمباوەرەن کە ئەم نەخوشیە لە میکروبیك لەچەشنی (VIRUS) پەیدا ئەبی و لەدوومەلیك بو جیگاییکی تر لەلەشدا بلاو ئەبیتەوە ، ئەوکەسانە باوەرەکەیان لەسەر ئەم بناغەی خوارەوە وەستانوە :

هەلسان مریشکیکی ساغیان هیناو خلاصەی دوومەلیك کەلەلەشی مریشکیکی نەخوشیان وەرگرتوو (Sarcom) لەو مریشکە ساغەیان دا ، پاش دەمیك ئەومریشکە تووشی عەینی نەخوشی بوو . وەبو

ئەسەحی « تأكید » ئەمە عەینی خلاصەیان لەقازیكی ساغ دا و هەمیسان نەخوشیەكەی لی رووودا ،جا بە پیچەوانەوەی ئەوەوە ئەو كەسانە باوەریان زور بەهیزە كە ئەو میقروبانەی لە چەشنی «فیروس» ن ( Virus ) كاریكی زوریان هەیە بو پەیدابوونی شیرپەنجە •

دووەمین ــ هوی كیمیاوی : « ئەو جورە شیر پەنجەیە كە بەهوی بەچەشنە كاریكەوە پەیدا ئەبی »

وادیارە نەخوشی‌ی شیرپەنجە لەئەنجامی هەندیك ئیش‌وكارا پەیدا ـ بیت ، وە بە پیچەوانەی ئەوەوە توانیان كەهوی كیمیاوی بەهوییكی پەیدا بوونی شیر پەنجە دابنین‌و ئەمەش بریتیە لەوانەی خوارەوە :ــ

أ ــ مەوادی مەعدەنی : وەكو ئارسین ــ (As) وە ئەسپیست كەهوییكە بوپەیدا بوونی شیز پەنجەی پیست • وەهـــــەروەها كوپالت ــ (Co) وە ئوكسیدی ئا سن (Feo) كە ئەبنە هوی پەیدا بوونی شیر پەنجەی ســـــــنگ •

ب ــ رەنگ ئەصباغ :

١ ــ ئەنیلین : ئەبیتە هوی پەیدابوونی شـــــیر پەنجەی میزلان « مثانە » •

٢ ــ ئازو ــ (Azo): كەلە «كەرەی دەستكرد = زبد اصطناعی» دا هەیەو ئەبیتە هوی پەیدابوونی شیرپەنجەی جگەر ـ لەمشـــكدا •

٣ ــ ئەمینو ستیلبین ــ Amino - stilben: ئەبیتە هوی

پەیدا بوونی شیر پەنجەی پیستو سنگ •

٤ ـ قەتران ـ ( Tar ) : لە زوویبکەوە کە شـیرپەنجەی گون لەو شیر پەنجانەیە کە لەناو راوکەرەکانی ماسی و گوریس کەرەکانا پەیدا ئەبی ، وەلەهەندە هەریمیك شیر پەنجەی گون زور ئەدا کەجیگای تایبەتی ماســـی گرتن بی ، چونکە توری ماسی گرتن « شبکە » بەقەتران سوواوە ••

هەروەها نیسبەتی شیر پەنجە لەناو کریکارانی رادیوو خوری زورە چونکە ئەو مادە قەترانەی بو رادیو کردنو خوری چاك کردن بەکار ئەهینری بەهوی ، هەناسەوە هەمیشە ئەچیتە سنگی ئەوکریکارانە ، وە بو ئەسەحی «تأکید»ی ئەمە زور لەی کولرایەوە •• لەوانە لیکولینەوەی زانستیەکانی ژاپونیا بوو،کە توانیان لە سەدا سەدی تاقی کردنەوە کانیان شیر پەنجەی پیست لەمشکدا پەیدابکەن پاش ئەوەی لەشی ئەو مشکانەیان بەقەتران هەلسووی • هەندی جار وائەبی کە دوو یا سێ « عوامل » بە یکەوە ئەبنە هوی پەیدابوونی نەخوشیی ناوبراو ، وەکو شیر پەنجەی لیو لەماسی گرەکان ، ئەو شیر پەنجەیەش لەدوو « عامل » پەیدا ئەبی یکەمیان قەترانو دووەمیان تیشکی سەر وەنەوشەیی « أشـــعە فوق البنفسجیە» یە کە لەسەر زەریادا فرەو برتینە• وە هەر وەها شیر پەنجەی لیو بە کیشانی سەبیلو قەنە پەیدائەبی،ئەمەش لەبەر سێ هوی = سەبەبی کیمیاوی « لەنیکوتین » ەوە شوعاعی « لەتیشکی سەر وەنەوشەیی » ، وە میکانیکی « لە قورسایی سەبیل لەسەرلیو » ـ ( ضغط ) •

سێ یەمین ـ هوی فیزیاوی : بریتیە لەوانەی خوارەوە :

أ ـ میکانیکی : ئەنجامی لیدانیك وە یاخود پیکەوتنیك « صدمە » بوی

هەیە ببیتە هوی شیر پەنجە لە ماوەی پینج سالدا هەتاکو بیستو شەش سال لەپاش لیدان یا پیکەوتنەکە بەشەرتیك لەوبەینەدا نەخوش هەست بەئازاربکا ، وەکو شیر پەنجەی « پەنجە » لەناو پینەدوزو باغەوانو بەرگ دروەکان •

ب ـ گەرمایی‌و سووتان : شیر پەنجەی پیست لەناو دانیشتوانی شاخ لە « کشمیر » زورە چونکە لەوی خەلقەکە لی‌ی راهاتوون سەبەتەی پر لەشتی گەرم لەسەر سکیان هەلگرن • هەروەها شیر پەنجەی قورگ « بلعوم » و وورگ « معده » لەخواردن‌و خواردنەوەی شتی زور گەرم پەیدا ئەبی وەکو چیشت‌و چا ، قاوەی زور گەرم وە بو کورتی ووتار تەفسیری ئەم سەبەبەم بەپیویست نەزانی •

ج ـ تیشکی ـ شوعاعی :

١ ـ تیشکی سەر وەنەوشەیی : کەئەبیتە هوی پەیدا بوونی شیر پەنجەی پیست •

٢ ـ تیشکی رونتکن •

٣ ـ ئەو تیشکانە کە لەرادیوم‌و توروتراست‌و ئورانیوم پەیدائەبن‌و ئەبنە هوی شیر پەنجەی سنگ‌و ئیسقان •

وە لەم دوا دوا ییەدا بەهوی زور بوونی تاقی کردنەوەی ئەتومی « تجارب ذریە » ، تیشکی ئەو مادە اشعاعیانە زور بلاو بوونەتەوە ، بەجوریك کە زانراوە لەئەلەمانیا نیسبەتی ئەو ئیشکە ( لەئاو ) دە جار لەپیشان بەهیزتر بوە • بەپیچە وانەی ئەوە زور لەدوکتوران‌و زانایان بویان ساغ بووە کە زور بوونی شیر پەنجە لەم دوا دوا ییەدا سەبەبەکەی تیشکی ئەو ئەتومەیە •

چوارەمین ــ شیر پەنجەو وەراثە « السرطان والوراثە » :

هەندی کەس لەسەر ئەوباوەرەن کەوا منال لە باوکی یا لەدایکی یەوە ، نەخوشی شیرپەنجەی تووش ئەبی ، چونکە وارووی داوە کــە منالیك تووشی ئەم نەخوشیە بووە ، لەکاتی خویدا باوکی یاخود باپیری بەو نەخوشیە مردوون • وە هەندە کەسانی تر ئەلین ئەگەر بیتو ئەمە راست بیت ، ئەبی « دوانە = جمك = توئام » یــك لەعەینی کاتدا تووش بن ، بەلام لە ئەنجامی تاقی کردنەوەدا وادەر کەوت کەبوی هەیە هەر یەکیك لەو دوانەیە تووشی نەخوشیەکە بن •• وە لە هەندی تاقی‌ـ کردنەوەی ترا دەرکەوت کە « عاملی خارجی » کاریکی تری هــەیە لەسەر ئەو « عاملە داخلیە » کە وەراثیە ، وە ئەم دوو « عامل » ە بەیێکەوە ئەبنە هوی پەیدابوونی نەخوشیی ناوبراو •

## دیاری دانی = ناسینی شیرپەنجە « ئەعراض »

لاواز بوون ، خوین کەم بوون ، ماندوو بوون ، توورەیی ، کەم‌ـ بوونەوەی ئارەزوی خواردن وە هەندی شتی تر رووئەداو ئەمەش ئیعتماد لەسەر ئەو جیگایە ئەکا کەتووشی نەخوشیەکە بووە ، وەکو زەحمەتی قووتدان لەشیرپەنجەی قورگدا •

## چارەو دەرمان کردنی

پیش هەموو شتیك مهم ئەوەیە کەئەم نەخوشیە بەزووترین کات بناسرین ، بەلام وادەرکەوت کەیەکیك پاش ئەوەی کار لەکار ئەترازی ئینجاپیی ئەزانی •

دیسانەوە لەهەندە شیرپەنجەی « جهازی تناسلی » ژنانا ، توانراوە لەسەدا نەوەدو پینج چاكبکەنەوە ، چونــکە ژنانی ئەوروپا زوو زوو

سەریان لەپریشك ئەداو ئەمەش بوە هوی زووناسینی نەخوشیەکە •

بەلام ئیستا بەهوی پیشکەوتنی ریگایانی ناسینی شیرپەنجە ، ناسینی ئەم نەخوشیە لەجاران ئاسانتر بوە • وە هەر وەکو لەپیشەوە باسمان کرد کە زووناسینی نەخوشیەکە لەنەخوشـــــا زور یارمەتی چاك بوونەوە ئـــەدات •

ریگایانی چاك بوونەوەی شیرپەنجە ، عەمەلیات و تیمـــــارکردنە بەتیشکی « رونتکن » و بەو دەرمانانەی گەورە بوونی ئەو دوومەلە ـ پیسانە رائەگری وەکو دەرمانی (A5/8) و ( E - 39 ) کە زور بەکار ئەهینری بو تیمار کردنی شیرپەنجەی خوین (Laekamie)

---

## کیمیا لە پیاودا

لە لەشی پیاویکدا کەقورسایی‌ی ٧٠ کیـــــلو گرام بیت ئەوەندە چەورایی تیادایە بودروست کردنی ـ ٧ ـ حەوت قالب ســــابون وەئەوندە کاربونی تیادایە بودروستکردنی ـ ٧ ـ هەزار قەلەمی رەش وە ئەوەندە فوسفوری تیادایە بو دروست کردنی ـ ٢٢٠٠ ـ سەری دەنکە شخارتە وەئەوندە مەگنیسومی تیادایە بودروست کردنی پاکەتی ئینگلیزدوزی وە ئاسن بودروستکردنی بزماریکی ٤ چوار ئینجی وەگەچ بو گەچکاری کولانەیکی مریشك و ە کبریت بو پاکردنەوەی سەگیك لەکیچ وەئاوبو پرکردنی بەرمیلیکی ـ ١٠ ـ گالونی ••



# دیوانی هێوا

# نالی

دەورانیە وەك هیلەکی سەودا سەری کیژم
بویە بەدەقیقی مەســــەلە هەرچی دەبیژم

هەر پەرچەمو پیشانیە فکری شەوو روژم
هەر گەردنو زولفە ئەمەلی دوورو دریژم

بی دیدەوو دیداری ئەتو خوینــــە گرینم
یەعنی گولو نیرگس کەنەبی لالــە دەنیژم

رەنگی ئەسەری شـــورشی لعـــلی نمگینە
ئەم ئەشکە کە بەسویری‌و سووریە دەریژم

بی زینەتی ماچی دەمت عاطـــلە روژووم
بی هەزرەتی میحرابی بروت باطلە نویژم

نالی وەکو لالە کە شەهیدی غەمو داغــــە
لەم باغە بفەرمو کـــە ئەویش لیرە دەنیژم

# ئەی کامەرانی

سلیمانی : م • شارباژیری

ئەی کامەرانی گەشەو روناکی هیوای ژیانی ،
بوشەو شەبەقی ، گزنگی خوری دەمەو بەیانی ••
تریفەی مانگی •• جریوەی خوشی ئەستیرەی گەشی ،
روشن کەرەوەی دلو دەرونی تاریکو رەشی •
تو ئەو مەبەستەی کە هەرگیز بەرەو قوناخی شادی ،
یەکەم رابەری کاروانە گەورەی ئادەمیزادی
تو چارە سەری دەردی گرانی گیانی کومەلی ،
بو دوزینەوەی ریی لەژیانا گرروو مەشخەلی
ویرانە گەرتو بچیتە ناوی ، خوشە ، ئاوایە ،
تو هەبی خەم و پەژارەو سزا کەی لەناوایە ؟
تو هەبی ئەوەی کەوا هەژارو دیلو کلولە
بەختو ناوچاوی رەشی لەتاوا ئاوارەی چولە
تو کلیلیکی زنجیرو کوتی پی ئەکەیتەوە •••
جەرگو هەناوی رەشی بەدبەختی بەر ئەدەیتەوە •
ئەوەش ئەزانم کەتو نەبەهرەی ، وەنەخەلاتی ،
بەلکوو بەروبووی بەپیتو فەرری تووی خەباتی :
چەن لافاوی خوین ، خوینی گەشوئال ، بوتو رژاوە ،
چەن کەللەی سەرو میشکی بلیمەت بوتو پژاوە ،

چــــەنپی هەلوەری بەدەم زنجــیرو کوتی نراوە ،
چـــــەن دەستو مەچەك لەناو ئاســــنا بوتورزاوە ،
چەن مل لەســــــەرتو ، بەروژی روناك ، كرا بەپەتا
چەن جەستە ، چەن گیان ، سووتا لەبوتەی جەورو مەینەتا
چەن دلی ناکام ، ئیستا لە سەرتو ، ئەسپەردەی گـــلە
گلینەی چاوی چــــــەن گوولی نازدار زەدەی چقلە
چەن گیانی نەبەز ، بو تو ، لەسەر تو ، گیرودەی بەندە
دیلی زینـــــــدانی تەنگو تاریـــــکو ئەلقـــــەی پیوەندە
چەن جوانە مەرگی خیر لەخو نەدیو کە گیانی دەرچوو
بەستەو گورانی ئاواتو هیوای توی لەسەر دەمبوو ...
بەکورتی ماكو هەوینی خوشیو شـــــــادی ژیانیت
بەنرخـــــــی بویە وەها گرانە قوچــــــی قوربانیت .

# ئویەریتی وەرزی سال

أ . ب هەوری

١ ـ جوتیار

من جووتیـــــــاری وولاتم
پاپیزە وەختــــــە هاتـــــم
بەمانگ زیاتر پیش پەلـــە
وورد لەسەرخو بیهەلــــــە

تفاقی جووت هــەل ئەگرم
ری بو وەردەکــەم ئەگرم
بانــــە ئەبرم تاڵو جووت
توو ئەچینـــم روژە جووت

بە هوهو ئەرز ئەکیـــــلم
خەفەت لــەوی جیٚیـــلم
ئەوســــا رووئەکەمە خوا
تاکــــو پەلەی لیٚئـــەدا

هەوجارەکــــەو مژانــم
نەقیزەکەی ســـەر شانــم
چـــاتر لەشیرو تیـــیرە
بو بەرزیی نیشـــــتمانم

سوودم بو هەموو کەســـە
شانازیی ئەمەم بەســـە
زیانم نیــــە بوکـــەس
چون خوم ئەکەم بەناکــەس

٢ ـ رەنجبـــەر

من رەنجبەرم زســـــتانە
وولاتی من کویســــتانە
چلوورەی بەفرو ســــەرما
لــەپرر وادای بەســــەرما

ڕێی دەرو دەشــت گیراوە
ئامشــــوو ڕەویـــــش براوە
کالــــەو پێتاو ئەبەســــتم
ڕوولەســــەختی ئەوەســــتم

ئەمالم بەفری ســـــەربان
کارو پیشـــــەی منزستان
خزمـــــەتی ئاژال ئەکـــــەم
بەمە خوم خوشحال ئەکەم

بەروبوومی بزنو مـــــەر
وولات ئەهێنێتـــــە فـــــەر
گـــەورەو بچوك تیرئەکـــا
یەك مەر هەزار خێرئەکـــا

کەلـــــکم بو نیشـــــتمانم
زورە خوشـــــم ئەزانـــــم
زیانم نیـــــە بوکـــــەس
چون خوم ئەکەم بەناکـــەس

**٣ ـ ئاو دێر**

من ئاو دێرم بەهـــــــارە
ســــــوودو کەلــــکم دیارە
تەرو تووشی بەســــەر چوو
گوڵ لەچەکـــــەرە دەرچوو

زەوی شین‌و زەردو سوور
رەنگاو رەنگ نزیك‌و دوور

خـــــەفەت لەدل بەدوورە
رەنگ گەش گولالەی سوورە

بیل ئەنیمە سەر شـــــانم
بو سەیری زەویە کـــــانم

بو سەیری کشت‌و کـــالم
هوی ژینی خوم‌و مـــالم

تاکو چـــاتر بیتە بـــەر
بو هەموو کەس سەراسەر

باش بەدل ئاوی ئـــەدەم
منیش وا خزمەت ئەکـــەم

خزمـــەتی من وەهـــایە
وولاتیـــش پیی ئـــاوایە

زیانم نیـــە بوکـــەس
چون خوم ئەکەم بەناکـەس

٤ ـ سەپان ـ وەرزیر

هـــاوین منیش ســـەپانم
ســـەپانی نیشـــتمانم

کـــاتی فرمـــانە ئەمرو
خوا نەمـــکەی رەنجـــەرو

پەلـــــە گەنمم جوانـــــە
هوی زیندەگیی وژیانـــــە
پاش درونیەو گـــــــیرە
شەن کردن فەرموو ئـــیرە

وەرزیرم بەرەنجی شـــــان
خزمەت ئەکەم نیشـــــتمان
خەرمانی گەنمم ســـــوورە
جەوال پر روو لـــەزوورە

بەشـــــی مال‌و منـــــالم
دائەنیـــــمو خوشحالـــــم
ئەوی تریشی بوشـــــــار
ئەی دەم هەموو بەدینـــــار

بەم رەنگە زور کەس لەمن
سوود دارە دوســـتو دژمن
زیانم نیـــــە بوکـــــەس
چون خوم ئەکەم بە ناکەس

٥ ـ چوار وەرزی سال

ئیمە چوار وەرزی ســـالین
هەر چەن بەچاو منـــالین
ســـــال وا زوو تیئەپەری
جەرگی ئەمـــــەن ئەبری

گەورەو پچوکیـــش ئەمری
مـــاوە فرمـــانە ئەکری

وەرە تو ئـــەی نەوجوان
کوشیش کە بو نیشـــتمان

ئەم خاکە پاکـــــە جوانە
دیارە دایـــــکی هەموانە

چاوی لەگـــــەنجو لاوە
هیوای تویـــە کـــەماوە

راپـــــــەرە لاوی وولات
دلت پربـــی لـــــەئاوات

ئاوات بو بـــــەرزیی هیوا
بو خوینـــــدنو بو بروا

بروا بـــــــەخوتو بەمن
نەکـــــــەویە داوی دژمن

گەر راست بکەین ئەی برا
بو ژیـــان ئەبیتـــــە چرا

# مەو شەهین

روناك رەؤف

دەســـــتم بەسراوە لالــــە زمانم
نازانـــم چونە روژی دیســــانم
تەمو دوکەلیك وا لە سەر چاوم
ریگام تاریکە سەر لی شــــیواوم

شەهینی باخی بەرزی کوردستان
سەرسام وەســـــتاوە نایەتە زمان
ئەلیم ئەی مەلی دەرون رونو پاك
بوچی بی دەنگی وەستاوی خەمناك ؟

بخوینـــــە بە دل بلاوینــــەوە
شاخی سەختی بەرز بلەرزینەوە
بچریکینە تو بە دلو بە گیان
بلی هەربژی گەلی کوردســـــتان

وەك من مەشیوی غیرەت بنوینە
بە دەنگی ناســـك بومان بخوینە
تا بە دەنگی تو ئیمەش هەمومان
هەستینە سەر پی بو ریی تیکوشان

بو بەرزی ولات هەمو بە یەك جار
پشتی یەك بگرین گەلەکەی وشیار
گەلی ووشـــیاری ژیر پەردەی ماتەم
خەبەرکەیتەوە رزگـــاربین لەخەم
گەرمن وەکو تو سەربەستو بیترس
بگەرامایە ســـــەرچل بەبیپرس
سەرســـام نەئەبوم ئەگەرام بیباك
روژی ژیانی گەل ئەبو رووناك

# یەکیتیو زانستی

کویە : دلزار

هیزی یەکیەتیو چرای زانســـتی
کورد رزگار ئەکەن لەژینی پەســـتی
خوینـــدنە خوینی دلی میـــللە تان
زانینـــە دەوای دەردو عیـــللەتان
میـــللەتی نەزان سووکو ریســـوایە
گـــەنجی بوخەلکەو رەنجی بەبایە
بخوینە ئەی کورد بەتەنیا خوینـــدن
تو رزگارئەکا لەچنـــگی دوژمن
هیزی تاریکی جەهـــــلو بیدادی
لەپیش لەشکری عیـــــلمو ئازادی

ئەگـــەر زەمین‌و زەریاش داگری
بی‌شك شكاوەو هیـــچ‌خوی ناگری
ئیتر بخوینـــە چەرخی بیســـتەمە
دنیا رووناكەو كوردســـتان تەمە !

# تەپل . . .

دیلان

كام گیژە كـــەوتومە ناوی ..
بوكام گیژە مەلەی سستم ..؟
پەلـــەی بالی‌لـــەگو كـــەوتوم
كام چـــلە كەتوتە مستم ..؟
بوچی بوو .. هەلپـــەی جارانم
بوكوی‌بوو ... بازرەقەی بەستم ..؟

★ ★ ★

بوكـــام ریـــی بەخوری بووم
هەلم تەكان شـــانو بالم .. ؟
بوكـــام نیوە روی روناك بوو
بیداری شـــەوگاری تالـــم ..؟
یا بوكام هەنـــگاوی دووربوو
تەووژمی ئاوانی كـــالم ...؟

وام پێئـــــەڵێ •• وای ئەژەنی
« تەپڵی » ئەوتەشیەی رســـتم •••

★ ★ ★

خڕ ڕبێژەنـــــە •• دونیاکپـــــە
مـــــاوە پـــــانوو فراوانـــــە
بشـــــیرینە •• نەکێ بەچپـــە
کوتەك بوسەری •• تاوانە •••!
تاوانـــــم کرد ••• نراپیمـــــا
موری ئەو جوتە چـــــاوانە •••

★ ★ ★

هەرچیـــــم هەیە لیـــــموەرگرە
لەشـــــم ، ناوم ، جولەم ، تینم
بێگروو •• پیســـــتی ئەندامم
بێکە •• بەبەیداخی ژینم •••!
بەرەڵلای کە هـــەوری « توانج »
بوئە ستیرەی بەختی شـــــینم ••

★ ★ ★

بەلام •• شـــــتێ لەموخمـــــایە
« اوتوم » نای هینیتـــــە دەری
هیـــــچ دەســـــتەلاتێ ناتوانی
پـــــەناو زەفەری پێبـــــەری

ئەزانیچی ؟ ••• ئـــەمن کوردم
گەلای کوردانـــەم ناوەری ••!
دە بیژەنـــــە •• دونیاکپـــــە
« دل » لەتویی ئاراما خپە •••

# ئەی سروشت

وینەی هەلبەستی سەربەست
هەولیر ج : غەمگین

خوتو جوانیت ئەی سروشـــت
ئەی دایکی جوانی ،
ئەی هیز دەری خوشی
ئەی سروشت ئەی کانگای دلداری
بەبەهارت کەبەرگی سەوز ئەپوشی
بەدلدارانت ووردو درشت •
ئەی سروشت ئەی کانگای دلداری
ئەی مەلبەندی. کامەرانی
پیم بلی ئەی تاریك کەری دلم
بوچی هەلوەری لەباغچە ژیان گولم ؟
کوا پەلکی ؟ کوا بونی ؟ کواچلی ؟
کوا ژینی رابوردوی جاران ؟
بو هەلوەرا پەلکی بەبای پاییز ؟

بو بونی نەما لەباغچەم هەرگیز ؟
ئەی سروشت چون ئەتوانم بی ئەو
بژیم بەبی بونی ، بەبی رەنگی ؟
ئەبی سەودا سەربم بەروژو شەو
بگریم‌و بنا لم هەمیشە بەبی‌دەنگی
ئەوا تیك‌چو بەهاری ژینم
بەبی ئەوتاکە گولە
کەوتووم بی‌هیزو تینم
کوری شیوەنم لەدلە
وادیارە ئەی سروشتی بیباك
توی هوی تیکدانی ژیان
توی جوی کەری دلان
تابژین بەسەرکزی‌و خەمناك
بەلام من ، من ئەی جانەوەر
گولم ئەهینمەوە بوخوم
نەك بلیم دیلی بەندی توم
بگەریم ویلی کیوان ، دەربەدەر
ئەو گولەی کەبەهیوای ئەژیام
بەخوینی دل ئەبو ژیتەوە
ئەگەرچی هەر بەتەنیام
بەلام پشتی توم پی‌ئەچەمیتەوە •

بەدەست کاری‌یە وە لە کلیل‌و دمنە وەرگیراوە ٠

# نموونەی کوردی‌یەتی

ـ محمد مصطفی کوردی : سلیمانی ـ

فیسقەگولە بالندەیەکی زور پچکولەی جوانکیلەیە ، ئەلین لە پایزانا ئاو ناخواتەوە ئەگیرنەوە کە فیسقەگولەیەك لە ناو چەمو ئاویکی خوشا ، لەسەر لقی توترکیك ـ کەبەریك ئەگریت وەك شاتوو وایە وە زور خوشە ـ هیلانەی کردبوو ، وەسێ چوار بیچووی هەل هینابوو ، زور دلی بەم هیلانەو بیچوو چەمو تووترکە خوش‌بوو ، وە لە خوشیانا شەوو روژ وەك هەزار داستان بە هەزار زبان ئەی خوند ، هەر چەن گوی‌ی لە زیکە زیک‌و جرووکە جرووکی بیچوەکانی‌یەوە ئەبوو بست بست بالای ئەکرد ، وە هەمیشە وەك هەلەکەسەما هەل‌ئەـ سووررا ، ئەم بیچووانە هەر چەن تینویان بوایە ، لەو ئاوە واردە روونە بی خەوشە بە دەنووك چەن دلوپیکی بو ئەبردن‌و ئەی‌کرد بەدەمیا ـ نەوە ، وە هەرچەن برسییشیان بوایە ، چەن دەنکیکی لە بەری تووترـ کەکە بو ئەکردنەوەو ئەی‌دانی ٠ وە هەر کاتیکیش هەتاوی لی بدانایە ، بالە تەنکە برنجوکی‌یەکەی بو ئەکردن بەسیبەر ، وەشەویش بەسەـ ریانەوە هەل ئەنیشت ، بەم پی‌یە ئەم بەسەزمانە شەوو روژ هـــەر خەریکیان بوو ، وە هیچ حەسانەوەو ئارامی نەبوو ، جارجاریك نەبی کە ئەچوو نەختیك دوور ، لەسەر لقیك بەرامبەریان ئەنیشتەوەو دەستی ئەکرد بە خوندن ، بەلامەوە ئەمەش هەر نزای چاوە زاربوو ئەی خوند بەسەریاناو کوفی ئەکرد ٠

روژیک له روژان ( کەرگەدەنگیک ) ـ که له نزیک ئەو چەمە له ئەشکەوتیکا ئەژیا ـ هاتە خوارەوە رووی کردە چـــەمەکە بو ئاو خواردنەوەو مووشەکردنو خو خوراندن ، وا ری‌کەوت هات بەلای هیلانەی فیسقەگولەکەداو دەستی کرد بە مشە مشو خشە خشو خو خوراندن بەو تووترر کەی کە هیلانەکەی پیوە بوو ، بیچوە بەسەزمانەـ کان کەوتنە خوارەوە بو ژیر پیی ، هەموو وەک بولە تری فلیقانەوەو بوون بە ئاو ، دایکەی کەساس چاوی تاریک بوو ، لە زیکە زیکو هاتو چو بەو لاوە هیچی پی نەکرا ، هەر ئەی زریکان ئەت ووت روله رو ئەکاتو بویان ئەلاوینیتەوە و ئەلی : ئای جەرگی برراوم رەنجەرو خوم ! ..

کەرگەدەنگەکەش دوای تیریو تیراویو شەتاو کردنی خـــوی سەرەوژوور بوەوە بو ئەشکەوتەکە . فیسقەگولە جەرگ سووتاوە کەش وەک ژاندار هەر ئەهاتو ئەچوو ، وە لەبەر خویەوە ئەی ووت : پەیمانم بی ئەبی ئەم کەرگەدەنگە بکوژم وە هیلانە لەناو چاویا بکەمو بیچووی تیا هەل‌بینم ، سا خوایە توش فریام کەوەو دەستم بگرەو تولەم بسینە !

شەوی بەسەرا هات ، ئنجا روژ لەم هەزارە دل شکاوە لی قەوماوە چون بوەوە ، بوەوە بەیانی ، هەل‌فرریو زریکانیو رویشت وە هاواری برد بو هەموو فیسقەگولەی ئەو چەمو دولە ، وە کیشی کردن بو جیی بیچوەکانی وە زور باش بەسەر هاتەکەی بو گیررانەوە ، وە جیی کەرگەدەنگەکەشی پیشان دان ، وە پیی ووتن . ئنجـــــا خوتانو مەردایەتی‌تان ئەبی هەر چونیک بووە ئەم تانەیە لەسەر چاوم لادەن ،

ئەمانیش دوای تی‌بینینی‌و راویژیکی زور برریاری له ناوبردنیان دا ، ئەهاتن پول پول خویان له جوگاکه هەل ئەکیشاو ئەچوون له ری‌ی کەرگەردەنگەکەدا ـ که ریگایەکی خلیسکی هەلدیرگه بوو ـ خویان رائەوەشان‌و دیسان ئەچوون‌و ئەهاتنەوە تا وایان لی کرد ئاوی لی هەل نیشت‌و بوو به لیته ، دوای دەمیکی کەم کەرگەدەنگەکه کاتی هاتنه خوارەوەی هات ، بەرەو چەمەکه تەکانی دا ، سا دو سی هەنگاویک روی یا نەروی هەلخلیسکاو ترازاو تەپاوتل هات بو چەم • کاتیک گیرسایەوە ئەستوی بوو بوو به ئەسپون •

ئنجا پولی فیسقەگوله تی‌ی روروکان‌و هەردوچاویان هەلکولی وە فیسقەگوله جگەر سووتاوەکه هیلانەی له چاویان هەل بەست‌و بیچووی تیا هەلهینا‌و به ئاواتی خوی گەیشت‌و تولەی لەبەر چـــاوی خوی بو سەندو پەیمانەکەشی چوە سەر •

بەراستی هەر بلیسەی ئاگری کوورەی دەروونی زورلی‌کراوە که کیو لەبن دینی ، ئەگینا فیسقەگوله له کوی‌و کەرگەدەنگ لەکوی !!

## تکایه

ئەم جارە ژمارە پینجی گوفاری هیوا به یاسیکی میژوویی‌و نیگاریکی شاری هەویر ئەرازیتریتەوە یارمەتیمان یدەن !

# سەربەستی ئافرەت



— نووسینی : کامەران —

**خوێندەواریو ئافرەت**

کچەکانتان بنێرنە قوتابخانە •• بابخوێنن ، تاخۆیان هەستبکەن کە ئەبێ سەربەستبن • ( دیل تاخۆی رانەپەرێت رزگـا ری نابێت ) خوێندەواری : یەعنی زانستی ، پیشەسازی ، پاكوخاوێنی ، پێشکەوتن ، بەگژ نەخۆشیدا چوون ••

خوێندەواری ئەم هەموو ( پێروزیانەیەو ) زۆری تریش ، کەواتە بۆچی ئافرەت لەخوێندەواری بێبەری بێت ••؟ ئافرەتی خوێنـدەوار ئاسـۆی بیری فراوانتر ئەبێت ، منالەکـەی خاوێنترو باشتر بەخێو ئەکات ••

کچەکەت بنێرە قوتابخانە ، با تێبگات ، گەلان چۆن بێش کەوتن ، ژنانی گەلانی ئازاد چۆن شانبەشانی پیاو تێئەکۆشن بۆپێشـکەوتنی گەلەکەیان ••

پێویستە لەشارەکانمانا ، بەتایبەتی لەلادێکانمانا قوتابخانەیکی زۆر بکرێتەوە بۆ ( ئافرەت ) ، وە هەروەها بۆ ( نێرینەش ) وە من پێویستی

ئەزانم کەلە لادێکانا خوێندن ( اجباری ) بێت تاسێ ( پۆل ) رۆژی وەختێکی مناسب پێیان بخوێنرێت •• وە لەسەر پێشکەوتن خوازەکانیش پێویستەخەڵك هان بدەن بۆ کچ ناردنە قوتابخانە •

**شـــــوو کردن :**

( ژنو ژن خوازی ) ـ الزواج ـ بە زۆر دەورا رۆیشــــــتووە تا گەیشتۆتە ئەم دەورە ، زۆر بەرگی پۆشیوە ، تا ئەم بەرگەی پۆشی •• لەسەرەتای ژیانی ئادەمزادا ، نە هیچ قانوونێك هەبوە ژیانی خێزانێتی بەرێبەرێوە ، وە نەهیچ دینێك •• بەڵام کەبەرەبەرە ژیانی کومەڵایەتی پیش کـــــەوت ، وەژیان تطوری کرد خێزان پێـــــك هاتنیش بەپێی ئەوەگوررا ••• تا وای لێهات کە ( ژنومیرد ) معلوم بوون •• بەڵام ( برا ) ئەیتوانی خوشك بێنێت ، کە ئەم چەشنە ( جووت بوونە ) لەمێژوی کۆنی مصردا زۆر ئاشکرایە •• ئنجا ئەوەش نەما •• بەڵام ئەگــــەر برایێك ژنێکی بهینایە ئەو ژنە ئەبووبەژنی براکانی تری ئەوپیاوە ••• بەرەبەرە بەملیۆنەها ساڵ ئەمەش نەما •• تاوای لێهات تەنیا ( ئاموزا ئاموزا بێنێت ) وە ( پورزا پورزا ) وە خالوزا خالوزا ـ لەناوخیزاندا •• بەڵام خاڵ خوشکەزا نەهێنێت وەیان مام برازا •••

بەپێی گورانی ژیانی کۆمەڵایەتی ، وای لێهات کەژن نەتوانێت لە ( یەك مێرد ) زیاتری هەبێت ، بەڵام پیاو بتوانێت لـــە یەك ژن زیاتری هەبێت ، چونکە لەزۆر کۆنەوە ( بڵیم لەسەرەتای ژیانەوە ) ژن هەر لەژێر دەستی پیاودایە ، لەبەر ئەوەیە کەژن بەناچاری ( هەوێی ) قبوڵ کردوە بۆخۆی •• بەڵام پیاو مێردی دووهەمی قبوڵ نەکردووە ••• دینەکان زۆر رێوشوێنیان داناوە بۆ ( ژن هینان ) بەڵام هێشتا ژن هەر

رزگاری نەبوە لە ( هەوێ ) بۆچی ؟ چونکە ژن ( ژێردەستە ) •• (کەی ژن محتاجی پیاو نەبوو ) ئەو وەختە لە (یەك ژن زیاتر) هێنان نامێنێت •• وەوەختێکێش ژن محتاجی پیاو نابێت کە سەربەست بێت ، ومووەختێکیش سەربەست ئەبێت کە ( شەریك بێلە پێ گەیاندنو بەش کردنا = انتاج وتوزیع ) •

( نا ســـــەربەستیی ژن ) لەزۆر شتایە بەئایبەتی لەمەســـــەلەی شووکردندا ••!

کچ ناتوانێت بە دڵێ خۆی شووبکات ••

کچ لەشارو دێدا ئەفرۆشرێت ••

( ژن هەوێی هەیەو هیچ چاریش نیە ) •••

لەژنێ زیاتر هێنان کارێکی پەسندنیە ، ئیشێکی ریکوپێـــكنیە ، تاوانێکی زۆر زۆر گەورەیە کەبەرامبەر بە (ژن) ئەکرێت ،لەژنێك زیاتر هێنانی یەعنی ( ئاژاوەی ناوماڵ ) دروست کردن ، ئاسودەییی مرانن ، دووبەرەکی نانەوە ••

لە ( قورئان )ی پیرۆزدا ( سورەتی النساء ) ئایەتی سێهەم ئەمەیە :

« فانکحوا ما طاب لکم من النساء مثنی وثلث ورباع ، فان خفتم ألا تعدلوا فواحدة » •

بەپێی ئەم ئایەتە ( ئیســــــلام ) ئەتوانێت تا چوار ژنبێنێت ، بەڵام ئەگەر هاتو ترسا لەوەی نەتوانێت بە ( عەدالەت ) لەگەڵیان بجوڵێتەوە ، ئەبێت یەکێك بهێنێت ( ••• من کەئەڵێم چوار ژن مەرامم ئەوەیە کە چوار ژن بەیەکەوە ) نەك یەکێك بمرێت ، یەکێکیتر بێنێت ، یانیەکێکیان تەڵاق بدات یەکێکی تربێنێت •

بەو ئایەتەدا بۆمان دەرکەوت کە بەپێی ( دینی ئیسلام ) ئیسلام ئەتوانێت تا چوار ژن بێنێت بەڵام بەشەرتێك کە بەعەدالەت لەگەڵیانا بجوڵێتەوە ( یەعنی چون یەك لەگەڵیان بجوڵێتەوە ) .

بەڵام ئایا کەس هەیە بتوانێت ( چون یەك ) لەگەڵیان بجوڵێتەوە ؟ نەء ... نەء ... کەواتە پێویست نیە لەژنێك زیاتر بهێنرێت ..

( قورئانی ) پێروز ئایەتی ( ١٢٩ ) دووبارە لەسورەتی ( النساء ) دائەمەیە :ـ

« ولن تستطیعوا ان تعدلو بین النساء ولو حرصتم »

لاموایە ئەم ئایەتە تەفسیری زۆرئاشکرایە .. لەئایەتی پێشودا بۆمان دەرکەوت کە ئەگەر ( توانیت بەعەدالەت لەگەڵیان بجولیتەوە ) قەی ناکات تا چوار ژن بێنە ، بەڵام لەمئایەتەدا ئەفەرموێت ( ناتوانن چون یەك لەگەڵیان بجوڵێنەوە ئەگەر زۆر زۆریش هەوڵ بدەن ) ... کەواتە لەژنێك زیاتر ، هێنانی ، پیاو تووشی گێرەوکێشەیێکی زۆر ئەبێ .

لەتەفسیری ( منار )ی بەرگی چوارەم ، لاپەرە ٣٤٩ دا امام شیخ محمد عبده ..

ئەڵیت : هەرکەسێك بەووردی سەرنجی ئەودووئایەتە بدات ئەزانێت کەوا رێدان بە لەژنێك زیاتر هێنان لەئیسلامدا ، مەسەلەیێکی تەنــــگە ..

وەئەڵیت : ئەو ماڵەی دووژنی یەكپیاوی تیابێت ، ئەو ماڵــە نەئاسودەیی ئەبێنن وەنە ریکوپێکی .. بەپێچەوانە پیاوەکەش یارمەتی ژنەکانی ئەدات بۆشێواندنی ماڵەکە ..

لەیەك ژن زیاتر هێنان لەرووی ( وجدانیە )وە شتێکی پەسندنیە ..

وەلەرووی کۆمەڵایەتیشەوە ، کۆسپێکە لەرێی سەربەستیی ئافرەتدا ، بەڵام ئەبێ ئنجا لەوەبکۆڵینەوە ، کەئایا ( ئەم ژن لەیەکێك زیاتر هینانە ) بوە بەهۆی دیلێتی یان بەپێچەوانە •• منئەڵێم ، دیلێتییەکە بووە بەهۆی لەیەكژن زیاتر هێنان ( وەکو لەوەوپێش ووتم ) وە بەلای منەوە کە ئەمە باوەڕی منە ، وە وەرگیراوە لە ( رأی ) فەیلەسووفێکی کۆمەڵایەتی ، ئەم گیروگرفتە لەبنەرەت چار ناکرێت تا ژیانیئافرەت بەم جۆرەبێت •• ژنو ژنخوازی چۆن لەوەپێش گوراوە ئێستەش هەر بەرەو گوران ئەچێت ،وەبەپێی ژیانی کۆمەڵایەتی رۆژێك ئەبێت کە پیاو هەر (یەكژنی ئەبێت ) زیاترنا •• وەئەمەش وەختێك دێتە دی کەژن محتاجی پیـــاو نەبێت ( کەی ژن محتاجی پیاونەبوو هەوێ نامێنێت ) باشە کەئێمە ئەزانین تا ژیانی کۆمەڵایەتیمان نەگورڕێت گیروگرفتی لەژنێكزیاتر هێنانیش چار ناکرێت ، کەواتە بۆچی لەمەبدوێین ؟ بۆچیئاموژگاریی خەڵك بکەین؟ لەمە ئەدوێین وەك ( حەقیقەتێك ) ، لەمـــــەئەدوێین وەك لێدوان لە ( شتێکی نابەدڵ ) لەمە ئەدوێین بۆ فراوانکردنی ئاسۆی بیرمان • لەضدی ( لەژنێك زیاتر هێنان ) ئەجو لێینەوە چونکە سوودێکی هەر ئەبێت ئەگەرچی ( زۆرزۆر ) کەمیش بێت ، لەمە ئەدوێین بۆ ئەوەی رێ پابکەینەوە بۆ لابردنی بۆ (خنکاندنی) ،مەرام لەناوبردنی (ژنلەیەکێ زیاتر هێنان ) •

ئێستە بنچینەی خێزان ( ژیانی ئابووریە ) •• وەکو ووتمان تێکرا کەی ژن محتاج نەبووبە پیاو رزگاری ئەبێت •• بەڵام دوا رۆژ بنچینەی خێزان ( ژن هێنـــانو شووکردن ) تەنیـــــا خۆشەویستی ئەبێت ، خۆشەویستی •• چونکە ژنو پیاو وەكیەك ئەبن کە سەربەستبوون •

# پیاوانی نەمر

لەزانایانی نەتەوەی کورد

## مەلا عەبدوللای بەیتوشی

لەسەدەی دوانزە هەمی کوچی دا ( هـ ) وەك پیاوە زرنگ‌و زاناکانی ترمان بەدریژایی ژیانی خزمەتی زمانی عەرەبی کردووەو لەدوای خوی گەلی نووسینی میژوویی‌و ئەدەبی‌و هەلبەستی ئایینی زور نایابی بوبەجی هیشتون‌و نووسینە بەنرخەکانی بەسالەها لەناو نامە خانەکـــــان وەیان لەکون‌و قوژبنی مزگەوتەکانا لەژیر چینی توزو خولا ماوەتەوە بەلام دەستی کردگار بەزەیی پیاهاتوتەوەو نەی ویستووە ئەم زانا مەزنە رەنج بەخەسار بیت‌و ناوی کویربیتەوە • بەدانسقە بەدەس خەتی ماموستا بەیتووشی نوو سراویکی عەرەبی کەهەلبەستیکی ئایینی‌یە لە نامە خانەکەی ماموستا جەمیل بەندی روژ بەیانی ماوەتەوە •

ئەم ماموستایەیش کە سەردەمیك لەبەصرە بووە لەناو زاناکـــــانی کویت‌دا باسی ئەم هەلبەستە نایابەی بوکردون لای کویتیە کانیش مەلای بەیتوشی ناوبانگیکی زور گەورەی هەیە ، بەم بونەیەوە لەگەل ماموستا جەمیل بەندی پیك هاتون کە لەژیر ناوی ( نەظم الزەواجیر ) دا چەن نوسراویکی ماموستا بەیتوش لە چاپ بدەن کە پیشەکیەکەی بەقەلەمی ماموستا جەمیل بەندی بنوسریت ، مژدە بیت وا ئەم نووسراوە ئەسەریە بەم نزیکانە بلاو ئەکریتەوەو چەن ژمارە یەکی بوماموستا جەمیل بەندی ئەنیرریت • کە ئەمەیش مژدە یەکی خوشە بو زانایانی مەزن •

# گوته

# زاناو شاعیری ئەڵمانی

چەمچەماڵ ـ محمد نوریی توفیق

ژیانی : یۆهان فۆلگجانج گۆته له رۆژی ۲۸-۸-۱۷٤۹ دا له شاری فرەنکفۆرت لەدایك بووه ، زانای بەناوبانگ لەنەتەوەی ئەڵمانە ، باوکی پشتیوان ( مەحامی ) بووه . هەر چەندە ژیانی هەڵبەست بێژەکان لە لێك دانەوەی شیعرە کانیانا دەر ئەکەوێ بەڵام شیعرو هەڵبەستی کەسیان وەك گۆته ژیانی دەر ناخا ، چونکە هەڵبەستەکانی گۆته لەدڵێکی راستو بێ مەراییەوە دەرچووە ، هەر ، لەبەر ئەوەیە کە ئەڵێن نووسراوەکانی گۆتەو پەندەکانی یەك لەیەکتر گرنگ ترن ، بەڵام لەهەردووکیان گرنگتر ژیانێتی . گۆته لەبارەی ژیانی خۆیەوە ئەنووسێت ، لەنووسراوە بەناو بانگە کەیا ( ژیانی شاعیرێتیم ) کە باسی ژیانی خۆیو چەند کەسێکی تر وەك ئاگۆستین ، ئابێلا ، رۆسۆ ، لەووتارەکەیا دەر ئەخا .

بەخێو کردنی : هەرچەندە گۆته بەمناڵی نەنێرراوەتە قوتابخانە

سەرەتا یە کانەوە ، بەڵام باوکی چەند مامۆستاییکی زیرەك و ناوداری بۆ گرتووە تاکو فێری خوێندەواری بکەن ، وەکە تەمەنی گەیشتۆتە ١٦ ساڵی باوکی ناردوویەتە دانشگای ( لایپزگ ) وە هەرچـــەندە باوکی حەزی کردووە گۆتە لە دانشگای حقوقدا بخوێنێ بەڵام گۆتە خووی داوەتە شیعرو رەسمو نیگار کردن ، وەلەو دانشگایەداو دەرەوەی لەو پیشەیەدا شارەزاییێ تەواوی پەیدا کردووە ، وە بەهۆی نەخۆشییێکەوە کەلەو کاتەدا تووشـــی ئەبێ واز لەخوێندن ئەهێنێو ئەگـــەرێتەوە فرەنکفۆرت • لەپاش چەند ساڵێك گۆتە ئەنێرنە دانشگای ستراسبورگ، لەم قوتابخانەیەدا گۆتە دەست ئەکا بەخوێندنی زانستیی سروشت ( علمی طبیعی ) و پزیشکی لەگەڵ حقوقدا ، وە لەپاش تەواوکردنی دانشگاکەی هەمیسان ئەگەرێتەوە بۆ فرەنکفۆرت لەوی دەست ئەکا بە مەحامێتی •

گۆتەو ژن : ژیانی گۆتە لەگەڵ دڵداریدا زۆر رێك بووە • هەر لەتەمەنی **١٥** ساڵیەوە دەستی کردووە بە حەزلێکردنی ( کریتخن ) ناوێك • هەروەها لەتەمەنی **٧٤** ساڵیشدا حەزی لە (ئۆلریکە فۆن لۆتسۆ) کردووە ، وە دەردی دڵیخوی بە هەڵبە ستێکی جوانو ناســـك بۆ دەربڕیوە • بەم جۆرە ئەبینین کە ژن لەگەنجیەوە تاپیری ئاوەڵی ژیانی گۆتە بووە • لە شاری لایپزگ دا حەزی لەکچی کابرایێکی چێشتکەر کردووە کە ناوی کاترینە شۆنکۆین بووە • هەروەها لەکاتی قوتابێتیدا حەز لە کچە لادێیێك ئەکا کە لە شیعرە کانیا زۆر بەجوانی ناوی

ئەبا بەلآم زۆر لەسەر ئەو دڵداریەی ناڕوا چونکە لە دەرسەکانیا زۆر دوا ئەکەوێ • وە دڵخوازەکەشی شوو لەخۆی حەرام ئەکا پاش ئەوەی گۆتە وازی لێ ئەهێنێ • لەدواییدا گۆتە ئەچێ بۆ شاری ووتسلار و حەز لەکچێك ئەکا کە ناوی ( شارلۆن بۆف ) ئەبێ بەلام کە ئەزانێت دەزگیرانی هەیە وازی لێ ئەهێنێ • وە پاش گەرانەوەی لە شـــاری ووتسلارەوە بۆ فرەنکفۆرت کچی سەرەکی بانقێك ئەخوازێت کـــە لەجوانیا لە شاری فرەنکفۆرتا هاوتای نەبوە ، بەلآم سەبارەت بەوەی لەگەڵ ژنەکەیا رێك ناکەوێ ماڵەکەیان لێ تێك ئەچێ و دەست لەیەکتر هەڵئەگرن ••

گۆتەو زانستی : لەبەر خوێندنەوەی زۆرو زیرەکیی خۆی لە زانستیدا شارەزایی یێکی زۆر پەیدائەکا تا وای لێهات کە زۆر نەزەریاتی رەت کردۆتەوەو نەزەریاتی تازەی داناوە • گۆتە کە فەیلە سووفێکی بەناو بانگی ئەڵمانیە لەسەر فەلسەفەکانی ئەفلاتون رۆیشتووە • وە ئەم نەزەریانەی خوارەوە پیشانی ئەدەن کە گۆتە تا چە رادەیێـــك بلیمەت بووە :

١ ــ زاناکان وایان دانابوو کە جیاوازی یێکی تەواو لەبەینی پەیکەری ئێسکی ئادەمزادو مەیموونداهەیە ، چونکە ئێسکێك لەبەینی هەردوو چەناگەی مەیموونا هەیە بەلآم ئەوئێسکە لەلەشی ئادەمزادانیە ، ئەوەندە هەیە پاش لێکۆڵینەوە یێکی زۆر گۆتە ساغی کردەوە کە ئەوئێسکە لە

ئادەمزادیشا هەیە ، بەڵام هەر لە مناڵیەوە ئەو ئێسکە بەچـــەناگەوە نووساوە ، وە زاناکان لەئەنجامدا ئەو ئێسکەیان ناونا ئێسکی گۆتە •

٢ ـ گۆتەی زانا گوڕانی پێش کەوتنی دارودرەختی دۆزیەوە کەئێستا لەزانستیی نەباتا بە ( ماتۆمۆرفۆزا ) ناو ئەبرێ ، واتە هـــەموو دارو درەختێك لە گۆپکەوە پەیدا ئەبێ • وەگۆتە لەزانستیی جیۆلۆجیشدا دەسێکی باڵای هەبوە ، وە لایەن گیریی نیبۆتۆنیەکانی کردووە کـــە ووتوویانە رووی زەوی لە ئاو پێك هاتووە ئەمە بە پێچـــــەوانەی ووڵگانیەکانەوەیە کە ووتوویانە رووی زەوی لە بوومە لەرزەپێـــــك هاتووە • وە زاناکانی جوگرافیای ئەمڕۆ ئەو هەردوو بیرو باوەڕەیان پەسند کردووە •

گۆتەو روژەڵات : گۆتە زۆر حەزی لە زمانەکـــــانی روژەڵات کردووە ، وەگەلێك کتیبی لەبارەی روژەڵاتیەکانە وە خۆیندۆتەوە • بەتایبەتی نووسراوەکانی روژەڵاتیەوانی ( مستشرق ) نەمسەیی ( یۆزن فۆن هامەر بورج شتاڵ ) کە لە ئایینی ئیسلام‌و پێغەمبەر محمد ( سەلامی خوای لێ‌بێ ) سەر سام‌بووە •

وەگۆتە لەدواییی ژیانیا نامیلکەیێکی لەسەر محمد ( ص ) و ئایینی ئیسلام دانا بەڵام فریا نەکەوت تەواوی بکاو بەسەریا مرد • لەبەر ئەوەی روژەڵاتی زۆر خۆشویستووە بەزمانی ئەڵمانی دیوانێکی شیعری بەناوی روژەڵات‌و روژاواوە داناوە • لەو دیوانەیا باسی هەڵبەستەکانی روژەڵات‌و روژاوائەکا ، وەویستوویە شیوەی شیعرەکانی هەردوولا لەیەك نزیك بکاتەوە • گۆتە لەروژی ٢٢ـ٣ـ١٨٣٢ دا لەتەمەنی ٨٣ ساڵیدا مردووە

## بەشی کشت‌وکال

# لوکـــــە ( پەمو )

عثمان رضا علی

هەموو وولاتیك لە دنیادا هەول ئەدا بو پیشخستن‌و ئاواکردنەوەی وولاتە کەی لەبەر ئەوە هەموو هەول‌و تقەلایێك ئەدا بو کەلك لی‌بینینی ئەو شتانە کە کردگار پیی بەخشیوە • وولاتی ئیمەش هـــەروەکو هەموو وولاتیکی کە چاوی لەپاشە روژیکی رووناك بریوە پی‌ویستە ئەو جورە شتانەی ئەبنە بربرەی ژیانی ئابووری وولاتەکەمان بەچەشنیکی تەواو بە کاری بهینیت • هەروەکو بەنەوت ئەووتریت زیری رەش ئەتوانین بەلوکەش بلی‌ین زیری‌سپی • لەبەر ئەوە وولاتی ئیمـــــــە ئەتوانیت بی‌جگە لەوەی پشتی بەتووتنەوە بەســـتووە پشتیش بەبەری بەکەلکی لو کەوە ببەستیت بەجوریکی وا هەول بدا بو چاندن‌و زیاد کردنی تاوەکو لوکە ببیتە هوی سامانیکی وا کەبتوانریت بەو هویەوە پەشی لەو دەلاقانەی لەژیانی ئابوریماندایە پربکریتەوە •

ئیستا لوکە یەکیکە لە بەکەلکترین دەستکەوتی کشت‌وکالی محصولی زراعی ، لە هیزی وولات‌دا بەتایبەتی لە میسرو هیندستان‌و ئەمریکادا ، چونکە کارگاکانی رستن‌و چنین لەوولاتە ( پیشەسازی صناعیە ) کاندا ئیعتمادی تەواو ئەکەنە سەر لوکە وەهەتا ئەتوانین بلی‌ین یەکەمین هویەك بو داگیر کردنی میسر ئەوەبو هەتا ئینگلتەرە لوکەی میسر تأمین بکا بوکارگاکانی لەنکشایر • هەر بەم بونەیەوە چاندنی لوکە لە وولاتانی

ئەوروپاو ئەمەریکادا گەلی پەرەی سەندووە •

لوکە گەلی کەلکی هەیە ، لەمانە : بو دروستکردنی دەزوو ، چنراوەکانی = منسوجاتی لوکەی سپی‌و رەنگاورەنگ ، دروست‌کردنی بەرە وفەرش ، لەگەل ئاوریشما تیکەل ئەکری بو دروستکردنی چنراوی ئاوریشم ، پیشەسازی = صناعەتی تەقەمەنی ( مفرقعات ) ، بو دروستکردنی رووی پیچکە ئوتوموبیل تەلی کارەبا ، بو دروست‌کردنی کاغەز تووەکەش ئەکریت بە رونی‌نباتی ، بەسابوون ، وەئەدریت بە ئاژال بوئالیك •

لوکە زور چەشنی هەیە لەمانە دووچەشنیان زور باوون ، یەکەمیان ( اکالا روجرز ) کە زورترینی لەبەشی ناوەراست وە خوارووی عراقدا ئەچینریت دووەمیان ( کوکر ولف ) کە بەتایبەتی لەبەشی ژورووی عراقدا ئەچینریت •

پیش ئەوەی جوتیار بیەویت لوکە بچینی ئەبیت دووشتی گرنگ بخاتە بەر چاوی • یەکەمیان چەشنی گل ( زەوی ) لوکـــــە باشترین بەر ئەدا ئەگەر لە زەوییکدا بچینریت گلەکەی قوری‌گران ( الطينيـــة الثقيلة ) وە زور لماوی نەبیت ، لوکە حەز بەگلیك ئەکا نەزور قایم وەنە‌زور لماوی‌بیت بەلکی تیـــــکەلی هەردوو چەشن‌بیت ، هەروەها بوونی کالسیوم لەناو گلدا زور باشە بو لوکە • دووەمیان ئاوو هەوا : لوکە لە نباتانی وولاتی گەرمە وا دەرکەوتووە باشترین لوکە لەوشوینانە ئەبیت کەپلەی گەرمای لەدەوری ٣٥ ـ ٤٠ پلەی سەنتیگرادابیت ، هینـــدی چەشن لوکەهەیە ئەتوانیت لە جیگا یکا باش بژی کەگەرما یەکەی لەپلەی باس‌کراو زیاتربیت هەروەکو چەشنی لوکەی میصری •

لوکەش هەروەکو هەموو نەباتیکی تر دوچاری نەخوشی وە جانەوەو ( حشرات ) ئەبیت • لە عیراقدا دووچەشن جـــانەوەر بەزوری زیان ئەگەینی بە لوکە • یەکەم کرمی پەلە داری قوزاخەی لوکە ( دودە جوز القطن المرقطە ) ئەمە گەورەترین دووشمنی لوکەیە لەعراقدا ، بەلام لوکەی ژووررووی عیراق هەموو سالیـــك کەمتر دوچاری ئەم جانەوەرە ئەبیت وە بومان ساغ بوتەوە کە زیانی واگەورە هەتا ئیستا لەجوتیارەکانی ژووررووی عیراق نەدراوە • ئەم کرمە نەبەردە تووشی قوزاخەو گوپکەی گولیلوکە ئەبی وەئەبیتە هوی ئەوەی گوپکـــەی گولەکان هەلوەرین وەقوزاخەکان کونکون وەلوکەکەی ناویان رەشیو کویروك بین •

کرمی پەلەداری قوزاخەی لوکە هەتا چەند سالیك لەمەو پیـــش بوبوەگەورە ترین کوسپیك لەرێی چاندنو زیادکردنی لوکە لەعیراقدا بەلام ئیستا چارەی ئەمە دوزراوەتەوە ، ئەتوانریت بەدەرمانی ( ئەندرین ) کرمەکان لەناوببریت وەنەهیلریت زیاتر تەشەنە بکەن • ئەنـــدرین یا بە فروکە وەیاخو بە پەمپ ئەکریت بەلوکەوە •

دووەم جانەوەری ( جالجالوکەی سوور = العنکبوت الاحمر ) ئەمەیش تووشی گەلای لوکە ئەبن جالجالوکەی سوور جـــانەوەری وورد ووردن زور بەئاسانی بە چاو نابینرین ئەبنە هوی ووشك کردنی گەلاکان وەلەپاشا ووشك کردنی هەموو نباتەکە • ئەم جالجالوکـــە ووردانەش بە توزی گوگرد وە هیندی دەرمانی تازە داهاتو چـــارە ئەکریت هەروەکو کرمی پەلەداری قوزاخەی لوکە کەمتر دوچاری لوکەی ژووررووی عیراق ئەبیت هەروەها جال جالوکەی سووریش

ئەوەندە زیان نادات • زور سال ئەمدوو جانەوەرە زیاندارە زیانیـــــان ئەگاتە ٩٠٪ ی بەری لوکەی هەریمی خواروو ، وەناوەراستی عیراق هیندی جوتیار لە وولاتی ئیمەدا لوکە بەگول ئەکا بەلام وا بومان ساغ بوتەوە کە باشترین لوکە ئەوەیە کە بەدیراو بکریت چونکە ئاودانی ئاسان ئەبیت وەخزمەتو چنینی بەرە کەشی باشتر ئەکریت • هەروەها بوئەوەی بەریکی باش لە لوکە وەربگیریت جوتیارەکانمان ئاگـــادار ئەکەین کە زور بەریکو پیکی چاودیری‌ی هەموو پی‌ویستیکی چاندنو خزمەتی نباتەکان بکەن • وە ئاگاداری‌ی هەل بژاردنی تووی باوەر پی‌کراو وەزەوی باش پی‌ویستە • بوچاندنی لوکە پی‌ویستە زەو یەکە باش ئامادە بکریت ، قوول بکیلریت ، تەخت بکریت ئنجا دیراوەکانی لەروژ هەلاتەوە بەرەو روژئاوا بەدووری‌ی یەکمتر لەیەکتریەوە بوریك بخریت • هەروەها ئاودانی ریكوپیك بەپی‌ی پی‌ویست وە زیادوکەمی پلەی‌گەرما بدریت ، لەگەل ئەمەشدا بژارو پاچە کولە نەخریتە پشـت گوی‌وە • ئەمانەی باسمکردن لەگەل زور شتی‌تر هەن ئەبنە مایەی سامانیکی گەورە بو جوتیارەکانمان ، وەپاشان ئەبنە هوی زیاد کردنی پارەی گەل ( الدخل القومی ) لە وولاتە کەمانا ، ئیترئەتوانین بە لوکەو تووتنو گەنموجو ، وەبەمیوەی باشمانەوە بنازین •

---

راست کردنەوە :ــ

لە لاپەرە ــ ٢٥ ــ دا لەسەر ووتارەکەدا هەلە کراوە راستیەکەی ئەمەیە : ئەم باسە لە کتیبی ــ دراسة فی الادب الکردی ــ ماموستا رفیق حلمی ــ وەرم گیراوە ، نوسینی ــ لوســـــی پول مارگریت ــ ی فەرنسی‌یە •

بەشی هیواو خوینده وارانی

# براشیرینه کانه روژتانه باش

زور جار لەم باسە دوواوین‌و ووتومانە گوفاری هیوا هی گـــەلی کوردەو بوخزمەتی کوردی بادنیانی‌و ســــــوورانی‌و لوری‌و فەیلی‌و هەمو کورد زمانیکی جهانی بلاو ئەکریتـــــەوە • بەواتەی تاك‌و تەرای سەر لی‌شیواوانی بەسەزمان ، هیزی بازووی ئامادە بووی پیـــاوانی دلسوزی فرمان لەدەس هاتوو سست‌و پەست نابیت •

وئاشکرایە هیچ باغچە یەك نیـــە درکی تیا نەروابیت بەلام گول خزمـــــەتی ئەکریت‌و درکیش ریشەکیش •• انجا تکا لەهـــــەمو خویندەواریکی کوردزمان ئەکـــەین کەبزانن پەرەکانی گوفاری هیوا کراوەیە بو نووسینی هەموو شیوەو زمانیکی کوردی‌و تـــکایە بزانن ئامانجمان پیروزەو بەس •

کاك پیناو

لەبارەی هەلەی لەچاپ دانی هەلبەستی بەستە بوموسیقا وە گلەیی تان کردبو بوراست کردنەوەی چاوە روانی ژمارەی پینجەمی گوفاری هیوابکەن ••

حویجە : ع پیشنیارە کانت زور بەجی‌یە بەلام هینانەجی‌ی بەستراوە بە لی‌بوردن‌و دلسوزی پیاوانی مەزن و نیشتمان پەروەرانی وولاتە کەمانەوە کە چاپخانەمان ببی ئەوســـــا تیپ ریکخەرە کانیشی لەخومان ئەبیت‌و کاغەزی گوفاری هیوا سپی‌و لاپەرە کانیشی زیاتر ئەبیت ••

کەرکوك کاك فیض الله محمد :

ئیمه یش لەگەل توادین بەلام که نووسەری باسی موسیقاو ئاواز نەبیت بلیین‌چی !

کەرکوك ماموستا نەریمان

هیوا زور هیوای به ماموستایانی پیروز هەیه که لەهەمو شوینیکی نیشتمانه کەیانا خزمەت بکەن بی‌ئەمەی مەدحیان بکریت بەم‌هویه لیژنەی هەلبژاردن نووسینه کەتیان هیشتەوه ببورن

کەرکوك: کاك رایەربوتابی

پرسـیاره کـانت پەیوەندی یان نیـه بەگوفاری هیواوه تکایه لەخاوەنەکانی پرسیاربکەن‌و بزانن ••

تکای لی‌بوردن

ئەو نووسینانەی لیژنەی هەلبژاردنی ووتار پەسەندی نەکـەن ناگەریتەوه بو خاوەنەکەی ببوورن ••

ئەوانەی لەناردنی ئابونەی گوفاری هیوا لەمەزیاتر دوابـکەون گوفاریان بونانیرریت گلەیی نەکەن ••

---

– لەپیش لەدایك بوونیا حالی خوشتربوو –

ژنوومیردیك له بەینی خویانا دەمەقالیکی توونگیان ئەبی وه ئەووەندەی پی‌ناچی میردەکەی به تووررەیی‌یەوه جلەکانی لەبەر ئەکاو ئەچیتـه دەرەوه • کووره پچکولەکەی به ماتی‌یەوه روو ئەکاتە دایکی ئەلی : تووخوا دایەگیان ئەگەر هەر شووت نەکردایه به باوکم حالمان له ایستا خوشتر نەئەبوو ؟

# لیکولینەوە

لەشەقلاوە : کاك محمـــــد مەولود نامەیەکی بوناردوین بەناوی ( لی کولینەوە ) لەچیروکەکانی ژمارە ( ٣ ) ی هیوا دواوە ، ئەلی « ئەو لی کولینەوەو رەخنەیەی ئەگیری ئەبی لەدەروونو میشکیکی روون بی کینە هەلقولابیو بەدەستیکی خاوینو سپی بخریتە سەر پەرەی هیوا بوراست کردنەوەی چەوتیو دروست کردن نەك بو دەرخستنی هەستو پیا هەلخویندن وەیا تولەسەندنو گیرەشوینیو رووخاندن لەدواییدا دیتە سەر چیروکی [ بریانەهاتیتا یەوە ] ئەلی « چیروکەکە بەرووداویکی راستەقینە ئەزانم کەلەناو جەرگەی کومەل رووی دابی بەلام هەلاتنەکەی زیرن سوتانی بەو جورە نەختیك گران ئەبینم چونکە زیرن هیشـــتا نەبوبوو بەدەستگیرانی راستیی وەیا ژنی وەئەم بزووتنەوەی زیرنە دوورە لەوەی کەپیش رویشتنی سوارە پیی‌ووت « ئوی •• سوارە گیان •• چی دەلی •• دلداریە دوور بەدوورەکەمان بمینی •• بە بەرزی شەرەفەوە چاکترە •• هتد » ••

لەپاشا ئەلی « لەکاتیکا ئەمە ئەنوسم فرمیسکیکی پەشیمانی کـــاك مصطفام لەیادە کەبەتەواوی توانای هونەری چیروك نوسینی مان پیشان ئەدات » لەپاشانا دیتە سەرچیروکی دووەم ( دلسوزی نەمر ) ئەلی :ــ

« کەنووسینەکانی ماموستا ( ع ) ئەخوینمەوە خوین لەلەشما دیتـــە جولان ئارەزووی ئەوە ئەکەم ئیشیك بکەم وە وا ئەزانم کـــەبەرەو کامەرانی •• روناکی •• وفینکیە کی‌خوش ئەچم » ••

لەسنـــــلیمانی‌یەوە کاك شیخ مصطفی شـــــیخ عارف لەژیر ناوی

( چاوپیاخشاندنێك بە ژمارە ( ٣ ) ی هیوادا ) نامەیەکی ناردوە ئەلی : « بەراستی هیوا بەرە بەرە شتی وامان بوبلاو ئەکاتەوە کەشایانی سوپاسی بی‌پایانە » وە یەکە یەکە هەموباسەکانی ژمارە ( ٣ ) ی زور بەدل‌بووە لەدواییدا ئەلی : « ئەوی کە سەرنجی راکیشاوم ئەو تەنیا شەش دیرە هەلبەستەکەی ( کامەرانە ) کە من ناوی ئەنیـــم پەندی کامەران » وە ئەخوازم کامەران بی‌بەش‌مان نەکات کەهەمووژمارە یەکی گوفاری هیواو شتیکمان لەم هە لبەستەی بو بنووسیت •

— هەردوکیان نیرن —

جەردە : کابرا چییت لەگیرفانایە بمدەری

ریبوار : بوخاتری خوا ژنەکەم ژیانم پی‌تال‌ئەکا ئەگەر بە گیرفانی بەتال بچمەوە مالی •

جەردە : منیش ژنەکەم ریسوام ئەکا ئەگەر بەدەستی بەتال بچمەوە مالی •

— دەرمانەکە بە کامیان کەوت —

دوکتوریك جارجار سەری لە نەخوشیکی بەخیل ئەدا ، دوای چەن روژیك دوکتورەکە بە ایش چوو بو شاریکی‌تر • کەهاتەوە بەریکەوت چاوی بە یەکی لە کوررەکانی کابرای نەخوش کەوت لی‌ی پرسی باوکت چونە ، ئایا دەرمانەکانی منی پی‌کەوت ؟

کووررەکە ووتی : نەبەخوا دوکتور ! بەو نا بەلام بەایمە کەوت وە پارەیەکی باشی بو بەجی هیشتین •

# چیروکی ژماره

## « پەنجافلس »

شەقلاوە ـ مەم

ئەو بەیانی‌یە نە من •• نە کاکە ( س ) •• چ کامیکمان ئارەزوی لەخەو هەلسانمان نە ئەکرد•• وامان لی خوش ئەهات کە هەتا•• هەتایی لەناو نوینە شررە کانمان پال‌کەوین • جگە لە گشت بەیانیانی رابوردوو ئەو بەیانی‌یە چ خوراکمان نەبو •• نە •• نان • نە شەکروچا •• کە تاکە خواردنە خوشەویستەکەمان بو • دوینی هەتا ئیوارە لە گەراج چاوە نوریمان کرد •• نە •• نان • نە پارە چ شتیکیان بو نەناردین • جاران هەفتە بە هەفتە •• یەك جورکی پرر لە (نووردەووە) نانمان بو ئەهات •• گەلی جاریش هەندیك میوژ یان دوشاو •• یان چەند گویزیکیشی لەگەل ئەبو •• بەتایبەتی هەفتەی ( دوایین ) ی مانگ یەك چاریکە دیناریشی لەگەل ئەبو •

بەلام ئەو روژە داماوو شیواوی ئەوە بوین کە ئەبی بوچ ئەم هەفتەیە بی بەشیان کردبین ؟!•• ئەبی ئەوانیش شتیکیان بە دەستەوە نەبیت •• وەیا ئاردیان نەمابی ؟• لەسەر خەمی خومان خەمی ژیانی ئەو باوکو دایکە نەخوش‌و ( دەستوپی سپیانە ) و خوشکو برا بچکولەکانمان •• کە ئیمە •• لەسەر زگی ئەوان ئەژیاین •• بە هوی ئەوەی کە لـــە

دیەکەمان ناردرابوینە قوتابخانەی شاری ( ه ) بو خویندن •• خەمی ئەوانیشمان لەسەر شان بار بو •• لەگەل هەستی ئەوەش کە ئیمە ئەرکیکی چەند گرانین لەسەر ژیانی ئەوان •• لەو کاتە رەشـــــەی گرانیەش ••

لەژیر ئەو هەستو بارە هەردوکمان بە زگی برسیو لەشی گران لەژیر نوینـــــە شرەکانمان •• بە وەرزسی •• و کرزو تاســـاو •• هەناسەمان هەلئەکیشاو پەلمان ئەکوتان •

بیشك هەق بوو ، قەوماوی ئەو هەفتەیە لە دەریاییکی بیری قوولی ترسینەردا نقوومان بکات • زور لەسەر ئەو کرریە نەرویشت کە کاکە ( س ) لەپرر بە دەنگیکی نزمو نوساو گوتی :ـ

ـ کاکە ( م ) •• با هەلستین بچینە قوتابخانە !•• بەخوا •• ئەمرو دەرسی گرانمـــــان هەنە •• نازانم چون ئەتوانین روو بەرووی ئەو دەرسانە ببین بە زگی برسی •• و بی ئەوەی شەوی رابوردووش بتوانین کەمو زور بەسەریان بچینەو •• یا شتیك ئامادە بکەین ؟!••

بەراستی بە چاکی گویم لە ووتارەکەی کاکە ( س ) نەبو بویە لە وەراما پیم گوت :ـ

ـ باوەرت بیت ( کاکەلە ) لەبەر نالەو قورەقوری زگم گویم لە نالەو نووسکە نووسکی تو نیە •• برەك دەنگ هەلینە •• دەنگ •• تا بگاتە گویم ••

زوری پی نەچو بە لەشی گرانو زگی خالی •• بە خاوی هەلستاینە سەر پی •• هەندیك خومان کیشایەوە •• وە بی ئەوەی بتوانین هەندیك ئاویش هەلکیشین لە بیرەکەی ناو ئەو کولانەیەی لە ناویدا ئەژیاین

بو ئەوەی دەمو چاوو دەستمانی پی بشوین •• لە دەمی کولانەکە خومان هاویشتە دەرەوە •• وە ریگای قوتابخانەکەمان گرتە بەر ••

بە دریژای شەقامەکە بونی هیلکەوروونو •• پەنیرو ناسکەنانو •• گوشتیبرژاو •• وچا •• و جورە خواردەمەنی خوش •• خوشمان ئەهاتە لووت•• بە هەموو هیزمان هەناسەی دریژ•• دریژمان هەلئەکیشا بو ئەوەی بەو بونە خوشانە سیپەلکمان •• ببوژینیتەوە •• وە نەختیك شورشی زگمانی پی دابمەرزینین •

لەبەر ئەوەی من پچوكو کورتەبالا بووم •• تەوانای بزوتنەوەو رویشتنم لە کاکە ( س ) ی دریژو لاواز زیاتر بو •• هەردوکمان لاواز بوین بەلام من ( تیك سمراو ) و ئیسك ئەستورو •• ئەو زراوو کشاوە بو •• بویە بە دوورم نە ئەزانی ئەگەر رەشەباییکی بەتین هەلی بکردبایە کاکەی رائەفراند ئەگەر منیشی وەك گلولەیەك لەو دەشتە نەخستبا تەقلە بازی •

بەلام بەختیاربوین چونکی شەوی رابوردو بارانیـــــــکی بەهاری کووچەو کولانە خولاویەکانی شارەکەی رشاندبون •• وکەمیك قوراوی کردبون جا بو خو راگرتن هیزمان پی نە ئەویست مەگەر بو ئەوەی پیمان بگوزینەوە •

زور لە قوتابخانە دوور نەبوین کە لەناو قورەکەی پیش دەمم •• چاوم بە پەنجا فلیسکی سپی کەوت !!• بە هیزیکی سەیر •• وەك پشیلە کە پەلاماری نیچیر ئەدا •• وا پەلامارم دا •• وام ئەزانی لە دەستم را ئەکا •• هەلمگرتو •• مستیك قوریشم لەگەل هینا !!•• بی بیر کردنەوە •• پیش ئەوەی پەنجا فلسەکە بخەمە گیرفانم •• ئاوریکی

( گیلانه ) م له کاکه ( س ) داوه •• بو ئەوەی تاقی بکەمەوە •• ئاخو چاوی لەم راووشکارەو ئاگاداری ئەم هەراو هوریایەیە •• یان نا ؟!•

وا دیار بو کاکه •• زور چاك ئاگاداری هەرایه •• کـــه به دەم تیك ئالاوی گوتی :ـ

ـ ئەوە •• پارە بو •• لەناو قورەکە ؟!•• هەلت گرت ؟! چەند بو ؟•• پەنجا فلس ؟!••

هەردوکمان کررو مات بوین •• له خوشیانا زمانمان بەسترا •• وام ئەزانی هەمو گەنجینەی زەمینم دوزیوەتەوە •• لەبەر چاوی خەیالما هەزار چەشنە خواردەمەنی ریز کرا •• ئاو زایه دەممەوەو بەری ئاخافتنی لی گرتم •• ( وایه ئومید •• مروف که تریســــــکیکی لی دەرکەوت به شەوی تاریکی بەهار به خەیال نەخشی ئەوەندە وورد وورد دروست ئەکات •• که به نیوەرو •• به چاوی راستەقینه نەبینریت ) •• منیش که وام ئەزانی بەو پەنجاییه هەمو خواردەمەنی جیهانم هاتە چەنگ •• ئەو کاتە خوم له بەرزترین پوپەی کامەرانی ئەدی ••!•

ئەگەر چی •• ئاگاداری هەوالی کاکه ( س ) نەبومو نەمئەزانی له چ بیریك دایه •• بەلام سەرم لەوە سورمابو •• چون وا زوو لەشی سووك بو وه یه شاقاوی دریژو گورج بەریگاکەدا ئەرویشت !•

که زەنگولەی قوتابخـــانه لیدرا •• زور دلخوش بووم •• بەو پەنجاییەی گیرفانم •• خوم به خوم ئەگوت •• هەرگیز برسی نیم !•• ئای چەند تیرم •• گورج قایشەکەی پشتم گیرایەوە جیگای خوی چونکه بەیانی کونیکم گورج تر کردبو ••

هیچ شتیك پەستی نەکردبووم کاکه ( س ) نەبیت •• که له ناوەندی

دەرس ( وای ئەزانی زور بی‌هوشم ) !٥ جار لە دوای جار بەبی هەستی حەری ئەهینایە بناگویم بو ئەوەی هەر جارە پیم بلی « ئایا ماوە » کەچی ئاگادار نەبو •• من لەبەیانی‌یەوە •• دەستیکم هەر لەو گیرفانەیە کە پەنجایەکەی‌تیدایە وە هەزاران جورە یاری‌و هەلپەرکیم لەگەل کردووە، وە ناچار ئەبووم هەر جارە وەرامی بدەمەوە کە « بەلی •• ماوە » •

وای لی‌هات جیگام نەبو خومی تیا بشارمەوە •• وە بیری ئەوەم بو ئەهات کە کوشکو تەلاری ئومیدو کامەرانی یەکەم بروخینم •• وە لە رکا پەنجا فلسیەکە لەپیش چاوی کاکەم توند •• هەتا دەستم ئەروا دوور تی‌ی هەلدەم •• بە تایبەتی کە هەستم کرد لە ووچانی « فرصتی » دووەم بە توندی لە لایەن کاکە •• چاوەدیری ( مراقبە ) ئەکریم خو ئەگەر بەرەو چایخانە •• یان دوکانەکەی مکتب چووبام •• پیشی لی ئەگرتم •• خوش‌و ناخوش •• ئەی‌گیرامەوە ••

دەرسی سیەم لی‌درا •• دەرسی فلکیاتمان بوو • هەرچەندە ماموستا باسی روژو ئاسمان‌و زەمینی بو ئەکردین •• ئاگاداری چ نەبووم ، دووشت نەبیت •• قورەی سکم‌و پەنجایەکەی گیرفانم •

کە ماموستا هاتە سەر باسی پیك هاتنی زەمین •• وە چونیـــــەتی بەهیزی ( جاذبیە ) من وام ئەزانی هەموو زەمین‌و ئاسمانیش لە پەنجایی پیك هاتووە وە لەسەر پەنجا فلسی •• پارە •• راوەستاوە •• روژم لەلا ئەوەندەی پەنجافلسیەك پی جوان‌و پرشنگ‌دارو پرسوود نەبو •• هەروا ئەستیرە گەروکەکانیش •

لە دەرسی چوارەم هەرچەندە ماموستا باسی چەند بنگەییکی ( قاعدە ) ییکی ئەندازیاری بو ئەگیراینەوەو شەرحی ئەکردن‌و لی‌ی ئەکولینەوە ••

هیچی نەئەچووە میشکمەوە هەر ئەوەندەم لا راستو •• ماقوول بو کە بنگەی هەمو زانیاریك هەر پارەیەو •• پەنجافلسیەو خواردەمەنیە •

لەپرر ماموستا کاکە ( س ) ی هەلساندە بەردەم قوتابیانی پول •• و پرسیاریکی لی کرد •• وە چاوەنوری وەرام دانەوەو •• شرحو ئەنجامی •• لی ئەکرد •• کاکە بی ئەوەی لە پرسیارەکە بگات •• وە پیش ئەوەی بیر لە وەرامەکەی بکاتەوە وە بزانی چی ئەلی گوتی :—

ـ ماموستا •• پەنجا فلس !!••

قوتابیەکانی پول هەمویان لەپیکەنینا بەرەو پشت بوونو •• شین هەلگەران •• ماموستا ئازا بو توورە نەبو ؟! هەتا هیزی تیـــــدابو •• دوقیکی ( پشتمل ) لە پشت ئەسکوردی کاکە دا ••

کاکە سەری لەگەل دوقەکەی ماموستا چەماوە •• و راچلەکیو •• لە ترسو لەشەرما بە روویکیسوور هەلگەراو •• کوورو •• گرژ •• بە کزی گەراوە جیگاکەی •

بەراستی منیش پیکەنینم هات •• جا نازانم •• پیکەنینەکەم •• بە کاکە ( س ) و وەرامەکەی و بەســــــەرهاتی ئەو کاتەی بو •• وەیا دەنگدانەوەی بیروو هەستی خوشی ئەوەبو کە پاش نیو سەعات بی گومان لە چیشتخانەیەك دائەنیشم •

بەلام کە •• ئاوریکم لە کاکە •• دایەوەو •• دیتم ئاو زابووە چاوەکانی •• وە لا لیوەکانی ئەلەرزینەوە •• ئەو هەستە خوشەم بلاوەی تی کەوتو •• لە ناو لیلایی گومی چاوەکانی کاکەدا بزر بو •• و دلم ساردبوەوە •

ـ برا •• خوا کەریمە •• گریانی پی ناوی ، وام بە کاکە گوت •

رەوە فرمیسکیك لەسەر رووومەتە گەرداویەکانی جوگەیان بەستو لەسەر چەناگەی لیکیان دایەوەو تك •• تك •• رژانە سەر تەختەکەی بەردەمی‌و ئەرزەکەی بەر پییەکانی •• پاش چەند کاتیـــــك کرری‌و هەنسك‌قوت‌دانەوەیێکی زورو هەولدانیکی ئاشکرا توانی قسەیەك بکات کە پرسی :ـ

ئەری •• دەرسی •• دوووەم •• چیمان •• هـ • ە • یە ؟!

زانیم کە گەیشتوتە گەروو وخەریکە ئەرژی بەهیواشی دەستم بوی دریژ کردو پەنجایەکەم خستە ناو دەستی •• کاکەپی‌ی گەش بوەوە •• و بزەیێکی گرینوکی لەسەر لیو پەیدابو •

منیش هەستم بەهیمنیك •• هیمنیکی خوش کرد •• هەستم بەوە کرد کە •• باریکی گەورەو گرانم لەسەر شانم لادا •

---

ـ بەردەکە پتەوتر بوو لە سەری حاکم ـ

شاهدیك بانگ کرا بو مەحکەمە بو شهادەت دان •

حاکم : ئەو بەردە کە بارام مالی‌ی بەسەری مەردانا گەورەیی چـــــەند ئەبوو ؟

شاهد : کەوتە باس‌کردنی بەردەکە بەلام بەتیکەلووپیکەل •

حاکم : دریژی مەکەرەوە بەقەد سەری‌من ئەبوو ؟

شاهد : بەلی ئەبوو ، بەلام ئەو پتەوتر بوو •

# باوەڕ پێ کراوی هیوا

## لە :ـ

بەغـــــداد : ١ ـ ماموستا بەشیر موشیر ـ حیدرخانە ٠

٢ ـ حسین حاجی عارف ـ گازینوی سەرچنار

ســولەیمانی : ١ ـ رؤف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی گەلاویژ ٠

٢ ـ محمد عارف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی زیوەر

کــرکـــوك :ـ عمر بێ کەس ـ شەقامی سیروان

کفـــــری :ـ صابر حاجی فتح الله ٠

خانقـــــین :ـ عبدالکریم خضر ـ خاوەنی کتیبخانەی خانەقین ٠

شـــــقلاوە :ـ مەخزەن سفین طە ئەحمد خوشناو

هەولـــــیر :ـ خاوەنی کتیبخانەی سەربەستی رؤف عبدالله

کـــــۆیە :ـ خاوەنی کتیبخانەی حاجی قادری کویی احمد شوان

هیوا

گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی یە

مانگی جارێک دەرئەچێ

HÎWA

Govarêkî Edebî w Zanistiye

Mangî Jarêk Der eçê

---

Bexdad - Çopxaney Temedun

M. Salih el - e'zemî.

بەغداد : چاپخانەی تمدن

محمد صالح الاعظمی

# گۆڤـاری هیوا

ژماره ٥ ساڵی ١ تشرینی دووەمی ١٩٥٧

# هیوا

گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی یە مانگی جارێك دەرئەچێ

ژمارە ـ ٥ ـ ساڵ ـ ١ ـ کەوبەر ـ تشرینی دوەم ـ ١٩٥٧



دیمەنێکی لافاوی شاری سلێمانی


**لەم ژمارەیەدا**

١ ـ لافاو لەشیعری کامەران "
٢ ـ لافاو لەشیعری ساڵح زیوەر "
٣ ـ لافاو لەشیعری کامل ژیر
٤ ـ حقوقی ئافرەت
٥ ـ هەڵگرتنی یاسای عشائری
٦ ـ جۆرەکانی خێزانی مرۆڤ
٧ ـ نموونەی کوردی پەتی
٨ ـ چیرۆك گوا کورە کەم
٩ ـ نووسەرانی بەناو بانگ
١٠ ـ شارە پیرۆزەکە
١١ ـ هیواو خوێندەوارانی
١٢ ـ چیرۆکی ژمارە ( لافاو )

# ناو و نیشانی هیوا

بەغداد شەقامی زەهاوی یانەی سەکەوتن
تەلەفون ٢٨٤٠٥

---

خاوەنی ئیمتیاز یانەی سەرکەوتن
مودیری مەسئوول : حافظ مصطفى قاضي

---

ئابوونە

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابوونەی سالیـــــکی لەعراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | ٠ |
| دانەی بە | ١٠٠ | فلسە |

---

پارەی ئابوونە پیشەکی ئەدریت
وە بەم ناونیشانە ئەنیریت
بغداد : شارع المستنصر ١٣ ــ ٣٩
( حافظ مصطفى قاضي )

# هیوا


**گوڤاریـکی ئەدەبی‌و زانستی‌یە مانگی جارێک دەرئەچی**

**ژمارە ـ ٥ ـ سال ـ ١ ـ کەوبەر ـ تشرینی دوەم ـ ١٩٥٧**


**لەم ژمارەیەدا**


١ ـ پیشەکی

٢ ـ لافاو : کامەران

٣ ـ لافاوی مەرگ : خالد رشید زیوەر

٤ ـ لافاو : کامل ژیر

٥ ـ میژووی ژیانی کاملی جوانە مەرگ

٦ ـ کوچی دویی : بەخامەی کمال غفوری

٧ ـ بەهوی لافاوەکەی سلیمانیەوە : قادر قەزاز

٨ ـ حقوقی ئافرەت : پرشنگ

٩ ـ هەستی ئافرەت خوشکە : پ

١٠ـ هەلگرتنی یاسای ( دعوی عشائری ) بەغداد : نوری تالەبانی

١١ـ جورەکانی خوینی مروف : فوئاد زەکی هەنار •

١٢ـ نمونەی کوردی پەتی : نووسینی مصطفی کوردی

١٣ـ چیروك : کوا کورە کەم : نووسینی مصطفی صالح کریم

١٤ ـ نووسەرانی بە ناوبانگ : شیکاگو : دوکتور ت • ب • مەریوانی
١٥ ـ بەشی هیواو خویندە وارانی
١٦ ـ کارەساتە ستەمەکە : ع • شەمال
١٧ ـ چیروکی ژمارە ( لافاو ) ماموستا • ع

**لە شعری کامەران**

ژین ، لەلای دلسوز ، هەر تیکوشانە
هــــەولە بوخاکی ئەم کوردســـتانە
خوزگــــە ئەندازەی ژیانو تەمـــــەن
تیـــــکوشان بوایە بو خــــاکی وەتەن
ئاخو تەمەنی ، کام ، دلسوزی کورد
لەچوار پینج سالیك تیپە رری ئەکرد ؟

# هاو نیشتمانییه به ریزه کان

بێگومان هەمو ئادەمزادێك بە بیستنەوەی کارەساتەکەی لافاوی شاری سلیمانی وەكیەك جگەرسووتاوو دڵـــگیرو خەفەتبار بوون بەم هویەوە لەم ژمارەیەدا هەموو بە سەرهاتە کانی زیانی ئەم شارە کلۆلەتان بو دەر ئەخات کە لەدنانیی بنچینـــەی ئەم نیشتمانەوە تائەمرو هەر بۆیریك نەکەو تووەو لەدوای ئاوا بوونەوە کـــارە ساتیکی وای لێ بەسەرا هاتووە • دیســـــان ئەم شارەی ویران کردوتەوەو ئەمەیش یان لەرووی زۆر دارانەوە یان بەهوی ئافاتی ئاسمانی ،هەورو بروو سکەو تیزمەی بارانو تەرزەو بومبا بارانەوە بووە لەگەل ئەمەشا نەتەوەی کوردی بەسەزمانو دانیشتووانی ئەمشارە کلۆلە بیرو باوەری ئایینیو نیشتمان پەروەری یان ئەمەندە بەهیزو تینبووە کۆتیان نەداوەو بێ پەروا هەر بۆ خزمەتی نیشتمانی تێ کۆشاونو بنچینەی هیوای بەرزیو سەرکەوتنیان هەرەسی نەهیناوە • وەبەم جۆرە ئیمەی قاڵ بووی رۆژانی رەش هیچ کاتیك لەکـــارە ساتەکانی رۆزگار هۆمان نەکردوتەوەو هەرگیز لەتێکوشـــــان سارد نەبووینەتەوەو هەر بۆپیشەوە تینمان داوەتە خۆمان لەبەر ئەمە ئیمە دڵنیـــــان هەر رۆژێك ئەبێ تیشـــــکی رووناکیی بەسەر نیشتمانەکەمانا پەخشانببی • انجا بەم بیرو باوەرە بەهیزەوە لـــە سەرمانە هەمیشە لەیەزدانی مەزن بپارییىنەوە کە پاداشتی ئەم هەموو زیانییە سەروماڵەمان بەچاکیو خوشیو بیرو هەستی خواناسینو خۆناسینو برایتیو یەکیەتیی مان بۆ پرر بکاتەوەو پەردەی رەشو تاریکی ناو دلمان رۆشن بکاتەوەو گیانی پیروزی شـــهیدانی لافاوو خۆبەخت کەرانیی لەپیناوی نیشتمانە کەمانا ساریژبکات
وئێشوسزای کۆنوتازەی کەسوکارە کانمان ساریژبکات •

وه بەم بۆنەیەوە ئەندامە دلسۆزە بەریزە کانی یانەی سەرکەوتن‌و لیژنەی نووسەران‌و ئیدارەی گۆفاری هیوا سەرخوشی‌ی لەهەموو جگەرسووتاوان‌و زیان تێ کەو تووانی لافاو ئەکەن وەزۆر خۆیان بەبە ختیار ئەزانن کە سپاسی هاونیشتمانییە دلسۆزە کانیان بکەن کەلەکاتی تەنگانەی لێ قەوماوانی‌ی لافاودا بێ جیاوازی هەمو برائیکی نیشتمانی‌ی لەشاران‌و دیهاتەوە دەستی کەرەمیـــان بۆ دریژکردن‌و یارمەتی خوشك‌و برالێ قەوماوەکانیان‌دوە ٠

بەراستی هەروەك هەمومان بە کارەساتی زیانی لافاو سەرسام‌و مات‌و خەفەت‌بار بوین لەم لاشەوە هەر کە هەست بەم گیانە بەرزو پیروزە خاوینەی برا هاوولاتیە کان مان ئەکەین کە گوری بلیسەو گوری دەروونی‌یان بویارمەتی دانی برا لێ‌قەوماوەکان مان ئەمەندە بەپەروشە هیزیك دیتەوە بەرمان‌و تەزووی خوشی‌و سەرفرازبوون لەدل ومیشك کارئەکات‌و خەفەتی دل‌و دەروون مان ئەرەوینیتەوەو هەناسەییکی بووژانەوەو حەسانەوە ئەدەین ٠

کە ئەمەیش وا ئەگەینێ لەبارمانا هەیە بتوانین لەهەموو تەنگانەییکا پشتی یەکتری بگرین‌و لەگەل هیرشی ئەم تەرزەو لافاوەدا رەگ‌و ریشەی دووبەرەکیەتی‌و جیاوازی‌و دوو دلی‌مان لەبن هەل کەندبیت‌و دابیتمان بەدەم لافاوەوە ٠

لەم بەسەر هاتەدا کردو کوشی ئەندامەکانی یانەی سەرکەوتن :


لەم کاتە تەنکاتەیەدا ئەمەبوو هەر ئەندامیك لەماوەی دەسەلاتیانا تی‌کوشاون لەبەغدادو شارەکانی‌ترا لەکەرکوك‌و کەری کۆمەلـــەی کۆکردنەوەی پیتاکیان داناوەو بی‌ووچـــان تی‌کۆشاون بی‌ئەمەی دەربەسی ئەوە بن کە ناوی خویان بلاو بکەنەوە ٠



دیمەنیکی لافاوی شاری سلیمانی

# لافـاو

## کامــــەران



منالّی ناوبیشکەی بەدەم لافاوەوە

ئەی فرمیســـــــکی لیل بلەرزە
لـــە عەزرەت باران‌و تـــەرزە
دیســـــان هەستی هونراوەی دل
وەکـــو مەنجەل هـــاتوتە کول
ئەم جـــارە دلوپی ئەســـرین
ئەکەویتـــــە هەلبەست چنـــین
ئیوارە بوو ، پرشـــــنگی خور
دوور کەوتەوە لەشـــار بەزور

هـــــەوری پایزی رەش‌و زەرد
چین چین ئەنیشتە سەر رووی هەرد
گویژە گـــریا ، گریا بەخورر
لافاو هەســــــتا بەتین‌و گورر
ئاســــمان بەرگیکی پوشی رەش
مەرگ ، ناوشاری گرتە باوەش
خوینـــــاوی شاخی مات ، تەزیو
خانوی رائەدا بو ناو شـــــیو
بیشکەی منالی ئیســــك سووك
بوو بوو بە گوریــــــکی پچووك
وەكو بەلەم لەســــەر روی ئاو
ئـــــەروی بەرەو نەمــــان بەتاو
پرچی سپی دەســــك دەســــك
لەگەل گوناو دەمی ناســــــك
ئەرژانە ناو جــــــادەو كولان
دارو دیوار ، بــــــەرد ئەگریان

دایك ئەیزیرران بون منـــــال
منالیش ( پارچە گوشتی کال )
ئەکـــەوتە ژیر دارو پـــەردو
شینبو « هەمو » نەك کەس مردو
لەمەشا تو تیا چوی هەژار ؟
ئاخ لەخەشـــی هەورو زوردار !
خانوی گـــــلی کولانی تەنگ
ئەکەوتە ناو گومـــاوی مەنگ
کەپەنـــــگی ئەخواردەوە ئـــاو
ئەیزریکان ســـــوپای لافاو .
ئەینەرران بەسەر شارا شـــار
ئە کـــەوتە قریشـــکەو هاوار
لاویك تادوینی بوو ، دل خوش
پەریی هیـــــوای گرتبوە کوش
خـــوی دانابو برروا بو دوور
( بوخویندن ) بەلام ئاوی سوور
لەگەل دایکیـــا دەست لە گەردن
هەلی لوشـــــین ئاوی مردن
( کامل ) : ئەی کورره شە نگەکە
( کامل ) : لاوە بی دەنـــگە کە

چون !؟• تو ئیستە چویتە ژیر گل !!
دەك کویر بن « پایزیشو گول »
ئەوگەنجـــــە ، ئەوکورەجوانە
ئیســـــتە لەســـــەیوان میوانە
ئاخ ئەیویست ســـبەینی بەیان
برروا بو خوینـــدن لاوی جوان
چاوەرری بوو ، دوا روژی گەش
کامـــل گیان بگریتـــە باوەش
دل نیا ، چـــاوەری بوو ، لاو
بروا بو خوینـــدن ، ئاخ لافاو
لـــەپرر ورروژمی برد بـــو ژور
مرد ، ئاواتی گەش « بی سنور »
مرد ، دلیکو گیانیك ، دەروون
دوا روژیکی شـــیرین‌و روون
ئیوارەبوو ، پرشـــنگی خور
هەور ، دای ئە پو شی بەزور
لاویـــکی بەســـەزمان ، هەژار
کەوتە بانـــگ کردنو هـــاوار

بەلام چی ! دوای یەك هەناسە
ئەو بەســـــەزمانە کەساســـە

چوە ســــەر لاشەی دوومنــــال
گریا بو ژینــــی رەش‌و تـــال

لاشــــەی منالانی هــــەردو
دەر هینـــا لە دارو پەردو ٠

مرد ، زەردەخەنەو چاوی جوان
مرد ، دوو منالی بە ســـەزمان

ئیوارەبوو ، لیشاوی ســــوور
هەر لاشەی ئەهینـــا لەدوور

دەمیك ســــــەریکو پرچی زەرد
تاویك دەسو پەنجەی بی گەرد

یان لەپرر ، پیریــــکی بی هیز
( اختیاری ئەکرد لی‌ی گوریز )

پەلامــــاری ئەدا بو گوشـــت
( گوشتی‌منال ) خوشی ئەروشت

مردن ئەیــــگیررا زەمـــــاوەن
ئەگریان ، هەژار ، دەولە مەن

دەرگای ئاســـن ، دیواری زل
بەرەو شیو ئەروشـــتن بەتل
( پەنجەرەو پەردەو چاوی کال )
( ئەگریان بو نەختی سامال )
تەرزەی رەقی دەنک گەورەش
بەسلیمانی ئەررشــــت خەش
ئەری پایز ، ئەری بـــاران !
بو قارت گرت لە کوردستان ؟
ئەری هەوری ماتو بەســـام
بو راتداین وەك پەلاش ، نەمام
شـــەوی ، ئەسورواینەوە لاو
بازومـــان بوکار هەلـــکراو
چوینە کولانیك ، هاژە هـــاژ
ئاو لاشـــەی کردبو بە ( کاژ )
کوریك هات ، شەل ، گالوك بەدەس
بانگی‌کرد هاوار « لافاو » بەس
توخوا خەلـــکی ئازا ، وەرن
ئـــەم خانوەم بو هەلـــگرن

کچە کەمی تیـــایە ... هاوار
کچیـــکی ناســـکولەو نازدار
یەکیـــکی تر هـــاواری کرد
سێ خوشکم ، دایکم ، باوکم مرد
ئاخ خوشکی کەســـاسینە من
چیبکەم لەگـــەل هیزی مردن
ئەم ویست بەسوالیش بوایە گەر
بەخیوتان کەم تامردن « هەر »
بوروشتن ؟ لەتاو برســـیتی ؟
بو نان ؟ هاگیـــــانم بریتی
ئاخ هیـــلانەم شیوا ، رمـــا
بەیاخی یأســـــم هەلـــــکرا
کچیکیش شوخ ، چواردە سالان
لەژوریـــکا خنجیـــلەو جوان
ئەینـــــواریە باخی خـــــەیال
دوا روژی خوش‌و ئاســـوی ئال
نوینی بو ، بوو ، بە گوررو مرد
ئاخ لافاو چی بەئیمـــە کرد !!


نابی شـــــاری پیروزو جوان
سالیـــك دل خوش‌بی بی زیان
= یالافاو یا بومبـــا باران =
= یالیزمه‌ی گولله‌ی بی‌وچان =
ئه‌بی ســـــالی جاریك ئـــیره
ویران کـــا ، بیـــکا به گیره
ئه‌بی شـــینیك هه‌رساز بـــکا
خه‌لـــــکی وا په‌ره‌واز بـــکا
ده‌رگانه‌ی شـــــادی دابخـــــا
ئالای ره‌شـــــمان بوهه‌ل بکا
نیوه‌شـــه‌وبوو ، ده‌نگی هه‌لسا
بانـــگی به‌ناو شـــارا ، ئه‌دا
ئه‌ی ووت ئه‌وی مـــال ویرانه
رووبـــکاته خه‌ســـته خانه

**( بوزانین )**

**ئیداره‌ی سه‌رپه‌رشتی‌ی گوفاری هیوا ئاماده‌یه بۆسه‌ر په‌رشتی چاپ‌کردنی هه‌مو جوره کتیب‌و دیوانی شیعر به‌زمانی کوردی .**

# لافاوي مەرگ !!!

خالد رشيد ( زیوەر )
قوتابخانەی ماموستایان
پولی دوهەم



دیمەنی لافاو لە ناو شەقامو کولانەکانی
شاری سلیمانیدا

تشرینی یەکەمی سالی پەنجاو حەوت !!
ئەی مانگی شومو نالەبارو چەوت !!
ژمارە هەژدەی مانـــگی باسکراو !!
ئەی روژی جمعەی هەناسە براو !!

لاپەرەی میژو ئیوەی تیـــــا نوسرا
بەرزتر لە ناوی تاقەکەی کیســـرا
روژی جمعـــەبو ســـەر لەئیوارە
لافاوی مەرگ · هاتە ئەمشـــارە
باوەشـــــی ئەکرد بەگەلی کوردا
چ لەســـەر جادە چ لەناو ژوردا
نەی ئەبیست هاوار ئەیبرد ، ئەیفران
بەجیی نەئە هیشـــت هەتا ئەیمران
سیّ پیاوی پیر ، سیّ لاوی خوین گەرم
وەك سەگی برسی بردنی بەبی شەرم
حەوت ژنیجوان ، چوار کچی نەخشیو
پانزە منـــــالی لەغەما رەخســـیو
هەموی رافران بی ترســـو بی غەم
ئیمەی هیشتەوە بو شینو ماتەم
جگە لەمــــانە دەکەسیش وونە
جەرگی دایکو باوك بویان کونکونە
لافاو ئەمانەی گشت سپارد بەخاك
ئیزرائیل روحی کیشـــان بەبی باك

ئنجا لافاوی شووم هات بە پرتەو
حەفتاو چوار خانوی روخان بەر لەشەو
دای پوشی زور چاك زەخیرەو حەسیر
باخصوص مـــالی هەتیوو فەقـــیر
قەیسەرییو دوكان گشت پر بون لەئاو
ئەدوت راوچیـــــەو هاتوە بو راو
لە شەكرو لەچا مەكینەو قوماش
هەموی راپیچ كرد · لەنیسكو لەماش
شەرە قوچیـــان بووقەمەرەو لوری
بی غەسلو تەشحیم گشتیانی شوری
لافاوی غەزەب هینای ئەسپو مەر
ئەژنوی شكاندن · مانەوە · بی سەر
هەر لەمەلكەندی هەتا جولەكـــان
هەموی هیشتەوە بی لانەو بی‌نان
بەلام نازانم كوردی بی چـــــارە
فەلەك بوچ دائـــم والی بیزارە
پینجوینی هـــاریی بەبومە لەرزە
لەجـــاتی بەفرو بارانو تـــــەرزە

خانوو دوکانیی روخـــانه خواری
هــــــەر لەبەیانی هەتا ئیـــــواری
لەئەسپو ئیستر لەبزنو شـــــەکا
هەروەك شەق شەقە ئەیدان بەیەکا
یا قەیسەرییەکەی هلبجەی دل‌ئیش
هەرچی تیدابو ٠ بوو بە خولە میش
هەر بەسیّ سعات بوو بەکە لاوە
هیچ چـــاری نەبوو بەوهەمو ئاوە
هــەروەك جەهەنەم ئاگر دەر ئەچوو
مالو منالی هەلەبجـــەی ئەجوو ٠
غەداریی فەلەك لەگەل کورد زورە
لەبو دلشادی قـــــەد نادا نورە
فەلەك ئەزانم ئیجـــگار بی‌عاری
کەفرسەت بینـــی هەروەکو ماری
ئەگەر ئەمزانی مەکـــانو شوینت
هەلم ئەقرچان دەمارو خوینت !!٠
ئەودەردەی لافاو کردی بەم‌شـــارە
یارمـــەتی نەدری نیـــەتی چارە


دەسا ئەی گـــەلو نەتەوەی عیراق
ئەی برای کوردی دل پرلە فیراق
بەپێی توانـــاو مەقدەرەتی خوت
دەست دریژکە بو برای رەنجەروت
دریغی مەکە دەرحەق بەهاو خوین
بە لێقەوماوو بی ســـتارەو شوین
دەستی یارمەتی لای کورد وون نابی
ئەگەر یەك دانەی لەسەر خاكمابی !!

بی کەس

بەهـــار نامەویت جوانیت ببینـــم
ئیمرو من بەدل پەســـتو غەمگینم
دوژمنی لالەو گولو نەســـیرینم
دوورم لەخوشی خەریکی شـــینم
زارو بیزارم تاریــــــکە ژینم
بەهـــار نامەوی جوانیت ببینـــم

# لافاو

كامل ژیر ـ بغداد



دیمەنێکی لافاو کە ئوتوموبیلو لوری
بە بارە چیمنتووە گیژو لوولی
ئەداو رای ئەرفینی

لە ناکاو ، لەپرر ..
دایچلە کانم خورپەیەکی تر !
خورپە دەنگی بوو بە گریانەوە
لەدوور لەجەرگەی نیشتمانەوە

له سـليمانى‌ى شـيرزەى ويران
ئەو دەنـگە هاتو هەسـتى شلەقان
له كاتيـكا بير ، بير بو نيشـتمان
كەو تبوە چـەرخەو بو ئەنجام گەرران
ئەم وت چون ! بو ؟ خاكى كوردسـتان
بوتە شوينە گاى هەررەشـەو پيـلان
هـەر پارچەيەكى لەژير دانيـكا
ئەجوو ريو زامى ايشـو ژان ئەكـا
بو ئـەبى رولەى چالاكو مـەردى
دوو شت بەشى بى : خنكانن ، بەندى
ئايا كەى روژيك لەم گەلـە هەلبى ؟
تيشـكى ئازادى ليوە دەر كـەوى .
تا بەهيمنـى وچـانى بـدەن
چيـژى ژيانى كامـەران بـكەن

* * *

من بـەم بيرەوە ئەخـولا مـەوە
بـەم ئـازارەوە ئەتـلا مـەوە
كەچى هەو اليـك ، هەوالى لافـاو
لافـاوى مەرگ ، بەزيان ، ناكـاو

هاتو بەپرر تاو ، بەهیـــز ، بەپەروش
شالاوی هیـــــنا بوسەر هەستو هوش
دای لەبرینـــو لـــــە ئـــاواتی نوی
تویژی دامـــــالیو هینـــــایەوە سوی
داســــــتانی کون ، چیروکی ناســـــور
رستەی رووداوو کارە ســــــاتی زور
گوللە باران ، بوردومان ، کوشــــــتار
سزا ، دەر بەدەر ، لیــــدانو ئازار ..
لەمیژوی کوردو ژینـــــی ســـــەختیەوە
بەهیرشــــی زور بەسەر تەختیـــــەوە
یەك بەیەك هـــــــەموی هاتنو رویین
بە زنجیرەیەك وەکو خـــــەو بینین !!
تەمی تاس ، پەردەی تاریـــك ، ماتەمین
کشانە پیش چاو ، ئەوە نـــــەی تر قین
کەلەکەی بەســــــتو شورشـــــی دەرون
بلیســــەی گەییە ئەو پەرری هەلچوون
لە روژگـــــاری بوایمە : بی فـــــەرر
هەمیشـــــە بەرق لەســـــەر بیانوو گەرر

هـــــەوالی لافاو ، لافـــــاوی کوژەر
کاری کردەگیان ، موخ ، لەتەوقی سەر
هوشی راپیچ کرد بوناو کارەســـــات
لەلەش جیا بوەوە بوناو کورر هەلات
جا ئیستا ئەوەی دیتــــــە بەر چـــاوم
ئەوەی پیی پررە واقـــــی ورر ماوم
نیـــــگاری دایکی جگەر ســــوو تاوە
بەرامبەر لاشەی کورپەی وەســــــتاوە
لاشــــە لەســـــەر ئاو تەرزە لی ئەدا
گەردە لوول بوناو دولو چەم ئەیبـــــا
دایکی کەساسیش هـــــــەر ئەزریکینی
زریکەی ئاســــــمان ، ئەرز ئەجوولینی
بەلام لەلافــــــاو ، لافـــــاوی پایز
کۆلە کار ناکا هەر گیزاو هـــــەرگیز ٠
* * *
لەم بەناســــــوور تر نیگاریـــــــکی تر
نیـــــگاری رولەی چابوك ، بەداخ پرر
خوی فرری ئەدا بولاشـــــــەی خنکاو
بولاشـــــــەی دایكو خوشکی لەسەرئاو

بەلام پیش ئەوەی دەســـــتی بگاتی
ئەمیش نوقم ئەبی هـــــاوار نایگاتی
چونـــــکە بارانو تەرزەی رەقو قورس
« کو » لەکەس ناکا دورە لەسل ، ترس
خو دیمەنی شـــــار ویرانو روخـــــاو
ســـــام ئەبارینی ، ئە برری هەناو
بوهەر لا ئەرروی لانەی روخـــــاوە
چـــوارو پینج لاشــــەی لەژیرا ماوە
هەر کریکارەو قوتابیو ایش کــــەر
پاچ یەدەستەوە : گوشت ئەهیننە دەر
گوشـــــتی اندامی تاســـــاوو خنکاو
بە کومـــەل مردووو : پیر منـــــالو لاو
کام مال کام گوشە کام جیگە ئەگریت
کام کولان ، شەقام ، کام ریگە ئەبرریت
شینو شـــــەپوررە ، گریانی بەکول
بەرد ئەکا بەئـــــاو ، ئەبچررینی دل
سروشت توش وەها دەستی خوت وەشان
پالت دایە پال : دوژمنی سەر ، گیان
پارچە هەوریکت گـــــیررا بە ئە توم
زەوی برنـــــگت کرد بەدەریا ، گوم

پایزت چەرخان بەچـــلەی زســـتان
لەگەل گەلای دار گیانیشـــت وەران
لیوو مەچەکو پەنجـــەی وەك بـــلوور
هی ساوای خرپن ، چاو کال کولم سوور
ساوای بو ســـــبەی : کومەلی ئاوات
ببیتە : چرا ، پیشـــمەرگەی ولات
تو بە هیرشـــی ، هیرشـــی لافـاو
لەکوشـــی دایکی رفـــانت بو ناو :
شیو ، بنی چەم ، دول ، چال ، ناو دوو تویی خاك
خاکی لاشە خور تاریك ســـامناك !!؟
دەسا بررو توش نو لەســـەر دەبە
دوو ئەوە نەی تر بەهەررەشـــە بە
بەلام ایمـــەی کورد ئازا قارە مـــان
نابەزین هەرگیز ، دوورین لە کولـدان
نامـــان روخینی هەزاران هـــیرش
قەلای پتـــەوین « گوش » ین بەکوشش
ئالامان بەرزە ، ئاشکرا ، روشـــن
نەبەردی ، خـــەبات ، شانییەكگرتن

# میژووی ژیانی کاملی جوانەمەرگ



خونچـــە یەك بووم تەررو ئازیز
بـــــەلام لافاوەکـــــەی پایز
نەی‌هیشـــــت ببم بەگولی سوور
نـــــەرانی بەســـــەرما لەدوور
وروژمـــــی بردە ژورە کـــــەم
کوشـــــتمی‌و کردی بە ( ماتەم )

ئەی فرمیسکی لیـــــل بلەرزە
لـــــە عەزرەت بارانو تەرزە
( کامل ) ئەی کورە شەنگە کە
( کامل ) : لاوەبی دەنگە کە
چون ؟! تۆئیستە چویتە ژیرگل ؟
دەك کویربن ( پایزیش‌و گول )

کاملی جوانە مەرگ لەتەمەنی ( ١٨ ) سالیدابو ، کەلیشاوی رەنگ خوینی پایز گولی لاوی وەرانە لیتەوە ..

کامل کوری مصطفی ئاغایە ، برازای وسوئاغا ..

رەفتار جوانیو ، زیرەکیو ، رەوشت بەرزی ئەم لاوە نازدارە وەك خوری چیشـــتە نگاوی بەھار دیاربوو لە ھیمنیـــدا ، نمونەی لەسەرخویی لاوبوو .. بەلام لەو روژەوە کە باوکی کوچی دوایی کرد ( لەپیش کوچی خویدا بەدو سالو شـــەش مانگ ) پەنای بردوە بەر نائومیدی بەرچاو تاریکی ، تا مەرگ لیی فراندین .

خویندنی ئبتدائی لەقوتابخانەی گویژە تەواوکرد ..

لەپولی پینجەمی ( ئانوی ـ علمی ) دەرچوبوو ، چاوەری‌بوو بچیت بوخویندن بەلام داخی گرانمان لەھیچ کولیەیك وەرنەگیرا ئەگـــەر وەربگیرایە رەنگە بلیین لافاوەکە فریای نەئەکەوت بیفرینیت .

کاملی جوانە مەرگ بەتەمابو خویندن تەواوبکا وە بتوانیت براپچوو کەکەیو دایـــکی بەخیوبـــکات .. بەلام لافاو ئەو ئاواتەی برد بوسەیوان .

دوای ئەوەی لافاوەکە دایکیشی خنکان ، تەنھا ئەوسی برایەی ماون کە مالی وسوئاغای مامی کامل بەخیویان‌ئەکەن ..

مالی کامل لەگەرەکی پیرمەسوورە ، ئاوەکە دیواری بەینی ئەوانو مالە دراوسییەکیانی روخاندبوو ، وروژمی بردبوە سەر مالی کامل ئاوەکە دوای ئەوەی کاملی کوشتبو لاشەکەی گەیاندبوە ژیر خانیك بەلام لاشەی دایکی بەرەو جادە کەوتبوە ری وەك خەبەری ئازاراوی مەرگی کامل بەریت بو ناوشار .

کامل ھەمیشە ھوگری دایکی‌بوو ،تا لەمەرگیشا ھەر بەیەکەوە مردن

کامـــــل لەبەر ئەوەی خوی زور خەریك ئەکرد بەخویندنەوەی دەرسەکانی لەبەر ئەوە روژی لافاوەکە ئەگەرچی یاری‌بوو لە بەینی تیپی فوتبولی دوکانو سلیمانیدا نەچوبوو بو سەیر کردن .

دایکی کامل ناوی ( رەحمەی حاجی محمود ) بوو ، وە لەتەمەنی ( ٤٠ ) سالیدا بوو کە دوا کوچی کرد ••• کامل نوبەرەی دایکی بوو •

کامل زور گوشە گیربوو ، وە هاوورییتی خوو رەوشت بەرزنەبوایە نەی ئەکرد •• عزەتی نەفسی زوربە رزبوو ، هەتاوەکو جاریکیـــان (تشبثی) بوئەکەن ، بەلام زور دلگیرئەبی لەخزمەکانی لەوکردەوەیەدا •

کامل گیان زور بیهەوابوو وەتا رادەیەك ( انکاری ذاتی ) بووە جاریکیان رەسمیکی گەورەی ( شیخ محمودی گەورە ) لەژورەکەیا هەلئەواسی •••

یەکی لەخزمە کانی پیی ئەلی کامل گیان ( رەسمیکی خوشت ) هەلواسە کاملیش لەوەرامدا ئەلیت : (بومن چیم تارەسمی خوم هەلواسم) وینەی ئەوپیاوە گەورەیە لایقی هەلواسینە ••

---

◆ نیشتمان پەروەری بەوە نالین کە نیشـــــتمانەکەت خوش بوی بەلکو بەوە ئەلین کە هەولی بوبدەیتو قوربانی پیشکەش کەی لـــــە پیناوی دا •


سینکا

◆ هونەر ئەوە نییە کە نەکەوین ، هونەر ئەوەیە کە هەرچەندە کەوتین هەستینەوە •

گولد سمیث

# کوچی دوایی

کمال غفوری



ئەم لاوە شیرینە ناوی عبـــــدالقادر کوری مەلا ئەسعەدە لە دانیشتووانی کانی مارانەتاپولی دووی کولیەی حقوقی خوێند لە تەمەنی بیستو پێنج سالیدا گیانی خاوێنی بە بەهەشت ســـــپارد • خوای مەزن سەبووری کەسو کـــــارو هاوری کانی بدات •

کات ژمیر گەیـــــە پێنجی ( ٥ ) بەیانی لەروژی پێنج شەمەی ١٠-١٠-١٩٥٧ دلی پاکی هاوریی نەمر عبدالقادر لەکار وە ســـتار ، چاوەکانی هێزاری دوا روژی ژیانی پیا هەلکیشراو ، رەنگی ئالو سووری ژاکاو زەرد هەلگەرا •

هەر لەم روژەدا بوو کەدایگی کلولو جگەر سوتاومان کوردستانی مەزن مەرگی یەکیك لەرولە تازە پی گەیشتوەکانی دیتو هەر لەشاری کەرکوکەوە بگرە تا بەیەزدانیان سپارد لەگوندی کانی ماران دانە فرمیسکی رشتە سەر تارمەی رولەکەی •

هەر لەم روژەدابوو کەلەئاسمانی رووناکی کوردســـــتان یەکی لەئەستیرە گەشەکانی کوچی کرد ••

هەر لەم روژەدا بوو کە قوتابیانی کولیەی حقوق یەکی لەهاوری بەریزەکانیان لیدوور کەوتەوە ژیانی قوتابخانەیان لیتالبوو • هەر لەم

روژەدا بوو کە لەشاری کەرکوك‌و کویەو بیتوینو کانی ماران ئاسمان تەم دای‌گرت‌و گشت دانیشتوانی ئەم ناوچەیە هەستیان بەم دل‌تەنگیە کردو ئەگریان • ئەم کارە ساتە بە تەنیا کاری نەکردبووە سەر جگەرو دلی کەس‌و براکانی بەلکو کاری کردبووە سەر هەموناســـــیاویکی‌و هەموو بە هەنسکەوە فرمیسکیان بوهەل ئەرشت • لەبەرئەمە قوتابیانی کوردستان لەبەغداوە بەتایبەتی قوتابیانی کولیەی حقوق لــــەم ماتەم‌و پرسەی ئەم جوانەمەرگەدا خویان بەبەشدار ئەزانن ئیتر ئەخوازین خوای مەزن سەبووری گشـــــت کەس‌و کاری‌بدات کارەســـــاتی تری لەدوا نەبیت •

◆ هیوا وەکوئەستیرەی ئیواران وایە ، تاژیان تال‌و بەتەنگوچەلەمە تربیت ئەم تیشك دارترو جوانتر ئەنوینی •

ونسلو

◆ لە کارەساتی پچوکـــا خوت راگرە لەبەر هی گەورەدا هیزو توانا بنوینە •

روزفلت

# بەهوی لافاوەکەی سلیمانی یەوە

عبدالقادر قەزاز

ئەم جارەش شاری سلیمانی « بووکە جوانوو نەشمیلەکەی کووردستان » سەرتاپا تارای رەشی پوشیی وە دەستە ئەژنو دانیشت •

بووکە نامرادوو بە ئاوات نەگەیشتووەکە ! سال نییە کوستت نەکەوی ، لیت نەقەومی وە بەرگی رەش نەپوشییت وەك ئەم بەرگە رەشە بە بالات برابی‌وە ئەبی لەگەل عومرتا بیتە خواری • هەر کە نەختیك دەست بەخوتا ئەهینییت وە خەریکی گەشە بکەی وە تامی ژیانی هیمن وە پرر ئاسوودە بچیژییت ، لەپرر چەپوکیکت بەسەرا ئەدری وە بە مەرەیەکت ئەبا کە هیزی راست بوونەوەت نەمینی تا دەست ئەدریتەوەبالت وە ئەکەویتەوە سەرخوت • لەبەر ئەمەیە کە هەمیشە رەنگ زەردوو بی‌ئاهوو لاواز ماویتەوە •

خانمە نازدارەکەی ولاتی کووردان ! ئەوەی بەسەر تودا هاتووە بەسەر هەر شاریکی‌ترا بهاتایە لە دەمیکەوە بوو ناوو نیشانی نەئەما هەر جارجار دایك بو منالانی وە ماموستا بوقووتابی‌یانی بەسەراهاتی ئەو شارەی بو بگیررا نایەوە • هەر توی ئازاو نەبەزوو چاوقایمە کە بەرگەی ئەم هەموو سزاو مەینەتە بگریت وە دوای هەموو قەوماویك شیرانە راست بیتەوە •

سلیمانی : شارە نازداروو خوشەویستەکەمان ! هەرجارە چەشنە چەکیك بەکار ئەهینری بو زیان پی‌گەیانن وە بەلکە بو نەهیشتن وە وون کردنی ناوونیشانت ، بەلام فریشتەی بەختت یارە وە ئەستیرەی طالعت هەر بەرزەو ئەدرەوشیتەوە وە ناحەزوو دووژمنت چاویان لە

عاستت کویروو نابینایه •

شاره جوانه‌که : چوونکه ئه‌وه‌تی‌ی هه‌ی بی‌وه‌ی بووی وه له چاکه به‌ولاوه زیانت بوهیچ لایه‌ك نه‌بووه ، له‌به‌رئه‌مه هه‌موو که‌س نزیکوو دوور ئه‌م لی‌قه‌وماوه‌تی‌یه‌ی پی ناخو شه‌وه‌زور بوت به‌په‌روشن •

خانمه گه‌وره‌که‌ی کووردستان ! هه‌رکاتیك لیت قه‌ومابی وه تووشی ته‌نگوو چه‌له‌مه بووبیت نه‌ته‌وه‌کانت به گه‌وره‌و بچووکه‌وه خویان له ده‌ورت گیرراوه وه بوون به قووربانت وه‌لاشـــــه‌ی پیریژنوو پیره میرده‌کانوو کورپه ساواکان که به‌ده‌م لافاوه‌وه به ناو جاده‌و کولانه‌کانتا تی‌ئه‌په‌ررین چاکترین به‌لگه‌یه بوراستی‌ی ئه‌م وتاره • هه‌ر تومان بو خوش بی ئیمه ژیانمان ناوی وه تاتو سه‌ربه‌رز بیت مایه‌ی شـــانازی‌یه بوئیمـــــــه ••

گه‌وره شاره‌که‌ی کووردستان ! لانه‌ی بیچووه پلنگوو شیران ! هه‌ر تیریك که ئه‌گیریته تو وه‌ك ئاراسته‌ی دلی ئیمه بکری وایه وه‌هه‌ر ده‌نکه زیخیك که له تو کەم ئه‌بیته‌وه وه‌ك گلینه‌ی چاومان هه‌لکولری وه دلمان له‌ره‌گوو ریشه ده‌رهینری وایه ، که‌وابوو له‌پی‌ناوی تودا سه‌ریشمان بررروا هیشتا که‌مه •• تو دایکیکی به ره‌حم وه باوکیکی دلسوزیت بوئیمه • له‌ژیر سایه‌ی تودا هه‌وای ســــــازگاری تو ئه‌مژین ، ئاوی روونوو پاکی کانیاوو چه‌موو رووباری تو ئه‌خوینه‌وه وه نانی گه‌نمه قه‌نده هاری‌ی تو ئه‌خوین وه له نازوو نعمه‌تی تودا ئه‌گه‌وزین ، له‌به‌ر ئه‌مه بی‌نمه‌کی وه سپله‌یی‌یه ئه‌گه‌ر له‌کاتی لی قه‌وماناا به ده‌نگته‌وه نه‌یه‌ین وه‌هه‌ر که په‌نجه‌یه‌کت هاته ژان روژی حه‌وت جار خومان به ده‌روتا نه‌گیررین •

خانمه نازداره‌که ! له‌م کاته‌دا که تووشی ئه‌م مه‌ینه‌ته بوویت چاوه جوانه‌کانت هه‌لینه وه برروانه چون ده‌سته خووشکه‌کانت شاره‌کانی

ولاتی کووردان وه برا عەرەبەکان تیکرا هاتوون بە دەنگتەوە وە کەمەری خزمەتیان بەستووە وەخەریکن دەست بدەنە بالت وە راستت بکەنەوە •

توش کەمیك هیز بدەرە بەرخوت وە دلتخوش بکە بەپیاوە ناوداروو پی گەیشتووەکانت وە بە لاوە دلسوزوو بە غیرەتەکانت ، هەستە سەر پیان وە مەیەلە ناحەزت پی شاد ببی •

لای خومان پیشینان مان « ووتویانە سوار تا نەگلی نابی بە سوار » توش لە ئەنجامی ئەم لیقەوماوانو کەوتنانەتا ئەبیت بەشای شاران وە هەقت هەیە سەرزەنشی رولەکانت بکەی وەبلی : « ئەگەر ئەوان بیباکوو کەمتەرخەم نە بوونایە لەعاستم وە قەدری منیان بزانیایە نەیان ئەهیشت تووشی چەپوکی دەستی زەمانەو هەلمەتی زورداران ببم ،چوونکە نزیکی ٢٠٠ سالە من دایکتییان ئەکەم وە وەك چرا خومیـــــان بو ئەسووتینم وەگیانم بەخت ئەکەم بو پەروەردە کردن وەپیگەیاننیان » •

بەلام تووخوا چاو هەلینە تابیینیت چون ئەم رولانەت هەموو گەنجووپیر لە ژنووپیاو بە روو زەردیو ملکەچییەوە لەبەر دەمتا بەچوکا هاتوون وە لیت ئەپاررینەوە بو لیبووردن وەگشتیان بەلینوو پەیمان ئەدەن کە لە ئیستا بە دواوە هەموویان بالا گەردانی سەرت بین وە سنگیان بکەن بە قەلغان بوگیررانەوەی تیری قەزا لیت •

ئیتر هەر بژییت بە سەربەرزیو ئاوەدانی •

ئەی نیشتمانی پیروز •

# حقوقي ئافرەت



کەرکوك : کچەکورد • پرشنگ

ئەتوانم بلیم هیچ گومانی تیانیە ئافرەتانی عـــــیراقو کوردەواری بەپیچەوانەی ئەم سەدەیەوە ئەژین ، ئەم سەدەیەی کە ئیمەی تیـــــاین سەدەی پیشـــــکەوتنو هونەرو زانینو چارەکردنی هـــــەمو جورە ناتەواوی‌یەکە ، سەدەی رزگـــــاربونی هەمو نەتەوەیەکە لەتەوقی کونەپەرستیو کویلەییو ژیردەستی • ئیستا کاتی ئەوە هاتوە چـــینو بەشـــەکانی هەمو نەتەوەیەك بکەن بە ئامانجی پیروزی خویان ، وەبە تایبەتی ئافرەتان • ئەمرو ئەبینین ئافرەتان جولانەوەیان تی‌کەوتوە ، ئەو هەورە رەشەی کەبەسەریانا کشاوەبەری روژی لی‌گرتون ونایەلی بەرپی‌ی خویان ببینن ، کەوتوەتە رەوینەوە ، وەتیشکی زەردی ئالتونینی هەتاوی لەئاسووە دەرکەوتو ریگایان بوروناك ئەکانەوە ئەو ریگەیەش ئەوەیە کەهەمو ئافرەتان دوبەرەکیو جیاوازی لەناوەندی خویانا نەهیـــــلینو لایبەرن ، بەچاوی خوشکایەتی یەوە سەیری یەکتری بکەن ، بەگیانیکی پولایین وبەبیرو باوەریکی بەهیزو قایمەوە ، بەچاویکی نەترســـــاوەوە ، ئازایانە قولی لی‌هەلمالن ، بازوی مەردی هەل‌کەن ، بینە کوری خەباتی بی‌وچانەوە بودەس خستنی مافی خویانو گەیشتن بە ئامانجە بی‌گەردە کانیان ، ئەوەتە ئەبینین لەئەنجامی ئەم‌خەباتەوە بەگەلیك لەنیازە کانی

خویان گەیشتون •

ئەمە لەدەرەوەی وڵاتی ئیمە ، بەڵام ، ئەی خوشکە خوشە ویستە کانم ! ئەگەر بیتو بەچاویکی لیوردبونەوە وە سەیری ئافرەتانی لای خومان بکەین ئەبینین وەکو ئالەتیك وان بەدەس پیاوەوە ــ هەرچەند پیاوەکان خوشیان وەکو ئالەتیك وان بەدەس رەنج خورە کانیانەوە ــ بەهەموباریکا هەلیان ئەسورینن ، لەم کومەلەی ئیمەدا پیاو ئەگەر دەستی بروا و گیرفانی پربی ئەتوانی لای خوی چەند ژن راگری ، وەك ئەتوانی چیپیویستبی لەبازار بیکری ، جگە لەوەگەلی جار خەیانەتی لەگەل ئەکا، ئەچی لەگەل ئافرەتی خوفروشتودا وەختی ئەباتەسەر ، بەم چەشنە ریگا بوئەمیش خوش ئەکا کە ریگاکەی ئەوبگریتەبەر • بەشیکی زور لە ئافرەتانمان ئەگەر داوای هەندی مافی خویان لە میردە کانیان بکەن ، وا سەیر ئەکرین کە تاوانیکی گەورەیان لەدەس قەوماوە ، لەم حالەدا دار کارییکی باش ئەکرین ، گەلی جاریش تەلاق ئەدرین ، واش ئەبـــی گیانی خویان دائەنین • بیگومان لەم چەشنە وەزعەدا چەکی ئافرەتی چارەرەش یاگریان یاخو تورانو گەرانەوەیە بومالی کەسو کاری •

ئافرەتی لادی شان بەشانی پیاوان ئیش ئەکەن ، لەچاندن وگیرە کردنو شەن کردنی دەغلو دانو سەر پەرشتی بیستانو گەلی شتی ترابەشدارن ، ئەمە جگە لەئیشو کاری ناومالو ئاگاداری حەیوانو بەخیوکردنی منالو گەلیجار دوروست کردنی قالیو بەرەو رســـتنی خوریو •• تاد ، بەلام هیچ مافیکیان نیە ، واتە تەنها لە (•واجب ) دا بەشدارن ، نەك لە ( حقوقیشا ) •

ئافرەتانی شارستان هەرچەند هەندی حقوقی شکلییان هەیە ، بەلام خو لەحقوقە بەکەلکەکان بیبەشن هیشتا هەندی کەسی واهەن دان بەوەدا نانین کەئافرەتان بەسەربەستی هاتوچوو گەران یان هەیە ، وەئەتوانن

بەئارەزوی خویان هاوبەشی ژیان یان دیاری بکەن ،لەناحیەی ئابوری‌شەوە کەمیکیان ئیشی دەسی وایان هەیە کەهەندیك تەنگ‌و چەلەمەی ژیان‌یان بوئاسان ئەکا •

من هەرچەند لەو باوەرەدام کەلەم کومەلەی ئیمەدا پیاویش ئازاد نیە ، چەجای ژن ، وە کەبو رزگار کردنی ئافرەتان پیویستمان بەگورینی شیوەی ژیانی کومەلایەتی هەیە ، بەلام لەگەل ئەمەشا ، ئافرەت دوو ئەوەندەی پیاو ژیر دەستە ، وە لەژیر یاسای ئەمرودا ئەتوانین کاری بکەین هیچ‌نەبی بگەینە پایەی پیاوەکان‌مان •

تەءمین کردنی خویندەواری بوکچان ، هەلگرتنی بەزور بەشودان ، دەس‌خستنی مافی ئیش کردن لەکارگاکانا شان بەشانی پیاو ، بەچاوی حورمەت سەیری ائفرەت کردن ، دەس‌خستنی حقوقی سیاسی ژنان ، ئەمانە ئەگونجین‌و پیویستە هەول بدەین دەسیان بخەین •

پیویستە لەسەر هەمو باوك‌وبرایەکی تی‌گویشتو کەبەپی‌ی توانا هەول بدەن بوبەرز کردنەوەی پایەی ئافرەتەکانیان وەدەسی یارمەتی یان بودریژکەن ، هەروەکو ئەبی ئافرەتان خوشیان روژ بەروژ باشتر یەك بگرن بوداوا کردنی داخوزی‌یەکانیان ، لام وایە ئەمرو بەر لەهەموشتی ئەبی ئافرەتەتی گەیشتوەکانمان هەول‌بدەن بو کردنەوەی چەند لق‌بو « یەکیتی ئافرەتانی عیراق » لەشارە گەورەکانی کوردوستانی عیراقا تابتوانن تیکوشانی ئافرەتانی کورد بوئامانجەکانیان بەرن بەریوە ، وەبینوسینن بەتیکوشانی خوشکە عەرەبەکانمانەوە ، بو رزگاربونی ئافرەتانی هەمو عیراق •

هەروەکو پیویستی هەموپیاویکی ئازادبیرە ، کەئەوپەری یارمەتی پیشکەش بکا بەجولانەوەی ئافرەتان ، چونکە بی‌گومان تاهەول دانی هەموچین‌و بەشەکانی گەل پیکەوە نەبی ، سەرکەوتنی بونابی •

# هەستی ئافرەت

## بەرامبەر روژنامەو گوفارە کوردیەکان

سلیمانی : خوشکە • پ

بەهەموو داخیکەوە ئەلیم ئافرەتە خویندەوارەکان بەشیکی زور کەمیان نەبیت کەهەستوو ئارەزویان بەرزە بەرامبەر بووژانەوەی نووسینوو ویژەی کوردی ئەتوانم بلیم بەشەکەی‌تر هیچ جورە هەستیکیان نیە ، ئایا ئەی خوشکە کوردە خویندەوارەکان ایوە دانیشتوی ئەم خاکە پیروزەنین ؟ ئایا کوردی کەزمانی خوتانە نازانن بیخویننەوە ؟ بوچی وا خستووتانەتە پشت‌گوی ؟ •

جا لەبەر ئەوە بەدلیکی زویرەوە ئەلیم کەبەشی زورمان بەهیچ جوریك ئارەزووی ئەوەمان نەکردوە ئاور لەروژنامە کوردیەکان بدەینەوە وەئەوەش هوی دواکەوتنی خومانە وەبەلگەش بوئەمە روژیك لەم روژانەدا ژمارەی سێ‌هەمی گوفاری هیوام بەدەستەوەبو بەرەو قوتابخانە چووم لەپاش بینینی چەند هاوریەك پی‌یان ووتم :ـ ئەوەچیە بەدەستتەوە ؟ ووتم گوفاری هیوایە ئەوانیش لەم وەلامەی من زور سەرسام مان وەلە پاش توزی ووتیان چی‌چی ؟ هیوای‌چی ؟ منیش بەراستی زور دلگیربوم لەوەی کە کوردن وە لەناوچەیەکی کوردەواریدا ژیابن هیشتا گوفاری هیوایان نەك دیبی بەلکو بەبیستنیش نەیان بیستبی ، منیش لەپاش بیرلی‌کردنەوەیەکی کەم کەبەراستی ئەتوانم بلیم موچرك بەسەرما هاتوو لەپیم دەرچوو کە گویم لەم پرسیارە بی‌مانایە یان‌بوو لەپاشا وەلامم دانەوە بەدلیکی پرلە خەمەوە سەریکم لی‌راوەشاندنو

ووتم ئایا ئیوه هیشـــــتا ئەم گوفاره خوشەویســـــتەتان نەدیوەو نەتان خویندوتەوه هەموو بەجاری ووتیان نەبەخوا ئەمه یەکەم جاره که ئەی بینین منیش ووتم ئەمه سێهەم ژمارەیه که ئەمەسێ مانـــــگه لەبەغدا دەرئەچی وەئەگەر ئەمەشتان نەدیبی ئەی چون هیـــــچ لەروژنامەی ( ژین ) وەیا لەگوفاری ( هەتاو ) دا نەتان دیوه کەنوسیویانه لـەپاش تەقەلایەکیزور ئەوا گوفاری ( هیوا ) ش هاته بەرهەم هەریەکه ووتی نەبەخوا لەهەزار پینج شەمودا جاریك (ژین) ناخوینینەوه کەمنیش گویم لەمەبوو بەراستی زور پەستودلگیربوم وەئەو گوفارەی کەبه دەستمەوەبو دامه دەستیان وەووتم دەهانی بیخوینێنەوه سودی لیوەرگرن وەبزانن کەئەمەش گوفاریکی خوشەویستی کوردییه بەسیەتی زور سەرزەنشتیه بوئیوه کەهیشتا ئەم گوفاره پرسودانه نەخوینێنەوه وەهەروەها زورترین له خوشکەکان ئەبینم که ئەچنه کتیبخانەی گشتی ئاوریك لەوکتیبـــــه کوردیه بەکەلکانه نادەنەوه لەوکتیبانه زیاتر کەبه زمانی بیگانه نوسراوەو بەلکو هەولیش ئەدەن بوپیش خستنی ، خومن ئەی خوشکه بەریزەکان نالیم کتیبی بیگانه مەخوینێنەوه چونکه ئەوانیش کەلکیان زوره بەلام باشتر ئەوەیه کەجاری هەول بدەن بوپیش خستنی ئەوگوفارو روژنامانەی که بەزمانی خوتانەو بوخوتانه ئنجابکەونه هەولدان بوخویندنەوەی زمانی بیـــــگانه .

وه هەروەها لەزورترین کومەلدا کەپیك هاتبی لەماموستاو قوتابی کچان لەزورترین ووشەدا ئەبینم بەشی زوری ووشەی بیگانه بەکارئەهینن هەروەکو کوردنەبن‌و لەناوچەیەکی کوردەواریدا لەدایك نەبوبن بوچی ئەی خوشکینه ؟!

وه ئەوەش بزانن ئەگەر ئیوه بەم چەشنه برون بەره بەره زمانەکەمان بەرەو توانەوه ئەچیت کەواته ئەی خوشکینه ( خوو ) بدەنه روژنامەو گوفاره

کوردیە پرسوودانە بوئەوەی توزی بتوانن بەکوردیەکی پوختە لەگەل یەکتریدا بدوین • کەواتە خوشکە خوشەویســـــتەکان لەباتی زور خویندنەوەی کتیبی بیگانەو باسی سینەماو مودیلی عزیزیو قوندەرە روژی ئەگەر زوریش نەبیت کاتیـــــکی کەم تەرخان بکەن بوخویندنەوەی ئەو گوفارو کتیبە بەنرخانەی کەروژەها نوسەرە خوشەویستەکانمان خویان پیوە ماندووکردوە بو بوژاندنەوەی ئەو زمانە خوشە ویستەی کە سالەها لەژیر موتەکەی هەستیپیسی بیگانەدا نرکەی هاتووە بەلکو بەتەواوی فیری چونیەتی نوسینو خویندنەوەو وەقسە پیکردنی ببن ، چونکـــە زور ناشیرینە خوبەخو لەناویەکدا ووشەی بیگانە بەکارهینان بەلـــکو پیویستیەکی زور گرنگە لەسەرهەمو لایەکمان چاکی مەردانە بکەین بەلاداو وەهەول بدەین بوپیش خستنو پاریزگاری زمانەکەمان وەهەول بدەین بوکرینی هەموو جورە نوسراویکی کوردی چونکە تازورتر بفروشریو بلاوبیتەوە بەشی زوری گەلی کورد تامی خوینـــــدنەوەی کوردی بەدل ئەچیژی وەنوسەرو دانەریش زیاتر هەول ئەدەن بونوسین چونکە نووسین گرنگترین هویە بو لابردنی پەردەی نەفامی لەسەر گەلمان وە بیرو هوشمانی پی بەرز ئەبیت ئیتر خوشکی دلسوزتان چاوە روانی هەولو پیش کەو تنتانە ••

تکایە کەبزانن

کاك جلال عمر کرا بە باوەر پیکراوی گوفاری هیوا ئەتوانیت پارەی ئابونەو پارەی فروشتنی گوفاری هیوا کوبکاتەوە •

# هەلگرتنی یاسای « دەعوای عشائری »

بەغدا : نوری تالەبانی

وەکو ئەزانین ، لەم روژانەدا ، کاربەدەستان خەریکی ئەوەن چاوی بەیاسای دەعوای عەشـــایری‌دا بگیرنەوە ، خوا کەهەر بەیەکجاری هەلی گرن ، یاخود ئەو دە سە لاتانەی کەئیستا هەیەتی لی‌ی کەم بکەنەوە •

بی گومان ئەمە بیر یکی زور جوانو پەســـەندو بەجی‌یە ، وەلە کانگای دلمانەوە هیوای ئەوەمان هەیە بەزوترین کات ببی بەراست ، وەئەم یاسا یەکە بەراستی نەنگە لەسەر رووی شارستانیەتی ، دواروژی بیتودوایی پی بهینریت •

راستیەکەی زور شتیکی ناشیرینە تائیستا دانیشتوانی ئەم ولاتە خوشە ویستەمان لەژیر دوو یاسای جوی جوی دا بژین: یاسایێک بو دانیشتوانی لادی وەیەکیک بوشارستانی یەکان ، ئیمە ئەو قوناغەمان بریوە کەئەوترا چەشنی ژیانی کومەلایەتی‌مان یاسایکی پیویستە لەوچەشنەی کەزروفیکی تایبەتی وەکوزروفی ( احتلال ) دای سەپاندوە بەسەرمانا •

من لەو باوەرەدا نیم کە لەسەرە تای احتلالیشا پیویستمان بەم چەشنە یاسایە بوبی ، چونکە گەلی وولاتی لە وولاتی ئیمە دوا کەوتوتر ، هەر کە کاروباری خوی گرتە دەس یاسای پیشکەوتوو شارستانی بودانرا ، وە هیچ کوسپیک نەهاتە ری‌ی کاروباری کومەلایەتی یان ، لەگەل ئەمەشا ئەگەر بیتو بلیین ئەویاسایە لەوکاتەدا پیویستبوو ، چونـــکە زروفی ئەو روژەی عیراق زور جوی‌بو لەزروفی ئیستای ـ هەرچەند زروف هەرچون بی نابی کاری بکا کەدویاسای جوی جوی حوکمی هاوولاتی‌یان بکا ـ خوئیستا کاربە دەستان خویانو هـــەمو ئەوانەی

لەکاروبای کومە لایەتیو یاسایی ئەکولنــــــەوە ، گەیشتونەتە ئەوە کەئەوزروفە دوایی هاتووەو گەرانەوەی بونیە • وەئیستا ئیمە لەسەدەی بیستەما ئەژین ، وەئەم چەشنە یاسایانە پاشماوەی سەدەکانی ناوەراستن کەلەهەر دەولەتیکا چەند یاسای جوی جوی هەبوو بەپیی جیاوازی ناوچەو خیلەکان وە کە گیتی لەتاریکییا پەنــگی ئەخواردەوە ، وەبە هەزار چاوگیران پزپسکیکی روناکی نەئەبینرا •

زورمایەی سەرسامبونو سەر سوررمانە ئەمرو کابرایکی لادییی تاوانیکی لیئەوەشیتەوە وەبە پیی یاسای ( دەعوای عەشایری ) ئەدری بەدادگای‌ئیداری ، داد گاش بەپیی عورفو عادەتی هوزی کـــابرا سەیری مەسەلەکەی ئەکا وەلەســـەر ئەوە بریاری خوی‌ئەدا ، بەلام ئەگەر کابرایکی شاری هەمان تاوانی لی بوەشیتەوە ، داد گایـــکی‌تر سەیری مەسەلەکەی ئەکا ،وە سزایکی تری ئەدرتیی بی گومان ئەمەئەبی بەهوی ئەوە گەلی جار حەقو ناحەق جی گورکییان پی بـــکریت ، وەهەندی بی گوناە بچنە بەندیخانەوە ، هەنـــدی گوناە باریش وەك بەرزەکی بانان بوی دەرچن !!

خو ئەگەر سەیری مادەی ( ٤١ )ی قانونی عقوباتی بەغدادی بکەین ئەبینین ئەلی ئەگـــەر هاتو عورف وعادەتی خیلی هـــەردولا ، چاری ناکوکی‌بەین یانی نەکرد ، وەئەم چارەش لەگەل قازانجی گشتیو دادا یەك نەکەوت ، لەوشیوەدا دادگا بوی هەیە ئەومەسەلەیە بەپیی عورفو عادەتی خیلی هەردوولا تەماشابکا بی‌گومان بوونی ئەم مادەیە ئەوکەلینە مان بو پرئەکاتەوە کەجاروبار پیویستمان بەوە ئەبی مەسەلەیەکی تایبەتی بەپیی عورف وعادەتی ئەوخیلە تەماشـــابکەین ، وەبوونی ئەم مادەیە بەتەواوی جیگای یاسای ( دەعواکانی عەشایری ) ئەگریتەوە ، وەئیتر هیچ پیویستی‌یکمان بەونامینی •

لەکورتی بی‌برینەوە یاسای باسکراو لەگەل زروفی ئەم رودا قەت ناگونجی ، بویە زور بەهیواین کەئەم قســـــەوباسە زووبیتە دی ، وەکاربەدەستان بەزوترین وەخت یاسای باس‌کراو بنیرن بو موزەخانەی میـــــژو •

## هـــەوال

**لە شار خنجیلانە جوانە کـــــەی کفری دا بەرەسمی لیژنەیەك بۆکۆ کردنەوەی پتیاك ئەم پیاوە نیشتمان پەروەرانە پیك هات سەرەك معاونی تەسویە کاك محمد سعید کانی‌مارانی وەکاك ناظم ئاغای سید عمر ئاغا بەسگرتیر • وە محامی محمود عبدالکریم بەئەمینی سندوق دانران وە ئە ندامە کانی ئەم‌لیژنەیە خورشید بك بابان محمد سعید بك جـــاف وەمحامی کاك عبدالقادر علی وە کاك عباس عبدالقادرە •**

**وە نونیەری کرکوك محمود بك بابان کـــــە سەرەکی یانەی سەرکەوتنە خۆی یەکەم کەس بوو کە ( ٦٠ ) دیناری بەخشی •**

**وەلەم هەفتەیەدا لەیانەی‌کفری هەموو پیاو ماقولانو ســــــەرەکی عشیرەتەکان کۆئەبنەوە وا چاوەروان ئەکرێت کە لەوکۆبوو نەوەیەدا پارەێیکی زۆر کۆبکریتەوە وەهیوامان زۆرە لەشارەکانی تریشـــا بویارمەتی دانی لیقەوماوانی لافاو لیژنەی پتیاك پێك‌بێت •**

# جۆرەکانی خوینی مروف

کویە ــ فؤاد زەکی هەنار
قوتابیی کلیەی پزیشکی

گەلیك لە خویندەوارە بەریزەکـــــان ، لەوانەیە هەندیك لەم پرسیارانەیان بیتە یادو بیکەن لەبارەی خوینی ئینسانەوە وەکو : چون خوینی ئەم بو ئەو ئەبی ؟ وە چون نابی ؟ وە جیاوازی چی‌یە لە بەینیانا ؟ وە چون خوین ئەبیتە هوی دوزینەوەی باوکیکی بزر بوو بو منال ؟ وە چون ئەبیتە هوی مردنی هەندیك منال پیش بوونیان لە دایك‌و خوین کەمی هەندیکی‌تریان پاش بوونیان ؟

وا من لە بارەی خوینی ئینســـــانەوە ئەم ووتارە پیشکەش بە خویندەوارانی ( هیوا ) ئەکەم بو ئەوەی زانیاری گشتی خویندەواران لەم رووەوە زیاد بی‌و بە هەموو توانایکەوە هەولم داوە بو ئەوەی ئەم باسە بە کورتی‌و بە ئاسانی پیشکەش بکەم تاکو زورترین کەس سوودی لی ببینی‌و تی‌ی بگا •

نزیکەی سەد سال لەمەوبەر جاریك پزیشـــکیك لە گویزانەوەی خوینی کابرایکدا بو یەکیکی نەخوش سەرئەکەوی ، وە وای لـــــە پزیشکەکانی‌تر کرد کە هەول بدەن بو ئەوەی خوینی خـــەلقی‌تریش بگویزنەوە • بەلام زوری ئەو هەولەیان ، بە فیرو ئەرویشت وە ئەبووە هوی مردنی نەخوشەکان ، تا ســـــەرەتانی سەدەی بیســـــتەم پاش لی‌کولینەوەیکی زور کە خوین لە لەشی ئینسانا چوار جورە بە پی‌ی جورە مادەیکی کیمیاوی کە لەناو خرەی ( کریات ) سووراهەیە ناویان‌نا جوری ــ ئەی ــ ، ــ بی ــ ، ــ ئەی و بی ــ • و ــ ئۆ ــ [1] •

ئەگەر یەکیك خرەی سووری مادەی ـ ئەی ـ تیابی ئەڵێن جوری خوینەکەی ـ ئەی ـ ە ، وە هەروەها بو ـ بی ـ و جورەکانی‌تر •

هەریەك لەو مادانە کە لە خرەی سووردا هەیە ، مادەییکی کیماوی پیچەوانەی (مادة کیمیاویة مضادة) تایبەتی خوی • لە سیرەم دا (سیرەم ـ خوین ) خرەکانوجورە پروتینیك هەیە •

ئەگەر بیتو خوینی ـئەی‌ـ لەگەل مادە پیچەوانەکەی تیکەل بکەین خرەکان ئەنیشن‌و لەناو ئەچن ، بو ئەوەی ئەمە لە لەشی ئینساناروو نەدا ، هەرکەسی خوینەکەی ـئەی‌ـ بی ئەبی مادەی پیچەوانەی خوینی ـبی‌ـ لەناو سیرەمدابی ئەگینا هەروەکو ووتمان خوینەکە لەناو بوریەکانی خوینا لە لەشا ئەنیشی‌و خرەکان پارچە پارچـــــە ئەبن • خوینی ـبی‌ـ مادەی پیچـــــەوانەی ـئەی‌ـ وە خوینی ـئۆ‌ـ مادەی پیچـــــەوانەی ـبی ، ئەی‌ـ لە ســــــیرەمدا هەیەو خوینی ـبی ، ئەی‌ـ هیچ مادەی پیچەوانەی لە سیرەمدا نیە •

جورەکانی خوین هیچ ئەهمیەتیان نیە لە لەشی ئینسانا بەلام کاتی کە یەکیك خوینی پی ئەوی زور گرنگن ، وە پیویستە پیش ئەوە کە خوین بدەن بە نەخوشیك هەردوو خوینەکە چاك تاقی بکریتـــەوە وە دلنیابن بە تەواوی کە بو یەکتر دەست ئەدەن ئەوسا بگویزرینەوە ئەگینا خرەکان لەناو ئەچن‌و نەخوشەکە تووشـــــی ( زەردیی = زەرتك ) ( یرقان ) ئەبی‌و دوا بە دوای ئەوە ئەمری •

خوین گویزانەوە بەم جورە ئەبی :

١ ـ هەموو کەسیك ئەتوانی خوین وەرگری یاخود بدا بەوکەسە کە خوینەکەی لەگەل ئەو لە یەك‌جور بی • بو نموونە ، جوری ـئەی‌ـ بو ـئەی‌ـ وە ـبی‌ـ بو ـبی‌ـ ••• هتد •

٢ ـ هەرکەسێ کە جوری خوینی ـئۆ‌ـ بی ئەتوانی خوین بدا بە هەموو

جوره‌كانی‌تر واته به هه‌موو كه‌س •
٣ ـ هه‌ر كه‌سێ كه جوری خوینی ـبی ، ئه‌ی ـ بی ئه‌توانی هه‌موو جوره خوینه‌كانی‌تر وه‌ر گری •

راده‌ی كه‌مو زوری له هه‌ر جوریكو نسبه‌تیان به‌پێی ناوچه‌و نه‌ته‌وه (١) ئه‌گوری •

خوینی مروف له یه‌لایه‌كی تره‌وه ئه‌كری به‌دوو جوره‌وه • بی پێی بابه‌تیكی‌تر له ماده‌ی كیمیاوی كه پێی‌ئه‌لین Rh+ • نزیكه‌ی له ٨٥٪ی ره‌گه‌زی سپی ئه‌م ماده‌یه‌یان هه‌یه Rh+ وه له ١٥٪ی نیانه Rh— ، به‌لام ئه‌م ماده‌یه له كاتی اعتیادیا ماده‌ی پیچه‌وانه‌ی له له‌شی مروفدا نیه • Rh ئه‌هیمه‌تیكی زوری هه‌یه له له‌شـــمانا هه‌روه‌كو ئیستا باسی ئه‌كه‌ین •

## وراثه جوره‌كانی خوین :ـ

مه‌به‌س ئه‌وه‌یه چون جوره‌كانی خوین له‌نه‌ته‌وه‌یكه‌وه ئه‌چی بو نه‌ته‌وه‌یكی تر ، كه ئه‌مه‌ش ئه‌همیه‌تیكی زوری هه‌یه له كاتی دوزینه‌وه‌ی باوكی بزر بوو بو منالیكی بی باوك كه به‌كار دیت له دادگاكاندا •

هه‌ر وه‌ك هه‌موو صفه‌تیكی‌تری مروف ( دریژی كورتی ره‌نگی چاو ره‌نگی قژ ••• هتد ) جوره‌كانی خوین ئه‌چی بو پشتیكی تر ، وه له كاتی ئه‌م گویزانه‌وه‌یه‌دا جوری ـئه‌ی ـ و ـبی ـ زالن به‌سه‌ر ـئۆـ دا ، واته ئه‌گه‌ر دایك یا باوك یه‌كیـــــكیان جوری خوینی ـئه‌ی ـو ئه‌وی‌تریان ـئۆـ بی مناله‌كه‌یان ـئه‌ی ـ ئه‌بی وه هه‌روه‌ها بو ـبی ـ ، وه ئه‌گه‌ر هاتو یه‌كیـــكیان ـئه‌ی ـ و ئه‌ویتریان ـبی ـ بی مناله‌كه‌یان ـئه‌ی ، بی ـ ئه‌بی • خو ئه‌گه‌ر هاتو هه‌ردووكیـــــان یه‌ك جور بوون

مناله‌كه‌شیان هه‌ر له‌و جوره ئه‌بی ، واته ئه‌گه‌ر هه‌ردووكیان ـئه‌ی ـ ، ـبی ـ یاخود ـئۆ ـ بوون مناله‌كه‌شیان ـئه‌ی ـ ، ـبی ـ ، یاخود ـئۆ ـ ئه‌بی ، به‌لام ئه‌گه‌ر هاتو هه‌ردووكیان ـبی ، ئه‌ی ـ بوون ، جوری خوینی مناله‌كه‌یان له‌وانه‌یه یه‌كیـــــك له‌مانه بی ـئه‌ی ـ ، ـبی ـ ، ـ ئه‌ی ، بی ـ ..

مرازم لیره‌دا ئه‌مه‌یه دایك یا باوكی منالیـــــك دیار نه‌بوو چون ئه‌توانین بیان‌دوزینه‌وه لیره‌دا زورتر كه روو ئه‌دات دوزینه‌وه‌ی باوكه كه گه‌لیك جار حاشا له باوكیه‌تی خوی ئه‌كـــــا ، له‌م حاله‌دا خوینی هه‌رسی‌كیان ته‌ماشا ئه‌كریت ، بو نموونه : ئه‌گه‌ر خوینی ژنه‌كه ـ ئۆ ـ بی‌و هی مناله‌كه ـئه‌ی ـ ئه‌وا وامان دیته یاد كه خوینی باوكه‌كه ئه‌بی ی‌و هی مناله‌كه ـئه‌ی ـ ئه‌وا وامان دیته یاد كه خوینی باوكه‌كه ئه‌بی به پیاوه‌كه جوری خوینه‌كه‌ی له‌وانه ده‌رچوو ئه‌وسا ئه‌توانین بلی‌ین كه ئه‌مه له‌وانه‌یه باوكی بی ، بو له‌وانه‌یه ؟ چونكه هه‌زاره‌های تر هه‌ن كـــــه خوینه‌كه‌یان له‌م جوره‌یه ، به‌لام ئه‌گه‌ر هات‌و جوری ـبی ـ یاخود ـئۆ ـ بو ، ئه‌وسا به ته‌واوی‌و به دل‌نیایی ئه‌توانین بلیین كه ئه‌مه باوكی نیه . كه‌واته لیره‌دا بومان ده‌رئه‌كه‌وی كه جوره‌كانی خوین ته‌نها ئه‌توانی به جه‌ختی ( متأكدی ) پی‌مان بلی كه فلان باوكی نیـــــه وه‌ناتوانی به ته‌واوی پیمان بلی فلان باوكیتی .

## خوین‌كه‌می‌ی وراثی‌و منال له‌بارچوون :ـ

له پیشه‌وه باسی ماده‌ی Rh مان كرد وه ووتمان له **٨٥**٪ی خـــــه‌لك +Rh وه لـــــه **١٥**٪ی —Rh ن جوری خوینی Rh ئه‌همیه‌تیكی گرنگی هه‌یه له هه‌ندیك خوین كه‌می وه‌راثی

(فقر الدم الوراثی) ومنال له بارچوون ، وه چونیەتیەکەی بەم چەشنە ئەبی : ئەگەر پیاویك جوری خوینەکەی +Rh و ژنەکەی —Rh بوم منالەکەیان +Rh ئەبی ، ئەگەر هاتو لەو ماوەیەدا منالەکە لە سکی دایکیایەتی بەهویەك مادەی Rh لە لەشی منـــالەکەوە چووە لەشی دایکیەوە ئەوسا مادەی پیچەوانەی Rh لە لەشی دایکەکەدا پەیدا ئەبیو ئەگەریتەوە لەشی منالەکە وە ئەبیتـــــە هوی لەناوچوونی هەندیك لە خرەی سوورو ژمارەی کەم ئەبیتەوە لەبەر ئەمە منالەکە تووشی خوین‌کەمیو زەرتك ئەبی لەپیش بوونیا ، وە ئەمەیە کە پیی ئەلین خوین‌کەمی وەراثی •

رادەی توندو تیژی ئەم نەخوشیە بە پیی ئەو مادە پیچەوانە یە کە لە لەشی دایکەکەدا پەیدا بووە ئەگوری ، لەوانەیە منالی یەکەم یاخود دوەم ئەم نەخوشی‌یەیان لی دیاری نەدا یاخود کەمیك بە دیار کەوی ،بەلام هەتا ئەم ژنە زیاتر سك بکا مادەی پیچەوانەی لە لەشیا زور ئەبیو ئەبیتە هوی لەبار چوونی هەموو منالەکانی •

لیرەدا بومان دەرئەکەوی کە جوری خوین ئەهمیەتیکی زوریان هەیە لەژیانی مروفداو پیویستە دلنیابین لە هەموو جوریکی خوین لە کاتی خوین دان بە خەلك وە لە کاتی تاقی کردنەوەی خوین لە دادگاکانا تەنانەت لەکاتی ژن هینانیشا •

# نموونەی کوردی پەتی

## گیا لەسەر بنکی خوی ئەرویت

نووسینی : محمد مصطفی کوردی : سلیمانی

ئازادو نەوزاد دوو هاوریو هاو تەمەنی زور ریکو پیکو تیکەلاو بوون ، وە بەریکەوت دراوسیەکی نزیکیش بوون ، ئازاد کوړی پیاویکی کەم دەستی دلو دەروون پاکی بی وەیی لە خوا ترس بوو ، باوکی هەر ئازادی هەبوو ، ئەم پیـــــاوە بە روژ لە بازار لە کونجی دووکانیکا ــ کە کابرایەک بە پیاوەتی دابوویە ــ پینەچیتی ئەکرد ، چی دەست بکەوتایە ئەیدا بە کولیرەو پیخوریک ئیواران لەگەل خوی ئەیهینایەوە ئەیان خوارد ، سا ئەگەر روژیک کاری نەختیــــک زور بوایە خو ئەو ئیوارەیە جەژنیان بوو ، چ جەژنیک ! جەژنیکی وا کە دەرو دراوسیو مجەوری مزگەوتیش تیا بەشـــدار بوون ، تەنانەت نەوزادی هاوریشی لەم جەژنەدا هاوتیکەی ئازاد بوو •

ئەم کابرایە ئەوەندە بەرچـــــاو تیر بوو لەگەل ئەو دەست کورتی یەی دا هەموو کاتیــــک دەرگای لەسەر پشـــــت بوو لە هەر لایەک دەر بکەوتایە دەستیان بەســـنگەوە بو ئەگرت ، ئاواتی هەرە موفەرکی ئەمە بوو کە ئازادی کوری توزی گەورە ببیو بینیتە بەر خوندن ، وە ببی بە پیاویکی خوندەواری بەکەلکو ســـوود بو کەسو کارو نیشتمانو هاونیشتمانی یەکانی ، وە خوشی ــ با لە گوریشا بی ــ سوودی چاکەی ئازاد وەربگریت وە دلی ئوخەی بکاتو گیـــانی بسرەویت •

لەپیش ئەمەدا کە ئازاد بگاتە ئەو پلەیە ئەم بە چاویکی دلسوزی بەکەلکی دەستو داوین پاکی ئەیروانی‌یە ، وە هەر چەن تەماشای ئەکرد گەشەی ئەکرد •

ماوەیەکی بەسەرا تی‌پەرری ئازاد کەمیک بە خویا هاتو باوکی دەستی گرتو بردیە لای ماموستا لە قوتابخانەی گـــەرەك ، وە بە ماموستای ووت : ئازادم هیناوەتە لات ، ئەبی وەك کوری خوت تەماشای بکەیتو بەرهەمی بینی ، ئەگەر خواریو سەرچەوتیت لی دی گوشتو خوینی بوتوو ئیسقانە کانی بو من ، هیچ لەوە نەسلیمیتەوە کە تاقانەی پیرە میردیكو پیرە ژنیکە وە تەنیا بەشی بەرو دوایانە ، من ئەمەوی ببی بە پیاو فریای خویو گەلو نیشتمانو باوكو دایکی بکەوی وە لە توانای خویا کەلـــکو بەهرەی ببی بویان ، من خوم زوو خاوی نە خوینده وا ریم زور چشتووە توخوا با ئەم وەك من بەش براو نەبی لەو بەهرە گەورەیە ، ( ئوف نەخوندەواری !! ) •

ماموستاش مەردانە هاتە دەم ووتی : وەی بەسەر چاو بەسەر سەر ، پەیمان بی لە کوری خوم زیاتر چاوم لیوەی بی وە جوانتر بەرهەمی بینم ، کور کوری تو بی باوەر ناکەم هیچ رەنجی‌پیوە بکیشم ، لیم روونە کە ئەبی بە پیاویك هەر چونیك خوت بتەوی وا بی ، ( گیا لەسەر بنجی خوی ئەرروی ) •

ئازاد چونکی بەرهەم هینانەکەی پاكو خاوین بوو ، وە هـــەر لەساواییەوە گویچکەی بە چاکە ئا خنرابوو ، وە بە جوامـــیری مەلاشووی هەل درابووەوە زور باش خووی دایە خوندن ، وە بو وەرگرتنی ئاموژگاری لە ماموستا میشکی وەك قەوانی گرامەفون وا بوو هەرچی پی بووترایە وەری ئەگرتو چەسپ ئەبوو •

جاری با کاک ئازاد له قوتابخانه بەجی بیلین بو خوی بخوینیو هونەر وەرگریو قال ببی ، بی‌ینە سەر بەسەرهاتی نەوزادی هاوری‌ی •

نەوزادیش وەک ئازاد تاقانەی باوکو دایکی بوو بەلام باوکی زور دەست رویبو بوو ، خانوو بەرەو خانو دووکانیکی زوری هەبوو بیجگە لەزەوییو زارو باخو جووتو جووتیارو کشتوکالو کشتیار « زراع » یکی زورو زەبەندە ، لەبەر داراییو سامانو کوکردنەوەی پیتو فەرو بەروبوومی زەوی زارەکانیو گرد کردنەوەی قازانجو سوودی بازرگانیو دوکانو خانەکانی دەستی نە ئەپەرژایە سەر هیچ شتیکی تر ، وە ئەوەندەش بەرچاو تەنگو کویر نانو مست قووچاو بوو مشک لە مالیا ناشتای نەئەکرد ، وە دەرگای هەمیشە لەسەر هەژارو داماو خاک ریز کرابوو ، مەگەر کاتیک بکرایەتەوە کە شـــتیکی تی بچوایە نەک شتی لی دەربهینرایە ، بەراستی وەک گوررستان وابوو چی تی بچوایە هەر قولتەی ئەهاتو بی‌سەرو شوین ئەروی ، وە هەرگیز لەویوە شتیک سەری دەر نە ئەهینایەوە ، لەگەل ئم هەموو دەسەلاتو سامانەش‌دا دەست دریژیشی هەبوو بو سەر ئم ئەو ، وەگەرو گورو سویندی درویشی زوربوو ، لەبەر ئەمانە لای هەموو شارەکە زور ئیسک قورسو سیبەر گران بوو ، هەر کەسی چاوی پی بکەوتایە شانی قورس ئەبوو ، یا ناوی بهاتایە دلی ئەگیرا •

ئنجا یەکیک ئەمە کردەوەو پیشەی بی چون ئەی‌پەرژیتە ســـەر پەروەردەی منال ؟! وە چون ئەتوانی بەرهەمی بهینی ؟! منال بە پی‌ی سروشتی لەخویا پاکو خاوینە ، ئنجا کە چاوی کرایەوە تەماشای رەفتاری باوکی ئەکا ، ئەگەر باش بوو ، وا باشی ، ئەگەر بەد بوو ، وا بەدیی ئەبی بە بەشیک لەخووی ، لەپاشا کە گەورە بوو ئەو ئایینو رەووشتەی

که له باوکی‌وه‌ری گرتووه ئه‌بی به ئاوینه‌یه‌کی بالاروان بوی ،هه‌رچاوی له‌وه‌وه‌یه‌و هه‌ر ئه‌وه‌ی تیا ئه‌بینی‌و هیچی‌تر •

نه‌وزاد روژیك پی‌ی له باوکی کرده که‌وش‌و بوو به کیچ‌و چوه گویچکه‌یه‌وه ، ووتی : بابه ! ئازادی هاوریم نراوه‌ته به‌ر خوندن له قوتابخانه ، ئه‌بی توش من بنیریته به‌ر ئه‌و قوتابخانه‌یه ، باوکی ووتی : روله ! تو چه کاتی خوندنته یه‌شتا منـــــالیت ، دان به‌خوتا بگره با نه‌ختیکی‌تر گه‌وره ببی ، نه‌وزاد هه‌ل نه‌فرییوار وازی نه‌هینا ، ئنجا باوکی پی‌ی نا به جه‌رگی خویا وه نه‌وزادی دایه پیش خوی‌و بردی بو لای ماموستا وتی : ماموستا ئه‌مه نه‌وزادی تاقانه‌ی نازداره هیناومه‌ته لات ئه‌بی پی‌ی بخوینی ، وه هیچ سه‌غله‌تی نه‌که‌یت وه وه‌ك خوم نازی رابگریت ، وه له‌ماوه‌یه‌کی که‌ما فیری خوندنی بکه‌یت ، وه زور چاك فیری نووسین‌و ژماره ی‌بکه‌یت ،چونکی یه‌ك ته‌نم وه ره‌تم بلاوه ،که‌س نیه ژماره‌ی سامانه‌که‌م بو بگریت‌و بوم کو بکاته‌وه ، ئه‌مه‌وی به زوویه‌کی زور فریام که‌ویت •

ماموستای به‌سه‌زمان په‌ست بوو ، وه‌ك کیویکی به‌سه‌را رووخابی وای لی‌هات ،به‌لام رووی نه‌هات که ده‌ست بنی به رویه‌وه ،وه نه‌وزادی گل‌دایه‌وه ده‌ســـــــتی کرد به پی‌خوندنی ، وه زور ره‌نج ته‌قه‌لای له‌گـــــه‌لادا به‌لام بی ســــــوود بوو ، هـــــــه‌رچی پی بووتایه وه‌ك بیژنگ دای ئه‌داو له کوشی ئه‌که‌وته خواره‌وه ، باوکی به‌شه‌وان نه‌وزادی تاقی ئه‌کرده‌وه ، ته‌ماشای ئه‌کرد هیچ نازانیت ، به‌یانی ئه‌هاته سه‌ر ماموستا زور هه‌ره هه‌ری به‌سه‌را ئه‌کردو ئه‌ی ووت : ماموستا ! وا دیاره تو هیچ به ته‌نگ دلی منه‌وه نیت ، وه ناته‌وی نه‌وزادم بو پی‌بگه‌یه‌نی • روژیك ماموستا گه‌یشته تینی ووتی : من زور کوششی

لەگەلا ئەکەم بەلام میشکو دلی نیە وە هیچ وەرناگریت ، وەک ئاسن وایە ( سەدجار بی پەچنی هەر ئەچیتەوە سەرگاسنی ) ، ئیتر باوکی بە ناهومیدی دەستی نەوزادی گرتو هینایە دەری وتی : رولە ! تو لە من زیاتر نیت ، قیروسیا مەخوینە خو وەک خومت هەر لی دیت ، بە دەمی خوم نەبی بەقەد سەد خوندەوار ووریاو بەدەمم •

زوری پی نەچوو ئازاد بوو بەخوندەواریکی بەرز ، بەراستی هونەری لی ئەباری ، وە ئەوەندەش بە کەلک بوو ، چە بیگانە چە خویش وەک بارانی بەهار بەهرەیان لی وەرگرت ، شەوو روژ چە بە دەم ، چە بە نووسـیین ، چە بە جەستە هەر خەریکی چاکە بوو لەگەل هاو زیانەکانی •

نەوزادیش لە باوکی بەدترو چرووکترو کویرنان ترو بە هەلپەتر هاتە کورەوە ، هەر خەریکی سووکاریو دەسـت بریینو دروو دەلەسەو پارە کوکردنەوە بوو ، وەک گورگ چون بەدەم خشپەوە ئەچیت ، ئەمیش ئەگەر بەعاستەم سووسەی شتیکی بکردایە کە قازانچی پوولیکی تیابی سنگی بو ئەدایە پیشەوە •

ئنجا وەکو ووتمان ئازادو نەوزاد هەریەکە بە رەنگیـک ناویان دەرکرد ، هەرکەس ناوی ئازادی ببیستایە ئافەرینی لە خویو باوکی ئەکرددو ئەی ووت : ( گیا لەسەر بنجی خوی ئەروی ) وە هەر کەس ناوی نەوزادی ببیستایە نەفرینی لە خویو باوکی ئەکردو ئەی ووت : ( گیا لەسەر بنجی خوی ئەرویت ) •

# شارە پیرۆزەکە

نوسینی : جەبران خەلیل جەبران

لەمنالیما هەوالی شاریکیان بو گیراومەتەوە کەهەمو دانیشتوەکانی بەپیی ئاموژگاریەکانی پەراوی پیروز ( تەورات ) ژیاون تیایا ، منیش لەدلی خوما ووتم : « هەرچونیك بیت ئەبی بچم بو ئەوشارە تا بەشداربم لەو پیتو فەرە خواییە گەورەیەی کە تیایەتی • »

شارەکە دووربو لەبەر ئەوە تیشوی تەواوی ریـــگام ئامادەکرد ، لەدوای چل روژ رویشتن لەشار نزیك بومـــــەوە ، بو روژی دوایی چومە ناوشار کەئەبینم هەمو دانیشتوانی یەك چاوو یەك دەستن ، سەرسام بومو لەبەرخومەوە ووتم : « ئایا هەرچی لەم شارەدا بژی ئەبیت یەك چاوو دەستی هەبیت ؟! »

دوایی بینیم خەلکەکە بەسەر سامیەکی زیاترەوە لە سەر سامیە کەی خوم ئەم رواننی ، چونکە ئەوا نیش واقیان وور مابو لە دوو چاوو دوو دەستی من •

لەکاتیکا ئەوان دەمە تەقی یان‌بو لەناو خویانا لیم پرسین ووتم : « ئایا ئەمەیە شارە پیروزەکەی کەوا هەمو مروفیك بەپیی ئاموژگاریە کانی پەراوی پیروز ( تەورات ) ئەژی تیایا ؟ »

ووتیان : « بەلی ئائەمەیە شارەکە • »

منیش پیم ووتن : « چیتان بەسەر هاتوە کوانی چاوی راستو دەستی راستتان ؟! »

خەلکەکە گریانیان هات بو حالمو بەزەییان هاتەوە بەنەزانینماو پی‌یان ووتم : « وەرە بروانە • »

ئەمجا یەکیکی بەناوا چویان پیشـــــم کەوتو بردمی بو ناو پەی کەرەکەی ناوەراستی شار •

کاتی کەچومە ناو پەی‌کەرەکەوە لەلای ژوروەوە جوگـــــا یەك لەچاوو دەستی سیس بوم دی ، منیش پیم ووتن : سەر سامیش بەجاری سەری لی سەندبوم « بەخواتان سویند ئەدەم پیم بلین کام داگیرکەری خوین ریژ داویەتی بەسەرتاناو فەرمانی برینی دەســـــتو هەل‌کەندنی چاوتانی داوە ؟ »

خەلکەکە هەمو بەداخەوە سەریان لەنەزانی من سر مابو ، ریش سپیەکیان لیم نزیك بوە وەو پیی ووتم : « کورم ، ئەوە ئیمە خومان وامان لەخومان کردوە چونکە خوا زالی کردین بەسەر ئەو خراپی‌و بەدی‌یەی کەتیاماتا بو ئیمەش نیرکەکەیمان لەبنە رەت دەر هانی • » دوایی پیشم کەوتو بردمی بو کوشتارگە یەکی بەرزو هەمو خەلکەکەش بەدوا مانەوە بون ، لەوی پەنجەی راکیشا بو ئایەتیکی هەلکەنراو بەژور کوشتارگەکەوە ، داوای لی کردم کەبی خوینمەوە منیش خویندمەوە :

« ئەگەر چاوی راستت خستیتیە گومانەوە هەلی کەنەو فریی‌دە ، ئەندامیکی لەشت لەناوچی باشترە بوت نەك هەمو لەشت بخریتـــــە دوزەخەوە ، ئەگەر دەستی راستت خستیتیە گومانەوە بی‌برەو فریی‌دە چونکە ئەندامیکی لەشت لەناوچی باشترە بوت نەك هەمو لەشت بخریتە دوزەخەوە • »

ئەو ساتە لەنهینیەکەیان گەیشتم ، ئاورم لی دانەوەو نەرانم بەسەریانا :

« ئەری پیاویك یان ژنیکتان لەناوا نیە کە دوو چاو یان دوو دەستی هەبیت ؟ »

لەوەراما ووتیان :

« نەخێر کەسی وامان لەناوا نیە ، ئەو منالانە نەبێت کەهیشتا وایان لی نەهاتوە تاکو بتوانن پەراوی پیروز ( تەورات ) بخوێننەوەو بەپێی ئاموژگاریەکانی بجولینەوە • »

کەلە پەی کەرەکە هاتینە دەرەوە بە پەلە ئەو شارە پیروزەم بەجی هیشت چونکە من گەورە بووبووم و ئەم توانی پەراوە پیروزکـــــە بخوینمەوە •

تکاییکی تایبەتی

لەبەر گرانی کاغەزو زەنگوگرافو لەچاپ دان ناچاربووین •

کەمیك نرخی ژمارەو ئابونەی

گوفاری هیوا زیادبکەین کە هیچ نەبیت مەسرەفی خوی پربکاتەوە

تکایە بە ئەرکێ مەزانن •

★ ★ ★

سەری بیعەقل وەکو میوەی سەرما بردوو وایە چ گوزە بەبەردا چ بەرد بەگوزەدا ئەنجامی سەرکەوتن هی بەردەکەیە •

# کوا کورەکەم !؟

نوسینی : مصطفی صالح کریم

لەپاش سەرگەردانیو مال ویرانیو هەناسە سەردی ، دوای ئەوەی کە شار خروشاو کریکارانو قوتابیان بەجاری کەوتنە دەرهینانی لاشە لەژیر دارو پەردووی خانوی روخاوەوە دوای تیپەربونی دوو روژ بەسەر کارەساتەکەدا ، بە لارە لارە ، ئافرەتیکی گەنجی بالابەرزی چاوو برو جوانی پەرچەم زەردی رەش پوش لەسەر شەقامەوە بە بەر دەرکی سەرادا هاتو روی کردە خەستەخانە ، ئەمە یەکەم جاریەتی ئەچی بو سەردانی لەم جیگەیەدا ، چەند ترسی ئەم سەردانەی لەدلا بوو ؟ شەوگاری شەوی رابوردوو چەند لەم سەردانەدا سیو دووی کردو لیکی دایەوە ، هەستی کرد بە لەشە لاوازەکەی کە موچرکەی پیادی •• موچرکەی ساردی پر سام ، هەرچونی بو کە چاوی بە یەکی لە برین پیچەکان کەوت دانی بە خویا گرتو هوشی هاتەوە بەرو زانی کە ئەمە خەستەخانەیە ، کە چاوی بە بەرکوشە سپیەکەشی کەوت ئەوەندەی تر سامی لی نیشتو وای بە بیرا هات کە هەرچی لەم شوینەدایە مردوە ، ئەم شتە سپیانەش کفنی مردووەکانن !

ئایا پاشەو پاش بگەریتەوە ؟ نەء •• پیویستە کە سەری لەو مروفە کلولە بدات کە چاوەروانی ئەکا لەپر دەنگی برین پیچی هینایەوە سەر هوش بو جاری دوەم کە پیی ووت :

ـ ئەوە ژوری میردەکەتە خوشکی !

هەنگاویکی نا بو ژووری‌و زوری لەخوی کرد کە زەردەخەنەیەك لەسەر لیوەکانی دیاری بدا ، تا نزیك ئەو شوینە بوەوە کە پیـــاویکی لە سەر پال خرابو ، تەنیا چاوەکانی‌و لوتی بەدەرەوە بوو ، هەمو سەرو ملی بە « سارغی‌سپی » پیچرابو پیش ئەوەی ئەم دەم بکاتەوە ، نەخوشەکە بەعاستەم نوزەییکی لیوە هات :

ـ گەلاویژ ••• هاتی ؟

ـ هاتم « دارا » گیان •• ئیستا چونی ؟

ـ چاکم شکور •• بەلام ئەوە گرنگ نیە لام •• سزا چونە سزا بن ئەوم بەلاوە گرنگ‌ترە !

گەلاویژ بە قورگیکی پر هەنسکەوەو بە فرمیسکیکی قەتیس‌ماوەوە ، وەلامی دایەوە :

ـ چاکە ••

ـ توخوا هیچی لی نەهاتوە ؟ ئازاری نەبووە •• ؟

ـ نەء •• ، بەلام تو بو وات لەخوت کرد دارا گیان بو خوت فری دایە نلو ئەو هەمو ئاوە پەنگ خواردوەوە ؟ بو خوت کرد بەژیر هەرەسی خانوی روخاوەوە ؟ من ئەم ویست هەردو چاوم کویر بی‌و نەت بینم لەم شوینەدا •

ـ شوکرانەی خوا بکە گیانەکەم •• چونکە من نەم ئەتوانی هیچی کە بکەم ئەوە نەبی کە کردم •• کە بە پرتاو هاتمەوەو قەلەبالغیم لەبەر دەرگاو کولانا دی‌و ، کە دیم تو ئەقیژینی‌و خوت ئەرنیتەوەو ئەلی : سزای کورم لەژورەوەیەو کە گویم لە هاواری سزا بوو تیکەل بـــە لرفەی لافاوەکەو قرچە قرچی داری خانوەکـــە ئیتر وەك شیتم لی

هات‌و گویم نەدایە قسەی کەس خوم کرد بە مالا •• بە پەلەقاژی خوم گەیاندە سزا کە لەپەو روو بەسەر دەما کەوتبو لەپال دیواریکا پەلامارم دایەو هەلم گرت بەباوەشمەوە بەلام سەیرم کرد دارو دیوار هەموی بەجاری هەرەس ئەهینی ، سزام توند نوسان بەسەر دلەوە بەجوریکی واکە هیچی بەر نەکەوی بە خوراکیشـــــان وردە وردە خوم کوتایە دەرەوە ، هەر دار بو ئەکەوت بەسەرماو هەر کەرسەکٓو بەرد بون بەر ئەبونەوە سەر گازرای پشتم بەلام من هەر رزگاربونی سزام لا مەبەس بوو تا گەیاندمە بەر دەرگا ئیتر ئەوەندە ئەزانم بی هوش بوم •• کاتی هاتمەوە هوش خوم ، خوم لەم جی‌یەدا بینی •• بەلام من پەشیمان نیم لەوەی کە ئەگەر گیانی خوم بەخت کردبی لە پیناوی ســـــــزای کورما ••• هەر ئەو نەترسابی ئازاری نەبی من هیچی کەم ناوی •• مەگری گەلاویژ •• مەگری تو پیم بلی سزا لە کوی‌یە ؟

— لە مالەوەیە •

— ئەی بو نەت‌هینا لەگەل خوت ؟

— راستیەکەی دلم نەهات پی‌ی بلیم تو لە خەستەخانەی •

— ئاخر نابی ، من ئەمەوی بیبینم •

— لە دواییا کە چاك ئەبیتەوە یەیتە دەری ئەی‌بینی •

— گەلاویژ من منال نیم ، ئەزانم کە لیرە بە زیندوی نایەمە دەرەوە •• ئەمرم ••

— تو خوا ئەگەر وا بلی‌ی !

— دەباشە ئەم جارە بی‌هینە لەگەل خوت •

بو جاری دوەم گەولایژ روی کردەوە خەستەخانە بو سەردانی دارا ، هەر کە گەیشتەوە لای سەیریکی کرد بە چاوە بی بریقەکانی‌و

قیژانی :

ـ کوا سزا ؟

ئەویش بە دلیکی هەلقرچاوەوە کە هەمو ئیشو ئازاری ئەم چەند روژە لەناو جەرگیا پیشی ئەخواردەوە ووتی :

ـ تو جاری پیم بلی ئەمرو چونی ؟

ـ وەلامم بدەرەوە کوا سزا ؟ هەی هاوار خەلکە شــیت بوم •• کوا کورەکەم ؟

ـ گیانەکەم خو تو خوت ئەزانی کە ئیمە بی شوین ماوینەتەوە ، من ئەم یەک دوو روژە لە مالە دراوســیکانی گەرەکی ئەودیومان نوستوم لەگەل «سزا»دا ، بەلام دوینی کە لای تو رویشتمەوە خزمەکانی گلەزەردە » مان هاتبون بە دواماناً بمان بەنە لای خویان ، کە زانیبویان من لەبەر تو هەر لیرە ئەمینمەوە « سزا » یان لەگەل خویان بردبوو ، بریاریشیان وا بوە کە بەم زوانە بینەوە سەر لە تو بدەن •

ـ تو شیت بوی گەلاویژ ؟ چون ئەهیلی سزا بەرن ؟ چون بمرمو چاوم پیی نەکەوی •

ـ تو بو وا تورە ئەبیو خوت دلگیر ئەکەی ؟

ـ چون تورە نابم ؟! من وا ئەمرمو تاقە کوریکم هەیە نابی چاوم پیی بکەوی •• ئەی هاوار چی بکەم ؟

گەلاویژ سەری دانەواندو بە ماتیەکەوە ووتی :

ـ نامری پشت بە خوا ، بەلام پەیام ئەنیرم کە لەگـــەل خویانا بیهنینەوە •

لەو دیو دەرگای ژورەکەشەوە ئەو پزیشکەی کە ئاگای لـــــەم

گفتوگویەیان بوو چاوەڕوانی گەلاویژی ئەکرد کە هاتە دەرەوە بردیە ژورەکەی خوی ئنجا بەشیوەییکی وا کە چاو نەبریتـــە چاوی پیی ووت :

ـ زور بە پەژارەوە ناچارم کە پیت بلیم « دارا » پەریشانە وە چاك بونەوەی زور ستەمە کەواتە چاکتر ئەوەیە کورەکەی بو بینی با چاوی پی بکەوی •

ـ ناتوانم ، هەرگیز لە تواناما نیەبوی بینم •

ـ سەیرە بەراستی !•• بو ناتوانی ؟ هوی نەتوانیست چیە ؟

ـ هویەکی زور ستەمە بە رادەییك کە ناتوانم بیلیم •• ناتوانم پیی بلیم کە ئەو منالەی ئەو وا گیانی خوی بەخت کرد لە پیناویاو رزگاری کرد سزای کوری نەبوو ، چونکە بەر لەوەی لافاوەکە هورژم بینیتە سەر ژورەکانمان ، سزا لەگەل ئاسوی میرزا قادری دراوسیمانا لە دیوەخانەکەی ئیمە پیکەوە یاریان ئەکرد ، منیش لە حدوشە بوم کە لافاوەکەمدی قیژانمو رامکردە دەرەوە لەویش نەیان هیشت بچمەوە ژورەوە کە داراش هاتەوەو خوی کرد بە ناو هەرەس دارو پەردوا لەناو « سزا » ئاگای لە هیچ نەمابو ، پەلاماری « ئاسوی ئەدا وای ئەزانی « سزا » پاش پینج سەعات لاشە نازدارە نەرمو نولەکـــەی بە مردوی لەژیر گلو قورە لیتەوە دەرهینرا پریشکەکە ، کە ئەمەی بیست نەیتوانی لیو بجولینیتەوەو قسەیەك دەربری بەرامبـــەر بەم ئافرەتە لیقەوماوە جگەرسوتاوە ، چونکە خویشـــی زوری لەخوی ئەکرد کـــە ئەو دووفرمیسکە گەورەیەی ئەیانەوی بکەونە خواری بیانشاریتەوە •

# نوسەرانی بەناوبانگ

## دانتی Dante

شیکاگو : دوکتور ت • ب • مەریوانی

بلیمەتترو گەورەترین شاعری ئیتالیا دانتی ئەلیگری ( ١٢٦٥ – ١٣٢١ ) بو ، دانتی ئینسانیکی زور عاطفی بو ، لە ٢٠ سالی دوا تەمەنیدا دەربەدەری وولاتەکەی بو ، لەنوسینەکانیا بەزوری لەو پیشانە ئەدویکە کردویەتی یەکی لەو نوسینانەی ( گەمە – Comedy ) کەیەتی کە بەم جورە دەست پی ئەکا : شاعر لەدارستانیکی تاریکدا وون ئەبی،کە بو ریی دەرچون ئەگەری ئەگاتە روناکی ئەوە دنیا ( ئاخرەت ) • وە لە نوسینی ( شەوقی عەشق ) یدا ریگەی راست ئەدوزیتەوە •

دانتی بە شعر باسی گەشتەکەی ئەکا لەجەهەنەم اعرافو بەهەشتدا وە وەصفی ئەم سێ جیگەیە زور جوان ئەکا ، لای دانتی جەهەنەم جیی ئەوانەیە کە مأیوسن ، ئەلی : « ئەوانەی مأیوسن دینە ئیرە » • اعراف بو ئەوانەیە کە نەفسیان ئارەزوی هەواو هەوەس ئەکا وە ئەیانەوی نەفسیان بکوژن ، دانتی ئەلی تاوانە گەورەکان حەوتن ، هەریەکەیان لیخوشبونی خوی هەیە ، وە بەهەشت بەو جیگەیە دا ئەنی کە گیان ( روح ) بەبینینی خوا شاد ئەبی •

شعرەکانی دانتی وەکو کەشکولیکی منطقیو پولاتیکی وایە ، دانتی هەمو دوژمنەکانی ئەخاتە گەرمترین شوینی جەهەنەمەوە ، وە پری

ئەکا لە خەلقی ( فلورەتین ) ، اعراف بو هاوریکانی دائەنی بەلام هاوری خوشەویستەکانی ئەخاتە بەهەشتەوە •

هیواو ئامانجی دانتی یەکگرتنی ئیتالیا بو ، ئەو پاپاو ئیمپەراتورانەی کە نەیان ئەویست ئیتالیا یەك بگری ـ دانتی ـ هەمویانی هاویشتە جەهەنەمەوەو گری ئاگر سوتاندنی ، کە دانتی ئەلی : « لە جەهەنەمدا ئەشکەوتی وای تیایە جوگەی خویناوی پیائەروات ، هاژەی ئەم جوگەلانە پیاو کەر ئەکات بیچوەکانی شەیتان یەکتریان فری ئەدایە چالیکەوە کە قیری تیا دەکولا ، دزەکان هەژدیهان تی بەردرابو ، لە چینی خواروی جەهەنەمدا شەیتانی رەزا گران کە ( ٣ ) سەری هەیە بە چرنوك و کەلبەکانی گوشتی لە لەشی خائنە پیسەکانی وولات وەکو ( بروتوس Brutus ) و ( کاسیوس Cassius ) ئەپچری •

ئەلی : « لە بەهەشتدا ژیان بریتی‌یە لە وقارو حشـــــمەت نەك کەیف و سەفا » ، بەو جورەی باسی جەهەنەم ئەکات ئەوەندە باســـی بەهەشت ناکات •

دانتی خوی کتیبەکەی ناو نا کومیدی ـ گەمە کەچی کـــە خوی‌مرد بەناوی ( گەمەی خوایی )ەوە بلاو کرایەوە •

---

ئەگەر گولی سوورت خوش ئەوی ئەبی درکە کەشت خوش بوی کورد ئەلی : هەزار سال بکەیت بیگانە پەرستی ئاخری هەر ئەهینی نوشستی •

# بەشی هیواو خوێندەوارانی

## نامەی هیوا

بو ماوە نەدانی گلەیی‌و ووتەی پاشملە بو یەکتری ناسین‌و لەیەك گەیشتن بو یاریەدانی پیشکەوتنی ئەم گوفارە بو ئاموژگاری‌و سەرپەرشتی کردن ئیدارەی گوفاری هیوا تکا ئەکات کە هەمو روژیکی هەینی لەسعات نوی بەیانیانەوە تاسعات دوانزە قوتابیانی کولیەکان‌و خویندەوارانی کورد لەیانەی سەرکەوتنا کوبنەوە کەئەم کوبونەوەیە ریگای پیشکەو تنمان بوتەخت ئەکات ، ئیترسوپاس‌و خوشی‌تان •

لە کانگای دلمانەوە سپاسی گشت خوێندە واریك ئەکەین کە روژ بەروژ زیاتر بویاریەدانمان تی‌ئەکوشن بەلام تکا ئەکەین لە شعر زیاتر خوو بدریتە نووسین ، ئەو نووسینانەی کە سوود ئەگەیەنیت •

سوپاس کاك هومەر ئەکەین کە لەبەندی خانەوە دیاری چنینی بوگوفاری هیوا ناردبوو • ئەو چیروکەی ناردبووت گەیشت بو سەرنج دان درا بە لیژنەی تایبەتی •

لە دوا جاریشا ئەبی دلنیابن کە هەمو جاریك بە پو ستەدا گوفاری هیوا تان بو ئە نیرین رەنگ هەیە ادارەی بەندیخانە بو لی‌وورد بوو

تەوەی دوای بخات بەلام لەمەچاکتر ئەگەر ناسپاویکتان ببی بی نیرنە یانە تاوەکو بە ئاســــانی ژمارەتان بەدەس بــــگات لەزووە وە هەردوو ژمارە کە شمان بوکاك ستار ناردووە :

زور سپاسی ماموستا صالح زەنگەنە ئەکەین کە چەند نیــــگاریکی لافاوی بو نارد بوین •

کاك ئارام لەپینجوینەوە گلەیی لە چەشنی نووســــینی پیتی تازە کردووە کە هەرکەسە بەباریکا بەبیری خوی نووسین ئەنووســـیت ، ئەمەیش راستە بەلام هیوامان زورە کە لە ماوەیکی کورتا هەمو شتیك لەسەر باری راستی خوی جی‌گربی •

لە دار المعلمینی عالی بوکاك محسن عبدالحمید : زور سپاسی بیرو هەستی پیروزت ئەکەین : وە ئامادەین هەمو جورە نووسینیکی سوود بەخش بلاو بکەینەوە هیچ دوو دل مەبە •

★ ★ ★

لەچول بیـــابانا گیرودەی دەستی زورداربیت باشــــترە لەوەی تەنیا شەویك لەناو کوشــــکا لەگەل نەزانا روژ بکەیتــــەوە ئەستیرە هەرچەندە پرشنگ‌داربی نابی بەمانگ •

★ ★ ★

# کارەساتە مەرگ

ع • شـــەمال

دەمەو ئیوارە روژ بە شەرمەزاری روی کردە کیوو ئاوری پرر لە ناسووری دایەوەوچاوی گریاوی سرری بی ئەوەی هیچ بپرسیتەوە لەو داماوانەی کە هەرگیز جاوەروانی کارەساتەکەی نەبون چە کارەساتیك هەرگیز نەبیسترابو ئایا بەبیرەوەری کەسدا ئەهات شاریکی وا جوانی هیمن ئەم تەمە ناسوریە داپوشی ؟ نەء بەلام روی‌دا چە روودانیك هیرشی بارانی چەند دەقیقەیەك بوە هوی لەیەك کردنی دەیان کورپەی بەکام نەگەیشتوی باوەشی دایکوباوك ئەو بارانو تەرزە دل رەقە هیرشی هینا لانەی هەژارانی ویران کردو کورپە نازدارەکانی گرتە باوەشی قورینی بردنی بی ئەوەی دلی بسوتی بەقریشکەی ئەو دایکە داماوانەی کە پەلە قاژیان بو بو کورپەکانیان دیواری بەسەرا روخاندنو هیرشـــــی ئاو کەلوپەلیانی ئەبردو تەنها هەناسەی ساردی پرر دوکەلو ناخوشیو چاوی گریاوی بو بەجی هیشتن هەر لاوی دوا روژی ئەم خاکە بی‌دەنگەی بی شەرم ئەبردو ئەیدا بەدەم ساردی رەشی پررکینەیەوە ئەو دایکە بی تاوانە هاواری ئەبردو ئەیزیران کورەکەم کچەکەم خەلقینە توخوا کورەکەم کوا ؟ ئیستا بەدەستمەوە بو لە کوی‌یە ؟ پیم بلین کەچـــــی نەی‌ئەزانی وا لەباوەشی ئەو هیرشە دل رەقەدا بو هەر لایەك ئاور ئەداتەوە نیە بروانە باوکە برایە خوشکە بەدەم ئاوەوە تل ئەخوات سەرئاو ئەکەویتو پەل ئەکوتی کوا برا کوا کور کوا کچ کوا دایکو باوك هیچ دیارنیە تەنها تارمایی رەش نەبی لەناو قوری سورا تل ئەخوات بەدەم شەپولەوە

ئەنالینی هیز نیە راگیری کات هەر دایکەو بەرەو تیمارخانە را ئەکاو بەگریانەوە قور ئەپیوی هاوار ئەکاتو ئەلی ئەی هاوار منالەکانم توخوا بمبەنە سەریان هەر باپیری داماوە بەپشتی کومەوە روو بەرەو تیمارخانە ئەروات ئەلی توبلی‌ی مابن ؟ کی مابی کولول !؟ توخوا منالەکانم بەلام ئەبینن هەر دایکی نازدارەو کورپەی نەبشـــــکوتوەو کیژولەی دەم بەپیکەنینی مردوە هەردایکەو ئەلی :ـ توخوا خەلقینـــــە توبلی‌ی ئەمە ئەوبی ؟ هەر لاشەی کورپەو دایکو باوکو کەسە لە تیمـــارخانە ریز کراونو تەماشا ئەکرین هەر باوکی سەر لی‌شیواوەو سەری مردو هەل ئەداتەوە پرمەی گریانی بەسوزی نەك ئینسان بەلکو ئاسن ئەتوینیتەوە جا ئەی‌پەلەی رەشی پیسی بی‌ئابرو هیچ شەرمت نەکرد ئەم کارەساتەت نواند هیزی پیسی پرر کینەت بەم کورپە نازدارانە نواند شاری هیمنی بی‌دەنگی لەمە گوناە بارترت نەدوزیەوە ئەی بی ئابرو شەرمەزاری بەردەرگای هەق بی تا روژی لی پرسینەوە هەر بەدەم تاوانە وەبتلی‌یتەوە ئایا هیچ شەرمەزاری لاویی کامل نەبوی ئەو کاملەی کە نەت هیشت مال ئاوایی لە دایکە هاژارەکەی بکات دایکیشیت هەل‌لووشی ئەو کاملەی تەنها شەویکی مابو کە بروا چاوەروانی براکانی بو بینەوە دەست لەمل ئەوشەوە بەیەکەوە بنون ئەی‌شەرمت لەو دوو کورپە نازدارە نەکرد کە هیرشت بو هینان لەچنگی دایکیانت سەندن و قەپی خویناویت لی توند کردنو گەستنت ئەی هیچ شەرمت لە هیزی یەزدان نەکرد وە چـــاك بیزانە کە کردەوە ناپەسەندەکانت بە خوینی ئەو کورپانە ئەنوسریتەوەو

هەرگیز لە لاپەرەی میژودا ناسریتەوەو کە صەدان هەژارانت ئاوارە کردو خانە شیواو تکردن ، شەوی پایزی پرسوزت پیشان دان لەناو سەهولا هەلئەلەرزین ژوری رازاوەت لیکردن بە دوزەخ ئاوی چلکاوت بەسەرا پرژانن لەجیاتی یارمەتی دان وە ئەوانەی لەچنگە رەشە پیسەکەت رزگاریان بو مال ویرانت کردن هەی پەلە رەشەی چەپەل هەر خوت بەخوت بی •

بو نوو سەرە بەریزەکان

تکا ئەکەین بو کارئاسانی پیت ریکخەرە کانی چاپخانە لەرووییکی کاغەزا نوو سین بەبلاوی بنووسریت کە بخونیریتەوە زور نووسین کەبلاو ناکریتەوە هوی ئەمەیە کە ناخوینریتەوە •

تکای دووەم لەشعر زیاتر نووسینی بەســــود بنووسن چونکە شاعرمان زورەو نووسەر کەم •

## چیرۆکی ژماره

# لافـــــاو

سیوسینان : ماموستا ـ ع ـ



مانگی زیاتربو لەماڵەوە برابوم زورم ئارەزو ئەکرد سەریکیان لی بەمەوەو روژی دووان لەناو دایكو خوشكو براکـــانما رابویرم ، بەلکو کەمیك تاسەو کولی خوشەویستیو لیك برانمان دامرکیتەوە ، تاکو هەر لەو ماوەیەشدا شارە خنجیلانە دل رفینەکەمان بەسەر کەمەوە •

له لادی کاتی بی ئیشیم زوره ، زورم خویندوتەوە چاوەکـــانم پیویستیان بەزاخاو هیە ، ئەو زاخاوەش مەگەر هەر بەبینینی دیمەنی شاری سولەیمانیو دانیشتوانی مەردی بدریتەوە •

بەراستی هـــــەر کاتیك دوور ئەکەومەوە لەشارو دوای بەینیک بەسەردان وەیان ئیجگاری ئەگەریمـــــەوە هەر لەگەل لەدوورەوە شار بەدی ئەکەم لەپر تەزویەك بەلەشمادیت لەسەرمەوە دەســـــت پیئەکات له کەله ئەنگوستی پیمەوە دەرئەچیت ، ئەمجا پەیتا پەیتا وەك شریتیکی سینەما لەسەرخو تارمایی بەسەر هاتی کونو تازەی شـــار به بەر چاوەکانما تی ئه پەریت ، وا لەگلەزەردە چوین بەودیوا شـــار دەرکەوت •• ها ئەوەتا چاوم لیە سوارانی شوخی بابان رمبازی ئەکەن ، لەو لا تریشەوە هەندی گەنجی شوخی بالا بەرز نیشان ئەشکینن ، دەنگی دەهول دیته بەر گویم ، ئەوەتان •• تەوەتان شاییە ، هەی •• هەی لەکابرای زورنا ژەن بەهەر چوار پەل سەما ئەکات ، بی گومان ئیواره زورناکەی بەساغی ناباتەوە ، ئای ••• ئای خو کابرای دەهول لیدەر ئاگای لەخوی نەماوە وەختە دەهولـــــەکەی خوی بدرینی ، لەبەردەمی ئەم دووانەشا کەوانه ریزیکی دریژ له کوری گەنجو پیاوی کاملی خەنجەرو دەمانچە بەقەد تی هەلکیش لەگـــــەل کیژولەو ژنانی سەرەی رازاوه بەکەلو پەلی ئالو والاوە هەل ئەپەرن بەلام چ هەل پەرینیک ••! سەرچوپی کیش تاویك دەست بەر ئەداو خوی سەرئەدا تاویکیش دەست ئەگریتەوەو شـــــــانی ئەداتەبەر لەپر ئەقیژینی :

بەقوربانتان‌بم بەشان •• بەشان توسەری شای بابان ، خو دەسەسرە سورەکەی دەستیشی سرەوتی نیە •

دیارە ئەم دیمەنانە خوشی ئەگەیەنن بەئینســـــان ، خەمو خەفەت ئەرەوینن بابو تاویکیش بیت ، بویە ئەو پیاوەی لـــــە ئوتوموبیلەکەدا لەتەنیشتمەوە دانیشتبو بەدەم پیکەنینەوە پیی ووتم :

ـ ئەری ئەوە بەراست بەچی پی ئەکەنیت ؟

منیش هەر خوا خوام‌بو وازم لی بینیت بو ئەوەی زنجیرەی خەیالم نەپچریت لەبەرئەوە بی ئەوەی رووی تی‌کەم ووتم :

ـ بەهیچ برا گیان کوا پی کەنیوم •

ئیتر خوا سەلامەتی کات وازی لی هانیم ، هەر ئەوەندە ئەو بی دەنگ‌بو منیش گورج پیکەنین کەوتەوە سەر لیوم کە دەنگی سەرچوپی کیشەکەم هاتەوە بەرگوی بەکول ئەی ووت : « بەشان •• بەشان توسەری شای بابان • »

لەم کاتەدا گویم لی‌بو یەکیك لەسوار بوانی ئوتوموبیلەکـــە ووتی :

ـ وا لەشاخ نەجاتمان‌بو •

یەکیکی تریان ووتی :

ـ بەلی ئەوەندەمان نەماوە بگەینە لای چایخانەکەی کانی‌سپیکە •

کە گویم لەدەنگی شاخ بو کوتو پر هەزاران ســـــال گەرامەوە بو دواوە تارمایی دیمەنی « دەربەندی بابیت » م هاتە بەرچاو لەگەل قەلاکەی

تەنیشتی کە کورد بو پاریزگاری وولاتەکەی دروستی کردبو شەری تیا ئەکرد لەگەل داگیر کەرانا ، بەلام ئیستا « دەربەندی بابیت » ناوی گورراوەو بوە بە « دەربەندی بازیان » کوردیش نەگورراوەو هـــەر لەجەنگایە •• بەلی ئەوەتا هەرایە تەپو توزی هەل فراندنو هاتو بردی سوارەی قارەمانەکەی بەردە قارەمان چاوی ئینسان کویر ئەکـــات ، دەنگی گوللەی تفەنگو گرمەو نالەی توپو بومبا گوی کەر ئەکەن ، وا گویم لی‌یە یەکیکیان نەرانی :

ـ فیشەك بەخەسار مەدەن ، گوللەی ئەگـــەر بو دوان نەبیت بو یەکیـــــك •

ئا ئەوە شورە سواریکە لەناوقەد بەرەو ژوری لە فیشەکا وونە ، وولا خەکەی ژیری چەپوکان ئەکات وادیارە ئەویش تینـــوی تولە سەندنە وەك سوارەکەی سەرپشتی ، واچاوم لی‌یە بن‌بەرد بەبن‌بەرد شەر ئەکات بەسەرەوە ئەگەریت ، گویم لی‌یە بەدەنگیکی بەرز ئەلیت :

ـ دریغی نەکەن تا دوا فشەكو دوا تنوکی خوین ، ئەوی لەم روژەدا بکوژریت نەمرەو قەت لەبیر ناچیتـــەوە چونکە ئیمە خاوەن حەقو ئەوان داگیر کەرن •

زوری پی نەچو ئەو قارەمانەم بەدەست دوژمنەوە دی لای بەردە قارەمانەوە بەسەر لاشەو بەناو خوینا ئەیان برد •

هەمان پیاوی تەنیشتم رای وەشانمو ووتی :

ـ ئەری ئەوە ئەمرو تو چیتە تاویك لەمەو پیش پی ئەکەنیت کەچی

ئیستا فرمیسك لەچاوتا قەتیس ماوە ؟!

ـ کوا ••! نەخێر ، ئەوە باکەی ســـاردە ئەیدا لەدەمو چاوم ، چاوم ئاو ئەکات •

ـ کورە بەخوا ئەگەر وابیت •

ئەمجا منیش هەر دوو ئانیشکم دادایە سەر هـــەر دوو ئەژنومو سەرم خستە بەینی دوو لەپی دەستمەوە ، هەر دەنگی تەقەبو لەگویما ئەزرنگایەوە ، هەروا دەنگی ترپە ترپی پیی بەیەکا چونی زەلام بو ئەهاتە بەر گویم وام زانی هیشتا هەر دەربەندی بازیانە ، کەچی تومەس ناو جەرگەی ئەو شارە خنجیلانەیە یە کەخوم وا بەپەروش بوی ئەچمەوە ، لەباتی تەرزە گوللە ئەباری ، لاشە لەو بەر سەرایەدا بەسەر یەکا نزیت بووە خوینی گەشی گەرمیان لەبەر ئەروات ، خوم لە خومم پرسی :

ـ چی قەوماوە دیسانەوە ؟!

دەرونم هاتە وەلامو زور بەداخەوە ووتی :

ـ شەرە ، لەپیناوی ژیانا •

ـ شەرە ، دیسانەوە شەرە ؟

ـ بەلی شەرەو لەبەردەرگای سەرا شە •

ـ کەوابو ئەمە شەرەکەی بەردەرگای سەرایە ؟!

ـ خویەتی ••• روژی شەشی رەشی شومی ئەیلولە •

لەو کاتەدا هەناسەیەکی پر قینو جەخارم هەلکیشاو سەرم هەلبری

یشویەك بەم کەروانیم وا گەپشتوینەتە سەر شەقامی سەیوان ، مالەکەمان لەویوە نزیکێو لەبەر ئەوە ئوتوموبیلەکەم بە ئوتومبیلچیەکە راگرتو دابەزیم ، دوای ئەوەی خوا حافیزیم لی کردن ملم نا بەرەو مالەوە ، هیشتا هەر ووری هەلتەك هەلتەکی ئوتوموبیلەکەو ئەو هەمو دیمەنانە بوم کەهەر یەکەیان یەکیك بون لەلاپەرەی زیرینی میژووی کوردی قارەمان ، جانتایەکی چەرمی بچکولەم بەدەستەوەبو کردبوم بەقولمـــا کەمیك پیم هەلگرت ئەم ویست تاوی زوتر بگەمە مالەوە ، لەناکـــاوا دەنگیك رای چەنانم :

ـ یاخوا بەخیر بییتەوە •

ئەروانم ( ج ) هاوریی دلسوزمە دەستم خستە ناو دەستیو زور بەگەرمی دەستی یەکتریمان گوشی ، بەلام ئەوا من دیمەنی روژانی رەشی رابوردوی کوردم هاتوتەوە بەرچاو بویە ماتو پەستم ، ئەم بوچی وا رەش پوشە ، لەگەل ئەوەشا کەزیاتر لە مانگیکە یەکتریمان نەدیوە کەچی هیچ گەشیو روو خوشیەك لەروویا نابینم ، مات ، پەست ، سەر دانەهاتو •• چی روی دابی !•• دلم کەوتە پەلە پەل ، هەر لەوساتەدا بەخیرایی بروسکە بەدەیان شتم هات بەبیرا بلییت خوا نەخواستە باوکی ئەمری خوای کردبیت •• خزمیکی نزیکی ، دوستیکی خوشەویستی کارەساتیکی ناخوشی بەسەرا هاتبیت ، نەءنەء ئەزانم ئەمانە هیچیان نین ، بی‌گومان ئەمە بو یادی کوچی دوایی « قارەمانەکەی دەربەندی بازیانە » چونکە پار لەم مانگەدا بو گیانی پاکی بەخاك سپارد ، بەلی حەقیەتی بو ئەو پیاوە حەقیەتی •

بەدەنگیکی نزمو لەسەز خو وەکو بەزور هینرابیتە قسە لەگیژاوی بیرکردنەوەو بی دەنگی دەری هینام کەووتی :

ــ ئەوە بو وا بی دەنگ بویت ) بابروین •

ــ فەرمو بابروین •

هەردوکمان کەوتینە ریو گومی لیلی بی دەنگیەوە ، نازانم ئەو چی بی دەنگی کردبو لەو کاتەدا ، بیری لەچی ئەکردەوە •• بەلام من تارمایی دیمەنی ئەوشەوەم هاتەوە بەرچاو کە تەرمەکەی شیخ‌مەحموی نەمری تیاهاتەوە ••• ئەوتا سەرەتای ئوتوموبیل گەیشتە نزیك شار ئەو سەری کی ئەزانی لەکوی‌یە یەکیك ئەلی وا لەتاسلوجە هەزاران ئەلین بەولا تریشەوەیە ، وا تەرمەکە گەیشتە بەر قوتابخانەی پیشە سازی کەس نەی زانی چون داگیراو خرایە سەر دەست ، لافاو هەلســـــاوە بەلام لەئینسان نەك لەئاو شەقامی مەولـــــەوی ، کولانەکانی دەوروپشتی ، مالەکانو- سەربانەکان ئینسان ناگرن ، لەدلی خوما ئەم ووت :

ــ ئەرز ، بکشی گەورەبە بو وا لەم کاتەدا داماوی بەدەســــــت ئینسانەوە ••• هەر دەنگەو لەگویما ئەزرنگیتەوە ، یاهوی دەرویشەو بو شیخی خواپەرست حالی لی هاتوە ، هەرژنی سەرەیەو پیاوی بەسالاچو بوشیخی بەریز ناوسکی قولپ ئەداو ئەگری •• ئەی ئەم گەنجـــانە سەیرکەن چون بو شیخی نیشتمان پەروەر هەمو پیکەوە بون بەیەك پشکو ئاگرو قینیان لەمەرگ هەستاوەو ئەنەرینن ئەلین :

ــ شیخ نەمردویت •

چاوەکانم فرمیسك لیلی کردبون بەتەواوی بەرپیی خوم نەئەبینی بەلام پیویستی نەئەکرد قاچیشم نەجولانایە لیشاوی خەلك هەر ئەی بردم کاتی زانیم لەکویم کە دەنگی گوللـــــــــە رای پەرانم ، بەردەرگای سەرایە ••• بەلی بەردەرگای سەراکەیە دیسانەوە •

دەنگیکی نزم هاتە بەرگویم ئەی ووت :

ـ بروانە •

وام زانی گویم **ئەزرنگیتەوە** تا دووبارە بە توندترهاتەوە بەرگویم ووتی :

ـ لەگەل تومە کاك ( ع ) بروانە •

ـ گیان ، بم بەخشە نەم زانی لەگەل منتە ، بروانمەچی ؟

ـ ئا ئەو عەرەبانە تیك شکاوە •

ـ ئەوە بوچی وای لی هاتووە ؟!

ـ لافاوەکە

ـ لافاو •• لافاوی چی ؟!•• کەی !؟

ـ دوینی ئیوارە ، بروانە •• بروانە ئەو ئوتوموبیـــــــلەش چون لەکەلك کەوتوە •

ـ ئەی ئەم بو وای لی هاتوە ؟!

ـ نالیم لافاوەکە •

هەروا بەدەم قسەکردنەوە بی پەروا ئەرویشتن ، جانتا چەرمەکەشم هەر بەدە ستەوەیە ••• سەیرە من مالم نزیك سەرکاریزەو کەچی ئیستا

وام لەبەر دەرگای سەرا ، سەر ســـــررماو نەم ئەزانی بلیم چیو تی نەئەگەیشتم ئەمە چیە ، ناچار ووتم :

ــ بو کویم ئەبەیت بوخاتری خوا ؟

ــ بوکویت ئەبەم ، لەناوشار بەولاوە بوهیچ کوی ناچین ، بەلام بو هەرکویەك ئەچم شوینم کەوەو قسەمەکەو جوان وورد بەرەوە •

ناچار شوینی کەوتم بو هەر کوی یەکی بردم کاولو داروخاو بو ، هەر کولانیك پیا رویشتین شیوەنبو ، هەر خەلكبو لەژیر دارو پەردوا لاشەی کوری گەنجی بەئاوات نەگەیشــــتو •• کچی تازە خونچەی نەپوشکوتوو منالی ساوای وەك پەری لەژیر خانوی تەپیوا دەرئەهینا •

خوم پی رانەگیرا بەناچاری لەناکاوا ووتم :

کاك ( ج ) ، کویربوم میشکم تەقی ، ئەو چاوەی هاتم بەشـــارە خنجیلانە جوانە کەمان زاخاوی بەمەوە وا کویربو ، هیزی ئەژنوم نەما تکات لی ئەکەم پیم بلی شار بو وا کاولبووە ، ئەم خەلکە بو هەمو فرمیسك ووشك ناکەنەوە ، لەبەرچی شینو شەپور بوە بە نانو ئاوی خەلکی شار ، بو •• بو واشار کشومانە ، بو لەهەمو کولانیك دەنگ هەر دەنگی رولە روو باوکە روو دایکە رویە ، ئەم هەمو ژنانە بو قوریان پیواوە بو •• بو •• ؟! نایەم ، بەگیـــانی برایە تیمـــان بمکوژی یەك هەنگاوی تر نایەم لەگەلت تاپیم نەلییت چی قەوماوە ، هاوریم لەگەل تومە فرمیسکە کەت بسرەو جاری دوو قســـــەم بوبکە ، لە تاقەتما نەما ئیتر •

هەر ئەوەندە من بیدەنگ بوم بەدەم پرمەی گریانەوە ووتی :

ـ چاوت لی‌یە ؟

ـ لەچی ؟!

ـ لەسەری ئەو منالە لەژیر ئەو خانوە روخاوەدا دیارە واخەریکن دەری ئەهینن •

خوم پی رانەگیرا روم کردە ئەولا هەر ئەوەندە کریکارەکان بەدەم گریانەوە منالەیان دەرهانی ژنیك وەك شیت بەسەری رووتی‌و بەپی‌ی پەتی قیژانی‌و پەلاماری کورپەی گیان دەرچوی دا ، کوری شیوەن دابەسترا ، ئینسانم ئەویست بتوانی خوی بگری‌و نەگری •

ـ بابروین ئەوی ماوە بی بینەو قسەت بوبکەم کەوتینە ری ئەمجا ووتی :

دوینی نزیك ئیوارە هەوریکی رەشی چلکن لەسەر ئیرەو لەسەر گویژە بەخور گریا فرمیسکی ووشك نەکردەوە تافرمیسکی بەئیمە رشت ، لافاوی تەرزەو باران خوی کرد بەشارا ، قەوما ، ئەو قەومانەی ئیستە ئەنجامەکەی بەچاوی خوت ئەبینیت ، مال ویران بو ، سامان نە ، لەسامانیش بەنرختر ئینسانە لەویشی تیاچو ، کورپە لەشیرین خەوا ئاو ئەی‌برد دایکی جەرگ براو بەشیوەن بو کورپە ئەچو بەلام نەدایك نەکورپە هیچیان دیار نەبو ، پیریك ئاو ئەی‌برد ئەکەوتەهاوار گەنجی لەولاوە دەستی بو ئەبرد لەپر تاویریك ئەویشی ئەکوشت ، کاتی کەئاسمان شیوەنی خوی کرد ئەمجا نورە هاتە سەر ئیمە دەوا ئیمەش شیوەن مانە •• شیوەن بەتی گەیشتی بو ماتم ، بو رەش پوشم •

خوم پی رانه‌گیرا فرمیسك به‌خوره‌م به‌چاوه کانما هاته خواره‌وه ، ئه‌م ویست شتیك بکه‌م ، نه‌شم ئه‌زانی چی بـــکه‌م •• حه‌زم ئه‌کرد قسه‌بکه‌م ••• قسه‌ی چی بکه‌م ••• بلیم‌چی !

میلله‌تی کورده‌و هه‌رساله به‌جووریك کوستمان ئه‌که‌ویت ، هه‌رده‌مه له‌لایه‌که‌وه ، هه‌ر جار یه‌کیك داخ ئه‌نی به‌جه‌رگمانه‌وه ، وادیاره ئه‌م سال نوره‌ی سروشت بو •

تولستوی ئه‌لی : هیچ روباریکی گه‌وره ناتوانی دلوپیك ئاوی خوی برژینیته قاپیکی پرره وه •

ئه‌وانه‌ی ژیانیان هه‌ر بو خویان ئه‌وی بی فه‌رو ناله‌بارن •

چاکه له‌گه‌ل دوستابکه لای خوشه‌ویست تر ئه‌بیت له‌گه‌ل دوژمنا چاکه بکه‌یت ئه‌بی به‌دوستت ••

ده‌س ناده‌مه خامه بدوسم تا نه‌زانم خوینده‌واره کانم له‌سه‌د هه‌زار که‌س زیاتره •

شه‌ر به‌چاکه کردن نه‌بیت به‌زور لاناچیت •

روژنامه موسیقای ئاشتی‌یه ، ده‌نگی میلله‌ته ، شمشیری حه‌قه ، په‌نای کلولانه ، لغاوی ده‌می زور دارانه ته‌ختی قه‌یسه‌رو زوردار له‌رزینـــه •

# « لەمێژووی عثمانیدا جەلالی »

لەلایەن احمد خواجەوە
لەگوفاری مێژووی وێنەدار ـ استانبول
ـ ١٩٥٣ ـ وەرگێراوە

لەسەرەتای سەد سالەی شانزەمدا بەرامبەر بەزورداریو جەور وجەفای ایمپراطوریەکان ودەست درێژی پیاوانی میری • لەنیشتمانی خوی ( انادول )دا جلال ناوێك بودوایی پیهێنانی میری وایمپراطوریتی عثمانی بانگی یاخیەتیداو کەوتە تەقەلا •

نووسینی : دکتور فاروق سومر

وەنەبیت لەباوی عثمانیەکاندا تەنیا بەرامبەر بەکووردەکانی ژووروو ( انادول ) بگرە لەناو هەموو خاکی ایمپراطوریتە کەیاندا بەتایبەتی لەنیشتمانی کووردا پشیویو دەست درێژی پیاوانی میری لەزورداری زەلالەت دریغییان نەئەکرد • هەر لەبیرەوەری ئیمـــــەماناندا لە ولاتی کرکوكو سلیمانیدا زەبرو زوریان گەیشتە ئەوپایەیەی کە کەس خاوەندی هیچنەبوو وەنرخی گیان لەخوررایی کەمتر بوو •

أ • خواجە

کەمیك لەپیش مردنی ئەو یاوز سلطان سلیمەدا کە مصرو سوریای داگیرکرد لەدەورو پشتی « تەوکات » لەسالی ١٥١٩دا ـ یاخی گەریکی

گەورەو بەترس پەیدابوو • سرکردەکەیان جلال ناویك بوو ، لـــە ناوچەی « بوزگات » دا خزایە ئەشکەوتیك و سالانیکی زوری بەخوا پەرەستی تیدا رابورد •• لەپەنای ئەم خواپەرستیەدا لەو کەســانەی ئەچوونە بینینی بەدل خوشیدانەوە هاوبیرو لاگیریکی زوری پیکەوەنا • چ لەرەنجاوەکان لەدەس ظلمو زوری عثمانیەکان دلشکاو وە چ لەو گووندی ( عســـکر ) انەی بیدەســـت کرابوون وە لەفرمانی میری دەرکرابوون هەمووی بەشینەیی لەخوی کوکردەوە • وەبولایخوی کیش کردن •

بەلام ناوو دەبدەبەی موسلمانی ( جلال ) بە چەشنیك بلاو بووەوە کە کەس خوی پینەئەگیرا پول پول ئەچوون بوبینینی تاوەکو گەیشتە ئەو پلەیەی بە (محمدی مهدی) ئەزانرا وە هەموو یەکیك خوی بە دلسوز ئەزانی وە بو گیان بەخت کردنیان دریغییان نەئەکرد • بەو پییە بە ژیرانە پتر لە ٢٠ هەزار سوارو پیادەی لی کوبووەوە •

ئینجا « جلال » گەیشتە هەلی خوی بوو بە خاوەندی ئەم سپایە زانی کەوەختی تولەسەندنی هاتووە • لە ناکاو ووروژمی بردە سەر (سیواس)، تەوکات ، ئەماسیە ، یوزگات ) وەزور بەئاسانی گرتنی وەئەم شارانەی گرتە ژیر چنگی خوی •

لەو کاتەدا یاوز سلطان سلیم لە ئەدرنە بوو کە ئەم باسەی بیست زور پیی گران بوو • بەپەلە بو لە ناوبردنی « جلال » و لەشکرە کەی لەئەدرنەوە فەرهاد پاشای لە وەزیرییەوە گەیاندیە پلەی بەگـــــلەر بەگیو ناردی بوسیواس • «جلال» کەهاتنی سەردار فەرهاد پاشای بیست بە لەشکریکی بیشومارەوە هاتوە بو ئەوەیتووشی جەنگیکی پەشیمانی نەبیتو کوشتاریکی بیکەلك نەدا بە خویو لەشکرەکەیەوە روو بەئیران گوریزی کرد •

بەلام علی بگی شاهسواری دەلکەدەرەیی کە لە سەفەری ئیران‌و مصرا بەرامبەر بە عثمانیەکان خزمتکزاری‌و کویلەیی خوی پیشان دابوو لە پیش گەیشتنی سەردار فەرهاد پاشادا بە لەشـــــکریکی زورەوە خوی گەیاندبووە « ئەرزنجان » و لەناکاو بەربەلستی « جلالی » کرد • لەپاش جەنگیکی ناهەموارو بی بەختی « جلال » بە سەر لەشکرەکەی «جلال»دا زال بوو وەحەلال خوی کوژرا • سەری « جلالی » بری‌و ناردی بو ئەستەموول ئینجا بەرامبەر بەم گیان بەخت‌کردنەی لە لاینی سولطان‌وە نیشانی ئەحمەد پاشای نەبەزی بە دیاری‌و خەلات نیررا بو علی‌بەگی بەدبەخت • ( راستە تەور کلکی لە خوی نەبوایە داری پی نە ئەبرایەوە )

= ئەم باسە لەمیژوی ریکو « المان » ی وەرگیراوە =

بەلام جلال بەم بزوتنەوەیە وکردگارەیەوە ئەوەندە ناوی وەرگرت دوا بەدوای ئەو هموو یاخیەکان بەناوی جەلالییەوە ناوئەبران •

ئەمەیش باسیکە بەدوای باسی پیشودا : بەپی‌ی‌نووسینی میژوو نووسی بەناوبانگ توورك عاشق‌پاشازادە ئەلیت :ــ لەتەوکات پیاویك پەیدابوو بەدیمەن لەوشیخ جنیدە ئەچوو کەبنیانی دەولەتی صفوی دانا ودای مەزراند • ودەرویشەکانی شیخ جنید همووی تی‌ی ئالاون وپی‌یان ئەوت ئەمە شیخ جنیدە • سلطان محمد ئەم پیاوەی هینا وپیشانی خیرالدین ناوی شاگردی شیخ جنیدی‌دا • وتی : ئەوینە وئەو پیاوەیش ووتی من جنیدینم جەلالم • کە گەرایەوە درویشەکانی وتیان : بوچی‌وتت جنیدنیم گرتیان لووتیان برری وبەردە بارانیان کردو کوشتیان • لەپیاوانی جەلال چوون دەریان هیناو ناشتیان • بەلام رەنگە ئەم‌باسە هەر ووتەیکی دەماودەم بی •

ماویەتی

# باوەڕ پێکراوی هیوا

## لە :ـ

بەغـــــداد : ١ ـ ماموستا بەشیر موشیر ـ حیدرخانە •

ســولەیمانی : ١ ـ رؤف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی گەلاویژ •

٢ ـ محمد عارف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی زیوەر

کــرکـــوك :ـ عمر بێ کەس ـ شەقامی سیروان

شـــــقلاوە :ـ مەخزەن سفین طە ئەحمد خوشناو

هەولـــــــیر :ـ خاوەنی کتیبخانەی سەربەستی رؤف معروف

کـــــــۆیە :ـ خاوەنی کتیبخانەی حاجی قادری کویی محمد شوان

رانیـــــــە :ـ توفیق مەلا سەدیق

# هیوا

## گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی یە

### مانگی جارێک دەرئەچێ

# HÎWA

## Govarêkî Edebî w Zanistiye

### Mangî Jarêk Der eçê

---


Bexdad - Çopxaney Temedun

M. Salih el - e'zemî.

بەغداد : چاپخانەی تمدن

محمد صالح الاعظمي

# هیوا

## گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستییە

مانگی جارێک دەرئەچێ

# HÎWA

## Govarêkî Edebî w Zanistîye

Mangî Jarêk Der eçe

---

Bexdab - Çapxaney Temedun
M. Salih El-E'zemî

بەغداد : چاپخانەی تمدن
محمد صالح الاعظمی